# واتە

16

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

تشرینی دووەم ٢٠١١

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**
**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

# ئاڵای کوردستان

فەرهاد پیرباڵ

### ئاڵا لە سەدەکانی ڕابردوودا

لە کۆندا کورد گوتوویەتی: بەیداخ (بەیداغ) یانیش هەر عەرەبییەکەی بەکار هێناوە: عەلەم، بەڵام لە سەدەی هەژدەم بەملاوە کورد گوتوویەتی (ئاڵا).

ئاڵا زۆربەی جار لە پەڕۆک دروست کراوە، بۆ خۆجیاکردنەوە و پیشاندانی هێزی گرووپێک یان تایبەتمەندیی نەتەوەیەک لە کاتی شەڕ و ململانێ و بۆنە نیشتمانییەکاندا هەڵکراوە بۆ ئەوەی خۆیانی پێ لە بەرامبەر گرووپی دژ جودا بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە مەیدانی شەڕدا یان لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا بناسرێنەوە. بۆیە ئەو ئاڵایە هەموو کات خۆشەویست بووە و مایەی ڕێز و شکۆمەندیی ئەو گرووپە یان ئەو میللەتە بووە و زۆربەی جار لە پێشی پێشەوە، یان بڵند، یانیش –وەک ئەمڕۆ دەبینین– لە پشتەوەی یان لە تەنیشتی سەرەک کۆمار و سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دادەندرێ.

هەموومان دەزانین لە سەدەی بیستەم بەملاوە، تەنانەت گرووپێکی بازرگانی و کۆمپانیایەکی پەروەردەیی یان سەرمایەداریی بچووکیش بۆی هەبووە ئاڵای خۆی هەبێت.

لە سەدەکانی ڕابردوودا، زیاتر گرووپە ئەتنیکییەکان (نەتەوەکان) ئاڵایان هەبوو. کەچی مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتێکی دیاریکراودا میرنشینێکی بچووکیش هەندێ جار بۆی هەبووە (نیشانە) یان ئاڵای خۆی هەبێت. هەندێ مێژوونووسی تریش وای بۆ دەچن کە تەنیا ئەو میرنشینانە ئاڵای خۆیان هەڵکردووە کە بۆ ماوەیەک لە دژی ئیمپراتۆر لە ڕق ڕاچوون و یاخیبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە. لە مێژووی کوردستاندا چەند نموونەیەکی ئەم دۆخە دەبینین:

به قسەی شەرەفخان، لە سەدەی شازدەمدا دەوڵەت یارخانی میری عەشیرەتی سیامەنسووری «هەندێ لە هەڵسوکەوتی هەبوو پێچەوانەی ویست و خواستی شا بوو»، دوای دەستپێکردنی شەڕی ئێران و تورکیا (١٥٧٨–١٥٨٨) هەر بە تەواوی لە ئێران تەکیوەتەوە و دەستی کردووە بە دروستکردنی قەڵایەک لە ناوچەکانی کاراسف و ئانگووران. هەوڵی شا محەمەد (١٥٧٨–١٥٨٧) بۆ ئەوەی وای لێ بکات گوێڕایەڵی فەرمان بێ، بەوە شکایەوە کە هێزەکانی قزڵباش تەفروتوونا کران و ئاڵا و تەپڵی حەوت ئەمیری قزڵباش بوونە دەستکەوت. شا عەباس توانی تۆڵە لەم ئەمیرە سەرکەش و ملدانەوێنە بسەنێتەوە، بەدیل گرتی و یەکسەر لەداری دا.

لەو سەردەمەدا، شەرەفخانی بەتلیسی دەڵێ: نەقارە و تەپڵ و ئاڵا، نیشانەی دیاریکردنی ئەمیرە گەورەکان بوون.

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر تەماشای ناو تابلۆکانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی بکەین، دەردەکەوێ کە بەشێک لەو میرە کوردانەی سەدەکانی پێش سەدەی شازدەم، لە کاتی جۆراوجۆردا – بۆ نموونە لە کاتی شەڕ و هێرشکردن و بەرگریدا – ئاڵایان هەبووە.




لە کۆتاییی سەدەی هەژدە و نۆزدەمدا، فەرمانڕەوایەتیی بابان مەڵبەندەکەی لە شارباژێڕ بووە، لە خوارووی زێی بچووکەوە، هەموو ناوچەی سلێمانیی ئەمڕۆ و هەندێ لە ناوچەکانی هەولێری لە عێراق گرتبووەوە. سەرانی هۆزی بەهێزی بابان، نەک هەر ناوچەیەکی فراوانیان لە ژێردەستدا بوو، بگرە دەسەڵاتێکی لە حەد بەدەریشیان هەبوو. بابانەکان بە فەرمانی خۆیان سەرۆک و فەرمانڕەوایان بۆ دادەنان، نیشانەکانی ئەمیرانەی تایبەتیی خۆیان دەدانێ کە ڕەمزی دەسەڵات بوو: تەپڵ و ئاڵا و مووچە و دەرامەتیان، کە شاهانە بوو.

لەلایەکی ترەوە، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمدا لە ڕێنوێنییەکانیدا بۆ ڕاپەڕیوە کوردەکان جەختی لەسەر پاراستنی سەروگیانی بێگانەکان کردووە بەتایبەت ئەرمەن و ئاشوورییەکان بۆیە داوای کرد کە هەر ماڵە و ئاڵایەکی شین هەڵواسێ بۆ ئەوەی کەس تخوونی ئەو ماڵە نەکەوێ. – کورد و ئەرمەن پەیوەندییە مێژووییەکان، نووسینی: فارس عوسمان، وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپی یەکەم/ هەولێر ٢٠١٠، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، زنجیرەی(٨١).

یەکەم میری کورد ئاڵای بۆ میرنشینێکی کوردی هەڵدابێ، وا باس دەکرێت میر بەدرخان پاشا بێت. بەدرخان پاشا (١٨٠٦– ١٨٦٩) لە مەڵبەندی جزیرە و بۆتان جارِی سەربەخۆیی کوردستان

دەدا: لە ساڵی ١٨٤٢ ئاڵا و دراوی خۆیشی دادەمەزرێنێ. میرنشینی بەدرخان پاشا و ئاڵایەکەی تا ساڵی (١٨٤٧) بەردەوام دەبێ.

مەلای جەزیری وەک دەرکەوتووە لە سەدەی شازدەمدا یەکەم شاعیری کوردە کە وشەی (ڕایەت)ی بە واتا سیاسی و نەتەوەییەکە بەکارهێنابێ. ئاخۆ ئەمە دەبێتە نیشانەی ئەوەی کە کورد هەر لەو سەردەمەی ساڵانی (١٥٠٠) بەملاوە ئاڵای ناسیبێت و بەکار هێنابێت؟

بێگومان ئاشکرایە، میرە کوردەکانی سەدەکانی ڕابردوو ئەگەر ئاڵایشیان بۆ میرنشینەکانی خۆیان دروست کردبێت و هەڵدابێ، ئێمە هیچ بەڵگەنامەیەکی بوونی ئەو ئاڵایەمان بەدەستەوە نییە؛ ئەگەر ڕاستیش بێ، نازانین ئاخۆ ئەو ئاڵایە چی بووە و چۆن بووە. کەواتە ناشتوانین هیچ پێوەندییەک لە نێوان ئاڵاکانی ئەو میرنشینە کوردانە و ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان دروست بکەین.



لەم لاپەڕانەی داهاتوودا نیشان دەدەین، گەلێک شاعیرانی کورد لە سەدەی شازدەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم وشەی ئاڵایان لە شێوەی (عەلەم) و (ڕایەت) و (بەیداغ) و پاشانیش لە سەدەی هەژدەم بەملاوە وشەی ئاڵایان بەکار هێناوە. بەڵام هەموو ئەمانە، هیچ نیشانە و بەڵگەی ئەوە نین کە کورد تا ساڵانی (١٩٢٠) ئاڵای نیشتیمانیی بۆ کوردستان دروست کردبێت و بەکاری هێنابێت.

لە ساڵی ١٩١٤، پیرەمێردە هەولێرییەکان لە بیریانە: هەموو دووشەمەیەک لە بەردەرگەی سەرای هەولێر (لەناو قەڵادا) مۆسیقا و مارشی دەوڵەتی عوسمانییان لێ دەدا و ئاڵای عوسمانییان بەرز دەکردەوە. ئاڵاکەیان مانگ و ئەستێرە بوو تا ١٩١٨ هەر مابوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە کوردستانی عێراقدا و لە کوردستانی تورکیادا تاقە ئاڵایەک کە نیشانەی هەبوونی هێزێکی سیاسی و نیشتمانی بێت لە ناوچەکەدا تەنێ ئاڵای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە.

هێندە نەبێ، وەک (فارس عوسمان: کورد و ئەرمەن پێوەندییە مێژووییەکان، وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپی یەکەم/ هەولێر ٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما) باسی دەکا: دوای شەڕێکی قورس لە پادگاکانی بدلیس لە ٣ی مانگی نیسانی ١٩١٤ شۆڕشگێڕە کوردەکان توانییان دەست بگرن بەسەر شاری بدلیس (بەتلیس) کە کرایە سەنتەری ڕاپەڕین و ئاڵای کوردستانیان لێ بەرز کردەوە.

پێویستــه ئامـاژه بەمــەش بدرێت کـه لەشکری ئینگلیـز دوای ئەوەی بەغـدا دەگـرن دێن لە ١٩١٨/١٠/٢٥ شـاری کەرکووک داگیر دەکەن و ئاڵای بەریتانیا لە ناوەڕاسـتی شـاری کەرکووک هەڵدەدەن، دوای مـاوەیەکی کـەم دەچن شـاری هـەولێر و مووسـڵیش داگیـر دەکەن و لەوێش ئاڵای ئینگلیز هەڵدەدەن.

بەم شێوەیە، تا کۆتاییی سـاڵی ١٩١٨ تەنیا ئاڵای دەوڵەتی تورکیـای عوسـمانی لە کوردسـتانی تورکیا و تەنیـا ئاڵای ئینگلیز لە کوردستانی عێراقدا هـەبووە. لە کوردسـتانی ئێرانیش بێگومـان تەنیا ئاڵای ڕەزا شای بنەماڵەی پەهلەوی هەبووە. هیچ ئاڵایەکی کوردستان بوونی نەبووە. ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٨٩٧– ١٩٣٥) لەو سەردەمەدا بووە کە گوتوویەتی:

لانەواز و بێکەس و مـەزڵوومن ئێسـتـه قـەومی کورد
گـا بەدەسـتی تورکـەکـان و گـا بـەدەسـتی ئێـرانەوە
ئیـسـمی ویژدان و عـەدالـەت بێ مـوسـەممایە و درۆ
بۆ سـیـاسـەت ئەم قـسـه کـەوتۆته سـەر لێـوانەوە
ڕاسـتـه گـەر ئیـسـمی عەدالەت بۆچی منداڵانی کورد
وێڵ و سـەرگـەردان بسـووڕێن بەسـەر کـێـوانەوە؟
حاڵی کورد ئێسته لە بەینی تورک و ئێران و عەرەب
بێـچـووە تەیرێکە کـەوتـە داوی منداڵانـەوە

## «درەفشی کاویان»: ئاڵای کاوەی ئاسنگەر

یەکەم دەرکەوتنی ئاڵا و واتای ئاڵا لە مێژووی کورددا

لە زمـانی فـارسـیی کۆندا وشـەی (درەفش) بە واتـای (ئاڵا) دێ. لە فـارسـیی ئەمـڕۆدا دەڵێن (پەرچەم).

«درەفشی کـاویان» واتە (ئاڵای کاوەییـان) یان (ئاڵای کـاوەییەکان). مێژوونووسەکان کە پێ دەچێ ئەوانیش لە شانامەی فردەوسیی شاعیری دێرینی ئێرانەوە وەریان گرتبێت دەڵێن: کاتێ کاوەی ئاسنگەر بەسـەر زوحاکدا سـەرکەوتووە، جلوبەرگی چەرمینی خۆی دڕیوە و کردوویەتی بە ئاڵای سەرکەوتن و شەکاندوویەتییەوە، لەو ڕۆژەوە، وەک شاعیری ئێران فردەوسی لە شانامەکەیدا باسی دەکات بەو ئاڵایە دەگوترێ (درەفشی کاویان).

مادام فیردەوسی – خۆی، کاوەی ئاسنگەر بە کورد دەژمێرێ؛ کەواتە ئەم ڕووداوەی باسمان کرد کۆنترین ڕووداوە کە پێوەندیی بە بیرۆکەی ئاڵا و ئاڵای نەتەوەییی کوردەوە هەبێت لە مێژووی کورددا.

شـایانی باسـه، ئەسـیـری یەکـەم شـاعـیـری کـوردە زاراوەی (درەفـشی کـاویـان)ی (ئاڵای

کاوەییـان)ی وەک ناونیشـانێک بۆ شـیعرێکی خۆی بەکار هێنابێت: (هەڵکە بەیداخی درەفشی کاویان). ئەمەش لە ساڵانی کۆتاییی سییەکاندا.

یەکەمین سەرچاوە باسی کاوەی ئاسنگەر و جەژنی نەورۆزی کردبێت کتێبی «شانامە»ی فیردەوسییە لە سەدەی دەیەمدا.

فیردەوسی لە شانامەدا ناوی کوردی بردووە لەو کاتەی چیرۆکی زوحاک دەگێڕێتەوە و دەڵێ کە زوحاک تووشی نەخۆشییەکی قورسی سەیر هاتبوو. لەسەر هەردوو شانی دوو مار شین بووبوون، لەسەر مێشکی مرۆڤ دەژیان. زوحاک فەرمانی دەرکردبوو هەموو ڕۆژێ سەری دوو مێردمنداڵ ببڕن و مێشکیان دەربێنن بۆ ئەوەی ببێتە خۆراکی مارەکان. وەزیرە دڵسۆزەکانی زوحاک لەباتی یەکێک لە لاوەکان کاوڕێکیان سەردەبڕی. ئەوانەی لەم کارە ڕزگاریان دەبوو لە جێگەیەکی نهێنی دەشاردرانەوە. ئەم لاوە ڕزگاربووانەی دەست زوحاک بەدرێژاییی ڕۆژگار بوونە کۆمەڵە خەڵکێک کە ژمارەیان گەیشتە دووسەت کەسێک، لەم دووسەت کەسە ڕزگاربووانەوە نەتەوەی کوردی ئازا پەیدا بوو، وەکو شانامە بۆمانی دەگێڕێتەوە:

کنون کـرد أز آن تخـمـه دارد نژاد
کـــــه ز آباد نایـد بدل بـرش یاد

بەکوردی:

کوردی ئێستەکە لەمانەن نەژاد
کە ئاوەدانیان بەدڵ ناکەن یاد

بەپێی گێڕانەوەی ئەفسانە سی و نۆ کوڕی کاوەی ئاسنگەر بوون بەقوربانی؛ کە سەرە گەیشتە سەر چلەمین، دوا کوڕی بوو، مامەی ئاسنگەر خەڵکی هەڵساند و هێرشیان بردە سەر کۆشک و سەرای شاهنشا. سەری سەرۆکی زۆرداری ورد و خاش کرد، لە جێی زوحاکی زۆردار فەرەیدوونی دڵسۆز و دادپەروەر کرا بە شا و لەسەر تەخت دانیشت.

جەمال عەبدولقادر بابان پیەسێکی پەخشانی بەناوی «نەورۆز» لە ساڵی (١٩٦٠) نووسیوەتەوە. لە پەردەی چوارەمدا دەبینین، کاوەی ئاسنگەر هێرش دەکاتە سەر ئەژدەهاک و سەری ورد و خاش دەکا. ئنجا دەبینین کاوەی ئاسنگەر و کلاوزەڕ و میللەت سەردەکەونە سەر بانی کۆشک و سەرا بۆ ئەوەی ئالای ئەژدەهاکی زۆردار لەتوپەت بکەن و فڕێی دەنە خوارەوە. هەر لەوێ دەست دەکەن بەگفتوگۆ بۆ دیارکردنی ئالای نوێ بۆ میللەت. کلاوزەڕ پێشنیاز دەکا بەروانکەی ئاسنگەری کاوە بکرێتە ئالا بۆ ئەوەی ببێ بە ڕەمز و دروشمی دەوڵەتی کاویانی.

شایانی باسە عەبدولڕەحمان بەگی بابان (١٨٨٠-١٩٦٧) یەکەم شاعیری کوردە سوودی لەم ئەفسانە - مێژووەی کاوەی ئاسنگەر وەرگرتبێت و لە شیعرێکی خۆیدا تواندبێتییەوە. لە کۆتاییی ئەو شیعرەیدا وشەی بەیداغ بەکار دێنێت و دەڵێ:

له كـوێی ئەی ڕوحی كـاوە هەڵگری بەیداغی حورییـەت
نەجاتی میللەتی كـورد دەی لە دیلی و مەینەت و زیللەت!

### عەلی هەریری

١٥٣٠ – ١٦٠٠

یەكەم شاعیری كورد (بۆ یەكەم جار) هاوواتای ئاڵای بەكار بردبێت، بریتییە لە عەلی هەریری (١٥٣٠ – ١٦٠٠) كە وشەی (عەلەم)ی بەكار هێناوە، بەڵام بە واتای سیاسی نا، بگرە بە واتایەكی لیریك:

سـەیدی حـەق نەزەر ڤـێرا
د ئیـقلیـمان عـەلەم گـێرا
قـیـتـارا گـەوهەران ڤـێرا
ژ نێڤ كانا بەدەخشان تێت

### ئەحمەدی خانی

١٦٥٠– ١٧٠٧

ئەحمەدی خـانی، ئەویش باسی ئاڵای كردووە، لە شێوەی (عەلەم)، بەهەمان شێوە بە واتایەكی سیاسی بەكاری نەبردووە؛ كاتێ لە «مەم و زین»دا ناوی سێ شاعیرە كلاسیكەكانی باكوری كوردستان دەبا، دەڵێ:

گـەر دێ هەبووا مـە ژ خـودانەك
عـالی كـەرەمـەك لەتیف دانەك
عیلم و هونەر و كەمال و ئیزعان
شیعر و غەزەل و كیتاب و دیوان
من دی عەلەما كەلامێ مەوزوون
عـالی بكرا ل بانی گـەردوون...

### مەلای جەزیری

١٥٦٧– ١٦٤٠

یەكەم شاعیر(ڕایەت) بە واتای سیاسی بەكار بێنێ

مەلای جەزیری یەكەم شاعیری كوردە كە (ئاڵا)ی بە واتایەكی سیاسی بەكار هێنابێت، ئەمەش بە بەكارهێنانی وشەی (ڕایەت) و (عەلەمدار):



هەواڵنامەی کێبڕ

ڕایەتا فـەتحێ ب نەسـرا (لم یزل) مـەنشـوور بوو
شـەهسـواریَ فەردێ سـوبحـانی عـەلەمـداریَ تە بی
نەی تنێ تەبریز و کوردستان ل بەر حوکمێ تە بن
سـەد وەکی شـەهێ خـوراسـانێ د فـەرواریَ تـە بی
گەر چ دەر ئیقلیمێ رابیع هـاتی تەختێ سـەلتەنەت
پادشـاهێ هـەفت ئیـقلیـمـان سـەلامکاریَ تـە بی
چیـمـەنا سـوڵتـانیـیێ یەک لا لە یەک باغێ تە بت
گـوڵشـەنا خـاقـانیـیێ خـارەک ژ گـوڵزاریَ تە بی

لەم شیعرەدا شاعیر لەگەڵ میری بۆتان دەدوێ: ئاڵای سەرکەوتن هەموو کات بەدەست تۆیە، تۆ لەلایەن کردگارەوە تەنیا تەوریز و کوردستانت پێ نەبەخشراوە، بگرە شای خوراسانیش ملکەچی تۆیە، تۆ ئەگەرچی لە ئیقلیمی چوارەم تەختی سەڵتەنەتت دراوەتێ، بەڵام پاشاکانی هەر حەوت ئیقلیم دەستی ڕێزیان بۆ تۆ خستووەتە سەر سنگ.

## ئەڵماس خانی کەندووڵەیی

١٧٠٢ – ١٧٧٦

لە داستانی (نادر نامە)دا ئەڵماس خان باسی ئەو شەڕە دەکا کە خۆی بەشداری تێدا کردووە وەک ئەفسەرێکی گەورە و لە پاشانا سوپای نادر شا شکاوە و ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی نادر شا ئەڵماس خان لە سوپا دوور بخاتەوە. لەم داستانەدا وشەی (عەلەم) بەکار دەهێنێ. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کورد لەو کاتەدا ئاڵای ناسیوە بەتایبەتی لە کاتی شەڕەکاندا:

سـەحـەر تۆپاڵ شـا خـێـزا عـەزم کین
جـۆشنا سـپـا سـواربێ وەزین
کـێـشـا کـەڕەنا سـەلات هـەی دان
غـولغـولەی ڕۆمـات ئـامـا نـە مـەیدان
سـەف دان سەف ئارا سـەرهەنگ سـەرداران
تـیپ تـیپ و لـەک لەک عـەلەم ناران

ئەڵماس خان لە دوای ئەمە، بەچەند دێڕێک باس لە سوپای نادر شا و ئەو هۆز و عەشرەتانە دەکا کە بەشدارییان تێدا کردبوو. لە سەرەتادا وشەی (عەلەم) لە کۆتاییشدا وشەی (بەیداغ) بەکار دەهێنێ، کە دیسان نیشانەی ئەوەیە کە (ئاڵا) لەلای کورد مانایەکی سیاسیی هەبووە:

نـەی جـانیب نادر جـۆشـا عـەزم کین
سـەرهەنگ سـەرداران عـەلەم و نارا



دەستە دەستە کەرد تیپان تیپ تیپ
هەر تیپێ چون تەوق تیپ ئەو ڕەنگ ژ تیپ
تیپێ ژ هەوشار تیپێ ژ قەجەر
تیپێ ژ ئەفغان شۆڕ شەڕ نە سەر
تیپێ ژ تەکە تیپێ تورکمان
تیپێ ژ بەموت تیپی گۆکەڵان
تیپێ ژ مارسی تیپێ عیراقی
تیپێ ژ لزگی تیپێ شوقاقی
تیپێ ژ فەیلی ژ وەرمزیاری
تیپێ ژ مەردان کۆی بەختیاری
تیپێ سیستانی تیپێ کابڵی
تیپێ زەنگنە تیپێ زابڵی
تیپێ سمنانی تیپێ دامغانی
تیپێ ژ مەردان مازەندەرانی
تیپێ شماقی تیپێ سیروانی
تیپێ تفلیسی گەنجە و ئێروانی
زەربەزەر بەتیپ بلووک سەف
سەف سەف سان دریا تا سارای نەجەف
دەستە دەستە کەرد تیپ مۆچاخان
باڵ بەیداغان بی وەچراخان

شاعیر دەڵێ، نادر شا بەرامبەر بەتۆپاڵ پاشا وەستا، بەتووڕەیی شێرانە سواری ئەسپی بوو وەکو سلێمان لە جۆش و خرۆشدا بوو، سوپای ڕێک خست، تیپ تیپ جێگەیانی دەستنیشان کرد،

سەرۆکی تیپەکان ئاڵایان هەڵکرد، بێگومان یەکێ لەو سەرهەنگانە کۆلۆنێل ئەڵماس خان بوو، لە دوای ئەمە شاعیر ناوی ئەو میللەت و هۆز و عەشیرەتانە دەبا کە سوپایان پێک هێنابوو.

تێبینی: د. مارف خەزنەدار لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا واتای شیعرەکانی لێک داوەتەوە.

## مەلا محەمەدی ئیبنولحاج

١٧٦٢

بۆ یەکەم جار دەرکەوتنی وشەی «ئاڵا» لە زمانی نووسینی کوردیدا

لە ناوچەی سلێمانی لە سەدەی هەژدەمدا لە گوندی هەزارمێرد (مەلا محەمەدی ئیبنولحاج) مامۆستای شێخ مارفی نۆدێ و مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی، خاوەنی حەوت هەشت کتێب بەزمانی عەرەبی لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە.. تەنیا یەکێک لە دانراوەکانی بەزمانی کوردییە و بەشیعر هۆنراوەتەوە، ئەم بەرهەمە چیرۆکێکی شیعرییە بەناوی (مەهدی نامە)، لە ١٥٧ چوارین پێک هاتووە کە دەکاتە ٦٢٨ نیوەدێر شیعر. وەکو دانەر خۆی لە چوارینێکیدا دەڵێ لە ساڵی ١٧٦٢م چیرۆکەکەی تەواو کردووە.

هاوزەمانی خانای قوبادی (١٧٠٤- ١٧٧٨) کە ئەویش لە شیعرێکیدا وشەی (ئاڵا)ی بەکار هێناوە، شاعیر لە (مەهدی نامە)دا لە یەکەم شاعیرەکانە کە بۆ یەکەم جار لە زمانی نووسینی کوردیدا وشەی (ئاڵا)ی بەکار هێنابێ:

مەهدی لە مەککەیێ دەردێ
ئاڵای نەبیی لە بۆ دێ
دوازدە هەزاری لەگەڵ دێ
(أو عشر مع خمستێ)

## واتای لیریک بۆ وەسفی قەد و باڵای یار

لای مەولەوی و وەلی دێوانە و ئەرکەوازی و نالی و سالم و کوردی و ئەدەب

مەولەوی و وەلی دێوانە و ئەرکەوازی و نالی و سالم و ئەدەب، هەموویان وشەی (عەلەم) و(ئاڵا) و (بەیداغ)یان بەکار هێناوە بە واتایەک لیریک نەک سیاسی.

وەلی دێوانە ١٧٤٥- ١٨٠١ وشەی (ئاڵا)ی بەکار هێناوە و دەڵێ:

(هومەیلا)ی زەریف (بەلقیسا)ی باڵدار
(گوڵشاد) (گوڵەندام) (عەزرای) گوڵعوزار
یەکایەک حەیران بەژنی باڵاتەن
باڵای نەونەمام سەوڵی ئاڵاتەن

ئەرکەوازی ۱۷۷٥- ۱۸٤۰ وشەی (بەیداخ)ی بەکار هێناوە:

شـــوون تەلارگـــای مـــیـــرزام دیارەن
کـــەلـەی کـــەل دێدا کـــە لە مـــەنارەن
بـەســـــە مـن مـــــردم ژە داخت ڕووڵە
نەنـیـشـــتـم نەســـای بەیداخت ڕووڵە

مەولەوی ۱۸۰٦- ۱۸۸۲ وشەی (ئاڵا)ی بەکار هێناوە و دەڵێ:

باڵای ئاڵای شـــەنگ ســـەد باڵا پێـوەن
دوو کانچەی شادی دەردنیان شێوەن

سالم ۱۸٤٥ ـ ۱۹۰۹ وشەی (عەلەم)ی بەکار بردووە و دەڵێ:

چونکە زانی دڵ موحەسسەن بوو لەناو جەیشی فیراق
وەک عـــەلەم لـەشکری مـــیـــحنـەت بە پا بوو ئاســـمـــان

نالی ۱۷۹۷- ۱۸٥٥، وشەی (عەلەم)ی بەکار هێناوە، ئەویش بە واتا لیریکەکەی:

شـــەو نائیم و قـائیم عـەلەمی بـابی ڕەضـا بێ
بێ دیدە هەڵسـتێ بەمەثەل عەینی عەصا بێ

یان:

مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهووشکەم مەیموون قەدەم
سم خـڕ و کلک ئێـسـتـر و مـەنزل بڕ و عـارەق نەڕێژ

یان

وا چاکـە خـــەیاڵت لـەگـــەڵ ئەســـراری هـودا بێ
نەک بەحـسی سـروور و عـەلەمی بادی هەوا بێ



هەواڵنامەی کتێب

یان دەڵێ:

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)،
یا بێ نەواوو بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور؟!

محمدی مەلا کەریم وا شیعرەکە لێک داوەتەوە:

بە بەرگ و بار: پۆشتە و پەرداخ. عەلەم دار: داری ئالایی و پەڕۆ پیا هەڵواسراو، یا مرۆی ئاڵا هەڵگر. شێخ عەباس، یەکێک بووە لە سەیدەکانی بەرزنجە، قەبرەکەی زیارەتگای خەڵکە، کەوتووەتە داوێنی سولەیمانییەوە. جاران بەو دەور و پشتەیان دەوت گەڕەکی جوولەکەکان. ئێستا پێی دەڵێن گەڕەکی شێخەباس. بێ نەوا: هەژار و رووتوقووت. شەخص: بنیادەم، یاخۆ قەبری پیاوچاک. عوور: عوریان، رووت.

واتە: سەرێ لە شەخسەکەی شێخەباسیش بدە، بزانە وەک جاران زیارەتگا و سەیرانگەی خەڵکە و، دارەکەی سەری کە ئەوەندەی ئالایی پیا کرابوو بووبوو بە دار ئالایی، یا دەتوت ئالایی هەڵگری شێخەباسە، وەک جاران بە پارچە پەڕۆی ئالا و والا ڕازاوەتەوە، یان هیچی پێوە نەماوە و وەک پیاوی رووت و قووتی لێ هاتووە.

ئنجا ئەدەب ١٨٥٩– ١٩١٦ وشەی (عەلەم) و (بەیداخ)ی بەکار هێناوە و دەڵێ:

دەم عەدەم، قوربی عەلەم، هیجری ئەلەم، وەسڵی محاڵ
کەبک خەت، باز ڕەوش، سەقەر سەدا، پەنجە عوقاب

یان:

موژگان: سپەهـ و غەمزە: کەماندار و برۆ: تیغ
گێسوو: زرێ و قەد: عەلەم و طوڕەتە: پەرچەم

یان:

گەر لالەیی بێداخی ڕوخیم دی؛ وەکو لالە
جەرگی منی دڵسووتە؛ لە داخی خەمی ڕەش بوو

## کوردی

١٨٠٩– ١٨٤٩

مستەفا بەگی کوردی، وشەی (ئاڵا) و (بەیداخ) و (عەلەم)ی بەکار هێناوە:

– دڵ بوو؟ بردی. عەقڵ و دین و ئابڕوو بوو؟ لێی سەندم
بۆیە؛ نابووت، تەپڵی، تەپڵی سەر، لە دەس ئاڵا دەکا

– تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجیب و تیری موژەت
بۆ گرفتی دڵ لە کاکۆڵت عەلەم پەیدا دەکا

– زەلیل و بێکەس و زار و پەرێشان حاڵ و بێ ماڵم
وەکو من کەس نییە بەم ڕەنگە کوشتەی خاڵی ئاڵا بێ

حەمەبۆر لە شیکردنەوەی ئەم شیعرەی (کوردی)دا دەڵێ:

ئاڵا: واڵا، ئاڵ و واڵا، کراوە، بەرز و بڵند، جوان، ڕەنگین و (ئاڵا) لە (ئەعلا)ی عارەبییەوە نییە وەک لە فەرهەنگۆکەکەی پەڕاویی خانای قوبادی (١٧٠٤– ١٧٧٨) مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمدا هاتووە هەر چەندە ئەشێ لە چەند شوێنێکدا بەواتەی (ئەعلا) بێ و بەشکو لە هەڵکردن (بەرزکردنەوە)وەیە (بەیداخ) بێت.

لە شوێنێکی تریشدا دەڵێ:

لە پێش بەیداخی شادیی، یار؛ ئەوا ئەسپی دەئاخێوێ
لە پشت تیپی سوپاسالارەوە، پێش بەند و دۆندارە

حەمەبۆر (دیوانی کورد، دەزگای ئاراس) لە شیکردنەوەی ئەم شیعرەی (کوردی)دا دەڵێ:

بەیداخ: ئاڵا – جاران بۆ هەر بۆنەیەک جۆرە ئاڵایەک هەڵکراوە و بەو هەڵکردنەی بۆنەکەی پێ زانراوە، ئەمە جگە لەوەی هەر فەرمانڕەواییەی ئاڵای تایبەتی خۆی هەبووە و تەنانەت سەرخێڵ و شێخەکانیش بوویانە و دیارە بۆ ئەو بۆنەی ڕۆیشتنەی ئەحمەد پاشا (ئاڵای شادی)ی لە بەرچاوی دۆست و دوشمن هەڵکردووە و کە نەزانن ئەحمەد پاشا خەمبارە و بە شادی بزانن.

## حاجی قادری کۆیی

١٨١٥– ١٨٩٧

بەیداغ و ڕایەت بە واتا سیاسییەکەی

حاجی قادری کۆیی، دوای مەلای جەزیری و ئەڵماس خانی کەندووڵەیی (١٧٠٢ – ١٧٧٦) سێیەم شاعیری کوردە کە وشەی (بەیداغ) و ڕایەت بە واتا سیاسی و نەتەوەییەکە بەکار دەهێنێ. لە شیعرێکیدا بەم شێوەیە وشەی (بەیداغ)ی بەکار هێناوە:

بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە
نە بەیداغی هەیە نە تەپڵ و کووسی
ئەمەندەی پێ کرا بێ چارە نووسی

وەزیفـــەی خـــۆم بـەجێ هێنا تـەمــامی
بەشـــیـــر و دەوڵـەتە مــیللەت نیــزامی
ئەوا خـۆی کردە مـەهدی (حاجی) قـادر
نە نـادر شــای هـەیە و نـە شــاهـی نادر

حـاجی ئاڵای بەکـار نـەهێناوە، وشــەی بەیداغ و ڕایەتـی بەکـار هێناوە. وشــەی (بـەیداغ)یش، لای حاجی بە واتای سیاسی دێت، واتای دەوڵەت دەگەیەنێ. دەڵێ: کورد بەیداغ و دەوڵەتی نییە، منیش کە کوردم تەنیا خامەم هەیە.

حـاجی، بۆ چارەسـەرکـردنی ئـەم دەردی دواکـەوتن و بێ سنعـاتیـیـەی کـورد و کـوردسـتـانە، دەسەودامێنی کوردەکان دەبێ کە ڕاپەڕن هەوڵێک بدەن و چاو لەو نەتەوانەی تر بکەن کە تا دوێنێ ئەوانیش وەکو کورد لەژێر باری دیلیدا دەیانناڵاند، بەڵام ئێستا بەسایەی بزووتنەوە و خەباتیانەوە ئازادیی خۆیانیان دەس خستووە و کەوتوونە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا، ئێستا قەوارەی سیاسی و بەیداخ و سوپا و کاربەدەستی خۆییان هەیە:

بنوارە سـەعی و غـیـرەت ئێـسـتـا لە دەوڵـەتی ڕۆم
خــۆیان خــەزینـەدارن، خــۆیان تەبیب و ســوڵتــان
هەر دوێنێ ئەهلی سوودان هەستانە پێ وەکو شێر
ئیستێکە موستەقیللن، مەحسوودی کوللی ئەدیان
بوڵغـار و سـیـرب و یۆنان، هەم ئەرمـەن و قـەرەتاغ
هـەر پێنجــیــان بـەتەعــداد نابن بەقــەدی بابان
هەر ئێکە مـوســتــەقـیللن، کــوللێکی دەوڵەتێکن
ساحێبی جەیش و ڕایەت، ئەرکانی حەرب و مەیدان



محمدی مەلا کەریم دەڵێ: لەو سەردەمەی حاجی لە ئەستەمبوڵ بووە بیری پان ئیسلامیزم، واتە یەکەتیی جیهانی موسڵمانان، لەناو ڕیفۆرمخوازانی گەلانی موسڵمانی دەوڵەتی عوسمانیدا باو بووە و ئەوانە زۆریان ورد لەوە گەیشتبوون کە دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەوروپا چییان بەرانبەر بە دەوڵەتی عوسمانی و گەلانی موسڵمان لە دڵدایە و چۆن تەماعیان تێ کردوون و لەملاو لەولاوە قەپاڵی لێ دەگرن و لێی دابڕ دەکەن بۆ خۆیان. بۆیە ئەوانیش کە، وەک حاجی، لە دەردی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتبوون و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بارەکەیان دەدا، هیچ لایەکیان دروشمی جوێبوونەوەی گەل و وڵاتی خۆیانیان لە دەسەڵاتی خەلافەت هەڵنەگرتبوو تا بەوە گیروگرفتی زیاتر بۆ دەوڵەتی عوسمانی نەهێننەدی. حاجی دەیویست کورد ڕزگار ببێ و بۆ پێشکەوتن و بەجیهاندا گەیشتنەوەی خەباتی دەکرد، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی وتمانن نەیدەویست بڵێ لە ڕێگەی تێکۆشانەوە بۆ جوێبوونەوە و بۆ ڕزگاربوون لە تەوقی دەوڵەتی عوسمانی.

محمدی مەلا کەریم لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: حاجی کە دروشمی جوێبوونەوەی کوردستانی لە دەوڵەتی عوسمانی بێ پێچوپەنا هەڵنەگرتووە، لە هەموو دڵییەوە چاوی بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی کوردستان ئازاد دەبێ و لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی دەردەچێ و لە کار و بیریدا بۆ ئەوە تێکۆشاوە. شیعرەکانی پڕن لە باسی خراپەی ڕۆمییان و لە هاندانی کورد بۆ تێکۆشان لە پێناوی ئازادیدا، بەڵام نەیشیویستووە وەک مەلایەکی موسڵمان و نوێنەری گەلێکی خاوەنی مێژوویەکی پڕ شانازی لە موسڵمانەتیدا، لەناو ڕیفۆرمخوازانی موسڵمانی ئەستەمبوڵی پێتەختی بەناو خەلافەتدا بەدانسقە و بێ هاوبیر بناسرێ و زمانی هەموو ئەو-بەڕاست یا بەدرۆ-ڕیفۆرمخوازانەی تێ بەر ببێ کە وایان پێشان دەدا بەرەوڕووبوونەوەی دەوڵەتە ئیمپریالییەکانی ئەوروپا بەرانبەر بە دەوڵەتی خەلافەت بەوە دەکرێ کە پشتی بگرن و دژایەتیی توندی لەگەڵ نەکەن، ئەگینا ئەوە لە چەندان شیعری حاجییەوە بەئاشکرا دیارە کە باوەڕی نە بە دەوڵەتی عوسمانی و تەنانەت نە بەخەلیفەی عوسمانی و نە بەڕەواییی دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ڕۆم و عەجەمدا نەبووە و، ئاواتی هاتنەدیی ئەو ڕۆژە بووە کە کورد ڕاپەڕن و ڕۆمییانی عوسمانی لە وڵاتی خۆیان ڕافڕێنن و بییانکەنە دەرەوە و داکۆکیی گەرمی لە پێویستیی پاراستنی خاکی کوردستان لە هەموو تەماعکار و داگیرکەرێکی بێگانە کردووە و، چاوی بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی ئاڵای کوردستان بەسەر لووتکەی چیاکانییەوە هەڵدەکرێ و، خەفەتی بۆ ڕۆژانی بەسەرچووی سەربەخۆییی کوردان خواردووە و، گەلی کوردی بانگ کردووە بۆ پەیداکردن و کۆکردنەوەی چەک بۆ تێکۆشان لە پێناوی ئازادیدا و دەستەودامێنیان بووە کە بۆ بەدیهاتنی ئاوات و خواستەکانیان پشت بەهیچ هێزێکی نادیار نەبەستن و، داوای لێ کردوون لەناو خۆیاندا یەک بگرن و ئەگەر هەر هیچیش نەبووە بە تۆین تابیع بەدەوڵەتی بن بەڵکو لەو ڕێگەوە بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و، گەلانی باڵقان بکەن بەسەرمەشق بۆ خۆیان کە تا دوێنێ دیل و دەستبەسەری عوسمانی بوون و بەیەکگرتنیان توانییان دەوڵەتی ڕۆمییان ببەزێنن و سەربەخۆییی خۆیان وەربگرنەوە.

## یەکەم ئاڵای کوردستان

ئاڵای حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر

١٩١٩

لە ١٩١٩/٥/٢ هێزەکانی شێخ مەحموود ئینگلیزیان دەرکردە دەرەوەی سلێمانی؛ دەستیشیان بەسەر هەموو خەزینەکانی ئینگلیز داگرت. شێخ ڕای گەیاند کە بووەتە حاکم: ئاڵای ئینگلیز هاتە خوارەوە و ئاڵای حکوومەتی کوردستانیان هەڵکرد لەناو سلێمانیدا، کە ئاڵایەک بوو زیاتر لە شێوەی ئاڵای تورکیای کەمالیستەکان دەچوو: مانگێکی سپی لەناو بازنەیەکی باکگراوند سووردا. کەواتە، ئاڵای حکوومەتەکەی شێخ مەحموود، وەک حکوومەتەکەیشی کە لە دەوڵەتی تورکیاوە نێزیک بوو، لاساییکردنەوەی ئاڵای تورکیا بوو: هیچ نێزیکایەتی و لێکچوونێکی لەگەڵ ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان نەبووە.

ئەحمەد خواجە لە (چیم دی، ب ٣) لە وەسفکردنی ئاڵای حکوومەتی شێخ مەحمووددا دەڵێ: زەوینەیەکی سەوز، مانگێکی سپی لەناو بازنەیەکی سووردا.

د. جەمال نەبەز لە وتاری (سەرنجێک لەبارەی دیرۆکی ئاڵای کوردستان) لەسەر زاری شاکر مەجرووم، دروستکردنی ئەم ئاڵایەی شێخ مەحموود دەداتە پاڵ ئەحمەد موختاربەگی جاف (١٨٩٧– ١٩٣٥).

یەکەم کورد ئاڵای بەریتانیای لەناو شاری سلێمانیدا هێنابێتە خوارەوە و ئەو ئاڵایەی حکوومەتی شێخ مەحموودی لە جێگەی هەڵدابێت، دەرچووی قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری، ئەفسەر (عیزەت نەجیب) بووە کە هاوکاری حکوومەتی یەکەم تا سێیەمی شێخ مەحموود بووە و دوای گیرانی لە شەڕی بازیان لە مەحکەمەی عورفیی بەغدا دادگایی کراوە.. لە مایسی (١٩١٩)





چووە ئاڵای ئینگلیزی هێناوەتە خوار و ئاڵای حکومەتی شێخ مەحموودی لەسەر دائیرەی سیاسیی ئینگلیز لە سلێمانی هەڵواسیوە.

لە هەمان کاتدا، وەک وێنەیەکی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێشانمان دەدا، ئاڵای ئینگلیز لە شوێنێکی تری هەمان شاری سلێمانیدا (لە هەڵەبجە) بە شەکاوەیی دەبیندرێت هەڵواسراوە، لەژێریشدا عادلە خانمی وەسمان پاشای جاف لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی ئینگلیز، لە تەنیشت یەکتر دانیشتوون.

هەبوونی دوو ئاڵای دژی یەکتر (ئاڵای ئینگلیز و ئاڵای شێخ مەحموود لەناو یەک شاردا) ئەمە ئەوە لێک دەداتەوە کە شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩١٩)دا دوو هێزی جیاواز و دژ بەیەکتر فەرمانڕەوای شارەکەیان کردووە.

## سمکۆ ئاغای شکاک

### ساڵی (١٩٢٠)

لە نامەی سمکۆ بۆ "ظفر الدولة" فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجاندا هاتووە کە:

"بڕوانن، زۆربەی نەتەوە چووکەکانی دنیا، کە لە ڕووی بەربڵاوی حەشیمەتی و جوغرافییەوە لە نەتەوەی کورد کەمتریشن، چۆن توانییان ئازادیی خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاڵماندا وەدەست بێنن و سەربەخۆ بن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافەکانی خۆی لە باڵادەست وەربگرێتەوە، مەرگ لە دیلییەتی و ژێردەستەیی باشترە. سمکۆ هەروەها لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی "جەنەراڵ مستەفا پاشا"، نوێنەری ناوچە کوردنشینەکانی ئیستانبۆڵدا دەڵێ: " لە ڕەوشی ئێستادا من ڕێبەری ڕاپەڕینی کوردەکانم، هێشتا تەشکیلاتێکی ئیداری و سیاسییەکی تایبەتیم نییە. گرینگترین و بنەواییترین ئامانجی ئێمە، ئازادیی کوردستانە. کاتێک بە ئازادی گەیشتین ئیدی زۆر گرینگ نییە کە کێ دەبێتە ڕێبەری کوردستان. من هیچ کات بیرم ڕێبەری هەموو نەتەوەی کورد و دەسەڵاتخوازی نەکردووەتەوە. لەمەڕ "ئاڵا"ش کە پرسیارت کرد: " من لەو باوەڕەدام کە کوردستان ئازاد بێت دەتوانین بیر لە "ئاڵا"ی کوردستانیش بکەینەوە کە وەک هێما و نیشانەی نەتەوەیی ئێمە دەبێت".

بەم شێوەیە، دەردەکەوێ، کە لە ١٩١٩ بەملاوە، سەرکردەکانی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان بیر لە دروستکردنی ئاڵایەکی نەتەوەیی بکەنەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس کە تێیدا جەنەراڵ شەریف پاشل نوێنەری کوردان بوو، باس لەوە دەکرا کە بەپێی پرەنسیپەکانی ویلسۆن هەر نەتەوەیەک پێویستە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت. ئەمە جگە لەوەی کە لە ساڵی

(١٩٢٠) بەپێی پەیماننامەی سیڤەر لە پاریس بەڵێن درابووە کوردان کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت. کەواتە، ئەم دۆخە سیاسییە ناودەوڵەتییە تازەیەی (١٩١٩– ١٩٢٠) هۆیەکی گرینگ بوو بۆ ئەوەی کە ڕێبەرانی کورد و ڕۆشنبیرانی کوردی ناو بزاڤە سیاسییەکە بیر لە دروستکردنی ئاڵایەکی نەتەوەیی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بکەنەوە. فایەقی تاپۆ، شاعیری ساڵانی بیستەکان نووسیویەتی لەو کاتەدا:

دە هەڵسن تاکو ئێمەش دەوڵەتێکی کوردی تەشکیل کەین
وەکو قەومی یەهوود و سرب و بوڵگار، ئەرمەن و یۆنان
فەڵەستین و یەمەن، قەتعەی حیجاز و گورجی و ئەرمەن
هەموو بوونە قراڵ و ئیمپراتۆر، حاکم و سوڵتان

## ئاڵای کوردستان و ڕێکخراوی
## (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی)
## ١٩٢٠

ئاڵای کوردستان لە ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن ڕێکخراوی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی) لە ئەستەمبوڵ بیری لێ کراوەتەوە. ڕێکخراوی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی) لە (١٩٢٠) لە (کوردستان تەعالی جەمعیەتی) کە سەرۆکەکەیان سەید عبدالقادری نەهری بوو، جیا بووبوونەوە.

ئەندامەکانی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی) کە بیریان لە داهێنانی ئاڵای کوردستان کردووەتەوە، ئەمانە بوون: ئەمین عالی بەدرخان، مەمدووح سەلیم، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، نەجمەدین حوسێن، لەگەڵ (زەینەلعابدین) ناوێک کە هەندێ سەرچاوە دەڵێن هەر ئەویش (واتە زەینەلعابدین) شێوە و ناوەڕۆکی ئاڵاکەی پێشنیاز یان نەخش کردووە.

مەمدووح سەلیم (١٨٨٠– ١٩٧٦) ڕۆشنبیرێکی تری کوردی فرەنسیزانە، کە لە ئەستەمبوڵ پێگەییوە. لەوێ فەلسەفەی خوێندووە و ئەندامی ڕێکخراوی هێڤی و (جەمعیەی تەعالی و تەرەقی) بووە. لە ١٩٢٠ ئەستەمبوڵ جێ دێڵێ بەرەو دیمەشق بۆ کارکردن لەناو ڕێکخراوی (خۆیبوون)دا. یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە لەناو هەردوو ڕێکخراوەدا کاری کردووە و ڕۆڵی هەبووە لە بەستێنی ئاڵا دروستکردنەکەدا.

بەداخەوە وێنەی ئەو ئاڵا ناوبراوە بڵاو نەکراوەتەوە؛ نەبیندراوە ئاڵاکە چۆن بووە؛ ئاخۆ هەمان ئاڵاکەی (خۆیبوون) لە ساڵی (١٩٢٧) بووە؟ دەقاودەق هەمان ئەم ئاڵایەی ئێستا بووە یان جۆرێکی تر؟

بەم شێوەیە، وا پێ دەچێ کە بیرۆکەی دروستکردنی ئاڵایەک بۆ کوردستان لە ساڵی (١٩٢٠)

پێوەندیی بە سەروبەندی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس و پەیماننامەی سیڤەری ساڵی (١٩٢٠)ی پاریسەوە هەبێت، لەبەرئەوەی لەو بارودۆخەدا دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بەتەما بوون دەوڵەت بۆ کوردان دابمەزرێنن و سەرکردە کوردەکانیش هەوڵیان بۆی دەدا. بۆیە بیرۆکەی دروستکردنی ئاڵایەکی نیشتمانیی ئەوتۆ وەلامدانەوەیەک بووە بۆ دەفری سیاسیی کورد لەو سەردەمەدا کە کورد بەرەو ئەوە دەچوو دەوڵەتی خۆی هەبێ.

ئێمە سەبارەت بەوەی وێنەی ئەو ئاڵایەی ساڵی (١٩٢٠)مان لە هیچ شوێنێک لەسەر بەرگی هیچ کۆوار و لەناو هیچ ڕۆژنامەیەکدا) بە بڵاوکراوەیی نەدیوە و نەشمانبیستووە لە هیچ شوێنێک هەڵدرابێت، بۆیە ناتوانین بڵێین کە ئەو ئاڵایەی (١٩٢٠) هەمان ئاڵای کوردستانی ئەمڕۆ بووە. ئەمە جگە لەوەی هیچ بەڵگە و ئاسەوارێکی ئەو ئاڵایەی (١٩٢٠) ئەمڕۆ لە بەردەستی ئێمەدا نییە.

## حکووومەتی دووەمی شێخ مەحموود

١٩٢٢/١٠/١٠ - ١٩٢٣/٣/٣

٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ حکوومەتی عێراق بەیانێکی دەرکرد کە حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود پێک بهێندرێت. خاوخێزانەکەی شێخ مەحموود هاودەسەڵات بوون لەو حکوومەتەدا. لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ شێخ بەیانێکی دەرکرد و پێکهاتەی نوێی حکوومەتکەی خۆی ڕاگەیاند کە دیسان زۆربەی پلە و پایە گرینگەکان لە خزم و کەسوکاری خۆی بوون: شێخ محەمەد غەریب وەزیری ناوەخۆ؛ مستەفا پاشا یامولکی وەزیری مەعاریف؛ عەبدولکەریم عەلەکە وەزیری دارایی؛ شێخ عەلی ئەفەندی وەزیری شەرع و عەدل؛ ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ؛ وەزیری گومرگ؛ حەمە ئاغا عەبدولڕەحمان وەزیری نافیعە (ئەشغال)؛ لیوا سدیق ڕەسوول قادری موفەتیشی عامی حکوومەت؛ شێخ ئەحمەد بەرزنجی مودیری ئەمنی عام.




حکوومەتی شێخ مەحموود ئاڵای حکوومەتی کوردستان و پوول و مۆریشی دروست کرد (ئاڵا هەمان ئاڵای پێشوو بوو کە لە شێوەی ئاڵای تورکیا بوو).

بەپێی کەمال ڕەئووف محەمەد: ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی، جزمی ١، دەزگای ئاراس: حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان، لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ز.دا فەرمانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لە «ڕانیە» داوە.

ڕەفیق حیلمی (یاداشت، ب ٢) لە بەشی (زەماوەندی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان)دا دەڵێ:

هێشتا ئینگلیزەکان سلێمانیان بەجێ نەهێشتبوو کە من بە هۆی وچانی مەکتەبەکانەوە بۆ

کۆکردنەوەی ئابوونە بۆ (بانگی کوردستان) چووبوومە کەرکووک. لەوێ چەند ئابوونەیەکم کۆ کردەوە. بەڵام کە بیستم ئینگلیزەکان لەپڕ و بە فڕۆکە ڕایان کردووەتە بەغدا، ویستم بگەڕێمەوە. خەڵق لە ڕاکردنی ئینگلیزەکان بەم جۆرە سەریان سوڕمابوو. خەتی تەلەگراف کە لەلایەن کەریم بەگەوە بڕرابوو هێشتا چانەکرابووەوە. هەواڵی ڕاست لەلایەن سلێمانییەوە نەدەبیسرا. هەر کەسە بە هەوای دڵی خۆی قسەی دەکرد. هەرچەند دەمانزانی کە شێخ مەحموود کوێتی بەجێ هێشتووە و هاتووەتە بەغدا٦٢ و دەمانبیستەوە کە لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامیا کەوتووەتە موزاکەرەوە، بەڵام هەواڵێ کە سوکنایی بە دڵ بدا و یا جێی باوەڕ بێ دەس نەئەکەوت. لەبەر ئەمە من زۆر بە پەرۆش بووم و ساتێ زووتر ئەمویست بگەڕێمەوە سلێمانی. وام ئەزانی کە "جەمعیەتی کوردستان" دەبێ بجوڵێتەوە. دەس بکا بە ئیش، تێ بکۆشێ کە لە کات کەڵک وەرگرێ و بە پێی بەرنامەی کۆمەڵ شتێ بۆ کورد بکا و هەستی خۆی دەربخا، بەڵام هیچ هۆیەکی گوێزانەوە دەس نەدەکەوت و هاتوچۆی عادەتی لە بەینی کەرکووک و سلێمانیا نەمابوو. لەم حەلەدا سەید ئەحمەدی هەنجیرە هاتە کەرکووک و لە ماڵی کەریمی حاجی ئەوڵا ٦٣ دابەزی. لەلایەن "مەجلیسی میللی سلێمانی" و یا لەلایەن موخابەرە لەگەڵ بەغدا نێررابوو. مەبەس ئەوە بوو لە ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحموود و لە باس و هەواڵ تێ بگا کە بە پێی ئەوە دەس بکرێ بە ڕێخستنی کاروبار و بە پیرەوەچونی "حوکمداری کوردستان". ئەمە بۆ من هەلێکی باش بوو. دوای ئەوە کە سەید ئەحمەد ئیشەکانی خۆی تەواو کرد، من لەگەڵ ئەو بە ئۆتۆمۆبێل گەڕامەوە سلێمانی (تەمووزی ١٩٢٢).

لە خەڵقی دێهات و دەوروپشت، لە عەشایر و لەوانە کە لە ڕۆژێکی وادا خۆیان لە شێخ مەحموود نێزیک دەخستەوە، حەشاماتێکی ئێجگار زۆر ڕژابوونە سلێمانی. من کە بەتەمابووم بۆ هەندێ کردەوە (جەمعیەتی کوردستان!) ببزوێم نەدەهات بە بیرما کە "جەمعیەت" لە خۆیەوە ناجووڵێتەوە. هەرچەند تا ئینگلیزەکان لە سلێمانی بوون شکی تیا نەبوو کە لەلاوە ئەموستیان لەناوا هەبوو، بەڵام نەمئەزانی کە ئینگلیز لە ناوا نەبێ "مەکینە"کەی کۆمەڵە بە جارێ لە کار دەکەوێ. واتە نەمدەزانی کە ئازادی لەو ڕۆژەدا وشەیەکی پووچ و بێمانایە و نابێ ئێمە بە خۆمانی ڕەوا ببینین!.

بەڵام دوای ئەمە نرخی ئەو کۆمەڵە و جەمعیاتە تێگەیشتم کە بە ئیشارەتی بێگانەکان دادەمەزرێ و باش بۆم دەرکەوت کە لەم جۆرە کۆمەڵانە –با لەلایەن کەسانی باشەوە هاتبێتە ناو– ناکرێ بە تەمای خزمەت و چاکە بێ. ئەوەش لەوێ بێ کە زۆرجار ئەم جۆرە کۆمەڵانە بە مەبەسێکی تایبەتی و خزمەتی سیاسەت ڕاسەوڕاست بە ئەموست و ئیشارەی کاربەدەستان دێتە ناو و لەلایەن ئەو جۆرە کەسانەوە دادەمەزرێ کە سیاسەت بە کاسبی دادەنێن. ئەگەر نیشتمانپەروەرێکی ڕاست یا ئەندامێکی پاک و بێ غەش لە کۆمەڵێکی وا هاتە بەرچاوت تۆ بە هەڵە مەچۆ و بزانە کە ئەو ئەندامە بە هەڵە چووە و لەگەڵ گیانپاکی خۆی باوەڕی بە ڕووی دەرەوەی خەڵق کردووە. ئەگەر وا نەبێ دەبێ وا چووبێتە مێشکیەوە کە بتوانێ بە زۆرانبازی لەگەڵ بەرهەڵستەکانا کەم و زۆر کەڵکی قەومەکەی بگرێ و خزمەتی نیشتمانەکەی بکا.

بە کورتی من لە ڕوی نەشارەزاییمەوە بەلامەوە سەیر بوو کە جەموعیەتی کوردستان! لەو ڕۆژەدا و لە حاڵێکا ئەم کارەساتانە ڕوودەدا و بە دەسەوەیە حکومەتی کورد دابمەزرێ و کوردستان دروست بکرێ، لە باتی ئەوەی کە بکەوێتە کارەوە، دەسبەجێ کۆبێتەوە و بڕیار بدا بە دانانی بەرنامەیەکی تازە، بە پێی ئەو ڕۆژە قۆڵی لێ هەڵکا و نەشاتێکی سیاسی بنوێنێ؛ لە خۆیەوە و بێ ئەوە زۆرێکی بۆ هاتبێ بڵاوەی لێ بکا و لە کار بکەوێ.

مستەفا پاشای ڕەئیسی جەمعیەتی کوردستان بە تەرکەن خۆی لە جەمعیەت نەدەگەیاند. ئەویش بە جۆری کوێخا و ئاغاکان شوێن شێخ قادری حەفید کەوتبوو و لەگەڵ ئەوا خەریک بوو. ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" لە جیاتی ئەوەی کە لاپەڕەکانی زۆر بکرێ و هیچ نەبێ لەو سەردەمەدا ببێ بە ڕۆژانە، وتاری قەومی و نیشتمانی جوانیی سیاسی تێدا بنووسرێ، گیانی میللی و بیری کوردایەتی تێدا بڵاو بکرێتەوە، بەڵێ لە جیاتی ئەمانە و لە جیاتی ئەوە کە دەنگی کوردستان بە چوار لای گێتی بگەیەنێ و ببێتە هۆی هەرە بەهێزی بڵاوبونەوەی ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژەی کوردستان – داخەکەم بەپێچەوانەی ئەمە– هەر بە جارێ بێدەنگ بوو و کڕ کەوت. ڕۆژنامەکەت پێڕەوی خاوەنەکەی دەکرد و لە پێویستترین کاتا لە مەیدان کشایەوە و لە بیر چووەوە. لەبەرئەمە من ویستم ئابوونەکان بنێرمەوە بۆ کەرکووک. بەڵام پاشا نەیهێشت و پارەکانی لێ وەرگرتم٦٤، لەبەرئەوەی بە قسە (بانگی کوردستان) هەر مایەوە و بڵاو دەکرایەوە. من بەمانەش لە تەقەلای خۆم نەکەوتم. چ لەگەڵ مستەفا پاشای ڕەئیسی جەمعیەتی کوردستان و چ لەگەڵ ڕەئیسی مەجلیسی میللی، شێخ قادری حەفید، تا پێم کرا خەریک بووم و بەو ناوە کە ئەندامێکی جەمعیەت و نووسەرێکی بانگی کوردستان بووم، بە واجبی خۆم دەزانی کە هەوڵێ بدەم و خزمەتێ بکەم. بەڵام سوودی نەبوو و کەس وەڵامی نەدەدامەوە.

هەندێکیش ئەم تێکۆشانەی منیان لا سەیر بو و گاڵتەیان بە ئەقڵم دەهات. منیش بەم حاڵەدا وام بۆ دەردەکەوت کە ئەمجارەش هەلمان لە دەس دەچێ و مایەپووچ دەبین. واتە بارێک نەدەخرایە سەرشانی کورد کە پێی هەڵگیرێ و بیبا بەڕێوە. بە وشەیەکی بێ توێکڵ و ڕەوانتر بناخە بۆ حکوومەتی کوردا نەدەڕێژرا. بگرە لەسەر حسێبی کورد و کوردستان تەمسیلێکی تازە بە دەسەوە بوو.

لەگەڵ ئەمەشا پەردەی یەکەمی ئەم تەمسیلە منیشی هەڵفریواند. وای لێ کردم کە هەست بە شتێ بکەم. تەزوویەکی شادی بە لەشما بێ و خوێنێکی گەرم و خۆش لە دەمارەکانما بکەوێتە گەڕ.

ڕەفیق حیلمی (یاداشت، ب ٢) لە بەشی (هەڵکردنی ئاڵای کوردستان)دا درێژە دەدات و دەڵێ:

لە ماڵی شێخ قادری ڕەئیسی مەجلیسی میللی کۆبوونەوەیەکی گەورە ڕێخرا و لە دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ بڕیار درا کە لە مزگەوتی گەورە، موئتەمەرێکی گشتی بگێڕێ و بە دەستوورێکی فەرمی ئاڵای میللی کورد هەڵکرێ. لەو ڕۆژەدا کە بۆ ئەم موئتەمەرە دانرابوو

نێـزیکەی دە هەزار کـەس لـە مـزگـەوتی ناوبراو کۆبووەوە. ئەندامـەکـانی مـەجلیـسی مـیللی لە ناوەڕاستی حـەوشی مزگەوت لە جێی حەوزەکەی ئیمڕۆدا بە ڕیزەوە لەسەر کورسی دانیشتبوون. قـوتابییـانی مـەکتەبەکان لە بەردەمی ئەوانا ڕیزیان بەسـتبوو. بە ئـاوازێکی شیرینی دڵڕفێن کچ و کوڕ پێکەوە گۆرانیی میللییان دەخوێندەوە. پیاوم دەویست کە لـەو ساتەدا فرمێسکی شادمـانی نەڕێژێ. من بەسـەر دنیـاوە نەمـابووم. لە ئاسـمـانی خـەیاڵا پـەربازیم دەکـرد و دەفـریم. لەپڕ سـەرکـەوتمە سـەر کـورسـییـەک. وتارێکی دوور و درێژم خـوێندەوە. لەبەر، نەک لەسـەر کـاغـەز. وشەکان وەکو تەرزە لە دەمم دەهاتە دەرێ. بەڵام تەرزەیەکی وا بەڕاستی کە لە نـاوەندی وتارەکەدا بوو مـووچڕکێکی سارد بە لەشـما هات و دانەکانم کـەوتە چۆقە و ئەژنۆکانم هاتە لەرزین. ئەوەندە نەمابوو کە لە کورسییەکە بکەومە خوارەوە. بەڵام دانم بە خـۆما گرت و هـەرچۆنێ بێ وتارەکـەم گەیاندە دوایی.

ئنجا لەگـەڵ گۆرانیی تایبەتـی قوتابییـان و دەنگی مـۆزیقـەی عەسکەر ئـاڵای کوردسـتـانی بەڕێز وردەوردە بەرز بووەوە و هەڵکرا.

وەک لە وێنەکاندا دەبینـین: ئەو ئاڵایەی حکوومەتی شێخ مـەحمـوود ئاڵایەک بوو زیاتر لە شـێوەی ئاڵای تورکیای کەمالیستەکان دەچوو، مانگێکی سپی لەناو بازنەیەکی باکگراوند سووردا. کەواتە، ئاڵای حکوومـەتەکەی شێخ مەحمـوود، وەک حکوومـەتەکـەیشی کە لە دەوڵەتـی تورکیاوە نێزیک بوو، لاسـاییکردنەوەی ئاڵای تورکـیـا بوو: هیـچ تـیـزیکایەتی و لێکچـوونێکی لەگـەڵ ئـاڵای ئەمـڕۆی کوردستان نەبووە.

## ١٩٢٣

بینایەی دائیـرەی سـیـاسـی (دائیـرەی ملووکـانە) لـەبەر سـەرای سلێـمـانیـدا بووە. لە یەکـەم حـوکـمـداریی شـێخ و یەکـەم خـولی حـوکـمی ڕاسـتـەوخـۆی ئینگلیـزدا لە سـلێـمـانی، بارەگـای کارهەڵسووڕاندنی حاکم (ئەفسەر)ی سیاسیی ئینگلیز بووە، بۆیە بە (دائیرەی سیاسی) ناسراوە. شـێخ مـەحـمـوود لە دووەم حکوومـەتیدا کردوویە بە بارەگـای حـوکـمی خـۆی. ئەدمـۆندز کە ڕۆژی ١٩٢٣/٥/١٦ هـاتووەتە ناوشـار، سـەری لەو بینایە داوە و، چووەتە نـاو هۆدەی تایبـەتـی شـێـخ، وێنەی لە چوارچێوەگیراوی شێخ و تاجێکی نەخشداری شاهانە و ئاڵایەکی کوردیی تێدا دیوە.

ڕەفـیـق حـیـلمی لە هـەمـان ئـەو سـاڵانەدا دیارە لـە تاسـووقی ئاڵای حکوومـەتەکـەی شـێخ مەحمـوودەوە ئەم حەسرەتەی دەربڕیوە و باسی ئاڵای کوردستان دەکا:

کـاتێ گـەیشتن بە ئامـانج
لە جـێی دیاری لەباتی تـاج
ئاڵای کورد بەرنە سەر قەبری
بەو جـۆرە سـا بگرن قـەدری

## ١٩٢٥

ئەمین کوردی لە وتاری (بۆ عالەمی بەشەریەت!) لە بەغدا لە ساڵی (١٩٢٥) وشەی (بەیداغ)ی بەکار هێناوە: تورکەکان بەخوێنڕژاندنی کوردەکان، دەیانەوێ مەدەنییەت بنوێنن! ئەی کوردی بەدبەخت، ئەی تورکی قاتیل، ئەی عالەمی ئیسلام ئیتر بەسیەتی، چاومان بکەینەوە، واز لە خەوی غەفڵەت بینین، شوێنی قسەی واهی نەکەوین، بەهاشوهووشی و درۆ و دەلەسە تەفرە نەخوێن! حەق و حەقیقەت لە کوێیە، غایە و مەقسەدمان لە چیا دەست دەکەوێ، بۆ ئەوە بگەڕێین.

لە حەربی عومومییدا، زۆر کەس بەچاوی خۆی چاوی پێ کەوت کە ئەفرادی میللەتی کورد بۆ مودافەعەی وەتەن و وڵاتەکەیان لەژێر بەیداخی عوسمانیدا، ڕوحی خۆیان فیدا کرد و خوێنیان لەسەر حەدەکاندا دەڕشت. ئەوانە کە هەموو لە پیاوە هەڵبژێرراوەکان بوون، لە پاشان ئەفرادی عائیلەیان لەبەر زوڵم و غەدری ئەو تورکە خوێنخۆرانە، سەفیل و سەرگەردان، کەوتنە هیجرەت بەهەموو لایەکدا، بێ جێگە و مەسکەن دەربەدەر و ئاوارە، لە کون و قوژبنی وڵاتانا، بێ نان و ئاو دەسووڕانەوە.

– لە هەمان ساڵدا (١٩٢٥) زێوەر لە شیعرێکیدا کە لایەنێکی زۆرداری و ئاشووبی سەردەمی عوسمانییەکان دەردەخا. وەکو ئاوێنەیەکی بالانوما هەموو ئاژاوە و نەخۆشی دز و جەردەیی ئەو ڕۆژگارەی تێدا دیارە. بەم شیعرە دەردەکەوێ کە زێوەر ڕەخنەی لە هەمان کاتدا لە «حکوومەتە خەیاڵییەکەی شێخ مەحموود» زۆر گرتووە و لەوێدا وشەی (بەیداخ)ی بەکار هێناوە:

چ شیرین جیلوەیەکی گرتووە سەوزەی کەوا شیرداخ
کەوا شێر داخ ئەکا شوعلەی نیگاهێکی کە بێ گوستاخ
هوجوومی کردە موڵکی دڵ سوپای موژگانی گەڕیاوە
بە میسلی عەسکەری عوسمانی و تەسخیرەکەی (سابلاخ)
سوپاهی حوزن و غەم جەمعن لە لام، ئاهم فەلەک گیرە
بەڵێ بۆ زینەتی لەشکر ئەبێ ئامادەبێ بەیداخ
هەموو دڵ عەکسی تۆی بۆ خۆی بەوەجهی یادگاری گرت
چۆنیەتی ڕابوردووی شاری سلێمانی
ئەوا مەنعی لە جەردە و دز کرا شاری سلێمانی
لەدەست (باڕەش) چ تەدبیرێ ئەکەن مەئمووری عوسمانی
بەهەر نەوعێ هەبوو سەددێ کرا بۆ باڕەش و تۆزی
لە تاو قوڕ چی ئەکەن؟ کەر قووت ئەدا بازاڕ و کۆڵانی.

## ساڵی ١٩٢٧

## ساڵی دروستکردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی خۆیبوون لە بەیرووت

ساڵی (١٩٢٧) بە ساڵی دروستکردنی ئاڵای کوردستان دەژمێردرێت کە لەلایەن ڕێکخراوی خۆیبوونەوە لە بەیرووت دادەمەزرێت و لە ساڵی (١٩٢٨) بۆ یەکەمین جار لەسەر بەرگی کتێبێک بڵاو دەکرێتەوە. ئەم ڕاستییە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە، لەبەرئەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکان لێرەدا پێشچاو خراون.

ئەو ئاڵایەی کە ڕێکخراوی خۆیبوون دروستی کردووە و لە ساڵی (١٩٢٧–١٩٢٨) بەملاوە لەسەر بەرگی هەندێ لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە نێزیکترین ئاڵایە کە لە ئاڵای ئەمڕۆی کوردستانەوە نێزیک بێت و بەتەواوەتی هاوشێوەی بێت.

کەواتە، ئەگەرچیش ڕێکخراوی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتی) لە ساڵی (١٩٢٠) بە دامەزرێنی ئاڵای کوردستان بژمێردرێت، بەڵام ڕێکخراوی (خۆیبوون) لە ساڵی (١٩٢٧) لەسەر بنچینەی هەوڵدانەکەی ساڵی (١٩٢٠) بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستانی چاپ و بڵاو کردووەتەوە و چەسپاندوویەتی. ئەمەش، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هەمان ئەندامانی ڕێکخراوی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی) وەک مەمدووح سەلیم هاتن لەناو ڕێکخراوی (خۆیبوون)دا درێژەیان بە خەباتی سیاسی دا.

هەروەها چونکە ڕێکخراوی خۆیبوون دێت بەکردەوە ئاڵاکە لەسەر بەرگی بڵاوکراوە و کۆوارەکاندا بڵاو دەکاتەوە و دەیچەسپێنێت و لە بەرزاییەکانی ناو کوردستاندا هەڵی دەدات و دەیشەکێنێتەوە.

ڕێکخراوی خۆیبوون Xoybun یان Hoyboun چییە؟

پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیادا، سەرۆک عەشیرەتە شۆڕشگێڕەکان و بەرپرسانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، زۆربەیان، لەلایەن ڕێژیمی ئەتاتورکەوە ڕاوەدوو نران و ئاوارەی عێراق و ئێران و سووریا و لبنان بوون. لە کۆتاییدا پێوەندییان بە یەکتر کردەوە و بڕیاریان دا کۆبوونەوەیەکی فراوان لە شێوەی «کۆنگرەیەکی نەتەوەیی»دا ببەستن.

یەکەم دانیشتنی کۆنگرە، لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لەماڵی (واهان پاپا زیان)ی ئەندامێکی کۆمەڵەی (تاشناق)ی ئەرمەنی دەستی پێ کرد و پێنج ڕۆژی خایاند، لەوێ لەسەر پرەنسیپە بنچینەییەکان ڕێککەوتن، پاشان لە هەمان مانگدا، چوونە هاوینەهەواری (بیحەمدوون) لە لبنان، تا ٢١ی مانگ درێژەیان بە کۆبوونەوەکان دا.

لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی ئەم چوار ڕێکخراوە کوردییە بەشدار بووبوون:

١- کورد میللەت فیر قەسی.

٢- کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعی کورد.

٣- کۆمیتەی ئیستیقلال.

٤- کۆمەڵەی کورد و کوردستان.

ناوی ئەو کەسانەیش کە لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون لەم لیستەیەدا دەردەکەوێت:

١- د. شوکری محەمەد سەگبان (سەرۆکایەتی کۆنگرەی کرد).

٢- جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان.

٣- حاجۆ ئاغای (سەرخێڵی هەڤیرکی).

٤- بۆزان شاهێن بەگ(سەرخێڵی بەرازان).

٥- مستەفا شاهێن بەگ.

٦- ئەمین ئەحمەد پەریخانی (سەرخێڵی ڕەمان).

٧- بەدرەدین ئاغای سەرخێڵی هیسبان.

٨- مەمدووح سەلیم (١٨٩٠-١٩٧٧).

٩- فەهمی لجێ (کاتبی شێخ سەعید).

١٠- مولازم کەریم شالووم لە کوردانی عێراق.

١١- مەلا ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئاغای شوزی.

١٢- مولازم کامل لە کوردانی عێراق.

١٣- فەقێ عەبدوڵڵای جزیری.

هەندێ سەرچاوەی فرەنسی، ئەم ناوانەش لە بەشداربووانی کۆنگرەکەدا دادەنێن:

١٤- قەدری جەمیل پاشا.

١٥- عارف عەباس.

١٦- ئەکرەم جەمیل پاشا.

١٧- کامەران بەدرخان.

یازدەی یەکەم بە ئەندامی کۆمیتەی (خۆیبوون) هەڵبژێردران.

سەید عەلی ڕەزا و ئیحسان نووری پاشا و ئیبراهیم هسکی تیلی، ئەگەرچی ئامادەش نەبوون، کرانە ئەندامی کۆمیتە.

بەپێی کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی (خۆیبوون) بڕیاریان دا کە هەموو کۆمیتە و کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی پێشوو هەڵبوەشێننەوە، هەر هەموویان بڕژێنە ناو ئەم کۆمەڵە تازەیەوە؛ دەست لەناو دەست، یەکگرتوو، لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵەیەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

تێ بکۆشن. بەڕاستیش سەرکردەکانی (خۆیبوون) توانییان دەرس لە ئەزموونەکانی ڕابردوو وەربگرن و بە ڕێبەرایەتی کۆنە ئەفسەرێکی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی (ئیحسان نووری پاشای بەتلیسی) چەندان سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی لە ساڵی ١٩٢٩ بەولاوە لە چیاکانی ئاراراتەوە تا شاری بەتلیس و وان وەدەست بهێنن.

کۆمەڵەی (خۆیبوون) کۆمەڵەیەکی کوردستانی بوو، دیارترین ڕووناکبیرە کوردەکانی ئەو سەردەمەی هەولێر و سلێمانی و ڕواندز و بەغدا و کەرکووک (لە کوردستانی عێراقدا) ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوونە و بەنهێنی کاریان بۆ کردووە،

کۆمەڵەی (خۆیبوون) تا ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٤٠ چالاکییەکانی هەر بەردەوام بووە، یانیش هیچ نەبێ ئەندامەکانیان چالاکیی جۆراوجۆری شەخسی یان تاکەکەسییان نواندووە. ئەمەش بەپێی ئەم دوو بەڵگەیە:

١- چیرۆکنووس خوالێخۆشبوو، موحەڕەم محەمەدئەمین دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٣٨دا، لەگەڵ شەهید محەمەد قودسی دا، بەهۆی عوسمان سەبرییەوە پێوەندییان بە خۆیبوون هەبووە و جارێکیان (٤٠) ئاڵای کوردستانی بۆ ناردوون. ئەم بیرەوەرییە بەڵگەی ئەوەیە کە (خۆیبوون) تا ساڵی ١٩٣٨ لە ژیاندا بووە و (ئاڵاشی هەبووە).

٢- کۆمەڵەی (خۆیبوون) لە مانگی مارسی ١٩٤٥دا نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی دروست کردووە و لەگەڵ یاداشتنامەیەک پێشکێش بە کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆی San Francisco کردووە. ئەم نەخشەیە ئەمڕۆ لە ئەرشیفخانەی شەخسی کوردناسی فرەنسی، ڕۆژە لسکۆ R.LESCOT پارێزراوە و بەم دواییە بڵاویش کراوەتەوە.

کۆمەڵەی خۆیبوون، وەک هەر ڕێکخراوێکی سیاسی، کە لە ماوەی ١٩٢٧ تا ساڵانی ١٩٤٠ چالاکیی جۆراوجۆری لە ناوەوەی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستاندا بە زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی و فرەنسی و عەرەبی و فارسی و کوردی هەبووە (لە ئەمەریکا، ئەوروپا، لبنان، میسر، حەلەب، دیمەشق) دەیان چاپەمەنی و بڵاوکراوەی جۆراوجۆری هەبووە. من خۆم لەسەر بەرگی یەکێک لەو بڵاوکراوانە وێنەی ئاڵای کوردستانم بە ڕەنگاوڕەنگی دیوە.

لەسەر بەرگی یەکەمین نامیلکەی زنجیرەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی (خۆیبوون) بەم ناونیشانە ئینگلیزییە بڵاو کراوەتەوە:

Sureya Bedr Khan: Tha case of Kurdistan against Turkey, Published by authority of Hoyboon Supreme Council of the Kurdish Sovernment, Philadelphia: 1928. (72 p.).

لەسەر بەرگی ئەم یەکەمین نامیلکەیەی زنجیرەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی (خۆیبوون)دا بۆ یەکەم جار ئاڵای نەتەوەیی کوردستان دەبینین، کە دەقاودەق هەمان ئەو ئاڵایەی ئەمڕۆمانە بێ زیاد و کەم؛ لەژێرەوەشیدا بە ئینگلیزی نووسراوە: (ئاڵای کوردستان). (بڕوانە: قەتڵوعامی کورد

لە تورکیا، و. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی: ٢٠٠٧، ل ٩ و ١٦ و ٨٢).

بەم شێوەیە، ساڵی (١٩٢٧) بە ساڵی دروستکردنی ئاڵای کوردستان دەژمێردرێت، کە لەلایەن ڕێکخراوی خۆیبوونەوە لە بەیرووت دادەمەزرێت و لە ساڵی (١٩٢٨) بۆ یەکەمین جار لەسەر بەرگی کتێبێک بڵاو دەکرێتەوە. ئەم ڕاستییە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە، لەبەوئەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکان لێرەدا پێشچاو خراون.




لەسەر بەرگی دووەمین نامیلکەی زنجیرەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی (خۆیبوون) کە بەم ناونیشانە فەرەنسییە بڵاو کراوەتەوە:

Les Massacres Kurdes en Turquie واتە (قەتڵوعامەکانی کورد لە تورکیا)، بە زمانی فرەنسی، لە ٤١ لاپەڕەی قەوارەی A4، لە ساڵی ١٩٢٨دا، لە قاهیرە، لە چاپخانەی Paul BARBEY چاپ کراوە. لە دەستەچەپی سەرەوەی کتێبەکەدا، بۆ یەکەم جار دروشمی ڕێکخراوی (خۆیبوون) دەبینین کە بریتییە لە (گوڵەجۆیەک و گوڵەگەنمێک، خەنجەرێک لە ناوەڕاستیدا، خۆرێکیش لە سەرەوەرا باوەشی پێدا گرتوون). لەژێر ئەم دروشمەشدا بە فرەنسی نووسراوە:

(Puplication de La Ligue National Kurde, Hoyboun, N.2 واتە بڵاوکراوەی ڕابیتەی نەتەوەی کورد، خۆیبوون، ژمارە(٢).

تێبینی: (گوڵەجۆیەک و گوڵەگەنمێک، خەنجەرێک لە ناوەڕاستیدا، خۆرێکیش لە سەرەوەرا باوەشی پێداگرتوون) کە دروشمی ڕێکخراوی خۆیبوون بووە، باندەستی زۆری هەیە لەسەر ئاڵای کۆماری مهاباد (١٩٤٦) لەبەرئەوەی ئاڵای کۆماری مهاباد لەژێر کاریگەرێتیی دروشمی خۆیبوون هەندێ نیشانەی تازەی خستووەتە سەر ئاڵای کوردستان.

دووەم جاری بڵاوبوونەوەی ئاڵای کوردستان؛ دیسان هەر یەکێک لە ئەندامەکانی (خۆیبوون)، واتە جەلادەت بەدرخان، ئاڵای کوردستانی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، ئەمەش لە ساڵی (١٩٣٢) لەسەر بەرگی ژمارە (١١)ی کۆواری (هاوار) کە لە دیمەشق لە (١٠)ی تشرینی دووەمی (١٩٣٢) دەرچووە.

هەندێ سەرچاوە دەڵێن کە (زەینەلعابدین) ئەندامێکی خۆیبوون، ئەو ئاڵایەی کوردستانی نەخشاندووە. ناوبراو ئاخۆ برای (د. مەسعوود فانی) و (عەلی عیلمی) بووە یان کەسێکی تر بووە؟

## ١٩٣٠

### یەکەم شەکانەوەی ئاڵای کوردستان

بۆ یەکەمین جار ئاڵای کوردستان – واتە ئەو ئاڵایەی کە ڕێکخراوی خۆیبوون دروستی کردبووە – هەڵبدرێت، وا پێ دەچێ لە شاری دەرسیم لە کوردستانی باکور بووبێت؛ پاشانیش لە هەمان ساڵدا (١٩٣٠) لە ناوچەی ئاگری.

مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی (ئیحسان نووری پاشا و شۆڕشی کورد لە ئاگری داغ، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢١)، بەغدا) دەڵێ: ئیحسان نووری پاشا چەندان بنکەی سەربازیی دامەزراندبوو، هەر لە چیای ئاگری دا بارەگای دەسەڵاتی کورد دادەمەزرێنێت و ئاڵای سەربەخۆیی کورد هەڵدەدا، ئاڵاکەش برێتی دەبێ لەم ڕەنگانە:

١– تەختەی سەرەوە: سوور

٢– تەختەی ناوەند: سپی.

٣– تەختەی خوارەوە سەوز؛ خۆرێکی تیشکدەر لە ناوەندا.

دوای ئەوەی هێزەکانی تورکیا لە ١٩٢٦ تخوونی (برۆ پاشا) دەکەون، ئەم خۆی نادا بەدەستەوە و روو لە چیای ئاگری دەکا و چەندان کەس لە هەوادار و خزمانی، دەوری دەدەن. دوای چەند شەڕێک بەسەر سوپای تورکدا سەردەکەوێ و بەبۆنەی ئەم قارەمانێتییەوە (برۆ هسکی) بە ئەندامی دەستەی خۆیبوون هەڵدەبژێردرێ.

ئەوە بوو ئیحسان پاشا داواکەی پارتی خۆیبوون پەسەند دەکا بە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی ئاگری، دوای گەیشتنی ئیحسان پاشا بۆ ناوچەی شۆڕش لە ١٩٢٧ دەسبەجێ چەندان سەرکەوتن دژی هێزەکانی تورکیا بەدەست دێن ئەو هێزانەی کە مەبەستیان بوو شۆڕشەکەی کورد لە بێشکەوە شکست پێ بێنن، بەڵام هەوڵەکانیان بە فیڕۆ چوو.

بە گەیشتنی ئیحسان پاشا بۆ ناوچەکە تەشکیلاتی ئیداری و پۆلیس و ئاسایشی لە ناوچەکە دامەزرێندرا هێلی تەلەفۆنی لە نێوان شارەکان دابین کرد، دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی ڕاگەیاند بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەری ١٩١٠ کە زۆر بەڕاشکاوی دان بە مافی گەلی کورد دەنێ بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەم دەوڵەتەی کوردستان خاوەنی سروودی نیشتمانی و ئاڵای کوردیی خۆی بوو، ئاڵای کوردستان لەسەر لووتکەی چیای ئاگری بەرز کرایەوە. – کورد و ئەرمەن پێوەندییە مێژووییەکان، نووسینی: فارس عوسمان، وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، زنجیرەی( ٨١).

لە ساڵی ١٩٣٠ جگە لە دەرسیم تەنیا یەک ناوچە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیا نەبوو کە

ئەویش ناوچەی دەوروبەری چیای ئاگری بوو کە عەشیرتی جەلالی تێیدا نیشتەجێ بوون. ئەو شەڕوانانەی ڕاپەڕینی شێخ سەعید کە پاش هەرەسهێنانی ڕاپەڕین خۆیان تەسلیم بە دەوڵەت نەکردبوو، لە ناوچەی ئاگری کۆ بووبوونەوە. بەهەرحاڵ بە پشتیوانی ڕێکخراوی خۆیبوون سەرۆک عەشیرەتەکان چوونە ریزی ڕاپەڕین. ئاڵای کوردستان هەڵکرا و ناوچەیەکی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم پاشاحسکی تەلۆ پێک هات. – کورد و ئەرمەن پەیوەندییە مێژووییەکان، نووسینی: فارس عوسمان، وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، زنجیرەی( ٨١).

## ١٩٣٢

دووەم جاری بڵاوبوونەوەی ئاڵای کوردستان لەسەر بەرگی کتێبێکدا؛ دیسان هەر لەلایەن یەکێک لە ئەندامەکانی (خۆیبوون) بوو، واتە جەلادەت بەدرخان. ئەمەش لە ساڵی (١٩٣٢) لەسەر بەرگی ژمارە (١١)ی کۆواری (هاوار) کە لە دیمەشق لە (١٠)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٣٢).

ئاڵای ناوبراو لەوێدا بەشێوەیەکی ڕەنگین، بەتەواوەتی وەک ئەمەی ئەمڕۆ دەیبینین: ڕەنگی سوور لە سەرەوە، ڕەنگی سەوز لە خوارەوە، لە ناوەڕاستیشدا ڕەنگی سپی کە خۆرێک لە ناوەڕاستیدا دەدرەوشێتەوە. لەسەر هەردوو بەرگی پێشەوە و پشتەوەی کۆوارەکەدا، دوو جار چاپ کراوە. جگە لەمەش لە چەند ژمارەیەکی کۆواری ناوبراودا بە نووسین (بە شیعر) باس لەو ئاڵایەی کوردستان کراوە. شێوە و سیمبوڵ و فیگەرەکانی سەر ئەم ئاڵایە ئەوە دەردەخات کە ئەم ئاڵایەی (خۆیبوون) هەمان ئاڵای کۆماری مهاباد نییە و هەندێک جیاوازییان هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە لە ئاڵای حکومەتەکەی شێخ مەحموودەوە هەر زۆر زۆر دوورە.

بەم شێوەیە، کۆواری هاوار یەکەم کۆواری کوردییە کە ئاڵای کوردستانی بەشێوەیەکی ڕەنگین چاپ و بڵاوکردبێتەوە و لەسەری نووسیبێت.

## ١٩٣٥

دڵدار ١٩١٨ – ١٩٤٨سروودی ئەی ڕەقیبی لە ساڵانی (١٩٣٠) نووسی، کە بووە سروودی نیشتمانی و ڕەمزی بوونی نەتەوایەتی. بۆیە کۆماری کوردستان لە مەهابادی موکریان لە ١٩٤٦ کردبووی بە سروودی فەرمیی. دوو جاران وشەی ئاڵا لەم شیعرەدا بەکار هاتووە و دەسنیشانی ڕەنگی سوور کراوە لەناو ئاڵای کوردستاندا. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دڵدار، سەبارەت بەوەی کە خۆی ئەندامی (خۆیبوون) بووە، ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانی دیوە:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیریکە خوێناوییە ڕابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشێر
بوون بەقوربانی و هەموویان نێژران
لاوی ئێستاش حازر و ئامادەیە
جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان
لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر
سا بەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

دلداری شاعیر لە ساڵی (١٩٣٤) ئەندامی ڕێکخراوی (خۆیبوون) بووە، بێگومان دیارە ئاڵا ڕەنگینەکەی کوردستانی دیوە بۆیە بۆ یەکەم جار ڕەنگ و شێوەی ئاڵای کوردستان دەکەوێتە ناو شیعر و نووسینی کوردییەوە و لە سروودی نیشتمانیدا بەکار دێت.

**١٩٣٨**

چیرۆکنووس، محەڕەم محەمەدئەمین دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٣٨دا، لەگەڵ شەهید محەمەد قودسیدا، بەهۆی عوسمان سەبرییەوە پێوەندییان بە خۆیبوون هەبووە و جارێکیان (٤٠) ئاڵای کوردستانی بۆ ناردوون.

ئەمە بەڵگەیەکی تری ئەوەیە کە ئاڵای کوردستان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٨دا لە ژیاندا بووە و لەناو کوردستاندا واتە لەناو خەڵکی کورددا بڵاو بووەتەوە.

لە هەمان ساڵدا نووسەرانی وەک تاهیر مەلا مەحموود – بەهجەت مەریوانی – مستەفا مەلا ئەحمەد – ساییب لە ساڵی (١٩٣٨) وشەی ئاڵایان بەکار هێناوە:

هیتلەر و مۆسۆلینیی، ئەبین کە ئینگلیز و فرانسز دنیایان کردووە بە موستەعمەرەی خۆیان. خۆ ئێجگار ئینگلیز لە ئەوروپادا، لە جەزیرەیەکدان کە قولانجێ زیاتر نابێ بە نیسبەت خاکی ئەڵمانەوە. ئەڵمانەکان نە لە زەکادا، نە لە قودرەتدا، لە ئینگلیز کەمتر نین. هەر بەم تەحرە مۆسۆلینیی دەڕوانێتە ئینگلیز و فرانسز. ئینجا ئەڵمان دەیەوێ جارێ باڵ و پەڕ بێنێتەوە –



هەولێرنامەی ئێکر

یەعنی هەرچیی عونسوری ئەڵمان هەیە، هەمووی یەک بگرێ و لەژێر ئالآیەکا بێ – ئەوسا شێرانە دێتە مەیدانەوە و بە مام جۆن بۆڵ دەڵێ (بەشم!)، ئەو وەختە ئینگلیز وەک ماکەری بەقاڵ، بە مەجبووریی دووی سیاسەتی ئەڵمان دەکەوێ، لەبەرئەوەی مەجمووعی ئەڵمان ١٠٠ میلیۆن زیاترە، بەڵام ئینگلیز خۆیشی بکوژێ لە ٤٧ میلیۆن تێ ناپەڕێ.

## ١٩٣٩

موحسن دزەیی لەبارەی ئالآی عێراقەوە کە چۆن شەهیدیان پێ لوول داوە (وێستگەکانی ژیانم، دەزگای ئاراس) نووسیویەتی:

ڕۆژانێکی بەهاری ساڵی (١٩٣٩) وەکو ڕۆژان چووینە پۆلەوە، ئێمەی تەمەن شەش حەوت ساڵ نەماندەزانی لە دەوروبەرمان چی ڕووی داوە، مامۆستا عەلی بە خەمباری هاتە ژوورەوە، سیدارەیەکی ڕەشی لەسەر دابوو و بۆینباخێکی ڕەشیشی بەستبوو، بێ ئەوەی ورتەی لە دەمەوە بێت لەسەر کورسییەکە دانیشت، ماوەیەک بەسەرچوو و هیچمان نەزانی، بەچرپە قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد ئاخۆ بۆ وەک ڕۆژان مامۆستا دەرسی نەوتەوە، لەپڕ مامۆستا سەری هەڵبڕی و پرسیارێکی لێ کردین:

– بیستووتانە مەلیک غازی مردووە؟ بەڕاستی خەسارەتێکی گەورەیە.

نەمانزانی چ وەرامێکی بدەینەوە، پاشان پێی وتین کە دەرس ناخوێنین، بەمە زۆر دڵشاد بووین و مردنی مەلیکمان بیر چووەوە، ئینجا ڕایسپاردین کە بۆ بەشداریکردن لە ناشتنی تەرمی ڕەمزی مەلیک ئامادە بین، بیرم نایەتەوە هەر ئەو ڕۆژە بوو یا ڕۆژی دواتر.

لە کاتی دیاریکراودا لە نێزیک یانەی فەرمانبەران کۆبووینەوە، جەنازەیەکی بەئالآی عێراق پێچراوە و بە چەپکە گوڵ دەورەدراو لەسەر ئۆتۆمۆبێلێکی کراوە دانرابوو، ژن و پیاو دەوریان دابوو و دەگریان، وام دەزانی مەلیک لەناو ئەو دارەبازەیە راکشاوە، ئێستاش لە بیرمە ژنە عەرەبە دانیشتووەکانی هەولێر بەم سەردولکەیە مەلیکیان دەلاواندەوە:

یا بو فیصل یا ولینه– صبحت الدینا حزینه

لە هەمان ساڵدا پیرەمێرد لە وتاری (ڕێبەری ڕادیۆی عێراق) لە سلێمانی لە [١٩٣٩/٢/٢٣ز] وشەی بەیداغی بەکار هێناوە و نووسیویەتی:

> بۆ مودیری ئیزاعەی ڕادیۆ! تەختگای عێراق کە حەوالیی و حەواشیی بەئەقوام و عەناسیری موختەلیفە و موتەخالیفە ڕازاوەتەوە؛ ئەم دیبای زەربەفتیی ڕەنگاوڕەنگە، وەسڵە وەسڵە، بەدەستێکی فەسڵ و وەسڵی (فەیسەل)یی ڕێک خراوە. بەڕشتەی ڕەگی دڵ تەریب دراوە؛ بەیداخێکی ڕەنگینی دڵنشینی لێ هەڵدراوە، ڕەونەقی شەوق و بەرقی (ئافاق و ویفاقی عێراقە و بەچوار لادا لا دەکاتەوە!).

## ١٩٤٣

ڕۆشنبیری ناوداری هەولێر، ڕەمزی نافیع لەگەڵ گەریدەیەکی ڕۆشنبیری ئەڵمان بەناوی موللەر لە ساڵی ١٩٤٣ هاتوونەتە کوردستان هەندێ وێنەی ئاڵای کوردستانیان لە شێوەی باجی بچووکی سەر سنگ لەگەڵ خۆیان هێناوەتە کوردستان.

ڕەمزی نافیع، لەبەرئەوەی وەک دڵدار و موحەڕەم محەمەدئەمین و د، نوورەدین زازا پێوەندیی پتەویان بە ڕێکخراوی خۆیبوونەوە هەبووە، بۆیە شتێکی ئاسایی بووە کە کاتێ لە ئەڵمانیاوە هاتوونەتەوە کوردستانیان ئاڵای کوردستانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و دابەشیان کردووەتە سەر خەڵک. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ڕەمزی نافیع – خۆی ئەو ئاڵایەی دروست کردووە.

هەندێ بۆچوون بەهەڵە وای لێک دەدەنەوە کە خودی ڕەمزی نافیعی هەولێری، ئەو ئاڵایەی کوردستانی دروست کردووە. ئەمە ڕاست نییە، لەبەرئەوەی ئاڵای کوردستان پێش ڕەمزی نافیع و موللەری ئەڵمانی هەبووە.

ڕەمزی نافیع ڕۆشنبیرێکی گەورە بوو کە لە ساڵانی (١٩٣٠ – ١٩٤٠) لەناو ڕێکخراوی خۆیبوون کاریان دەکرد (وەک دڵدار، نوورەدین زازا، جەلادەت بەدرخان... هتد)؛ هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بایەخی بە ئاڵای کوردستان داوە، لەبەرئەوەی هەموویان پێکەوە ئەندامی ڕێکخراوی خۆیبوون بوونە یان هاوکار و لایەنگری (خۆیبوون).

## ١٩٤٦

### شەکانەوەی ئاڵای کۆماری کوردستان لە مەهاباد

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٦ و سەرەتای ١٩٤٧دا بوو، مەهاباد هەژا بوو، کۆمەڵەی (ژ. ک) بەرەو حزبی دیموکراتیی کوردستان بوون و ئاڵای موقەدەسی کۆماری کوردستان بەرەو هەڵکردن دەچوو... – (ڕەفیق حیلمی: یاداشت، ب ٢).

بۆ یەکەمین جار ئاڵای کوردستان – واتە ئەو ئاڵایەی کە ڕێکخراوی خۆیبوون دروستی کردبوو – هەڵبدرێت، وا پێ دەچێ لە شاری دەرسیم بووبێ. ئەمەش بەبۆنەی ئازادکردنی تەنیا شارێک لە کوردستانی باکوردا. بەڵام بۆ یەکەمین جار ئاڵای کوردستان بەبۆنەی ئازادیی سەرتاپای بەشێکی کوردستان و لەسەر لووتکەی کۆمارێکی سەربەخۆی کوردستاندا و بەشێوەیەکی دانپێدانراو و بەئاشکرا هەڵدرابێت ئەوا لە شاری مەهاباددا بووە لە ساڵی (١٩٤٦). ئەمەش بەبۆنەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباددا.

مەحموودی مەلا عزەت (کۆماری میللیی مەهاباد، ب ١، ١٩٨٤، ل ٩٩– ١٠٠) دەڵێ: ئاڵاکە چوارگۆشەیەکی لاکێشەیی. لە سەرەوە: سوور. لە ناوەڕاست: سپی. لە خوارەوە: سەوز. ڕۆژێکی زەرد لە ناوەڕاستی سپییەکەدا بە گوڵەگەنمێک دەورە درابوو، لە پشتییەوە قەڵەمێک هەبوو.

ولیەم ئیگڵتن لە کتێبەکەی خۆیدا لەبارەی کۆماری مەهاباد، سەبارەت بەوەی بە هیچ شێوەیەک ئاگەداری مێژووی دروستکردنی ئاڵای کوردستان نەبووە لەلایەن ڕێکخراوی خۆیبوونەوە لە ١٩٢٧، بۆیە لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ کە کورد لە ١٩٤٦ بۆ دروستکردنی ئاڵای کوردستان هاتوون ئاڵای ئێرانیان بەرەواژ کردووەتەوە و هەڵاوگێڕی ئاڵای ئێرانیان کردووە. ئەم قسەیە بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە، لەبەرئەوەی ئاڵای کوردستان وەک باسمان کرد هەر لە ساڵی (١٩٢٧)دا دروست کرابوو. ئەگەر لە وێنە فۆتۆگرافییە جۆراوجۆرەکانی ئاڵای کوردستانی کۆماری مەهاباد وردببینەوە و بەراوردی پێ بکەین بە ئاڵای ڕێکخراوی خۆیبوون کە هەمان ئاڵای ئەمڕۆی کوردستانە، بۆمان دەردەکەوێ کە کەمێک جیاوازییان هەیە. جیاوازییەکەش تەنیا لەوەدایە کە خۆرە زەردەکەی ناوەڕاست بە گوڵەگەنمێک دەورە دراوە و لە پشتییەوە قەڵەمێک هەیە.

قانیع ١٨٩٩– ١٩٦٥ لە «شیعری بێ نوختە»دا کە لە ١٩٤٦دا نووسیویەتی، چەندان جار وشەی ئاڵای بەکار هێناوە. قانیع ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد هۆنیوەتەوە وەک نامەیەک بۆ بێکەسی ناردووە بۆ سلێمانی، مژدەی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانی داوەتێ لە مەهاباد:

کاکە سەلامم لە هاودڵدارم
هاودڵ گوێ گرە سا لە کەلامم
ئەلحەمدوللا ئاڵا هەڵکرا
ماوەی ئەهلی دڵ ئەمڕۆکە درا
سوئاڵ گەر ئەکەی لە مولک و ماڵم
لەسەر مەرامە حاڵ و ئەحواڵم
لای دڵ گەرمم سا دەی وەرە لام
سەرکەوە کەم کەم ڕوو لە ڕووی مەرام
ڕووکەرە ڕاسی داسی ئاڵای سوور
دەرەو کە عەدووی لار و هار لە دوور
ئەگەر لە مامی لارم سام ئەکەی
هەڵسە هەڕاکە لە مەرام ئەگەی
ئەو هەر عەدووی ڕوح گرۆی سەلامە
هەر لە درۆدا سەرداری عامە
کاکە ئەم ئاڵا مەرهەمی دەردە
مەرهەمی لاوی دڵ سڕوسەردە
هەرکەس لە هەر لا وڕ و سەرسامە
ڕاکا ئەم ئاڵا کۆگای مەرامە

## ١٩٤٧

موحسن دزەیی لەبارەی ئاڵای کوردستانی کۆماری مەهابادەوە (وێستگەکانی ژیانم، دەزگای ئاراس) نووسیویەتی:

میناخانم رۆڵی پاڵەوانانەی بارزانی و بارزانییەکانی لە بەرگریکردن لە کۆماری مەهاباد بەرز نرخاند و باسی دوا دیداری نێوان مستەفا بارزانی و قازی محەمەدی بۆ گێڕاینەوە دوای روخانی کۆماری مەهاباد لە ساڵی (١٩٤٧) و وتی پێش هاتنی سوپای ئێران بۆ ناو مەهاباد، بارزانی هاتە ماڵی قازی و پێی وت خۆی تەسلیم نەکات و سوێندی بۆ خوارد تا دوا دڵۆپە خوێن بەرگری لە خۆی و لە ئاڵای کوردستان دەکات.

قازی وەڵامی دایەوە ئێرانییەکان بەڵێنیان داوە ژیانی بپارێزن و لەبەر ژیانی خەڵکەکەش حەز ناکات لە مەهاباد بچێتە دەرەوە، بارزانی زۆری تکا لێ کرد کە باوەڕ بە بەڵێنی ئێرانییەکان نەکات، بەڵام بێ سوود بوو، دوا جار باوەشیان بەیەکدا کرد و فرمێسک لە چاویان دەهاتە خوارەوە، لەو کاتەدا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی دایە دەست هەڤاڵی رێگەی تێکۆشانی (مستەفا بارزانی) و وتی ئەو ئاڵایەت تەسلیم دەکەم و تکا دەکەم بیپارێزە، بارزانی ئاڵایەکەی وەرگرت و پێش ئەوەی بڕوات ئەوەی لە ماڵەوە لە پەنیر و نان و خواردەمەنی شکمان دەبرد هەموویم دایە دەست یاوەرانی بارزانی و بۆ دوا جار خواحافیزیمان لێکتر کرد.

## ١٩٤٩

بوڵتەنی مانگانەی سەنتەری تۆژینەوە کوردییەکان لە پاریس کە بە زمانی فرەنسی د. کامەران بەدرخان دەری دەکرد، لە ساڵی (١٩٤٩) لەسەر بەرگی زۆربەی ژمارەکانیدا وێنەیەکی ڕەنگینی ئاڵای کوردستانی بە هەمان شێوەی ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان بڵاو دەکردەوە.

شێوە و دیزاینی ئەم ئاڵایەی (١٩٤٩) دەقاودەق ئەو ئاڵایە کە لە (١٩٢٨) لەسەر بەرگی بڵاوکراوە ئینگلیزییەکەی ڕیکخراوی (خۆیبوون) هاتبووە وەشاندن.

من ژمارە (٩) و چەند ژمارەیەکی تری ئەم کۆوارە لایە.

## ١٩٥٨

موحسن دزەیی لەبارەی ئاڵای کوردستانی کۆماری مەهابادەوە (وێستگەکانی ژیانم، دەزگای ئاراس) نووسیویەتی:

ئەمە دەقی قسەکانی میناخانم بوو، شایدەکان هەر هەموویان ماون تەنیا خۆی نەبێت کە لە ساڵی (١٩٩٨) کۆچی دوایی کرد، کە هەواڵی مردنەکەیم زانی ویستم پێوەندی بە کوڕەکەیەوە بکەم لە ئەڵمانیا، بەڵام دەستم نەکەوت، دوایی زانیم لە

لەندەنە، پێوەندیم پێوە کرد و چوومە سەردانی و سەرەخۆشیم لێ کرد، پاشان پرسی ئاخۆ ئەو قسانەی دایکیم لە بیر ماوە کە ساڵی (١٩٥٨) بۆی کردین؟ هەمان سەربووردەی گێڕایەوە، بەم جۆرە بارزانی ئاڵایەکەی پاراست تا لە یەکەتیی سۆڤیەت گەڕایەوە و پاشان لە شۆڕشی (١١)ی ئەیلوولی (١٩٦١) و دواییش ئەمانەتەکەی (واتە ئاڵاکەی کوردستانی) تەسلیم بە مەسعوود بارزانیی کوڕی کرد.

## ساڵانی حەفتاکان

لە ساڵانی حەفتاکان و پاشان بەدرێژاییی ساڵانی هەشتاکانیش، ئاڵای کوردستان لە شێوەی پۆستکارت (معایەدە) لە وڵاتەکانی ئەوروپادا لەلایەن رووناکبیر و سەنتەرە رۆشنبیرییە کوردی و رێکخراوە کوردستانییەکانەوە چاپ و بڵاو دەکرایەوە و وەک کارتی پیرۆزبایی و پۆستکارت بەپۆست بۆ یەکتر دەنێردرا.

## ١٩٩١

«پێش ئەوەی سەرۆکی کوردستان، کاک مەسعوود بارزانی، ئاڵای کوردستان لەناو کوردستانی عێراقدا هەڵبدات.. من لەناو سەفارەتی فرەنسا لە لەندەن، لە ساڵی ١٩٩١ هەڵکردنی ئاڵای کوردستانم کردە کردەوەیەکی فەرمی و دەمێک بوو ئاڵاکەم هەڵدابوو».

بێرنارد دۆران، باڵوێزی دەوڵەتی فرەنسا لە مەغریب، لە ژاپۆن، لە هایتی، ماوەیەکیش لە بەریتانیا، لە هەمان کاتدا دیبلۆمات و سیاسەتمەدارێکی گەورەی فرەنسایە و لەناو (کێ دۆر سای) فرەنسا رۆڵی دیاری خۆی هەبووە. بۆ یەکەم جار لە ١٩٦٨ هاتووەتە لای مەلا مستەفای بارزانی.

## بەکارهێنانی وشەی (ئاڵا) و هاوواتاکانی ئاڵا
## لەناو هەندێ شیعری کوردیدا

### قادر
١٨٤٩ - ١٩١٠

لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە وردەوردە وشەی (ئاڵا) بە واتا سیاسییەکەی بڵاو دەبێتەوە لەناو شیعری کوردیدا. شاعیری گەرمیان، قادر، چەندان جار وشەی ئاڵای بە واتا سیاسییەکە بەکار هێناوە:

خەیاڵش جە غەم تەمام کەرد خاڵی
بڕەش کەرد کاڵای ئاڵای دیاری

کلافەی گیتار ئەژدەر وەست نە پشت
کلکەوانەی لاڵ کـــەردش نە ئەنگوشت

تا:

کشمیر وە گۆنای گوڵ غونچەی رەندت
کـــابول وە کـــاڵای ئاڵای پەســـەندت
شـیراز وە شـوعلەی شـەوق شـەمامت
جـــام وە بۆی بـخـــور عــەبیــر جـــامت

یان:

سوپا گشت یەکسەر هۆردا بەیداغان
پۆشا کەش و کۆ و سارا و سەرزاغان

## خەلیل

١٨٦٣ – ١٩٢٣

کـــوردســـتـــان وەگـــەرد تۆز پـاڵاکـەت
کـرمـــاشـان سـەرگـەرد بـاڵای ئاڵاکـەت
هـەفت ئـیـــقلیم تـەمـــام نـەونەمـــام تۆ
نـەدارۆ قـــیـــمـــــەت بـەهـای بـاڵای تۆ
مـــۆدەی عـــومــری وێم هـامـــەران یاران

یان:

ئەستەمبوڵ وەی تەخت سەر تەخت باڵات
تـەهـران وەی بـەیـان قــــــەنـدیل واڵات
مـووسـڵ وەی عـەینان سـورمـەی تـورمـاڵات
کـــرمـــاشــــان وەی بـەرگ زەر بافت ئاڵات
مــیـســـر وەفـیـدای ڕەنگ پڕ شـــەوق لاڵت
مـــەڵڵا بی حـــەیران شـــوعلـەی جـــەمـــاڵت

## زێوەر

١٨٧٥ ـ ١٩٤٨

زێوەر شیعرێکی هەیە بە ناوی (گۆرانیی بەیداغ). لەم شیعرەشدا دیسان وشەی (بەیداخ)ی بە واتا سیاسییەکە بەکار بردووە:

چ شیـرین جیلوەیەکی گرتووە سەوزەی کەوا شیـرداخ
کەوا شێر داخ ئەکا شوعلەی نیگاهێکی کە بێ گوستاخ
هوجـوومی کردە مـوڵکی دڵ سـوپای مـوژگانی گـەڕیاوە
بەمیسلی عەسکەری عوسمانی و تەسخیرەکەی (سابڵاخ)
سوپاهی حوزن و غەم جەمعن لە لام، ئاهم فەلەک گیرە
بەڵێ بۆ زینەتی لەشکر ئەبێ ئامـــادەبێ بەیداخ
هەموو دڵ عەکسی تۆی بۆ خۆی بەوەجهی یادگاری گرت

یان لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

قـەومی ساحـیب مـەتانەت و سـەبات
چونکە بێ قـەدرە لای هـەوای حـەیات
حـورمـەت و غـیرەتی ئەکا ئیـسـبات
باقـیـیـە عـەزمی تاکو ڕۆژی مـەمات
عـاقیـبەت شاخی بەرزی کوردستان
عـەلەمی کـوردی تیـا ئەکا جـەولان

د. مارف خەزنەدار دەڵێ: ئەمە شیعرێکە بەگیانی ڕۆمانتیکی و لاساییکردنەوەی شیعری نوێی تورکی عوسمانی ئاو دراوە. شاعیر داوای مافی خەڵکی کورد دەکا، شاعیرانە وێنەی سروشتی جوان بۆ مەبەستی دڵی قووچاوە و گیانی پەشێو بەکار دێنێ. پاڵەوانی ئەم لیریکەی زێوەر نەتەوەی کوردە، بۆرجوازییەتی تورک و کردەوە تیرۆریستییەکانی بووە بەقارەمانێکی تر و خۆی لەم شیعرە تراجیدییەدا دەنوێنێ.

بەڵێ ئەگەر تورک بەوە باغ و لەخۆبایی بێ تا ئەندازەیەک لووتکەی شاخ بکا بەکێلی گۆڕی کورد. زێوەر بەهەناسەیەکی پڕ باوەڕ وەرامی دەداتەوە و لەوە دڵنیایە لە دوارۆژدا لەسەر پۆپەی شاخ ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە.

## مەلا محەمەدی کۆیی

١٨٧٦ – ١٩٤٣

بەچەسـەقاو چاو پێ کەوت چۆن بووە میـری ئەفغان
لە ترسی وی هەڕای کـرد مـەلیک ئەمـانوڵڵاخـان
نادر خـانی جـەنەڕاڵ بەچەسـەقـای ئەسـیـر کـرد
تاج و تەختی ئەفغانی چلۆن بۆ خۆی تەسخیر کرد

ئێـوەش ئـەگـەر پیـاو بان چشـتـێکو لـە دەست دەهات
کـــەسێ غــیـــرەت بنوێنـێ خــودا تـۆفــیـــقی دەدات
ئێـوەن بێ قـەدر و قـیـمـەت بێ عـەسکـەر و بێ عـەلەم
بێ تـاج و تەخت و دەوڵەت ژێردەسـتـی کـوللـی عــالەم

**حەسەن "سەیفولقوزات"**

١٨٧٧ – ١٩٤٤

مـەئـیـووس و زیزە شـاعـیـر و نـەوزانی قـەدری وی
وەک شـێـرێکی لە جـەنگەڵی قـەفقـازێ یاغـیـیـە
بەیداغی سـوورە ئەوڕۆکـە چاوسـوور و پشـتـیوان
کـەروێشکە شـێـر و لە کنەمـە باز وەک مـراوییـە
ڕوو سـوورە هـەر کەسـێ کـە قزڵ ئۆردوو وە پەنای
بۆمـــە ئـەوەبـەســـە کـــە پەنای دیکـەمـــان نیــیـــە
قــوربانی پێشــەوایەکی وا بۆ نەبێ (حــەســـەن)
ڕەفـتــاری چاکـی وانە بەئـەمـر و قـســەی وییـە
تەبریکی فـەتحی تازە دوعـای خـێـری بۆ دەکـەم
بۆ ئـەو ڕەفـیــقــە گــەورە کــەوا بۆمــە حــامـیـــە
بۆچی زمـــانی دایکی لە ئێـــمـــە مـــەنع کـــرا
ئـەو هێندە زوڵم و زەحـمـەت و فـەرق و جـودائیـە
دەکــرانە دیل و بوونە ئـەســیـری لەنێـو عـەجـەم
هـەورامی و ســـابلاغی و عـــێلی جـــەلالیـــیـــە
هێندێکی بۆ عــیــراق و بۆ ســمنان و دافــعـان
دەستێکی بۆ شیرازێ کە جێی شێخی سەعدییە
یا دەرکــراوی مــەوتینە یا حــەپسی بێ گــوناه
کـوردێکی مـەزن و عـاقڵ و مـەردی حـیـسـابییـە
هـەر مـاڵە کـوردێکی کـە دەچووی دەتدی شـیـوەنە
ئەوڕۆکـە هـەر دێیـەکی دەچی سـەیر و شـادییـە

د. مارف خەزنەدار لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێ:

لەم دێرانەدا باگیرۆڤ وەکو شێرێک دەکەوێتە بەرچاوی شاعیر، ئەو بەیداغە سوورەی هەڵی

کردووە ڕەمزی ئازادییە. قزل ئۆردوو (بەتورکی سوپای سوور)ی سۆڤیەت پەنا و پەرژینە. ئەوجا چاو ڕوونی دەکا بۆ گرتنی بەرلین. ئەمە نوقلانەیە، بەرلین هێشتا نەگیرابوو لەگەڵ ئەوەی لە داگیرکردنەوە نێزیک بوو، لەبەرئەوەی ئەڵمانیا لە هێز کەوتبوو. شاعیر هەوڵ دەدا ئەوە بگەیەنی هەرچی چاکەیەک بۆ ڕووس بکرێ هێشتا هەر کەمە لەبەرئەوەی کوردیان لە چەوساندنەوەی شای ئێران ڕزگار کردووە.

## عەبدولڕەحمان بەگی بابان

١٨٨٠ – ١٩٦٧

عەبدولڕەحمان بەگی بابان (١٨٨٠ – ١٩٦٧) یەکەم شاعیری کوردە سوودی لە ئەفسانە – مێژووی کاوەی ئاسنگەر وەرگرتبێت و لە شیعرێکی خۆیدا تواندبێتییەوە. لە کۆتاییی ئەو شیعرەیدا وشەی بەیداغ بەکار دێنێت و دەڵێ:

جەزای دارە ئەوی ژینی بوێ لەم قەومە مەزلوومە
بەری ئەم دارە ئەستۆ و گەردنی لاوانی مەحکوومە
لە دنیادا ژیان بۆ قەومی کورد نایاب و مەعدوومە
لە کوێی ئەی ڕوحی کاوە هەڵگری بەیداغی حوڕڕییەت
نەجاتی میللەتی کورد دەی لە دیلی و مەینەت و زیللەت

شاعیر پاشان وشەی (عەلەم) بەکار دێنێ، دیسان بە واتا سیاسییەکەی:

ئەم لاپەڕە لە مێژووی کوردا ڕەشە و غەشە
زانیاری کورد لە شۆڕشی ئەو دەورە بێ بەشە
بۆ عەلەمی پان و بەرز و بڵاوت کە زۆر گەشە
نووسین و نەشری لازمە ئەم حادیسەی ڕەشە

## ئەسیری

١٨٩٠_١٩٦٢

کە گرا، چۆنی کوژان ئەم مەلیکی بێ باکە
وردی دوارۆژەوە بە، میللەتی کورد تێفکرە
لە چیا چاکە و کەڵکت بێ، مەوەستە واکە
موخلیسی ڕاستیی مەلیک غازی-یی نەوجاهت بە
لەشکری مونتەزەمی ئەوبە لەژێر ئالاکە

هەولێر - ئەمانەتی گشتی

ئاشکرا بێـــژە (ئەســـیـــری) لە جـــەلالا دەبژی
بەمـــەلیک غـــازی لەناو گـــشت مـــەلیکانا تاکـــە

ئالامی

کەسبی عیلم و مەعریفەت کە، سەرکەوە وەک میسرییان
نەک وەکـو مـیـسـری بژی، وەک عـارەبی ئیـسـپـانیـیـان
ئەندەلوسـیش هـیچ نەبوو، من وام ئەوێ زۆر سـەرکـەوی
سـەرکـەوە وەک دەوری مـەئمـوونی شـەهی عەبباسـیـیـان
وەک ئـەوانیش هـەر بڵند بە، تا لە دنیـــا دەرکـــەوی
هەر وەکـو باپیـرە گـەورەت، مـیللەتی(٤) سـاسـانیـیـان
ســـەرکـەوە تاکـو لە عـالەم دەرکـەوی وەک مـاهـی تاب
هـەر وەکـــو باپیـــرە کـــۆنت، دەوڵەتی ئالامـــیـــیـــان
ڕۆڵـە ئـــەم دەوری بـڵــنـدی وا لـــە ئـەوروپـا هـــەیـە
ئەوروپای فـێـر کـردووە، غـەرناتە و ئەشـبـیـلیـیـان
عـەکسی بەغدا بوو، کە سەنعەت ئەندەلوسیش فێر ببوو
دەوڵەتی بەغـداشی فـێـر کـرد، عـالی سـاسـانیـیـان
دەوڵەتی ئاســـوور و بابل عـیلم و عـیـرفـانی نەبوو
مـــیللەتی کلدانی فـێـــر کـــرد دانەری ئالامـــیـــیـــان
لاوی من تـۆمـی بـڵـندیی نێـــــژتووە باپیـــــری تۆ
هەڵسـە سـەر پێ، هەڵکە بەیداخی درەفـشی کـاوییـان
باسـی حـــاڵی کـــۆنە پیـــاوانت بڵێ بۆ لاوەکـــان
ئەی (ئەسـیـری) زیارەتی گۆڕت دەکەن وەک حـاجـییـان

سەردەمێکی ڕابوردوومان

سنە و سـابلاغ و کرمـانشـاه و کەرکووک و سلێمـانی
شنۆ و لاجـان و سـەردەشت و بناو و شـاه سـەیوانی
عـەمـادییە و دهـۆک و عـەقرە و سنجـار و هـەم زاخـۆ
ڕەواندوز و قـــەڵادزە و ڕانیـــیـــە و زێبـــار و بارزانی
سـەلاحـیـە لەگـەڵ ئەربیل و کـۆیێ و شـەقلاوە و پردێ
شـەهربازاڕ، ئەڵەبجە و چـەمچـەمـاڵ و ئەهلی بازیانی

جـــوانرۆ و ســـــاقـــز و بانە، ســــارالّ و ئەبرئامـــانە
لەگــەڵ بێــجـار و ئەفــشــارە لە ئێــلاخ و مــەریوانی
کــرند و ئەســـعـــەد ئاباد و بروجـــورد و نەهاوەندە
سەهەند و قەسـری شیرینە، لوڕ و سەرپێل و گێلانی
ڕەعـیــیــەی ئەردەلانی لوڕ زوان و قــەومی جـەنگاوەر
ئەمــانە یەکــدیگیــر بووبوون لەژێر بەیداخی بابانی
(ئەسیری) بۆ بڵندی و یەکدیگیری و شانی ئەم قەومە
فــیــداکــە دەوڵەت و گــیــانت بەناوی ڕاهی ئینســانی

## شێخ نووری شێخ سالّح

١٨٩٦ -١٩٥٨

شیوەنی شێخ مەحموودی سەرۆک

چ نووکی خـەنجـەرێ بوو وا بڕی ڕیشـەی دڵ و گـیانم؟!
چ تینی ئاگــرێ بوو وا بەجــارێ جـەرگی ســووتانم؟!
لە سـەرچاوەی تەقـیـوی دڵـمەوە خـوێناوی ئاڵ و گەش
بەناو شــەریانەکــانا دێتــە ســەرچاوەی دوو چاوانم
لەگــەڵ دوودی هەناســـەم تێکەڵاوی یەک ئەبێ ئەوســا
ئەبێــتــە دانەیی فـرمـێـسکی خـوێن ئەڕژێتـە دامـانم
تومەز تیری خەفەت بەندی جگەرمی وا کوناو دەر کرد
گەیاندوویە بە یەکـتـر (تانجـەڕۆ) و (زەڵمی) دوو ئاوانم
ئەپاڵێـــوێ پەڕەی دڵ نم نمە خـــوێناوی لێل و وێڵ
ئەڕێژێنێ مـووژەی چاو قـەترە قـەترە ئەشکی گـریانم
وەرن سەیری تەبیعەت کەن، لە هەوری ئاه و خوێنی دڵ
کە چۆن تاوێکی هێنا و بارییە سـەر مـەزرەعـەی ژیانم
پەژارە و خــەم ســــەری هێنایە دەر بەم تاوە بارانە
وەری گــۆپکەی چناری عــەیش و نۆشی ســەرچنارانم
ئەمەل نێژرا لەناو خاکا، ئەلەم گۆپکە و چرۆی دەرکرد
بەجـــــارێ هەڵکرووزا ســـــەبزەزاری نەوبەهارانم
بەکۆچی تۆوە بوو مەحبووبی حەق، مەحموودی ڕەبانی!
وەکـو (غــەزنە)، بەچۆڵی مــایەوە شــاری «سلەیمانی»

لە دوای تۆ شار و لادێ بوو بە کولبەی ماتەم و ئەحزان
وەتەن دانیشتووە بۆ تەعزییە و بۆ فاتیحا خوانی
بەکۆچی تۆ قەڵای ئامالی کورد بنچینەکەی ڕووخا
بەلافاوی خەفەت شاری ئەمەل ڕووی کردە وێرانی
بەجارێ میللەتی کوردی هەژارت بۆ سیاپۆشە
سلەیمانی بووەتە یەک نموونەی گردی سەیوانی
لە هیچ لایەکەوە دەنگی کەمان و عوود و نەی نایە
بەجارێ داخرا ڕادیۆ، نەماوە دەنگی گۆرانی
لە ماڵان شیوەنە و زاری، لە بازاڕا خەفەت باری
نەماوە پێکەنین ئیللا بەدەگمەن یا بەپەنهانی
هەزاران ڕۆحی جۆشانی وەتەن خواهانی کوردستان
لەسەر تابووتەکەی وەستاوە بۆ تەشیعی جوثمانی
بەسەر سەیارەوە بەیداخی ڕەش ئەشنێتەوە دایم
جلی ڕەش بۆتە مۆدە بۆ هەموو خەڵقی سلەیمانی
حەرامە کردنەوەی ڕادیۆ لە چایخانە و لە ماڵانا
بەغەیری گوێ لە ئەخبار گرتن و ئایاتی قورئانی
هەتا ڕۆژی چلەی بەم ڕەنگە بوو ئەحواڵی ئەم شارە
لە پاش ڕۆژی چلەش ئیتر نەما ئەوزاعی جارانی

١٩٥٦/١٠/٩

شیعرێ بۆ مێژوو:
دوژمنی گەورەی نیشتمان
(عومەر عەلی) وا نارد بۆمان
خۆی دوژمنی کوردەواری
دوژمنێکی شیرەخواری
ئەبێ ئەمە بۆ ئەو هەل بێ
نەخوازەڵا لایوسئەل بێ
سەیرکەن ئالا چۆن هەڵئەکا
دۆ و دۆشاو چۆن تێکەڵ ئەکا
وەختێ گەییە سولەیمانی
سولەیمانی نەیئەزانی

بەتایبەتی کە نێرراوە
زۆر ئیشی پێ سپێرراوە
هات و لەبەر دەرکی سەرا
نەخشی تەرازووی لێ کێشا
(ان العدل أساس الملك)
بەخەتێکی جوان لێی نووسرا
یەعنی هەموو کەسێ لەلای
وەکو یەک ئەخرێتە ناو تای
تای تەرازووەکە سەرناکا
لە کێشانا موو دەرناکا
ئیتر نەما، زۆرداری و شەق
حەق ئەدرێتە، دەس خاوەن حەق

ئینتیباه

**ئەحمەد فەوزی**

**١٩٣٩**

موتریبی خۆش لەهجە کوا دەنگی رەباب و عوود و نەی
وەختی وەسڵە قاتیلی عومری ڕەقیبان هاتەوە
جەژنی کوردستانە قوربان مەوقیعی قوربانییە
چۆن بەقوربانی نەبم وا فەخری کوردان هاتەوە
ئیدیعایی قەومییەت ئەمرۆ ڕەوایە (فەوزی)ا
رافیعی ئەعلام و ئیستیقلالی کوردان هاتەوە

## سالّح

ساڵح شاعیرێکی تری قۆناخی یەکەمی پەیدابوونی ئەدەبی کوردییە لە قەفقاسی ڕووسیا، لە شیعرێکیدا بەناوی «یەکێ گولانێ»دا دەڵێ:

عیدا یەکێ گولانێ
سەر ملێ پرۆلێتارا بەیرەقێ سۆرن
دکشن ژ کووچێ بەرلینی، لوندۆنێ
بەیرەقێ سۆر هەر ئالیا دفرن

ژ وان نامین پرۆلێتارێ دن
گشکی سازی دەزگەنە
سیلح و چەک دەستێ وان دانە
جێرگە ب جێرگە دکشن
گاڤێ درێژ داڤێژن
بهەڤرا کلامێ ئینگلابێ دڤێژن
دەف زورنە بەر وان د هەژن
پێشدا جمعەتا خەڤاتچیا
قەت تالاشێ نەکشین ژ فاشیستا
بسەرکاریا تفاقا کۆمۆنیستا
ببرن کۆکا کاپیتالیستا
دیوانا زولمدارا هلشین
قەید جیدارا بقەتینن
هەڤالا ژ کەلا، زندانا دەرخینن
بەیراقا سۆر هەر دەرا دا جکینن

شاعیری کورد ساڵح بەم لیریکە پێشوازی لە جەژنی یەکی ئەیاری کرێکارانی گێتی دەکا. ئەمە جەژنێکی پیرۆز بوو لە ڕووسیای سۆڤیەت. بەهۆی پێویستیی ناوەڕۆکی لیریکەکە شاعیر هەندێ وشەی فەرهەنگی و زاراوەی سیاسی و ئابووری بەکار دێنێ بەپێی بیروباوەڕی مارکسیزم. ئاڵای سوور ڕەمزی دەوڵەتی ڕووسیای سۆڤیەت و هەموو کرێکارانی گێتی بوو.

## کانی

۱۸۹۷ – ۱۹۵۷

جارێکیان جاهیدی برازای کانی لێی دەپرسێ لەبەرچی زۆربەی شیعری دڵدارییە و شیعری نیشتمانپەروەری نییە. کانی بەم شیعرە وەرامی جاهید دەداتەوە:

وەتەن شیرینە لای من داخەکەم بەس کۆزی ساوایە
بەقیل و قالی من ئامانجەکەی ناگاتە هیچ پایە
ئەبێ ڕۆستەم سیفەت لاوانی من گورج و بەغیرەت بن
هەتا کەی چاوەکەم هەر لایلایە و باوەشی دایە
مەڵێ بێ ئیش و کارم بەختەکەم سەرنگوون دێنێ
ئەگاتە مەقسەدی کاسب بەدوو سێ ئانە سەرمایە

بەشەر ئیللا بەکۆشش بەرز ئەکا بەیداغ و ڕەمزی خۆی
موحەققەق تەمبەڵی و سستی پەشیمانی لەگەڵ دایە
هونەرمەندانی زۆرمان مرد بەڵام نامرێ قسە و ناویان
قسەی نالی قسەی سالم هەتا دنیایە هەر مایە

**قانیع**

١٨٩٩– ١٩٦٥

ئێستا دەوڵەتی بەریتانیا
بوو بەداژیارمان لە دەورەی دونیا
پێویستە ئێمەش ڕوو لە خودا بین
بەشەو و بەڕۆژ دەستەو دوعا بین
بڵێین هەر بژی یا خودا سەرکەوێ
بەیداغی بەرزی هەرگیز نەنەوێ

یان:

هەر لە دانیمارک هەتاکو بەرلین
داگیری ئەکەین بزانە یەقین
تێک ئاڵای هەموان چاک ئەبێ بێدەنگ
نازی بەلاتی ئەگرنە ژێر سەنگ
مژدەی سەرکەوتن هاوپەیمان ئەدرێ
جەژنی پەیمانی ئەنتلانتیک ئەکرێ

قانیع هەوڵی داوە شیعرێک بڵێ ئەو وشانەی تێدا بەکار بێنی کە نوختەیان تێدا نییە، ناوی ناوە «شیعری بێ نوختە». لەوێدا چەندان جار وشەی ئاڵای بەکار هێناوە:

کاکە سەلامم لە هاودڵدارم
هاودڵ گوێ گرە سا لە کەلامم
ئەلحەمدوللا ئاڵا هەڵکرا
ماوەی ئەهلی دڵ ئەمڕۆکە درا
سوئال گەر ئەکەی لە مولک و ماڵم
لەسەر مەرامە حاڵ و ئەحواڵم

لای دڵ گەرمم سادەی وەرە لام
سەرکەوە کەم کەم ڕوو لە ڕووی مەرام
ڕووکەرە ڕاسی داسی ئاڵای سوور
دەرەو کە عەدووی لار و هار لە دوور
ئەگەر لە مامی لارم سام ئەکەی
هەڵسە هەڕاکە لە مەرام ئەگەی
ئەو هەر عەدووی ڕوح گرۆی سەلامە
هەر لە درۆدا سەرداری عامە
کاکە ئەم ئاڵا مەرهەمی دەردە
مەرهەمی لاوی دڵ سڕوسەردە
هەرکەس لە هەر لا وڕ و سەرسامە
ڕاکا ئەم ئاڵا کۆگای مەرامە

قانیع ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد هۆنیوەتەوە وەک نامەیەک بۆ بێکەسی ناردووە بۆ سلێمانی، مژدەی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانی داوەتێ لە مەهاباد.

هەواڵنامەی کتێب

**بەختیار زێوەر**

**١٩٠٨–١٩٥٢**

بەیداخ

وەرگێڕراوی شیعری ئەحمەد شەوقییە
١١–١٩٤٢/٧/٣١ سلێمانی

بۆ بەرزیی وڵات بەیداخ نیشانە
بۆ سەلامی ئەو وەستان زۆر جوانە
منداڵی ساوای ناو نیشتمانە
بوەستن بانگ کەن لە دەشت و لە دەر
خوا بیپارێزێ ئاشتی بێ یا شەڕ
تاجی دەوڵەتی ئێستا و لەمەوبەر
خۆشەویست بووە و بڵند و سەروەر
دەستدار و بێ دەست ئەکا موزەفەر
بوەستن بانگ کەن لە دەشت و لە دەر
خوا بیپارێزێ ئاشتی بێ یا شەڕ

## وا بزانم خەو بوو

سلێمانی ١٩٤٤/١١/١

له بێشەلانی سەر لووتكەی شاخێ
له شادی، هەڵمەدابوو بەیداخێ
جێیەک بوو، کۆنە ئێلاخی شاهان
ئاوەڵی هەوری بەرزی ئاسمان
ئاوی وەک چاوی قرژاڵ ڕووناک بوو
دەرمانی دڵی تەنگ و غەمناک بوو
بریسک و هوڕی هەروەک مرواری
بەنرخ بوو بەڵام کەم بوو کڕیاری
بۆنی کەنێرە و گوڵە بەڕۆنە
هەنگی کێش ئەکرد لە دوور بەو بۆنە
بەیان لە دەنگی مەلی ناو نزار
لە خەو هەڵئەستام گوێم ئەگرت زۆرجار
نە ساز و سەمتوور نە عوود و کەمان
خۆشییەکی وای نەئەدا بەگیان
بای شەماڵ فێنک ئەهات بەرەو ڕووم
زۆر بۆنی خۆشی ئەسوو لە کەپووم
لە دامێنەوە چەم و چغورد بوو
ڕێبازی جاف و گۆران و کورد بوو
جگە لەوانەش کە مانگ هەڵ ئەهات
بەپرشنگی نوور ئەیکردم خەڵات
سەرم بەوێنەی قوتووی وێنەگر
ئەو دیمەنانەی ئەگرت کوتوپڕ
لەناو شۆراوی قوڵکەی چاومدا
ئەیشتنەوانێ تا خۆی دەرئەدا
بەشەو یەک بەیەک ئەیخستە بەرچاو
شەویش بەوانە دڵ ئەکەوتە داو
لەوێ بەتەنیا کە دووره شار بووم
بۆ خۆم ئاسوودە، زۆر بەختیار بووم

ڕۆژێک کە ڕوانیم کچێک چواردە ساڵ
هاتە لام دانیشت بۆم بوو بەئاواڵ
بەقسەی شیرین، بەعیشوەداری
خستمیە گێژی دەریای دڵداری
دوو هاوڕێی دۆست و دوو یاری گیانی
کەوتینە سەیران بەشادمانی
دڵپاک بێ کینە لە گوڵ ڕەنگینتر
ڕەوشتی لە خۆی زێتر شیرینتر
بەشۆخوشەنگی بەچاوی بادام
دڵەی هەژار و بێ هۆشی بادام
بەڵێ لەپێشا هەرچەند تەنیا بووم
بەڕاستی خاوەن سەیر و سەفا بووم
کە ئەو هات ئێجگار دڵشادی کردم
لە تەنیایی ژین ئازادی کردم
بەشەو دائەنیشت لە ژوور سەرینم
خوا خوام بوو نەڕوا یاری شیرینم
بەیانێک بێ من ڕووی کردە ناودێ
هەر چاوەڕوان بووم بێتەوە لەوێ
بەڵام ڕۆژ ڕابوورد شەوی سەختم بوو
بەشەو هەر دەنگی پەپووی بەختم بوو
نەگەڕایەوە گیانی شیرینم
سەری خۆم هەڵگرت بچم بیبینم
ئەمە چەند ساڵە بۆی سەرگەردانم
لە کوردستانا وێڵی شارانم
نازانم چووەتە کام دێ، کام هەوار
چۆن منی جێ هێشت بەئێش و ئازار
تۆ بڵێی یاران بۆ جارێکی تر
یەک بگرینەوە هەردوو کوتوپڕ
بەڵام داخەکەم خەتا هی ئەو بوو
نایبینمەوە (وا بزانم خەو بوو

یادی بیستساڵەی ڕۆژنامەی (ژین)

سلێمانی ١٩٤٦/٢/٧

(پیری ژیر) ئەی خاوەنی (ژین) و (ژیان)
ئەی یەکە دڵسۆزی خاکی نیشتمان
هەوڵ ئەدەی بەم پیرییە کوردی هەژار
سەرکەوێت و دەرکەوێت، بێتە مەیان
تۆ لە ڕێی (زانستی)یا بۆ هۆزەکەت
ناتە ئەستۆی خۆتەوە ئەرکی گران
دانەیەک ڕۆژنامەی کوردی نەبوو
ئەودەمە دەنگی (ژیان) کەوتە جیهان
دەنگ و ڕەنگێکی هەبوو پڕ سۆز و جۆش
وەک جگەرسووتاوی ژێردەستی زەمان
هێندە دڵ پڕ کوڵ بوو بۆ ڕێی یەکیەتی
بووبووە بەیداخی بەرزی کاریان
ویستیان لەو جێگە بەرزە ڕای گرن
خۆت فڕاندت تا گەیشتە جێی ئەمان
جاری دوایی هاتەوە ئەمما چلۆن
لەسەر لووتکەی پیرەمەگروون

(...)

ئەزانین مەبدەئی چاکە دیموکرات
بەبێ ئەو مەبدەئە ناگەینە ئاوات
دیموکرات جوانترە بگرە هەزار قات
لە ئیستیعمار و فاشیستی خەرافات
بەڵێ بۆ هەر شتێ خاوەن ئەساسین
لەبەر بووکی وڵاتیشا کراسین
بەڕاستی ئەم قسانە دڵمی جووڵان
کە ڕوانیم لای نەدیوی پشتی ئەکوان
بەشێکی زۆر فریشتەی پاکی یەزدان
بەئالایەکەوە هاتن بەگریان

هەواڵنامەی کێبڕ

بەوانیشیان ئەوت زۆر بێ قیاسین
مەترسن پشتی ئێوە و ئێوە ناسین

## میللەتێک

سلێمانی ١٩٤٨/٢/٩

میللەتێک هیوای بەرزیی ژیان بێ
تینووی ئازادی و دیلی زەمان بێ
بەندی و هەژاریی زۆر لا گران بێ
هێزی مەردانەی کە هاتە گەردش
وەک ئەتۆم زەمین دێنێتە جونبوش
میللەتێک زۆربەی نەخوێندەوار بێ
چەوساوەی دەستی سەرمایەدار بێ
جەرگ هەڵکزاوی ئاگری زۆردار بێ
کە جووڵایەوە وا خۆی ئەنوێنێ
کە تۆڵەی ڕۆژی ڕەشی بستێنێ
میللەتێک مێژووی ڕووناک و جوان بێ
ئەولای ئەردەڵان ئەم لای بۆتان بێ
کانگای ئاڵتوون و نەوت و سامان بێ
هیچ هێزێک نییە ڕێی بباتە بەست
بەزانست و فەنن خۆی ئەکا سەربەست
میللەتێک چاوی لە خەو هەڵهێنێ
ببینێ دوژمن زۆری بۆ دێنێ
ستەمە سەری بۆ دانەوێنێ
بێگومان ژیان لە خۆی تاڵ ئەکا
تا لاشەی دوژمن لەناو چاڵ ئەکا
میللەتێک نەوەی کاوەی ئازا بێ
بۆ سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بێ
بۆ ژیانیشی دڵ پڕ هیوا بێ
زۆری پێ ناچێ ئەگاتە ئاوات
ئالای سەربەستی بەخوێن هەڵ ئەکات

بۆ ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠

ئەو کەسانەی گاڵتە بەم کوردە بکەن بێجا ئەکەن
تەرکی ئادابی مرووەت، فیکری بێ مەعنا ئەکەن
قەومی کورد ئاساری چاکەی زۆرە، تەئریخ شاهیدە
نەگبەتی ڕووی کردە ئێمە بۆیە ئیستیهزا ئەکەن
نامدارانی وڵاتمان گەه لە شەرق و گەه لە غەرب
جونبوشی شێرانە و تەسخیری بێ هەمتا ئەکەن
خۆ کەریم خان و سەلاحەدین و شاهانی بەبان
لاپەڕەی تەئریخی کورد وەک کاغەزی بەیزا ئەکەن
قەهرەمانانی وەتەنمان بۆ بڵندیی خاکمان
مل بەسێدارەی بڵندی تورکی بێ پەروا ئەکەن
زۆر نییە خۆم دیم ڕژابوو خوێنی لاوانی وەتەن
هەروەکو جۆگا لەبەر دەرکی سەرا حاشا ئەکەن
ئێمە ئەولادی ئەوانەین تێ بگەن ئەی دوژمنان
حەملەیی شێرانەمان هەر ماوە یاخۆ ڕائەکەن
ئارەزووی فەردێکی میللەت وایە بۆ خاکی وەتەن
خوێنی بڕژێ هەروەکو پێشوو شەڕ و دعوا ئەکەن
ئەی وەتەن بێ غەم بە هەر تۆڵەت ئەسێنن لاوی کورد
عەهدە ناوەستن هەتا ئەم واجبە ئیفا ئەکەن
خوایە بتبینم وەتەن خاکت بەخوێنی دوژمنت
ڕەنگی سوور بێ چونکە وا فیتنە و جەدەل بەرپا ئەکەن
موتمەئینم نامری با جەستەکەیشت خەستە بێ
هەر ئەبێ ئەو ڕۆژە هەڵبێتن کە ئاڵات وا ئەکەن

**جگەرخوێن**

١٩٠٣– ١٩٨٤

وەرە خوشکێ تو زوو ڕابە د شەردا ڕەنگێ شێرا بە
بەری ئاڵامەیە ڕەنگن ل سەر شاخان تە هلدا بی

### فانی

١٩١٠ – ١٩٧٣

ئەم خاکی گەلی کوردە کەوا بەش بەشە ئەمڕۆ
وەک دۆزەخی لێ دێت و دەگۆڕێ بەسەقەریان
هەق دێتەوە دەس خاوەنی هەق عاقیبەتی کار
ئەڕوا بەسەمادا عەلەمی فەتح و زەفەریان

لەم شیعرەدا فانی داوا لە لاوی کورد دەکا لەناو سەنگەر دابنیشن و خۆیان لە مارغە بنێن بۆ ئەوەی چاویان لە هەموو خراپەیەکی دوژمن بێ تا لە کاتی خۆیدا بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و پیلانی دوژمن لە دژیان پووچ بکەنەوە، چونکە ئەو دوژمنە بوو بەهۆی لەتکردنی خاک و ئەنجام لەباتی کوردستانێک بوو بەچەند کوردستان. لاوان هان دەدا ئەو وڵاتە بکەن بە دۆزەخ و دوژمنی لێ دوور بخەنەوە، لەو کاتەدا ڕۆژی سەرکەوتنی ڕاستەقینەی کورد هەڵدێ.

### موخلیس

١٩١٠ – ١٩٨٥

بێ سیاسەت کەس نییە هەر ئێوەنە
وا لە تاریکی دەسووڕێن بێ چرا
چاوەڕێم ئاڵای کوردان هەڵکرێ
هەرچی هات پێشکەوت و ئاڵای هەڵکرا
ناتەبایی پشتی کوردانی شکاند
بۆ سەرۆکی کەس بەکەس نایێتە ڕا
هەر دەیانوێ باری خەڵکی هەڵگرن
تا وەها بن نابنە خاوەن سەرا
قەت مەڵێ بێ دینە کوردی وا نەزان
کورد لە بێ دینیشەوە هەر پاش خرا
چۆن سەرۆکی کورد دەبێ بێگانە بێ
بۆ پشیلە قەت بەزی پێ نەسپێرا
با سەرۆک کورد بێت خوێنت هەڵمژێ
نەک بەبێگانە بڵێن کورد لێی درا
(موخلیس)ا نێزیک بووە گوێت لێ ببێ
سەربەخۆیی وا بەکوردستان درا

## ئەخۆڵ

١٩١١ _ ١٩٨٨

بۆ کۆچی دوایی شێخ مەحموود ئەخۆڵ دەڵێ:

ئەی دڵ ئەی دەروون وەختی گریانە
ئەی چاو جا نۆرەی ئەشک بارانە
ئەی کوردی کڵۆڵ گەلی چارەڕەش
ئێستاکە دەمی سیاپۆشانە

***

بۆ شۆڕەسواری کورد و کوردستان
بۆ قارەمانی بەردە قارەمان
لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دیارە
هەڵمەت و تاوی وەک نەڕەشێران

***

ئای چۆن کوردستان بەکۆچت سەردار
بێکەس مایەوە لە دەس ڕۆژگار
ئاڵای پێچراوەی گەلی بێچارەت
نەک لە نیوەی دار کەوتۆتە بن دار

## بێخود

بێخود ڕووی ئامۆژگاری لە مرۆڤ دەکا ئاگەداری خۆی بێ، لە چاکە نێزیک و لە خراپە دوور بکەوێتەوە:

بەجاهی خۆت مەنازە ڕۆستەمی قابیز لە ڕێتایە
ئەگەر سەد شاهی چینیش بی کشێکت هاتە بەر ماتی
سولەیمان کوا نگین و ئاسەف و عیفریت و بەلقیسی
سکەندەر کوا شکۆهـ و تەپڵ و بەیداغ و موهیمماتی
برا ناپرسی جارێ چی بەسەرهات حاڵی کەیخوسرەو
تەمیزێکت نییە تا تێ بگەی لە کوێیە میرئاتی

هەوالنامەی کتێب

## عەونی

١٩١٤ - ١٩٩٢

لەوسا ئاگر یەکجاری
دروشمە بۆ ڕزگاری
پشت بەپشت هەر مایەوە
بەهیچ هێز نەکوژایەوە
تاکو سەدەی بیستەم هات
پاش هەزاران کارەسات
لە کوردستانی بەرین
کاوەی سەدەی بیستەمین
کاوەی نەمر بارزانی
ئاڵای خستە سەرشانی
شۆڕشێکی بەرپا کرد
مافی کوردی داوا کرد

لە ڕۆژگارانی مێژووی ئەفسانەیی کۆنەوە ئەو ئاڵایەی کاوە هەڵی کردبوو هەر دەشەکێتەوە و پشتاوپشت قارەمانانی مێژوو لە یەکتریان وەرگرتووە، تاگەیشتە سەدەی بیستەم و کەوتە دەست مستەفا بارزانی. مەبەستی شاعیر هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ە لە کوردستانی عێراقدا.

## ئیبراهیم ئەحمەد

١٩١٤ - ٢٠٠٠

بۆ سەدام حوسێن

ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨١ لە لەندەن شیعرێکی بۆ سەدام حوسێن وتووە:

سەدام! کوردستان موڵکی تۆ نییە
نە هی ئەتاتورک نە خومەینییە
مەلای لابەلا کوردی خستە داو
ئینگلیزیش ئێوەی لێ کردین بەپیاو
تاقە بستێکی ئەم کوردستانە

داگیر نەکراوە بەجەنگی مەیدان
هەمووی بەپاکی و دڵ سافی خۆمان
بە فرت و فێڵی زۆڵە موسڵمان
کورد بێبەش کرا لە ماف و لە نان
لەماڵی خۆیا بوو بەبێگانە
کوردی خاوەنی ئەم نیشتمانە
پڕ خێر و بێر و پڕ نەوت و کانە
خاوەنی مێژوو هی ئەم زەمانە
بەرگری هەموو گورزی زەمانە
بەگۆڕ سپێری سەد هاری وەک تۆ
بۆ نەگرێتە دەس چارەنووسی خۆ
بۆ هەقی نەبێ ئەویش وەک ئێوە
ئاڵای خۆی هەڵکا لەم کەژ و کێوە

شاعیر هەندێ زانیاریی مێژوویی خستووەتە قالبی کێش و قافیەی شیعرییەوە و بەرەو ڕووی سەدام حوسێنیان دەکاتەوە. داواکانی شاعیر ئەوەیە مافی کورد پێویستە وەکو مافی عەرەب بێ لە نیشتمانی عێراقدا. هەروەها لە تورکیا و ئێرانیش. ئەو هەڵسوکەوتەی کوردی تێکەوت لە کوردستانی عێراقدا لە ئەنجامی سیاسەتی چەوتی چاوچنۆکانەی ئیمپریالیستی ئینگلیزییەوە بوو.

## دڵدار

١٩١٨ – ١٩٤٨

دڵدار سروودی ئەی ڕەقیبی لە ساڵانی (١٩٣٠) نووسی، کە بووە سروودی نیشتمانی و ڕەمزی بوونی نەتەوایەتی. بۆیە کۆماری کوردستان لە مەهابادی موکریان لە ١٩٤٦ کردبووی بە سروودی فەرمی. دوو جاران وشەی ئاڵا لەم شیعرەدا بەکار هاتووە و دەسنیشانی ڕەنگی سوور کراوە لەناو ئاڵای کوردستاندا. ئەمەش نیشانەی ئەوەی کە دڵدار، سەبارەت بەوەی کە خۆی ئەندامی (خۆیبوون) بووە، ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانی دیوە:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیریکە خوێناوییە ڕابردوومان

ئێـمـە ڕۆڵەی مـیـدیا و کـەیخـوسـرەوین
دینمـــان ئاینمـــانە نیـــشـــتـــمـــان
کـەس نـەڵێ کـورد مـردووە کـورد زیندووە
زیندووە قـــەت نانەوێ ئاڵاکـــەمـــان
چەند هـەزار لاوانی کـــوردی نەڕەشـــێـــر
بوون بە قـــوربانی و هەمـــوویان نێـــژران
لاوی ئێـــســـتـــاش حـــازر و ئامـــادەیە
جـانفـیـدانە جـانفـیـدانە جـانفـیـدان
لاوی کـورد هـەڵسـانـە سـەر پێ وەک دلێـر
سـا بـەخـوێن نـەقـشی ئـەکـەن تاجی ژیان
کـەس نـەڵێ کـورد مـردووە کـورد زیندووە
زیندووە قـــەت نانەوێ ئاڵاکـــەمـــان

**هەردی**

١٩٢٢ – ....

ئازادیخـوای کـوردین ئێـمـە
شـووڕەی پۆڵا و بەردین ئێـمـە
پشـتـی جـووتیـاری زەبوونین
ئاڵای بەرزی چون یەک بوونین

**دیلان**

١٩٢٧ – ١٩٩٠

هـەرچیم هـەیە لێم وەرگـــرە
لـەشم نـاوم جـــووڵـەم تـینم
بیگروو پێـــســـتی ئەندامم
بـیـکـە بـە بـەیـداغـی ژیـنـم
بەڕەڵـلای کـــە هـەوری توانج
بۆ ئـەسـتـێـرەی بەختی شـینم

**هێدی**

١٩٢٧ -

شاعیر لەم دێرانەدا باس لەو جەژنە هەمیشەییە دەکا لە کۆنەوە بووە و لە دوارۆژیشدا هەر دەمێنێ، یادی کاوەی ئاسنگەر و شارستانییەتی میدیا دەکاتەوە، بەسەر سروشتی ڕەنگینی بەهاردا هەڵدەڵێ، لەبەرئەوەی لووتکە هەرە جوانەکەی لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزدا دەبێ.

بەم دێرانە شاعیر کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

دڵ کە ڕۆژ و شەو دەسووتێ ئاگری تۆی تێبەر بووە
بۆیە پیاوانە لەگەڵتا مەرجی خوێنی بەستووە
باسی خوێنی پاکی تۆیە و شۆڕشی ڕزگارییە
یان بەسەربەستی ژیان یا مردنی یەکجارییە
گەر تۆ ئەورۆ نی لەناوماناا کوڕی دڵسۆزی تۆ
هەڵگری ئاڵای خەبات و شۆڕشی پیرۆزی تۆ
قارەمانی کوردی ئازا ماوە کاوەی بارزان
ئەو کوڕە کوردەی بناغەی دوژمنی تۆی هەڵوەشان
دڵنیا بە جێژنە پیرۆزەی دوای نەورۆزی من
جێژنی ئازادی گەلە و سەرکەوتنی پیرۆزی من

**کامەران موکری**

١٩٢٩ - ١٩٨٦

بۆ قازی محەمەد

ئەی پێشەوا
یادت لە دڵما ناڕوا
بیروباوەڕی گەشی تۆ
وەکو دیاری گڕ و پشکۆ
ڕژایە سەر سەهۆڵی ژین
بەفری پەروا و ترس و بەزین
ڕایماڵی کەژی دواکەوتن
دارستانی سامی مردن

***

هەولێر ... کتێب

ئالای کورد لە دڵ و چاوا
لە کەژا جۆگەی خوێناوا
بۆ ئەم گەلەی هی تۆ و منە
وردە وردە کەوتە شنە

***

ئەی پێشەوا
تۆی نموونەی گەشی برِوا
دوای کۆچی تۆ برای رِەنجبەر
لاوی بێ پەروای تێکۆشەر
پێچاوی پشتێنی نەبەزین
بۆ هەڵمەت بۆ رِۆژی خوێنین

***

دەس هەڵنەگرێ تا کوردستان
رِزگار ئەبێ ئەی قارەمان
ئەی ئاگری رِووت پێشەوا
یادت وەک گوڵاڵە رِووا

بۆ شێخ مەحموود

لەبەر فرمێسکی لێڵ و خورِ
خامەکەم هەرچەند هاتە گورِ
نەیتوانی بنووسی پتر
بۆ یادی کۆچکردووی نەمر
هەر ئەوەندە بڵێم مەگەر
گیانی پیرۆزی تێکۆشەر
ئەوی ئالاکەمان پێ دا
وا لە ناو دڵی ئێمەدا
ئێستە لە یاد بۆی ئەچنین
وێنەیەکی جوان و شیرین
ئاخۆ کەی بێ کورد لە گەوهەر
لە یاقووت بۆی بکا پەیکەر

سەرچاوە:


– کەمال ڕەئووف محەمەد: ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی، جزمی ۱، دەزگای ئاراس: ۲۰۰۹.

– منذر الموصلي: الحياة السياسية و الحزبية في كردستان، ط ۱، ۱۹۹۲، ص ,۲۵۸

زنار صلوبي: في سبيل كردستان(مذكرات)، ترجمة: د. رضوان علي، منشورات رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيروت: ۱۹۸۷، ص۱۳۱ــ ۲۱٦.

– مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی: ئیحسان نووری پاشا و شۆڕشی کورد لە ئاگری داغ، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (۱۲۱)، بەغدا.

– ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب ۱، ل ۹۹؛ ب ۳.

– محەمەدی ملا ئەحمەد: خۆیبوون، بەکوردی (کرمانجی ژووروو)، بە ئەلفوبێی لاتینی، شام ۱۹۹۳. (۸۲ لاپەڕە).

– عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤا سیاسی کوردستانێ ۱۹۰۸ – ۱۹۲۷، سپیرێز، دهۆک: ۲۰۰۲، ل ۱۸۱

– قەتڵوعامی کورد لە تورکیا، و. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی: ۲۰۰۷، ل ۹ و ۱٦ و ۸۲.

– مەحموودی مەلا عزەت: کۆماری میللی مەهاباد، ب ۱، ۱۹۸٤، ل ۹۹– ۱۰۰.

– د. جەمال نەبەز: سەرنجێک لەبارەی دیرۆکی ئاڵای کوردستان، ڕۆژنامەی میدیا، ژ (۲٦٥)، هەولێر: ۲۰۰٦/۱۱/۱٤

– د. ئازاد عوبێد: دیسان کێ ئاڵای کوردستانی داهێنا؟، گ. (K21)، ژ (۷)، هەولێر: ۲۰۱۰، ل ٤۱– ٤٥.

– سدیق ساڵح: ئەلبوومی شێخ مەحموود، بنکەی ژین، ۲۰۰٦.

– سی. جی. ادموندز، كرد وترك وعرب، ترجمه جرجيس فتح الله، ط۲، اربيل، ۱۹۹۹، ص ۷۹، ۲۹۷.

– عەبدوڵڵا زەنگەنە: ئاڵای کوردستان، ڕۆژنامەنووس، ژمارە (۱۲)، هەولێر: ۲۰۰۷

محەمەد گۆران و نەریمان خۆشناو: ڕەمزی نافیع ڕۆڵەیەکی هەولێری، دەزگای بەدرخان، هەولێر ۲۰۰۸.

– د.کەمال مەزهەر: خێروبێری ڕاپۆرنووسێک، کۆواری (ڕەنگین)، ژمارە (۸۸) و (۸۹)، بەغدا: ۱۹۹٦، ل۱۲–۱٤.

سدیق ساڵح: کەریم شالووم، دامەزرێنەرێکی کۆمەڵەی خۆیبوون، کۆواری هەزارمێرد، ژمارە(۳)، سلێمانی، ئاداری ۱۹۹۸ل ۱۲۹.

– موحەڕەم محەمەد ئەمین لەگەڵ شەهیدی نەمر حەمە قودسیدا، کۆواری (ڕۆژی نوێ)، ژمارە(۳)، حوزەیرانی ۱۹٦۰. ل٥–۱۹.

– ساسونی: الحركه الكرديه القوميه و العلاقات الكرديه – الارمنيه، بيروت:۱۹٦۹، ل۲۷۰.

– محمد صالح الزيباري: خويبون وانتفاضة آرارات ۱۹۲٦ــ ۱۹۳۰، مجلة كاروان الاكاديمي، العدد الاول أربيل: شتاء ۱۹۹۷.

– بلەچ شێرکۆ: کێشەی کورد، محەمەد حەمەد باقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی، چاپی سێیەم، کوردستانی عێراق: ١٩٩٢.

– کۆنێ ڕەش: الامیر جلادت بدرخان حیاته وفکره، مطبعه الکاتب العربی، دمشق: ١٩٩٢، ص٣٠ـ٣٣.

– د. کەمال مەزهەر: مێژوو، مطابع دار آفاق، بغداد:١٩٨٣، لاپەڕە(٣٥٣).

– سدیق سالح: کەریم شالووم، هەزارمێرد، ژ(٣) ل١٢٩.

– وریا ڕەحمانی: کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، هەولێر.

- Les Kurdes et Le Kurdistan, Sous la direction de Gerard CHALIAND, Ed PCM, paris: 1978,P,97-98

–- Ehmed Mihemed Mele: Xoybun, sam: 1993,R.67

- Chris KUTSCHERA:le mouvement national

. Kurde, Flammarion, paris:1979. 384 pages-

- Christiane MORE: Les Kurdes aujourd’huied L’Harmattan, paris: 1984,p 65 .

–-Susan MEISELAS:Kurdistan in the shdow of

history, NEW YORK:1998(بەرگی ناوەوەی کتێبەکە)ed. Random House

–-Hamit Bozarslan: Traditionalisme ou Nationalisme, in CEMOT, N.6 FNCP, paris: 1988,p 16-30

Sureya Bedr Khan: Tha case of Kurdistan against Turkey, Published by authority of Hoy-boon Supreme Council of the Kurdish Sovernment, Philadelphia: 1928. (72 p.).

فەرهاد پیربال (هەولێر –١٩٦١)، دوکتۆرا لە مێژووی ئەدەبی نوێی کوردی لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس (١٩٩٤).

لەم کۆوار و ڕۆژنامانەدا وەک سەرنووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەران لە سالانی هەشتاوە تا ئەمڕۆ کاری کردووە: یەککرتن و دەروازە لە کۆپنهاگن، خەرمانە و نوودەم لە ستۆکهۆڵم، هیوا لە پاریس، هاڤیبوون لە بەرلین، کوردستانی نوێ و وەرگێڕان و وێران و جوایەز و شین و شیعر لە هەولێر.

یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی، چیرۆکێک بووە، لە کۆواری ڕۆژی کوردستان لە ١٩٧٩ (واتە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا) لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە. یەکەمین کتێبیشی، شانۆنامەی (ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم) لەلایەن یەکەتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ لە ١٩٨٤ چاپ کراوە.

لە زانکۆکانی سەلاحەدین – هەولێر، سلێمانی، کۆیە، خانەقین، لە کۆلێجەکانی ئاداب و هونەر و قانوون و پەروەردە و وەرگێڕان و کارگێڕی و زانست و کۆلێجی مامۆستایان وانەی (ڕێبازە ئەدەبییەکان) و (ئەدەبی نوێ) و (کوردناسی) و (مێژووی هونەر)ی داوەتەوە.

ئێستا مامۆستای وانەی (ئێستاتیکا)یە لە کۆلێجی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرانسادا

### ئاڵقەی دووەم

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ ی شێخ سەعیدی پیران لە هەموو ڕوویێکەوە شایانی خوێندنەوە و دووبارە پێداچوونەوەی تازە هەیە. یەکێک لەو خەوشانەی کە تا ئێستە لە مێژوونووسیی کوردیدا لەناو ئەو لێکۆڵینەوانەدا بەدی دەکرێ کە لەو بارەیە نووسراون ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکان پشت ئەستوور نین بە بەڵگەنامە و دەستاوێژی مێژوویی. ئەم بەڵگەنامانەی ئێرە کە هەموویان لە ئەرشیڤخانەکانی پاریس و لەندەن وەرگیراون بۆ یەکەم جار ڕووناکییەکی تازە دەخەنە سەر حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی ئەم شۆڕشە و ڕوانینێکی تازەمان لەم بارەیەوە پێشکێش دەکات.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

لەندەن، ٢٥ ی شوباتی ١٩٢٥

لە ڕێگەی پۆست ڕۆژی ٢٦ ی مانگ کاتژمێر ١١ گەیشتووە.

خوێندنەوەی چاپەمەنی ڕۆژی ٢٥ ی شوبات*

(تایمس)

لە ئێستەدا ئەستەمە حوکم لەسەر گرینگی شۆڕش بدرێ دژ بە حکوومەتی تورک کە لە چەند

.................................................................

وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

ویلایەتی ئاسیای بچووکی ڕۆهەڵاتدا هەڵگیرساوە. بەڵام ئەوە دەزانین کە پێویستە حوکمی عورفی لە هەرێمەکانی تری نزیک لە فورات بێتە ڕاگەیاندن.

بەشێوەیەکی گشتیی ئەوەی کە لەو ناوچەیە ڕوو دەدات کە بەناوی ئەرمەنستان دەناسرێ و لەناو ڕاپەڕینی چەکداری دایە و ئەو کوردانەی کە لەوێدا دەژین بەو پێیەی کە ئەرمەنیان بندەست نەکەوتوو بیکوژن دەستیان کردووە بە تورککوژی. ئەوەی کە بە گوێرەی ڕۆژنامەکان دەزانرێ ئەوەیە کە ئەو ژاندرمانەی کە ناردراون بۆ شەڕ دژی یاخیبووەکان بە خۆیان و چەک و تفاقیانەوە پێوەندییان بە شۆڕشگێڕەکانەوە کردووە و یەکێک لە کوڕەکانی سوڵتانی پێشووش پشتیوانی خۆی پێڕاگەیاندوون.

بە کورتی وا دیارە کەوا ڕاپەڕینە چەکدارییەکە خاوەنی خەسڵەتێکی تا ڕادەیەک ڕاستەقینە و لەو ناوچە دوورەدەستانەی ڕۆهەڵاتدا ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەلایەن کۆمارەوە بەسەر ڕێژیمدا هاتوون بە چاوێکی خراپ سەیر کراون بە تایبەت جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت. سیاسەت و ئاین لە ڕۆهەڵاتدا هەرگیز لەیەک جیا ناکرێنەوە و دەشێ ئەمە بۆ ماوەیەکی درێژ هەر ئاوا بمێنێتەوە.

فلۆرۆ

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٣**

وەزارەتی کاروباری هەندەران
شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ٥٣

کۆنستانتینۆپل، ٢٥ ی شوباتی ١٩٢٥ لە کاتژمێر ٢١ ڕەوانە کراوە
ڕۆژی ٢٦ ی مانگ کاتژمێر ٥ و ٥٠ خولەک گەیشتووە.

ڕۆژنامەی (جەمهورییەت) ئۆرگانی حکوومەت تێبینی کردووە کەوا (بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەی) گەنجە بەرەبەرە فراوان دەبێت و مەفرەزە سەربازییە نیزامییە پەرتوبڵاو و ناوخۆییەکانیش هەروەها پێوەندییان بە شۆڕشگێڕەکانەوە کردووە.

شانۆی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە بە هێڵێک دیاری دەکرێت کە بە ڕەئس ئەلەندریک، سیوەرەک، خارپووت، پولۆ، غەند، باکوری گۆڵی وان و سنووری ئێراندا تێپەڕ دەبێت. دیاربەکر، ئەرغەنە و خارپووت لەژێر دەستی یاخیبووەکان دایە. لەشکرەیلی تورک هێشتا خۆگردکردنەوەی خۆیان تەواو نەکردووە و وا دیارە تا ئێستەکە هیچ شەڕێکی تەواو ڕووی نەداوە.

جۆزی – کورێ



هەوڵنامەی کتێب

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٤**

باڵوێزخانەی فرانسا

لە بەلجیکا

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری

سیاسی و بازرگانی

ئەوروپا

ژمارە: ٣٨٨

بروکسێل، ٢٨ی شوباتی ١٩٢٥

لە مۆریس هێربێت، باڵوێزی کۆماری فرانسا، لە لای خاوەندشکۆ پاشای بەلجیک، بۆ جەنابی ئێدوارد هێربۆت، سەرۆکی ئەنجوومەن، وەزیری کاروباری هەندەران.

شۆڕشی کوردستان

لویی دوو بوسکەر لە ڕۆژنامەی سۆسیالیستیی (گەل)* وتارێکی سەرنجڕاکێشی لەبارەی شۆڕشی کورد نووسیووە کە کراوەتە هاوپێچ.

دوای ئەوەی لە هۆیەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەکۆڵێتەوە کە بە تایبەت هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی زێدەی حکومەتی ئەنقەرە، دوو برووسکەر خەملێنی ئەوە دەکات کەوا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی تامپۆن (لەمپەر) لەو کاتەی کەوا کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان S.D.N بەدواداچوون دەکات، تەنیا دەبێتە بەهێزبوونی تایبەتیی شوێنپێی بەریتانییەکان کە لەو ساتەوە نفووزی بۆ باکور و تاوەکو سنوورەکانی یەکەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی و لەوانەشە تاوەکو زەریای "سوور" درێژ ببێتەوە.

"باوادبنێین، ئەو دەنووسێ کەوا ڕۆژنامە تورکەکان درۆ و بوختان بە ئەنگلستان دەکەن بەوەی ڕای دەگەیەنن کەوا ئینگلستان یارمەتیی بزووتنەوەکەی داوە، بەڵام سەرسام دەبین بەو دەرفەتە سیاسییەی کەوا، بەبێ ئەوەی هیچ دەستێکی تێدا بێت و زۆربەی جار شوێنی دۆستانی ئەودیو مانش* مان بەهێز دەکات".

دوو برووسکەر ئەوە دەرئەنجام دەکات و دەنووسێ " شۆڕشی کورد " بێگومان نفووزێکی بێشومار بەسەر گفتوگۆیەکانی ئێستەی نێوان تورکیا و یۆنان بەجێ دەهێڵێ.

مۆریس هێربێت

حکوومەتی تورک دوا جار بڕیاری دا ددان بە گرینگی ئەم شۆڕشەی کورد دابنێ کە تا دوێنێ هەر گاڵتەی پێ دەکرد. بەشێوەیەکی نێزیکەیی تەواوی ئەرمەنستانی کۆن خراوەتە حاڵەتی حوکمی عورفی و هەموو لەشکرەیلی بەردەست زۆر بە پەلە ڕەوانە کراون. تەعبیئەی گشتیی لە بەرچاو گیراوە و ئەوەیان تا ڕادەیەک نیگەرانیی فەرمی و ترسناکی ڕووداوەکان ڕادەگەیەنێ. حکوومەتی تورک لەوەتای سەرکەوتنی بەسەر یۆنانییەکان سیاسەتی ناسیۆنالیزمێکی ڕقئەستوور پێڕەو دەکات کەوا دیارە ئەمڕۆ ئەنجامەکانی هەڵدەگرێتەوە. سەرداری خاکێکی زۆروزەوەند کە دەوڵەمەندییەکی بێوێنەی هەیە ئەگەر بە میتۆد و بڕێک بایەخپێدانێکەوە بەرهەم بهێنرێ، وا دیارە ئەنگۆرە هیچ خەمێکی تری نییە جگە لە هەڵوەداکردنی "بێگانەکان" نەبێت، مەبەست لەمە هەر تەنیا ئەرمەنەکان و یۆنانییەکان، هەر تەنیا مەسیحییەکان نییە بە هەموو ڕەگەز و ناونانە هەمەجۆرەکانیانەوە، بگرە موسڵمانە غەیرە تورکەکانیشە. ڕێژیمی تورکیای کۆن پێشتر لە سۆنگەی تورکپەرستێتی زێدەڕۆیەوە عەرەبەکانی دوورخستنەوە، ڕێژیمی نوێش سەرکەوت لەوەی کێشەیەکی بێ گەڕانەوە لەگەڵ عەرەبەکان خۆیان دروست بکات. ئەوە چ شێتیی مەزنایەتییەکە کە نەتەوەیەک بە ئاستەم پێنج ملیۆن هاونیشتمانیی هەبێ کەچی بانگەشەی ئەوە بکات بە تەنیا حوکمڕانی بکات، کە من دەڵێم بە تەنیا بیەوێ لە فەزایەکی ئەو هێندە بەرفراوان و دەوڵەمەندا بژی کە تەنیا یەک پیشەسازیی ناوەنجی دەتوانێ چوار یا پێنج جار زیاتر لەوە خەڵک بژیەنێ.

جا ئاخۆ ئەوە ناسیۆنالیزمی تایبەتیی خۆی و تەسکبینە کە دەبێ لەم حاڵەتەدا قسە بکات؟ بێگومان هەستی نەتەوایەتیی تورکی لە سۆنگەی کردەی دەسەڵاتەوە گەیشتووەتە ئەوپەڕی نارەزایی، بەڵام ئاخۆ ئەوە نەتەوەیە کە دەبێ حکوومەت گوێ بۆ خزمەتکردنی شل بکات؟ ئێمە ئەو هەستەمان لا هەیە کەوا تاقمی حوکمڕان بەردەوام سەرقاڵی ئەوە بووە کەوا دەسەڵاتی تایبەتیی خۆی دابین بکات بەوەی بەشێوەیەکی سیستەماتیک هەموو هێزێک، هەموو هەژموونێک کە بشێ لە تەک خۆیدا بوونی هەبێ و بالادەستیی ڕەها و بێ ئەملاو و ئەولای بخاتە مەترسییەوە، لەناو ببات.

کردەی کۆماری و کردەی عەلمانی؟ لەوانەیە خۆشباوەڕێک وا لەم وشانە بگات کەوا ئەنگۆرە ئەم وشانە بەو مانایە وەردەگرێ وەک ئەوەی لە ڕۆئاوادا بەکاردەهێنرێ. بۆ مستەفا کەمال و دارودەستەکەی، خەلیفە تەنیا خەنیمێکی ئەوان بوو و وەکو خۆی هەڵیان وەشاندەوە و ئەوان دەرکیان بەوە دەکرد کە لە هەمان کاتدا دوایین هەژموونێک کە لە جیهانی موسڵمانان‌دا بە قازانجی تورکیا بەڕێوە دەچێ و دوایین هۆ کە غەیرە تورکەکان، وەکو کورد کە وای کردبوو وەفادارانە بۆ حکوومەتی عوسمانی بمێننەوە، هەڵدەوەشێننەوە. ئەوان هەموو خەنیمەکانی خۆیان هەڵوەشاندەوە، ئەنجامەکەی ئەوەتا بە تاقی تەنیا کەوتوونەتە بەرامبەر جیهانێکی دوژمن.

بێگومان ئەو زەوییانەی کە ئەمڕۆ کوردەکان دەیانەوێ لە ئیمپراتۆریای دابماڵن هەرگیز گرینگی

یەکەمینی ئابووری نییە. جاران وەختایەک ژمارەیەک هاونیشتمانیی ئەرمەنی کشتوکاڵکاری و دەوڵەمەندی بۆ دابین دەکردن، ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئەو زەوی و زارانە چۆڵەوانی و ئەو دەوەنانەی کە شوێنی کێڵگەکانی گرتووەتەوە بوونەتە نەوایەکی چاک بۆ چەتە کوردەکان دژ بە لەشکرەیلی تورک کە پێشتر ئەو چەتانە لە قەڵاچۆکردن و وێرانکارییەکانی دژ بە ئەرمەنەکان هاریکارییان دەکردن! گەڕانەوەیەکی بێوێنەی شتەکان کە دەشێ ببێتە سۆنگەی لەدایکبوونی بیرکردنەوەیەکی بەسوود. بەڵام ئێستاکە ئەگەر کوردەکان دەوڵەمەند نین لەبەرئەوەیە کە بەشێوەیەکی ئاوا هەڵکەوتوون کە ناتوانن هەرگیز لە بڕێک هەژموونی بێگانە بەدەر بن. ڕاستییەکەی، کەمێک بۆ باشووری ناوچە وێرانییەکە، لە مووسڵ لەو کاتەدا کۆمسیۆنێکی کۆمەڵەی گەلان ئەرکی ئامادەکردنی هێلکێشانی زەوییەکانی عێراقی پێ سپێردراوە لەژێر ئینتیدابی ئینگلیز و تورکیادا. دەوڵەتێکی لەمپەر (تامپۆن) کە لە لایەن کوردەکانەوە حوکمڕانی بکرێ کە بە تایبەتیی شوێنی بەریتانییەکان سەقامگیر دەکات کە هەژموونەکەی لەو ساتەوە تەواو تاوەکو باکور، بۆ سنووری کۆنفیدراسیۆنی سۆڤیەتی و لەوانەشە تاوەکو تەرابزۆندە و زەریای ڕەشیش درێژ ببێتەوە. ئەوەیان ئەوەیە کە بە تایبەتیی هاوسەنگی تەواوی ناوچەکە دەستکاری دەکات. ڕۆژنامە تورکییەکان بە ئاشکرا ئەنگلستان تۆمەتبار دەکەن بەوەی یارمەتی بزووتنەوەکەی داوە. باوادابنێین ئەمە تۆمەت هەڵبەستنێکە بۆ خۆی، بەڵام سەرسام دەبین بەو دەرفەتە سیاسییەی کەوا، بەبێ ئەوەی هیچ دەستێکی تێدا بێت کەچی زۆربەی جار شوێنی دۆستانی ئەودیو مانش- مان بەهێز دەکات.

شۆڕشی کورد لە کاتێکدا هاتووە کە ڕەوشەکە لە نێوان تورکیا و یۆنان تەواو شڵەژاوە. ئەو کاردانەوەیەی کە ڕووداوەکانی خارپووت و دیاربەکر دەیانبێ دەبێ چی بن لەسەر ئەو گفتوگۆیەی کە لە نێوانیان لە ئارادایە؟

هەموو ئەوەی لە ئارادایە ئەوە دوویات دەکەنەوە کە باوەڕ بەوە بکرێ کاردانەوەکەی گەورە دەبێت.

ڕۆژنامەی "گەل"، ژمارەی ڕۆژی ٢٨ ی شوباتی ١٩٢٥

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٥**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١٣٣

ئەنگۆرە، ٣ ی ئاداری ١٩٢٥.

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە لە ٥ ی مانگ کاتژمێر ٢٣ و ١٥ خولەک ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٦ ی مانگ کاتژمێر ٩ و ٠٥ خولەک گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ١٢٧-م.

دوای ئەوەی کە لە خارپووت و پاولۆ لەلایەن دانیشتوانەوە دەرکران، شۆڕشگێڕەکان ئەرغەنەیان داگیر کرد. قسە لەسەر ئەوەیە کە چەند ئەندام پەرلەمانتارێکی ناوچەکە بۆ شوێنەکە بنێردرێ.

ڕاگەیندراوی لە بەیرووت هاتوو.

موژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٦**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ٦٣

کۆنستانیتینۆپل، ٣ ی ئاداری ١٩٢٥ لە کاتژمێر ١٢ و ٢٥ خولەک ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٣ ی مانگ کاتژمێر ١٦ و ٣٠ خولەک گەیشتووە.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە مستەفا کەمال تێیدا بەشدار بووە، پارتی گەل بەوەی ڕەخنەی لەو هەنگاوهەڵگرتنە لاوازانەیە گرتووە کە حکوومەت ناویەتیە بەر بۆ داپلۆسینی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە، فەتحی بەگ ئیستقالەی خۆی داوە. ئەم ڕووداوە لەوەتای گەڕانەوەی عیسمەت پاشا بۆ ئەنگۆرە چاوەڕوانکراو بوو. کابینەی فەتحی بەگ هیچ کات وەکو کابینەیەکی درێژخایەن حسێبی بۆ نەکراوە. ئەوەی زیاتریش جێگەی داخە ئەوەیە کەوا سەرۆکی حکوومەت (مەبەست فەتحی بەگە، وەرگێڕ) ڕوحێکی مۆدێرنخواز و مەیلی ئاشتەوایی هەیە کە لەوانەیە ئەم ڕوحیەتە بە هەمان ئاست لای جێگرەوەکەی نەبیندرێ.

جۆزی - کورێ

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٧**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١٥٤

ئەنگۆرە، ١٠ ی ئاداری ١٩٢٥.

هەواڵنامەی کتێب

له ڕێگەی کۆنستانیتینۆپلەوە لە ڕۆژی ١٢ ی ئادار کاتژمێر ٢١ و ٤٥ خولەک ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ١٣ی مانگ کاتژمێر ٣ و ٣٥ خولەک گەیشتووە.

وا هەست دەکەم پێویست بێت لە دژی ئەو هەواڵە تەرەفگیرانەیەی کە لەبارەی ڕاپەڕینی چەکداری کوردەوە بلاو بوونەتەوە وریاتان بکەمەوە. ئەم هەوالانە تا ئەو جێگەیە ڕۆیشتوون کە ڕایان گەیاندووە کە ژێنێراڵی قوماندانی سوپای سێیەم لەلایەن یاخیبووەکانەوە بە دیل گیراوە.

ڕاستییەکەی، ڕاپەڕیوەکان هەموو کات ناوچەی ئەرغەنە و گەنجەیان بەدەستەوەیە. لەلایەکی ترەوە بە دەست تێکەلاوی لەگەڵ دانیشتوانە کوردەکانی دیاربەکر سەرکەوتن بچنە ناو شار کە لەوێدا دەریان پەڕاندن و سەتان کوژراو و پەنجا دیلێکیان لە دوای خۆیانەوە بەجێ هێشت و ڕەدوونانیش بەردەوامە. زیانەکانی حکوومەت بێشومار بوون (بە تایبەت) لە ئەفسەراندا.

ئەو لەشکرەیلەی کە شەمەندەفەرەکانی ئێمە لەوەتای ٥ ی ئادار دەیانگوازنەوە، گەیشتوون. یەکەمین فەوج ئەمڕۆ گەیشتە دیاربەکر و هیچ ئۆپێراسیۆنێکی پێکەوەیی ناکرێ هەتا داگرتنەکە (تعبئە) تەواو نەبێت. سەرکردایەتی گشتیی سوپا پێ لەسەر گەڕاندنەوەی چوار شەمەمدەفەرەکە دادەگرێ. ڕاگەیەندراوی لە بەیرووتەوە هاتوو.

مۆژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٨**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١٥٩

ئەنگۆرە، ١٣ ی ئاداری ١٩٢٥.

لە ڕێگەی کۆنستانیتینۆپلەوە لە ١٥ ی مانگ کاتژمێر ٢١ ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ١٦ ی مانگ کاتژمێر ٧ و ٤٥ خولەک گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ١٤١-م.

کەمالەدین پاشا ئەم بەیانییە چووە بۆ ناوچە ڕاپەڕیووەکە.

ڕەوشەکە بە جێگیری ماوەتەوە. گەمارۆدانی یاخیبووەکان لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە دەستیان پێ کردووە و لە ئێستاوە تێبینی هەڵگەڕانەوە لە دەوروبەری ڕەهبەرە یاخیبووەکانەوە دەکرێ.

مۆژین

هەولێرنامەی کتێب

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٩**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە: ١٧٠

ئەنگۆرە، ٢٣ ی ئاداری ١٩٢٥.

لە ڕێگەی کۆنستانیتینۆپلەوە لە ٢٥ ی ئادار کاتژمێر ٢٢ و ٥٠ خولەک ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٢٦ ی ئادار کاتژمێر ٧ و ١٠ خولەک گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ١٥٩-م.

ژێنێرال کەمالەدین پاشا دووبارە لە نوێوە پێوەندی بە ئەنگۆرەوە کرد. سەرکۆمار پێی وایە بێسوودە بنێردرێ بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی هێزەکان بکات دژی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە، کە تا دێ ڕاپەڕینەکە ون دەبێت.

(کۆکردنەوەی سوپا) لە دیاربەکر دەوروبەری ٣٠ ی ئادار تەواو دەبێت و ئۆپێراسیۆنی کارا دەمودەست دەست پێ دەکەن.

موژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٠**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە؟

ئەنگۆرە، ٢ ی نیسانی ١٩٢٥

ئۆپیراسیۆنە سەربازییەکان دژ بە یاخیبووەکان بە شێوەیەکی ئاسایی خۆیی زۆر خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بەڕێوە دەچێت. ژێنێرال کەمالەدین پاشا دوو یان سێ هەفتەی تریش لە ئەنگۆرە دەمێنێتەوە و لە چاوەڕوانیی ئەنجامی بەکۆتایی بووندایە کە تەنیا دوای کۆتاییهاتنی ئۆپیراسیۆنەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرلین.

سەرکردایەتیی سوپا پێی وایە کەوا داپلۆسینەوەکە لە ماوەی سێ هەفتەدا بە کۆتا دێت. دواتر سەربازە یەدەکەکان تەسریح دەکرێن و ئەمە ماوەی سێ هەفتە دەخایەنێ، بەجۆرێک کە لە

دەوروبەری ١٦ ی ئایار تەنیا هێزی لەشکرەیلی کارا لە ناوچەکە دەمینێتەوە بۆ ماوەی پێویست بۆ دەستکردن بە سزادانی تاوانبارەکان و چەککردنی دانیشتوان.

موژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢١**

کونسوڵخانەی فرانسا لە میزۆپۆتامیا
بەغدا، ١٢ ی نیسانی ١٩٢٥

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی و بازرگانی
ڕاگەیەندراوێک لە بەیرووتەوە
ئاسیا – ئۆقیانووس

ژمارە ٥٩

لە کۆنسوڵخانەی فرانسا لە میزۆپۆتامیا بۆ
جەنابی بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران

لەبارەی بزووتنەوەی کوردەوە
شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ وەرگیراوی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان لە بابەت بزووتنەوەی کوردتان بۆ ڕەوانە بکەم. لە کاتی ئەم گەشتەی دواییم لە مووسڵ توانیم تێبینی ئەوە بکەم کە لێرەدا زۆر کەم زانیاریی لەبارەی (بزووتنەوەی کورد) هەیە و چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سێر هێنری دۆبس* بۆ خۆی پێی گوتم کەوا کوردەکانی عێراق وا دیارە ئاگایان لەم ڕاپەڕینە نییە ( بڕوانە برووسکەنامەی ژمارە ٢٢–٩ لە ٤ ی ئاداری ڕابردوو)

ئیمزا

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٢**

وەزارەتی کاروباری هەندەران
شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ٢١٥
ئەنگۆرە، ١٧ی نیسانی ١٩٢٥.
لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە لە ٢٠ ی مانگ  کاتژمێر ٢١ و ٣٠ خولەک ڕەوانە کراوە

هەوڵنامەی کتێب

ڕۆژی ٢١ ی مانگ کاتژمێر ٧ گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ١٥٩-م.

سەرۆکی ئەنجوومەن پێی وتم کەوا ئۆپیراسیۆنە کارایەکان تەواو بوون، ڕێکخەری بزووتنەوەکە و هاوەڵەکانی هەموویان بە دیل گیراون. پاککردنەوەی ناوچە ڕاپەڕیووەکە ماوەی پازدە ڕۆژێک دەخایەنێ. ژمارەیەک بەڵگەنامە کە تێوەگلانی بڕێک بێگانە دیار دەخەن دەستیان بەسەردا گیراوە.

مۆژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٣**

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٤

نامیلکەی ژمارە: ١

٢٢ ی نیسانی ١٩٢٥

(نهێنی)

خەرجی ئۆپیراسیۆنی داپلۆسین

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١٩٢٥/٤/٤

ئەنگۆرە ٤٠. خەرجیی ئۆپیراسیۆنە سەربازییەکان لە ناوچەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە بە ١٢ ملیار لیرەی تورکی خەملێنراوە. جا ئەگەر ئەم بڕە پارەیە کە ڕاستەوخۆ لە بودجەی حکوومەت دێتە دەرەوە ئەو زیانانەشی بۆ ئەژمار بکەین کە بەر ئەو جووتیارانە کەوتووە کە ناچار بوون لە وەرزێکی هەرە بە پیتی کشتوکاڵکردندا زەوییەکانیان جێ بهێڵن، ئەوا دەگەینە بیرۆکەی خەسارەتێکی بێشومار کە شێخ سەعید و هاوەڵە پیلانگێرەکانی بۆی دروست کردووین.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٤**

٢٨ ی ئایاری ١٩٢٥

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم A.E

ژمارە: S.A.E /30

2/11



هەواڵنامەی کتێب

سەرۆكی ئەنجومەن

لیوتینان – كۆلۆنێل، ئەتاشەی سەربازی

كۆنستانتینۆپل

ژمارە: 115/S.A.E.2/11. من لە سەرچاوەیلی باوەڕپێكراوەوە زانیوومە كەوا هێزی پشتیوانگەلی نوێی تورك دەبێ لە ڕێگەی سووریاوە بۆ كوردستان بنێردرێ لە ٢٤ ی ئایارەوە و بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ. تكاتان لێ دەكەم ئەگەر ئەم زانیارییانە ڕاست و دروستن تێلێگرافێكم بۆ بكەن.

ژێنێراڵی سەرۆكی ئەركانی سوپا

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٥**

نهێنی

وەرگێڕاوی تێلێگرامێكی شیفرەیی

ڕۆژی ٣٠ ی ئایاری ١٩٢٥ كاتژمێر ١ و ٤٥ خولەك گەیشتووە

پێرا، لە ٢٩ ی مانگ، كاتژمێر ٢١ و ١٥ خولەك

لە ئەتاشەی سەربازییەوە بۆ وەزارەتی جەنگ لە پاریس

ئەتاشەی سەربازییمان لە كۆنستانتینۆپل ئەمەی خوارەوەی تێلێگرام كردووە:

وەك چۆن دەستبەرداربوونی (تسریح) سەربازگیری لەشكەرەیلی كوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوانە بەرەو كوردستان دەڕۆن كە وا پێ دەچێ بۆ مانەوەی ژمارەیەكی ئاسایی بێت و ئەو سەربازگیرە نوێیانەی كە بەم دوایە ڕاهێنراون لەو فیرقانە وەرگیراون كە كەوتوونەتە دەرەوەی ناوچەی ئۆپیراسیۆنەكان. وەك لە بەیرووت دووپاتی دەكەنەوە، بزاوتە سەربازییەكە لە ڕێگەی هێلی ئاسنینە ڕێ–وە دەبێت.

وەڵامی تێلیگرامی ژمارە ٣ بۆ S.A.B .2/11

ئەتاشەی سەربازی

كۆتایی

***

ماویەتی

هەولێرنامەی كتێب

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA 139

H

N° 154

DIRECTION POLITIQUE ET COMMERCIALE
13 MARS 1925

CH

ANGORA, le 10 Mars 1925
transmis par CONSTANTINOPLE, le 12 Mars – 21 h.45
reçu le 13 à 3 h.35

Je crois devoir vous mettre en garde contre les nouvelles tendancieuses qui courent au sujet de l'insurrection kurde. On est allé jusqu'à annoncer la capture par les rebelles du général commandant la troisième armée.

En réalité, les insurgés sont toujours maîtres des régions d'Arghana et de Guendj. D'autre part, de connivence avec la population kurde de Diarbékir, ils avaient réussi à pénétrer dans la ville d'où ils ont été rejetés, laissant une centaine de morts et une cinquantaine de prisonniers. La poursuite continue. Les pertes gouvernementales ont été sévères (surtout) en officiers.

Les troupes, dont nos trains assurent le transport depuis le 5 Mars, commencent à arriver. Le premier régiment a atteint Diarbékir aujourd'hui. Aucune opération d'ensemble avant que la concentration ne soit terminée. L'Etat-Major général insiste pour le rétablissement des quatre trains.

Communiqué à Beyrouth./.

MOUGIN

128

**TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE** DUPLICATA bis

Ia à E. 308.1-

D =

N° 63

CH.

CONSTANTINOPLE, le 3 mars 1925 - 12.25

reçu le 3 à 16 h. 30

E. 311-3-

Dans une réunion à laquelle assistait MUSTAPHA KEMAL, le parti du peuple ayant critiqué les mesures trop faibles prises par le Gouvernement pour réprimer l'insurrection, FETHY BEY a donné sa démission. Cet évènement était à prévoir depuis le retour à Angora d'ISMET PACHA. Le Cabinet FETHY BEY n'a d'ailleurs jamais été considéré comme durable. C'est d'autant plus regrettable que le chef du Gouvernement témoignait d'un esprit de modération et de dispositions conciliantes que nous ne trouverons probablement pas à un même degré chez son successeur./.

JESSE CURELY

127

**TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE**

**DUPLICATA**

E. 311. 3.

J

N° 133 ANGORA, le 3 Mars 1925

Transmis par Constantinople le 5 à 23 h 15

Reçu le 6 à 9 h 05

هەواڵنامەی کتێب

Je me réfère à mon télégramme N° 127.

Après avoir été rejeté de Karpout et de Palou par les populations, les insurgés ont occupé Arghana.

Il est question d'envoyer quelques-uns des députés de la région sur les lieux.

Communiqué à Beyrouth./.

MOUGIN

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

EN CLAIR

**TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE**

92

DUPLICATA bis

N° 119 LONDRES, le 25 Février 1925

Reçu par poste le 26 à 11 h.

Revue de presse du 25 Février.

TROUBLES EN TURQUIE

TIMES

Il est pour le moment impossible de juger de l'importance de la révolte contre le Gouvernement turc qui a éclaté dans plusieurs des Vilayets de l'Asie Mineure Orientale. On sait cependant qu'il a été nécessaires de proclamer l'état de siège dans d'autres district près de l'Euphrate.

D'une façon générale, ce qui semble se passer est que la région qu'on connaissait sous le nom d'Arménie est en insurrection et que lès Kurdes qui l'habitent, n'ayant plus d'Arméniens à tuer se sont mis à tuer du Turc.

On sait encore, d'après les journaux, que la Gendarmerie qui fut envoyée contre les rebelles a passé à l'insurrection avec armes et bagages et qu'un fils de l'ancien Sultan Abdul-Hamid leur prête son appui.

Il semble donc, en somme, que l'insurrection ait un caractère politique assez sérieux et que dans ces régions éloignées de l'Est, les changements introduits par la République dans le Régime sont vus d'un mauvais oeil, en particulier la séparation de la religion de la

RES ÉTRANGÈRES

CHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

Asie 91

DUPLICATA

Turquie

Poste Londres, M. Rome

JD

N° 53

E 311.3.

CH

CONSTANTINOPLE, le 25 Février 1925 à 21 h.

reçu le 26 à 5 h.50

Le "Djumhouriet", organe du Gouvernement, constate que le "mouvement réactionnaire" de Ghendj s'étend de plus en plus et que les "détachements de gendarmerie locaux et des détachements militaires réguliers dispersés et également locaux" se sont joints aux insurgés.

Le théâtre de l'insurrection est délimité par une ligne passant par Raz-Elaindirek, Siverek, Kharpout, Palou, Ghendj, le nord du lac de Van et la frontière persane.

Diarbekir, Arghana et Kharpout sont aux mains des rebelles.

Les troupes turques n'ont pas encore terminé leur concentration et il semble qu'aucun engagement sérieux n'ait eu lieu jusqu'à présent./.

JESSE-CURELY

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

**TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE**

DUPLICATA

90

E 311-9

Guerre

J

CH

N° 66/K

BEYROUTH, le 25 Février 1925 à 12 h.

Reçu le 25 à 14 h 55

On me signale d'Adana
(Consul) ~~Adana signale~~ publication d'un avis de mobilisation pour classes 1310 à 1315, convocation officiers réserve et réquisition chevaux et voitures. Cette mobilisation serait motivée par révolte des vilayets orientaux.

Il résulte ~~D'après~~ télégrammes de presse de Constantinople, révolte aurait éclaté à nouveau dans Kurdistan pour proclamer indépendance, sous autorité d'un prince de la famille impériale.

Prière ~~communiquer~~ Guerre./.

SARRAIL

ES ÉTRANGÈRES — TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE — 89

DUPLICATA

IFFREMENT

E. 311. 3.

D=

N° 114

R

ANGORA, le 25 février 1925 -

Transmis par CONSTANTINOPLE le 28 à 15 heures

reçu le 28 - 19 h.40

1/3/25.

Les journaux vous ont appris les troubles survenus dans la région de Kharpout. Le Gouvernement turc ne s'en était pas autrement (ému) mais, aujourd'hui, en présence de l'extension du mouvement qui a gagné la région nord de Diarbékir, il est décidé à a-gir. Des mesures vont être prises pour étouffer ce mouvement qu'on croit être de nature religieuse et dynastique et "peut-être, ajoute le Directeur politique, soutenu par l'étranger."

Communiqué à Beyrouth./.

MOUGIN

RES ÉTRANGÈRES — CHIFFREMENT

**TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE**

DUPLICATA

88

J

E 311-3 -

N° 52

CONSTANTINOPLE, le 24 Février 1925 à 1 h.

Reçu le 25 à 7 h 30

Il résulte des informations parvenues aujourd'hui d'Angora que les événements de Ghendj ont pris un caractère sérieux, il y a 15 jours environ, date à laquelle les premières troupes envoyées dans la région auraient fait cause commune avec les insurgés. A l'heure actuelle, l'insurrection s'étend jusqu'aux frontières de Mossoul et de Perse.

Fethi Bey ayant consenti à la proclamation de l'état de siège dans 12 départements et à l'octroi à tous les autres Gouverneurs Généraux des pouvoirs nécessaires pour décréter la loi martiale dans les circonscriptions administratives, s'ils le jugeaient nécessaire, il semble qu'il n'y ait pas lieu, pour le moment, de s'attendre à une crise ministérielle.

On craint que le Gouvernement ne profite des circonstances pour proclamer l'état de siège à Constantinople./.

JESSE CURELY

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

151

DUPLICATA

E. 311.3.

CH

N° 159

ANGORA, le 13 Mars 1925

Transmis par Constantinople le 15 à 21 h.

Reçu le 16 à 7 h 45

Je me réfère à mon télégramme N° 141.

Kemal Eddine Pacha parti ce matin pour région insurgée.

La situation reste stationnaire. L'encerclement des rebelles par les forces gouvernementales est commencé et déjà on constaterait des défections autour des chefs insurgés./.

MOUGIN

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA 168

PB fr

DIRECTION
POLITIQUE ET COMMERCIALE
21 AVRIL 1925
SÉRIE E CARTON 311 DOSSIER 3

B CH

N° 215 ANGORA, le 17 Avril 1925

Transmis par CONSTANTINOPLE, le 20 Avril à 21 h 30
reçu le 21 à 7 h.

Je me réfère à mon télégramme N° 195.

Le Président du Conseil me fait savoir que les opérations actives sont terminées, le promoteur du mouvement et ses lieutenants ayant été tous capturés; le nettoyage de la région insurgée durera une quinzaine de jours.

De nombreux documents compromettant certains étrangers auraient été saisis ./.

MOUGIN

# کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسادا

## نامەی مستەفا بارزانی بۆ جەنەرال شارل دوگۆل

باڵوێزخانەی فرەنسا لە یۆنان

ئاتینا، ٢٤ ی ئابی ١٩٦٥

ژمارە: Al/٦٧١

لە باڵوێزخانەی فرەنسا لە یۆنان بۆ جەنابی فەخامەتی بەڕێز

وەزیری کاروباری هەندەران.

-بەڕێوەبەرایەتی ئەفریقا - ڕۆهەڵات

لەبارەی نووسراوێک لەلایەن نوێنەری کوردستانی عێراق لە دەرەوە

- کۆپیی نامەیەکی بەرێز عیسمەت شەریف وانلی بە مێژووی ١٧ی ئابی ١٩٦٥ کە ئاراستەی باڵوێزی فرەنسا لە لبنان کراوە.

- تێکستی تێلیگرامێک بە مێژووی ١٢ ی ئاب کە ئاراستەی بەڕێز سەرکۆماری فرەنسا کراوە.

تێبینی: ئەم دوو تێکستە دراون بەم بالوێزخانەیە لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی کە نەیتوانیوە بیگەیەنەتە بالوێزخانەی ئێمە لە بەیرووت.

ئیمزا

***

وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

باڵوێزخانەی فرەنسا

لە لبنان

بەیرووت، ١٦ی سێپتامبەری ١٩٦٥

ژمارە ١١٦٤ /AL

لە پییێر لویی فالێز، بالوێزی فرەنسا لە لبنان

بۆ جەنابی بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران، (بەشی ئەفریقا-ڕۆهەڵات)

پەیامی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بەڕێز سەرکۆماری فرەنسا

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچنامەیەک کە بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی، نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق ئاراستەی کردووم تا پەیامێکی مەلا مستەفا بارزانی بگەینمە بەرێز سەرکۆماری فرەنسا. ئەم نامەیە لەلایەن باڵوێزی خۆمان لە یۆنانەوە بۆم ڕەوانە کراوە کە بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی کە نەیتوانیووە سەردانی بەیرووت بکات.

ئیمزا

پ. ل. فالێز

***

(کۆپی)

کۆمیتەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد

بەیرووت، ١٧ی ئابی ١٩٦٥

بۆ جەنابی باڵوێزی فرەنسا لە بەیرووت

باڵوێزی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە کە سەرنجی تایبەتیی بەڕێزتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە بەندە ئەرکی ئەوەم پێسپێردراوە تێکستی تێلیگرامێک کە لەلایەن ژێنێرال مستەفا بارزانی لەبارەی ئەو مەترسییە هەنووکەییانەی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی کە لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە دژ بە گەلی کوردستانی عێراق بەکار دەهێنرێت، بگەیەنرێتە جەنابی فەخامەتی سەرکۆماری فرەنسا.

من تکاتان لێ دەکەم هاوپێچ تێکستی تێلیگرامی بابەتەکە هاتووە و زۆر منەتبارتان دەبم بەوەی بیگەیەنن بە بەڕێز سەرۆک کۆمار.

هەوالنامەی کتێب

بەوی لە پێشەکیدا سوپاسگوزاری بەڕێزتانم، تکاتان لێ دەکەم ڕێز و سڵاو و پێزانینی بەرزمان قەبووڵ بفەرموون.

(عیسمەت شەریف وانلی)

ئەندام و نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

شۆڕشی کوردستانی عێراق لە دەرەوە

141Chemin du Levent

لۆزان (سویسرە)

***

(کۆپی)

تێلیگرام

کوردستانی عێراق

١٢ی ئابی ١٩٦٥

بۆ فەخامەتی ژێنێرال دوگۆل، سەرۆکی کۆماری فرەنسا، پاریس.

بەڕێز سەرۆک،

ئێمە لە کاتی خۆیدا ئیدانەی بەردەستخستنی گازی ژەهراویمان کرد لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە کە بەکار دەهێنرێت بۆ شەڕ دژی کوردەکان. لە ئێستەدا بەڵگەمان لە بەردەستە کە سوپای عێراق فەرمانی ڕێگەپێدانی بۆ هاتووە بۆ ئەوەی ئەو گازە بەکار بهێنێ.

چەند تیلیگرامی سەربازیی عێراقی کە لەم چەند ڕۆژانەی دوایی خوێندوومانەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کەوا فیرقەی یەک کە چەندان وەحدەی لەبەرەی ڕەواندوزدا بەمزوانە لە ڕەوشێکی سەربازی تەنگەتاودا کەوتوون، لەسەر ئەوەدان کە پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکە ژەهراوییەکان ببەن کەوا یاسا و ئەخلاقی ناودەوڵەتیی ئیدانەی دەکەن.

ئێمە داوا لە فەخامەتی بەڕێزتان دەکەین کەوا پاڵەپەستۆ بخەنە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەم پلانە نا ئینسانییانە ببێ. ئێمە داوا دەکەین کەوا ڕێوشوێنی ناودەوڵەتیی هەڵبگیرێ بۆ پاراستنی گەلەکەمان لە مەترسیی قەتڵوعام و ڕیشەکێشکردنی.

لەم کۆتاییەدا بۆ ڕاوەستانی وێرانییەکانی شەڕێکی کوشندە کە لەوەتای چوار ساڵ دەبێ وڵاتەکەمانی خوێناوی کردووە، ئێمە تکاتان لێ دەکەین کەوا کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا ببەنە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان بەو هیوایەی چارەسەرێکی ئاشتییانە و عادیلانە بەگوێرەی ڕوحی

میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بدۆزێتەوە.

بەڕێزەوە

(مستەفا بارزانی)

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

شۆڕشی کوردستانی عێراق.

***

٢٥ سێپتامبەری ١٩٦٥

نوسخەی ئەسڵیی

لقی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆهەڵات

ژمارە ٥٥/AL

یاداشتنامە بۆ نووسینگەی وەزیر

لەبارەی پەیامی ژێنێراڵ بارزانی، سەرۆکی کوردە یاخیبووەکانی عێراق، بۆ سەرۆک کۆماری فەرەنسا

بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی، نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە دەرەوە داوای لە باڵوێزی ئێمە لە لبنان کردووە تا پەیامێکی سەرۆکی کوردە یاخیبووەکانی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەرەنسا بگوازێتەوە.

نووسیگەی وەزیر هاوپێچ تێکستی پەیامەکە بە مێژووی ١٢ی ئابی ١٩٦٥ و نامەی بەڕێز وانلی بۆ باڵوێزی ئێمە لە بەیرووت و هەروەها برووسکەی ژمارە ١١٦٤ بە مێژووی ١٦ی سێپتامبەریی بەڕێز فالیز، کە ئەم دوو بەڵگەنامەیەی بۆ وەزارەتی دەرەوە ناردووە، دەبینێ.

دایرەی ئەفریقا – ڕۆهەڵات دەتوانێ مشوورخواردنی ئەوە بۆ نووسینگەی وەزیر بەجێ بهێڵێ ئەگەر قەناعەتیان هێنا ئەم پەیامە کە لە ڕێکخەری یاخیبوونێک هاتووە دژ بە حکوومەتێک نووسراوە کە ئێمە پێوەندییەکی دیبلۆماتیی ئاساییمان هەیە بگەیەنێت بە سەرۆک کۆمار.

لە هەر ڕەوشێکدا، قەدەغەیە پسوولەی بەدەست گەیشتنی بدرێ.

هەواڵنامەی ئێدێر

IR - 5 - 8

RC/CT

MINUTE

25 SEPT 1965

(Kurdes)

Sous-Direction du Levant

N° 55/AL

NOTE POUR LE CABINET DU MINISTRE

A/s - Message du Général Barzani, chef des rebelles kurdes irakiens, au Président de la République Française.-

M. Ismet Chériff Vanly, représentant à l'étranger du Conseil de Commandement de la Révolution du Kurdistan irakien" a demandé à notre Ambassade au Liban de transmettre au Président de la République un message du chef de la rébellion kurde en Irak, Mollah Mustafa Barzani.

Le Cabinet du Ministre voudra bien trouver ci-joint le texte de ce message, daté du 12 août 1965, la lettre de M. Vanly à notre Ambassadeur à Beyrouth, ainsi que la dépêche n° 1164 en date du 16 septembre de M. Falaize, transmettant ces deux documents au Département.

La Direction d'Afrique-Levant ne peut que laisser au Cabinet du Ministre le soin d'apprécier s'il convient de faire parvenir à la Présidence de la République ce message émanant de l'organisateur d'une rébellion contre un Gouvernement avec lequel nous entretenons des relations

.../

AMBASSADE DE FRANCE
AU LIBAN

Beyrouth, le 16 septembre 1965

N° 1164 /AL.

Irak

AFRIQUE LEVANT
2 ... 65
ARRIVÉE

PIERRE-LOUIS FALAIZE,
AMBASSADEUR DE FRANCE AU LIBAN,

à

SON EXCELLENCE MONSIEUR LE MINISTRE
DES AFFAIRES ETRANGERES,
– AFRIQUE LEVANT –

Message du Mollah Barzani à
M. le Président de la République
Française.

J'ai l'honneur de transmettre ci-joint au Département une lettre que m'a adressée M. Ismet Chériff Vanly, représentant du Conseil de Commandement de la Révolution du Kurdistan irakien, aux fins de faire remettre un message du Mollah Mustafa Barzani à M. le Président de la République Française.

P.J.

Cette lettre m'a été transmise par notre ambassadeur en Grèce, M. Vanly n'ayant pu se rendre à Beyrouth./.

Signé: P. L. FALAIZE

C O P I E

TELEGRAMME

Le Kurdistan irakien,
le 12 août 1965 .

à Son Excellence le Général de Gaulle
Président de la République Française
Paris

Monsieur le Président,

Nous avions, en son temps, dénoncé l'acquisition par le Gouvernement irakien de gaz toxiques destinés à la guerre contre les Kurdes . A présent, nous avons des preuve que l'armée irakienne a reçu l'autorisation de s'en servir .

Des télégrammes militaires irakiens, que nos services ont ces derniers jours déchiffrés, indiquent que la Ière division irakienne, dont plusieurs unités ont été récemment mises dans une situation militaire critique dans le secteur de Rowandouz, est sur le point d'avoir recours à ces armes toxiques que condamnent la loi et la morale internationales .

Nous nous adressons à Votre Excellence pour que pression soit exercée sur le Gouvernement irakien afin de le dissuader de procéder à l'exécution de ces plans inhumains. Nous demandons que des mesures internationales soient prises pour épargner à notre peuple les dangers d'un génocide et d'une extermination .

A cette fin, et pour faire cesser les ravages d'une guerre meurtrière qui ensanglante notre pays depuis quatre ans, nous vous prions de bien vouloir porter notre conflit avec Bagdad devant les Nations Unies, en vue d'un réglement pacifique et juste dans l'esprit de la Charte .

Respectueusement,

(Mustafa Barzani)
Président du Conseil de Commandement de la révolution du Kurdistan irakien .

AMBASSADE DE FRANCE
EN GRÈCE

ATHÈNES, LE 24 août 1965

N° 671 /AL

# BORDEREAU D'ENVOI

L'Ambassadeur de France en Grèce

à S.E.M. le Ministre des Affaires Etrangères

-Direction d'Afrique-Levant-

| Désignation des pièces | Nombre de pièces | Observations |
| --- | --- | --- |
| a.s/ Communication faite par le Représentant à l'Etranger du Kurdistan irakien | | |
| - copie d'une lettre de M. Ismet Chériff Vanly, en date du 17 août 1965, adressée à M. l'Ambassadeur de France au Liban | 1 | |
| - texte d'un télégramme en date du 12 août, adressé à M. le Président de la République Française | 1 | Ces deux textes ont été remis à cette Ambassade par M. Ismet Chériff Vanly qui n'a pu les porter à notre Ambassade à Beyrouth./. |

هەوالنامەی کێتێب

C O P I E

Comité pour la Défense des droits
du Peuple Kurde

Beyrouth, le 17 août 1965 .

à Son Excellence Monsieur l'Ambassadeur
Ambassade de France
Beyrouth .

Monsieur l'Ambassadeur,

J'ai l'honneur de porter à votre connaissance que je suis chargé de soumettre à Son Excellence le Président de la République Française le texte d'un télégramme de la part du Général Mustafa BARZANI sur les dangers imminents de l'emploi de gaz toxiques par le Gouvernement irakien dans sa guerre injuste contre le peuple du Kurdistan irakien .

Je vous prie de trouver ci-joint le texte du télégramme en question, et vous serait bien reconnaissant de bien vouloir le transmettre à Monsieur le Président de la République .

En vous en remerciant d'avance, je vous prie, Excellence, d'agréer l'expression de nos plus hautes considérations .

(Ismet Chériff Vanly)
Membre et Représentant à l'étrang
du Conseil de Commandement de la
révolution du Kurdistan irakien .

141 Chemin du Levant
Lausanne (Suisse)

# کورتەیەکی رابردووی کورد و کوردستان

بەدران ئەحمەد حەبیب

تێبینی: ئەم نووسە نووسێکی مێژوونووسانە نییە. زۆرجار بینیومە لاوەیل و تەنانەت رۆشنبیرەیلی نوێش کێشەیان لە ناسینی مێژووی کورد و کوردستاندا هەیە. کتێبێک لەبەردەستدا نییە حەزی ئەو لاوەیل و رۆشنبیرەیلە تێر بکات. هاوەڵێک داوای کرد نووسێکی وا ساز بکەم جێی خوێندنەوەی دەیان کتێبی بۆ بگرێتەوە. بۆیم کرد، پاشان گوتم با لاوەیلی تریش لێی سوودمەند بن. ئەم نووسە لەم سەرچاوەیلەی خوارەوە هاتووەتە سازدان، چیم لە کوێ وەرگرتووە نایەتەوە بیرم. ئەمە پێش شەش ساڵ بوو کە ئەم سەرچاوەیلەی خوارەوەم بەکار هێنا. داوای بووردن دەکەم یەکێک گلەیی لێم هەبێ. کارەکە رۆژنامەنووسانەیە. بزاو ژ: ٧٢، تشرین (١) ١٩، ٢٠١١

کوردستان کەی پەیدا بووە و کورد چۆن سەری هەڵداوە؟ ئەم پرسیارە پرسیارێکی کۆنە، بەڵام تا ئێستە زانیارییەکی راست و دروست بۆ وەڵامدانەوە لەبەر دەستدا نییە. قسەی جیاواز هەیە لەم بوارەدا و هەندێکیان سەیر و سەمەرەشن. یەکێک لەم سەمەرەیلە بۆچوونی شاعیری بەناوبانگی ئێران "ئەبولقاسمی فیردەوسی"یە ١٠٣٠-٩٤٠ کە لە شانامەکەیدا هاتووە، دەڵێ:

ئەژدەهاکی پاشای ئێران تووشی نەخۆشییەک دەبێ، دوو دوومەڵی وەک دەمی مار لەسەر شانی وەدەبن. پزیشک و نۆشدارەیل ئامۆژگاریی دەکەن کەوا رۆژانە مێشکی دوو لاو بکا بە خۆراک و بژێوی ئەم مارەیلە بۆ ئەوەی برینەیل ژانیان بشکێ. ماوەیەک وا بەردەوام دەبێ بەڵام بەردەستەیلی پاشا نەرم و نیان دەبن و دڵیان بەم خۆرت و لاوە بەستەزمانەیلە دەسووتێ، دەست پێ دەکەن رۆژانە یەکێکیان لێ بەرەڵڵا بکەن. ئیتر وەک خۆی دەڵێ ئەو لاوەیلەی لە سەربڕین رزگار دەبوون لە وڵات دور دەکەوتنەوە و بەریان بە کەژ و کێوەوە دەدا، ژنیان دەهێنا و ماڵیان پێکەوە دەنا. ئیتر بەم

ئاوایە کوردی لەمەڕ ئێمە پەیدا بووە. ئەم قسەیە لە زۆربەی سەرچاوەیلی مێژوویی کۆندا دووبارە بووەتەوە، تەنانەت ڕۆهەڵاتناسەیل و گەڕیدەیلیش ئاماژەیان پێ کردووە. هەڵبەت ئەم قسەیە فیشاڵە و دوورە لە ڕاستییەوە. ئەوەی گەلەیلی لێ پەیدا دەبێ تەنیا ژمارەیەک مرۆڤی هەڵاتوو نییە کە لە شوێنێکدا کۆ ببنەوە و زاوزێ بکەن.

ئەفسانەیەکی تر هەیە لەمە خراپتر، مێژوونووسی عەرەب مەسعوودی لە کتێبی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)دا دای هێناوە، دەڵێ: لە شەڕێکدا ٤٠٠ کەنیلە "جارية" دەکەونە دەستی سوپای پاشا سلێمان داود و بۆی دێننەوە، بەڵام لە ڕێگەدا کاتێ بە کوردستاندا ڕادەبوورن شەیتان زەفەر بەم کەنیشکەیلە دەبا و زۆرەگێیان دەکا. سلێمان پاشا کە پێغەمبەریش بووە، تووڕە دەبێ دەڵێ (أكردوهن الى الجبال والأودية) واتە وێڵ و ئاوارەی دۆڵ و کێوەیلیان بکەن. ئەم ژنە سکپڕەیلە منداڵیان دەبێ، دواتر لەناو خۆیاندا زاوزێ دەکەن و وەچەیان لێ دەکەوێتەوە. بەم شێوەیە کوردی خۆمان لە تۆوی شەیتان دروست دەبێ.

هەمان سەرچاوە، بنەڕەتی کورد ئەمجارە دەباتەوە سەر عەرەب، بۆ بەڵگەی ئەمەش دەڵێ شاعیرێکی عەرەب گوتوویە:

لعمرك ما الأكراد أبناء فارس

ولكنهم أبناء كرد بن عامر

خاوەنی ئەم بۆچوونە دەڵێ کورد خۆیان لە بنەڕەتەوە عەرەبن و لە ڕووداوی هەرەسی بەنداوی مەئریبدا لەگەڵ غەسسانییەکان لە عەرەب جیاوەبوونە و خۆیان بە چیا و نەواڵەیدا هەڵپەساردووە، لەگەڵ هەندێک بیانییەلدا تێکەڵ بوونە و زمانی خۆیان لە بیر چووەتەوە. لەبەر ئەمە یان لە ڕەبیعەی کوڕی نزاری کوڕی بەکری کوڕی وائیلی کەوتوونەتەوە یان لە مەزەڕی کوڕی نزار، ئەمانەش لە تۆوی کوڕانی کوردی بنی مەردی بنی سەعسەعەی بنی هەوازنن.

زۆر قسەی تریش هەیە لەمانە بێ واتەتر، ئەمانە لەبەرئەوەی قسەی پڕ و پووچ و بێ بنج و بناوەیەلی مێژوونووسەیلی کۆنن، کە زۆربەیان ڕکیان لە کورد بووە بە تایبەتی مێژوونووسەیلی عارەب و ئیسلام، بەڵام کەس لە کورد نە لە کۆن نە لە نوێدا بەم قسەیلە هەڵنەفریوە. کورد خەڵکێکی شەڕوان و بوێر بوونە، بەردەوام لە دەسەڵاتەیلی ستەمکار یاخی بوونە و نەهاتوونەتە ژێرباری زوڵم و زۆریان. بنووس و مێژوونووسەیلی کۆنیش زۆربەیان لە دەرگەی خەلیفە و پاشایەلدا ژیاون و بە نانی ئەوان شەو و ڕۆژیان بەڕێ کردووە، بۆیە ویستوویانە بە کەیفی دڵی وان ڕووداو بنووسنەوە و چیرۆک دابهێنن. تەنانەت لە سەردەمەیلی دواییشدا ئەم جۆرە قسەیلە دووبارە بوونەتەوە، بۆ نموونە حاجی زەینەلعابدینی شیروانی کە یەکێکە لە دیرۆکنووسەیلی فارس لە سەتەی نۆزدەمدا، کتێبێکی هەیە بە ناوی بێستانی گەشتەوەری (بستان السياحة)، بە شێوەی خوارەوە باسی کوردی کردووە:

"کورد خوێنڕێژن، ئاژاوەگێڕن، هەڵگیرسێنی ناکۆکی و هەران، دزن، ڕێگرن، خەڵکەیلێکن فرچکیان بە بەدکاری و شەڕفرۆشی گرتووە، بەزەیی دڵی ئەوانی نەناسیوە، لە هەموو مرۆڤایەتییەک داشۆراون، کینەیان لە بیر و هۆشدا هەیە، بەڵام ئازان، واتای ترسیان نەزانیوە، تا ئەوپەڕی رادە مێوانپەروەرن، بۆ ئاوڕووپارێزی و راستوێژی تاکیان نییە. دیمایان گەشە، پێستەیان سپییە، بە هەموو واتەوە شۆخ و شەنگ و بەژن زراون".

لەبارەی بنەچەی کوردەوە، ئەوەی گومان لە راستیی نایەتە کردن ئەوەیە کە لە کۆنەوە گەلێک بەناوی کاردۆخ لە چیایەل زاگرۆسدا نیشتەجێ بووە. زینۆفۆن کە سەرکردەیەکی گریک بووە، دوای شەڕێک لە بەرامبەر فارس لە رۆئاوای دیجلە لە سەرووی بابلەوە، بەرەو وڵاتی خۆی گەڕاوەتەوە. ئەم سەرکردەیە ساڵی ٤٤١ی پێش زاین کتێبێکی لەبارەی ئەم هاتن و چوونەوەیەی خۆی لەگەڵ دە هەزار سوارەی لەشکرەکەیدا نووسیوە، ناوی ئەم کتێبە بەناوبانگە ئاناباسیسە. لەوێدا ئاماژە بەم وڵاتە چیایی و گەلە چیانشینە دەکا و ناویان دەنێ: کاردۆخ. هەروەها باسی شەڕوانی و ئازایەتییان دەکات کەوا چۆن لە رێی گەڕانەوەدا بەردەوام لە دواوە پەلاماری لەشکری گریکیان داوە. لەوە دەچێ ئەم کاردۆخە ناوی کۆنی کورد بووبێ و پاشان گۆڕابێ بۆ "کورد"ی ئێستە. زینۆفۆن بە چیایەل کوردستانی گوتووە چیایەل کاردۆ، یان کەردۆ. لەوانەشە کاردۆخ بە زوانی ئەوان بە واتەی "کوردەیل" هاتبێ وەک چۆن عەرەب لە جێی کورد دەڵێن "أكراد".

جێی سەرنجدانە زینۆفۆن لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە رووداوێک دەکات نیشانەی ئەوەیە کورد بۆ پاراستنی ئاوڕووی خێزانیی خۆیان زۆر شێلگیر و دەمارگرتی بوونە وەک حاجی زەینولعابدین نووسیویەتی. زینۆفۆن دەڵێ "دوو پیاومان هێنا تا بین بە رێناس و چاوساغمان و لەم کێوەیلە هەزار بە هەزارەدا رزگارمان بکەن. یەکێکیان چەندە هەڕەشەی لێ هاتە کردن رازی نەبوو رێمان پێشان بدا، تا دواجار ملیان پەڕاند، ئەوی تریان کە ئەمەی دیت لە ترسانە رازی بوو. کابرای دووەم لە رێگەدا، گوتی پیاوەکەی پێشوو کچێکی خۆی بەشوو داوە و لە گوندێک دەژی دەکەوێتە سەر رێگەی پێدا بوورینی ئێوە". کابرای تاین رازی نەبووە ببێ بە رێ پێشاندەر. لەبەرئەوەی سەربازەیل گریک، هەرگاو کچ و کوڕی جوانیان تووش بهاتایە بەزۆر رایان دەکێشان و وەک کەنیلە و لووسکە دەیانبردن.

بنەچەی کورد قسەی تریشی لەسەرە، هەندێک لە مێژوونووسەیلی تر لەو بڕوایەدان کورد لە بنەڕەتدا دەچنەوە سەر میدییەل، کە لە ٧٠٠ ساڵی پێش زایندا دەوڵەتێکیان لە خوارووی زرێباری ورمێ واتە لە ناوچەی موکریانی ئێستەدا دامەزراندووە. گەورەترین سەرکەوتنی میدییەل ئەوە بووە ساڵی ٦١٢ی پێش زاین، پاشا کەیخوسرەوی میدیایی نەینەوای پایەتەختی دەوڵەتی ئاشووری گرتووە، بەمەش مێژووی دەوڵەتی ئاشوور بڕاوەتەوە و ئاو لە ئاگردانی نەتەوەی ئاشوور بووە. بەڵام دەوڵەتی میدیا خۆیشی لە ساڵی ٥٥٠ پ. ز لەلایەن فارسەیلەوە بە کۆتا هاتووە و رووخاوە. دوای ئەم هەرەسەی دەوڵەتەکەیان، هەندێک گرووپی میدیایی بەرەو رۆئاوا کۆچیان کردووە، واتە بەرەو

ئەو شوێنەیلەی ئێستە کوردستانیان پێ دێتە گوتن. ئەم گەلە کۆچ و رەو کردووە لە کەند و لەند و چیایەل لەیەکتر دابڕاودا تێکەڵ بە هۆز و تیرەی نیشتەجێی ئەو شوێنەیلە بووە و لەناو خۆیدا ئەوانی تواندووەتەوە. بە پێی ئەم سەرچاوەیلە بێ، دەبێ کورد نەوەی میدییەل بن. رۆهەڵاتناسی ناودار ڤلادیمێر مینۆرسکی دەڵێ ئەگەر کورد نەوەی میدییەل نەبن ئەدی ئەم گەلە گەڕناس و مێرخاس و خاوەن هەیبەتەی میدیا چیی بەسەر هات؟

دوای دەوڵەتی میدیا، کورد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە لاپەڕەیلی مێژوودا دیار نەماون، ناو بەناو و بە شێوەی پچڕپچڕ سەریان هەڵداوەتەوە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دوای کەوتنی میدیا ئیتر کورد لە شارستانیەتی و گۆڕانی جڤاکی و مێژوویی دابڕوان و خەوێکی گرانیان بەسەردا هاتووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش کورد هەر ماون و لەناو نەچوون، هۆیەکی سەرەکی و سەرسوڕهێن لە مێژوودا، کوردی لە سڕانەوە و لەناوچوون پاراستووە و بە یەکگرتوویی هێشتوویەتییەوە، هۆی زمانە. بەڵام سەبارەت بە نەبوونی ناوەندی فەرمانڕەوایی و ئابووریی کوردییەوە، هەروەها سەبارەت بە دابڕانی هۆز و تیرەی کورد لەیەکتر بەهۆی سەختیی چیایەلی کورستان لە لایەک و نەحەوانەوەی خێڵەیلی کورد لەگەڵ یەکتر لە لایەکی تردا، زمانی کوردی پچڕپچڕ بووە و دیالەکتی جیایای لێ پەیدا بووە، بەڵام وێڕای ئەمەش ئەو زمانە، لە ڕووی ڕێزمان و فۆنەتیکەوە، هەر وەک یەک زمان ماوەتەوە و خۆی لە پووکانەوە پاراستووە.

باشە ئەگەر میدییەل باووباپیرەی ئێمە بن، ئەدی ناوی کورد لە چییەوە هاتووە؟ وەک بینیمان زینۆفۆن نێزیکەی دوای ١١٠ ساڵ لە کەوتنی دەوڵەتی میدیا و بڵاوەبوونی هۆز و تیرەیلی وان بە بەری رۆئاوای هەرێمەکەی خۆیاندا، ناوی کاردۆخ یان کاردۆی هێناوە کە لە شوێنی مەبەستی ئێمە بنەجێ بوونە. رێی تێ دەچێ وشەی کورد ناوی ئەو گەل و هۆزەیلە بووبێ کە میدییەل زەویزاریان لێ گرتوون، بەمەش نەک تەنیا خاک و ئاو بگرە ناوی ئەوانیشیان وەرگرتبێ. یان رەنگە وەک مینۆرسکی دەڵێ ناوی کورد ناوی یەکێک لە تیرە و هۆزەیلی وان بووبێ و پاشان بووبێ بە ناوی تێکڕای گەلەکە.

مێژوونووسەیل و رەچەڵەکناسەیل لەو باوەڕەدان کەوا کورد لە رەچەڵەکێکی کۆن و رەسەنن. ماوەی هەزاران ساڵ خۆیان و نیشتمانەکەیان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی سوپای گەلەیلی وەک ئاشوور، گریک، رۆمان، فارس، عارەب و مەگۆل، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پاکیی خوێنی خۆیان و زمانەکەیان راگرتووە. هەرچەندە لە ئەنجامی ئەم دوورەپەرێزییەدا، کورد بە درێژای دیرۆک لە زەلکاوی سستیی سیاسی و کولتووریدا نقوم بوونە و نەیانتوانیوە بەرەوپێش بجووڵێن و بارستی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

ئەمە لەبارەی کورد، بەڵام لەبارەی کوردستانەوە کۆنترین سەرچاوەیەک ناوی هێنابێ کتێبی (سەیرانی دڵان: نزهة القلوب)ی حەمەدوڵڵای مستۆفیی قەزوێنییە لە سەتەی دوازدەدا. بە پێی ئەم سەرچاوەیە، ساڵی ١١٦٠ سوڵتان سەنجەر، دوا گەورە پاشای دەوڵەتی سەلجووقی هەرێمێکی

نوێی دامەزراندووە کە پایەتەختەکەی قەڵای سەختی بەهار بووە لە باکوری ڕۆئاوای هەمەداندا، هەرێمەکەشی بە ناوی خەڵکی ناوچەکەوە ناو ناوە کە کورد بوون، واتە وڵاتی کوردستان ئەو کاتە پەیدا بووە. ئیتر وشەی کوردستان لەمەوە داکەوتووە و دوای ئەوە لە بەڵگەنامەیلی ڕەسمیدا ناوی کوردستان سەری هەڵداوە. ئەم وڵاتە کۆمەڵێک ویلایەتی وەک هەمەدان و دینەوەر و کرماشانی لە ڕۆهەڵاتی زنجیرە چیای زاگرۆس، شارەزوور و شنگار لە ڕۆئاوای زاگرۆس گرتووەتە خۆ. پێش سەتەی دوازدەیەم ئەم وڵاتەی کوردستانی ئەمڕۆ، چیای جەزیرە یان دیاربەکری پێ هاتووەتە گوتن.

ڕاستییەکی وەشاردی نییە کە ژیگەی جوگرافیایی، ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر مێژووی گەلەیلەوە هەیە، بەڵام هیچ گەلێک هێندەی کورد ئەم کار تێکردنەی بەسەرەوە بەرچاو نییە. لەم وڵاتەدا، لە کۆنەوە لە نەورایی و دەشتەیلدا کشتوکاڵ پەرەی سەندووە، بەڵام لە چیایەلی نەویدا ژیانی مەڕداری و کۆچەری باوی هەبووە. خەڵکی پێدەشتەیل لە سایەی چاندن و وەرزێرییەوە، لە ژیانێکی نیوە جێگیردا ژیاون و خۆشبژێوتر بوونە بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووەیلی چیادا، لەبەرئەمەش بەردەوام کەوتوونەتە بەر پەلامار و هێرش و تاڵان و بڕۆی ئەو خێڵەیلەی کە لە چیایەلدا ژیاون و بەڕێوەچوونیان لە ئاستێکی نزمتردا بووە. ئەم هەلومەرجە بە درێژای چەندین سەتە بووەتە هۆی ناجێگیریی جڤاکیی خێڵی کوردی و هەموو کات ژیان و مانی خێڵ لە مەترسیدا بووە. خێڵاتی کورد لە سۆنگەی زەوی و پاوان و خوێنداریيەوە کێشەیان هەبووە و شەڕی تۆڵەسەندنەوە و دەمارکشتیی خێڵایەتی یان ناوچەیی، زۆری کات خایاندووە و زۆریش خوێنی ڕژاندووە. ئەمەش ڕێگر بووە لە پێش هەموویەکبوونی کوردەیلدا.

بەڵام هەندێک کات دەسەڵاتی ئاغا یان بەگی کورد لە دەسەڵاتی خێڵایەتی تێ پەڕیوە، دەسەڵاتێکی ئاینیشی داوەتە پاڵی لە جۆری "شێخایەتی". لەم بارەیلەدا دەسەڵاتی شێخ چەند خێڵێکی تریشی جگە لە خێڵەکەی خۆی گروتووەتەوە و یەکەتییەکی گەورەتری پێک هێناوە لە شێوەی کۆنفیدرالیدا. ئەمە یەکەتییەکی پتەوتر بووە لە دەسەڵاتی ئاغا و سەرخێڵێکی ئاسایی، ڕەنگدانەوەشی هەبووە بەسەر ڕاپەڕین و بزووتنەوەیلی کوردەوە لە سەتەی نۆزدەیەم و دواتردا و یەکەتییەکی مامناوەندیی لەناو کوردەیلدا هێناوەتە دی.

دوای ئەوەی کورد ماوەیەک بوو لە مێژوودا بە سستی و پەستی دەژیان، لەگەڵ هێرشەیلی ئیسلامدا سەریان هەڵدایەوە. ساڵی ٦٣٧ی زاین، عەرەبەیلی تازە موسڵمان، هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی ساسانی و شاری تەیسەفۆنی پایەتەختیان گرت. تەیسەفۆن لە باشووری عێراقدا بووە و ئێستە مەدائینی پێ دێتە گوتن. کورد لە مێژووی دەوڵەتی ساسانیدا ڕۆڵی گرینگیان گێڕاوە. خێڵەیلی کورد لە سەرەتای هاتنی لەشکرەیلی ئیسلامدا، شان بەشانی فارس کەوتنە بەرەنگاربوونەوەی وان بەڵام بە ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی، کوردیش بەرگرییان داویەتییە کزی و خاو بوونەتەوە و بەرگرییان بووەتە بەرگرییەکی لێرە و لەوێ و ناوچەیی.

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس سەرکردەی گرتنی مووسڵ بووە، کە ئەو کاتە مووسڵ زۆربەی دانیشتووەکەی کورد بوون. لەشکری عەرەب لەوێوە بەرەو داسن "بادینان" و مەرگە پەلاماریان بردووە. دواتر سوپای عومەری کوڕی خەتاب و خێڵەیلی چۆڵنشینی عەرەب بەرەو ناوچەیلی حەلوان و نەهاوەند و ئامەد هێرشیان کردووە و بە شەڕ ئەو شوێنەیلەیان داگیر کردووە. جا یان خەڵکەکە بە ناچاری موسڵمان بوونە یان باج و سەرانەیان داوە لە بریتیی ئاین نەگۆڕین و موسڵمان نەبوون. لە گرتنی شارەزووردا ساڵی ٦٤٣ عەرەب رووبەڕووی بەرگریی سەختی کورد بوونەتەوە. کورد هەموو جۆرە شەڕێکیان کردووە، تا ئەوەی هەندێک سەرچاوە دەڵێن لاوەیلی کورد شەوانە بە دزییەوە توورەگەیان پڕ کردووە لە دووپشک و لە نێزیک لەشکری عەرەبدا روویان کردووە. ئیتر زۆریان لە دوژمن، بەو شێوەیە لەناو بردووە.

هەرچەندە یەکێک لە هاوەڵەیلی پێغەمبەر کورد بووە بە ناوی گاوان، بەڵام ئەمە دادی نەداوە. کورد بە ئاسانی خۆیان بەدەست عەرەبەوە نەداوە و ئاین گۆڕینیان بەلاوە پرسێکی گران بووە. دەشێ بڵێین کێشەکەش هەر تەنیا زەحمەتیی ئاین گۆڕین نەبووە، بگرە تاڵان و دەستدرێژیی خێڵەیلی عەرەبی چۆڵگەڕ، لە رادەبەدەر و بێ سنوور بووە و کورد بێزار بووە لەم دەسەڵاتە بیانییە، کە وەک ئاغا و چینی پلە یەک خۆیان سەپاندووە و خەڵکی تریان بە کۆیلە و پلەژێر زانیوە. لەم هێرش و پەلامارەیلەی خێڵەیلی عەرەبدا، خەڵکێکی زۆر فەوتاون و تاڵانکارییەکی بێ رادەش لە کوردستاندا رووی داوە. زۆرجار عەرەب سیاسەتی قڕکردنی سەرلەبەریان لە ئاست دانیشتووەیلی ئەم وڵاتەدا بەکار هێناوە، بۆیە حافزی شیرازی دەڵێ:

مزن دم ز حکمت که در وقت مرگ _ ارسطو دهد جان چو بیچاره کرد

واتە: "دەم لە ژیری مەژەنە، ئەو دەمای کە ئەرەستۆ لە مردندا وەک کوردی بێ بەخت گیان دەدا".

لە ساڵی سێیەمی خەلافەتی عوسمانی کوڕی عەفاندا، کورد لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماری گەورەوە. لە سەردەمی ئەمەوییەیلدا، چەندین جار هێرش و پەلامار بۆ سەر خەڵکی کوردستان دووبارە بوونەتەوە. حەجاجی کوڕی یووسفی سەقەفی کە خوێنڕێژێکی گەورەیە لە مێژوودا، کوشتاری زۆری لە کورد کردووە. ئەوی راستی بێ، کورد لەبەرامبەر شالاوی عەرەبەیلی موسڵماندا سەریان نەوی نەکردووە و رووبەڕوویان وەستاونەتەوە، هەر بۆیەش دووچاری قەلاچۆی گەورە هاتوون.

زۆر جار گوێمان لێ دەبێ دەڵێن کورد بە خۆشحاڵییەوە چوونەتە ژێر سایەی ئەم ئاینە تازەیەوە. یان دەڵێن ئەمە دەرگەیەکی خێر بووە بۆ کورد کەوتووەتە سەر پشت تا لە سیستەمی پێش ئەو کاتە رزگاری ببێ، کە سیستەمێکی دواکەوتوو بووە. ئەمە بە هیچ شێوەیەک راست نییە و خۆڵ لە چاوکردنە. بەر لە ئیسلام کۆمەڵێک ئاین لەناو کورددا هەبوون کە باوەڕیان بە خوای تاک و تەنیا هەبووە، ئەوە شتێکی ڕوونە کە زۆربەی کورد لەسەر ئاینی زەردەشتی بوونە، نەک بتپەرستی کە

وەک لەناو عەرەبدا باو بووە. راستی ئەوەیە کورد توجاران بە خۆشیی خۆیان موسڵمان نەبوونە. جگە لەوەی دەبێ بزانین کە شتێکی ئاساییە هەموو داگیرکەرێک رووبەڕووی بەرگریی کۆڵنەدەرانەی خاوەن وڵات دەبێتەوە.

مێژووی ئەو سەردەمەیلە بۆمان دەگێڕێتەوە: بە درێژای حوکمی ئەمەوی و عەباسی، کورد دەستی لە راپەڕین و شۆڕش هەڵایساندن هەڵنەگرتووە، لەبەرئەوەشە کەوتووەتە بەر سەرکوتینەوە و کوشتار و تاڵان و ئەنفال. خێڵەیلی کورد بەردەوام بەرەوڕووی هێرش و هەڕەشەی خێڵەیلی عەرەب بوونەتەوە و نە ژیان و نە ماڵ و نە ژنیان لە دەستدرێژیی ئەم خێڵەیلە پاراستوو نەبووە. هەندێک جار خێڵەیلی عەرەب بە شەڕ بۆیان نەچووەتە سەر، ناچاربوونە بە ژن و ژنخوازی تێکەڵاوی لەگەڵ خێڵەیلی کورددا بکەن و لەم رێگایەوە دۆسایەتییان بەدەست بێنن. دەڵێن مەروانی دوا خەلیفەی ئەمەوی دایکی کورد بووە. هەروەها ئەبوو جەعفەری مەنسووری عەباسیش. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆر دادی نەداوە، عەرەب بە چاوی دیل و کۆیلە لە کوردیان ڕوانیوە و یەکسانی لە نێوانیاندا نەبووە. ئەبوو موسلیمی خوراسانی کە ناوی کۆنی خۆی "بەهزادان" بووە و سەرکردەیەکی گەورەی ئیسلام بووە، سەرەڕای خزمەتەیلی زۆر و زەوەندی بەم ئاینە، بە فڕوفێڵی ئەبوجەعفەری مەنسوور و لە بانگهێشتنی نانخواردندا هاتووەتە کوشتن، واتە بە پێی پیلانێکی پێشەکی. شاعیرێکی کاسەلێسی عەرەب بە ناوی "ئەبوو دولامە"، لە شیعرێکدا لە جیاتیی (أبا مسلم) بە (أبا مجرم) ناوی ئەم کەڵەپیاوەی هێناوە.

أبا مـجـرم مـا غـيـر الله نعـمـة
على عـبـده حـتى يغـيـره العـبـد
أفي دولة المنصـور حـاولت غـدرة
ألا ان اهل الغـــدر آباؤك الكرد

ساڵی ٨٤٥ لە سەردەمی فەرمانڕەواییی واسیق بیللای عەباسیدا، کورد لە زۆر شوێنی کوردستاندا راپەڕیون، بەڵام سەرکردەی عەباسی وەسیفی تورک، سەرکوتینەوەی ئەم راپەڕینەیلەی کەوتووەتە ئەستۆ. وەسیف لە تاڵانکاری و بەکۆیلەکردنی سەتان کیژۆڵە و کوڕی رواڵ و منداڵکاری کورددا دەستی نەگێڕاوەتەوە و بە دیلی بۆ تکریتی بردوون. بەڵام سەرهەڵدان هەر بەردەوام بووە، کورد جەزیرە و بۆتان و مووسڵیان لە ساڵی ٨٦٦دا لە دەستی عەرەب دەرهێناوە و خۆیان فەرمانیان تێدا گێڕاون. شاعیرێکی عەرەب بە ناوی "عەجین"ی لە سەرچاوەی دەروونی رەگەزپەرستانەی دزێوی خۆیەوە گوتوویەتی:

ما رأى الناس لهذا الدهر مذ كانوا شبيها
ذلت الموصل حـتى أمـر الكرد فـيـهـا

واتە: کەس لە وێنەی ئەم سەردەمەی نەدیوە، مووسڵ تا ئەو رادەیە زەلیل ببێ کورد فەرمانی تێدا بگێڕێ.

کورد جگە لە شۆڕشەیل خۆیان، یارمەتیی هەر کەسێکیان داوە بە دژی دەوڵەتی ناوەندیی ئیسلام راپەڕیبێ، بۆ نموونە شۆڕشی زنج و راپەڕینەیلی یاقووبی سەفار و شۆڕشەیلی خەواریج و شیعە. زۆر جاریش یارمەتیی دەوڵەتی ناوەندییان داوە دژی وانەی یاخی دەبوون و لاملییان دەکرد. بۆ نموونە یارمەتیی مەروانی دووەمی ئەمەوییان دا دژی یاخیبوونی برایەکەی. هەروەها پشتیوانییان لە مەئموونی عەبباسی کرد بۆ وەرگرتنی خەلافەت لە ئەمینی برای. لە هەمان کاتیشدا، بەردەوام یارمەتیی دەوڵەتی ئیسلامیان داوە بۆ شەڕەیلی دژ بە ئەرمینیا و ناوچەیل سنووریی رۆهەڵاتی فارس و شەڕی خاچ هەڵگرەیل. لەم شەڕەیلەدا کورد مێرانە راپەڕیون. رەنگە هەندێک لەم راپەڕینەیلەی کوردەیل لە سەرێنی باری خراپی ئابووریی کوردستانەوە بووبێ کە توجاران داهاتی دانەوێڵە و رەزداری و مەڕداری لە برسییەتی رزگاری نەکردوون.

بە کورتی، لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا کورد کەوتە تۆڕێکەوە ئیتر رزگاربوونی بە خۆیەوە نەدی. دەشێ بڵێین لەو مێژووە دوور و درێژەی عەرەب لە کودستاندا، هەروەها دواتر لە سەردەمی سەفەوی و قاجاری و عوسمانیشدا، خەباتی کورد بۆ ئەوە بووە، بە شێوەیەکی رواڵەتی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی بێت بەڵام بە راستی سەربەخۆ و ئازاد بێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا. شۆڕش و راپەڕینەیلی کورد هەندێک جار بە زێرکەوتن و سەرکوتانەوە و هەندێک جاریش بەوە تەواو دەبوون کە میرنشینی نیوچە سەربەخۆیان ئاوا دەکرد. بە پێی هەندێک سەرچاوە لە سەردەمی عەباسیدا ١٢ میرنشینی کوردی هەبووە، لە هەموویان گرینگتر: هەسەنئاوایی کە دەسەڵاتیان لە شارەزوورەوە تا لوورستان بووە ٩٥٩، دۆستەکی لە کوردستانی ناوەڕاست ٩٩٠–١٠٩٦، مەروانی لە باشووری دیاربەکرەوە تا دەگات بە شاری روها لە باکوری جەزیرەی بۆتاندا ٩٨٤–١٠٨٣، شەدادی لە پشت قەوقاسیاوە تا دەگات بە چۆمی ئاراس ٩٥١–١٠٧٥، هەروەها دەوڵەتی شوانکارە لە ئێران لە سەتەی یازدەیەمدا و دەوڵەتی هەزار ئەسپ لە لوورستانی گەورە ١١٤٨–١٣٣٩ و دەوڵەتی زەندی ١١٦٧–١٢٠٢ و چەندێلی تر.

سەرکردەی گەورە گەورەی کورد لەناو سوپای ئیسلامدا هەڵکەوتوون کە شوێنەواریان لەو مێژووەدا خوویا و پێش چاوە. بەناوبانگترین کەسێک لەم بوارەدا، سەرکردەی بەناوبانگ سەلاحەدینی ئەیووبییە ١١٣٧–١١٩٣ کە کارای هێرشی خاچ هەڵگرەیل بە یەکجاری ببەزێنێ و دەوڵەتی بنەماڵەی ئەیووبی لە میسر و شام و عێراق و کوردستان دابمەزرێنێ. لە نێوانی ١٠٩٥–١٢٩١ واتە بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ هێرش و پەلاماری خاچ هەڵگرەیل یەک لە دوای یەک بۆ سەر رۆهەڵات بەردەوام بووە. راستە ئەم پەلامار و هێرشەیلە بە ناوی ئاین و بۆ رزگارکردنی خاکەیل پیرۆز لە دەستی "دوژمنەیلی موسڵماندا" بوون، بەڵام راستیت دەوێ شەڕێکی داگیرکەری بووە بۆ وڵات زەوتکردن.

کورد لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی خاچ هەڵگرەیلدا وەک سەربازی ڕێی بەرگری لە ئیسلام بەشدار بووە نەک وەکو نەتەوایەتیی کورد. بەشداریشی تەنیا بەرگری لە ئاینی ئیسلام نەبووە بگرە بەشداری بووە لە شەڕی پاراستنی بوون و مانی خۆی و خاکەکەی لە زەوتکردنی بیانی. سەلاحەدینیش وەک کەسایەتییەکی ئیسلامی خۆی ناساندووە نەک وەک کەسایەتییەکی نەتەوایەتی. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژەیل بیری لە کوردبوونی خۆی بکردایەتەوە فەرمانڕەوایەتیی شارەزووری لە جەرگەی کوردستاندا نەدەدا بە کابرایەکی مەمالیکی تورک کە ناوی "کشتۆغدی" بوو. ڕاستە سەلاحەدین بەشی زۆری سوپایەکەی کورد بووە و سەرکردەیلی سوپایەکەی لە خزم و کەس یان لە ڕەچەڵەکی خۆی و کورد بوون، بەشێکی گەورەی ڕەشە لەشکر کورد بوون، بەڵام خۆی هیچ گرێدراوییەکی بە کورد و خاکی کوردستانەوە نەبووە. سەرچاوە هەیە دەڵێ سەلاحەدین هەر کاتێ لەگەڵ کوردەیلدا دانیشتایە بە کوردی دەدوا. هەر لە سەردەمی ئەویشدا، لاویانێک لە زانسگەی ئەزهەر بۆ قوتابییەیلی کورد هاتە کردنەوە و ناویان لێ نا لاویانی کوردەیل (رواق الأكراد).

سەلاحەدین لە شاری تکریت لە دایک بووە، بەڵام باووباپیرەیلی وی لە "دوین"ەوە هاتوون کە گوندێکی بێ ناو بووە. مشتومڕێکی زۆر هەیە ئاخۆ دوین لە کوێدا هەڵکەوتووە، ئەرمەنستانە یان کوردستان؟ سەرچاوەیلی ئەو دەمە نووسیویانە دوین لە ئازەربایجان هەڵکەوتووە و وێ دەمێ شار بووە، بە پێی قسەی هەندێک مێژوونووسەیلی وێ دەمی، ئازەربایجان بە زۆر شوێن هاتووەتە گوتن، ڕەنگە بەشێکی کوردستانی خۆشمانی گرتبێتەوە. ئەوەی مایەی لاسەنگبوونی تای تەرازووە بۆ ئەو بۆچوونەی دەڵێ دوین، دوینی بنەپاڵی شارۆکەی پیرمامە لە هەولێر ئەوەیە، کە کۆچ و ڕەوکردنی خێڵ و بنەماڵەی شادی لە دەوروبەری هەولێرەوە بۆ تکریت زیاتر ڕێی تێ دەچێ نەک لە یەریڤانی ئەرمەنستانەوە. بە دوور نایەتە زانین کە دوینی ئەرمەنستان لە سەردەمێکی زووتردا وار و زێدی خێڵ و بنەماڵەی باپیرەیلی سەلاحەدین بووبێ و پاشان کۆچیان کردبێ بەرەو ژێر و ئەم شوێنەی دووەمیان ئاوەدان کردبێتەوە و ناویان نابێ دوین، یان ئەو گوندە تازەیە ناوێکی تری هەبووبێ و دانیشتووەیلی نوێ بە سۆز و هەستی دوینی کۆنەوە ناویان نابێ دوین.

ئەگەر ئەم بۆچوونە بەڕاست بێتە وەرگرتن، جێی سەیر پێ هاتن دەبێ کە دەبینین بنەماڵەی ئەیووبییان هەر لە کۆنەوە لە کۆچدا بوونە و ناوبەناو ژیانیان گواستووەتەوە بۆ هەوارگەیەکی نوێ. کوردستان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا نەیتوانیوە ئەوانە بحەوێنێتەوە کە ویستوویانە ڕۆڵێکی کارا و مێژوویی لە بواری سەربازی یان سیاسی یان تەنانەت ڕۆشنبیریشیدا بلەیزن. ئەمە دیاردەیەکە بنووسی ناودار مەسعوود محەمەد چواندووێتی بە لەبەرڕۆیشتنی ئابووری (نزيف إقتصادي). وەک چۆن سەلاحەدین و بنەماڵەکەی لە دەرەوەی کوردستاندا هەڵکەوتن و دەرکەوتن، بە هەمان شێوەش دەیان زانا و کەڵەڕۆشنبیری کورد ڕوویان لە دەرەوەی کوردستان کردووە، تەنانەت لەم سەردەمەیلەی دواییشدا مەولانا خالیدی نەخشبەندی و نالی و حاجی قادری کۆیی و

كـەیفی جـوانڕۆیی جـێـیـان لە كـوردسـتـان نەبووەتەوە و روویان لە هەندەران كـردووە. وا دیارە خواستی سیاسی، بنەماڵەی شادیی هان داوە هەردەم بە دوای هەلدا بگەڕێن تا ڕۆڵێكی مێژوویی شایەن بە خۆیان بگێڕن، كە دواجار لە میسر بۆیان هاتووەتە پێش ئەویش بەرگری بووە لە ئاین و خاكی سەرجەم گەلەیلی ناوچەكە بە كوردیشەوە.

مێژووی كورد ئەگەر لە هاتنی ئیسلامەوە بێتە سەیركردن تا دەگاتە سەرەتایەلی بە درەنگەوەی بزاوی نەتەوایەتیـمان، هەرچەندە پڕیشـە لە ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام مـێـژووەكـە خـۆی مێژووی ژێردەستی و نەبوونی كەسایەتیی كوردییە. بە درێژای ئەو مێژووە سەڵاحەدینی ئەیووبی تاكە كەسایەتییەكی كاریزمایی و ئەفسانەییە كە لەناو كورددا هەڵكەوتبێ و ژینامەی پڕ بێ لە سەركەوتنی سیاسی و سەربازی. ڕۆشنبیری ئەم سەردەمەی ئێستەی كورد كاتێ ئاوڕ لەو مێژووە دوور و درێژەی نەتەوەكەی دەداتەوە، حەیفی دەمێنێ كە ئەم قارەمانە لە وڵات و گەلی خۆی تەرە بووە و مـێـژووێكی گەشاوەی لەسـەر خاكی بیـانیدا دروست كـردووە. هەرچەندە ئەم ڕەخنەیە بێ ڕەچاوكردنی ئەو كات و سەردەمەیە كە سەڵاحەدین تیایدا گووراوە و هەڵكەوتووە و ژیاوە، بەڵام لە هەمان كاتدا مافی ئەوەش بە لاو و ڕۆشنبیری كورد دێتە دان داوا بكەن سەڵاحەدین هێندەی بۆ ئیسلام بووە، كەمێكیش بۆ نەتەوەكەی خۆی بوایە. ئەگەر ڕەخنە لە سەركردەیەكی مێژوویی وەك ئەو نەیەتە گرتن، ئەدی ڕەخنە لە كێ بێتە گرتن؟ لە مامە رووتەی پـێ پەتی و هوورگ بەتاڵی دوای گاگێرە؟

بەشداریی كورد لە مێژووی ئیسلامدا تەنیا لە بوارەیلی سیاسەت و شەڕدا نەبووە. لەو ١٤٠٠ ساڵەدا بزان و ڕۆشنبیری گەورە گەورە هەڵكەوتوون كە بەشداریی بێ میناكیان كردووە لە دروستكردنی بناخە و كۆڵەكە و دیوارەیلی ئەو باڵەخانە سەربڵندەی ئیسلامدا. لەناویاندا كەڵەزانای وا دێتە دیتن جێ پەنجەیان بەسەر تەواوی مێژووەكەوە دیارە. ئیمام محەمەدی غەزالی ١٠٥٨-١١١١ گوتوویەتی كولتووری ئیسلام لەسەر شانی چوار كۆڵەكە وەستاوە. لەمانە سیانیان كوردن: شارەزووری و ئامێدیەیی و دینەوەری. ئەمانە وێڕای چەندین ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی زانست و ئاین و مێژوو و زمان، وەك: ئیبنو خەلەكانی هەولێری و ئەبو وەفای ئەیوبی و ئیبنوئەسیری جەزیری و ئەبو عەلی سینا و ئیبن سیرین و ئیبنولحاجیب و ئیبنولستۆفیی هەولێری و شێخ محەمەدی عەبدە و شێخ عەبدولقادری گەیلانی و محەمەد فەیزی زەهاوی و ئەحمەد شەوقی و دەییێل و سەتەیلی تر.

كوردستان هەڵكەوتێكی جوگرافیاییی گرینگی هەبووە، كەوتووەتە سەر شارێگەیلی هاتوچۆی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا. سوپایەلی چەپاوكار ئەگەر بۆ شەڕی كوردیش نەهاتبن، بە هەندێك دەڤەری كوردیدا تێ پەڕیون و ئازاری بێ ئەندازیان بە دانیشتووەیلی ئەو دەڤەرەیلە گەیاندووە. زێدەباری ئەمە، شارەیلی گەورەی وەك ئەستەنبۆڵ و دیمەشق و بەغدا و ئەسفەهان و تاران، لە ڕێگەی كوردستانەوە بەیەك گەیشتوون كە ئەم شارەیلە پایەتەختی وڵاتەیل و جەرگەی فەرمانڕەوایی و

بازرگانی بوون، هەر کێ بۆ گرتنی ئەمانە بهاتایە دەبوو پێشتر کوردستان بگرێ یان هەر نەبێ پێیدا تێ بپەڕێ.

لە سەردەمی هێرشەیلی تەیمووری لەنگدا، کابرا هەتا ڕێگەیەلی کوردستانی نەکەوتە بەردەست، نەیتوانی تەواو ئاخی ئەو دەوروپشتە ژێرچەپۆکە بکات. ئەم بایەخە گرینگەی کوردستان وای کردووە زۆر پێکدادان لەسەر ئەم زەوییەدا روو بدەن و خەڵکەکەی تووشی زۆر چەرمەسەرێ ببن. لە سەردەمی کۆنیشدا وا بووە، بە پێی هەندێک لە مێژوونووسەیل، هەڵکەوتی کوردستان وای کردووە لە شەڕ و شۆڕی نێوان رۆم و عەجەمدا، ئەم وڵاتە ببێ بە سۆنگەی ژێرکەوتنی رۆم. کورد لە جیاتی ئەوەی لە کۆنەوە ئەم هەڵکەوتە گرینگەی نیشتمانەکەیان بۆ ببێ بە سەرچاوەی خێر و بێر، بۆیان بووە بە سەرچاوەی دەرد و بەڵا، وەک چۆن لە سەردەمی نوێشدا دۆزینەوەی نەوت و بەکارهاتنی ئاو بۆ پڕۆژەی ئابووری، بوون بە هەش بۆ سەری کوردی داماو.

بە درێژای مێژووی ئیسلام، کورد باجێکی گەورەی دا. ژیان دان و ستاندنە، کورد هەر دای و نەیستاند. وەک بینیمان ئەوەی لەسەر شانی بوو وەک موسڵمانی راستەکینە کردی، بە زیادەوەش کردی، بەڵام هەر وەک کۆیلە و چەوساوەی بندەستی گەلەیلی دەوروپشتی خۆی مایەوە، کە هەر بە ئامێر و کەرەستەی ئاینەکە خۆی، چەوساندیانەوە و بردیانە کۆڕی شەڕی بێ ئامان. دەبێ لە خوێندنەوەی مێژوودا بەدوای هۆ و مایەی ئەمەدا بگەڕێین. کورد لە رووی ئاینەوە زۆربەیان موسڵمانی سوننە مەزەبن، ئەو شتەی زیاتر کوردی مێ کرد بۆ چوونە ژێر باڵی ئاینەوە مەزەب بوو. کێشەی مەزەبایەتی لە نێوان شیعە و سوننەدا بە درێژای مێژووی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی لەلایەک و سەفەوی و قاجاری دوابەدوا لەلایەکەی تردا، بەردەوام بوو. کوردستان گۆڕەپانی شەڕەکە و کوردیش دەستەچیلە و ئاردووی خۆشکردنی ئاورەکە بوو.

مێژووی نیوەی یەکەمی سەتەی سێزدەیەم ڕووداوەیلی کارەساتاویی لەگەڵ خۆیدا هێنا. کوردستان زۆر هێرش و پەلاماری بۆ هات، لە هەمووی بەرچاوتر پەلامار و چەپاوی مەگۆلەیل بوو. شاری دیاربەکریان تەخت و تاراج کرد و یەک کەس لە دانیشتووەیلی ئەو شارە زیندوو نەما، پاشان مێردین و نسێبین و شارەزوور یەک لە دوای یەک هاتنە کاول و تاڵانکردن، سەرکردەی مەگۆل "هۆلاکۆ"، لە ڕێگەدا بەرەو بەغدا شاری کرماشانی تاڵان کرد و ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتووە کوردەکەی کوشت، هەروەها هێرشی کردە سەر هەولێر. فەرمانڕەوای شارەکە خۆی بەدەستەوە دا بەڵام خەڵکەکە بەرگرییان کرد، تا ئەتابەگییێل مووسڵ یارمەتیی سوپای داگیرکەریان نەدا بۆ خستنی، پیرە هەولێری ئێمە نەهاتە گرتن. هۆلاکۆ لە ساڵی ١٢٥٨دا بەغدای گرت و بەمەش فەرمانڕەواییی عەباسییەل بە کۆتا هات، دوای ئەمە کە لە بەغداوە بەرەو تەورێز گەڕایەوە، هۆلاکۆ جارێکی تر دەستی بە کوردستاندا هێنایەوە و شارەیلی دیاربەکر و جزیرەی بۆتان و مێردین و هەکاریی تاڵان کردەوە، لە هاتنی مەگۆلدا میرنشینەیلی کورد نەیانتوانی بەرگە بگرن و یەک لەدوای یەک هەرەسیان هێنا. پاش هۆلاکۆ، نۆرەی تەیمووری لەنگی تەتەر هات، کە

ئەویش لە تالانکاری و کوشتاری خەڵکی کوردستاندا دەستی نەگێڕایەوە. سەرلەبەری شارەیلی دیاربەکر و مێردین و حەسەنکێف و هەولێر و مووسڵ و جزیرەی تالان کرد. تەیموورە شەل کەنیشکەیلی کوردی کرد بە کەنیلەی شەوبوهێرکی خۆی.

چیی ترت دەوێ دوای ئەمە؟ خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هەموو پەلامار و کوشتار و تالان و بڕۆ و وێرانکارییەدا، دەستیان لە ژیانی دێمانی (واتە مانەوە لە دێ و چاندن و زەویداری) هەڵگرتەوە و کەوتنەوە دوای ژیانی پەزداری و کۆچەری، بە سامانێکی کەمەوە کە پێی دەڵێن "زیندەماڵ" دەستیان دایەوە ڕەشماڵنشینی و ئاران و زۆزان کردن و خۆ لە ناحەز ونکردن. ئەم جۆرە ژیانە بۆ چەندین سەتە وای کرد نەرێتی ڕەوەندایەتی و کۆچبەری لەناو کورددا نەبڕێتەوە و هەر بەردەوام بێ. نەبوونی بنگەی ئاوەدانیی سەربەخۆ و جێگیر و تەنا، هەردەم کۆسپێکی گەورە بووە لە پێش سەرهەڵدانی نەک تەنیا دەوڵەتی کوردی بگرە هەستی نەتەوایەتیشدا. هێرش و پەلامارەیلی بێ ژمار بە درێژای مێژوو نەیانهێشتووە کورد گوند و شاری هەبێ و گرینگی بە ئابووریی خۆی بدا، لەم چەند دێرەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کورد لەم مێژووەدا چەند شەکەت و ماندوو بووە. گەلێکی وسا چ شارستانییەتێکی پێ دێتە ئاواکردن گەلۆ؟

ئەو ئازارەی گەلی کورد لە سەتەیلی دێریندا بەدەست داگیرکار و هێرشکارەیلەوە چێژای، یان ئەو تالان و برۆیەی چەپاوکارەیلی سوپای خێڵەکییانەی ئیسلام لە کوردستاندا کردیان، ئەگەر بێتە بەراوردکردن لەگەڵ ئەوەی مەگۆل و تەتەر و تورک کردیان، شتێکە پێزانین و سوپاسی بوێ بۆ ئەوانی بەرێ. کورد دوای ماوەیەک لە داگیرکاریی عەرەب، لەگەڵیاندا ڕاهاتن هەرچەندە عەرەب هیچ جار نەیتوانیبوو کورد بگرنە ناوەخۆیان و بەرزەوتیان بکەن. بەڵام کۆچبەریی ژیانی کوردەواری و پەلامارەیلی مەگۆل و تورک بۆ کوردستان، چارەنووسی ئەم گەلەی بە جارێک بەرەو تاریکی پێچایەوە.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کەوا چۆن هەستی کوردبوون لەلای سەلاحەدین و سەرکردەیلی تری ئەیووبیدا نەبووە، بەهەمان شێوە سەرکردەی دەوڵەت و میرنشینەیلی کوردیی سەردەمی عەباسیش کە ناوی هەندێکمان بە سەری زمانەوە بردن، هیچیان ئەم هەستەیان نەبووە. هەر ئەوەیە کە خەڵکی کوردەواریی ژێر چەتر و سایەی ئەم دەسەڵاتە کوردییەلە تۆزێک هێز و گوڕیان هاتووەتە بەر و پشووێکیان داوە. توانیویانە بۆ ماوەیەک بە ئاشتی و تەناهی بژین، ئەگینا ناوی کوردبوون لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهاتووە.

کوردستان بە درێژای ئەو سەردەمەیلە، چەندین دەوڵەت و دەوڵەتۆکە و میرنشینی گەورە و بچووکی تێدا بووە، هەندێک جار ژمارەیان گەیشتووەتە پەنجا میرنشین، بەڵام ئەمە بۆ خۆی نیشانەی پارچە پارچەییی خاکی کوردستان و جڤاکی کوردەواری بووە بۆ ناوەندەیلی دەرەبەگانەی ئێرە و ئەوێ. ئەم بارەش بۆ خۆی ڕێگرێکی گەورە بووە لە پێش زاینی دەوڵەتێکی

سەرتاسەریی بەهێزدا. ئەم دەوڵەت و میرنشینەیلە لە یەکتر لووتەلا و بەیەکتر ناحەزە، بە هیچ جۆر هێزی ئەوەیان نەبووە لە بەرامبەری داگیرکەردا خۆیان رابگرن.

دوای تالانکاریی مەگۆل لە کوردستان، ئینجا نۆرەی دەسەلات و فەرمانرەواییی تورک هات. دوو بنەماڵەی دژ بە یەکی تورک بە ناوی قەرە قۆینلو و ئاق قۆینلو واتە بەرخ رەش و بەرخ سپی، لە کۆتایەلی سەتەی چواردەوە لە باکوری کوردستان، لە نێوانی وان و دیاربەکر لە رۆئاواوە، تا تەورێز لە رۆهەلات فەرمانیان گێرا. ئەمانە یەک لە دوای یەک هاتنە سەرکار، یەکەمیان شیعە بوو و دژایەتییەکی زۆری مەزەبی و سیاسیی لە کوردستاندا هێنایە کایەوە. دووەمیش سوننە مەزەب بوو، لە جێی یەکەمدا هاتە دامەزران، لەلایەن عوسمانییەوە پشتەوانیی لێ دەهاتە کردن و کەوتبووە چەوساندنەوەی بنەماڵەیلی خانەدانی کورد و زوڵم و زۆر لە خێڵەیلی کورد دەکرد بە بیانگەی ئەوەی لەمەوپێش پشتەوانییان لە قەرە قۆینلو کردووە. ئیتر بەم ئاوایە، لە کۆتایەلی سەتەی پازدەیەمەوە، کوردستان لە نێوانی ئەم داگیرکەرە و ئەوی تردا، ئەمدەست ئەودەستی دەکرد و رۆژ بەرۆژ باری بژێوی خەڵکەکەی خراتر دەبوو.

بەڵام خەریکبوونی تورکەیلی عوسمانی بە پەلاماردانی رۆهەلاتی ئەورووپاوە رێی بۆ سەرکردەی سەفەوی، شا سمایل خۆش کرد بۆ ئەوەی تیرەی بەرخ سپی "ئاق قۆینلو"ی سوننە لا بدا و دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەوی لە تەورێز رابگەینێ و خۆشی بکا بە شای ئێران. شا سمایلی سەفەوی لە ساڵی ١٥٠٥دا لەشکرێکی گەورەی پێکەوە نا کە زۆربەیان قزڵباش "کڵاو سوور" بوون. ئەمانە کەوتنە پەلامار و داگیرکردنی ناوچەیلی کوردیی عوسمانی. تا مەراش و دیاربەکر و مووسڵ و هەروەها بەغداشیان گرت. شا سمایل پشتیوانییەکی زۆری لە قزڵباش و تورکمانەیلی ئەنەدۆڵی رۆهەلات دەکرد، هەروەها هانی هۆز و خێڵەیلی کوردی دەدا لە دژی عوسمانی راست ببنەوە، بەمەش شا سمایل بۆی لوا ئاژاوەیەکی زۆر لە سنووری عوسمانیدا بنێتەوە.

لە هەمبەر ئەمەدا، سوڵتان سەلیم یاوزی عوسمانی "سەلیمی یەکەم" کەوتە خۆ کۆکردنەوە و لەشکرسازی، پەلاماری سنوورەیلی ئێرانی دا و لەشکری شا سمایلی بەزاند. شاری تەورێزی پایەتەختی گرت و تالانی کرد. ئەوە شەڕی چلدێران* بوو کە لە ساڵی ١٥١٤ی زایندا رووی دا و سنووریی یەکجارەکیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی کێشا کە تا شەڕی گەورەی یەکەم ئەو سنوورە بەردەوام بوو. سوڵتان سەلیمی یەکەم دوای ئەوەی ناوچەیلی تریشی لەبن دەستی سەفەوییەل دەرهێنا، لە زستانی پاشتر کشایەوە ئەنادۆڵ.

* سەرنج: چلدێران کۆی چل دێرە. بیانیی وەک تورک و فارس کردوویانە بە چاڵدێران، دەبێ کورد شێوە راستە کوردییەکەی بڵێن. زۆر ناوچە هەیە لە کوردستان تا ئەمرۆش وشەی دێریان پێوەیە: دێرە لووک، دێرە برووشە، دێرە هەریر.

دوای ئەمە بۆ ماوەی سەتەیەک و چاریەکە سەتەیەک، شەڕ لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا درێژەی

کێشا. زەویی شەڕەکەش خاکی کوردستان بوو. سوپای شەڕکەر لە هەردوو لادا بەشێکی زۆریان کورد بوون. تالان و خاپوورکاری و سووتاندنیش هەر لە گوند و شارەیلی کوردستاندا دەهاتنە کردن. ڕێککەوتنی زەهاو لە ساڵی ١٨٣٩دا ئەو سنوورەی بە ڕەسمی ناسی کە سوڵتان سەلیم لە شەڕی چلدێراندا دیاریی کردبوو. ڕاستە کوردستانی ئێمە بە درێژای مێژوو سەربەخۆیی بەخۆوە نەدیبوو، بەڵام پەیمانی زەهاو (گوڵستان–یشی پێ دەڵێن)، لە مێژووی کورددا بە وەرچەرخانێکی پڕ مەترسی دێتە ژمار. ئەم پەیمانە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانی کرد بە دوو بەشەوە و بۆ تا هەتایە سنوورێکی ڕەسمیی لە نێواندا کێشان.

ڕێککەوتنی نێوان تورک و فارس هەرچەندە کارەسات بوو بۆ کورد و لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی کورد و کوردستاندا هاتە ئەنجامدان، بەڵام ڕاست بڵێین، مەیلەو تەناهییەکیش کەوتە ئەو سنوورەوە و کورد تا ماوەیەک خێریان لێ بینی. دوای ئەوە، شەڕی گەورە کەم ڕوویان دا، لە ناوچەیلی کوردستانی باشوور و بەغدا لە ناوەڕاستی عێراقدا نەبێ کە شەڕگەی ئەمانەش هەر کوردستان بوو. ژمارەیەک میرنشینی کوردی لە ئەردەڵان و بابان و سۆران و بادینان و جزیرەی بۆتاندا سەریان هەڵدا، دەتوانین بڵێین کەم تا زۆرێک بووژانەوەی ئەم گەلەیان بەدوای خۆیاندا هێنا کە چەندین سەتە بوو چەرخی چەپگەر بەرەواژی ویستی وی سووڕابوو.

ئێرانییەل نەیانتوانی هەستی کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن لەبەرئەوەی شا سمایل دەیویست هەرچی شوێنەواری ئیسلامی سوننی لە ئیمپراتۆریەتەکەیدا هەیە، هەمووی لە ڕەگەوە هەڵکەنێ و بسڕێتەوە. لە ئەنجامدا پێڕەوکارەیلی مەزەبی سوننە تەنیا لە ناوچەیلی سنووریدا خۆیان پاراست. هەروا لە بەڕێوەبردنی ناوچەیلی کوردیدا، ئێرانییەل پشتیان تەنیا بە فەرمانبەر و کاربەدەستەیلی تورک یان فارس دەبەست کە شیعە بوون، وەک بارێکی تاکانە دەتوانین لێرەدا پەنجەی ئاماژە بۆ میرنشینی ئەردەڵان درێژ بکەین کە بە درێژای چەند سەتەیەک لە بەری ڕۆهەڵاتی زاگرۆسدا کاربارەیان بە دەستەوە بوو. شایەلی ئێران لە سەردەمی سەفەوی و پاشانیش لە سەردەمی قاجاردا بۆ دابینکردنی گوێ بە فەرمانیی ئەردەڵانەیل بۆ دەوڵەتی ناوەندی و دەرنەچوون لەو گوێڕایەڵییە، جۆرێک نەرمییان لەگەڵدا دەنواندن. لە هەمان کاتدا دەیانویست لە ڕێگەی ژن بەشوودان بە میرەیلی ئەردەڵان، ئەم گوێڕایەڵییە بدۆمێنن. فەتح عەلی شای قاجار کچی خۆی دا بە خوسرەو خانی ئەردەڵانی کوڕی ئەمانوڵاخان، کە ئەم کچە ئافرەتێکی توند و زەبربەدەست بوو، دەشێ بڵێین حوکمی ئەردەڵان بە دەستی ئەم خاتوونەوە بوو. دوای مردنی خوسرەوخانیش ئەم حاڵە بۆ کوڕەکەی بەردەوام بوو، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ باڵادەستیی حوکمی قاجار و لەناوچوونی ئەردەڵانەیل.

بە پێچەوانەی سەفەوییەوە، عوسمانییەل زیاتر کاربارەیان دەدایە دەستی پیاوەیلی ناوچەیی. ڕەنگە ئەمەش لە سۆنگەی چەند هۆیەکەوە بووبێ، یەکەم: نەبوونی هێزی لەشکری کە بەشی ئەوە بکات تەواوی ئەو ناوچەیلی کوردییە دابپۆشی. دووەم: مانەوەی مەترسیی هێرشی سەفەوی بۆ ئەو

ناوچەیلە سنوورییە. سەرباری ئەمانەش سەختیی کۆکردنەوەی باج و سەرانە لەو ناوچەیلەدا. لەبەر ئەم بارە تایبەتانە، سوڵتان سەلیم ویستی ڕێگەچارەیەکی گونجاو و کردەوەیی بۆ پێوەندی لەگەڵ میرەیلی کورددا بدۆزێتەوە و هەوڵ بدات بە هەر شێوەیەک بێ لە گوێڕایەڵی بۆ وی دەرنەچن. بۆ ئەم نیازەش بە گوێی ئامۆژگارییەلی مەلا ئیدریسی بەتلیسیی کرد کە کەسایەتییەکی کوردی بزان و بنەماڵە و خوێندەوار بوو. مەلا ئیدریس متمانەی لە هەردوو لاوە، واتە لەلای سوڵتانیش و لەلای میرەیلی کوردیشەوە وەرگرت بۆ ئەنجامدانی کاری خۆی. ئەرکی بەتلیسی ئەوەبوو گوێڕایەڵیی میرەیلی کورد بۆ ناوەندی دەسەڵات مسۆگەر بکات و لە بەرامبەریشدا ئەم میرەیلە لە بەڕێوەبردنی کارباری میرنشینەیلی خۆیاندا نیوچە سەربەخۆیییەکیان هەبێت.

مەلا ئیدریس بەڵگەنامەی ڕەسمیی بەتاڵ (سپی)ی بە مۆری لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە وەرگرتبوو بۆ بەستنی پەیمان لەگەڵ میرەیلی کورددا. پەیمانەکەش ئەمە بوو: یەکەم– میرەیلی کورد سەربەخۆ بن لە بەڕێوەبردنی کارباری ناوەخۆی ناوچەیلی خۆیاندا بە مەرجێک دەوڵەتی سەربەخۆ ڕانەگەینن. دووەم– لە کاتی شەڕدا، خۆیان و لەشکرەیلیان بەشداری بکەن شان بەشانی لەشکری دەوڵەتی ناوەندیدا. بە هەمان شێوەش دەوڵەت لە کاتی هێرش و پەلاماری دەرەکیدا ئەوان بپارێزێ. سێیەم– میرەیلی کورد ساڵانە بڕێک داهات وەک دیاری بۆ گەنجینەی سوڵتان بنێرن.

ئەمەش جۆرێک بوو هاوشێوەی سیستەمی فیدراڵیی ئەمڕۆ، بەڵام سوڵتان سەلیمی یەکەم، کاربەدەست یان پاشای عوسمانیی دانا بۆ چاودێریی کارباری میرنشینەیلی کوردی، ئەو کەسە (میرمیران: أمیر الأمراء)ی پێ دەگوتن. ئەم پاشایەلە بووبوون بە دەسەڵاتداری بێ سنوور و مێردەزمەی کوردستان، تۆوی دووبەرەکییان لە نێوان خێڵ و میرنشینەیلی کورددا دەچاند و بە شەڕیان دەدان. وێڕای ئەمەش لە دوای ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بەتلیسی و میرەیلی کورد، لە ماوەی دوای چلدێرانەوە تا دەگات بە پەیمانی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩، کوردستان هەر گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان عوسمانی و سەفەوی بوو.

ئیتر ڕێککەوتنی نێوانی میرەیلی کورد و سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی ١٥٢٠–١٥٦٦ درێژەی نەکێشا یان هەر لە بنەڕەتدا کاری پێ نەهاتە کردن. ئەم ڕێککەوتنە نە دەوڵەتی ناوەندی ڕێزی لێ گرت و نە میرەیلی کورد. میرنشینەیلی کورد یەک لە دوای یەک کەوتنە بەر هێرش و هاتنە رووخاندن یان ئەوەتا عوسمانی میرەیلیان لە مافی بەڕێوەبردنی میرنشینەیلی خۆیان بێبەش کرد. راستت دەوێ، ئەوانیش هەندێک جار خۆیان لە ئەرکی ناردنی لەشکر بۆ یاریدەی دەسەڵاتی ناوەندی لە شەڕەیلدا دەدزییەوە، نەک هەر ئەوەندە بگرە هەندێک جاریش بە شێوەیەکی هەلپەرستانە خۆیان دەدایە پاڵ سەفەوییێل وەک چۆن شەرەفخانی میری بەتلیس لە ساڵی ١٥٣١دا کردی "ئەم شەرەفخانە شەرەفخانی دانیاری کتێبی بەناوبانگی شەرەفنامە نییە". میرەیل کورد بە گشتی لە کێشەی نێوان عوسمانی و سەفەویدا هەلپەرست بوون.

هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابان لەمبەر و لەوبەری سنووری عوسمانی و سەفەویدا، تا سەرەتایەلی سەتەی نۆزدەیەم درێژەیان بە فەرمانڕەواییی خۆیان دا. یەکەمیان واتە ئەردەڵان میرنشینێکی کۆن بوو، لە سەرەتایەلی سەتەی چواردەیەمەوە سەری هەڵدابوو، وەک گوتمان کاریبووی پێوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێراندا، واتە دەوڵەتی شیعە بپارێزێ هەرچەندە کوردی ژێردەستی ئەم میرنشینە زۆربەیان سوننە مەزەب بوون. راستی بڵێین، ئەردەڵانەیل بە هۆی جیاوازیی مەزەب لەگەڵ سەفەوییێلدا، حەزیان دەکرد پێوەندی لەگەڵ عوسمانیدا ببەستن. دوای شەڕی چلدێران، نێزیکبوونەوەیەک لە نێوانی وان و سوڵتان سەلیمدا رووی دا، بەڵام نێزیکییان لە پایەتەختی سەفەوییەوە (تەورێز و پاشان ئەسفەهان) بەردەوام دەیخستنە بەر مەترسییەوە، سەفەویش دەیانزانی لەدەستچوونی بەشێک لە زەویوزار لە رۆهەڵاتی زنجیرە کێوی سەختی زاگرۆسدا، داهاتوویان دەخاتە بەر هەڕەشە و هێرشەوە، بۆیە بەردەوام میرەیلی ئەردەڵانیان دەلاواندەوە و دڵخۆشییان دەدانەوە.

دەسەڵاتی ئەم میرنشینە هەندێک جار تا هەولێر و کۆیە و ئامێدی و هەریر و رەواندزیش دەهات، بەڵام ئەردەڵانەیل لە ململانەی دوو کەرتەهێزی سەفەوی و عوسمانیدا، توجاران نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی خۆیان لە بەری رۆئاوای زنجیرە چیای زاگرۆسدا بهێڵنەوە، بە تایبەتیش لە دوای شەڕی چلدێرانەوە. دەوڵەتی سەفەویش دەیزانی پاراستنی دەسەڵات لە بەری رۆئاوای زاگرۆسدا کارێکی ئاڵۆزە بۆیە بە رێککەوتنی زەهاو، ناوچەی شارەزوور بوو بەشی عوسمانی.

لەمبەرەیشەوە بابانەیل هەبوون، هەرچەندە هێندەی ئەردەڵانەیل کۆن و ریشەدار نەبوون، بەڵام لە سەرەتای سەتەی هەژدەیەمەوە هێز و گۆڕیان ئەستاند و بوون بە هاوکێشی ئەردەڵانەیل لە دیوی عوسمانیدا. ساڵی ١٧٢١ کە ئەفغانەیل ئێرانیان گرت، ئاژاوە ئێرانی تەنییەوە، بابانەیل دەرفەتیان هێنا و شاری سنەیان گرت و ماوەی ٩ ساڵ بەریان نەدا. پاشان لە بەرامبەر هێرشی سوپای شای ئێراندا کشانەوە بۆ قەڵاچواڵان. بە درێژای سەتەی هەژدەیەم دەسەڵاتی عوسمانییەل لە عێراق لاواز بوو، ئەمەش دەرفەتی بۆ بابانەیل رەخساندبوو تا بە ئازادیی خۆیان هەڵسووڕێن و بەرژەوەندیی میرنشینەکەی خۆیان رەچاو بکەن. لە ساڵەیلی ١٧٣٠ – ١٧٤٧دا نادرشای هەوشار وەک پیاوی زەبر بەدەستی ئێران هاتە سەر گۆڕەپان. ئەمە هانی بابانەیلی دا رووی خۆیان بەرەو ئێران وەربگێڕن. هەر ئەم هەلومەرجە ناجێگیر و لەرزەکە وای کردبوو میرەیلی بابان، برا و برا، یان ئامۆزا و ئامۆزا لەگەڵ یەکتردا لەسەر دەسەڵات بەرۆکی یەکتر بگرن و هەر رۆژەی دەسەڵات بە دەست یەکێکیانەوە بێت. یەکێکیان ئەمرۆ سوپای ئێرانی دەهێنا و ئەوی تر سبەی دەستی سوپای عوسمانیی رادەکێشا بۆ سەر پایەتەختی بابان هەر بۆ ئەوەی خۆی ببێ بە فەرمانڕەوا.

سلێمان پاشای بابان کەوتە فرەوانکردنی سنووری دەسەڵاتی میرنشینەکەی خۆی، لەمەدا لاوازیی هاوسێیەلی بە هەل زانی، لە باشوورەوە تا بەدرە و جەسان و لە رۆئاواوە تا کۆیە و

ڕەواندزی گرت. لە ڕۆژهەڵاتیشەوە شاری سنەی خستە ژێر دەست. لە گرتنی سنەدا، کەریم خانی زەند کە شای ئێران بوو و بە ڕەچەڵەک کورد بوو یارمەتیی دا لەبەرئەوەی کەریم خان کەیفی بە ئەردەڵانەیل نەدەهات. بەڵام کە شەڕی نێوان عوسمانی و ئێران لە ساڵی ١٧٧٤دا دەستی پێ کردەوە، بابانەیل نەیانتوانی چیی تر خۆیان لە ململانە بە دوور بگرن. لێرەدا نابێ وا تێ بگەین کە بابانەیل ئامێر بوون بە دەستی هێزەیلی دژەوە، بە پێچەوانەوە، عوسمانی و ئێرانی لە هێزی زیادبووی بابانەیل دەترسان.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین میرەیلی بابان گشتیان، ئاوڕەحمان پاشای لێ دەرچێ، ئەوانی تر بەردەوام خەریکی گەمە بوون لە نێوانی ڕۆم و عەجەمدا. ئاوڕەحمان پاشا بەدوای ئەوەدا دەگەڕا لە بەڕێوەبردنی کارباری میرنشینەکەی خۆیدا شێوە سەربەخۆییەکی هەبێ و هێندە پاشکۆی بابی عالی نەبێ لە ئەستەنبۆڵ. بەڵام وێڕای ئەمە بابانەیل تا ساڵی ١٨٥٠ کە ڕووخان، لە سیاسەتی هەرێمیدا لەرزەک و گۆڕەک بوون و هەر ڕۆژەی لە کەڵکەڵەی شتێکدا بوون.

بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەردەڵانەیل هێزی خۆیان زیاتر لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە وەردەگرت کە لێیانەوە نێزیک بوو، بە پێچەوانەی بابانەیلەوە کە هێزیان لەوەدا بوو دەسەڵاتی ناوەندی لێیانەوە دوور بوو و دەستی بە سەریاندا نەدەڕۆیشت.

ساڵی ١٦٨٣ سوپای عوسمانی لە هەنگاریە هاتە دەرکردن. دوای ئەمە وردە وردە ترازووی هێزەیل کەوتە لاسەنگی و عوسمانی نەیانتوانی چیی تر لەمەولا بەرگەی زاڵبوونی هێزی تەکنەلۆجیەی ئەوروپا بە تایبەت لە بواری سەربازیدا بگرن. پاشتر، لە نیوەی دووەمی سەتەی هەژدەیەمەوە کەوتنە بەردەم زنجیرەیەک پەلامار و هێرشی ڕووسیەوە. ڕووس زەبری کارییان گەیاندە لاشیپان و کەلەکەی عوسمانی، سوپای ڕووس پەلی کێشایە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵێک ناوچەی گرینگی وەک ئەرزەڕۆم و قارس و بایەزیدی گرت. جگە لە ئەرمەن، خێڵەیلی کوردیش لەم هێرش و پەلامارەیلەدا یاریدەی ڕووسەیلیان دا. پاڵەپەستۆی ئەوروپە بۆ سەر عوسمانی لە سنووری سیاسی و سەربازی تێ پەڕی. لە کۆتای سەتەی هەژدەیەمەوە بازرگانەیلی ئەوروپا هاتنە ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە لەپێناو ناردنە دەرەوەی بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازیی گەشەسەندووی خۆیان. سەرەڕای ئەمانە هەمووی، دەوڵەتی عوسمانی کەوتە بەردەم پەلاماری ئایدیۆلۆجیەشەوە، نێردەیلی مژدەدەری کاتۆلیک و پرۆتیستانت، مژدەی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و بازرگانی و سیاسییان دەدا. وێڕای کاتۆلیک و پرۆتیستانت، ڕووسی ئەرتۆدۆکسیش لەناو کۆمەڵەیلی ئەرمەندا خەریک بوون، لەبەرئەوەی لە سایەی عوسمانیدا موسڵمان و کریستیان هاوشان نەبوون، ئاشوورییەل نەبێ کە ژیانێکی خێڵەکییانە شان بەشانی کورددا دەژیان، ئەرمەنەیل جوتیار بوون و لە پلەی هەرە ژێرەوەی کۆمەڵایەتیدا بوون. بایەخدانی ئەوروپا بە ئاشوور و ئەرمەنەیل، بوو بە مایەی کارەسات بۆ وان لە داهاتوودا.

سەرەڕای ئەو هۆیەلەی سەرەوە، دەوڵەتی عوسمانی گیروگرفتی تریشی هەبوو، بۆ نموونە ڕێگەوبان زۆر خراپ بوو، ئەمەش بووبوو بە مایەی دواکەوتنی بزووتنەوەی سەربازی لە کاتی پێویستدا. بەهۆی گەورەییی زەویوزاری عوسمانی و دووریی ناوچەیل لە ناوەندەوە، لە کۆتای سەتەی هەژدەیەمدا، دەسەڵاتی ناوەند لە ناوچەیلی دووردا دابوویە کزی و لاوازی. میرەیلی کورد کەمتر لە جاران دەربەستی ئەو ناوەندە دەبوون. میرنشین بووبوو بە میراتێکی بنەماڵەیی. سەرەڕای ئەمەش باجیان نەدەدا، بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی ویستی بیانخاتە ژێر ڕکێفەوە، هەموویان هەراسان و نارەحەت بوون. لە سەرەتای سەتەی نۆزدەیەمدا چەتەیی و ڕێگری و چەپاوکاری بووبوو بە کێشەیەکی بەردەوام لە زۆربەی ناوچەیلی کوردستاندا. دەوڵەت دەیویست ڕێی لێ بگرێ، بەڵام کێبەرکێی نێوان میرەیلی کورد دەرگەی بۆ خێڵەیل واز کردبوو تا بە کەیفی خۆیان ئەم جۆرە کارەیلە بکەن.

لەلایەکی ترەوە، لە ساڵەیلی ١٨٣١ – ١٨٣٢دا برایم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای میسر، سووریای گرت و کەوتە پێشوەچوون بەرەو ئەنادۆڵ، دەبوایە عوسمانی چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە ناهەموارە بدۆزنەوە، بۆ ئەمەش دەبوایە سوپای کۆن هەڵوەشێتەوە و میرەیلی دەرەبەگ لەناو بچن، ئەمە میرنشینەیلی کوردیشی دەگرتەوە.

یەکەمین لەناوبردنی عوسمانی بۆ میرەیلی کورد، لە میر محەمەدی ڕەواندزەوە دەستی پێ کرد (پاشای کۆر). میر محەمەد ساڵی ١٨١٤ باوکی لا دا و بۆ خۆی چووە شوێنی، پاشان خزم و کەسەیلی خۆی بە مام و ئامۆزاشەوە لا دا و هەلار هەلاری کردن. کەوتە فرەوانکردنی سنووری دەسەڵاتی میرنشینەکەی خۆی، جاری یەکەم لە خێڵەیلی شێروان و برادۆست و سوورچی و خۆشناو و مامەشەوە دەستی پێ کرد. شاری هەریری گرتەوە کە لە کۆندا ناوەندی فەرمانڕانیی سۆران بوو بەڵام پەنجا ساڵ بوو بەدەست بابانەیلەوە بوو. کۆیە و هەولێر و پردێی لە ساڵی ١٨٢٣ و ڕانیەی لە ١٨٢٤دا گرتەوە. پاش ئەوە بیری گرتنی میرنشینی بادینانی کەوتە سەر، بۆ ئەمەش بیانووی ئەوەی پێ گرتن کە نەیانتوانیوە تۆڵەی کوشتنی سەرکردەیەکی مزووری لە ئێزیدییەل بکەنەوە. هێرشی کردە سەر گوندەیلی ئێزیدیی ڕۆهەڵاتی مووسڵ و تەفروتووناى کردن، بە هەزاران ژن و منداڵی لێ کوشتن و ئەوانی تریش هەڵاتن بۆ شنگاری ڕۆئاوای مووسڵ. میر محەمەد ساڵی ١٨٣٣ بادینانی گرت و کۆتای بە دەسەڵاتی میرنشینی وێندەر هێنا. دوای ئەوەی هێرشی برد بەرەو جزیرەی بۆتان کە پایەتەختی بەدرخانەیل بوو، دانیشتووی شارەیل ماردین و نسێبین و حەسنکێفی تۆقاند. عوسمانییەل هێزی تەواویان نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میر محەمەد، بۆیە چاوەڕوانی هەلێک بوون تا سەرکوتینەوەی بۆ بکەن، زۆریش لەوە دەترسان میر محەمەد و برایم پاشای کوڕی محەمەد عەلی لە سووریا دەس تێکەڵ بکەن. ئەگەر ئەمە ڕووی بدایە بەریان لێ نەدەهاتە گرتن.

ساڵی ١٨٣٤ ڕەشید محەمەد پاشا کە وەزیرێکی پێشووی عوسمانی بوو، بە خۆی و بە

لەشکرێکەوە بەرەو پایەتەختی سۆران لە ڕەواندزی قایمدا جمی. میر محەمەد گەڕایەوە بۆ ڕەواندز. سوپای بەغدا و مووسڵیش دایانە پاڵ سوپای عوسمانی و بەرەو ڕەواندز کشان. وتوێژ کەوتە نێوان میر محەمەد و عوسمانییەلەوە، لەلایەکی تریشەوە قاجار و ڕووس حەزیان دەکرد یارمەتیی میر محەمەد بدەن بۆ ئەوەی خۆی نەداتە دەستی عوسمانییەوە، دواجار میر محەمەد بە بەڵێنی عوسمانییەل فریوی خوارد و خۆی بەدەستەوە دا. پێیان گوت دەتبەین بۆ ئەستانبۆڵ و پاشان دەتهێنینەوە بۆ میرایەتیی سۆران لەپێناو پاراستنی سنوورەیلی ڕۆهەڵاتی عوسمانی لە بەرامبەر قاجارەیلدا، بەڵام درۆیان کرد و میریان لەناو برد، لێرەدا کۆتا بە میرنشینی سۆران هات.

ساڵی ١٨٢٠ بەدرخان بەگ بوو بە میری بۆتان. سەرەتا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی عوسمانییەلدا لا دەدا و نەیدەویست لەگەڵیاندا تووش ببێ. میر بەدرخان پیاوێکی هۆشیار و تێگەیشتوو بوو. بەڵام دۆڕانی سوپای عوسمانی لەبەرامبەر سوپای برایم پاشای میسردا، والاییيەکی لە دەسەڵاتی ناوچەکەدا دروست کردبوو، ئەمەش هانی بەدرخان بەگی دا سنووری دەسەڵاتی خۆی فرەوانتر بکا بێ ئەوەی دەسەڵاتی عوسمانی هەراسان ببێ.

لەلایەکی ترەوە، کێشە کەوتبووە ناو میرایەتیی هەکارییەوە، میر نووروڵڵا بەگ و سلێمانی خزمی شەڕیان بوو لەسەر دەسەڵات. مار شەمعوون لەمەدا لایەنی سلێمانی گرتبوو. مار شەمعوون سەرکردەی ئەو ئاشوورییەلە بوو کە لە ناوچەی تیاریدا دەژیان. ئەم پیاوە جگە لە پایەی ئاینی، لە ڕووی جڤاکی و سیاسیشەوە لەدوای میر نووروڵڵا بەگەوە دەهات. میر نووروڵڵا بەگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مار شەمعوون داوای یارمەتیی لە بەدرخان بەگ کرد. هەر لەو کاتەدا دووبەرەکی کەوتبووە ناو ئاشوورییەل خۆیان و هۆی ئەمەش بۆ بایەخدانی نێردەیلی مژدەدەر دەگەڕایەوە کە ناوەندی دەسەڵاتی لەناو ئاشوورییەلدا زۆر کردبوو، ئەمەش بووبوو بە مایەی دابڕ دابڕی و ناکۆکی لە ناویاندا.

ڕاستت دەوێ، بایەخدانی نێردەیلی مژدەدەر (البعثاث التبشيرية) بە ئاشوورییەل بووبوو بە مایەی نارەحەتی و دڵەڕاوکە لەناو جڤاکی ئیسلامدا، بۆیە بابی عالی چاوی لە هێرش و پەلامارەیلی بەدرخان بەگ پۆشی. دەسەڵاتی عوسمانی حەزی دەکرد لەلایەکەوە ئەم خێڵەیلی ئاشوورییە سەربزێوە سەرکوتینەوەیان بۆ بێتە کردن و لەلایەکی تریشەوە دەیویست بەدرخان بەگ لە کێشەیەک بئاڵێ پاشان لێی دەرنەچێ. ئەوان دەیانزانی ئەوروپا بەم کارەیلەی بەدرخان بەگ هەراس دەبێ، ئەمەش خۆی بۆ خۆی دەبێ بە بیانگەیەکی بەس بەدەست عوسمانییەوە تا دواتر میر بەدرخان و میرایەتییەکەی پێ لەناو ببەن.

میر بەدرخان ساڵی ١٨٤٣ بە سوپایەکی "بەپێی سەرچاوە" ٧٠,٠٠٠ کەسییەوە پەلاماری ئاشوورییەلی دا و کوشتیگەیەکی بۆ نانەوە تاکی نەبێ. ئەوانەی بە زیندوییش دەرچوون وەک

کوێله مامەڵەی لەگەڵدا کردن. پاشان بای دایەوە سەر ئاشوورییەلی دۆستی خۆی و ئەوانیشی لە ساڵی ١٨٤٤دا وێران کرد. وەک پێشبینی هاتبووە کردن، بەریتانیە و فەرەنسە نارەزایییان دەربڕی و ئەمەش بیانووی دایە دەستی عوسمانی تا پەلاماری بەدرخان بەگ بدا، بەڵام لەبەرئەوەی بەدرخان بەگ یەکەتیی خۆی لەگەڵ میرەیلی هەکاری و موکس و وان و بەتلیسدا بەرفرەوان کردبوو، هێرشی یەکەمی عوسمانی شکا، بەڵام لە هێرشی دووەمدا ١٨٤٦ سوپای بەدرخانەیل شکا. ئینجا میرایەتیی هەکاری و بەتلیس بە کۆتا هاتن و دوای ساڵێکیش میرایەتیی بابان تەواو بوو، کە لەو سەردەمەدا بابانەیل لەوپەڕی لاوازیدا بوون.

نەهێشتنی میرنشینەیلی کوردی، بۆشاییەکی لە دەسەڵاتی ناوەخۆی کوردستاندا هێنایە گۆڕێ. دەسەڵاتی عوسمانی لە توانیدا نەبوو ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە هەرچەندە هێزی سوپاییشی هەبوو. پێشتر بۆ ماوەی چەندین سەتە میرنشینەیلی کوردی بووبوون بە مایەی راگرتنی تەرازووی هێمنی و تەبایی لە نێوان خێڵەیل و بنەماڵەیلدا، بەڵام ئێستە ناکۆکیی نێوان هێزەیلی ناوەخۆیی تەنگژەیەکی نایەوە کە دەبوایە چاوگەیەک (مرجع) هەبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی، ئەم چاوگەیەش تەنیا شێخەیلی ئاینی بوون، شێخەیلی تەریقەتی قادری و نەخشبەندی.

سەرەتای سەتەی نۆزدەیەم دوو بنەماڵەی شێخەیلی قادری لە کوردستاندا بەناوبانگ بوون، یەکەمیان بنەماڵەی شێخەیلی بەرزنجە لە نێزیکی سلێمانی، ئەوی دووەمیش بنەماڵەی نەهری لە هەکاری کە خۆیان دەبردەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی. بە گوێرەی ئسووڵی ئەم تەریقەتە، تەنیا ئەوانەی لە بنەماڵەی شێخەیلن دەتوانن شوێنی شێخ بگرنەوە. بەڵام سەرهەڵدانی مەولانا خالیدی نەخشبەندی لە سەرەتای سەتەی نۆزدەیەمدا کێشەی لە نێوان لایەنگرەیلی هەردوو تەریقەتدا نایەوە. نوێخوازییەک لەم تەریقەتە تازەیەدا هەبوو، ئەمەش بوو بەمایەی تەشەنەکردن و پەرەسەندنی. بە پێی ئەم تەریقەتە، مریدەیلی شێخ دەیانتوانی ببن بە شێخ، ئەمەش بواری کارای زیاتر دەرەخساند بۆ سەر خەڵک لەبەرئەوە ژمارەیەک لە شێخەیلی تەریقەتی قادری هەڵگەڕانەوە و هاتنە سەر ئەم تەریقەتە تازەیە، لە هەموویان گرینگتر شێخ عوبێدوڵای نەهری بوو.

شێخ خالیدی نەخشبەندی بە هۆی ناکۆکیی خۆی لەگەڵ بەرزنجییەلدا، سلێمانیی بەجێ هێشت و چوو بۆ بەغدا. زیاتریش لەبەرئەوەی کە میرەیلی بابان پشتەوانیی بەرزنجییەلیان دەکرد. هەرچەندە مەحموود پاشای بابان ساڵی ١٨٢٠ هەوڵی دا مەولانا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام مەولانا دڵی شکابوو، بە یەکجاری چوو بۆ دیمەشق و لەوێ مایەوە تا مردنی لە ساڵی ١٨٢٧دا. دوای کۆچی دوایی شێخ خالید، سێ بنەماڵەی شێخەیل ڕۆڵی سەرەکییان لە سیاسەتی کوردستاندا گێڕا: نەهری و بارزانی و بەرزنجی.

شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ دەستی پێ کرد. ئەم شۆڕشە وای کرد شێخ عوبێدوڵا وەک یەکەمین سەرکردەی نەتەوەیی لە مێژووی کورددا بێتە ناسین. شۆڕش لە مانگی

ئەیلوولی ئەو ساڵەدا بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵا لە دژی دەسەڵاتی ئێراندا هەڵگیرسا. بیانووی شۆڕش ئەوەبوو کە دەسەڵاتدارەیلی ئێران مامەڵەی ناخۆشیان لە ئاست خێڵەیلی کورددا کردبوو، بەڵام راستت دەوێ هۆی راستەکینەی شۆڕش ئەوەبوو وەک شێخی نەهری دەیگوت: "کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆن، چیی تر بەم دۆخە قایل نابن و دەیانەوێ جڵەوی کارباری خۆیان بە دەستی خۆیانەوە بێ".

راپەڕیوەیل، سەرەتا دەستیان بەسەر شاری مەهاباتدا گرت، ئینجا بانە و سەقز و وارگەی خێڵەیلی مامەش. دوای ئەمە ٢٠,٠٠٠ پیاو لە باشووری گۆلی ورمێوە بەرەو دەرەوەی ناوچەی کوردستان داکشان. هەڵەی گەورەی شێخی نەهری ئەوەبوو جیهادی دژی شیعە راگەیاند. دانیشتووەیلی میاندواو کە شیعە بوون، قاسیدی شێخیان کوشت و ئامادەش نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن. ئیتر پیاوەیلی شێخ کەوتنە کوشتاری سەرلەبەری "قتل عام" و ٢٠٠٠ کەسیان لە پیاو و ژن و منداڵ لەو شارەدا قەڵاچۆ کرد ئینجا بەرەو مەراغە هاژوایان.

دوای ئەمە، دوو تابووری تر لە ناوچەی ژێر دەستی عوسمانییەوە هاتنە ناو ئێران، یەکیان بە سەرکردایەتیی محەمەد سادقی کوڕە گەورەی شێخ و ئەوی تر بە سەرکردایەتیی سەعیدی خەلیفەی شێخ. شێخ عوبێدوڵا رای گەیاند کەوا دەیەوێ میرنشینێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ، بۆ ئەمەش داوای یارمەتیی لە وڵاتەیلی ئەوروپا کرد. شێخ بۆ ئەم بزاوەی خۆی بیانووی ئەوەی دەهێنایەوە کە دەسەڵاتی ئێران ناتوانێ یان نایەوێ سنوورێک بۆ ئەو تاڵان و بڕۆیە دابنێ کە خێڵەیلی هەرکی و شکاک لە ناوچەی خێڵەیلی لایەنگری ویدا دەیکەن.

دوای چەند مانگێک هێزی شێخ عەبدولقادر لە ٢٠,٠٠٠ پیاوەوە مایەوە سەر تەنیا ١٥٠٠ پیاو، لەبەرئەوەی پیاوەیلی خێڵەیل بە خۆیان و تاڵانییەوە گەڕابوونەوە گوندەیلی خۆیان. شێخ عوبێدوڵا و محەمەد ساقی کوڕی بە ٦٠٠٠ کەسەوە دەوری ورمێیان گرت بەڵام ورمێ بەرگرییەکی وای نواند ورەی هێرشکارەیلی شکاند. لەو کاتەدا ١٢٠٠٠ ئێرانی لە رۆئاوا و رۆهەڵاتەوە بۆ هاریکاریی ورمێ هاتن و لە رێگەدا دانیشتووەیلی غەیرە شیعەیان بێ بەزەییانە کوشت. سوپای شێخ شکا و زۆریان هاتنە کوشتن. شێخ خۆیشی بەدیل هاتە گرتن و لەژێر پاڵەپەستۆی دیپلۆماسیی ئەوروپادا بۆ ئەستەنبۆڵ هاتە رەهەندە کردن. پاشان بەرەو مەکە و تا ساڵی ١٨٨٣ لەوێ سەری نایەوە.

ئەو شەڕەیلە ورمێیان بە جارێک شەپەرزە کرد. کردەوەی نابەجێ زۆر رووی دا. بەڵام بە ڕاستی پڕۆژەی شێخ عوبێدوڵا پڕۆژەی دانانی نیشتمانێکی نەتەوەیی بوو، کە ناوچەی کوردنشینی هەردوو بەری فارس و تورکیای دەگرتەوە. بەڵام ئاخۆ هۆی چی بوو سەرەڕای بانگەوازەیلی یەک لەدوای یەکی شێخ عوبێدوڵا، ئەوروپاییەل گوێیان پێی نەدا و پشتیوانییان لە کێشەی کورد نەکرد؟ رەنگە هۆیەکە ئەوە بووبێ کە شێخ دژی ئەوە بوو ئەرمەن دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێ لە ناوچەی "وان"دا کە ئەورووپە پشتیوانیی ئەمەی دەکرد. شێخ لەم پرسەدا لایەنگری عوسمانی بوو لە دژایەتیکردنی داخوازی ئەرمەندا.

ساڵی ١٨٩١ سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی کەوتە دامەزراندنی کۆمەڵە تیپێکی سوپاییی نانیزامی کە ناویان سوارەی حەمیدی بوو. تیپەیلی سوارەی حەمیدی زیاتریان لە خێڵەیلی کورد پێک هاتبوون. سەرۆکی ئەم تیپەیلە زۆربەیان سەرۆک خێڵەیلی کورد بوون، سوودێکی زۆریان پێ دەگەیشت و پلە و پایە و پارە، بۆیان لە مشە بوو. ئەو خێڵەیلەی دەچوونە ناو ئەم پێکهاتەیەوە لە سەربازیی بە خورتی (ئیجباری) دەهاتنە بوورین. هەرچەندە ئامانجی رواڵەتی لە دامەزراندنی سوارەی حەمیدیدا برێتی بوو لە دابینکردنی شوورەیەکی بەرگری لە هەمبەر هەڕەشەی رووس بۆ سەر دەسەڵاتی عوسمانیدا، بەڵام ئەم تیپەیلە لە ئەنجامدا بۆ ئازاردانی ئەرمەنەیل بەکار هاتن. سەرۆکی تیپەیلی حەمیدی هەموو لە هەموو بوون و شوێنی بەڕێوەبەرەیلی دەزگایەلی دەوڵەتیشیان گرتبووەوە. دەستیشیان کراوە بوو لە هەر شتێکدا دژی ئەرمەنەیل بیکەن.

بەڵام لە رووداوێکدا لە ساڵی ١٨٩٢ ئاگرەکە تەنییەوە و ئەرمەنەیل ژمارەیەک کوردیان کوشت، ئیتر دوای ئەمە و لە ساڵەیلی دواتردا چەندین هەزار ئەرمەنی بێ دەسەڵات بە دەستی سوپای تورک و پیاوەیلی حەمیدییەوە هاتنە کوشتن. لە ئەستەنبۆڵ، تەرابزۆن، ئەرزەنجان، بەتلیس، ئەرزەڕۆم، دیاربەکر، عەرەبگیر، مەلاتیە، سیواس، قەیسەری، خەرپووت و ئورفە کوشتاری گەورە بۆ ئەرمەن روویان دا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ بە ڕاستی سوارەی حەمیدی بۆ کوشتاری ئەرمەن هاتبوونە پێکهێنان؟ ئەوەی راستی بێ رەنگە ئەم پێکهاتە نانیزامییە سەرەتا بۆ ئەوە بووبێ خێڵەیلی کورد لە ساتی هەڵگیرسانی شەر لەگەڵ رووسیەدا، بکەونە خزمەتی عوسمانییەوە و هۆیەکی تریش ئەوە بووبێ، رێ لە رووس بگرنەوە لەوەی ئەم خێڵەیلی کوردە بەلای خۆیاندا رابکێشن. ئەوەی ئاشکرایە، دەوڵەتی رووسیە زۆرجار سەرکردەیلی کوردی لە جۆری بەدرخان بەگ و ئەوانی تر، یان سەرۆک خێڵەیلی کوردی سەر سنووری دەلاواندەوە بۆ ئەوەی لە دژی عوسمانیدا راست ببنەوە. عوسمانیش زۆر وریا بوون و لەم هەوڵەیلە دەترسان. تۆ بڕوانە کورد و دەردی خێڵایەتی کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

بیرۆکەی سوارەی حەمیدی لە بنەڕەتدا زۆر خراپ نەبوو، مەبەست لێی ئەوەبوو لەم رێیەوە خێڵەیلی کورد باشتر بێنە ژێر سایەی دەوڵەتەوە، دەستەمۆ بن و سنووری رۆهەڵاتیش بەوان پاس ببێ. بەڵام ئەو خێڵەیلە هیچ رۆژێک لە رۆژان دەستەمۆ نەبوون. ئەم بارودۆخە نیشانەی لاوازیی عوسمانی بوو، جڵەو بۆ ئەم خێڵەیلە هاتبووە شلکردن تا تالان و کوشتار بە ئارەزووی خۆیان بکەن. ئێش و ئازاری دەستی پیاوەیلی سوارەی حەمیدی تەنیا ئەرمەنیشی نەدەگرتەوە، بگرە کورد خۆشیان و تورکیشی دەگرتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم تیپەیلە لە کاتی شەڕ لە بەرامبەر سوپای رووسدا هیچ ئازایەتییەکیان نەنواند و زۆر زوو بڵاوەبوون. سوارەی حەمیدی تا ساڵەیلی شەڕی یەکەمیش مانەوە هەرچەندە دوای ١٩٠٨ واتە دوای نەمانی سوڵتان عەبدولحەمید ناوەکەیان هاتە گۆڕین.

ئەمە باری خێڵەیلی کورد بوو لەو سەردەمەدا، بەڵام رۆشنبیرەیلی کورد لە ئەستەنبۆڵ و

شارەیلی تردا کەوتنە ناو ریزی بزووتنەوەیەکی تازە سەرهەڵداوەوە دژ بە خەلیفایەتیی عوسمانی. ساڵی ١٨٨٩ چوار قوتابی لە کۆلێجی پزیشکیی سەربازی رێکخراوێکی سیاسییان بە ناوی (ئیتیحاد و تەرەقی) دامەزراند کە دوو لەم چوار قوتابییە کورد بوون: عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی. کوڕەیلی بنەماڵەی بەناوبانگی کوردستانیش لەو سەردەمەدا بە تایبەتی نەهری و بەدرخانی، لەناو ئەو بزووتنەوەیلەدا رۆڵیان بینی. شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵا چووە ریزی هەمان ئەو رێکخراوەوە و پاشان هاتە گرتن. مەدحەتی کوڕی بەدرخان بەگیش دوای هەندێک جموجۆڵ و بزووتنەوە لە ناوچەی بۆتان هاتە گرتن. مەدحەت بەگ دوای ئازادبوونی، رووی کردە میسر و لەوێ لە قاهیرە ساڵی ١٨٩٨ رۆژنامەی کوردستانی دەرکرد، کە بە یەکەمین رۆژنامەی کوری دێتە ژمار لە مێژوودا. رۆشنبیرەیلی کورد لە ئەستەنبۆڵ رێکخراوێکی کوردییان بە ناوی تەعالی و تەرەقییەوە دامەزراند کە ئەمین عەلی بەدرخانی کوڕی میر بەدرخان بەگ و شێخ عەبدولقادری نەهری و جەنەراڵ محەمەد شەریف پاشای خەندانی خەڵکی سلێمانی لە دامەزرێنەیلی ئەم کۆمەڵەیە بوون.

شێخەیلی بارزان لە کوردستانی باشووردا بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولسەلامی بارزان کەوتنە لڤین و بزووتنەوە دژی عوسمانی. لە ساڵی ١٩٠٨ بە دواوە زنجیرەیەک هێرش و پێکدادان لە نێوان بارزانییەل و حکوومەتی عوسمانیدا رووی دا. لە رواڵەتدا بیانووی حکوومەت ئەوەبوو ملیان پێ کەچ بکات بۆ باج و سەربازیی بە خورتی، بەڵام دواتر لە داخوازییەلی شێخ عەبدولسەلامدا دەرکەوت ئەم پیاوە تەنیا سەرکردەیەکی چیایی نییە بگرە لەگەڵ رۆشنبیرەیلی ئەستەنبۆڵدا مینای شێخ عەبدولقادر و عەبدوڕەزاق بەدرخان سەری پێوەندی هەیە. سەرەتای ساڵی ١٩١٤ عوسمانییەل لە مووسڵەوە هێرشیان بردە سەر ناوچەی بارزان، شێخ عەبدولسەلام شکا، ناچار بوو بڕواتە ناوچەی ورمێ و دەیەویست لەوێ چاوی بە سمکۆی شکاک بکەوێ، بەڵام پیاوەیلی شکاک بۆسەیان بۆ شێخ نایەوە و گرتیان و دایانەوە دەستی عوسمانی. لە کۆتای ساڵی ١٩١٤ شێخ عەبدولسەلام بە فەرمانی سلێمان نەزیف لە مووسڵ هاتە لەداردان، کە ئەوەی دووەمیش هەر کورد بوو.

سەرچاوەیلی ئەم نوویسە:

* تأريخ الأكراد الحديث. ديڤيد مكدول. * ظهور الكرد في التأريخ. د. جمال رشيد. * المستضعفون الكرد وإخوانهم المسلمون. جمال نبز. * الأمير الكردي مير محمد الرواندوزي. جمال نبز. * الكرد. باسيل نيكيتين. * جنوب كردستان. هنري فيلد. * تأريخ إمارة سوران. حسين حزني مكرياني. * الأكراد أحفاد الميديين. ڤ. مينورسكي. * شەرەفنامە. میر شەرەفخانی بەتلیسی. * مێژووی کورد لە سەتەی ١٦هەمدا. د. شەمسی محەمەد ئەسکەندەر. * گەشتەکەی زینۆفۆن. * خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان. محەمەدئەمین زەکی بەگ. * الإمارة البابانية. حسين ناظم بگ. * نناشد صلاح الدين أم نحاسب أنفسنا. حوار مع الدكتور محسن محمد حسين.

# لەلاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە

ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتنە لە کتێبی (La question Kurde)ی

دوکتۆر شوکری محەمەد سەکبان

کە بە فرەنسی ساڵی ١٩٣٣ لە پاریس بڵاوی کردووەتەوە.

ڕەفیق حیلمی

## پێشەکیی وەرگێڕ

ساڵی ١٩٣٣، د. شوکری محەمەد سەکبان، لە پاریس کتێبێکی بە زمانی فرەنسی نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە و ناوی (La question Kurde)ی لێ ناوە، لەبەرئەوەی گەلێک شێواندن و چەواشەکاریی زانستیی تێدایە، لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، لەلایەن کەسێکی " تا ئەوسا بە تێکۆشەری ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی ناسراو" نووسراوە. ئەو کتێبەی بەپێچەوانەی ئەو بیر و بۆچوونەی جارانی خۆشی نووسیوە، کە ساڵانێکی دوور و درێژ بە گەرمی بۆی تێکۆشاوە.

لەبەر ئەوە، بەر لە مردن و دوای مردنی نووسەریش کتێبەکە و ناوەڕۆکەکەی و خاوەنەکەشی بوونەتە مایەی تاووتوێکردن و کێشمەکێشێکی زۆر. بە گشتی کتێبەکە و ئەو شتە زۆرانەی لەبارەیەوە نووسراون بوونەتە بەشێک لە کەلەپووری بیری نەتەوەیی کورد.

ئەمەی لێرەدا وەری دەگێڕینە سەر زمانی کوردی، یەکێکە لەو ڕەخنانەی ئاراستەی کتێبەکە کراوە و گەلێک هەڵەی ڕاست کردووەتەوە و بیر و بۆچوونی چەوتوچەوێڵیشی ڕەت کردووەتەوە. ئەم وەڵامدانەوەیەش هی سیاسەتمەدار و نووسەرێکی گەورەی ناسراوی نەتەوەییی کوردە، کە مامۆستا ڕەفیق حیلمییە (١٨٩٨ _ ١٩٦٠) و بە کتێبێک بە زمانی تورکیی عوسمانیی ئەوسا بە ناوی (کورد مسئلەسی صفحاتندن) واتە: لە لاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە، لە وەڵامی کتێبەکەی (د. سەکبان) دا نووسیوە، کە ئەم کتێبەی ئێرەیە.

.................................................................

وەرگێڕانی لە تورکی عوسمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

مامۆستا ڕەفیق حیلمی ناسراوە و لێرەدا بە پێویستم نەزانی بە دوور و درێژی لە بارەیەوە بدوێم. بەڵام بابزانین (د. شوکری محەمەد سەکبان) کێیە؟.

## د. شوکری محەمەد سەکبان

محەمەد شوکری سەکبان ساڵی ١٨٨١ لە " ئەرگەنی " هاتووەتە دنیاوە. کوڕی محەمەد ئاغای " مولازیم ئەووەل " ە. خوێندنی سەرەتایی لە ئەرگەنی مەعدەنی و هۆزات " قزل کیلسە " دا، ناوەندیی لە دیاربەکر و ئامادەییشی لە پزیشکێتیی سەربازیی (چەنگەللی کوێی)ی ئەستەمبوڵدا تەواو کردووە. دوای تەواوکردنی ئەم قوتابخانەیە، ساڵی ١٩٠٣ بە پلەی " یوز باشی " لە پزیشکێتیی سەربازی دەرچووە. دوای ئەوەی ساڵێک لە نەخۆشخانەی گویلخانەدا مەشقی کردووە، لە پسپۆڕێتیی پێستی نەخۆشخانەی سەربازیی ئەدرنە دامەزراوە و نێزیکەی دوو ساڵێکی لێ کار کردووە و گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی لە قوتابخانەی پزیشکیی ئەستەمبوڵ. لە ١٩٠٨ دا دوای ڕاگەیاندنی دووەم جارەی دەستوور " مەشرووتییەتی دووەم " ، دوکتۆر محەمەد شوکری یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد " کورد تەعاون وە تەرەقی جەمعییەتی "، هەر لەو کاتانەشدا بووبووە دیارترین بەرگریکاری ئەو بزووتنەوە کوردییەی وا لەو سەردەمانەدا پەرەی سەندبوو. کۆمەڵەی هێڤیی قوتابییانی کورد کە ساڵی ١٩١٢ بە فەرمی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاندووە و قوتابییەکی زۆری زانکۆی بە خۆوە گرتووە، محەمەد شوکری سەکبان بەگ لەناو کاریگەرترینی پشتگیریکارانیدا بووە، هەروەها هەر کرێی ئەو بارەگایەی کۆمەڵەکەشی داوە کە لە ناوچەی سرکەجیی ئەستەمبوڵدا بووە.



د. شوکری محەمەد سەکبان

لە دەمانی دواتردا ساڵی ١٩١٨ لە کۆمەڵەی بەرزیی کوردستان (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) دا کە بە سەرۆکایەتیی سەید عەبدولقادر دامەزرابوو، د. سەکبان ئەندامی کارگێڕیی بووە، لەو کاتانەدا لەگەڵ سەید عەبدولقادر و ئەمین عالی بەدرخان و ئەندامانی تری کۆمەڵەدا پێکەوە بە سەردانی باڵوێزە بیانییەکان یاداشتیان لەبارەی ئۆتۆنۆمیی ئەو ناوچانەوە کە کوردیان تێدا دەژی پێشکێش کردووە.

محەمەد شوکری سەکبان لە سەروبەندی بزووتنەوەی میلليی کوردی ١٩٣٥ بە بایەخترینی ئەو کەسایەتییە کوردانەی ڕیزی پێشەوەی کوردستان بووە، ساڵی ١٩١٩ دەست لەو کارەی قوتابخانەی پزیشکیی سەربازییە هەڵدەگرێ و دەچێتە بەغدا، دواتر کە گەڕاوەتەوە تورکیا و دەستی بە پزیشکێتیی سەربەست کردووە، لەو کاتانەدا لەسەر مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان

دیسانەوە چووەتەوە بەغدا و لەوێ درێژەی بە کارەکانی خۆی داوە.

محەمەد شوکری بەگ سەکبان کە ساڵی ٩٣٩ - ٩٤٠ لە بەغداوە گەڕاوەتەوە تورکیا، ساڵی ١٩٦٠ چاوی بەسەر ژیاندا داخستووە.(١)

د. شوکری محەمەد سەکبان، لە ١٨ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٣ دا نامەیەکی لە بەیرووتەوە ئاراستەی " فەیزی بەگی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و ڕێگەوبان " کردووە و چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، تێیدا بەرگریی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و بە فەرمیکردنی زمانی کوردی کردووە. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەم کتێبە لەوەڵامەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ گەلێک شوێنی ئەم نامیلکەیە کردووە، کە لێرەدا " وەک پاشکۆی ئەم نووسینە " وەرگێڕانی ئەو نووسینەش بڵاو دەکەینەوە.(٢)


کوردلر
توركلردن نه ایستیورلر ؟
طابع وناشری
م ٠ ع

وێنەی بەرگی نامیلکەی د. سەکبان
" کورد چییان لە تورک دەوێ "

سەکبان کە سەرۆکایەتیی هۆبەی کۆمیتەی بەغدای خۆیبوونیشی کردووە. لەو نامەیەیدا کە لەبارەی کوردەوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکانی ناردووە، لە ئەنجامی ئەوەی بە جەختەوە باسی لە کورد کردووە، دۆزی کورد لە گۆڕەپانی ناونەتەوەییدا هاتووەتە باسکردن. بە درێژاییی تەمەنی د. محەمەد شوکری سەکبان زۆرترین گفتوگۆ لەبارەی کارێکەوە کرابێ ئەو کتێبە " نامە " یەیەتی کە ساڵی ١٩٣٣ لە پاریس بەناوونیشانی: "La Question Kurdi" "دۆزی کورد"ەوەی نووسیوە. بە هۆی ئەو کتێبەوە کە نووسیویەتی لەگەڵ ئەو دۆزی کوردەی ساڵانی ساڵ بەرگریی لێ کردووە دژاودژ کەوتووە. لەم کتێبەیدا لەو بڕوایەدایە دۆزی کورد وەک کارتێکی بەدەست کەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکار هێنراوە و دەهێنرێ. لەبەر ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی بەلای زۆرێک لەوانەی

بەرگری لە نەتەوایەتیی کورد دەکەن، ئیدی وەک تورکچییەکی کەمالیست، دەست بە خزمەتکردنی بۆچوونی فەرمی دەکا. ئیدی دۆست و ناحەز هەریەکەو بە بۆچوونی خۆیان باسی ئەم کتێبەیان کردووە.

دوکتۆر شوکری محەمەد سەکبان کتێبی " La Question Kurde "ی بۆچی نووسیوە؟

مامۆستا مووسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانیدا بەم جۆرە باسی ئەو نووسەر و کتێبە کردووە، .

بێگومان گەورەترین مقۆ مقۆ و تاوتوێکردن لە بارەی د. سەکبانەوە بە هۆی ئەو کتێبەیەوە بووە کە بە فرەنسی بە ناوی دۆزی کوردەوە ساڵی ١٩٣٣ لە پاریس بڵاو کراوەتەوە. سەکبان لەم کتێبەیدا ڕەسەنی کوردی بە تورک داناوە. لەلایەن حکوومەتی ئەو سەردەمە، تەنانەت لەمرۆشماندا دەبینین بووەتە هۆیەکی پڕوپاگەندە. بەڵام سەکبان دوای ساڵانێک بەپێی ئەوەی بە مووسا عەنتەری ڕاگەیاندووە تەنانەت شتێکی وەهای بە خەیاڵیشیدا نەهاتووە. هۆی نووسینی ئەو کتێبە بە قسەی خۆی (ساختە و هەڵبەست)ە ئەوەیە کە ساڵی ١٩٢٥ کوردستان بێخاوەن بووە و هەموو جۆرە زۆرداری و جینۆسایدی بەرامبەر ئەنجام دەدرا، نە لە ئەوروپا و نە لە دنیای ئیسلامیشدا بچووکترین پشتگیری و ناڕەزایی نەدەبینرا. هەموو دەستپێشخەری بۆ حکوومەتی فاشیستی ئەنقەرە مابووەوە. ئێمەش لە دەرەوە هیچمان پێ نەدەکرا، ئەگەر سەیری بنچینەکان بکرێ، ئەو بزووتنەوانەی تورکەکان بە یاخیبوونیان دادەنان کاردانەوەیەکی بەجێ نەهێنانی ئەو پەیمانانە بوون کە لەگەڵ ئەتاتورکدا بەسترا بوون، لەبەرئەوەی کوردەکان چاوەڕوانی گەلێک هەڵسوکەوتی مرۆڤانەیان لە پارتی ئیتیحاد و تەرەققیی زۆردار و پاشایان و لە دامەزرانی کۆمار دەکرد، بەڵام ڕوانییان کە کارگێڕیی کۆمار پاڵەپەستۆی قورستریان بۆ کورد هێنا. ئیدی من لەبەرئەوەی نووری سەعید پاشام لە ئەستەمبوڵەوە دەناسی لەو حکوومەتەدا کە بەخۆی لە سەردەمی شا فەیسەڵی یەکەمدا لە عێراقدا پێک هێنا بوومە وەزیری تەندروستی. بەهەرحاڵ دەبێ لە پەڕاوەوە بێ کە، لاوازییەکی سەرەتای نەخۆشیی سیلێک هات. بۆ چارەسازی چوومە ئەڵمانیا، ڕۆژنامە ئەڵمانییەکان هەموو ڕۆژێک ڕووداوە دڕندانەکانی تورکیایان دەنووسی، لەناو ئەم خەمانەدا وام بەبیردا هاتەوە، پیاوە نەزانەکانی ئەنقەرە دەڵێن هەموو دنیا تورکە. دەبا منیش بڵێم کورد تورکە، بگرە ئەو زۆردارییەی لە کورد دەکرێ هەندێک سووک دەکرێتەوە، ئیدی ئەم کتێبە ساختە و هەڵبەستەیەم بەم بیرەوە لە نەخۆشخانەدا لەسەر ئەو دەسڕۆکە کاغەزانەدا نووسی کە بۆم دەهاتن. دوای لە نەخۆشخانە دەرچوونیشم لە چاپخانەی سۆربۆندا لە چاپم دا. بەڵام هاوڕێیانم زۆریان خەم پێ خوارد. لە گەڕانەوەدا لەگەڵ جەلادەت بەدرخاندا بەیەکەوە نانمان دەخوارد. شیوێکی عەرەبمان بۆ هات کە نەمدەزانی چییە، لە جەلادەت بەگم پرسی: " ئەمە چییە؟ ". گوتی " دوکتۆر باینجانە بەڵام تۆ دەتوانی بڵێی کودییە!.." تێگەیشتین کە جەلادەت بەگ مەبەستی کتێبەکەی من بوو. دواتریش ڕەخنەگەلێکی سادەی تریش هاتە گۆڕێ. گوایە من

هاوسەرە چەرکەسە ئەستەمبوڵییەکەم کاری تێ کردووم. لەبەر تاسەی ئەستەمبوڵی هاوسەرەکەم نووسیومە و بڵاوم کردووەتەوە، مەبەستم بەر لێبووردنی ئەتاتورک کەوتن بووە... لە کاتێکدا سوێند دەخۆم کە، شتی وەها نییە."(٣)

یەکێکی وەک " ئەحمەد ئاقیۆڵ " ناوێکیش نووسیویەتی دەڵێ:

" دواتر لە ئەنجامی زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ، ئەو تێزەی خۆی گۆڕی کە ساڵانێک کاری لەسەر کردبوو و ساڵی ١٩٣٣ کتێبی " La Question Kurde- Des Problemes Des Minorites " واتە: (دۆزی کورد ـ گرفتی کەمینەکان) ی بە فرەنسی بڵاو کردەوە.

دواتر دەنووسێ: دوای مردنی ـ واتە د. سەکبان ـ هەندێک نووسەر باسی ئەوەیان کردووە کە د. سەکبان لەو کتێبەی خۆی مەمنوون نەبووە کە ساڵی ١٩٣٣ نووسیبووی، بەلای مەنەوە ـ ئەمە قسەی ئەحمەد ئاقیۆڵ ـ ە، ئەگەر لەو نووسینانەی خۆی مەمنوون نەبووایە، لە ساڵی ١٩٣٩ ی ساڵی گەڕانەوەیەوە بۆ تورکیا تا ١٩٦٠ی ساڵی مردنی کە دەکاتە ٢١ ساڵ ئەم بیرانەی هەر دەنووسییەوە، بواری ئەوەشی بووە.... (٤)

*

## لە لاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە(*)

چەند تێبینییەک:

١ – بە نیازی لابردنی زەحمەتیی بە دواداگەڕانی خوێندەواران ئەو دەستەواژانەی دوکتۆر بەگ کە ڕەخنەم لێیان گرتوون، فرەنسییەکانیانم، هەروەها ئەو قسانەی هەندێک لە بەڕێزانم وەک بەڵگە یان گەواهی هێناومەتەوە، دیسانەوە ڕەسەنە فرەنسی یا ئینگلیزییەکەیانم لە پەڕاوێزدا بە نووسراوەکەمدا تۆمار کردوون.

٢ – بە ڕێکخستن و چاپکردنەوەی دەستەواژە فرەنسییەکان بەپیتی تایبەت بە ئینگلیزی بە گشتی لەبەرئەوەی پیتە سەروبۆردارەکان بەبێ سەروبۆر دەرکەوتوون، بەپێویستم زانی داوای لێبووردن لە خوێندەوارە بەڕێزەکان بکەم.

٣ – ئەو دەستەواژەیەی بە وشەگەلی " Moi qui me pique " دەستی پێ کردووە و لە پەڕاوێزی لاپەڕە ٥٠ دا هاتووە، ئەگەرچی لەهەندێک شوێندا وەرگێڕانمان بە واتایەکی تر دێ، ئەگەر ئەو شێوەیەی لە نامیلکەکەی دوکتۆردا پێڕەوی کراوە بەبەرچاوەوە بگیرێ، پێویستە بڕیاری ئەوە بدەن کە ئەو واتایەی مەبەست بووە کە ئێمە پەسندمان کردووە.

***

هەورامەی کتێب



مامۆستا ڕەفیق حیلمی

١

دوکتۆر شوکری محەمەد سەکبان، بەڵێ شوکری محەمەد بەگ، ئەو کوردە نیشتمانپەروەرە بەناوبانگە، کە خودی خۆی لە نامەیەکیدا کە بۆ ئەم نووسەرە نووسیوە و وەکو تێیدا دەڵێ جگە لە " هێوی " کە کۆمەڵەی قوتابییان بووە، بەگشتی بە چوونە ناو کۆمەڵە کوردییەکانەوە لەگەڵ هەموویاندا جودا جودا، یان بە تەنیا بۆ کوردایەتی، نازانم بە چ ئامانجێک (؟) کاری کردووە و پەلی کوتاوە، ساڵی ١٩٣٣ ی ڕابردوو لەو نامەیەیدا کە بەناوی La question Kurde بە فەرەنسی لە پاریس بڵاو کراوەتەوە، تێگەیشتنی ئەو شتانەی کوتوونی، ئەو (دۆزی گەورەی کورد)ە، کە دەمنادەم ئەو حکوومەتە داگیرکارانەی خەریک کردووە کە، کەم تا زۆرێک پێوەندییان بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیک و تەنانەت لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە و میللەتەکانیانیشەوە هەیە، ئاساییە مەبەستی ئەوانە بێ، لە نێزیکەوە یان لە دوورەوە بەدوایدا دەچن.

لە کاتێکدا دوکتۆری بەڕێز، وەک ڕێتێچوونێکی وەهای بەبەرچاوەوە نەگرتبێ هەڵسوکەوتی کردووە، تەنانەت جگە لەوەی تاکە دانەیەکی کتێبەکەی بۆ ــ نێزیکترینی برادەرانیشی ــ نەناردووە، ئەوەی لە شوێنێکی دیاریشدا، لە جێیەک یان کتێبخانەیەکدا کە بکەوێتە بەرچاوی کڕیاران دانەناوە. لێکدانەوەی ئەم هەڵسوکەوتەشی وەک لە تێگەیشتنی ئەو هاندەرەشدا کە ئەوەی پێ نووسیوە تووشی گرفتەیلی کردم. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو نامیلکەیەی تەنیا ناویم بیستبوو و تەنیم نەدیبوو خستمیە مەراقێکی گەورەوە.

بە تایبەتی ئەو بەدوادا چوونانەی لە یەک دوو ساڵەوە بۆ مێژووی کورد و دۆزەکەی، کە تەنیا لە گۆڕەپانی زانستی و ئەدەبیدا ئەنجامم داون، جگە لەمە، ئەو دوکتۆرەی، بە، کەم تا زۆر پێوەندیی بە دۆزی کوردەوە دەزانم، لەم لایەنەوە توانستی زانستیی، یەک لەو هۆیانە پێک دەهێنا کە مەراقەکەمی گەرمتر کردبوو. بۆیە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، لە کۆتاییدا دانەیەکی ئەوم هەر بە

ڕێنوێنیی خودی دوکتۆر بە دەست هاورد. یەکەم کارم _ تەنیا بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن – خوێندنەوەی سەرتاسەری کتێبەکە بوو. ئەو تێبینییانەی لە یەکەم خوێندنەوەوە لەلام دروست بوو، تا چ ڕادەیەک ئاڵۆز بوو لە توانادا نییە و پێناسەم پێ ناکرێ. گوێیەکانم وەک بڵێی دەزرینگانەوە، عەقڵم واتاکانی ئەو وشانەی چاوەکانم دەیانیبینین پێی قبووڵ نەدەکرا. بەڵام نامیلکەکەم سەراپا و زۆر بە وردی خوێندەوە و دوای ئەوەی بە دوور و درێژی لێ ڕامان ئەنجامێکی هەرگیز ئومێدم لێ نەدەکرد، بەڵێ بە تەواوی مخابنەوە دەڵێم کە دوکتۆر _ لەژێر هەر مەبەستێکدا دەبێ با ببێ _ بەشێوەیەکی سەرسوڕمێن لە ڕاستی لای داوە و ویستوویەتی بە ئەنقەست بوختان بە مێژوو بکا گەیشتمە ئەنجامی پڕ لە مخابن. لە کاتێکدا بە تەمای سوود لە توانستی بڵندی وەربگرم، لەگەڵ هەست بەوە کردندا کە ناچارم بە ناوی مێژوو و ڕاستییەوە ڕەتی بکەمەوە و ڕەخنەی لێ بگرم دەستم بە ئازارچەشتن کرد.

ڕوونتر بڵێم، لە بیری سوودمەندییەوە کەوتمە بیری سوودبەخشی، لەگەڵ ئەوەشدا بە شیکردنەوەی مەبەستی دوکتۆر، لەبارەیەوە، ئەگەر بڕیارێک بە پشت بە باوەڕی خودی خۆم بەستن بێ، بە مەبەستی بە ویژدانانەوە بەجێهێشتنی ئەم لایە بۆ، بۆچوونی خوێندەوارە بەڕێزەکان، لە هەموو شتێک پێشتر ویستم ئەوەندەی لە توانادا دەبێ وەرگێڕانێکی ڕاستی نامیلکەکە بڵاو بکەمەوە. بەڵام کە بیستم پێشتر لە سووریا لەلایەن کوردێکی ڕۆشنبیرەوە بۆ تورکی وەرگێڕاوە و بڵاو کراوەتەوە. _ لەم بابەتەدا سەرەڕای ئەو زەحمەتەی هەڵم بژاردبوو _ وازم لە چاپ و دابەشکردنی وەرگێڕانەکە هێنا و بڕیارم دا تەنیا بە خستنە بەرچاوی خوێندەواران و تاووتوێکردنی ئەو خاڵانەی دژی ڕاستییە ڕووتە چەسپاوە مێژووییەکان و بەڕێوەچوونی بارودۆخ و ڕووداوەکان و تەنانەت بیر و متمانەکانی پێشووی خودی دوکتۆر بەگن، کە بڵاوکەرەوەی نامیلکەکەیە، بەڵێ ڕێک دژی بڵاوکراوە ئاشکراکانی خۆیەتی، وازی لێ بهێنم.

*




بەرگی کتێبەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی

٢

تیـرەیلـی ئەو ڕەخنانەی ئاراســتــەی کــورد و کــوردایەتی کــراون زۆر زۆرن. تەنیــا ئەوانـەی بە کاریگەریی سـوودە سیاسی و ئەدەبی و هـی تری ئەو نەتەوانەوە جموجووڵ دەکەن کە سەر بەوانن، پاساودانـەوەیان بۆ بە شیاویش ببینرێ، ئەو لێدووانەی لەلایەن ڕۆشنبیرێکی کوردی وەک دوکتۆر شوکری محەمەد بەگەوە دەرچووە، کە لە ٣٧ سـاڵ لەمەوبەرەوە لە سیاسەتی کورد و دۆزەکەیدا کار دەکا[١] شیکردنـەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەو گوتارە – ئەگەر شیانی زیانبەگەیەنی بۆ کوردە بێکەس و زۆرلێکراوەکـان و دۆزەکـەیان بەبەرچاوەوە بگیـرێ بەوەی کــە ئەرکی ویژدانیـی هـەر کوردێکی بەشـەرەفی ڕۆشنبیرە، بە ئاڵۆزکردنی (دۆزی کورد) بە لێبووردنەوەی ئەوانەی، پێبەند بوون بە کۆمـەڵە لێکدانەوەیەکی ناڕەوایان لا پەسند نییە و بەمـەرجی هەڵپەسـاردنی کـەسایەتیی سیاسـیی، بە یارمەتیی دوکتۆر شوکری محەمەد بەگ نازینەوە کە شانازی بە دۆستایەتیی دەکەم، بە شێوەی چوونە ناو بابەتە سەرەکییەکە دەست بە قسە دەکەم.

٣

دوای ئەو پێشـەکییـە کورتەی لە نامیلکەکەدا بەکورتی باسـی مێژووی کورد دەکا، یەکەم قسـەی نووسـەر کە سەرنجی لێ وردبوونەوە ڕادەکێشێ، ئەو گوتـەیەتی کە گوایە ئەو دەورە مێژووییـەی بەر لە مـیـدیاییـیــەکـانەوەیە، بەلای کـوردەوە نەزانراوە،[٢] لەبەرئەوەی هیـچ هۆیەک نیــیــە بۆ بەشـداریکردنی بڕوای نووسـەری بەڕێز لەم بوارەدا، ئێسـتـاکـە هەمـوو کـوردێکی ڕۆشنبـیـر بە شێوەیەکی کورت یان بە تێکڕایی لە مێژووی میللەتەکەی ورد دەبێتەوە و لەلایەن هەندێک کەسەوە نیازی شێواندنی هەبێ. ڕاستییە مێژووییەکان، لەو زانا ڕۆژئاواییانەوە وەردەگرن کە دەزانن چۆن لە سـەرچاوە ڕوون و خاوێنەکانیـانەوە وەردەگرن، واتە کـەم تـا زۆرێک سـەیری قسـە و بۆچوونی ڕۆهـەڵاتناسە بەڕێز و بە ویژدانەکان کردووە. ئەم ڕاستییەش پێش هەمـوو کەسێک لەلای دوکتۆری بەڕێز ڕوونە، بەم جۆرە کە قسەیەکی ناڕەوا دەکا ئەڵبەتە دەبێتە جێی سەرسوڕمان. دەڵێ:

" لە ڕاستیدا، کوردەکان لەبەرئەوەی سەردەمی پێش شـانشینیی میدیای مێژووی خۆیان نازانن لەبەرئەوەیە بۆ ئەوە چوون کە لە نەوەی میدیاییەکانن."[٣]

ئەمـە چۆن بڕیارێکە و ئەم بڕیارە پشت بە چی دراوە؟ ئاخـۆ ئەو بـەڵگە زانسـتی و مـێژووییـیـانە، ئەوەی ئەم بڕیارانەیـان بە دوکتـۆر داوە لە ئارادان لـە ئارادا نین؟ ئەگەر لە ئارادان، داخـۆ زانایانی ڕۆژئاوا و ڕۆهـەڵاتناسـە شایستـەکان پشتگیریی ئەم جۆرە بەڵگە زانسـتی و مـێژووییـیـانە پەسند دەکــەن؟ ئـیـــدی لـەم بـارەیەوە بـێ ئـەوەی هیـچ ڕوونکردنەوەیەک بدا بـەو بڕیـارەی ســـەرەوە ئـەو پەلەپەلـیـەی پێشـانی داوە ئەوی خسـتـووەتە نـاو هەڵەیەکی لێنەبوردراو. بەهـەرحـاڵ بـە دەربڕینی ئەوەی کە میـدیاییـەکان بە چەند سـەدەیەک دوای کوردەکان هاتوونەتە دەوروبەری کوردسـتـان[٤]

ناتوانێ ئەو بۆچوونەی بە هیچ کەسێک، بە تایبەتی بەوانەی کەم تا زۆرێک شارەزای مێژوون بسەلمێنێ. بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە بە خۆیان بسەلمێنرێ پێی ڕادەسپێرین دووبارە بە وردی بە لاپەڕە ٧٤ ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ڕاستگۆترین سەرچاوەی خودی کتێبەکەی خۆیدا بچێتەوە، کە کتێبی کورتە مێژووی " کورد و کوردستان " ی محەمەد ئەمین بەگی بەڕێزە. لەو باوەڕەشەوە، لەگەڵیشیدا خوێندەوارە بەڕێزەکانیش بۆ پێداچوونەوەی ئەو لاپەڕەیە بانگهێشتم پەسند دەکەن، هەندێ لە دەستەواژە بەبایەخەکانی پیتاوپیت وەرگێڕم و لێرەدا تۆماریان دەکەم:

" پرۆفیسۆر سایس – Sayce دەڵێ عەشایەری ماد کورد بوون و لە ڕۆهەڵاتی ئاسیادا نیشتەجێ بوون، شانشینییان تا باشووری دەریای خەزەر هەڵکشابوو. لەلایەن زمانەوە بەشی زۆریان هیندۆ – ئەوروپایی بوون و لەلایەن ڕەگەزیشەوە ئاری بوون(٥) وەرگێڕانی ئەو دەستەواژەیەی یەکسەر بەدوای ئەمەوە دێ کوتومت ئەمەیە: " بەپێی قسەی هەندێک لە پسپۆڕان و ڕۆهەڵاتناسان زمانی نەتەوەی (ماد) زمانی کوردیی ئەمڕۆیە یانیش بنچینەکەیەتی."(٦) جگە لەمەش ، (مس بێڵ) خانی خانمە سکرتێری کاروباری ڕۆهەڵات لە کارگێڕیی نوێنەرایەتیی باڵادا و بەڕێوەبەری شانازیی مووزەخانەی شوێنەواری دێرین، لە لاپەڕە ٥٧ ی ئەو ڕاپۆرتەی بە ناوی Re-viw of the Civil Administration of Mesopotamiaوە ساڵی ١٩٢٥ بڵاو بووەتەوە، کە لەبارەی کوردەوە دەدوێ ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە (بەڕەسەن مادن). لە لاپەڕە١٠٩ و١١٠ ی ئەو نامەیەشدا کە بە ناوی

A Handbook of Mesopotamia ( Vol.l.Second Edition ) بڵاو کراوەتەوە، کە لە بارەی کوردەوە دەدوێ ئەوە دەردەخا کە بەڕەسەن ئێرانین. ئەم وشەی "ئێرانی " یەی ئێرە بێگومان پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکا کە ئاماژەیە بۆ " میدیایی "یەکان. دیارە دۆزی لە وەچەی (مەد) بوونی کوردەکان، یان لە وەچەی کورد بوونی (مەد)ەکان لە حوکمی تیوورییەکە، لەلایەن ڕۆهەڵاتناس و پسپۆڕەیلەوە پەسند کراوە، بە پێی ئەمە، بەڵگەیەکی وەک لە دواییدا کۆچکردنی (مەد)ەکان بۆ باکوری ئێران و دەوروبەری کوردستان، هیچ بایەخ و گرینگییەکی زانستی و مێژوویی نابێ ئەم تیوورییە تووشی هەڵتەکاندن بکا. ئەوەی کە کوردەکان دوای (مەد)ەکان بە ڕۆژگارێکی زۆر لەو دەوروبەرە ناوبراوەدا پێک هاتوون و کۆنتربوونیان لەوان، وەک ئەوەی مێژوو فێری کردووین لەگەڵ دوکتۆردا ئێمەش دەیڵێین، بەڵام ئەم قسەیەمان تۆزقاڵێک پشێوی بە بنەڕەتی باوەڕمان ناگەیەنێ. لەبەرئەوەی ئەو تورکە عوسمانییانەی ماوەیەکی زۆر دوای سەلجووقییەکان و تاقمە عەشیرەتێکی تورک کۆچیان بۆ ئاسیای بچووک کردووە، بە هاوڕەگەزدانانیاندا لەگەڵ ئەو تورکانەی لە نیشتەجێبوونەوەی ئەو وڵاتەدا پێشیان کەوتوون تەنانەت دوودڵیش ناکرێ. ئیدی، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەندێک بە وردی سەیر بکرێن، ڕوون دەبێتەوە نەتەوەی کورد لە کاتی جوداجودادا بە ناو و ناوبانگی جیاجیاوە و لە پارچەیەکی زۆر گەورەی ئاسیادا بوونی خۆیان دەرخستووە.

*

٤

ئێستا با بچینە سەر خاڵێکی تر، ئەو خاڵەی کە گوایە کوردەکان بە ڕەسەن تۆرانین. دوکتۆری بەڕێز بە پشتبەستن بەو ڕووداوانەی بە قسەی خۆی بە زانستییانەی داناون، دوای سەلماندنی ئەوەی کە کوردەکان بە ڕەسەن ئاری نین، ئەمە دەڵێ: " هەر لەو کاتەدا بە ڕەسەن سامیش نین. کەواتە بە پێی بۆچوونی هەندێک لە زانا ئەڵمانییەکان دەبێ بە ڕەسەن تۆرانی بن. "(٧) بە ڕاستی لۆجیکێکی جوانە! هەروەها ئەم (لۆجیکە جوانە؟) ی دوکتۆر بەگی بەرەو لێکدانەوە بە کێش هێناوە، ڕاستتر سەرەڕای زیرەکیی ئێجگار گەورەی ئەو بەڵگانەی خستوویەتییە هەڵوێستێکی پێکەنینهێن (ئەستەغفیروڵا بەڵگە) چییە ئاخۆ دەزانن؟ ئەو دۆزە سادەیەی ئێستە باسمان لێوە کرد، بەڵێ دۆزی لە سەردەمە دواییەکاندا کۆچکردنی (مەد) بۆ دەوروبەری کوردستان. لە سەراپای نامیلکەکەی ورد ببنەوە، تاکە یەک بەڵگە لەمە پترتان دیتەوە بیخەنە ڕوو، بۆیە بەلامەوە، تەنانەت پەسندکردنی زەحمەتیی پرسیاری ناوی ئەو زانایەلە بەڕێزە ئەڵمانانە و کێن و لە کوێندەر و چ بڕیارەیلێکیان داوەش کە باسی کردوون پێویست نییە...

٥

دوکتۆر بەگ، دوای ئەوەی بەو لۆجیکە پووچە بڕیاری بە ڕەسەن ئاری نەبوونی کوردەکان دەدا، بە ڕستەیەکی لە چوار پێنج وشەی وەک " هەر لەو کاتەشدا بەڕەسەن سامیش نین. " لێ دەگەڕێ و بەمەش بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکەی چەند بە پەلە ڕێ دەکا، ڕوونتریش بەمجۆرە ئەوە دەردەخا کە چەند ناچاری ئەوەیە خۆی لەو گرفتانە لابدا کە دێنە سەرڕێی. دەنا لە ڕاستیدا وەنەبێ لافی بەڕەسەن سامیبوونی کورد لێ نەدرابێ. بەڵێ وەک هەندێک لە نووسەرە تورکە ناسنامە نادیارەکان لەسەردەمە دواییەکاندا گردوویانە، جارناجاریش هەندێک نووسەریی تری عەرەبیش بە زانین و بە نەزانی ئەم جۆرە بوختانە لە تام بەدەرەیانەیان لە زانست و مێژوو کردووە. تەنانەت خوالێخۆشبوو مەحموود ئەفەندیی ئالووسیزادەی فرەزانای بێ هاوتای سەردەمی خۆی کە ناووناوبانگی زانستیی ئاسۆگەکانی عێراقی پڕ کردبووەوە، تەنانەت باوەڕیشی بەوە هێنابوو کە کوردەکان لە نەوەی " قەحتان " ن.(٨) بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەرکامە لە کورد بیانی ئەگەر لافی بە ڕەسن سامیبوونی کورد لێ بدا، کێ چوزانێ، بگرە شوکری محەمەد بەگێکی دووەم پەیدا دەبێ پشت بە کۆمەڵە بەڵگەیەکی لە جۆری ئەو بەڵگە زانستییە پووچانە دەبەستێ کە باسیان لێوە کرا و دوای ئەوەی ئارەزووی سەلماندنی " مەد " نەبوونی کورد دەکا " دیارە بە ڕەسەن تۆرانییش نییە! " لەو بارەدا بە پێی لافی مەحموود ئەفەندی یان هی نازانم کێ و گێڕانەوەی بڕیاری لە جۆری دەبێ بە ڕەسەن سامی بێ دەدا. پیاوە سیاسییەکانی حکوومەتی ئێرانیش وەک دەوڵەتانی تری داگیرکەری خاکەکەی کە ئاگەداری ئازایی و دلێریی نەتەوەی کوردە – کە بەلامەوە بە گوێرەی ئەوانی تر دەبێ گوتە ڕەواتر بێ ئەڵبەتە لە دەربڕینی ئەم جۆرە تیۆرییانە دوا نەکەوتووە و دوا ناکەوێ. بەڵام بە

پێی هەڵکۆڵینەکان و تۆمار و بەڵگە ئارکیۆڵۆجییە (Archeologique) چەسپاوەکان، بە گوێرەی قسە و باسەکانی گەورە ڕۆهەلاتناس و پسپۆڕەکان، ئەم جۆرە سیاسییە کە هیچ بەها و چییەتییەکی نییە و بۆ ئەوەی بتوانرێ کەمترین بەها و بایەخێکی بدرێتێ داوای لێبووردن لەم جۆرە دەربڕینە دەکەم  یان دەبێ زۆر نەزان بێ یانیش لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵە هۆیەکی نهێنیدا بێ. زیندووترین و بەهێزترین نموونەش کە پشتگیریی ئەم قسەیەمان دەکا، لەو بەشەی بە ناوی ئەنجامە ئەتنۆگرافییەکانی ئەو ڕاپۆرتەدا دەبینینەوە، کە لە ١٦ ی تەمووزی ١٩٢٥ دا لەلایەن ئەو لیژنەیەوە دراوەتە ئەنجوومەنی نەتەوەکان (عوسبەتولئومەم)، کە لە کاتی خۆیدا بە بۆنەی دۆزی مووسڵەوە بۆ ڕاپرسی هاتوونەتە عێراق.(٩)

٦

دوای ڕەخنە لێگرتن و ڕەتکردنەوەی گشت ئەم بەڵگانەی سەرەوە لەبارەی هەڵەکاریی تۆرانی بوونی " ڕەگەزی " کورد، ئێستاکە با هەندێک دوکتۆر بەگ خۆی، واتە کەسایەتییەکەی جارانی بێنینە قسە: هەرچۆنێک بێ دەبێ لە بیریاندا مابێتەوە کە لە دەمانێکدا بێگانەی ئەم باوەڕە دواییەکانی بوو و نێزیکەی یازدە ساڵ لەمەوبەر لە ڕێککەوتی ١٨ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٣دا نامەیەکی کراوەی ئاراستەی (فەیزیی کورد)ی وەزیری نافیعە " ئاوەدانکردنەوە و ڕێگەوبان " ی کۆماری تورکیا نوێنەری دیاربەکری بڵاو کردبووەوە. هەر لەو نامەیەدا، بەڵێ لە لاپەڕە بیستی ئەو نامە چاپ کراوەدا کە ناوی کورد چییان لە تورک دەوێ" کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر؟ " ە، دەستەواژەیەکی، کە باوەڕی ئەوێ ڕۆژی دوکتۆر بەگ دەستنیشان دەکا، واتە لەبارەی بە ڕەگەز (تۆرانی) بوونی یان نەبوونی کوردەوە، هەر وەک خۆی بۆ ئێرە دەگوێزینەوە: (بەڵام ئەمڕۆ تورکچییێتی بەهەموو لق و پۆپەکانییەوە دەستی بەسەر بارودۆخەکەدا گرتووە، خستنە ناو کۆمەڵی تورکەوەی " کورد " ئێجگار نائاساییە و لە کاتێکدا میللەتەیلی زۆر لە کورد دواکەوتووتر خاوەنی سەربەخۆیین، " کورد " بە ئارەزووی خۆی هەرگیز ناچێتە ناو کۆمەڵەی تورک.)، ئیدی ئەم وتەیەی کە لە قەڵەمی خودی خۆی دەرچووە، ڕەوانبێژترین وەڵام بۆ ڕەتکردنەوە و ڕەخنە گرتن لە باوەڕی یان ڕاستتر لە ئاواتەخوازەکانی ئەمڕۆی دوکتۆر بەگ پێک دەهێنێ. ئێستاش دوای ئەوەی ئەم باسەی پێوەندیی بە باوەڕی ڕابردووی دوکتۆر بەگەوە هەیە خرایە پێش چاو لێرەدا کۆتایی پێ دەهێنم. لەبەرئەوەی درێژەی ئەو ڕستانەی نامەکە، کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە، بە ڕەتکردنەوە و ڕەخنە گرتن لە یەکە بە یەکەیان ئەگەر بواردانەوە بێ بە درێژدادڕی، بۆ پایەی ڕەتکردنەوەش و بۆ ئەوەی ئەگەر (تەنەززول) بفەرمێ – لەبارەی شوێنی ڕەسەنی پەیدابوونی کوردەوە بۆ دوکتۆر بەگ ڕوون بکەمەوە و بەوەی کە بتوانم لەم بوارەدا گومانەکانی لاببەم بانگهێشتی دەکەم تۆزێ بە وردی بەشی یەکەمی کتێبی بە ناونیشانی " الاکراد "ی بە عەرەبی نووسراومان بخوێنێتەوە کە لە لاپەڕە سێیەوە دەست پێ دەکا.

## ٧

دوای ئەوەی کوردستان، بە میانبینیی ئیدریسی بتلیسیی بەناوبانگ، بە ویستی خۆی چووە ناو بازنەی فەرمانڕەواییی سوڵتان سەلیم یاوز، کە دێینە سەر بارودۆخ و چۆنیەتیی، لەم بارەیەوە، نەک هەر من، لە توانای هیچ خاوەن ویژدانێکدا نییە بەشداریی ئەو ڕوونکردنەوانە بکا کە دوکتۆر بەگ هێناونی. ئەمە نەبووەتە باوەڕێکی کەسێتیی خۆم، ڕاستییەکی هێند تاڵە مێژوو و مێژوونووسان دانیان پێدا ناوە. کە بۆ ئەوەی بتوانرێ حاشای لێ بکرێ بەر لە هەموو شتێک پێویستە ماڵئاوایی لە ویژدان بکرێ. بە چاوپۆشی لە تاوتوێی خودی، با تێبینییەکانی دوکتۆر لەم لایەنەدا بە خوێندنەوە و گەواهییەکانی کەسانی تر بەراورد بکەین، دوکتۆر بەگ دەڵێ: (ئەم پیاوە پێگەییوە " واتە ئیدریسی بتلیسی "، کوردی بە زیرەکی و بینایی خۆی ویستی کورد لەو بارودۆخە ڕزگار بکا کە بەهۆی دوو ڕوویی و ناکۆکیی حوکمڕانی ناو سەرەک حکوومەتەکان و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی سەفەوییەکان و دەست تێ وەردانیانەوە،

تووشی هاتبوون و وەها داکەوتبوون کەڵکی بەرگرییان نەمابوو،، بۆ ئەوەی چارەیەک بۆ گشت ئەم بارودۆخانە ببینێتەوە، وای بەباشتر زانی تەواوی کوردستانی ئەو ڕۆژە بداتە پاڵ حکوومەتی عوسمانی."(١٠)

بەرامبەر بەمە وەرگێڕانی هەندێک ڕستە، کە لە نامەی بە فەرەنسی نووسراوی مسیۆ ئەلکسەندەر وەرگیراو کە بەناوی " کۆمەڵە هەواڵ و تێبینی لەبارەی کوردەکانەوە " با دەقاودەق بخەینە بەرچاو: (ئەوسا " مەبەست ئەو سەردەمەی پێش چوونە پاڵ حکوومەتی عوسمانیی کوردەکانە " لە کوردستاندا کۆمەڵێکی زۆر قوتابخانە هەبووە، مرۆگەل لەورە بەرامبەر زانست ئارەزوویەکی زۆریان دەنواند.

لە هەر شارێکی کوردستاندا لە هەر ویلایەت و شارۆکە یان دێیەکیدا یەک یان دوو یان سێ و جاروباریش زیاتر چاو بە قوتابخانە دەکەوت. لەبەرئەوەی قوتابخانەکان لەژێر سایەی حکوومەتە کوردییەکان و خەڵکاندا بووە، کە خاوەن زانستەکان جۆرەها یارمەتی و پشتگیرییان لێ دەکرا. لە کوردستاندا هەموو کەسێک، گەورە و گچکە، بایەخی زانست و پیشەسازیی دەزانی. لە جزیرە و ئامێدی و سۆران و سعرد و گەلێک شوێنی تر قوتابخانەی زۆر چاکیان لێ بوو. بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە پێویست بوو لە تاقیکردنەوەی دوازدە زانستی جوداجودا ڕەت بووایە. بەڵام ئێستا (واتە سەردەمی عوسمانی) قوتابخانەکان کەم بوونەوە و مامۆستایان و قوتابییان نێزیکە لەناو بچن یانیش خەریکە بوونیان دەگمەن بێ. " ئیدی دوو بۆچوونی دژاودژی یەکتری، یەکیان هی کوردێک و ئەوی تر هی بێگانەیەکی ڕۆشنبیر، لە بارەی کاتی پێشتری کوردستان، بەر لەوەی بچێتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی! لە کاتێکدا دەمانەوێ ئەوەندەی تۆزقاڵێک لەناو بازنەی ویژداندا بئاخێوین، داخۆ دەتوانین بڕیاری ڕوو لە گەندەڵیکردنی ئەو حکوومەتە کوردانە بدەین کە بەم ڕادەیە

پشتگیریی قوتابخانەکان و زانستویستان و پیشەسازی کردووە و ئامادەی یارمەتی دانیان بوون؟! ئەڵبەتە نەخێر! لەگەڵ ئەوەشدا وەک گریمانەیەکی نەبوو، بڕیارێکی وەها ئەگەر ڕاستیش بێ، واتە بە گریمانە پێشتر زۆریی قوتابخانە، ئەو حکوومەتە کوردییانەی کە بە پێشکەوتنی زانست و پیشەسازییەوە بە ناوبانگ بوون، لە سەردەمی چوونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، هاتنە سەرباری ڕوو لە گەندەڵیکردن، پەسند و باوەڕیشی پێ بکرێ، ئەم بارودۆخی گەندەڵییەی دوای چوونە پاڵ، بە گوێرەی ئەو کارەساتەی تووشی حکوومەتەکانی کوردستان و خەڵکەکەی بووە، لەو بڕوایەدام پێویستە وەک کامەرانییەک و بژێوییەکی زۆر گەورە و وەک شادمانی پێشوازیی لێ بکرێ. لە ڕاستیدا هەرچەند لەگەڵ دوکتۆردا منیش لە بەرامبەریدا بڵێم: " بێ ئەوەی ماوەیەکی کەمتر لە سەدەیەک ڕەت بێ... لە سایەی یەکگرتنی ئەم دوو نەتەوەیەدا، عوسمانییەکان بە هەڵمەتی زۆر شایستەیان وەک لە ڕۆئاوادا لە ڕۆهەڵاتیشدا لە پێشڕەویی شکۆمەندانەیاندا بەردەوام بوون و یەک لە گەورەترینی ئیمپراتۆرییەتەکانی دنیایان دامەزراندووە.(١١)

" هەرگیزاوهەرگیز ناتوانم بڵێم: " بەم جۆرە، ئەو یەکگرتنە، شایستەترین خۆشیی دنیا و دڵکێشترین شان و ناوبانگی چێژ و هەڵچوونەوەی تام پێ کردوون."(١٢) بۆ تێگەیشتنی ئەوەی ئاخۆ لەمەیاندا هەقمە یان نا با لەگەڵ دوکتۆر بەگدا پێکەوە، چاو بە لاپەڕەیەکی بچووکی مێژووی زێڕینی پێوەست بە ڕابردووی پڕ شکۆی کورددا، بەڵێ بە هی ئەم میللەتە قارەمانەدا بگێڕین کە ئەندامی ئەوین، بە پێی ئەو زانیارییە زۆر فراوانەی لە بارەی کوردستان و کوردەوە.

مێجەر سۆنی بەناوبانگی یەک لەو ڕۆهەڵاتناسانەی وەک زانایەکی ڕێ پێ دراوی قسە لێ بیستراو، کە باس لە کوردستانی دێرین دەکا بڕوانن چی دەبێژێ: " ئەگەر ئاوڕێکی بیرمەندانە لەم بەشەی ئاسیای ڕۆئاواییە بدرێتەوە، دەبینرێ کە ئەم هەرێمەی بووەتە کانگەی گۆڕانکارییەکی زۆر، میللەتانی وەک: ئاسوورییەکان و پارتەکان و یۆنانییەکان و ڕۆمایییەکان و فارسەکان لەگەڵ ئەو عەرەبانەی سەردەمی حەزرەتی محەمەد و مەغۆلەکان، لە مێژووی ڕۆهەڵاتی کۆندا بەردەوام گۆڕەپانی وڵاتگیری و داگیرکاریی لەشکرە شکۆدار و بە ناوبانگەکانیان پێک هێناوە. بە گشتیش لەناو ئەو نەتەوانەی تردا کە بەرامبەر ئەمانە وەستاون، توانستی کورد و بەرگرییان لە گشتیان پتر بووە. بەڵێ، لەو نەتەوانەی لەو زەوییە باس کراوانەدا نیشتەجێ بوون تەنیا " کورد " ە کە بەرامبەر ئەم هەموو لەشکرە بەهێزانەدا بە بەرگری، زمان و ڕەگەزی تایبەتی خۆی بە خاوێنییە ڕەسەنەکەی پاراستووە و بێ ئەوەی لە ڕێزگرتنی هیچ کەسێک درێغی بکا بە شانازییەکی نەتەوەییەوە پاسەوانی چیاکان، ئەوەی هێناوەتە مەیدان کە خاوەنی زمانی خۆیانن و لە ڕەگەزی خاوێنی ئارین.(١٣)

ئیدی ئەو کوردەی هەر لاپەڕەیەکی پرشنگداری بە داستانێکی سەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕازاوەتەوە، ئەو چێژی هەڵچوونەوەیەی شان و ناوبانگەی بە چەندان سەدە بەر لە دەرکەوتنی تورکەکان چەشتووە! دوای چوونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانییەوە کورد، نەک چەشتنی چێژی هەڵچوونەوەی شان

و ناوبانگ، بەپێچەوانەوە تاڵی و تفتیی پڕ ئازاری سووکایەتییان وەها مژی، لەژێر لێدانی شەقازلەی ژاراویی شانازیشکێنی ئەوتۆدا پلیشاونەتەوە کە بەو جۆرەی دوکتۆر بەگ دەڵێ:

" بێ ئەوەی ماوەیەکی کەمتر لە سەدەیەک ڕەت بێ... تورکەکان بە هەڵمەتی زۆر شایستەیان وەک لە ڕۆئاوادا لە ڕۆهەڵاتیشدا لە پێشڕەویی شکۆمەندانەیاندا بەردەوام بوون و یەک لە گەورەترینی ئیمپراتۆرییەتەکانی جیهانیان...." دادەمەزراند، کوردەکان بەرامبەر بە ونبوونی خوێنی ڕوون و خاوێنی لە دەمارچۆڕاویاندا هێواش هێواش کەمتەرخەم دەبوون و حوکمدارە سەرەوژێر کراوەکانی کورد لەژێر چزمەی تورکاندا خەیاڵی ورشەپرژێنی ئەفسەر " تانج " ەکانیان لە پشت پەردەگەلی ئەو زوڵم و ناپاکییە چڕەی بە چاویاندا کێشراوە، دەستیان کردووە بە نەبینین و بگرە بۆ هەتا هەتایە لە بیرکردنیان .

چۆن لە بیری نەکەن کە بە میانبینیی ئیدریسی بتلیسی لەناو سوڵتان سەلیم و حکوومەتە میرنشینییەکانی کورددا هێشتا نووسینی پەیمانی زانراویان هیشک نەبووبووەوە، دوای ئەوەی تۆوی ناکۆکی و گەندەڵی بە پیلانەیلی ئەهریمەنانە لەناو میر و بەگگەلی کوردستاندا وەشێنرا، ئەو کارە دزێوانەی لەشکرگەلی دڕندەی ئاراستە کراو ئەنجامیان دابوو مووی سەریان ڕادەگرت، ئەو قەڵا و سەنگەرە کوردانەی سەریان بۆ لەشکری سەرکەوتووی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا و وڵاتگیرە قارەمانەکان دانەنەواندایە لە ئەنجامی سیاسەتی پشتگوێ خستنی فەرمانڕەوایەتییە تورکەکان داوونەریتی ڕەسەنی خۆیان لە دەست دەدا و هەر بە خودی کوردەکان بە خۆیانیان تێک دەدان. لە ڕاستیدا ئەوەی خوێنی کوردایەتیی بزر نەکردبوو و لەسەر ژیاندنەوەی ئەو توانست و شکۆیەی لە ڕابوردوودا هەیانبوو دوو سێ میرنشینیی کوردی لە شمشێر بەجێ ماو بۆ گەڕاندنەوەی ئازادیی و سەربەخۆییان  بە کوتکی مەرگهێن لە سەری دەدرا و وەک دوا پەلەقاژەی گیانلەبەرێک هەندێک جموجووڵیان دەبوو و لاشەی ئەو کوردەی سەلیمی یەکەم سەری پەڕاندبوو، تا سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید ناوە ناوە ئەم جۆرە بزووتنەوە دەمارگرژانە و بە لەرزە، لە پیشان دانەوەی شوێنەوارێکی زیندوویێتی و سەربەخۆیی بەتاڵ نەبووە، لە پاش دوالەرزەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەدرخان پاشا، تەواوێک کۆتایی بە ژیانی سیاسی و سەربەخۆییی نەتەوەیی هێنرا. ئیدی ئەمە ئەو ئەنجامە بوو کە بەناوی کورد و کوردایەتییەوە لە یەکگرتنی لەگەڵ عوسمانیدا بەرهەم هاتبوو؟ ئێستا لەم بارەدا ئەو هۆیانەی هەڵچوونەوەی دڵکێشترین شان و ناوبانگی جیهانی بە کورد چەشتبێ دەبێ چی بن؟!.. نێزیکەی هەزار ساڵ بەر لە زاین یەک لە مەزنترین ئیمپراتۆرییەتەکانی جیهانی پێک هێناوە، هەزاران ساڵ بە ئازادی و سەربەخۆیی ژیاوە و بە لەشکری دوژمنبەزێنی گەورەترین نەتەوەکان، توانیویەتی بەر بە سەرکردە جیهانگیرەکان بگرێ. (مەد)ەکان، نەوەکانی بە شکۆی (کۆردوئەن)ەکان، لە شێوەی ١٤ حکوومەتی سەربەخۆ(١٤) دوای ئەوەی بە ویستی خۆی و بە پەیماننامە چووەتە پاڵ پاشای عوسمانی، بەرەبەرە، ماوەیەکی کەم تێنەپەڕی بوو لەشکری خوێناویی پاشا و پێشینە بێ پەیمانەکانی، لەبەردەمی تۆپ و نێزەی ناپاکدا هەستیان بە ئازارە

بسووتەکانی ناچاری مالئاوایی لە ئازادی و سەربەخۆییان کردووە، لە سەدەگەلێکەوە بەسەر زەویدا ڕاخرانی پەیکەری بە کارەسات و کۆستە سینە سووتێنی شان و سەرکەوتنیان – بەبوونە قوربانیی بێ ئاگاییی پشت بە بێگانە بەستن – بینیوە.

بۆیە، ژیانی سیاسیی هاوبەشی کورد – تورک، بەو شێوەیەی دوکتۆر بەگ دەیڵێ " تا شەڕی گشتی لەژێر ئەوەی دەشێ بە باشترین مەرجەیل دابنرێ دا، " نییە، بگرە بە پێچەوانەوە ئەگەر بڵێین لەژێر ئەوەی دەتوانرێ بە نەشیاوترین مەرجەیلێکی دابنێین دەوامی کردووە، ڕاستتر دەبێ.

٨

بابێینە سەر باسی هەستی نەتەوەییی و سەربەخۆیی کورد، بە قسەی دوکتۆر بەگ ئەگەر ئارەزوو هەستەکانی نەتەوەی کورد کورت بکرێنەوە، گوایە دەبێ بڕیاری ئەوە بدرێ کە ئەو هیچ کاتێک هەستی سەربەخۆییەکی میلليی پەروەردە نەکردووە. بۆ پشتگیریی ئەم بۆچوونەشی دیسان ڕستەیەکی لە کورتە مێژووەکەی بە ناوی کورتە مێژوویەکی کورد و کوردستان " مجمل کورد و کوردستان "ی مێژوونووسی بەڕێز محەمەد ئەمین زەکی بەگ وەرگیراوی بۆ پاڵپشتی هێناوەتەوە. ڕستەیەکی وەها کە، وەرگێڕانێکی ڕاستەقینەی خودی ئەو ڕستەیە بەهێزترین ڕەت کردنەوەیەکی قسەکانی پێک دەهێنێ. دوای ئەوەی وشەی " سەربەخۆیی "ی، کە لە کوردیدا واتەی " استقلال "ی عەرەبی دەبەخشێ، بە واتەی "حرية"ی عەرەبی وەرگرتووە ڕستەکەی بە شێوەی " بە مەبەستی بەرگری و پاراستنی ماف و ئازادیی خۆیان پیاویان کوشتووە و کوژراون و تالانیان کردووە و تالان کراون" وەرگێڕاوە(١٥) و بە پشت بەستن بە هەڵەی وشەیەکی سادەی وەها، بە گوتنی: " لێرەدا وشەی ئازادی واتەی سەربەخۆیی ناگەیەنێ"(١٦) بە لەبیرکردنەوەی لاپەڕەکانی شۆڕشە خوێناوی، بەلام خاوێنەکانی سەربەخۆیی کورد ، بە سەربەستییەکی گەورەوە توانیویەتی پەنجەی کفر و ڕێبزری بۆ " باوەڕی نەتەوەیی "ی کورد درێژ بکا. ئیدی ئەو ڕستە نیوە و ناتەواوەی مێژووی کۆن و نوێی کوردی بە دوکتۆر لە بیر بردووەتەوە و ئەو هەڵە گەورەیەی پێ کردووە، وەرگێڕانە ڕاستەقینەکەی بەم جۆرەیە: " لە ڕاستیدا کارەساتی داگیرکاریی تورک بۆ کورد زۆر توند بوو. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا چاویان نەشکا و خودماکی ڕەسەنیان ڕێی لە نائومێدی دەگرت و خۆبەدەستەوەدانی تێدا نەبوو. هیچ هەلێکیان لە دەست نەدەدا! بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆیان و پاراستنی (سەربەخۆییان) تێکۆشاون و پیاویان کوشت، کوژران، تالان کران و تالانیان کرد و هەرگیز گیرۆدەی هیچ حوکم و هێزێک نەبوون."(١٧)

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە پێکرا لەگەڵ دوکتۆر بەگ و خوێندەوارانیش لە هەموو گومانێک ڕزگار بکەین واتە بۆ سەلماندنی ئەوەی وشەی " سەربەخۆیی " بەتایبەتی لەلایەن محەمەد ئەمین زەکی بەگەوە بە واتەی " استقلال " بە کارهێنراوە، با یەک دوو نموونە بخەینە بەرچاو: ئاماژە بۆ کراو لە لاپەڕە ١٤٣ی کتێبەکەیدا لە باسی ئەو دەوڵەتەدا کە سوڵتان سەلاحەدینی

ئەیووبی دای مــەزراندووە دەڵێ: " ســەرەتای دامــەزرانی حکوومــەتی ئەیووبی لـەم سـەروبەندەدا دەستی پێ کرد و لە (٥٦٩)ی کۆچیدا، لە میسر بە سەربەخۆییەکی تەواوەوە دامەزرا (بێگومان ناگوترێ بە ئازادی) و زۆر فراوان بووەوە. "(١٨)

لە لاپەڕە ١٦٨ی هـەر ئەو کـتـێـبـەشـدا، نموونەیەکی دیکەش هەیە لەبارەی ئەوەوە کـە وشـەی " سـەربەخـۆیی " بە واتای " اسـتـقـلال " هاتووە. بەم جـۆرە کـە لە پاش چوونە پاڵ عـوسـمـانـیی کوردسـتـان، باسی ئەو ڕێکخستنە کارگێـڕییانەی کـردووە کە لەوێ ئەنجـامـدراوە. دوای ئەوەی هەشت سنجەق " بەگێتیی سەربەخۆ " و پێنج حکوومـەتی وابەستە دامەزرێنراوە کە ڕاستەوڕاست لە ژێر دەسـەڵاتی میرە کـوردەکاندا بوون و بە بـۆمـاوەییش بوون" واتە دوای مـیر بۆ کوڕەکـەی، یان بۆ کەسانی نزیکی خـۆی دەمایەوە "، دەڵێ: " ئەم حاکمە تابیعانە ڕوتبەی میری میرانیان بوو و لە ئیدارەی خـۆیانا بە تەواوی سـەربـەخـۆ بوون "(١٩) کە لە دەبڕینی " لە ئیدارەی خـۆیانا بە تەواوی سەربەخۆ بوون " لە گومان بەدەرە کە ویستوویەتی بڵێ، لە بەڕێوەبردنی ناوخۆییاندا _ استقلال _ یکی تەواویان هەبووە. بە کورتی دوکتۆر بەگ دەبێ زۆر چاک بزانێ کە وشەی "سەربەخۆیی" بە واتەی "استـقـلال "ی عەرەبی بەکـار هێناوە و من ناڵێم لەوان باشـتر دەزانم بۆیە بۆم هـەیە وابڵـێم. بگرە لێرەدا لە دەمـەدەمی هـەندێک جـمـوجـوڵ و بەڕێوەچوونی هـەندێک شـتی پێـوەست بە دۆزی سەربەخۆیی کورددا – کە ئێرە شوێنی ئەو باسانە نییە –، ئەمە دەڵێم...

پەڕاوێزەکانی نووسەر "ڕ. حیلمی":

(1) Il y a deja 37 ans que ja m interesse a la politique generale,et j ai eu la Concience nationale etc [La question Kurde ] p.20

( 2 ) En effet, Les Kurdes, ignorant les periodes ds leur histoir au-dela du royaume des Medes Croyaient qu ils etaient des descendants des Medes.

(3) La question Karde. Page 10

( 4 ) Repassez p.10

(٥) مۆرخلر تاریخ عمومیسی. جلد _ ٢

(٦) خودی ئەو دەسـتـەواژەیەی لە کـتـێـبی " ایران قدیم " وەرگـیراوە و جـەنابی مـحـەمـەد ئەمین زەکی بەگ ئاماژەی بۆ کـردووە، مـیر جـەلادەت عـالی بەدرخان بەگ ئەفـەندیی یەک لە گەورە نیشـتـمانپـەروەرانی کورد، لە لاپەڕە " ٥٩ "ی ئەو کتێبـەیدا کە بە ناوی " مکتوب "ەوە ئاراسـتـەی مسـتـەفا کـەمال پاشـای سـەرۆکی کۆماری تورکیای کردووە، بەم شێوەیە باس دەکا:

" ... Darmstetter ایرانشناس معروف عقیدەداست کە زبان آوستائی زبان مدها بودە.. هرحال شکی نیست کـە زبان مـدها با زبان پارسئ دورهء هـخـامنشی یعنی پارسئ قـدیم تقـریبا یک زبان بودە و تفاوت جزۆی با آن داشـتە. بعضـی (مـسـتـشـرقلردن بعضلری دیمک ایستـەیور) زبان کردی امـروزە را مشتق از زبان مدها میدانند. "

واتە:

" تیووریی نەوەی مەدبوونی کوردەکان و لە درێژەی زمانی مەد پێکهاتنی زمانی کوردی ڕۆژ بە ڕۆ بەهێزتر دەبێ. حەسن پرنیا " موشیرووددەولە " لێ ورد بوونەوە و تیوورییەکانی زانایانی ئەوروپایی لەبارەی مەد و فارس و زمانەکانیانەوەی لە کتێبی " ایران باستان "یدا کورت کردووەتەوە، لەم بارەیەوە بەم جۆرە دەدوێ:

... Darmstetterی ئێراننناسی ناسراو لەو باوەڕەدایە کە زمانی ئاوێستایی زمانی مەدەکان بووە.. بە هەرحاڵ گومانی تێدا نییە کە زمانی مەدەکان لەگەڵ زمانی پارسیی دەمی هەخامەنشی واتە _ پارسیی کۆن _ هەروەک یەک زمان بوون و جیاوازییەکی کەمی لەگەڵدا هەیە.. هەندێکان (مەبەستی هەندێک لە ڕۆهەڵاتناسەکانە) لەو باوەڕەدان زمانی کوردیی ئەمڕۆ لە زمانی مەد وەرگیراوە. "

(7) Done,a la lumiere de Ces faits quasi scienifiques, Les Kurdes ne sont nulement aryens. Ils ne sont pas non plus des semites ils seront d après les pretentions de certain savants allemands d origine touranienne ".P.11

(٨) خوالێخۆشبوو مەحموود ئەفەندیی ئالووسی زادە، لە کتێبی " روح المعانی " ی لێکدانەوەی قورئانی پیرۆزدا (بەرگ/ ٨ ، لاپەڕە / ١٤٩)، کە باسی ڕەسەنی کورد دەکا، بەپێی قامووس سەرجەلەی کوردی بەم شێوەیە نووسیوە:

" کوردی کوڕی عەمر میزیقیای کوڕی عامر مائوسسەما، یان عامری کوڕی حاریسەی ئەلغتریف _ ی کوڕی ئومروئولقەیسی ئەلبتریق _ ی کوڕی سەعلەبەی کوڕی مازنی کوڕی ئەلئەزدی کوڕی ئەلعەوسی کوڕی نەبتی کوڕی مالکی کوڕی زەیدی کوڕی کەهلان _ ی کوڕی یەبای کوڕی یەشجیبی کوڕی یەعروبی کوڕی قەحتانی کوڕی عامر(یان شالخ)ی کوڕی ئەرفەخشەدی کوڕی سام _ ی کوڕی نووح " و وای پێشان دەدا. " (محمد امین زکی بگ _ مجمل کورد و کوردستان).

(9) Les Kurdes ne sont ni Arabes, mi Turcs,ni Persan. C est de Ces derniers qu ils sont les plus proches .Ils diflerent et sont nettements a distinger des Turcs et sont encore bien plus loin et bien plus differants des Arabesì page 46.

(10) Ce savant home par sa sagesse et prevoyance ete. p.16

(11) Bientot, en meins d un siecle, grace a l union naturelle de ces deut peoples du meme sang, etc. p.16

(12) Ain si Cette union leur faisait gouter les delices et l enthousias ne de la gloire la plus envirables et la plus enviable du monde. P.17

(13) When it is remembered that this part of Western Asia has been subject to the most wholesale revolution, To invasion by the armies of every nztion that ever acquired fame and name in the Eastern worlds History- Assyrian, Parthian, Greek, Roman, Persian, the Arabs under Muhammad, and the Mongols- the fine stability of the race stands out, for among all the people of these lands they alone have withstood every army and retained pure their language and blood, and ciaim with a pride of race to which none cangrudge admiration, that they are the pure Argan " holders of the hills, and the possessora of the tongue " ( to Mesopotamia and Kurdistan in Disguise By E.B. P.311.) Soane

(١٤) شەریف پاشای یەک لە جەنەڕاڵە کوردە بە ناوبانگەکانی دانیشتووی پاریس، لەو یاداشتەیدا کە ساڵی ١٩١٩ داویەتییە کۆنفرانسی ئاشتی، ٤٦ ژمارەی لەم حکوومەت و میرنشینانە پیشان داوە.

(15) Pour delendre leurs droits et maintenir leur liberteil (Kurdes) tuerent, ils se firent tuer, ils ont pille et ont ete pillesì p.19

(16) Lei la  liberte ne signifie  pas lindependance, Cest plutot le sentiment damour-propre qui est tres deoo-loppe chez les Kurdes. P.19

(١٧) واقعا مصیبتی استیلای تورک بو کورد زور به شدت بو بەلام لەم حالەش چاویان نەشکا و فگرتی اصلیەیان مانعی  یأس و تسلیمی تیابو هیچ فرصتیکیان فەوت نەءاکرد و دائما بو حق سەندنی خویان محافظەی (سربەخویی) سعیان کرد، کوشتیان و کوژران تالآن کران و تالآنیان کرد و قەت بە تەواوی گیرودەی هیچ حکم و قوتیک نەبون... محمد امین زکی بک. کورد و کوردستان صحیفه ١٣٨.

(١٨) ڕێنووس و هەندێکی زمانی دەقەکەم دەسکاری کردووە، هەروەها مامۆستا دوای دەقەکە وەرگێڕانی تورکیشی بۆ نووسیوە. لێرەدا بە باشترم زانی دەقەکە وەک خۆی بەبێ دەسکاری دابنێمەوە کە ئەمەیە:

" اول دامزرانی حکومتی ایووبیە لەم صرەیەدا دەسی پی کرد و لە ٥٦٩ی هجریدا، لە مصر بە سەربەخویی یەکی تەواو دامزرا و زۆر توسعی کرد. "........... " وەگێڕی کوردی ".

(١٩) مامۆستا ڕەفیق حیلمی وەک لە هەندێک شوێنی تریشدا دەقی کتێبەکەی مامۆستا محەمەدئەمین زەکیی وەک خۆی بە ڕێنووسی ئەوسای خۆی داناوەتەوە. من لێرەدا هەندێک دەستکاریی ڕێنووسی دەقەکەم کردووە. " وەرگێڕی کوردی".

***

سەرچاوە و ئاماژەکانی پێشەکیی وەرگێڕ:

(*) مامۆستا ڕەفیق حیلمی هەر بەخۆی ئەم کتێبە بە تورکی نووسراوەی خۆی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە و بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی " الایام "ی عێراقیدا بڵاو کردووەتەوە و دواتر (ساڵی ١٩٥٦) ئەو " وتارە " عەرەبییانەی لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی " مقالات "ەوە بڵاو کردووەتەوە.

(1) Milli Mücadele Döneminde _ Kürdistan Teali Cemiyeti ( 1918 - 1927 ) _ Yüksek Lisans Tezi _ Haz_rlayan Zeynep ÇAMSOY _ Ankara 200

(٢) وەرگێڕ و ئامادەکاری ئەم نووسینە، ئەو نامیلکەیەی بەناوی – کورد چییان لە تورک دەوێ؟ " کوردلر تورکلردن نە ایستیورلر؟ " ەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کاتی خۆیدا لە کۆواری " ڕامان "ی ئازیزدا بڵاوی کردووەتەوە

(٣) (مووسا عەنتەر/ بیرەوەرییەکان – بەرگی یەکەم) بڕوانە:

(٤) بڕوانە:

http://www.bydigi.net/biyografi/216639-dr-sukru-mehmet-sekban-bey.html

http://www.tarihibakis.com/tarihte-kurt-acilimi-dr-s-m-sekban-kimdir-ve-ne-demistir

# نەجمەدین ئەفەندیی کەرکووکی

## ١٨٨٦ - ؟ی زاین

ئەحمەد تاقانە



نەجمەدین کەرکووکی
ئەم وێنەیە لەو پاسپۆرتە وەرگیراوە کە
ساڵی ١٣٠٢ی ڕۆمی = ١٨٨٦ی زاین لە ئەستەمبوڵ دەری
کردووە.
بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی کاک " سمکۆ بەهرۆز " ەوە
وەرگیراوە.

هەواڵنامەی کتێب

### دوو سێ وشە

ئەم شاری کەرکووکە خێر نەدیوەی لە زۆر ڕووەوە پەردەپۆش کراوە، یان لە بیر کراوە. خەڵکە کوردەکەی ئەوەندە پاڵەپەستۆی هەمیشەییان بەسەرەوە بووە و نەهێڵراوە دەرفەت و دەرەتانێکیان بۆ بلوێ و برەخسێ. بە زەحمەتییەکی زۆر و ترس و تۆقاندنێکی زۆرەوە نەبووبێ نەیتوانیوە تەنانەت بیرەوەری و بەڵگە لە سووتاندن و شاردنەوە ڕزگاربووەکانیشیان کۆ بکەنەوە. کەم کەسی وا هەبووە خەمێکی بخوا، مەگەر لە بارودۆخێکی تایبەتی و بۆ مەبەستێکی تایبەتیدا باسێکی کرابێ.

یەک لەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە نووسەرە داهێنەرانەی ئەم شارە، " نەجمەدین ئەفەندیی کەرکووکی "یە، کە لەو باسە کەمانەی وشەیەک لێرە و دەستەواژەیەکی لە پەناوپەسێر شاراوەکانیشەوە گەورەیی ئەو پیاوە پیاوەمان بۆ دەردەکەوێ، لە کاتێکدا زانیاریی زۆر زۆرترمان لەبارەی ئەوانەی لە ئاستی ئەم و لە خوارترانی ئەمیشەوە دەست دەکەوێ.

بەڵێ کەسانێک بە دلسۆزی و خەمخۆرییەوە بە شوێن ئەو زانیارییانەدا وێڵ بوون، کەسانی وەک مامۆستایان جەبار جەباری و کەریم شارەزا و مستەفا عەسکەری و هی تر!! گەلێکیان هەوڵ داوە و گەڕاون، بەڵام بەداخەوە شتێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوتووە شایەنی پایەی ئەم کەسایەتییە بێ کە تەنانەت لە تاراوگەی دوورەوڵاتیشدا ئەوەی لە بیر نەکردووە نازناوی " کەرکووکی " بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

من لەو بڕوایەدام، ئەم کەڵەپیاوە، ئەگەرچی نازناوی کەرکووکییشی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، بەڵام ئەگەر " ئەسیری "ی شاعیری گەورەمان برای ئەو نەبووایە، ئەو زانیارییە " زۆر کەمانەشمان لە دەست دەچوو !! "، ئەگەرچی مامۆستا مستەفا عەسکەری دەڵێ، " ... تا ماوەیەکی زۆر ــ ئەسیری – هەر بە نــاوی ئەوەوە ناسراوە. (برای نەجمەدین ئەفەندی)(١)

لەلایەکی ترەوە، کەمیی سەرچاوەی بەردەستی ئێمەمانان، لە بارەی ئەو دەوروبەر و سەردەمەی ئەوی تێدا " لە ئەستەمبوڵ " ژیاوە، کە سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد و پەیدابوونی کەڵەپیاوانی سیاسی و ڕۆشنبیری بووە، ئەوانەی کاریگەریی دیاریان بەسەردەمانی دوای خۆشیان بووە، کە، بێگومان نەجمەدین ئەفەندی یەکێک بووە لەوانە.

من، بە گەڕان بە پێگە " سایت "ە ئەلەکترۆنییەکاندا وەک دەبینن، جگە لەو زانیارییانەی ئەو مامۆستا ئاماژە بۆ کراوانەی سەرەوە، هەندێ شتی کەمم هەڵکڕاندووە و خستوومنەتە سەر ئەو زانیارییانە. هەروەها بە جوانم زانی دوو وتاری بە زمانی تورکیی "عوسمانی" بڵاوکراوی بکەمە کوردی و بیانخەمە بەر دیدەی خوێندەوارە بەڕێزەکان.

## نەجمەدین کەرکووکی:

نەجمەدین ئەفەندی کوڕی سەید حوسێنی کوڕی سەید عەبدی کوڕی سەید قەرەنیی کەرکووکیی بەرزنجییە.(٢) باوکی شێخێکی ڕابەری تەریقەت " ڕێباز " ی نەقشبەندی بووە لە گەڕەکی " ئەخی حوسێن " خاوەنی تەکیەی نەقشبەندییە.(٣) ساڵی ١٨٨٦(٤) لە کەرکووک هاتووەتە دنیا. لەبەرئەوەی ئەم ساڵی لەدایکبوونەی ئاڵۆزیی تێدا دەبینرێ، پێویستی بە لێ وردبوونەوە هەیە کە دواتر هەندێک دوور و درێژتر باسی لێوە دەکەین.

هەر لێرەوە سەرزارەکی باس لەوە دەکرێ، هەروەها، هەر لەدایکبوونییەوە تا چوونی بۆ ئەستەمبوڵ، تەنانەت لەبارەی ئەو ساڵانەشەوە کە تێیاندا چووەتە ئەستەمبوڵ، هیچ زانیاری و



نەجمەدین کەرکووکی

بەڵگەیەکم لای کەس نەبینیوە و هەرچی هەیە و نییە بەم جۆرەیان دەخەمە پێش چاو.

دوای ڕووداوەکانی ٣١ ی مارت کە ساڵی ١٩٠٩ بەرپا بوو، (حکوومەتی) ئیتیحاد و تەرەققی " یەکگرتن و پێشکەوتن " ی (تورک)، بەرامبەر گەلی کورد دەستی بە پەرەپێدانی سیاسەتی پاڵەپەستۆ کرد و ئەو بەڵێنانەی بە کورد درابوون بەژێر لێوەوە کران ، تەواوی ناوەندێکی تیرۆر پێکهێنرابوو. یانە و قوتابخانەکانی کورد داخران و چاپەمەنیی کورد بێدەنگ کران.

لە ساڵی ١٩١٢ دا کە پاڵەپەستۆکان هەندێک هێور بووەوە، ئەو لاوە کوردانەی خوێندنی باڵایان تەواو کردبوو، " کۆمەڵەی هێڤیی کورد " یان دامەزراند. کۆواری ڕۆژی کورد، وەک ئۆرگانی بڵاوکراوەی کۆمەڵەی هێڤی دەستی بە ژیانی بڵاوبوونەوە کرد.(٥)

(ئەم هێڤی)یە ڕێکخراوێک بوو کاریگەریی زۆری دەرەبەگەکانی - هاوکاری و بەرزبوونەوەی کورد " تەعاون و تەرەققیی کورد " ی بەسەرەوە بووە، لە کاتێکدا " هێڤی " ستافێکی بچووکی بورژوای هەبووە، لە کۆمەڵە ڕۆشنبیرێک پێک هاتووە.

کۆمەڵەی هێڤی، لە (١٤ی ڕەجەبی ١٣٣١ ی کۆچی = ٦ ی حوزەیرانی ١٣٢٩ ی ڕۆمی = ١٩ ی حوزەیرانی ١٩١٣) دا یەکەم ژمارەی " ڕۆژی کورد " ی مانگانەی دەرکردووە، کە بە کوردی و تورکی بڵاو دەکرایەوە.

## بەشێک لە بەرگی یەکەمی یەکەم ژمارەی " ڕۆژی کورد "

لەم بڵاوکراوەیەدا نووسینی تورکی و کوردیی ڕۆشنبیرانی کوردی ناوچەکانی دەرەوەی تورکیاش بڵاو دەکرایەوە. لە بڵاوکراوەکاندا بەردەوام جەخت لەسەر پێویستیی پێوەندیی باش بە " ژۆن تورکەکان "ەوە کراوە. هەروەها کە پەروەردە بابەتی سەرەکیی کۆوارەکە بووە، ڕێ بە هەڵسەنگاندنی کۆمەلایەتی _ ئابووری نەدەدرا.

ساڵح بەدرخان، نەجمەدین کەرکووکی، عەبدولکەریمی سلێمانی، خەلیل مۆدانی، عەبدوڵلا



صاحب امتیاز :
و مدیر مسئول
عبدالکریم

تاریخ تأسیسی :
١٣٣١

# روژ کرد

عدد : ١

جلد : ١

١٤ رجب سنه ١٣٣١ | شیمدیلك آیده بر نشر اولنور | ٦ حزیران سنه ١٣٢٩

جەودەت، عەزیز بابان، ئیسماعیل حەققیی بابانزادە، هەندێک بوون لە نووسەرانی کۆوارەکە.[٦] تەنانەت لە ژمارە (یەک)ی ئەم کۆوارەدا نەجمەدین کەرکووکی دوو وتاری بڵاو بووەتەوە، " بێگومان بە تورکیی عوسمانیی ئەوسا " کە لە کۆتاییی ئەم نووسینەدا وەرگێڕانی هەردوو وتارەکە بە کوردی دەخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.

***

هەر لەوساتەوە کە کۆوارەکە بڵاو بووەتەوە، ڕووبەڕووی شۆڤینیستەکانی دەسەڵاتی "کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەققی"ی تورک بووەتەوە و لە دوای ژمارە چوارییەوە داخراوە. بەرپرسان و نووسەرانی کۆوارەکە دەستگیر کراون. زۆر ڕێی تێ دەچێ کە نەجمەدین ئەفەندیش لەناو ئەو گیراوانەدا بووبێ!.

دوای داخستنی کۆواری ڕۆژی کورد، دیسانەوە لەناو بنیاتی کۆمەڵەی هێڤیدا بە کۆواری " هەتاوی کورد " درێژە بە بڵاوکراوەی دەدا.

بەرپرسی کۆواری هەتاوی کورد کە لە ٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣ بڵاو بووەتەوە حەمزە ئەفەندیی موکسی بووە. وەک ناوەڕۆک کار لەسەر هەر ئەو بابەتانە کراوە کە لە ڕۆژی کورددا لە بارەیانەوە نووسراون و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان تێدا بەبەرچاوەوە گیراوە.

دوای بڵاوبوونەوی کۆواری هەتاوی کورد بە ماوەیەک، شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێ کردووە. دەسەڵاتی " کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەققی"ی تورک، شەڕیان کردووەتە بیانوو و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی هێڤیش و نووسەرانی هەتاوی کوردیشیان ناردووەتە سەربازی و کۆوارەکەش و کۆمەڵەکەشیان بەداخستن داوە.[٧]

***

ئەسیریی برای دیارە بەر لە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبوڵ سەری لێ داوە، مامۆستا جەبار جەباری لەم بارەیەوە دەڵێ: "بە بیستنی هەواڵی کۆچکردنی باوکی " مەبەست ئەسیرییە " لەگەڵ بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهان لە ١٩١٨ دا و لەسەر داخوازیی "نەجمەدین ئەفەندی "ی برای گەڕاوەتەوە کەرکووک..... هتد[٨]

لە ١٧ ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ دا  کۆمەڵەی بەرزبوونەوەی کوردستان " جەمعییەتی تەعالیی

کوردستان " دادەمەزرێ و سەید عەبدولقادر لە سەرۆکایەتی و حوسێن شوکری بەگ بە سکرتێری گشتی و د. شوکری سەکبان و محێدین نامی و حیکمەت بەگی بابانزادە لەگەڵ عەزیز بەگ بە دەستەی بەڕێوەبەر دادەمەزرێن. کۆواری " ژین " ئۆرگانی بڵاوکراوەی ئەم کۆمەڵەیە بووە.

ئەگەرچی بەڕێوەبەرێتیی عوسمانی لە ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ دا بڕیاری داخستنی کۆمەڵەکەی داوە، کۆمەڵە تا ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، بێ پسانەوە لە چالاکیدا بەردەوام بووە. کە کۆمەڵەی بەرزبوونەوەی کوردستان لە سەرووی لیستی "کۆمەڵە زیانبەخشەکاندا " دادەنرێ.

هەندێک بەڵگە، کە لەم دواییانەدا دەرکەوتوون، دەری دەخەن، کۆمەڵەکە لە ئەستەمبوڵ ١٥٠٠ و لە بتلیس ٣٤٠٠٠ ئەندامی هەبووە.

ئەم یانەیە بەو ستافەوە، هەر لەو کاتەشدا لەگەڵ " کۆمەڵەی کوردستان" دامەزراوە. لەبەر پێوەندیی ئۆرگانیکییان هەر بە یەک یانە دێنە پێش چاو. لە ١٩١٩ دا لەلایەن گرووپێکەوە کە لە کۆمەڵەی " بەرزبوونەوەی کوردستان " جودا بووبووەوە، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد " تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد "دامەزراوە و " ئەمین عالی بەدرخان " هێنراوەتە سەرۆکایەتیی. ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوەی ئەم کۆمەڵەیەدا بوون شوکری بابان و فوئاد بابان و حیکمەت بابان و د. عەبدوڵڵا جەودەت و د. شوکری سەکبان و کەمال فەوزی بتلیسی و ئەکرەم جەمیل پاشا و نەجمەدین حوسێن کەرکووکی و رفعەتی مەولانزادە و مەمدووح سەلیمن.

لە مانگی ئەغستوسی ١٩١٩ دا ڕۆشنبیرانی کورد بە ڕابەرایەتیی مەمدووح سەلیم حزبێکیان بە ناوی حزبی میللەتی کورد " فیرقەی میللەتی کورد "ەوە دامەزراند. نەجمەدین حوسێن کەرکووکی یەکەم سەرۆکی گشتیی حزبی میللەتی کورد بووە، کە تاکە حزبێکی سیاسی بووە کوردەکان دایان مەزراندووە و ناوی کوردیان تێدا بەکار هێناوە، کەمال فەوزی بتلیسی و عەزیزی بابانزادە و مەمدووح سەلیم لە دامەزرێنە چالاکەکانی ڕێکخراوەکە بوون. حزب تا " کۆنگرەی خۆیبوون لە ١٩٢٧ " بوونی خۆی درێژە پێ داوە.[٩]

ڕۆهات ئەلاکۆمی لێکۆڵەوە لە کتێبی " کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن " دا کە باس لە " ئەو ڕێکخراوە نەتەوەییانەی لە ئەستەمبووڵ دامەزراون " دەکا و دەڵێ: حزبی میللیی کورد "کورد میللەت فیرقەسی ": هەندێک لەو ئەندامانەی لە (کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد)ەوە دابچڕان، ئەم جارەیان بە ناوی (حزبی میللیی کورد)ەوە، حزبێکی تر دادەمەزرێنن، ئەوانەی ئەندامانی ڕیزی پێشەوە بوون ئەمانەن: نەجمەدین حوسێن[١٠]، مەمدووح سەلیم، کەمال فەوزی، عەزیز بابانزادە. کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان و کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد و حزبی میللیی کورد، لەژێر دەواری خۆیبووندا یەکیان گرتەوە کە ساڵی (١٩٢٧) لە لبنان دامەزرابوو و تێکەڵی ئەم ڕێکخراوە بوون کە بەم ناوەوە ناسرا.[١١]

وەک د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید دەڵێ: " پاسەپۆرتێکی مامۆستا نەجمەدین ئەفەندیم بەرچاو کەوت کە لە " ٢٢ / ٩ / ١٩٢١ " دا لە ئەستەمبوڵ دەرچووە.. هتد! "[١٢]

کە ئەمەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە تا دوای مانگی نۆی ١٩٢١ یش لە ئەستەمبوڵ بووە.

لێرەدا وەک دیارە زانیارییەکان زۆر بەکورتی و تەنیا هەر ئاماژەن بە نەجمەدین کەرکووکی، تەنانەت سەرۆکی حزبێکی وەک " فیرقەی میللەتی کورد "یش بووە و ئەو حزبە وەک دیارە تا کۆنگرەی خۆیبوون لە ١٩٢٧ بەردەوام بووە، کەچی هیچ زانیارییەکمان نە لەبارەی خۆی و نە حزبەکەوە لەوە زیاتر کە لێرەدا تۆمارمان کرد، هیچی تر دیار نییە.

هەندێک لەو مامۆستایانەی لە بارەی ئەسیرییەوە کۆشش و ماندووبوونێکی زۆریان دیوە، لە پاڵیەوە هەندێک زانیاریی " زۆر کەمیشیان " لەبارەی نەجمەدین ـــ یشەوە دەست خستووە، سەرزارەکیش بن شایەنی تۆمارکردن و ڕێز لێ گرتنن.

هەروەها هەندێک زانیاری لە بارەیەوە کە بەبێ دەستنیشانکردن یان ئاماژە بۆ سەرچاوەکانیان باسیان لێوە کراوە جێی پرسیارن. وەک ئەوەی مامۆستا جەبار جەباری دەڵێ: " کاتێ تورکە کەمالییەکان چوونە سەر کار و جڵەوی فەرمانڕەوایەتیی تورکیان گرتە دەس، کەوتنە ئازاردان و بگرەوبەردەی ئازادیخوازانی کورد، نەجمەدین ئەفەندی و هەندێ لە هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی ناچار بوون لە (٢٨ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٢) بەرەو وڵاتی (بولگاریا) لە دەستی ستەم و زوڵمی کەمالییەکان هەڵبێن و لەوێ نیشتەجێ بن. ئەوەی کە ڕوونە لەلای کەس و کارەکەی نەجمەدین ئەفەندی ئەوەیە کە ناوبراو تا ساڵی ١٩٢٨ لە بولگاریا بووە و ڕێوشوێنەکەی دیار بووە، لە پاش ئەم مێژووەوە هەواڵ و سۆراخی نەزانراوە.[١٣] بەڵام مامۆستا مستەفا عەسکەری لەم بارەیەوە دەڵێ: لە ڕاستیدا دوای ئەو مێژووە نەجمەدین ئەفەندی لە بولگاریاوە چووەتە یۆگۆسلاڤیا لەوێ بووەتە موفتیی ناوچەی "بۆسنە و هەرسەک " و لەوێ ژنی هێناوە و دوو کوڕی هەبووە. تا ساڵانی (شەڕی دووەمی جیهانی) هەواڵی زانراوە و نامەی هاتووە و وێنەی خۆی و خێزانەکەی و منداڵەکانی ناردووە، بەداخەوە ئەم وێنانە فەوتاون. لە شەڕی جیهانی دووەم بەدواوە هەواڵی نەزانراوە. وا دەردەکەوێ لە گێژاوی ئەو شەڕەدا لەناو چووە.[١٤]

جا ئەوەی جێی پرسیارە، ئەوەیە کە چۆن و لەکوێوە وا بەو ڕێکی و وردییە ڕۆژی بەرەو بولگاریا چوونیان دەستنیشان کراوە؟.

هەروەها لەبارەی ئەو پاسپۆرتەی نەجمەدین ئەفەندییەوەیە کە لە ئەستەمبوڵ دەرچووە و لە کەرکووکە،[١٥] داخۆ چۆن و بۆچی و بە چ شێوەیەک گەیشتووەتە دەست خزمانی لە کەرکووک؟.

هەر لەبەرئەوەی ساڵی لەدایکبوونەکەی جۆرە ئاڵۆزییەکی تێدایە و لەو بڕوایەوە کە دەبێ تا دەکرێ بە دوور و درێژی باسی بکەم، بە باشترم زانی گفتوگۆکە بخەمە دوای ژیننامەکەی، کە دەبووایە لەگەڵ ژیننامەکەیدا بێ.

لەبارەی لەدایکبوونییەوە:

هەر لە سەرەتاوە دەبێ ئەوە بزانین بەپێی وێنەی ناسنامە، ئەسیری لەدایکبووی ساڵی ١٨٩٠ ی زاینە.[١٦] هەروەها بەپێی ئەو پاسپۆرتەی نەجمەدین ئەفەندیی کەرکووکییە کە هەردوو مامۆستا " مستەفا عەسکەری[١٧] و د. ئیسماعیل[١٨] " دیویانە و ساڵی (١٣٠٢) ی تێدا نووسراوە، هەروەها لە بەرامبەریشیدا ١٨٨٦ی زاینی نووسراوە. جیاوازی لەناو قسەکانی ئەو دوو مامۆستایانە ئەوەیە کە مامۆستا عەسکەری لە پاڵ (١٣٠٢) مکەدا نووسیویەتی (کۆچی) و دەڵێ ئەو مێژووە هەڵەیە و (مامۆستا جەبار جەباری) شی بە هەڵەدا بردووە، بەڵام د. ئیسماعیل هیچی لە پاڵدا نەنووسیوە.

خۆ ئەگەر زانیمان کە دەوڵەتی عوسمانی لەو سەردەمانەدا ڕۆژژمێری (ڕۆمی)ی تێدا بە کار هاتووە و ساڵی (١٣٠٢ ی ڕۆمی) دەکاتە (١٨٨٦ ی زاین) ئەم گرفتەمان لەلا دەرەوێتەوە و بەپێی ئەمەش دەردەکەوێ کە وەک جەبار جەباری دەڵێ: نەجمەدین کەرکووکی براگەورەیە[١٩] نەک بەپێچەوانەوە، وەک مامۆستا مستەفا عەسکەری دەڵێ.[٢٠]

هەروەها بەوەی ئەسیری بە نەجمەددین کەرکووکیی برایەوە ناسراوە و ناسێنراوە، دەبێ نەجمەدین براگەورە بێ و پێشتر بێ.

هەروەها مامۆستا مستەفا دەڵێ: " نەجمەدین ئەفەندی٣ ساڵ لە ئەسیری منداڵترە، واتە لە ساڵی ١٨٩٨ ی زاینیدا لەدایک بووە."[٢١]

ئەم مێژووەی دواییشیان سەر ناگرێ. لەبەرئەوەی لە کاتی دەرچوونی کۆواری " ڕۆژی کورد " دا کە ژمارەی یەکەمی لە ١٩ ی حوزەیرانی ١٩١٣ دەرچووە، ئەوسا نەجمەدین کەرکووکی سیاسەتوانێکی دیار و نووسەرێکی بەتوانا بووە، کەچی ئەگەر ئەو ساڵە (واتە ١٨٩٨) بە ساڵی لەدایکبوونی دابنێین، تەمەنی ئەوسای دەبێتە ١٥ ساڵ ئەمەش لە سنووری بڕوا بەدەرە.

بێینە سەر ئەو نووسینەی ئەسیری خۆی کە لە ٤ / ٣ / ١٩٤٣ دا دەڵێ لە گرێی پێنجە،[٢٢] ئەوە ناگەیەنێ کە (ڕێک) لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بێ. بگرە لە دەوروبەری پەنجا، ساڵێک دووان گەورە، یان گچکەتریش دەگەیەنێ. ئەگەر بە پەنجای دابنێین ساڵی لەدایکبوونەکە دەکاتە ١٨٩٣.

هەروەها مامۆستا ڕەفیق حیلمی ساڵی ١٩٤١ی ساڵی لە چاپدانی شیعر و ئەدەبیياتەکەی دەڵێ: " عومری (٥٠) ساڵ دەبێ و..[٢٣] "، ئەم دەبێیە بەواتای نێزیکە نەک پەنجای ڕێک. ئەگەر بە پەنجای دابنێین، لەمەشدا ساڵی لەدایکبوونەکە دەبێتە ١٨٩١.

بەر لەمانەش عەلی کەمال باپیر ئاغا ساڵی ١٩٣٩ ی ساڵی چاپی یەکەمی " گوڵدەستەی شاعیران.. " دا دەڵێ: " عومری لە (٥٠) ساڵ بەرەوژوورە "[٢٤] واتە لە پەنجا زیاترە، چەند زیاترە؟ دیار نییە. خۆ ئەگەر ئەمەش بە پەنجا دابنێین، ساڵەکە دەبێتە ١٨٨٩. بەڵام وەک بینیمان هیچ یەکێک لەم سێیانەی دواییەش لە قسەکانیاندا ورد نین.

نامەوێ لەمە پتر درێژە بە باسەکە بدەم و باسی گۆڕینی ساڵی لەدایکبوونی ئەسیری یکەم لە پێناسەکەیدا و باسی تریش..

بەکورتی لەبەر ئەو هۆیانەی باس کران و هی تریش، هەر ئەو ساڵەی مامۆستا جەبار جەباری بۆ لەدایکبوونی نەجمەدین ئەفەندیی کەرکوکیی داناوە کە ساڵی ١٨٨٦ ی زاینە و بۆ لەدایکبوونی ئەسیریش هەر ١٨٩٠ مکەم لا پەسندە، کە وەک لە بەڵگەکاندا دیارە لەگەڵ بەراوری ڕووداوەکانیشدا ڕێکن... بەم پێیەش نەجمەدین دەبێتە براگەورەی ئەسیری.

*

وەرگێڕانی کوردیی

دوو وتاری بە تورکیی "عوسمانی" نووسراوی

" نەجمەدین ئەفەندیی کەرکوکی"

## کۆمەڵەی قوتابییانی کورد

## و

## خزمەتی پایەی جێنشینییان

ئەو کوردانەی لە هەموو ویلایەتەکانی مووسڵ و وان و دیاربەکر و مەعموورەتولعەزیز و ئەرزەڕۆم و بەشێکی حەلەب و شام و بەغدا و سیواس_ دا دەژین کە ئەوانەی لەژێر فەرمانڕوایی عوسمانییدان لەمانە پێک دێن. ئەو خزمەتانەی بە پایەی جێنشینییان کردووە، تا بکرێ دەمەوێ ڕوونیان بکەمەوە: لە دوای پەیدابوونی تەیمووری لەنگەوە لە کاتێکدا کە بەشی هەرە زۆری کوردستان کەوتبووە دەست شا ئیسماعیل، لەو لەشکرکێشییەی یاوزسوڵتان سەلیم خانەدا کە بۆ سەر ئێرانی ئەنجام دا، سەرانی کورد بەپێی دۆستایەتییان لەگەڵ پایەی جێنشینی و بە کار و کۆششی ئیدریسی بتلیسیی یەک لە زانایانی کوردەوە بەتەواوی خۆویستییەوە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی دەوڵەتی عوسمانییان، لە کاتێکدا کە لەسەردەمی ئومەوییاندا هەموو لایەکی وڵاتە ئیسلامییەکان پڕ لە ئاگری یاخیبوون بوو، ئەمانە بەرامبەر پایەی جێنشینیدا گوێڕایەڵییان، سەرەڕای ناپاکیی ڕاستگۆترین وەزیری حکوومەتی عەباسی کە ئێرانی بوو، دۆستایەتیی وەک هی میرەکانی کورد:

آندر این فتنه کە کفیم آن گروه

أیمن از فتنه بودند دار شکوه !!

واتە: تێکەڵی ناپاکیی وەزیر و گەندەڵیی میرەکان و یاخیبوونی نەزانان نەبووە و ڕاستگۆیانە بە شێوەیەک ژینیان دەبردە سەر، بە کورتی لە (جێنشینە ڕاشیدی)یەکان عوسمان لەگەڵ عەلی، لە

سووڕی حکوومەتداریی حکوومەتەکانی ئومەوی و عەباسی و عوسمانیدا ڕوویان داوە و دۆستایەتی و خزمەتییان بە بەڵگەی مێژووییەوە گەیشتووەتە پلەی چەسپاو، ڕوونووسی سەر ستوونەکانی ژمارەکانی " ڕۆژی کورد " دەکەین. هەروەها بەم شێوەیە لە خەیاڵمدا بوو نووسراوێکی وەها بهێنمە بەرهەم. (ڕۆژنامەی!)ی "ڕۆژی کورد" کە بە هیممەتی ئەندامانی "کۆمەڵەی هێویی کورد"، کە بە نیازی بەرزی و پێشکەوتن " تەعالی و تەرەققی " ی ئەو ڕەگەزی کوردە پێک هاتووە کە ڕەگەزێکی عوسمانی بووە و دەبێ. بووە هۆی بەدیهاتنی ئەو خەیاڵەم. بڵاوکردنەوەیان لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامە بەبەهایە، کە بە وتارەیلێکی بیربەرز تژییە، بۆ من شانازی بەخشە و بە خزمەتێکی کەم بە کۆمەڵەی دەژمێرم. دامەزراندنی کۆمەڵە لە میللەتێکدا تاکە ئاماژەیەکە، بۆ ئەوەی ئەو میللەتە بە خۆشی و کامەرانی بگا. پێشکەوتنی میللەتێکی بێ کۆمەڵە نەبینراوە و ناشبینرێ. لەبەرئەوەی بەرزیی بیر بە تاکەکەسی نابێ، بە بیری بەکۆمەڵ دەبێ. بیرێکی تاک کەوتوو دەشێ لە ڕێگەی پێشکەوتندا هەڵە بکا، کەچی بیری کۆمەڵ لە دەرەوەی هەڵەی شیاودایە. دەستووری حەکیمانەی پایەبڵندی: " لا تجتمع أمتي علي الضلالة. " ئەم ڕاستییەی زۆر بەجوانی دەربڕیوە. میللەتی من لەسەر ڕێ وێڵکردن کۆ نابنەوە، فەرموویەتی و لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە تاکیش کردووە، فەرموویەتی میللەتەکەم. کە ئەم دۆزەی بەشێوەیەکی زۆرجوان دەربڕیوە. ڕووناکبیریی ئەو نەتەوانەی لەژێر ناوی عوسمانیدا دەژین، بە جیاجیا کۆمەڵەی قوتابییان پێک بهێنن بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیان، کۆششیان بۆ داهاتووی عوسمانی بە نوقڵانەی چاک دەژمێررێ. لەبەرئەوەی کەسانی ڕۆشنبیر لە تێگەیشتنی پێویستییە گوزارەییەکانی نەتەوەکەیان و لە پاڵ لێ تێگەیشتنیاندا لە چارەسەر بۆ دۆزینەوەیدا زەحمەتی نابینن. بەپێی گەیشتن لە خوو و ڕەوشتی نەتەوەکەیان، بە زوویی نەخۆشییە گوزارەییەکانی دەبیننەوە و بەگوێرەی ئەوە تیماری دەکەن.

ئاواتەخوازین ئەم کۆمەڵەیە بەردەوام و تاکەکانیشی دڵسۆزی یەکتری بن.

شیعر

لی وللاقارب أبدا قلوب

تلاقی فی جسوم ما تلاقا

واتە:

من و خزمان هەردەم دڵێلێکمان هەیە

لەناو لەشماندا بە پەرۆشی بۆ یەکتری ئازار دەچێژن

پێویستە کار بە ناوەڕۆکی ئەم شیعرەی سەرەوە بکرێ، تاکەکانی ئێجگار کارا و ئازایەتیی شارستانییانەیان ببێ، بنووسن، بڵێن، نابێ بێزار و نائومێد بن، دەبێ لە تەمبەڵی و تەوەزەلیی دوژمنی تاوانباری نەتەوەی عوسمانی ڕزگار بێ. وەک لای ئێمە هەموو نەتەوەیەک لە سەردەمی

گۆڕانکاریدا تووشی کارەساتی گەورە هاتوون، ڕۆشنبیرانی ئەو نەتەوەیە بە کۆشش، بە زانست، بە فێرکردن و فێربوون، ئەو کارەساتەیان لابردووە و ڕزگاریی هەمیشەییان دامەزراندووە. کاتی کارکردنی ڕۆشنبیرانی عوسمانی ئەمڕۆیە، ئەمڕۆ کار نەکرێ دوارۆژ دابین ناکرێ. لەبەرئەوەی ئەوەی دوارۆژ دادەهێنێ ئێستایە، موتەنەبیی یەک لە زمانپاراوترینی شاعیرانی عەرەب گوتوویەتی:

اليوم عهدكم فاين الموعد

هيهات ليس ليوم عهدكم غد

ئەوانەی باسم لێوە کردن بە ئاسانی وێنەکێشاوە. بۆ پێشکەوتنی بیرمەندیی نەتەوەی کورد کە لەلایەن ڕەوشت و ئامادەییەوە شوێنێکی زۆر چاکی هەیە، کار و تێکۆشان لە پلەی پێویستدایە. کوردەکان ئارەزووی سەرئاسایی فێربوونن. مەبەستیانە ئاشنای زانست و زانین و لە نەزانیی بێگانە بن. بلیمەتی هەرە گەورە، بەڕێز سەلاحەدینی ئەیووبی ئەو شوێنانەی گرتوونی و شایانی دەستەواژەی خاکی چەوسانەوە " دار الظلم " بوون، گرتووخانە و زیندانەکانی هەر یەکە کردووەتە قوتابخانەیەک و بۆ زانینی تەرخان کردوون، بە لابردنەوەی نەزانی لە خەڵکی بەستەزمان و بە هونەر و زانست ڕازاندنەوەیان، ئەوانە دەسەلمێنن کە باسمان کردن و دەتوانین بڵێین بەجارێک دەیانسەلمێنێ. کارایی ڕەگەز و کاری دەوروبەر شوێنی بڵندی فەلسەفە دەگرێتەوە. کە توانستی کورد ڕوون بووەتەوە، تێنەکۆشان بۆ بە بەرهەم بوونی کۆمەڵەکان هەڵەیەکە لێخۆشبوونی بۆ نییە، ڕاستتر ئەوەیە، ئەمە لەو برینانە نییە لە دنیای مرۆڤایەتی سارێژ بوونەوە پەسند بکا. ڕۆشنبیرکردنی نەتەوەیەکی ئامادە زۆر ئاسانە، مەولانا لە مەسنەوییدا دەڵێ:

شعلها با گوهران کردان بود

شعله ان جانب رود هم کان بود

بە شیعرەکەی لە وێنەی ئەدیبانەدا ئەم ڕاستییە ڕوونەی باس کردبوو، یەکەم ئەرک کە دەکەوێتە ئەستۆی نەتەوەکان، ئەوەیە پشتگیریی پێوەستبوونی هەمیشەیی نەتەوەکەیان بە پایەی جێنشینییەوە بکەن.

نەجمەدین کەرکووکی

لاپەڕە / ٥ - ٦ ی ژمارە ١ی ڕۆژی کورد

١٤ی ڕەجەبی ١٣٣١ ی کۆچی

٦ی حوزەیرانی ١٣٢٩ ی ڕۆمی

کە دەکاتە ١٩ ی حوزەیرانی ١٩١٣

***

# بارودۆخی کۆمەڵایەتیمان

هەر نەتەوەیەک، هەر میللەتێک، هەر ڕەگەزێک بارودۆخی تایبەت، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو بارودۆخە بەلای بیانییانەوە چەند دزێو، چەند نەفرەت لێکراو بێ بابێ، بەلای خۆیەوە باش و پەسند دەبینرێ. ئەمەش بەسەر دوو هۆوە بنیات نراوە، یەکەمیان هەست، دووەمیان ڕاهاتنە.

ئەو منداڵەی لە ئامێزی دایکدا پەروەردە دەبێ، هەست بە هەندێ شت دەکا. پرسیار دەکا و دەڵێ: " دایە ئەمە چییە؟ " ، وەڵام لە دایکییەوە وەردەگرێ، وەری دەگرێ و لەو شانە تازە پێکهاتووە بەتاڵانەی بیریدا دەپارێزێ. ئەوەی دەپارێزرێ بنج دادەکوتێ دەگاتە بارێک کە لانابرێتەوە. بەم شێوەیە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی لەلایەن باب و دایکەوە فێر دەکرێ. منداڵی پاک و خاوێن دەگاتە پێنج شەشساڵی، دەبێتە خاوەنی کەمۆکەیەک دەرککردن، دەچێتە قوتابخانە، لە مامۆستاکەی، لە برادەرەکەی هەر ئەو کردار و گوفتارانە دەبینێ. دەبیستێ، منداڵی بێچارەی ئەو توانایەی نییە چاک و خراپ لێک بداتەوە. هەر داوونەریتێک هەرچۆنێک دەبن بابن بەوەی کە پەسندن وەریان دەگرێ و ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا دەکا و بەم جۆرە لێیان ڕادێ. جارجار دەگمەنێکی ئەفراندن دێتە گۆڕەپانی بوون، خاوەن مێشکێکی گەورە توانستی نەشونماکردنی شۆڕشێکی بیرمەندانەی دەبێ.

لە سەدەکانی بەرایی و ناوەڕاست و دواییشدا ئەم جۆر بلیمەتانە بینراون، بە گەواهیی مێژووییەوە چەسپاون، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا پتر بووە، گەیشتووەتە ڕادەیەک نایەتر باوەڕکردن. ئەو " ئیکسیر "ەی ئەفراندنە، دەبێتە خاوەنی هێزێکی لێکدانەوەی نائاسایی. ئەو بەشانەی ڕێوشوێن و نەریتانە دەزانێ کە خۆیان لە ئاوەز و لۆجیک نادەن، تێ دەگا. لە ناو بازنەی پەسندا واتە بەشێوەیەک کە نەتەوەکەی پەسندی بکا ڕای دەگەیەنێ، باسیان لێوە دەکا. وەک لە هەموو نەتەوەیەکدا هەیە، لەلای ئێمەشدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەیە. بارودۆخی کۆمەڵایەتیی چۆن؟ بەشێوەیەکی پەسندە؟ هەرگیز! بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی کە بەشی لە ئاوەز و لۆجیک نییە.. ئەم نەخۆشیی کۆمەڵایەتییە تەنیا لەلای ئێمەدا نییە. لە هەموو نەتەوە موسڵمانەکاندا فەرمانڕەوا و تاکە کاریگەرێکە. لەلای ئێمە تا ئێستا لەبارەی " سۆسیۆلۆجی "یەوە، واتە لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە کتێب نەنووسراوە: ئەگەر بەشی مافەکان " حقووق " یشی نووسرابێتەوە، تەنیا مافەکان بۆ پێوەندیی برایەتی، بۆ یارمەتی دانی یەکتری، بۆ پاراستنی مافەکانی خەڵکی بەس نییە، ئەگەر بەس بووابا نەدەگەیشتینە ئەم بارە، نەدەهاتینە ئەم پایە نزمە.

ئەگەر لە کتێبە عەرەبییەکاندا لێکۆڵینەوەی کورت کورت لەبارەی بەشەکانی تریەوە هەبێ، لە پلەیەکدایە سوود و زانیاریی زیاتری لێ ناکرێ. سوود لەو کتێبانە وەرگرتن لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە، بە سەتان بەدوادا چوونەوە پێوەستە. تا ئێستا کتێبێک نەکەوتووەتە بەردەستی

هەژارانەمان کە تێمان بگەیەنێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەچی دەکۆڵێتەوە. ئەگەر کتێبی نوێی لە فرەنسییەوە بۆ تورکی وەرگێڕاویش هەبێ، لە بارەدۆخێکدایە نە تەماشا دەکرێ و نە دەخوێنرێتەوە.

نووسەرانی ئەم کتێبانە پێ دەچێ لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە بیرێکیان بە دەستەوە نەهێنابێ... تا ڕادەی بەدەستەوە هێنانیشی پەروەردەیەکی بیرگوزاری و خوێندنێکی تەواوی دواتر و بەرزیان نەبینیوە... زانینی فرەنسی و تورکی بەس نییە بۆ وەرگێڕانی کتێب... ئەگەر شتێک هەبێ دەبێ بکرێ ئەویش پەروەردە و فێربوونە، بە زانیاری و زانین دەوڵەمەندبوونی پێویستە.

تەنیا وشەگەلێکی فرەنسیی بێگیان و بێ تایبەتمەندی، ئەو قالبەی لە بێگیانانەیان بۆ تورکی گواستووەتەوە. بێ ئەوەی سوودمەند بن، کە پێویستیان بە فێربوون هەیە ویستوویانە سوودکەیێن بن.

سەرتاپا هەڵە، ڕاستتر کتێبی ئەوتۆیان بەرهەم هێناوە شایانی ئەوەن گەنجینەی هەڵەیان پێ بگوترێ. شایانی ئەوەن پێیان بگوترێ:

از برای فائده این کردهء

تو که خودرا فائده ندیدهء

واتە:

تۆ ئەمەت بۆ سوود وەرگرتن کردووە

تۆ خۆت هیچ سوودێکت لێ نەبینیوە

هەوڵنامەی کتێب

بە دواداچوونی بیر، بە لێ وردبوونەوە و بەبێ خوێندنی تەواو کتێب نانووسرێ، ئەگەر نووسراش سوودێک ناگەیەنێ، لە ڕاستیشدا تا ئێستا نەیکردووە... ئەگەر بیکردبا ڕق و کینە، نەفرەت لە یەکتری کردن بە هەموو لایەکی وڵاتە موسڵمانەکاندا بڵاو نەدەبووەوە، گوتما، نەبووینە خاوەنی مرۆیەک لەبارەی ئەو سۆسیۆلۆجیایەوە کە نەخۆشیی کۆمەڵایەتیمان لاببا. بنووسێ.

ئێستاکە دەبێ چی بکەین؟. بەم شێوەیە لێی گەڕێین؟ نەخێر! دەبێ بە هۆی کۆمەڵە زانستییەکانەوە کتێب بنووسرێ، بە قسە و قەڵەم کار بکەین... لەو بڕوایەدام. ئەگەر بیرەیلی ڕووناک لە شوێنێکدا خڕ ببنەوە، گەلاڵەی بیرەکانی دەستە گشتییەکەی، بارودۆخی کۆمەڵایەتیمان چاک دەکا.

ئەم کۆمەڵەی قوتابییانەی کە هەیە، پێویستە ئەم بارودۆخانە بەبەرچاوەوە بگرێ و بایەخی پێ بدا. ناوەڕۆکی ئەم دێرە شیعرەی خوارەوە دەخەمە بەر دیدەی ڕۆشنبیران.

صد هزاران فائدەست و هریکی

صد هزاران پیش آن یک اندکی

نەجمەددین کەرکووکی
لاپەڕە ٩ – ١٠ ی ژمارە ١ی ڕۆژی کورد
١٤ی ڕەجەبی ١٣٣١ ی کۆچی
٦ی حوزەیرانی ١٣٢٩ ی ڕۆمی
کە دەکاتە ١٩ ی حوزەیرانی ١٩١٣

***

پەڕاوێزەکان:

(١) بڕوانە: دیوانی ئەسیری – مستەفا عەسکەری کۆی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە – بەرگی یەکەم ــ ل ٢٤.

(٢) لە دەستنووسێکی گیوی موکریانییەوە وەرگیراوە " بڕوانە ل ١٩–٢٠ی دیوانی ئەسیریی چاپی ئاراس".

(٣) ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناخی... کەریم شارەزا و جەبار جەباری–ل ١٥. (کە ئەم زانیارییانە لەبارەی ئەسیریی شاعیرەوە نووسراوە و بەپێی برایەتییان، ئەم زانیارییانە بۆ هەردووکیان دەبێ).

(٤) س. پ. هەر ئەو شوێنە.

(5) http://www.mirbotan.com/kurt-kultur-ve-tarihi/163270-kurt-basininda-108-yil-2-a. html

( 6 ) http://cesuryorum.blogspot.com/2011/09/emperyalizmin-devrim-jandarmas-jon_28.html

( 7 ) http://www.bydigi.net/genel-kultur/263884-roji-kurd-ve-hetawi-kurd-dergisi.html

(٨) بڕوانە: ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناخی.. ل١٧.

(9) http://serxwebun.forumieren.com/t39-osmanl-da-lk-yasal-kurt-cemiyeti-kuruldu-1900

(١٠) نەجمەددین حوسێن، واتە: نەجمەدین ئەفەندیی کەرکووکی.

(١١) ڕۆهات ئەلاکۆم – کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن – ل ١٢٣. ئەوەی پێویستە بیڵێم ئەوەیە، لە کتێبە تورکییەکەدا ناوی ڕێکخراوەکە بە " کورد میللەت فیرقەسی " نووسراوە، من ئەوسا وشەی فیرقەم بە تیپ وەرگێڕاوە، جگە لەو واتایەی تیپیش دەگەیەنی، لە ڕاستیدا لەو سەردەمەی عوسمانییاندا مەبەستیان " حزب " بووە. بۆیە لەو دەقەدا کە لە سەرەوە وەرم گرتووە کردمە حزب.

(١٢) بڕوانە: د. ئیسماعیل – ئەثیری شاعیری نەتەوەخوازی.. ل ٨٨. و پەڕاوێزی ژمارە ٣٥.

(١٣) ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناخی ... کەریم شارەزا و جەبار جەباری ل ١٦.

(١٤) بڕوانە دیوانی ئەسیری – مستەفا عەسکەری کۆی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە – بەرگی یەکەم. ل ٢٦.

(١٥) س. پ. هەر ئەو شوێنە.

(١٦) بۆ وێنەی ناسنامەکە بڕوانە: دیوانی ئەسیری – مستەفا عەسکەری – بەرگی یەکەم – ل ٢٣.

(١٧) دیوانی ئەسیری – مستەفا عەسکەری – بەرگی یەکەم – ل / ٢٦,

(١٨) د. ئیسماعیل – ئەثیری شاعیری نەتەوەخوازی.. ل / ٨٨ و پەراوێزی ژمارە ٣٥.

(١٩) ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناخی ... کەریم شارەزا و جەبار جەباری – ل ١٦.

(٢٠) دیوانی ئەسیری – مستەفا عەسکەری – بەرگی یەکەم – ل ٢٦.

(٢١) س. پ – هەر ئەو لاپەڕەیە.

(٢٢) بۆ وێنەی دەستنووسەکەی ئەسیری بڕوانە: س. پ – لاپەڕە ٢١. هەروەها بڕوانە: د. ئیسماعیل – ئەثیری شاعیری نەتەوەخوازی... ل ٣٠٠. لە نووسینەکەی د. کوردستان موکریانیدا ڕۆژی نووسینی دەستنووسەکە بە هەڵە بووەتە ٩ / ٣ / ١٩٤٣. بڕوانە: دیوانی ئەسیری – چاپی ئاراس – ل ١٨.

(٢٣) ڕەفیق حیلمی – شعر و ادەبیاتی کوردی – بەرگی یەکەم – ل ٣٩. هەروەها بڕوانە: ئەثیری شاعیری نەتەوەخوازی کورد – د. ئیسماعیل.. ل ٨٧ ی کتێب و پەڕاوێزی ژ ٣٣ کە بە هەڵەی چاپ لاپەڕە ئاماژە بۆکراوەکە بووەتە ل ١٣٩ ی کتێبەکەی ڕەفیق حیلمی.)

(٢٤) علی کمال باپیر ئاغا – گوڵ دەستەی شعرای هاوعەسرم – ل ١٢.

سەرچاوەکان:


١ – علی کمال باپیر ئاغا – گوڵ دەستەی شعرای هاوعەسرم – چاپی دووەم چاپخانەی ڕاپەڕین – سلێمانی – ١٩٦٩.

٢ – دیوانی ئەسیری – مستەفا عەسکەری " کۆی کردووەتەوە و لە سەری نووسیوە " – بەرگی یەکەم – چاپخانەی " الحوادث " – چاپی یەکەم – ١٩٨٧.

٣ – دیوانی ئەسیری – ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریانی – پێداچوونەوە و بەراورد: ئەحمەد تاقانە – لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – چاپی یەکەم – هەولێر – ٢٠٠٦.

٤ – " ئەثیری " شاعیری نەتەوەخوازی کورد – د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید – بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکەتی نووسەرانی کورد – چاپی دووەم – چاپخانەی ئارابخا – کەرکووک – ٢٠٠٦.

٥ – ئەسیری " شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناخی دوای حاجی قادری کۆییە " – کۆکردنەوە و لەسەر نووسین و لێکۆڵینەوەی: کەریم شارەزا و جەبار جەباری.

٦ – ڕەفیق حیلمی – ئعر و ادبیاتی کوردی – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی " تفیچ " – بەغدا – ١٩٤١.

٧ – ڕۆهات ئەلاکۆم – کوردی ئەستەمبوڵی کۆن – و: لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە – لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی موکریانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر – ٢٠٠٥.


*– لەگەڵ چەند پێگە (سایت)ێکی ئەلەکترۆنی. کە لە پەڕاوێزەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

# مێژووی
# ساڵانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی

حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی

بەشی پێنجەم

بەندی سێیەم لە بەشی دەیەم

**باسی کۆمەڵە شوێنەوارێکی سەرەتای کۆچ، کە دوای مردنی پێغەمبەر درود و سڵاوی خوا لە خۆی و بنەماڵەکەی بێ**

گێڕەوەکانی ژیننامان گێڕاویانەتەوە: یەزدگورد یازدە ساڵی لە ساڵی کۆچەوە شاهێتیی کردووە، ئەمەش ئەو ساڵەیە پێغەمبەر " درود و سڵاوی خوا لە خۆی و بنەماڵەی بێ " ی تێدا مردووە. چوار ساڵیش بەسەر فەرمانڕەواییدا ڕەت بووبوو کە عەرەب هێرشیان بردە سەر خاکی فورس لە عێراقدا، پێنج ساڵیش بەسەر فەرمانڕەواییدا ڕەت بووبوو ڕۆژئاوای "مەدائین " یان گرت، کە شاری "نەهرسیر" بوو، ئەمەش لە مانگی سەفەری ساڵی شازدەدا بووە، یەزدگورد لەم شارە دادەنیشت. کە لێیانەوەیان وەدەر نا لە گەنجینەکەیدا سەت هەزار هەزار " واتە سەت ملیۆن " درهەمیان دیتەوە. یەکەم پێکدادانیش لەناو فورس و عەرەب لە شوێنێکدا ڕووی داوە ناوی نەفسوونناتیف " نفس الناطف "(١) بووە لەسەر ڕۆخی فوراتدا لە نێزیک کووفەوە، ڕۆژی شەمووی کۆتاییی مانگی ڕەمەزانی ساڵی سێزدەدا، سەرکردەی لەشکری عەرەب ئەبوعوبەیدی کوڕی مەسعوودی سەقەفی بووە، ئینجا شەڕی میهران دوای ئەوە بە ساڵێک بووە، لەبەرئەوەی عومەر " کوڕی خەتاب " دوای ئەبی عوبەید تا ساڵێک ناوی عێراقی نەهێناوە.

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

دوای ساڵێک لە یەمەنەوە حەوتسەت ماڵ لە عەشیرەتی " ئەزد " هاتوونە لای، داوایان لێ کردووە ڕێیان بدا بچنە سەر هەندێ ناوچە و مەبەستیشیان شام بوو، لەبەرئەوەی بۆ ئەوان ئاسانتر بوو، فەرمانی دانێ بەرەو عێراق بوونەوە تا هاتنە " عەزیب " و " قادسییە "، ئینجا دوابەدوای ئەوان جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بوجەلی لە " بوجێلە "[٢] دا هاتنە لایان، ئینجا شەڕەکەی " ڕۆستەمی کوڕی خەرهورمزی ئازەری " لەگەڵ " سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس " هاتە گۆڕێ. ئینجا شەڕی " بەحرجان " دوای ئەوە بە چەند مانگێکی کەم. ئینجا عەرەب گەڕانەوە لە "عەزیب"ەوە بۆ " سابات " و لەوێ نیشتنەوە تا شارەزای ڕێگەکان بوون. ئینجا گەڕانەوە ڕۆخی دیجلە و لە شاری ئەهرسیری نێزیک مەدائیندا دابەزین و لێی مانەوە و دیجلەیان لە بەرامبەردا بوو و بیست و هەشت مانگی لێ مانەوە تا لە دانیشتن بێزار بوون و ئینجا خۆیان لە دیجلە دا بۆ شاری مەدائینی ڕۆهەڵات و لێی بڵاو بوونەوە بە دێهات و شارەکانیدا.

" مەدائینی " دەڵێ: یەزدگورد جۆرەها ئامادەکاریی ئەنجام دابوو، لەبەرئەوەی خەرزادی کوڕی خەرهورمزی ئازەریی لەسەر مەدائین دانابوو بۆ ئەوەی بەرەنگاری سەعدی کوڕی ئەبووەقاس ببێتەوە و براکەی بەرێ کردبوو کە ڕۆستەمی کوڕی خەرهورمز بوو، میهرانیشی ئاراستە کردبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلی و سوهرەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی عوسمانی کوڕی ئەبیلعاسی سەقەفی لە بەری فارسەوە دانا بوو، هورمزانیشی ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەی ئەبی مووسای ئەشعەری کردبوو لە بەری خووزستانەوە و زالحاجیبیشی بۆ نوعمانی کوڕی موقرینی موزەنی دانابوو لە ئاوی نەهاوەندا، تایبەتی لەشکرەکەشی بۆ چاودێریی ماڵ و منداڵ و دەسوپێوەندەکانی دانابوو و لەگەڵیاندا تا ئەسفەهان چوو تا خۆی لە شارەکەیدا توند بکا، لە گشت لایەکەوە هەواڵی شارگیریی بۆ هات و لە ئەسفەهانەوە کشایە خوراسان، ئیدی ئەوەی بەسەریدا هات هات.

بەندی چوارەم لە بەشی دەیەم

## لە باسی بڕێک قسەی ئەستێرەناسان بە بەرزبوونەوەی ئیسلام بەسەر هەموو ئاین و شەریعەتەکانی تردا

شادانی کوڕی بەحری کرمانی گێڕایەوە: کە هەواڵی داوەتە ئەبومەعشەر[٣] کە محەمەدی کوڕی مووسای خارزمی (الخوارزمی) گوتوویەتی ئەستێرەکانی ساڵی هەڵسەنگاندووەتەوە کە لەدایکبوونی پێغەمبەر درود لە خۆی و بنەماڵەی بێ تێدا لەدایک بووە، ئینجا باسیان کرد کە تێیدا لەدایک بووە و شەو بە شەو بە شەوانی ئەو مانگەی هەڵسەنگاند، لە هەڵهاتنیاندا[٤] هەڵهاتنێکی نەدیتووەتەوە کە ئاماژە بۆ پێغەمبەرێتی و میللەت و دەوڵەت بکا تەنیا ئەو هەڵهاتنی "سەحەری"یە نەبێ کە لە ڕووی یەکەمی تەرازوودایە، ئەبوومەعشەر گوتی: منیش هەر ئەوەم بەبەرچاوەوە گرتووە، هەڵهاتنێکم جگە لەوە بەدەست نەکەوتووە بۆ میللەت بگونجێ، گوتم: تۆ بڕوا

بە ئاماژەکانی ئەو دەکەی؟ گوتی: بەڵێ! هەرچییەک لەو ئاماژانەی پێشتر باس کران ڕاستن، ئەوەی ماوەتەوەش بەپێی ئەوەی ڕابورد هەڵدەسەنگێنرێ.

ئینجا ئەبومەعشەر گوتی: محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر گوتوویەتی ئەو نهێنییانەی بە ئەستێرەکان پەیی پێیان بردووە، ئەوەیە کە " عەتارید "[٥] لەگەڵ سەری لووتکەی، بەڵگەی شانازیی پێغەمبەرایەتییە، پێشینانیش قسەی ئەوتۆیان کردووە لە هەندێک لە قسەکانی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر دەچن. هەروەها گوتووشیانە ئەستێرە لەگەڵ سەری لووتکەدا ئێجگار بەهێزە، بەڵام ئاماژەکەیم بۆ پێغەمبەرایەتی لە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر نەبێ لە کەسی ترم نەبیستووە، هەروەها " عەتارید " لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە درودی خوا لە خۆی و بنەماڵەی بێ لە دە پلەی دووپشکدا بووە، ئەمەش بە ژمارەی " زیج "[٦]ی هیندسند لە دواگەڕانەوەیدا، ئەمەش دوای وەستان نەبووە بۆ ڕاستبوونەوە، بەڵام نێزیک بوو لەو، لەبەرئەوەی بەرەو ڕاستبوونەوە بوو وەک لە گەڕانەوەی، نەتەوەکەی جیاوازی و ناکۆکی و لێ دوورکەوتنەوەیان لێ بەدەرکەوت لەبارەی ئەوەوە کە بۆی هێناون، لەلایەن بنەماڵەشییەوە ڕێی پێ نەدرا، دواتر بارودۆخیان لەگەڵیدا وای لێ هات بڕوای پێ بکەن و ئەوەیان لەلا پەسند بوو کە هێنابووی و چوونە پاڵییەوە، خۆ ئەگەر بوونی عەتارید ئاماژە بۆ ڕاستبوونەوە و وەستانی بۆ گەڕانەوە بووایە ڕەتکردنەوەکەیان دەچووە سەر و بادانەوەیان بەردەوام دەبوو و پەسندیان نەدەکرد. "زوهرە"ش[٧] لە دووپشکدا بووە و ماسییەوانی دووڕەپەرێزکراویش لە پلەکانی هەڵهاتندا بووە و دووپشکیش کەلووی ئەو بەیەک گەیشتنە بوو " القران"[٨] کە پێویستی کرد دەوڵەت لە فورسەوە بکەوێتە دەس عەرەب و خۆر لە دووپشک و مەریخ[٩] لە قرژاڵدا بووە، ئەمەش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە فەرمانڕەوایی لە سەرەتای لەدایکبوونەوە لە زیادەدا دەبێ، تا دووسەت و بیست ساڵ و زیاتر نابێ، میللەتیش لە زیادەکەدا دەبێ، لە سەرەتای لەدایک بوونەوە تا تەنیا سێسەت و شەست ساڵ، وەک بڵێی دوای مردنی سێسەت ساڵ و ئینجا کەم بوونەوە لە موڵکی خەڵکی میللەتی عەرەبدا دەست پێ دەکا لەلای ڕۆئاواوە، هەر خۆشی چاکتری دەزانێ.

## بەندی پێنجەم لە بەشی دەیەم

## لە باسی مێژووەکانی پاشایانی قوڕەیشدا

ئەوەی بۆ پاشایانی قوڕەیش هەڵکەوتووە، بۆ پاشایانی پێش ئەوان ڕێک نەکەوتووە، بەوەی مێژووی کۆچی تایبەتمەندیی ڕاستیی تێدایە کە هەموو مێژووەکانی تری لێ بێ بەشن، بناغەڕێژییەکەی بە ئامادەییەک بووە ڕێ بە تێدا خزانی گەندەڵیی دەمانی دێرین نادا، لەبەرئەوەی مێژوویەکە، یەک سەرەتای هەیە و مێژووی فورس و هی تر سەرەتای زۆریان هەیە، لەبەرئەوەی هەر شایە و فەرمانڕەوایی کردووە مێژووەکەیان بە ڕۆژی بە شابوونی ئەو داناوە، ئەگەر ئەو شایە ڕۆژی مێژووەکەیان بەو ڕۆژە دەست پێ دەکەنەوە کە ئەوەی دوای ئەو دەگاتە شاهێتی، کە ئەو شایەش

دەروا بە ڕۆژی بە شـابوونـی ئەوەی دوای ئەو دێ دەست پێ دەکـەنەوە و تا بـەسـەرچوونی تەمـەنی ئەوی دەبەن، لەبەر ئەم بەدئامادەییە مێژووەکانیـان شڵەژاوە و بە شێوەیەک گەندەڵیی تێ کەوتووە ئومێدی ڕاستکردنەوەی لێ ناکرێ. پێغەمبـەر درودی خـوا لە خـۆی و بنەماڵەکەی بێ لە مـەکەوە کـۆچی کـرد بۆ مـەدینە و مـوحـەڕەم و سـەفـەر و هەشت ڕۆژی مـانگی ڕەبیـعی یەکـەم لە مـانگ و ڕۆژەکانی ئەو ساڵە ڕەت بووبوو و دوای ئەوەش نۆ ساڵ و یازدە مانگ و بیست و دوو ڕۆژیش دوای ئەوە ژیاوە.

کە ویسـتیـان ڕۆژمێـری کـۆچی دابـنێن شـەست و هەشت ڕۆژ گەڕانـەوە دواوە و سـەری ساڵی کـۆچییـان لە سەرەتای موحەڕەمی ساڵی یەکەوە دانا، ئینجا لە یەکەم ڕۆژی موحـەڕەمەوەیان ژمارد تا دوایین ڕۆژی تەمـەنی پێغەمبەر درودی خوا لـە خۆی و بنەماڵەکەی بێ، بەمـجۆرە دە سـاڵ و دوو مانگیان بۆ هاتە دەست و بۆ ئەبوبەکریش دوو ساڵ و سێ مانگ و هەشت ڕۆژ و بۆ عومەر دە ساڵ و شەش مـانگ و هەژدە ڕۆژ و بۆ عەسمـان یازدە ڕۆژ و یازدە مانگ و بیست و دوو ڕۆژ و بۆ عەلیی کــوڕی ئـەبوتـاڵیب درود و ســڵاوی خــوای لـێ بێ چوار ســاڵ و نۆ مــانگ و تا بـەیعــە " دان بە فەرمانڕەواییدا نان " ی موعاوییە شەش مانگ و سێ ڕۆژ و بۆ موعاوییە نۆزدە ساڵ و سێ مانگ و بیست و پێنج ڕۆژ، بۆ یەزید سێ ساڵ و هەشت مـانگ، بۆ مـوعـاوییـەی کوڕی یـەزید سێ مـانگ و بیست و دوو ڕۆژ، عـەبدوڵڵای کوڕی زوبێر نۆ ساڵ و یازدە مـانگ و سێ ڕۆژ، عـەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان دوازدە ساڵ و چوار مانگ و پێنج ڕۆژ، وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک نۆ ساڵ و حەوت مانگ و بیست و نۆ ڕۆژ، دوای ئەویش سولەیمانی کوڕی عـەبدولمەلیک دوو ساڵ و حەوت مـانگ و بیست و نۆ ڕۆژ، عـومـەری کـوڕی عـەبدولعـەزیز دوو سـاڵ و پێنج مـانگ و سـێـزدە ڕۆژ، یەزیدی کـوڕی عـەبدولمەلیک چوار سـاڵ و یەک ڕۆژ، هیـشـامی کـوڕی عـەبدولمەلیک نۆزدە سـاڵ و هەشت مـانگ و بیست ڕۆژ، دوای ئەویش وەلیدی کوڕی یەزید ساڵێک و دوو مانگ و بیست و یەک ڕۆژ.

ئاژاوەی دوای کـوژرانی وەلید دوو مـانگ و بیست و پێنج ڕۆژ، یەزیدی کوڕی وەلید دوو مـانگ و نۆ ڕۆژ، ئیـبراهیمی کـوڕی وەلید دوو مـانگ و یازدە ڕۆژ، مـەڕوانی کوڕی مـحـەمـەد پێنج سـاڵ و مـانگێک، سـەفـفـاحیش چوار سـاڵ و هەشت مـانگ و ڕۆژێک، تا بەیعـەت " داننان " بە مـەنسـوور گـەیشت دوازدە ڕۆژ، مـەنسـوور بیـست و یـەک سـاڵ و یازدە مـانگ و هەشت ڕۆژ، تـا هەواڵ بە " مـەهدی " گـەیی هـەشت ڕۆژ، مـەهدی دە سـاڵ و مـانگێک و دوازدە ڕۆژ، تا هـەواڵ درایە هادی پێنج ڕۆژ، هادی ساڵێک و مانگێک و پازدە ڕۆژ، ڕەشید بیست و سێ ساڵ و دوو مانگ و حەڤدە ڕۆژ، تا هـەواڵ گەیشـتە ئـەمین دە ڕۆژ، ئەمین چوار سـاڵ و پێنج مانگ و دوو ڕۆژ، مەئموون بیست سـاڵ و پێنج مانگ و بیست و دوو ڕۆژ، دوای ئەویش موعتەسیم هەشت ساڵ و هەشت مـانگ و دوو ڕۆژ، ئەلواسیق " الواثق " پێنج سـاڵ و نۆ مانگ و شـەش ڕۆژ، موتەوەکیل چواردە ساڵ و نۆ مـانگ و نۆ ڕۆژ، مونتـەسیر شـەش مانگ و دوو ڕۆژ، ئەلموستـەعین سێ سـاڵ و نۆ مـانگ، ئەلموعتـەز سێ سـاڵ و شەش مانگ و بیست و پێنج ڕۆژ، ئەلموهتەدی یازدە مانگ و بیست ڕۆژ، ئەلموعتەمید چواردە ساڵ و چوار مـانگ، ئەلموعتـەزید دە سـاڵ و هەشت مـانگ و بیـست و سێ ڕۆژ، دوای ئەو ئەلموقتـەدیر

بیست و چوار ساڵ و دوو مانگ و دە ڕۆژ، ئەلقاهیر ساڵێک و پێنج مانگ و بیست و یەک ڕۆژ، ئەلرازی " الراضی " حەوت ساڵ، ئەلموتتەقی پێنج ساڵ، ئەلموستەکفی شازدە مانگ.

### بەندی شەشەم لە بەشی دەیەم

## لە دیارخستنی نەورۆزەکانی ساڵانی کۆچیدا

هەر نەورۆزە و لە چ ڕۆژێکی مانگەکانی عەرەبدا بووە؟!

ڕوونکردنەوەی ئەو ساڵانەی نەورۆزیان تێدا نەبووە.

ساڵی یەکەمی کۆچی، کە، سی و چوارەمین ساڵی پاشایی پەرویزە، نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی سەرەتا " یەکەم ڕۆژی " زیلقیعدە، هەژدەی حوزەیران بووە. ساڵی دووەم نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی یازدەی زیلقیعدە بووە. ساڵی سێ نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و دووی زیلقیعدە بووە. ساڵی چوار نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی سێی زیلحیجە بووە. ساڵی پێنج نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی چواردەی زیلحیجە بووە. ساڵی شەش نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و پێنجی زیلحیجە بووە. ساڵی حەوت نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی هەشت نەورۆز ڕۆژی شەمووی شەشی مەحەڕەم بووە. ساڵی نۆ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی حەڤدەی موحەڕەم بووە. ساڵی دە نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و هەشتی موحەڕەم بووە.

ساڵی یازدە نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی نۆی سەفەر بووە. ساڵی دوازدە نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیستی سەفەر بووە. ساڵی سێزدە نەورۆز ڕۆژی پینجشەمووی یەکەم ڕۆژی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی چواردە نەورۆز ڕۆژی هەینیی دوازدەی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی پازدە نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و سێی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی شازدە نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی چوارەم ڕۆژی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی حەڤدە نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی ناوەڕاستی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی هەژدە نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و شەشی ڕەبیعولئاخیر بووە. ساڵی نۆزدە نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی حەوتی جومادیلئوولا بووە. ساڵی بیست نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی هەژدەی جومادیلئوولا بووە.

ساڵی بیست و یەک نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و نۆی جومادیلئوولا بووە. ساڵی بیست و دووەم نەورۆز ڕۆژی شەمووی دەی جومادیلئاخەر بووە. ساڵی بیست و سێ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و یەکی جومادیلئاخەر بووە. ساڵی بیست و چوار نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی دووی ڕەجەب بووە. ساڵی بیست و پێنج نەورۆز ڕۆژی سێ شەمووی سێزدەی ڕەجەب بووە. ساڵی بیست و شەش نەورۆز ڕۆژی چوارشەمی بیست و چواری ڕەجەب بووە. ساڵی بیست و حەوت نەورۆز ڕۆژی پێنج شەمووی پێنجی شەعبان بووە. ساڵی بیست و هەشت نەورۆز ڕۆژی هەینیی شازدەی شەعبان بووە. ساڵی بیست و نۆ نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و حەوتی شەعبان بووە.

ساڵی سی نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی هەشتی ڕەمەزان بووە.

ساڵی سی و یەک نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی نۆزدەی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سی و دوو نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی یەکەم ڕۆژی شەوال بووە. ساڵی سی و سێ نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی یازدەی شەوال بووە. ساڵی سی و چوار نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و دووی شەوال بووە. ساڵی سی و پێنج نەورۆز ڕۆژی هەینیی سێی زیلقیعدە بووە. ساڵی سی و شەش نەورۆز ڕۆژی شەمووی چواردەی زیلقیعدە بووە. ساڵی سی و حەوت نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و پێنجی زیلقیعدە بووە. ساڵی سی و هەشت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی شەشی زیلحیجە بووە. ساڵی سی و نۆ نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی حەڤدەی زیلحیجە بووە. ساڵی چل نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیست و هەشتی رزیلحیجە بووە.

ساڵی چل و یەک نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی چل و دوو نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی نۆی موحەڕەم بووە. ساڵی چل و سێ نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیستی موحەڕەم بووە. ساڵی چل و چوار نەورۆز ڕۆژی شەمووی یەکەم ڕۆژی سەفەر بووە. ساڵی چل و پێنج نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی دوازدەی سەفەر بووە. ساڵی چل و شەش نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و سێی سەفەر بووە. ساڵی چل و حەوت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی چواری مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی چل و هەشت نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی پازدەی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی چل و نۆ نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و شەشی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی پەنجا نەورۆز ڕۆژی هەینیی حەوتی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە.

ساڵی پەنجا و یەک نەورۆز ڕۆژی شەمووی هەژدەی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی پەنجا و دوو نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و نۆی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی پەنجا و سێ نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی دەی جومادیلئوولا بووە. ساڵی پەنجا و چوار نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و یەکی جومادیلئوولا بووە. ساڵی پەنجا و پێنج نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی دووی جومادیلئاخەر بووە. ساڵی پەنجا و شەش نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی سێزدەی جومادیلئاخەر بووە. ساڵی پەنجا و حەوت نەورۆز ڕۆژی هەینیی چواردەی جوکادیلئاخەر بووە. ساڵی پەنجا و هەشت نەورۆز ڕۆژی شەمووی پێنجی ڕەجەب بووە. ساڵی پەنجا و نۆ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی شازدەی ڕەجەب بووە. ساڵی شەست نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و حەوتی ڕەجەب بووە.

ساڵی شەست و یەک نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی هەشتی شەعبان بووە. ساڵی شەست و دووەم نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی نۆزدەی شەعبان بووە. ساڵی شەست و سێ ڕۆژی پێنجشەمەی یەکی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی شەست و چوار نەورۆز ڕۆژی هەینیی یازدەی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی شەست و پێنج نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و دووی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی شەست و شەش نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی سێی شەوال بووە. ساڵی شەست و حەوت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی چواردەی شەوال بووە. ساڵی شەست و هەشت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و

پێنجی شەوال بووە. ساڵی شەست و نۆ نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی شەشی زیلقیعدە بووە. ساڵی حەفتا نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی حەڤدەی زیلقیعدە بووە.

ساڵی حەفتا و یەک نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و هەشتی زیلقیعدە بووە. ساڵی حەفتا و دوو نەورۆز ڕۆژی شەمووی نۆی زیلحیجە بووە. ساڵی حەفتا و سێ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی زیلحیجە بووە. ساڵی حەفتا و چوار نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی حەفتا و پێنج نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی یەکەم ڕۆژی موحەڕەم بووە. ساڵی حەفتا و شەش نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی دوازدەی موحەڕەم بووە. ساڵی حەفتا و حەوت نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیست و سێی موحەڕەم بووە. ساڵی حەفتا و هەشت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی چواری سەفەر بووە. ساڵی حەفتا و نۆ نەورۆز ڕۆژی هەینیی پازدەی سەفەر بووە. ساڵی هەشتا نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و شەشی سەفەر بووە.

ساڵی هەشتا و یەک نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی حەوتی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی هەشتا و دوو نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی هەژدەی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی هەشتا و سێ ڕۆژی سێشەمەی بیست و نۆی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی هەشتا و چوار نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی دەی مانگی ڕەبیعولئاخیرە بووە. ساڵی هەشتا و پێنج نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و یەکی مانگی ڕەبیعولئاخیرە بووە. ساڵی هەشتا و شەش نەورۆز ڕۆژی هەینیی دووی جومادولئەووەل بووە. ساڵی هەشتا و حەوت نەورۆز ڕۆژی شەمووی سێزدەی جومادەلئوولا بووە. ساڵی هەشتا و هەشت نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و چواری جومادەلئوولا بووە. ساڵی هەشتا و نۆ نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی پێنجی جومادەلئاخیرە بووە. ساڵی نەوەت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی شازدەی جومادەلئاخیرە بووە.

ساڵی نەوەت و یەک نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیست و حەوتی جومادەلئوخرا بووە. ساڵی نەوەت و دوو نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی هەشتی ڕەجەب بووە. ساڵی نەوەت و سێ نەورۆز ڕۆژی هەینیی نۆی ڕەجەب بووە. ساڵی نەوەت و چوار نەورۆز ڕۆژی شەمووی یەکەم ڕۆژی شەعبان بووە. ساڵی نەوەت و پێنج نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و یەکی شەعبان بووە. ساڵی نەوەت و شەش نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و دووی شەعبان بووە. ساڵی نەوەت و حەوت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی سێی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی نەوەت و هەشت نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی چواردەی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی نەوەت و نۆ نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و پێنجی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سەت نەورۆز ڕۆژی هەینیی شەشی مانگی شەوال بووە.

***

ساڵی سەت و یەک نەورۆز ڕۆژی شەمووی حەڤدەی شەوال بووە. ساڵی سەت و دوو نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و هەشتی شەوال بووە. ساڵی سەت و سێ ڕۆژی دووشەمەی نۆی زیلقیعدە بووە. ساڵی سەت و چوار نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیستی زیلقیعدە بووە. ساڵی سەت و پێنج نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی یەکەم ڕۆژی زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و شەش نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی

دوازدەی زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و حەوت نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و سێی زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و هەشت نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی سەت و نۆ نەورۆز ڕۆژی شەمووی چواری موحەڕەم بووە. ساڵی سەت و دە نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی ناوەڕاستی موحەڕەم بووە.

ساڵی سەت و یازدە نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و شەشی موحەڕەم بووە. ساڵی سەت و دوازدە نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی حەوتی سەفەر بووە. ساڵی سەت و سێزدە نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی هەژدەی سەفەر بووە. ساڵی سەت و چواردە نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و نۆی سەفەر بووە. ساڵی سەت و پازدە نەورۆز ڕۆژی هەینیی دەی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سەت و شازدە نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و یەکی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سەت و حەڤدە نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی دووی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و هەژدە نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی سێزدەی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و نۆزدە نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و حەوتی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و بیست نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی پێنجی جومادیلئوولا بووە.

ساڵی سەت و بیست و یەک نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی شازدەی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سەت و بیست و دوو نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و حەوتی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سەت و بیست و سێ ڕۆژی شەمووی هەشتی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سەت و بیست و چوار نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی نۆزدەی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سەت و بیست و پێنج نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی یەکەم ڕۆژی ڕەجەب بووە. ساڵی سەت و بیست و شەش نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی یازدەی ڕەجەب بووە. ساڵی سەت و بیست و حەوت نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیست و دوویڕەجەب بووە. ساڵی سەت و بیست و هەشت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی سێی شەعبان بووە. ساڵی سەت و بیست و نۆ نەورۆز ڕۆژی هەینیی چواردەی شەعبان بووە. ساڵی سەت و سی نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و پێنجی شەعبان بووە.

ساڵی سەت و سی و یەک نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی شەشی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سەت و سی و دوو نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی حەڤدەی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سەت و سی و سێ نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و دووی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سەت و سی و چوار نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی نۆی شەوال بووە. ساڵی سەت و سی و پێنج نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیستی شەوال بووە. ساڵی سەت و سی و شەش نەورۆز ڕۆژی هەینیی ئەکەم ڕۆژی زیلقیعدە بووە. ساڵی سەت و سی و حەوت نەورۆز ڕۆژی شەمووی دوازدەی زیلقیعدە بووە. ساڵی سەت و سی و هەشت نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و سێی زیلقیعدە بووە. ساڵی سەت و سی و نۆ نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی چواری زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و چل نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی پازدەی زیلحیجە بووە.

ساڵی سەت و چل و یەک نەورۆز ڕۆژی چواشەمووی بیست و شەشی زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و چل و دوو نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی سەت و چل و سێ نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی

حەوتی موحەڕەم بووە. ساڵی سەت و چل و چوار نەورۆز ڕۆژی هەینیی هەژدەی موحەڕەم بووە. ساڵی سەت و چل و پێنج نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و نۆی موحەڕەم بووە. ساڵی سەت و چل و شەش نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی دەی سەفەر بووە. ساڵی سەت و چل و حەوت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و یەکی سەفەر بووە. ساڵی سەت و چل و هەشت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی دووی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سەت و چل و نۆ نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی سێزدەی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سەت و پەنجا نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و چواری مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە.

ساڵی سەت و پەنجا و یەک نەورۆز ڕۆژی هەینیی پێنجی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و پەنجا و دوو نەورۆز ڕۆژی شەمووی شازدەی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و پەنجا و سێ ڕۆژی یەکشەمەی بیست و حەوتی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و پەنجا و چوار نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی هەشتی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سەت و پەنجا و پێنج نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی نۆزدەی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سەت و پەنجا و شەش نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی یەکەم ڕۆژی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سەت و پەنجا و حەوت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی یازدەی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سەت و پەنجا و هەشت نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و دووی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سەت و پەنجا و نۆ نەورۆز ڕۆژی شەمووی سێی ڕەجەب بووە. ساڵی سەت و شەست نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی چواردەی ڕەجەب بووە.

ساڵی سەت و شەست و یەک نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و پێنجی ڕەجەب بووە. ساڵی سەت و شەست و دوو نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی شەشی شەعبان بووە. ساڵی سەت و شەست و سێ نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی حەڤدەی شەعبان بووە. ساڵی سەت و شەست و چوار نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و هەشتی شەعبان بووە. ساڵی سەت و شەست و پێنج نەورۆز ڕۆژی هەینیی نۆی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سەت و شەست و شەش نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیستی مانگی ڕەمەزان بووە بووە. ساڵی سەت و شەست و حەوت نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی یەکەم ڕۆژی مانگی شەوال بووە. ساڵی سەت و شەست و هەشت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی دوازدەی شەوال بووە. ساڵی سەت و شەست و نۆ نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و سێی شەوال بووە. ساڵی سەت و حەفتا نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی زیلقیعدە بووە.

ساڵی سەت و حەفتا و یەک نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی ناوەندی زیلقیعدە بووە. ساڵی سەت و حەفتا و دوو نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و شەشی زیلقیعدە بووە. ساڵی سەت و حەفتا و سێ ڕۆژی شەمووی حەوتی زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و حەفتا و چوار نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی هەژدەی زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و حەفتا و پێنج نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و نۆی زیلحیجە بووە. ساڵی سەت و حەفتا و شەش نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی سەت و حەفتا و حەوت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی دەی موحەڕەم بووە. ساڵی سەت و حەفتا و هەشت نەورۆز ڕۆژی

چوارشەمەی بیست و یەکی موحەڕەم بووە. ساڵی سەت و حەفتا و نۆ نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی دووی سەفەر بووە. ساڵی سەت و هەشتا نەورۆز ڕۆژی هەینیی سێزدەی سەفەر بووە.

ساڵی سەت و هەشتا و یەک نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و چواری سەفەر بووە. ساڵی سەت و هەشتا و دوو نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی پێنجی مانگی ڕەبیعولئوولا بووە. ساڵی سەت و هەشتا و سێ نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی شەشی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سەت و هەشتا و چوار نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و حەوتی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سەت و هەشتا و پێنج نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی هەشتی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و هەشتا و شەش نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی نۆزدەی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سەت و هەشتا و حەوت نەورۆز ڕۆژی هەینیی یەکەم ڕۆژی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سەت و هەشتا و هەشت نەورۆز ڕۆژی شەمووی یازدەی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سەت و هەشتا و نۆ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و دووی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سەت و نەوەت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی سێی جومادیلئوخرا بووە.

ساڵی سەت و نەوەت و یەک نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی چواردەی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سەت و نەوەت و دووەم نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیستی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سەت و نەوەت و سێ ڕۆژی پێنجشەمەی شەشی ڕەجەب بووە. ساڵی سەت و نەوەت و چوار نەورۆز ڕۆژی هەینیی حەڤدەی ڕەجەب بووە. ساڵی سەت و نەوەت و پێنج نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و هەشتی ڕەجەب بووە. ساڵی سەت و نەوەت و شەش نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی نۆی شەعبان بووە. ساڵی سەد و نەوەت و حەوت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و دووی شەعبان بووە. ساڵی سەت و نەوەت و هەشت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سەت و نەوەت و نۆ نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی دوازدەی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی دوو سەت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و سێی مانگی ڕەمەزان بووە.

***

ساڵی دوو سەت و یەک نەورۆز ڕۆژی هەینیی چواری مانگی شەوال بووە. ساڵی دوو سەت و دوو نەورۆز ڕۆژی شەمووی پازدەی شەوال بووە. ساڵی دوو سەت و سێ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و شەشی شەوال بووە. ساڵی دوو سەت و چوار نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی حەوتی زیلقیعدە بووە. ساڵی دوو سەت و پێنج نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی هەژدەی زیلقیعدە بووە. ساڵی دوو سەت و شەش نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیست و نۆی زیلقیعدە بووە. ساڵی دوو سەت و حەوت نەورۆز ڕۆژی (؟)ی پازدەی زیلحیجە بووە. ساڵی دوو سەت و هەشت نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و یەکی زیلحیجە بووە. ساڵی دوو سەت و نۆ نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی دوو سەت و دە نەورۆز ڕۆژی شەمووی دووی موحەڕەم بووە.

ساڵی دووسەت و یازدە نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی سێزدەی موحەڕەم بووە. ساڵی دووسەت و دوازدە نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و چواری موحەڕەم بووە. ساڵی دووسەت و سێزدە نەورۆز

ڕۆژی سێشەممەی پێنجی سەفەر بووە.ساڵی دووسەت و چواردە نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی شازدەی مانگی سەفەر بووە. ساڵی دووسەت و پازدە نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی بیست و حەوتی سەفەر بووە. ساڵی دووسەت و شازدە نەورۆز ڕۆژی هەینیی هەشتی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی دووسەت و حەڤدە نەورۆز ڕۆژی شەمووی نۆزدەی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی دووسەت و هەژدە نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و نۆزدە نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی یازدەی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و بیست نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی بیست و دووی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە.

ساڵی دووسەت و بیست و یەک نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی سێی جومادیلئوولا بووە. ساڵی دووسەت و بیست و دوو نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی چواردەی جومادیلئوولا بووە. ساڵی دووسەت و بیست و سێ نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و پێنجی جومادیلئوولا بووە. ساڵی دووسەت و بیست و چوار نەورۆز ڕۆژی شەمووی شەشی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و بیست و پێنج نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی حەڤدەی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و بیست و شەش نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی بیست و هەشتی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و بیست و حەوت نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی نۆی ڕەجەب بووە. ساڵی دووسەت و بیست و هەشت نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی بیستی ڕەجەب بووە. ساڵی دووسەت و بیست و نۆ نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی یەکەم ڕۆژی شەعبان بووە. ساڵی دووسەت و سی نەورۆز ڕۆژی هەینیی دوازدەی شەعبان بووە.

ساڵی دووسەت و سی و یەک نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و سێی شەعبان بووە. ساڵی دووسەت و سی و دوو نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی چواری مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی دووسەت و سی و سێ نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی پازدەی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی دووسەت و سی و چوار نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی بیست و شەشی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی دووسەت و سی و پێنج نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی حەوتی شەوال بووە. ساڵی دووسەت و سی و شەش نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی هەژدەی شەوال بووە. ساڵی دووسەت و سی و حەوت نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و نۆی شەوال بووە. ساڵی دووسەت و سی و هەشت نەورۆز ڕۆژی شەمووی دەی زیلقیعدە بووە. ساڵی دووسەت و سی و نۆ نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی بیست و یەکی زیلقیعدە بووە. ساڵی دووسەت و چل نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی دووی زیلحیجە بووە.

ساڵی دووسەت و چل و یەک نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی سێزدەی زیلحیجە بووە. ساڵی دووسەت و چل و دوو نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی بیست و چواری زیلحیجە بووە. ساڵی دووسەت و چل و سێ نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی دووسەت و چل و چوار نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی پێنجی موحەڕەم بووە. ساڵی دووسەت و چل و پێنج نەورۆز ڕۆژی هەینیی شازدەی موحەڕەم بووە. ساڵی دووسەت و چل و شەش نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و حەوتی موحەڕەم بووە. ساڵی دووسەت و چل و حەوت نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی هەشتی سەفەر بووە. ساڵی دووسەت و چل و هەشت نەورۆز

ڕۆژی دووشەممەی نۆزدەی سەفەر بووە. ساڵی دووسەت و چل و نۆ نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی دەستپێکی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی یازدەی مانگی ڕەبیعەلئەووەل بووە.

ساڵی دووسەت و پەنجا و یەک نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی بیست و دووی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و دوو نەورۆز ڕۆژی هەینیی سێی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و سێ ڕۆژی شەمووی چواردەی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و چوار نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی بیست و پێنجی مانگی ڕەبیعەلئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و پێنج نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی شەشی جومادیلئوولا بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و شەش نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی حەڤدەی جومادیلئوولا بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و حەوت نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی بیست و هەشتی جومادیلئوولا بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و هەشت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی نۆی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و پەنجا و نۆ نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیستی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و شەست نەورۆز ڕۆژی شەمووی یەکەم ڕۆژی ڕەجەب بووە.

ساڵی دووسەت و شەست و یەک نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی دوازدەی ڕەجەب بووە. ساڵی دووسەت و شەست و دوو نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی بیست و سێی ڕەجەب بووە. ساڵی دووسەت و شەست و سێ نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی چواری شەعبان بووە. ساڵی دووسەت و شەست و چوار نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی ناوەڕاستی شەعبان بووە. ساڵی دووسەت و شەست و پێنج نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی بیست و شەشی شەعبان بووە. ساڵی دووسەت و شەست و شەش نەورۆز ڕۆژی هەینیی حەوتی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی دووسەت و شەست و حەوت نەورۆز ڕۆژی شەمووی هەژدەی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی دووسەت و شەست و هەشت نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی بیست و نۆی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی دووسەت و شەست و نۆ نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی دەی شەوال بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی بیست و یەکی شەوال بووە.

ساڵی دووسەت و حەفتا و یەک نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی دووی زیلقیعدە بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و دوو نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی سێزدەی زیلقیعدە بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و سێ ڕۆژی هەینیی بیست و چواری زیلقیعدە بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و چوار نەورۆز ڕۆژی شەمووی پێنجی زیلحیجە بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و پێنج نەورۆز ڕۆژی یەکشەممەی شازدەی زیلحیجە بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و شەش نەورۆز ڕۆژی دووشەممەی بیست و حەوتی زیلحیجە بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و حەوت نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و هەشت نەورۆز ڕۆژی سێشەممەی هەشتی موحەڕەم بووە. ساڵی دووسەت و حەفتا و نۆ نەورۆز ڕۆژی چوارشەممەی نۆزدەی موحەڕەم بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا نەورۆز ڕۆژی پێنجشەممەی یەکەم ڕۆژی سەفەر بووە.

ساڵی دووسەت و هەشتا و یەک نەورۆز ڕۆژی هەینیی یازدەی سەفەر بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و دوو نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و دووی سەفەر بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و سێ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی سێی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و چوار نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی چواردەی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و پێنج نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و پێنجی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و شەش نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی شەشی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و حەوت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی حەڤدەی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و هەشت نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و هەشتی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی دووسەت و هەشتا و نۆ نەورۆز ڕۆژی شەمووی نۆی مانگی جومادیلئوولا بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیستس جومادیلئوولا بووە.

ساڵی دووسەت و نەوەت و یەک نەورۆز ڕۆژی دووشەمەیییکیم ڕۆژی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و دووەم نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی دوازدەی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و سێ ڕۆژی چوارشەمەی بیست و سێی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و چوار نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی چواری ڕەجەب بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و پێنج نەورۆز ڕۆژی هەینیی پازدەی ڕەجەب بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و شەش نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و شەشی ڕەجەب بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و حەوت نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی حەوتی شەعبان بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و هەشت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی هەشتی شەعبان بووە. ساڵی دووسەت و نەوەت و نۆ نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و نۆی شەعبان بووە. ساڵی سێسەت نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی دەی مانگی ڕەمەزان بووە.

***

ساڵی سێسەت و یەک نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و یەکی مانگی ڕەمەزان بووە. ساڵی سێسەت و دوو نەورۆز ڕۆژی هەینیی دووی شەوال بووە. ساڵی سێسەت و سێ نەورۆز ڕۆژی شەمووی سێزدەی شەوال بووە. ساڵی سێسەت و چوار نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و چواری شەوال بووە. ساڵی سێسەت و پێنج نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی پێنجی زیلقیعدە بووە. ساڵی سێسەت و شەش نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی شازدەی زیلقیعدە بووە. ساڵی سێسەت و حەوت نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیست و حەوتی زیلقیعدە بووە. ساڵی سێسەت و هەشت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی هەشتی زیلحیجە بووە. ساڵی سێسەت و نۆ نەورۆز ڕۆژی هەینیی نۆزدەی زیلحیجە بووە. ساڵی سێسەت و دە نەورۆز ڕۆژی شەمووی سەرەتای موحەڕەم بووە.

ساڵی سێسەت و یازدە نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی سێسەت و دوازدە نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی یازدەی موحەڕەم بووە. ساڵی سێسەت و سێزدە نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و دووی موحەڕەم بووە. ساڵی سێسەت و چواردە نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی سێی سەفەر بووە. ساڵی سێسەت و

پازدە نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی چواردەی سەفەر بووە. ساڵی سێسەت و شازدە نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و پێنجی سەفەر بووە. ساڵی سێسەت و حەڤدە نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و شەشی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سێسەت و هەژدە نەورۆز ڕۆژی شەمووی حەڤدەی مانگی ڕەبیعەلئەووەل بووە. ساڵی سێسەت و نۆزدە نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی بیست و هەشتی مانگی ڕەبیعولئەووەل بووە. ساڵی سێسەت و بیست(*) نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی نۆی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە.

ساڵی سێسەت و بیست و یەک نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیستی مانگی ڕەبیعولئاخەر بووە. ساڵی سێسەت و بیست و دوو نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی یەکەم ڕۆژی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سێسەت و بیست و سێ ڕۆژی شەمووی پێنجشەمەی دوازدەی مانگی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سێسەت و بیست و چوار نەورۆز ڕۆژی هەینیی بیست و سێی مانگی جومادیلئوولا بووە. ساڵی سێسەت و بیست و پێنج نەورۆز ڕۆژی شەمەی چواری جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سێسەت و بیست و شەش نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی پازدەی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سێسەت و بیست و حەوت نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی بیست و شەشی جومادیلئوخرا بووە. ساڵی سێسەت و بیست و هەشت نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی حەوتی ڕەجەب بووە. ساڵی سێسەت و بیست و نۆ نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی هەژدەی ڕەجەب بووە. ساڵی سێسەت و سی نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی بیست و نۆی ڕەجەب بووە.

ساڵی سێسەت و سی و یەک نەورۆز ڕۆژی هەینیی دەی شەعبان بووە. ساڵی سێسەت و سی و دوو نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و یەکی شەعبان بووە. ساڵی سێسەت و سی و سێ نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی دووی ڕەمەزان بووە. ساڵی سێسەت و سی و چوار نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی سێزدەی ڕەمەزان بووە. ساڵی سێسەت و سی و پێنج نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و چواری ڕەمەزان بووە. ساڵی سێسەت و سی و شەش نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی پێنجی شەوال بووە. ساڵی سێسەت و سی و حەوت نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی شازدەی شەوال بووە. ساڵی سێسەت و سی و هەشت نەورۆز ڕۆژی هەینییبیست و حەوتی شەوال بووە. ساڵی سێسەت و سی و نۆ نەورۆز ڕۆژی شەمووی هەشتی زیلقیعدە بووە. ساڵی سێسەت و چل نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی نۆزدەی زیلقیعدە بووە.

ساڵی سێسەت و چل و یەک نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی سەرەتای زیلحیجە بووە. ساڵی سێسەت و چل و دوو نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی یازدەی زیلحیجە بووە. ساڵی سێسەت و چل و سێ نەورۆز ڕۆژی چوارشەمەی بیست و دووی زیلحیجە بووە. ساڵی سێسەت و چل و چوار نەورۆزی تێدا نەبووە. ساڵی سێسەت و چل و پێنج نەورۆز ڕۆژی پێنجشەمەی سێی موحەڕەم بووە. ساڵی سێسەت و چل و شەش نەورۆز ڕۆژی هەینیی چواردەی موحەڕەم بووە. ساڵی سێسەت و چل و حەوت نەورۆز ڕۆژی شەمووی بیست و پێنجی موحەڕەم بووە. ساڵی سێسەت و چل و هەشت نەورۆز ڕۆژی یەکشەمەی شەشی سەفەر بووە. ساڵی سێسەت و چل و نۆ نەورۆز ڕۆژی دووشەمەی حەڤدەی سەفەر بووە. ساڵی سێسەت و پەنجا نەورۆز ڕۆژی سێشەمەی بیست و هەشتی سەفەر بووە.

بەندی حەوتەم لە بەشی دەیەم

## لە باسی کۆمەڵە ڕووداوێکدا

لە ساڵەکانی کۆچیدا ڕووداوەیلێک هاتە گۆڕێ پەندن بۆ ئەوانەی دەرکیان پێ دەکەن و لە بارەی ئەم هونەرەوە لە کتێبی ئەسپەهاندا گەلێک شتم دەست کەوت و ئەمەی لێرە دەیانگێرمەوە کەمۆکەیەکن لەمانە:

محەمەدی کوڕی مووسای خارزمی لە کتێبی مێژوویدا باس دەکا کە لە ساڵی نۆهەت و چواری کۆچیدا کە دە ڕۆژ لە ئادار بەسەر چووبوو زەویلەرزە لە دنیادا دەستی پێ کرد، چل ڕۆژ بەردەوام بوو و ڕووخاندنی بینا بەرزەکانی گرتەوە و ماڵەکانی شاری ئەنتاکییە ڕمان و ئینجا لە ساڵی نەوەد و هەشتدا زەویلەرزەکان هاتنەوە و شەش مانگ درێژەیان هەبوو.

محەمەدی کوڕی جەریری تەبەریش دەڵێ لە ساڵی دووسەت و بیست و دوودا لە دوو کوورەی سەرخەس و مەروڕوودا نسقدا برێکی ئێجگار زۆر لە مشک پەیدا بوو لە ژماردن نەدەهاتن، خەڵکەکە بۆ لەناوبردنیان هیچ چارەیەکیان نەدیتەوە و زیانی ئەم نەهامەتییە ئەوە بوو لە هەردوو کوورەکەدا پێکرا بنی بەروبووی ئەو ساڵەی گشت هێنا، ئینجا مەرگیان تێکەوت و بەرەو نەمان چوون و لە ساڵی دووسەت و بیست و پێنجدا ئەهواز لەرزەیەکی بەرکەوت چوار ڕۆژ بە شەوەکانیشیانەوە درێژەی بوو، ئەو چیایەی بەسەریەوە بوو شەقاری تێکەوت.

کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە کە ساڵی دووسەت و سێ و چوار لە جێنشینێتی "خەلیفایەتی"ی ئەلموتەوەکیلدا خەڵکەکە تووشی بایەکی توند و گەرم هاتن لەوەو پێش شتی وایان نەدیتبوو، ئەوەش درێژەی کێشا و لە پەنجا ڕۆژ پتر بەردەوام بوو، لە ڕۆژی سێیەمی حوزەیرانەوە دەستی پێ کرد کە ڕۆژی عەرەفە بوو تا کۆتاییی ڕۆژی تەمووز، کووفە و بەغدا و واسیت و بەسرەی گرتەوە و لەوێشەوە بەرەو خوار چوو بۆ عەببادان(١٠) و لە واسیتیشەوە بۆ ئەهواز و ڕێبوارەیل و کاروانەیلی کوشت و یەکی لێ دەرنەکردن، ئینجا گەڕایەوە ئەهواز و دابەزییە هەمەدان و بیست ڕۆژ بەسەریاندا نیشتەوە و کشتوکاڵی سووتاند و ئەوجا لە هەمەدان هەڵکەنرا و تیرئاسایی بەرەو مووسڵ چوو، لە دەشتی سنجارەوە لێیان بەدەرکەوت و بەسەر مرۆڤێک یان ئاژەڵێک یان درەختێکدا ڕەت نەبوو نەیکوژێ و لە مووسڵدا ستاری گرت. ڕێی لە بڵاوبوونەوەی خەڵکی گرت و بازاڕی لە فرۆشیار پەک خست و نێوانی خەڵکی گوندان و شارەکانی لە هێنان و بردنی خۆراک و شمەک بەست.

لە ساڵی دووسەت و چل و یەکیشدا بایەکی سارد لە وڵاتی تورکانەوە هەڵی کرد و بەسەر "سەرخەس"(١١) دا هات و خەڵکی کوشت، لەبەرئەوەی سەرماکەیان بەردەکەوت و پەسیو دەبوون و لەناو دەچوون، لە سەرخەسیشەوە چووە " نیشاپوور " و لە نیشاپوور گەڕایەوە و چووە سەر ڕەی، ئەوجا بەرەو هەمەدان و ئینجا بەرەو حەلوان ڕەت بوو و لە حەلوانەوە بووە دوو بەش: بەشێکی

بەرەو دەستەڕاست بۆ سامەڕە و بەشێکیشی لای چەپی گرت بۆ بەغدا و خەڵکەکەی پێ تووشی کۆخە و هەلامەتی چون کارەسات بوون، ئینجا لە بەغداوە بەرەو خوار بۆ واسیت چوو، لەوێشەوە بۆ بەسرە و لەوێوە بۆ ئەهواز.

هەروەها محەمەدی کوڕی جەریر گوتوویەتی ئەم ساڵ کە ساڵی دووسەت و چل و یەکە لەرزە و زەویرۆچوونێک تووشی خەڵکی قەومەس بوو، زۆربەی خەڵکی ئیمارەی لەناو دا، ئینجا دوای ئەوە ئاگرێکیان تووش هات لە ئاسمانەوە دابەزی خەڵکێکی زۆری کوشت، هەواڵەکەش لە یەمەنەوە گەییە سوڵتان کە لە ڕێی تەک شاخێکدا بوو " سەقرا " یان پێ دەگوت.

عەبدوڵلای کوڕی محەمەدی کوڕی مووسای کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی ئیمام گوتی: لە جێنشینییێتیی ئەلموستەعیندا وا ڕێککەوت کە موشتەری و مەریخ و زوهرە و عەتارید لە کەلووی قرژاڵدا کۆ ببنەوە و پێکەوە بن " مقترنات " لەژێر تیشکی خۆردا لە کۆتاییی کەلوودا، واش ڕێککەوت بوونی مانگیشی لەگەڵدا بێ، بەمەش هەور و بارانێکی فرە پەیدا بوو و تاریکی و برووسک و هەورەتریشقە پەیدا بوون و ئەوەش شەش سەعاتی ڕێکی ڕۆژ درێژەی کێشا، کەش سارد بووەوە و ئەوەش لە تەمووزدا بوو تەنانەت خەڵکی سامەڕە ناچار بوون پۆشاک بپۆشن، دوای ئەوە کۆڵکەزێڕینە لەلای ڕۆهەلاتەوە دەرکەوت، ئینجا لەناویدا کۆڵکەزێڕینەیەکی تر پەیدا بوو لەبەر ئاوزۆریی لە هەورەوە ڕژاو، هەر ڕووداوێکی لە ڕادەبەدەری لە ئاسایی بەدەر لە کەشدا دەرکەوێ، لە جیهانی بووندا دەبێتە هۆی ڕوودانی چۆنیەتیگەلی لە ڕادەبەدەر.

کەسانی جگە لەویش گوتوویانە لە ساڵی دووسەت و پەنجا و هەشتدا پەتایەک لە ئەهواز و عێراق پەیدا بوو، بڵاوبوونەوەشی لەلای " عەسکەر موکەڕەم "ەوە بووە و لەوێشەوە بە درێژی چووە قرقیسیا لە کوورەی فوراتەوە و بە پانیش بۆ حەلوان و سنوورەکەی کە لە بیابانی عەرەبەوە دەستی پێ کرد و کارەکەی لێ سەخت بوو تا سوڵتان لە بەغداوە فەرمانی دا ئەوانە سەرژمێر بکرێن کە هەر ڕۆژە دەنێژرێن، نێژراوانی هەر ڕۆژە لە نێوانی پێنجسەت و شەشسەت نێژراو بوون.

محەمەدی کوڕی جەریریش گوتوویەتی لەم ساڵەدا و لە " سەیمەرە "دا گەلەرمانێکی گەورە ڕووی داوە زۆربەی شارەکە دارماوە و پتر لە بیست هەزار کەسی تێدا کوژراوە.

گوتی: لە ساڵی دووسەت و حەفتا و شەشدا ڕووباری ئەسسیلە" الصله"(١٢) ڕێژگەی گۆڕرا و وەلا کەوت و حەوت گۆڕ لەناو حەوزێکی لە بەرد هەڵکۆڵراودا دەرکەوت، تەنیان دروست و کفنیان بۆنی میسکیان(١٣) لێ دەهات، کتێبێکیش " یان نووسراوێک "یشی لێ بووە نەزانراوە چییە، مردووەکان لاوێکی ڕووخۆشیان تێدا بووە و شوێنی لێدانێک بە لاقەدییەوە بووە.

گوتی: لە ساڵی دووسەت و حەفتا و هەشتدا ئاوی نیل کەم بووەوە و وشکی کردەوە ئەوەش شتێک بوو خەڵکەکە نە دیبوویان و نە بیستبوویان لە سەردەمی نەتەوەکانی پێش خۆشیاندا ڕووی دابێ.

گوتی: لە ساڵی دووسەت و هەشتادا خۆر گیرا و چەند سەعاتێک تاریک داهات و ئینجا لە کاتی ئێوارەدا لەلای "دونبول "ەوە ڕەشەبایەک هەڵی کرد و تا سێ یەکی شەو ئینجا زەوین لەرزییەوە و

ڕۆچوو، کەس ڕزگار نەبوو کەمیان نەبێ و هەواڵ گەیشتە سوڵتان کە لەژێر داروپەردووی ڕووخاندا لە یەک ڕۆژدا پتر لە سی هەزار کەس مردوون، ئەمەش پێنج ڕۆژی خایاند و سوڵتان ناردی ئەوانە سەرژمێر بکەن کە لەم پێنج ڕۆژەدا مردوون ژمارەیان گەیشتە سەت و پەنجا هەزار کەس.

گوتی: لە ساڵی دووسەت و هەشتا و چواردا ئەستێرەناسەکان قێشبینیی خنکانی هەرێمەکانیان کرد بە لافاو، بەڵام پێ نەکەوتن و خەڵکەکە تووشی نەهاتی بوون و ئاو لە دنیادا لە کەمیی دا.

گوتی: لە ساڵی دووسەت و هەشتا و پێنجیشدا کە دوو ڕۆژ مابوو مانگی ڕەبیعولئەووەل کۆتایی بێ، زەردەبایەک لە کووفە و دەوروبەریدا بەرز بووەوە، ئینجا ڕەش هەڵگەڕا و شەو و ڕۆژێک مایەوە، دوابەدوای ئەو بارانێکی بە خوڕ و هەورەتریشقەی زۆر گەورە و برووسکەی نەپساوە هات و لە دەوروبەری ئەحمەدابادیشدا بەردی سپی و سیای سەنگ جیاجیای لێ کەوت و لەناویاندا بەردەیلێک، بەردی چون " فیهر"[١٤]ی بەرامە، هەر بەو جۆرەش لە بەسرەدا، بەڵام بەردی تێدا نەبوو، تەرزەشی لەگەڵدا هاتە خوارێ، دەنکی وەهای تێدا بوو بە قورسایی سەت و پەنجا درهەم.

گوتی: لە ساڵی سێسەت و پێنجیشدا نووسراوێک لە " مەرو "ەوە بۆ سوڵتان هات کە چەند کەسێک لە کونێکەوە بە شوورەی شاری مەڕودا ڕەت بوون، هێشووە خورمایان لێ برد و گەیشتنە " ئەزج"[١٥] و سەت کەللەسەریان لەناو سەبەتاندا دیتەوە، پارچەیەک بە گوێی هەر سەرێکەوە کراوە ناوی خاوەنەکەی لەسەر نووسراوە. ئەوەی بە بیریشمدا دێتەوە کە لە ئەسپەهان بووم، ڕووداوی لە ڕادەبەدەر هەشت جۆر بوون، لە نێوانی دووسەت و نەوەد و یەک و ساڵی سێسەت و چل و چواردا ، لەوانە " ڕۆژی "خورداد"ی مانگی "خورداد "ی ساڵی دووسەت و نەوەد و یەک ، دەغڵ پێش درەو کەوت و سەرمایەکی لێ دا لەناوی برد و دروێنە کران و دانیان تێدا نەبوو. ئەمەش ڕووداوێکە کەس لە کاتی گەرما و هێرشی گەرمادا نەیدیوە و نەشیانبیستووە. لە ساڵی سێسەت و دەدا لافاوی دۆڵی " زەڕین " هەڵسا و ڕادەی بەزاند و لە ئاسایی دەرچوو، قوڕاو بەرز بووەوە تەنانەت بەسەر پشتی پرداندا کەوت و ڕێی لە پەڕینەوەی خەڵکی گرت. نووسراویان بە تیرانەوە دەبەست و لە دەرگەی شارەوە دەهاوێژرایە لای " وەرزقاباد"[١٦]، تەنانەت خەڵکی شار لە خۆیان ترسان، ئاوەکە بە لای شوورەدا بەرز بووبووەوە و لایەکی کون کردبوو، ئینجا ئاوەکە کشایەوە و دەستی بە کەمی کرد.

لە کۆتاییی ساڵی سێسەت و بیست و سێ و سەرەتای ساڵی بیست و چواردا برسێتی هەموو خەڵکی گرتەوە و کارەکە دژوار بوو، مەرگی جەرگبڕیشی لەگەڵدا بوو و لە ئەسپەهانی شارمدا پتر لە دووسەت هەزار مرۆ گیانیان لە دەست دا. لە کتێبی ئەسفەهادا بە دوای ڕووداوەیلی ئەو ساڵەدا چووم و لێرەدا بە باسی کەمۆکەیەکیان لێگەڕام. لە ساڵی سێسەت و سیشدا لە ڕۆژی بیستەمی مانگی " ئابان "دا بەفرێک کەوتەوە، هەرگیز لە ئەسپەهاندا خەڵکەکە نەیانزانیوە لەم مانگەدا بەفر کەوتبێ.

سالّی سێسەت و سی و دوودا خەڵکەکە سەر لە بەیانیی ڕۆژی نەورۆز وەئاگا هاتنەوە بەفر کەوتبوو، ناچار بوون ڕایماڵن و خەڵکەکە بەهاران بەو شتە ڕانەهاتبوون، دوابەدوای ئەو بەفرە سەرمایەکی سەخت هات و خەڵکەکە نەورۆزیان کرد و زیان بە دارودرەخت گەیی و ئەو زیانەش بەر هەموو وڵاتانی ڕۆهەڵات کەوت خەڵکەکە بەبێ میوە بەسەریان برد.

سالّی سێسەت و سی و سێ برسێتی لە بەغدا زۆر بوو و ناخۆشی کرد، خەڵکەکەی دەربەدەر بوون و یەکترییان دەکوشت، لەبەرئەوەی پیاوان بە شارانەوە پەرت بوون و ئافرەتان لەناو ماڵاندا مانەوە، کیژە عازەبەکان بیست بیست شانیان بە یەکەوە دەنا و دەچوونە سەر ڕێیان و هاواریان دەکرد: برسیمانە! برسیمانە! هەر کە یەکێکیان لێ بەردەبووەوە هەموویان بەسەر ڕوودا دەکەوتن و دەمردن. پیاوێکی دەسرۆی خواردەش لە بەغدا هەبووە پێی دەگوترا یەحیای کوڕی زەکەرییا، هەزار کیژی لە ماڵەکەیدا کۆ کردبووەوە و بە درێژاییی ڕۆژانی برسێتییەکە نانی دەدانێ، ئینجا گشتیانی بە شوو دا و کەلوپەلی بووکێنیی بۆ ئامادە کردن.

سالّی سێسەت و سی و چوار لە " ڕوستاقی تەیمەرەی گەورە"(١٧) دا ئەسپێ زۆر بوو تا خەڵکەکە دەستیان لە بەروبووی ئەو ساڵەیان شۆردەوە و دەیانویست بار بکەن و بڕۆن، جۆرە بازە باڵندەیەک کە لە پاساری گەورەتر بوو بەسەر ڕوستاقدا نیشتەوە، ئەو مەلانە لە حەوشەیەکی گەڕەکی کوڕێکی بەساڵداچوودا بەسەر دارەکانی باخچەیەکەوە، بڵاو بوونەوە. کۆمەڵە خەڵکێکی ئەو گەڕەکە بۆیان گێڕامەوە بارودۆخەکەیان بینی بوو، مەلێک لەمانە کە دەبووە بەیانی بەسەر دارێکی ئەو باخچەیەدا دەکەوت و فیکەیەکی یەک بەدوای یەکی دەکێشا، بەوەش مەل پۆل پۆل دەهاتن و هەر پۆلەو دەچوونە سەر گەڕەکێکی ڕوستاقەکە، دەستیان بە کۆکردنەوەی ئەسپێکان دەکرد تا جیکڵدانەیان پڕ دەبوون، ئینجا دەچوونە سەر ئاو و خۆیان پێ فێنک دەکردەوە و کە لە ئاو دەهاتنە دەرەوە هەرچییان لە جیکڵدانەیاندا دەبوو جیقنەیان دەکرد، ئینجا دیسانەوە دەستیان بە کۆکردنەوە دەکردەوە تا ئێوارە و ئینجا دەگەڕانەوە درەختی باخچە و سەرلەبەیانیش بۆ کۆکردنەوەی ئەسپێ، لەسەر کۆکردنەوە و فیکەی ئەو باڵندەیە بەردەوام بوون تا کۆتاییان بە ئەسپێی ڕوستاق هانی. ئینجا سەرلەبەیانییەک باخچەیان جێ هێشت و تا ئێستاش نەبینرانەوە.

لە سالّی سێسەت و چل و چواردا لە سەرەتای موحەڕەمدا پەتایەک پەیدا بوو لە خوێن و زەردوویی پێک هاتبوو، هەموو خەڵکی گرتەوە تا بە ماڵانی هەردوو شارەکەدا گەڕا، بەسەر ژنان و پیاوان و منداڵاندا، مانەوەشی لە دوو ڕۆژەوە بووە تا حەوت یان دە ڕۆژان. جاری واش دەبوو لە سەرووی بیست ڕۆژیشەوە لە ماڵێکدا دەمایەوە تا هەموویانی لەناودەبرد. باشترینی ئەوانەی تووشی هاتوون ئەوانە بوون بە خوێن لێ گرتنەوە "فصد" بەرەنگاری بوونەتەوە و ئەم پەتایەش لە ئەهوازەوە کەوتبووە ئەسپەهان، لە بەغداوە بەسەر ئەهوازدا فڕی و لە بەغداوە بەرەوخوار بووەوە بۆ واسیت ئینجا لەوێوە بۆ بەسرە، لەوێش پەتایەکی تری لەگەڵ کەوت تا وای لێ هات ڕۆژی لە نێوان هەزار تا هەزار و دووسەت کەسی بۆگەن کردووی لێ دەنێژرا. لە بەسرەوە بۆ ئەهواز

بەرەوخوار بووەوە و بووە دوو بەش: بەشێکی لای دەستەڕاستی گرت بەرەو ئەرجان و بە هەموو کوورەکانی فارسدا بڵاو بووەوە و بەشێکیشی لای دەستەچەپی گرت بەرەو ئەسپەهان کە ئەنجامەکەی بێ زیان بوو.

هەر لەم ساڵەدا کە چل و چوارە، مانگی ڕەبیعولئاخیر سێ ڕۆژی مابوو، ڕۆژی ئازەری مانگی مورداد[18] کاتی ڕۆئاوا بارانێکی بە برووسک و هەورەتریشقە دەستی پێ کرد ئاو بە پلوسکەکاندا هاتە خوارێ و خوڕ، بە دەستی ئەو بەزیبوو و لەسەر ڕووی زەویدا ڕاکشا بوو چ هەورێکی لە ڕوودا نەبوو، کە شەو داهات هەور کۆبووەوە و باران دوای ئەوەی کە هێور بووبووەوە دەستی بە داکردن کردەوە و هەر توندتر دەبووەوە تا بووە بارانی بەخوڕ و برووسکە و هەورەتریشقەشی تێکەڵ بوون و بە درێژایی شەو بەردەوام بوو و لە سێیەکی یەکەمی شەودا گوێیان لێ بوو شتێکی گەورە لە ئاسمان بەربووەوە، خەڵکەکە بەیانیان کردەوە، لەبەر گیرانی زێرابەکان ڕێگەوبان بە سێلاو گیرابوون. شەو بەسەرچوو سبەینێ بووە " ڕۆژی ئەشتاد"[19]، برووسک و هەورەتریشقە لە ئاسۆی لای ڕۆئاواوە دەستی پێ کرد و وەک ئاگرێکی خۆش بەردەوام بوو بەسەر ئاسۆی باشووردا سوورایەوە تا لە کۆتاییی شەودا گەیشتە ڕۆهەڵاتی (زستان!!) ، نە هێوریی تێ کەوت نە خۆش کردنەوەیەکی سنوورداری ناو ڕێژنەیەک و ڕێژنەیەکی تردا. هەر هیچ هەورەتریشقەیەکیشی لەگەڵدا نەبوو، ئینجا ئەو شەوە بۆ ڕۆژی دوایی خەڵکەکە ڕۆژیان کردەوە و بووە " ڕۆژی ئاسمان"[20]، ئەمەش دۆڵەکەی بە قوڕ و لیتە پڕ کرد، کە پێشتر لەم سوورایی و لێخنییە نەبینرابوو. ئەوانەی لێکیاندایەوە لەناو دۆڵەکەدا جگە لە ڕووبار سی پێچاو بوو تا دۆڵەکەی هەموو گرتەوە و بەرزەکەکانی هەموو گرتەوە و ڕۆئاوا گەیشتە ئەوپەڕی و خەڵکەکە پێچاوەکانی ناو دۆڵەکەیان بە هەزار پێچاو دانا و تا چوارەم ڕۆژ بەم شێوە بەرزبوونەوە و لێخنییە مایەوە.

ڕووداوی لە ڕادەبەدەری لەم جۆرە ئەگەر تۆمار نەکرێ لێی دادەبڕێ و دواتر لە گێڕەرەوەی وەرناگیرێ.

ساڵی سێسەت و پەنجا لایەکی ئەو بنیاتە ڕووخا کە لەناو شاری "جەی"[21] دا بوو و پێیان دەگوت " سارەوەی " خانوویەکی لێ دەرکەوت نێزیکەی پەنجا پێستەی خۆشکراوی تێدا بوو، بە جۆرە نووسینێک لێی نووسرابوو خەڵکەکە پێشتر ئەو شێوەیەیان نەدیبوو، ئیدی نازانرێ کەی لەو بنیاتەدا شارراونەتەوە. کە لەبارەی ئەم کارە سەیرەوە پرسیارم لێ کرا، کتێبێکی وەرگێڕاوی ئەبومەعشەری ئەستێرەناسی بەلخیم بۆ خەڵکەکە دەرهێنا لە جیاوازیی " زیج "دا کەتێیدا دەیگوت: پاتشاکان بایەخدان و پەرۆشییان بۆ پاراستنی زانیارییان بە ڕادەیەک بووە بۆ ئەوەی بە درێژاییی ڕۆژگار بمێننەوە و لە ترسی ئەوەی ڕووداوی کەش و بەدکارییەکانی زەوی، نووسینکۆگای وایان بۆ هەڵبژاردوون زیاتر بەرگەی ڕووداوان بگرن و زۆرترین ماوە لەناو نەچن و دوورتر بن لە بۆگەنکردن و کوژانەوە "ناوقەدی داری خەدەنگ"[22] یان بۆ دیتووەتەوە و کرۆکەکەی "تووز"[23]ی پێ دەگوترێ

و خەڵکی هیندستان و چین و ئەو نەتەوانەی ئەولاتریان پێڕەوییان کردوون و ئەوەیان وەک ژێی بەسەر کەوانەوە بەستراوی تیر پێ هاویژتن هەڵبژاردووە، لەبەر ڕەقی و لووسی و مانەوەی بۆ درێژترین ماوە.

کاتێ بۆ کۆگای زانیارییان باشترین نووسگەیان لە دنیادا دۆزییەوە لەلایەکانی سەر زەوی و وڵاتانی هەرێماندا چاکترین گڵ و کەمترینیان بۆ بۆگەن کردن و دوورترینیان لە زەویلەرزە و ڕۆچوون و خەستترین قوڕ و درێژخایەنترینی بنیاتەکانیان، بە هەموو وڵات و ناوچەکانی شانشینییەکەدا گەڕان، لەژێر ئاسماندا وڵاتێکی وەک ئەسپەهانیان نەدیتەوە ئەم هەموو پەسنانە بەخۆوە بگرێ. ئینجا بە لایەکانیدا گەڕان لە روستاقی جەی چاکتریان نەدیتەوە و لە گشت " روستاقی جەی "یشدا ئەو شوێنەیان دەست نەکەوت کە مەبەستیان بوو کە دوای دەمێکی دوور شاری جەییان لەسەر نەخشەکێشا، هاتنە " قوهوندوز" کە لەناو شاری جەیدایە و زانستەکانیان پێ ڕاسپارد، کە تا ئەم سەردەمەمان ماوەتەوە و پێی دەڵێن سارەوەی. لەلایەن ئەم بنیاتەشەوە خەڵکەکە زانیویانە کێ بنیاتی ناوە، ئەمەش ئەوەیە کە بەر لە سەردەمی ئێمە بە ساڵانێکی زۆر لەم بنیاتە سەختەوە لایەک ڕما و " ئەزج" ێکی تێدا دیتراوەتەوە لە قوڕی سوور هەڵبەستراوەتەوە، کتێبێکی زۆریان لە کتێبەکانی پێشینانی تێدا دۆزییەوە هەموو لەسەر " کرۆکی تووز "دا نووسراوەتەوە، زانستەکانی پێشینان بە نووسینی فارسیی دێرین نووسراونەتەوە، هەندێک لەم کتێبانە دەست کەسانێک کەوتووە کە بایەخیان پێ داوە و خوێندوویانەتەوە و تێیدا کتێبێکی هەندێک شایە پێشینەکانی فارسی تێدا دیتەوە تێیدا باسی ئەوە کراوە کە " تەهموورس ـ طهمورث "ی شا، ئەوەی زانست و زانستپەروەرانی خۆش دەویست و بەر لە ڕووداوی ڕۆئاوایی پێی گەیشتبوو و لەلایەن کەشەوە هەواڵی بەدوای یەکدا بارینی باران لەوێ و زیادەڕەوی و بەردەوامی و فرەیی و لە ڕادە و ئاسایی دەرچوونەوە بووە، لە یەکەم ڕۆژی ساڵانی فەرمانڕەواییەوە تاکو یەکەم ڕۆژی دیاربوونی ئەم ڕووداوە ڕۆئاواییە دووسەت و سی و یەک ساڵ و سێسەت ڕۆژ بووە، ئەستێرەناسانیش لە سەرەتای دەسپێکی فەرمانڕەواییەوە، لە ڕەتبوونی ئەم ڕووداوەیان دەترساند لەلای ڕۆئاواوە تا ئەولای دەڤەرەکانی ڕۆهەڵات، فەرمانی بە ئەندازیاران داوە ڕاستترین شوێن هەڵبژێرن بە خاک و خۆڵ و کەشییەوە، شوێنی بنیاتەکەیان بۆ هەڵبژارد کە بە سارەوەی ناسراوە، کە ئێستاکە لەناو شاری جەیدایە. فەرمانی دروستکردنی ئەم بنیاتە داڕێژراوەی دا، کە بۆی لێ بوونەوە لە گەنجینەکەیەوە زانستێکی زۆری ڕەگەز جۆراوجۆری گواستەوە بۆی، لەناو کرۆکی تووز دانران و لەلایەکی ئەو بنیاتە دانران بۆ ئەوەی دوای ئەم ڕووداوە بۆ خەڵک بمێنێتەوە.

هەروەها کتێبێکی تێدا بووە دراوەتە پاڵ هەندێک لە دانا پێشینەکان، ساڵان و دەورانی دیاری تێدا بووە بۆ لێ هەڵێنجانی ناوەندەکانی ئەستێران و هۆیەکانی بزاوتیان. خەڵکی سەردەمی تەهموورس و هەموو فارسەکانی پێش ئەویش پێی دەڵێن ساڵان و دەورانەکانی "هەزار "ان و

زۆربەی زانایانی هیندستان و شایەکانیان، ئەوانەی لە ڕووی سەردەمانی خۆیاندا بوون و شایە بەراییە فارسەکان و دێرینانی کلدانییان، کە دانیشتووانی ئەحوییە[٢٤]ی خەڵکی بابل بوون لە سەردەمانی بەراییدا، ئەمانە ناوەندەکانی ئەستێرانیان لەم ساڵ و دەورانانەوە دەردەهێنا، ئەمیش لەو " زیجانەیاندا کە لە سەردەمیدا هەبوون، هەڵی گرتوون "، لەبەرئەوەی ئەم و هەموو کەسێکی تر کە لەو ڕۆژگارەدا بوون، لە تاقیکردنەوەیاندا بینییان کە ئەمە ڕاستترینیانە و لە گشتیشیان کورتکراوەترە. ئەو ئەستێرەناسانەش کە لەگەڵ سەرۆکەیلی شایەکانی ئەو سەردەمانەدا بوون و زیجێکیان لێ هەڵێنجا و ناویان نا " زیجی شەهریار "، واتاکەشی بە " عەرەبی " شا و سەرۆکی زیجەکانە" ملک الزیجات و رئیسها ". ئەم زیجەیان لە جیاتی هەموو زیجەکانی تر بەکار دەهێنا. لەو شتانەدا کە شایەکان دەیانویست بیانزانن، لەو شتانەی لەم دنیایەدا ڕوو دەدەن، بەم جۆرە ئەم ناوە لە کۆن و نوێدا بۆ زیجی خەڵکی فارس مایەوە و بارودۆخەکەی لەلای زۆرێک لە نەتەوەکانی ئەو کاتە تا ئەم دەمەشمان مایەوە کە بڕیار "حوکم "ەکان بە ئەستێرە ڕاستکراوەکانیان ڕاست دەردەچن. تا ئێرەش گێڕانەوەی وشەگەلی ئەبومەعشەرن لە پەسنی ئەو بنیاتەی شوێنەواری لە ئەسپەهاندا ماوەتەوە.

ئەبومەعشەر ئەزجێکی لە ئەزجەکانی ئەم بنیاتەی پەسن داوە، لە هەزار ساڵەوە کەمتر یان پتر هەرەسی هێناوە و لێیەوە بەرەو " زیجی شەهریار " چووە. بەڵام ئەوەی ساڵی سێسەت و پێنجی کۆچی هەرەسی هاوردووە، ئەوە "ئەزج "ێکی کەیە. شوێنەکەی نەزانراوە لەبەرئەوەی لە بانەکەیەوە وا بەبەرچاوەوە گیراوە کە بەسەر ڕووباراندا ڕێکخرابێ[٢٥]، کە لەسەر ئەم کتێبە گەورە نووسراوانەوە لاکەوت هەروەها ئەو بنیاتەی میسر کە "هەرەم "ی پێ دەگوترێ یەک لەو ناوازانەی وڵاتانی ڕۆئاوایە. هەر خۆشی زاناتر و داناترە.

بەندی هەشتەم لە بەشی دەیەم

## لە باسی ئەو هەرایەی لە پێتەختی شانشینییەکەیاندا بەسەر دەسەڵاتی عەباسییاندا هاتووە

کە وێرانی بەغداشی گرتەوە و دانیشتووانی تووشی دەربەدەری بوون تا خوا بە " ئەبی ئەلحەسەنی بووەیە " بە هانای پاشماوەکانیانەوە هات.

سەرەتای فەرمانڕەواییی عەباس لە ساڵی سەت و سی و دوودا بووە. کە لە هەژدە کەسیاندا، لە ماوەی سێسەت و حەفتا و حەوت ساڵدا بە ڕێک و ڕەوانی بە ناویاندا گوازراوەتەوە. ئەو تەگەرانەی دەهاتنە سەر ڕێی دەسەڵاتیان ماوە کورت و بەپەلە بەسەر دەچوو. فەرمانڕەواییان بەم ڕێچکەیەدا بەڕێوە چوو تا سێزدە ساڵ چەند ڕۆژێک کەم لە فەرمانڕەواییی ئەلموقتەدیرەوە ڕەت بوو، ئەوەش لە کۆتاییی ساڵی سێسەت و هەشتدا بووە، لێرەدا ڕووداوەکان و ئاژاوە لە پێتەختی شانشینییاندا دەستی پێ کردووە، سامی لە سەرباز و گەل لابردووە و گەنجینەیانی لە سامان بەتاڵ کردووە،

هەروەها بەیتولمال " خانەی سامانەکان " یشیانی لە پاشەکەوتی پێشینانیشیان بەتاڵ کردووە. ئەم ڕووداوانەش لە پێتەختی شانشینییاندا ماوەی بیست و پێنج ساڵی خایاندووە.

ساڵی سێسەت و هەشت:

سەرەتای ئەم هەرایەش ڕۆژی هەینی بووە، کە شەش ڕۆژ لە زیلقیعدەی ساڵی سێسەت و هەشت ماوەتەوە، هۆیەکەشی هەڵچوونی ڕەشۆکی خەڵک بووە لە دژی سوڵتان لەبەر برینەوە بەروبووی ڕەشەخاکی " عێراق " بۆ " حامیدی کوڕی عەباس "، تا بەهاکانی لێ گران بووە و وای لێ هاتووە دەستی ڕەشوڕووت و زۆربەی خەڵکە تایبەتەکان بە خۆراک نەگا. کاتێک کە دوو پێشنوێژی لای ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا بەسەر دوانگە " مینبەر " دا سەرکەوتوون، داگیراون و فڕێ دراونەتە لای دواوەی مزگەوتەکان و خەڵکەکە هێرشیان بردووەتە سەر ژووری تایبەت و دوانگەیان تێک شکاندووە و پاکانەیان لە سوڵتان کردووە، دەسەڵاتدارەکان ڕێیان لێ گرتوون و پاشماوەی ئەو ڕۆژەیان بە شەڕ بەرپاکردن کۆتایی پێ هێناوە، ڕۆژی هەینی و ڕۆژی شەمموو و بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەش هەر شەڕ بووە و ئینجا بازاڕی " باب ئەلتاق "یان ئاگر تێ بەرداوە و خەڵکەکە شکستیان خواردووە و ئاژاوەی کوشتنی سەرباز و خەڵکی بڕاوەتەوە.

ساڵی سێسەت و یازدە:

شەش ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئەووەلیەوە مابوو، قەرمەتییەکان چوونە ناو بەسرە و سوبکی موفلیحیی میریان کوشت و چاویان بە خەڵکدا گێڕایەوە و ئەو شمەک و سامانەی پشتێکیان بۆ هەڵگرتن و گوازتنەوەی دۆزییەوە باریان کرد و بردیان بۆ بەحرێن و بە داگیرکردنەوە و لە گەنجینەی دەوڵەت " بەیتولمال "دا شاردنەوەی سامانەکانەوە ، لەلایەن ئیبنولفوراتی وەزیری و موحسینی کوڕییەوە کارەساتێک بە تێکەڵوپێکەڵی و نەهامەتی بەسەر کارمەند و نووسەرانی سوڵتاندا هات بە چەوساندنەوە و کوشتن بەکارهێنان، کە پێشتر لە دەوڵەتی ئیسلامدا بەسەر کارمەند و نووسەراندا نەهاتبوو و داگیرکاری نەریتی پێشووی تێپەڕاند، تەنانەت بڕی دوو هەزار هەزار و حەوتسەت هەزار دینار لە حامیدی کوڕی عەباس وەرگیرا.

ساڵی سێسەت و دوازدە:

دە ڕۆژ مابوو موحەڕەم تەواو بێ لە ڕەملولهەبیر "رمل الهبیر"(٢٦) دا قەرمەتی هێرشی بردە سەر کاروانەیلی حاجییان و پیاوانی سوڵتانی بە دیل گرتن و حاجییانی پشکنی و ئافرەتانی بە دیل بردن، سامانی فڕاند و " ئەسپە " چەمووشەکانی برد و ئەم بەدکارییەی بەر گشت وڵاتانی ئیسلام کەوت.

ساڵی سێسەت و سێزدە:

لە زیلقیعدەدا قەرمەتی هێرشی بردە سەر حاجییان، بە دەشت و دەردا دەربەدەر بوون و ئەوەی

ڕزگاری بوو لێیان بە ڕووتوقووتی گەڕانەوە، بەوەش حەجی ئەو ساڵە بەتاڵ بوو، ئینجا نۆ ڕۆژ لە زیلقیعدە مابووەوە قەرمەتییەکان چوونە ناو کووفە و خەڵکیان کوشت و ماڵیان ڕفاند و ئەوەی دەستیان کەوت بردیان و جێیان هێشت.

ساڵی سێسەت و پازدە:

لە ناوەڕاستی مانگی ڕەبیعولئەووەلدا سوارەکان لە سوڵتان ورووژان و چوونە بەردەرگەی تایبەتی، هێرشیان بردە ماڵەکە تا هاتنە مەیدانی شەڕ، ئینجا بەرەو نوێژگە دەرکەوتن و بۆ بەیانییەکەی بە هاوار هاوارچوونە ناو شار و گەیشتنە بەردەرکەی تاق و ڕەسافە و دەنگیان بە جوێن بە ئەلموقتەدیر دان هەڵبڕی، سوێندیان بە بڕوای خەست خوارد کە نوێژیان بۆ نییە هەروەک چۆن حەجیان بۆ نییە کە حەجی لێ بەتاڵ کردن. هەروەها سنوورەکانیشی بەتاڵ کرد و بەیانییەکەشی لەو کۆشکەدا بوون کە بە سورەییا " ثریا " واتە: چلچرا دەناسرا، زۆربەیان سووتاند و ئەو گەنجینانەی تێیدا بوون تالانیان کردن و گومەز و ئەو کۆشکەیان تێکدا بە " ئوتروجچە " و " کەوکەب " دەناسرا و هەرچییەکی تێدا بوو لە ئامێر و کەلپەل و ئاژەڵە کێوی و باڵندە تالانیان کردن و ئینجا بەیانی زوو لە مەیدانی جریدبازیدا بوون دەرگەکانیان سووتاند و بەرەو ئەو کۆشکە چوون کە بە " حوسنا " دەناسرا و ئەلموقتەدیری تێدا دادەنیشت، تا ئێوارە بە ئاژاوەگێڕان مانەوە و بۆ بەیانی زوو بەرە و ئەو کۆشکە چوون کە بە " بەدیع " دەناسرا، سوڵتان " بولەیق"[٢٧]ی بۆ دەرکردن و تا مووچەی بۆ بڕینەوە و پێی بێدەنگ کردنەوە.

ڕۆمیش هێرشیان بردە سەر سنوورەکانی شمشات و خەڵکیان سەربڕی لە ڕووگە "قیبلە"یەکی گشتگیردا و هەرچییەکیان دیت بردیان و ڕەشۆکی خەڵکیان بە دیل برد و دەوروبەر و ئاغەڵی شاری مەلاتییەیان سووتاند. لە شەوالدا کە حەوت ڕۆژی مابوو قەرمەتی دوای ئەوەی " ئەمان "ی دایە دانیشتووانی و دڵنیای کردن چووە ناو کووفە، ئەوەی هی سوڵتان بوو لە سامان و ئەو پێداویستییانەی لە جۆ و ئارد و بژێوی، کە بۆ ڕێی حەج ئامادە کرابوو دەستیان بەسەردا گرت. نۆ ڕۆژیشی لێ مابووەوە کە قەرمەتی ئیبنو ئەبی ئەلساجی خستە بۆسەوە و گەلێکی لە سەربازانی کوشتن و گەلێک کەسیش لە فوراتدا خنکان، ئیبنو ئەبی ئەلساجیشی بە دیل گرت و هەر کە هەواڵەکەی گەیشتە بەغدا خەڵک ورووژان و سەرباز هەڵچوون و حوجرەییەکان دەستیان بە ئاژاوە کرد و قسەیان بەرامبەر ئەلموقتەدیر توند کرد و پێیان گوت: لە جێی خۆت وەلاکەوە دا کەسێک لە شوێنت ڕۆنیشێ ڕامیاری و ئامادەیی باش بزانێ.

ڕەشۆکی دانیشتووانی بەری ڕۆئاوا لە ترسی قەرمەتی پەڕینەوە بەری ڕۆهەلات و ترس کەوتە دڵی سەرباز و مسکێن و سوڵتان، " نازووک "ی بەرپرسی پۆلیس خاوەنی قامیشانی دەروازەی ئەنباری ناچار کرد قامیش ببەنە ناو بەغداوە، لە ترسی ئەوەی نەک قەرمەتی بێتە شاری بەغدا و سەری کەندەک " خەندەق " بە قەمیش و گڵ داپۆشێ و بەسەریدا بپەڕنەوە. ئینجا پاشماوەی لەشکری ئیبنوساج گەیشتنە بەغدا دوای ئەوەی لە سەرەڕێیاندا هەرچییان لە گوندەکانی

ڕەشۆکان دەست کەوت لەناویان برد. هەروەها زۆربەی مانگی شەوال بەسەر چووبوو کە قەرمەتی چووە ئەنبار و هەر کێیەکی لە پیاوچاکان تێدا بوو هەڵاتن و خەڵکی ئەنبار بەرەو بەغدا شۆڕ بوونەوە. چوار ڕۆژیش لە زیلقیعدە مابووەوە قەرمەتی وەل هاوەڵانی لە شوێنێکەوە کە پێی دەگوترا " ئەلبەتیحە " پەڕینەوە و هەرا قەوما و هەرچییەکی کرد و نەکرد تا کەشتیگەلی خڕ کردنەوە و پردی هەڵچنی و بە سەریدا لە فورات پەڕییەوە و نازووکیش چووە دەروازەکانی ڕێگەکانی بەغدا دەروازەکانی قوتروببول و حەرب – ی داخست پردەکانی دەروازەی حەدید (ئاسن) و حەربی بڕییەوە و دەروازەی قوتروببولی داخست.

یازدە شەویش لەو مانگە ڕەت بوو بوو کە قەرمەتی لە سەربازگەی موونیس نێزیک بووەوە کە لە نێزیکی گردی عەقەرقووف(٢٨)ی سەر ڕۆخی ئەو ڕووبارەوە بوو کە بە "وەررادە" ناسراوە، موونسیش پردۆکەی وەررادەی بڕی.هەروەها دە ڕۆژی لێ مابوو بەلیق لەگەڵ هاوەڵانی و پاشماوەکانی سوپای ئیبوئەبیسساجدا بەرەو گوندەکانی قەرمەتی چوو، ئەوەی کاریان درابووە دەس بەرەنگاریان بوونەوە و بە توندی شەڕیان لەگەڵدا کردن، بەلیق شکستی خوارد و خەڵکێکی زۆر لەوانەی لەگەڵیدا بوون کوژران. کە پاشماوە گەڕانەوە بۆ لای موونیس کەندەک " خەندەق "ێکی لەسەر پارچە زەوییەکی " ئوم جەعفەر" هەڵکەند و لە کەوشەنی دەستەڕاستەوە تا ئەو جێیەی بە " فەرەح ساعە " دەناسرا و ڕەوەندی عەرەب بە گوندانداا بڵاو بوونەوە و تاڵان و کوشتوبڕێکی زۆریان کرد، ئینجا بەرەو ڕێی سامەررە "سامەررا " سووڕانەوە و ڕێیان لە قافڵەیەک گرت و بایی دووسەت هەزار دینار شمەکیان لێ وەرگرتن. ئینجا ڕۆژێک لە دوای ڕۆژی قوربانی بەسەر سامەررەیاندا دا.

سالّی سێسەت و شازدە:

نۆ ڕۆژ لە ڕەمەزان بەسەر چووبوو خەڵکی "قەسر ئیبن هوبەیرە"(٢٩) هاتنە بەغدا، هەرایان لە بازاڕدا نایەوە و خەڵکیان بڵاوە پێ کرد و نەیانهێشت دووکانەکانیان بکەنەوە، ڕەشوڕووت چوونە پاڵیان چوونە سەر ئەو پاوانەی لە تەک ئەنجوومەنی سوڵتانەوە بوو و سووتاندیان و گومەزێکیشی لێ بوو ڕووخاندیان و قسەی ڕەقیان بە سوڵتان گوت و بە قسەی هەڵبەست بانگیان لێ کرد و لەوێشەوە بایان دایە لای "دیوانی بادووریا"(٣٠) و هەرچییەکی تێدا بوو کە لەلایەن " سەرەک وەزیران "ەوە بۆ جێنشین " خلیفە " دوای جێنشین سەرژمێر کرابوو سووتاندیان و ئینجا بەرەو دەرگەی سوڵتان بوونەوە و بە قیژە و گریانەوە، خەڵکانێکی ناو ماڵەکە یارمەتییانیان دا و ئەوانەی فیلیان بەخێو دەکرد فیلیان هاورد کە لە برسێتیی ماوەیەکی درێژ، لەڕولاواز بووبوون و ڕەشوڕووت کەوتنە گریان بۆیان گوتیان: ئەی محەمەد فریاکەوە!

ساڵی سێسەت و نۆزدە:

لە مانگی " موحەڕەم "دا سەرکردەکان گردبوونەوە کە ئەبولهەیجا و نەزووک و موونیسیشیان

تێدا بوو، بۆ سوڵتانیان نووسی کە دایک و خوشکەکەی و هەموو ئەو ئافرەتانەی فەرمانبەدەستن هەر لە دەرباری جێنشین " دار الخلافه "وە تا خانووی " ئیبن تاهیر " دەربازیان بکا، داواکارییانی پەسند نەکرد. دەرچوون و چوونە نوێژگە " ئەلموسەڵلا " و موونیسیشیان لەگەڵدا بوو، ئەلموقتەدیر نامەیەکی جوانی بۆ ناردن و پارچەیەک لە دەستخەتی خۆی کە کارەکە دەخاتە بەردەستی خۆیان و لە هەر شتێکدا داوای دەکەن لەلای خۆیەوە ناکۆکیی نابێ لەگەڵیاندا، هێور بوونەوە و دیسانەوە لە پێشتر پتر هەڵچوونەوە، کە هەینیی چواردەی موحەڕەم داهات دوای نوێژ چوونە سەر جێنشین " خەلیفە " لەماڵیدا تا گەیشتە ئەو شوێنەی لێی دادەنیشت و خۆی و دایکی و میمکیان برد و گواستیانەوە بۆ ماڵی موونیس.

محەمەدی کوڕی موعتەزیدیان هێنا و نازناوی " ئەلقاهیر " یان دایێ و شاهێتییان بەسەر ئەلموقتەدیر گرت کە خۆی لە جێنشینی خست و کارەکە کەوتە دەست برای و مۆری پاشایی بۆ بەرز کرایەوە و کۆمەڵە کەسێکیش هێرش و تالانیان پێ گەیی و ماڵێلێکیش ئاگریان تێ بەر بوو.

کە بووە ڕۆژی یەکشەمە، شەڕوانان " المصافية " جووڵانەوە و دەمەقاڵێ کەوتە ناو نازک و ئەمانەوە پەلاماریان دا و کوشتیان. خزمەتکاران لە ماڵیدا بەرەو " ئەبیلهەیجا عەبدوڵڵای کوڕی حەمدان " چوون و کوشتیان و زیندان و بەندیخانەکان کرانەوە و ئەوەی تێیاندا بوون دەرچوون و ئەلموقتەدیر گەڕایەوە دەرباری جێنشینی و قاپ و قاچاخ و شتومەک و گەوهەرێل و بۆنەکانی بۆ فرۆشتن دەرهانی بۆ ئەوەی نرخەکانیان بەسەر سەربازاندا بڵاو بکاتەوە، کە زۆربەی ئەوانە سەرکردەکان و ئەو بازرگانانەی مابوون کڕییانەوە.

شەوی چوارشەمە کە هەشت ڕۆژی مابوو مانگی شەعبان بەسەرچێ لە ئاسماندا شتێک پەیدا بوو لە ئاگر دەچوو و بۆ بەیانییەکەی پێکدادان لە نێوانی پیاوە ڕەشەکان "السودان " و " قەزاونە " (٣١) کاندا پەیدا بوو، لە هەردوو تیپدا کوژراو زۆر بوون و سوودان بەسەر قەزاونەدا سەرکەوتن و کوشتار لە بەغدا بڵاو بووەوە و پیاوخراپ و بێڕوو لە تاقمپەرستان لە خەڵکی پتر پەسند کران. لە مانگی ڕەمەزانیشدا سەرباز لە دژی سوڵتان ورووژان و ئاژاوە چەند ڕۆژێک درێژەی کێشا، خەڵکەکە بە هۆیەوە لە بازاڕی کردن وەستان و تەنانەت بۆ خۆراکیش. لە زیلحیجەشدا کە یازدە ڕۆژی لێ بەسەر چووبوو خەڵکانێ لە "حەجەرییە"[٣٢] کان بە نیازی کوشتنی هەڵیان کوتایە سەر ماڵی ئیبن موقلەی وەزیر، سەلامەی برای نەجح لەگەڵ کۆمەڵێک خۆیان هاویشت تا ڕزگاریان کرد.

حەوت ڕۆژیش لە زیلحیجە بەسەر چوو بوو قەرمەتی چووە مەکەوە و خەڵکی لەناو حەرەم و مزگەوتیدا پشکنی و زۆرێکی لە خەڵک کوشت تا ئەو لاشانە بۆگەنی بوون و فڕێیان دانە ناو بیری (زەمــزەم)ەوە تا پڕ بوو، لە دەوروبەری کـابەدا نێـزیکەی سێ هـەزار لەش کـۆبووەوە دوای لێ دەرچوونی قـەرمەتی لە دەوروبەری کابەدا ناشتیانەوە. یازدە ڕۆژی لێ مایەوە کە ویستی لێی دەرچێ حەوتسەت کیژی لێ دەرکرد و دەرگەی کابەی برد و بەردی ماچکردنی[٣٣] لێ هەڵکەند و لەگەڵ ئەو شتانەی لەناو کابەدا بوو لە خشڵ و شوێنەواری پێغەمبەران و پۆشاکی "بەیت"[٣٤]یش

و کشایەوە و هەموو ئەوانەی بردە بەحرێن و بەردی ماچکردن دوازدە ساڵ لەوێ مایەوە، ئینجا بە بەهایەک فرۆشرا بڕەکەی نازانم چەندە، ئینجا لە زیلحیجەی ساڵی سێسەت و بیست و نۆدا هێنرایەوە شوێنی خۆی لە گۆشەی کابە.

ساڵی سێسەت و هەژدە:

چواردە ڕۆژ لە موحەڕەم ڕەت بوو بوو کۆمەڵە سوارەیەک دژی سوڵتان ورووژان پێیان دەگوتن ئەلنەسرییە " النصریە "، کاریان پەرەی سەند و هێزیان بتەو بوو و زۆربەی سوارەکانی بەغدایان چووە پاڵ و بە ئاگر لە ماڵی وەزیریان دا و چیی تێدا بوو لە سامان و ئامێر و چارەوی بردیان، ئینجا شەڕ کەوتە نێوانی سوارەکانی خەڵکی " باب عەممار " و ناو سوودان. ڕەشوڕووت چوونە پاڵ سوارەکان بۆ پشتگیرییان دژی " ڕەججالە " تا پەرێشانیان کردن، ئینجا هەموو حوجرییەکان لە ماڵی سوڵتان کۆبوونەوە و بە پشتگیریی سوارەکان و بە تیر لە پیاوە جەنگییەکانیان دا تا لە ماڵەوە دەریان کردن و سوارەکانیش بە کوشتن و زامدارکردن و خنکاندن تێیان بەربوون، تا کۆتاییان بە زۆربەیان هێنا و ئەوانەی مانەوە هەڵاتن و شێوەی جلوبەرگیان گۆڕی. ئینجا سوارەکان لەگەڵ خەڵکەکە " باب عەممار" یان گەمارۆ دا و ئاگریان لە لایەکانی بەردا و هەرچییەکیشیان دەست کەوت لە ماڵی "پیاوە جەنگییەکان " دا، بە تاڵانیان بردن و " ئیبن یاقووت " یش سوار بوو و لە دیجلەدا کۆمەڵێکی لە "حوجرییە "کان پێک هێنا بۆ سووتاندنی ماڵەکانی پیاوە جەنگییەکانی کەرتی ناشی " قطیعە ناشی " و کۆڵهەڵگران و ئەو ڕیزانە و هەروەها ئەو ماڵەی سەرۆکی پیاوە جەنگییەکانیشی داڕماند کە بە " دیرانی" ناسرابوو و هەروەها خانووی ژنەکەشی و ئەو سامانەیان کە تاڵان کران کەوتە سەر شەقامان، بانگ لە خەڵکی کرا کە چییان دەوێ با بیبەن و لەناو دیجلەشدا بۆگەنیی کوژراوان زۆر بوو و بەسەر ئاو کەوت، بەمەش ماسیگرەکان چەند ڕۆژێک لە ماسی گرتن وەستان و زۆر کەسیش لە خواردنەوەی ئاوی دیجلە قێزی دەبووەوە و کەوتنە سەر خواردنەوەی ئاوی فورات.

لە ڕەجەبدا ڕەوەندی عەرەب لەلای دەروازەی خوراسانی بەری ڕۆهەڵاتەوە چوونە ناو بەغداوە و ناوەندی شەقامەکانیان گرت و جلوبەرگی خەڵک و کەلوپەلی بازرگانانیان برد و ڕۆیشتن و کەس وەدوویان نەکەوت، " محەمەدی کوڕی یاقووت " بڕیاری دا دەرگەی ڕێگەکان دوای ڕۆهەڵاتن نەبێ نەکرێنەوە. چوار ڕۆژی زیلحیجە ڕەت بووبوو سەرباز لە وەزیر ورووژان و هێرشیان بردە سەر ئەنجوومەنەکەی و دەوێت(٣٥)ەکەیان لەبەر دەستی برد و بە خۆی لەناویانەوە خزا و بەبێ کەوش و بەبێ کراس ڕای کرد تا چووە ناو ئەو بەلەمەیەوە کە " تەییارە "یان پێ دەگوت و بە حەوشەکەیدا بەسترابووەوە و لە ناوەڕاستی دیجلەدا وەستا و دوای ئەوە سوورایییەک لە ئاسماندا دەرکەوت. بووە ڕۆژی یەکشەمە، کە چواردە ڕۆژ لە مانگ مابووەوە، لمێکی سوور بەسەربانەکانی بەغدا و سەرڕێگاکاندا کەوت لە لمی " ڕەملولهوبەیر "ی بیابانی دەکرد.

سالّی سێسەت و نۆزدە:

له مانگی سەفەردا ئاژاوەی سوارە دژی سولّتان درێژەی هەبوو و دوژمنایەتییان پتر و بەردەوام بوو و داوای لابردنی ئیبن یاقووتیان لەسەر کاری پۆلیس و لابردنی یاقووتیش لە کاری پەردەداری کرد، ئاژاوەکەیان دە ڕۆژی خایاند. هەشت ڕۆژیش لە مانگەکە مابوو کۆمەڵە سەربازێک چوونە سەر مالّی ئەبیلعولا سەعدی کوڕی حەمدانی کوڕی حەمدوون بۆ ئەوەی دەری بکەن بەشداریی ئاژاوەکە بکا، خۆی نەخۆش کرد و داوای کرد لێی ببوورن، هێرشیان بردە سەر مالّەکەی و لەبەر دەستیانەوە هەلات، ئاگریان لە مالّی بەردا و دەرچوون و خەلّکەکەش چوونە پالّیانەوە و چوونە سەر بەندیخانەکانی هەردوو لا و کردیاننەوە و هەرکێی تێدا بوو دەریان هێنا و ئەنجوومەنی پۆلیسیان لە " ئەلشەرقییە " سووتاند و ئینجا سوارە لە خەلّکی جودا بوونەوە و چوونە بەر دەرگەی سولّتان کە ناوی دەرگەی " گشتیی خەلّک " بوو و سووتاندیان و کۆمەلّێک لە عەییاران(٣٦) شوورەی مالّەکەیان کون کرد بچنە ناوەوە، شەویان بەسەردا هات و تاریکەشەو بلاوەی پێ کردن.

لە مانگی جومادیلئاخیرە ئاگر کەوتنەوە لە بازاڕەکانی بەغدا بە دوای یەکدا هاتن. یانزدە ڕۆژی مانگ مابوو ئاگر لە خانووی " بەلاشوەی " بەربوو، ئینجا لە دەغلّ و دانی ئیبنولحەسساس " ابن الحصاص" بەربوو، ئینجا لە گەڕەکی "دارعەممار "، ئینجا لە "کەرخایا "ی نێزیک پردۆکەی بیمارستان(٣٧). دوو شەو لە مانگی جومادیلئاخیر ڕۆیشتبوو سوارە بۆ ئاژاوەنانەوە کەوتنە جوولّە، گرفتیان گەورە بوو و ئاژاوەیان تا سێزدەی مانگ درێژەی هەبوو، ئینجا بە گژ خەلّکیدا چوون و جلوبەرگیان لێ داگیر دەکردن و لە پردۆکەی "شۆک " دا ئاگرێک لە دۆزەخەوە کەوتەوە زۆر گەورە، دوای ئەو لە دەرگەی شام ئینجا لە دوو شەقامی " ئەلجیدارەین " و لە زۆر شوێنی تریش.

لە مانگی شەعباندا هەوالّی شکستی لەشکری " ئیبنولخال " لەبەر دەستی "دەیلەمییان"(٣٨) گەیشت، دەیلەمییانیش دوایان کەوتن تا سنووری حەلوان، خەلّکەکە شلّەژان و بەیەکدا چوون و بازاڕ لە کار کەوت و ڕەوەندی عارەب لە هەموو گوندەکاندا بلاو بوونەوە و بەروبوویان بار کرد و بەسەر گوندانیاندا دا و ئافرەتیان بە دیل برد. حەوت ڕۆژ لەو مانگە مابوو هەوالّ گەیی قەرمەتی چووەتە کووفە و خەلّکی لە " قەسر ئیبن هوبەیرە " دەرکردووە و پەنایان بردووەتە بەر بەغدا، خەلّکەکە ورووژان و بازاڕی کردنیان جێ هێشت و لە مزگەوتان خۆیان وەشارد تا وای لێ هات چەند ڕۆژیان بەسەردا ڕەت بوو خۆراکیان دەست نەدەکەوت و ئەوەش تا مانگی ڕەمەزان درێژەی کێشا. ئینجا دوو ڕۆژی لێ ڕۆیشتبوو لە دەرگەی "کەرەج ! " دا بازرگانەکان دووکانیان داخست و ئەوانەی باجیان لەسەر بوو نەیان دا و هەلّیان کوتایە سەر باجگر و بە مردن وازیان لێ هاورد و هەر کەسێک گیرابوو ئازادیان کرد. ئینجا سێزدەمین ڕۆژی مانگ پیاوانی شەڕ ڕاپەڕین و ڕوویان بە قوڕ گرت و چوونە بازاڕەکان و خەلّکیان ڕووتەوە کرد.

لە زیلحیجەدا خەڵکی دەینەوەر هاتنە بەغدا و کارەساتیان بۆ هێنان و داوایان لێ کردن بە هانایانەوە بچن، ڕووی خۆیان ڕەش کرد و قورئانەیلیان بەرز کردنەوە و باسیان کرد کە " مەردەویجی جەبەلی " پشکنیویانن و کوشتاری لێیان کردووە و بەم جۆرە مانەوە داوایان دەکرد بە هانایانەوە بچن کەس نەدەچوو بە هانایانەوە و چوونە بەر دەرگەی وەزیر خزمەکارەکانی ماڵی دایانیانە بەر تیران، ڕۆژی قوربانی لە مزگەوتدا ئامادە بوون، کە پێشنوێژ گەیشتە ئەوەی نزا بۆ سوڵتان بکا هەڵیان کوتایە سەری و کردیانە غەڵبە غەڵب و دووانەکەیان پێ بڕی و ئەوەی لە کوشتنی پیاوان و بە دیل بردنی ئافرەتانیان بەسەریاندا هاتبوو بۆ خەڵکیان باس کرد، خەڵکەکە بە هانایانەوە هاتن بۆ بردنی شمەکی سوڵتان و یارمەتیدانیان.

سالّی سێسەت و بیست:

لە موحەڕەمدا ماڵی وەزیر و تەویلەکەی تالان کرا و ئاژاوە پەرەی سەند، سوڵتانیش هێزە تایبەتییەکانی " حوجرییە و ساجییە و بەربەرییە "ی لە ماڵیدا کۆ کردەوە بۆ پاراستنی خۆی. هەروەها دە ڕۆژ لە مانگی جومادیلئوولا ڕەت بووبوو کۆمەڵێک لە ئەسپەهانییان چوونە مزگەوتی ڕۆئاوای بەغدا،، کە حەمزەی کوڕی ئەبیلقاسم بەسەر دووانگە "مینبەر" کەوت هەڵیان کوتایە سەری و نەیانهێشت دووانەکەی تەواو بکا تەنانەت ئەو ڕۆژە نوێژی خەڵکی بەتاڵ بووەوە. هەراکە هەڵچووەوە و خەڵکیش پشتگیرییان کردن و لایەنگیرانی سوڵتانیان لە شوێنی تایبەتیاندا بەردباران کرد و حەمزەی کوڕی ئەبی قاسمیان لە ولاخەکەی خستە خوارێ و قلنسووە " کڵاو "ەکەیان لەسەر برد و شەڕ لە نێوان ئەمان و سەربازاندا دەمەو ئێوارە کپ بووەوە.

لە جومادیلئاخریشدا سوارەکان لە سوڵتان ورووژان و چوونە سەر دیجلە و "تەییارە"کان و "حەڕاقە"[٣٩] کانیان سووتاند و ڕێیان بە سەرکردەکان نەدا بە دیجلەدا بڕۆن و هاشمییەکان ڕووی خۆیان ڕەش کرد و بە ڕێگەوبانانداا بڵاوبوونەوە داوای ئەو بژێوییەیان دەکرد کە بۆیان بڕا بووەوە و هاواریان دەکرد: برسێتی! برسێتی! تەڵحەی کوڕی ئەبیلعەباس کوشتیی بۆ کوشتنەوە و بۆی لێنان و خۆراک و نانی بۆ ناردن و هەڵچوونی خەڵک توندتر بووەوە خاوەن داواکارییەکان و ئەوانەی دەس و تاقمیان هەبوو سەری خۆیان ڕووت کردەوە و جۆرەها ئاسنیان هەڵگرت و لەلای پردۆکە نوێکە و ڕۆخی " سیرات "دا جەنگین و بەرپرسی ڕۆهەڵات سوار بوو بۆ هێورکردنەوەیان کەس بە گوێی نەکرد و کۆمەڵێک لە سوارەکان چوونە بەر دەرگەی " عامە "و هەرچییەکیان لە چارەوی و هێستر لەوێ بینی تۆپاندیان. ئینجا دوای ئەوە کوشتنی ئەلموقتەدیر دێ لە ناوەڕاستی ڕێدا و هەرچییەکی هەبوو بردیان و تەنانەت بە ڕووتی مایەوە، جێشەرمیان بە گژوگیا داپۆشت و دوای ئەوساش پەندی وا هاتە کایەوە سێزدە ساڵی خایاند و لێرەدا وازم لە باسکردنیان هێنا بۆ ئەوەی کتێبەکە درێژ نەبێ.

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

(١) نەفسوونناتف (نفس الناطف): لە گەلێک سەرچاوەدا نووسراوە: قوسسونناتف (قس الناطف)، ڕاستەکە دەبێ ئەمەی دواییان بێ، کە ناوی شوێنێکی سەر ڕۆخی ڕۆهەڵاتی ڕووباری فوراتە، لە نێزیک کووفەوە. شوێنی یەکەم پێکدادانی دوو لەشکری ئێران و عەرەبی موسڵمان بووە، سەرکردەی لەشکری ئێران (بەهمەنی جادوەی) بووە، سەر بە دەستەی مادی " میدی " یا پەهلەویکی ژێر ڕابەریی " ڕۆستەمی فەرروخزاد " لە مەدائین.

سالّی ١٣ی کۆچی، ٦٣٣ ی زاین کە ئەبوعوبەیدی کوڕی مەسعوودی سەقەفی لەشکری عەرەبی ئیسلامی هێنا، بەهمەنی جادوەی هێزێکی لەشکری ساسانیی بە چەند فیلێکەوە بەرەنگاری بووەوە و لەشکری ئیسلام لەم شەڕەدا شکستی خوار و گەلێکی لێ کوژرا کە یەکێکیان ئەم ئەبوعوبەیدە بوو کە بووە بە ژێر پێی فیلەوە. ئەم شەڕەش بە شەڕی جیسر " پرد " بە ناوبانگە.

بڕوانە:

http://prana.persianblog.ir/1384/6

(٢) بوجێلە، لە کتێبەکە بە هەڵە بوحێلە، بەبێ خاڵی پیتی جیم نووسراوە.

(٣) ابو معشر: ئەبومەعشەری گەردووناس

(٤) هەڵهاتنم بەرامبەر " طالع " ی عەرەبی داناوە، کە وشەکە هەر ئەو واتایە دەگەیەنێ. لە عەرەبیدا هەڵهاتنی ئەستێرە و دەرکەوتنی کە بەختیاری دەگەیەنێ، واتای ڕەسەن و بنچینەییی وشەکە لە بیر کراوە کە هەڵهاتنی ئەستێرەیە و هەنووکە ڕاستەوخۆ واتای بەخت دەگەیەنێ.

(٥) عەتارد: ئەستێرەیەکی زانراوە.

(٦) زیج: بە عەرەبی کراوی وشەی "زیگ" ە، خشتەیەکە بۆاوتی ئەستێرەکان و جووڵەیان پێ دەزانرێ و هەڵدەسەنگێنرێ.

(٧) زوهرە: ئەستێرەیەکی زانراوە.

(٨) القران: وشەیەکی عەرەبییە، واتە: بە یەک گەیشتنەوە، یان پێکەوە هەڵهاتنی دوو یان پتر ئەستێرە، کە نیشانەی خۆشبەختی دەگەیەنێ. لە کوردی و ئەدەبییاتی کوردیدا ساحێب قیڕان " صاحب قران " هەیە، واتە: بەختیار... کە بەهەڵە بە ساحێب قران دەخوێنرێتەوە و هەروەها بە هەڵەش بە خاوەن دراو " قران " کە مەبەست لە دەوڵەمەندییە.

(٩) مەریخ: ئەستێرەیەکی زانراوە.

(١٠) عبادان: یان عەبادان، بە عەرەبی کراوی ئابادانە، واتە: ئاوەدان.

(١١) سەرخەس: لە کتێبەکەدا بەهەڵە نوونێک لە کۆتاییەکەیدا زیاد بووە و بووەتە "سرخسن ". سەرخەس: شارێکە لە گۆشەی ئەوپەڕی باکوری ڕۆهەڵاتی ئێران نێزیکە لە سنووری تورکمەنستان. یەکێکە لە شارکانی ئوستانی خوراسان.

(١٢) الصلە: ڕووباری ئەسسیلە، ڕووبارێک بووە لە خوارووی واسیەوە، مەهدیی جێنشینی دەوڵەتی عەباسی بە هەڵکەندنی داوە، بۆ ئەوەی بەروبوومەکەی بدرێتە بنەماڵەکەی و لەگەڵ جووتیاراندا وا

ڕێککەوتووە لەو کاتەدا چۆن بووە، هەروەها بەدەستیانەوە بێ تا پەنجا ساڵ، بەو مەرجەی دواتر ببێتە هاوبەش و بە نیوەیی.

(١٣) میسک: وشەیەکە لە میشکی فارسییەوە وەرگیراوە و بەو جۆرە کراوەتە عەرەبی. لە کۆنەوە نایابترین جۆری بۆن بووە لە ناوکی جۆرە ئاسکێکەوە دەرهێنراوە، بەناوبانگترینیان ئاسکی ناوچەی ختەنی ناوەڕاستی ئاسیا بووە.

(١٤) الفیهر " فیهر ": جۆرە بەردێکی ڕەقی هێندەی ناولەپێکە، بۆ کوتین و وردکردنەوەی بۆن و بەرامە و دەرمان بەکار هاتووە.

(١٥) أزج " ئەزج": کەوانەی هەڵبەستراوی بینا.

(١٦) ورزقاباد: ڕەنگ بێ وشەکە " رزقاباد " بێ و بە هەڵە واوێکی لە پێشەوە بۆ زیاد کرابێ.. هیچیم لە بارەیەوە نەزانی، بەڵام دێیەک بەم ناوە لە یەر بە شارستانیی "کاشمەر"ی ئوستانی خوراسانی ئەمڕۆ هەیە.

(١٧) ڕوستاقی تەیمەرەی گەورە: یەکێک بووە لە گوندەکانی ئەسفەهان کە ١٦ ڕوستاق بووە و هەر ڕوستاقەی ٣٠٠ گوندی هەبووە، تەیمەرەی گەورە و تەیمەرەی گچکەش لەم گوندانە بوونە.

(١٨) مانگی مورداد: مانگی پێنجەمی ساڵی هەتاوی.

(١٩) ڕۆژی ئەشتاد: ڕۆژی بیست و شەشی هەر مانگێکی هەتاوی.

(٢٠) ڕۆژی ئاسمان: ڕۆژی بیست و حەوتەمی هەر مانگێکی هەتاوی.

(٢١) شاری جەی: لە سەردەمی هەخامەنشییاندا ناوی " گی " و " گابە " بووە، دوای ئیسلام کراوەتە عەرەبی و "جەی "ی پێ گوتراوە، هەندێک بە ناوە کۆنەکەی ئەسفەهانی دادەنێن، ئێستاکە ناوی گەڕەکێکی شاری ئەسفەهانە.

(٢٢) خەدەنگ: درەختێکە تەختەی سەخت و بتەوی هە، نێزە و تیر و زینی ئەسپی لێ دروست دەکرێ.

(٢٣) تووز: توێکڵی درەختی خەدەنگە، لەبەر بتەوی و بەرگر گرتنی بەرزی بۆ نووسین و ژێی تیر و کەوان و شتی تریش بە کار هێنراوە.

(٢٤) ئەحوییە "احویة": لە عەرەبیدا کۆی وشەی حیواء" حواء" ە، کۆمەڵە ڕەشماڵێکی لە خوریی وشتر دروستکراو.

(٢٥) لە عەرەبییەکەیدا نووسراوە: "مصمت الی انهار"، بەم پێیە وشەکە لە "صمت" وەرگیرابێ واتە بێدەنگ!! یان بێدەنگکراو، بەدووری نازانم واتاکەی ئەوە بێ کە دەنگی کپ کرابێ و نهێنیی شاررابێتەوە.

خۆ ئەگەر بە هەڵەی چاپیشی دانێین و وای دابنێین وشەکە وەسەمەت " مسمط " بێ و لە "سمط "ەوە وەرگیرابێ، واتە ڕستی ملوانکەو هی تر، بەم پێیە دەبێ وەک چۆن ملولنکە بە ڕستدا ڕێک دەخرێ ئەمیش بەتەک ئەو ڕووبارانەدا ڕێکخرابێ.

(٢٦) رمل الهبیر "ڕەملولهەبیر": شوێنێکی بیابانییە لە دەشتی مەکە.

(٢٧) بولەیق: ناوی کارمەندێکی ئەلموقتەدیری جێنشینی دەوڵەتی عەباسییان.

(٢٨) عەقەرقووف: ئێستا خەڵکەکە بە عەگەرگووف ناوی دەبەن. شوێنێکی مێژووییە بە دە میل لە نێزیک بەغداوەیە، ئەو شوێنەوارەی " دوورکوریکالزو" ی پێتەختی عێراقی سەردەمی کیشییەکانی (١٥٩٥ – ١١٧١ ی پ. ز) ی تێدایە کە بە "زەققوورە" بە ناوبانگە.

(٢٩) کۆشکی کوڕی هوبەیرە: شارێکی گەورەی نێوانی بەغدا و کووفەدا بووە، گوایە "یەزیدی کوڕی عومەری کوڕی هوبەیرەی فەزاریی غەتفانی کە لەلایەن مەڕوانی ئومەوییەوە کراوەتە والیی عێراق و بەر لە تەواوبوونی مردووە و " ئەبولعەباس ئەلسەفاح"ی عەباسی تەواوی کردووە و ناوەکەی بە ناوی باپیرییەوە ناوناوە "هاشمییە".

(٣٠) دیوانی بادووریا: ویلایەتێکی دێرین بووە لە بەشی باشووری ڕووباری عیسا، لە باشووری تەسووجی قوتروببول و ڕۆژئاوای بەغداوە، شوێنێکی پڕ بایەخی گەنم چاندن بووە لە عێراقدا و دیوانێکی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەبووە.

(٣١) القزاونە "قەزاونەکان": خەڵکانێکی دەوروبەری دەریاچەی قەزوین.

(٣٢) الحجریة "ئەلحەجەرییە": ڕەنگ بێ!! کۆمەڵێکی خەڵکی یەمەن بووبن و لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا هاتبن، کە یەمەنییەکی زۆر بە گشت لایەکدا وەربوون، ناوچەیەکی شاخاوی لە باشووری ناوەڕاستی نێزیکی باشووری ڕۆژئاوای یەمەن هەیە، لە باشووری پارێزگەی تەعز.. بە ناوچەیەکی ئاپۆرا دادەنرێ، ناوی " حەجەرییە "یە، جا ڕەنگە ئەوانەی باسیان لێوە کرا بەڕەسەن خەڵکی ئەوێ بن.

(٣٣) حجر التقبیل " بەردی ماچکردن ": مەبەست لە بەردی ماچکردن، بەردە ڕەشە پیرۆزەکەی کابەیە، واتە: حەجەرولئەسوەد " الحجر الاسود ".

(٣٤) بەیت: بەیتوڵڵاهولحەرام،ماڵی پیرۆزی خوا " کابە ".

(٣٥) دەوێت: ئەوەی لە کاری نووسیندا بەکار هاتووە.

(٣٦) عەییارەکان: بە تاقمە هەژارێک گوتراوە، لە سەردەمانی وەک دەوڵەتی عەباسییاندا پەیدا بوون، چەوساونەتەوە و بەبێ ئیش و کار سوڕاونەتەوە و بێکاری کاری تێ کردوون و بێ ئەوەی گوێ بە داوونەریتی کۆمەڵایەتی و یاسا بدەن، هێرش و دەستدرێژییان کردووەتە سەر دەوڵەمەند و دەسترۆ و خواپێداوان و ڕووتیان کردوونەتەوە یان خاوەیان لێ ستاندوون و گەلێک جاریش بەو پارە دزراو و بە خاوە وەرگیراوانە یارمەتیی هەژار و دەستکورتانی تریان داوە.

(٣٧) بیمارستان: نەخۆشخانە.

(٣٨) دەیلەمییەکان: ناوی ناوچەیەک و دانیشتووانەکەیەتی لە باشووری دەریای قەزوێندا، لە مێژوودا دەوریان هەبووە و سوڵتانەکانی دەوڵەتی بووەیهی لەمانە بوون. بە ڕەگەز ئێرانین. بەپێی هەندێ قسە، عەشایەری " دلێم " لە عیراقدا بەڕەگەز دەچنەوە سەر دەیلەمییان.

(٣٩) "تەییارە" و "حەرراقە"، واتە: فڕۆکە و سووتێن، دوو جۆر لە بەلەم بوونە لە ناو دیجلەی بەغدادا.

هەورامەی کتێب

# ڕێز لە مەعریفە
# کتێبخانە و پرسی خوێندنەوە

حەمەفەریق حەسەن

١

بۆچی ئێمەی کورد بەپیر هزری نوێوە ناچین و وەک پێویست ڕێز لە کتێب ناگرین؟ پێم وایە وێڕای تەمبەڵی، کە فێری خۆلستەنەوەی کردووین و حەزمان بەکارکردن نییە، ئێمەی کورد تا ئەم دواییەش، هەتا پیشەی چێوداری شارەزابووین. فەرهەنگیشمان زارەکی بووە. واتە توێژینەوەمان لە هیچ بواریکدا نەکردووە. فێری ڕەخنەگرتنیش نەبووین. فەرهەنگی ئێمە شیعر هۆنینەوەی لێ دەرچێت، ئەویش دوای گەلانی ناوچەکە دەستمان پێ کردووە، ئەوەی مایەوە زارەکی بووە. لەبری زەین و مێنتاڵ، سۆز باڵادەست بووە، ژانری شیعریش سۆز تێیدا ڕەگەزی باڵایە. ئێمە تەنیا وتاری زارەکیمان گومان بردووە. وتاری زارەکیش هەر دوای گۆکردنی لەبەینچووە، یان لە یاد چووەتەوە. واتە باپیرانمان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر وتارەکانی خۆیان، تا شرۆڤەیان بکەن، هەڵیان بسەنگێنن و ڕەخنەیان لێ بگرن.

تاکی کورد بەگشتی، ڕێزێکی ئەوتۆ بۆ زانست و زانیاری دانانێت. جار هەیە، تۆ لە دانیشتنێکدا، کۆمەڵێک زانیاریی بەنرخ و بەسوود بە دەوروپشتت دەدەیت، کە ئەوان پێشتر لەو بەستێنەدا تەقەی سەریان هاتووە، کەچی کەسیان لێ نابڕێن زارەکی سوپاست بکەن، وەک ئەو پێزانینەی هەر تاکێکی ئەورووپایی لە دۆخی وەهادا دەری دەبڕێت. دیارە کە سوپاسگوزاری هیچ بڕە پارەیەکی تێ ناچێت و بەخۆڕاییە. لە کاتێدا ئەگەر ئاشنایەک سیگارێکت پێشکەش بکات، یان بەرداخێک ئاوت بداتێ، تۆ دەبێ سوپاسی بکەیت و دەیشیکەیت. وەلێ کاتێک زانیارییەکی بەنرخی پێ دەدەیت. زۆرجار لە سۆنگەی بێبایەخ سەرنجدانی مەعریفە و گرێی کەمسەری و هەستی کێماسییەوە، ڕکیشی لێت دەبێتەوە، یان ئێرەییت پێ دەبات، لەبەرئەوەی تۆ لەو پتر دەزانیت.

ئەو کۆمەڵەی خاوەنی سەقامگیریی فەرهەنگی و تایبەتمەندیی فەرهەنگیی خۆی نەبێت، ئەستەمە سەقامگیریی سیاسیش بەخۆیەوە ببینێت، چونکە ئەو کۆمەڵە، خەمی پەروەردەکردنی تاکەکانی لە ڕووی فەرهەنگی و مەعریفییەوە نەخواردووە. نەتەوەی بێ مەعریفە و بێ فەرهەنگیش، تاکی ناخ کولۆر و کەسیەتیی لاواز بەرهەم دێنێ. نەتەوەیەک خاوەنی ڕۆڵەی وەها نەزان بێت، دەشێ هەر کاتێک پاڵەپەستۆی توندی بۆ هات، هەرەس بهێنێت. دیارە کە نەتەوەی بێ مەعریفە خاوەنی ئاوەز و مێنتاڵ نەبووە، کە هەر مێنتاڵ خۆیەتی، مشووری دەستەبەرکردنی سەقامگیری دەخوات و هزریش بەرهەم دێنێ. کۆمەڵی نائەقڵانی ناتوانێت تا سەر ئاشتی و سەقامگیری بۆ تاکەکانی خۆی دەستەبەر بکات.

٢

کتێبخانە گشتییەکانی نیشتمان، بوونە بە ئەمباری کۆنە ڕۆژنامە و کۆوار و کتێب، کە لەوێدا تۆز و شێ خواردوونی و خوێنەریان نییە، تاکو لێیان بپرسێتەوە و تۆزیان لێ بتەکێنێت. مەگەر خوێندکارێک، مامۆستاکەی داوای نووسینی ڕاپۆرتی لێ کردبێت، یان خوێندکارێک، سەرقاڵی نووسینی نامەی زانستی بێت، ڕێی بکەوێتە کتێبخانەکان و تۆز لە هەندێک لەو ڕۆژنامە و کۆوار و کتێبانە بتەکێنێت.. لە سەروبەندی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵیشدا، دەبنە مەکۆی ئەو قوتابییانەی، کە جێ و ڕێیەکی لەبار بۆ کۆششکردن گومان نابەن. ئەوان دێن تاکو لێرە، بە وانەکانیاندا بچنەوە و خۆیان بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکەن.

لە کتێبخانە گشتییەکانی نیشتماندا، هێشتا کتێبەکان وەک سەردەمی عوسمانی ڕیز کراون. دیواری بەرز و ئەستوور لە نێوان خوێنەر و کتێبدا هەڵچنراوە، بەو واتایەی خوازیاری کتێب بۆی نییە بەناو ساڵۆنی کتێبەکاندا هامشۆ بکات، تاکو ئەوەی دەیەوێت و پێویستی پێیەتی خۆی بیدۆزێتەوە و دەستی بداتێ. ئەو هەردەم لە دەستی دووەمەوە کتێب دەخوازێت. واتە ناهێڵن تێکەڵی و ئاشنایەتی لە نێوان تاکی خوێنەر و دنیای کتێبدا چێ بێت. ئاخر زۆر گرینگە خوێنەر دیمەنی کتێبەکان بە ڕیزکراوی ببینێ. بۆنیان بکات و دەستیان لێ بدات. واتە وا چاکە کتێبەکان بەر هەستەکانی بینین و بەرکەوتن (لەمس) و بۆنکردنی خوێنەر بکەون. لە نێزیکەوە بیانبینێت و لێیان هەڵبژێرێت. لەگەڵ دنیای کتێبدا ڕابێت و هۆگری ببێت. بەکورتی لە نیشتمان، نە کتێبەکان ئازادن، نە خوێنەر لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنیاندا ئازادە. بگرە هەریەکەیان بە شێوەیەک پابەند کراوە.

یەک لەباری خوێنەر، بەو سیستەمە کۆنەی لە ئارادایە، دۆزینەوەی کتێبێک کاتی زۆری لێ بەفیڕۆ دەدات. سەیرە، لە دەروازەی سەدەی بیست و یەکەمدا، هێشتا ناوی کتێبەکان لە چکمەجەکاندان و لەسەر پەنچکە کاغەز تۆمارن. خوێنەر دەبێت ئارەقی ڕەش و شینیان بەدیاریانەوە دەربدات، تاکو ئەو کتێبەی لە شوێنی دەگەڕێت دەیدۆزێتەوە. ئەم سیستەمە لەخۆیدا

کات و تەمەن بەفیڕۆدانە لە سەردەمی خێراییدا. خۆ لە ئێستادا بەئەلکترۆنیکردنی کتێبخانە کارێکی ئەوەندە گران نییە. بڕە بارەیەکی کەمی تێ دەچێت. بەڵام کارئاسانییەکی زۆر بۆ کتێبخانەکە و بۆ خوێنەر دەکات. وڵات یەک وڵاتە، کەچی کتێبخانەیەک لە سلێمانی ناتوانێت لە کتێبخانەیەکی هەولێر و دهۆکەوە کتێب بۆ خوێنەرێکی لای خۆی بگوێزێتەوە و بیخاتە بەردەستی. بەم پێیە، لە نیشتمانەکەی من، ئەوەی کارئاسانی بێت بۆ پرۆسێسی خوێندنەوە لە ئارادا نییە.

دەبووایە لە شارە گەورەکانی هەرێمدا، هەر گەڕەکە کتێبخانەی خۆی هەبێت و تەنسیقیان لە نێواندا هەبێت. وەلێ بە ڕستێک کەونە یاسای شموولی دەستی بەڕێوەبەر و کارمەندانی ئەم دەزگا گرینگە بەستراوە. ئەم کۆنە یاسایە هەر کارئاسانییەک بۆ خوێنەر (کە ئەو ئامانجی یەکەمە) بە یاساشکێنی لێک دەداتەوە. بۆیە بەڕێوەبەر و کارمەندانی ئەم دەزگایە ناتوانن چاکسازیی لە کاروباری کتێبخانەدا بکەن. خێرخوایەکیش نییە ئەم پسرسە بگەیەنێتە پەرلەمان و داوای گۆڕینی یاساکان بکات. بەکورتی، ئەگەر تۆ بۆ یاسای شموولی دەگەڕێی، بڕۆ سەری کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان بدە.

ئێمەی کورد بەهەق و بە ناهەق وشەی (پیرۆز)مان لەسەر زارە. پێم وایە ئەگەر دیاردەی پیرۆز لە گۆڕێ بێت، ئەوا خوێندنەوە یەکێکە لەو دیاردە پیرۆزانە و پێویستە دایک و باوک و مامۆستا، هانی منداڵان بدەن و خۆیشیان ببنە سەرمەشقیان. سەیرە، وەک چۆن هامشۆکەری کتێبخانەکان لە کوردستان کەمن، هامشۆکەری دێرینخانەکان کەمتریشن. جا چونکە لەسەر ئاستی بەرزی دەستەڵات کەسانی ڕۆشنبیر کەمن، بۆیە لەو شوێنانەی بڕیاریان بەدەستە، باسی ئەم پرسە ناکرێت و خەمی لێ ناخورێت. هیچ کاندیدێکیش لە سەروەختی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، ناچێتە ژێر باری چاککردنی دۆخی کتێب و کتێبخانە. وا دیارە ئەوانەی وڵات بەڕێوە دەبەن، سەروساختیی ئەوتۆیان لەگەڵ فەرهەنگ و مەعریفەدا نییە. دەنا بۆ گەلی زیندوو، کتێبخانە وەرشەی کارە، چاوەڕوان دەکرێت بەردەوام جمەی بێت.

لە وڵاتانی ئەوروپادا، ڕەنگە پێگەی سێیەم بۆ مرۆڤ لە دوای ماڵ و شوێنی کار، کتێبخانە گشتییەکان بێت، کە خەڵک کاتی خۆیانی لێ بەسەردەبەن و سەردانی دەکەن. بەدڵنیاییەوە دەڵێم، کتێبخانەکان زۆر لە کەنیسەکان قەرەباڵغترن. لە ڕاستیدا کارەساتی کتێب کارەساتی خوێندنەوە و نووسینە. لە هەندێک وڵاتی باشڤەڕۆدا، ئەمنی فەرهەنگییش هەیە، کاریان هەر ئەوەیە بندێڕی وتارەیل و کتێبەیل بخوێننەوە. تاکو ئەگەر زیانیان بۆ پەزەکان هەبوو، بەخۆیان و بە نووسەرانیانەوە لەدەمیانەوە بدەن. ئەمنی فەرهەنگی کتێب قەدەغە دەکەن، کۆوار دادەخەن، بۆ شاعیر و نووسەری ئازاد تێ دەچێن. فیلم لە سینەماکان دەوەستێنن. وەلێ دوور لە زێدەگۆیی، ئەگەر ئێمە پرۆسێسی خوێندنەوەمان وەلانا، ئەوا پرسەیلی هوشیاری و فەرهەنگمان وەلاناوە.

## ٣

پرۆسێسی خوێندنەوە، گەشەی زەین و بناخەی فێربوونە. خوێندنەوە یەکسانە بە گەڕان بەشوێن مەعریفەدا، کە دەروازەیەکە بۆ ڕزگاری و تێپەڕاندنی پەتای باشقەڕۆیی و جاشایەتی و کلکایەتی و چەپڵەڕێزانی درۆ بۆ ئەم و ئەو. هەرچی نەخوێندنەوەیشە زەقترین نیشانەی تەشەنەسەندنی تەنگژەی هزری و فەرهەنگییە، لە کۆمەڵی ئێستای کوردەواریدا.. نەخوێندنەوە لە دەروازەی ئەم سەدە نوێیەدا پەتایەکی هێندە ترسناکە، لە جێیە، لەلایەن ئەهلی زانست و فەرهەنگەوە چەندان کۆنگرە و سیمیناری لەسەر گرێ بدرێت و لەوێدا هۆکار و ئاکامەکانی بخرێنە ژێر پرس و باسی جیدییەوە.

گەلی کورد لە ناوچەیەکدا هەڵکەوتووە، باپیرانی دانیشتوانەکەی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، هەم نووسین و هەمیش کتێبیان داهێناوە. ئێمە بێ دوودڵی، دەتوانین بەڕێزەوە بڵێین، یەکەمین پاشای ڕۆشنبیر لە تەواوی ناوچەکەی ئێمەدا، ئاشوور بانیپاڵە، کە خاوەنی مەزنە کتێبخانەی خۆی بووە. ئەم پاشایە شایستەی ئەوەیە لە پێش دەروازەی هەر کتێبخانەیەکی گشتیی عێراقدا، بە کوردستانیشەوە پەیکەری نایابی بۆ چێ بکرێت. ئەم پاشا نەجیبە، لە نێوان سالآنی ١٨٥١ــــ ١٨٤٥ی (پ. ز.) دا فەرمانڕەوایی کردووە و پایتەختەکەی نەینەوا بووە.

سەبارەت بە بێوەندیی نێوان پرسی خوێندنەوە و ئاین، وەختایێ مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئاینی ئیسلام بە درێژاییی تەمەنی خۆی بەئەرێنی کاری لە مرۆڤی ناوچە بەرینەکەی ئێمە، بەکوردیشەوە نەکردووە. لەبەرئەوەی ئاینی ئیسلام بە وشەی (إقرأ: بخوێنە) دەست بێ دەکات و دەبرسێت (هل يستوي الذين يعلمون والذين لا يعلمون). نزای (ربي زدني علما) دەکات. بەم پێیە، ئەگەر خەڵکەکەی بە ڕاستی گوێڕایەڵی هەڤۆتەکانی ئاینی ئیسلام بوونایە، دەبوو ئێستا ناوچەکەی ئێمە پڕخوێنەرترین هەرێمی دنیا بووایە. کەچی ناسراوترین شاعیری عەرەب، کە ئێستا (سعدی یوسف)ە و چەندان جار خەلآت کراوە، لە نوێترین چاوپێکەوتندا، ٢٠١١/٨/١٠ دەڵێ: (هەشتا کتێبم هەیە، چل و سێیان دیوانی شیعرن، لە هەر هەشتایان درهەمێک پارەم وەرنەگرتووە، هەر کتێبە، بە هەزار دانە، لە باشترین دۆخدا بە دووهەزار دانە چاپ بووە.) (١)

وێڕای ئەوەی خودی پەیامبەری ئیسلامیش دەست لەسەر بەدەستهێنانی فەرهەنگ و مەعریفە دادەگرێت، کاتێک دەڵێت: (من علمني حرفا ملكني عبدا) یان (أطلبوا العلم ولو بالصين).. لەلای خۆمەوە نازانم هۆی چییە ئەم ئایەت و فەرموودانە تاکو ئێتسا وەک پێویست کاریان لەو خەڵکە نەکردووە، کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن. جێی وتنە بەر لە نازڵبوونی ئیسلام. لە کتێبی ئینجیلدا ناڕاستەوخۆ باسی ڕۆڵی وشە هاتووە، کاتێک دەڵێت: (في البدء كانت الكلمة) ئاوایە باشخانی تاکی کورد و ناوچەکەیش، کەچی ئێستا وەها بەدیار دەکەوێت، کە ئەوان خاوەنی ئەم مێژووە نەبن.

ئەگەر بە حیساب بێت، کورد خۆی خاوەنی سێ دانە کتێبی پیرۆزە. یەکەمینیان، کتێبی ئاوێستایە، کە لە کۆنیدا کەس بە تەواوی مێژووی دەرکەوتنی نازانێت. ئەم کتێبانە لە بیرۆزیدا، دەیان ملیۆن مرۆڤ بڕوایان پێی بووە و ئێستایش، مرۆڤەیلێکی زۆر هەن دڵیان بۆی لێ دەدات و شانازی بەم کتێبانەوە دەکەن.

بەم دواییە هەموو ئەو داهێنانەی، کە لە بواری پێوەندی و گەیاندندا بەرپابوونە، گەیشتوونەتە کوردستانیش و تاکی کوردیش دەستی پێیان گەیشتووە. ئەمەیان لەخۆیدا نیشانەی بێشڤەچوونە، ئەگەر بێتو ئەم فیگەرانە بۆ کاری خێر بەکار بێن. ئینتەرنێت نەوەی نوێ بەجۆرێکی تر پەروەردە دەکات و ڕادەهێنێت، کە باوکە کۆنەپارێزەکان پێیان قبووڵ ناکرێت. گرینگترین ئەو سیفەتانەی، کە مرۆڤی هەڵوەدای ئینتەرنێت هەیەتی تاکایەتییە، کە ڕێک بەرانبەر بە بڕوابەخۆبوون دەوەستێتەوە. کەچی هێشتا لەلای ئێمە، نەخوێندەواریی فەرهەنگی لە جێی خۆیەتی.

لەلای خۆمان هێشتا هەر گەندەسوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن. کوا، بۆچی ئەوان لە فەیسبوکدا گفتوگۆی جیدی لەسەر کتێبە نوێیەکان و کەڤاڵ و فیلم و شانۆ نایابەکان ناکەن؟ بۆچی لەسەر زانست و هونەر بەگشتی قسەیەکیان نییە شیاوی باس بێت؟ داخۆ کورد چەند هەزار کتێبی ئەلکترۆنیی هەیە؟

بەسەرێکی تر، تاکی کورد لە چەقی وەهمدا دەژی، کاتێک ئەو، سەیرکردنی ئینەرنێت و تەلەڤزیۆنی لێ بووە بە ئەلتەرناتیڤی کتێب و خوێندنەوە. یان با بڵێین، تاکی کورد لەسەر حسێبی کتێب و پرۆسێسی خوێندنەوە مامەڵە لە تەک ماڵپەڕەکان و فەیسبوک و... هتد دەکات، لە کاتێکدا هەر تاکێکی ڕۆئاوایی بە زیادەوە خاوەنی هەموو ئەم ئامرازانەیە، بێ ئەوەی بشتی کردبێتە کتێب خوێندنەوە. بێ ئەوەی ئەم دەستکەوتانەی چاخی جیهانگیری، بەو ڕادەیە لەسەر پرسی خوێندنەوە کەوتبێت و لە کتێب تەوەلای کردبێت.

وەک لە نێزیکەوە ئاگەدارم. لە ڕۆئاودا، لە تەک ئەم هەموو ئامرازانەدا، بە گەشتوگوزار و شارەیلی یاری، هۆڵەیلی شانۆ و هۆڵی سینەمای بە نوێترین فیلم... هێشتا بازاڕی کتێب (بێجگە لە کتێبی شیعر) گەرمە و کتێبخانەکان بە خوێنەری منداڵ و جحێڵ و پیر جمەیان دێت. ئەگەرچی تەواو بەپێچەوانەی لای خۆمان، هەموو ئەو کارمەندانەی، کەناڵە تیڤییەکان بەڕێوە دەبەن، پسپۆڕن و زۆربەی تیڤییەکان ئەهلین. مەگەر بەدەگمەن، دەنا حزب هەرچی کەناڵی میدیایی کاغەزی و دەنگی و ڕەنگی بێت نییەتی، لەگەڵ ئەوەیشدا، هێشتا هەر خەڵک هەن تیڤی بە زیادە مەسرەف و بێ کەڵک دەزانن و لە ماڵیاندا وجودی نییە. تاکی کوردیش بەدیار کەناڵە خۆجێیەکانەوە باوێشک دەدات و خەوە نوچکێیەتی، ئەگەرچی هەر لەوەیانەوە، کە بەڕێوەی دەبات، تا دەگاتە سەر بێژەرەکان، شتێکی ئەوتۆی لێ نازانن شیاوی باس بێت. زیاتر بڕوانامەی حزبییان لە باخەڵدایە تا بڕوانامەی میدیا. زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم، بەشی زۆری ئەوەی، ئەو تیڤییانە دەیڵێن و پێشانی دەدەن، جێی گومانە، بە کەشوهەوایشەوە.

جێی وتنە بەگشتی ئەدگار و سەروسورەتی مرۆڤی کورد دەچێتە دڵەوە. بەڵام نازانم بە ڕێکەوتە یان بە ئەنقەست، زۆرێک لەوانەی وا بێژەری تیڤییەکانن، هەم لە میدیا بێئاگان و هەمیش ڕوخساریان شایستەی بەردەی تیڤی نییە. هەر بە دەرکەوتنیان، بینەر سەتەلایتیشی لە بەرچاو دەکەوێت. مێینەکانیان، هەر بە ماکیاجی نابەجێ بینەر جاڕس دەکەن و مگێزی ئیستاتیکیی بینەری وریا دەشێوێنن. جا قسە قسە دێنێت، پێ دەچێت هێشتا لە باشووری کوردستان ماکێری تیڤی هەڵنەکەوتبێت، کە جیاوازە لە ماکێری شانۆ.

نەخوێندەواریی فەرهەنگی، بەڵایەکی سەر بەفەتارەت دەرە. لەخۆیدا لە ڕیزی گەندەڵی و جاشایەتیدایە. یان وەک بازرگانیکردن بە مادەهۆشبەرەکان و بەکاربردنیان وایە، بگرە خراپتریش. لەبەرئەوەی نەخوێندنەوە دایکی گشت ئەو پەتایانەیە، کە ناوم هێنان. ئەوەی هیچ نەخوێنێتەوە، هیچیش نازانێت. زۆر بە ئاسانی دەخاپێنرێت و کڵاوی لەسەر دەنرێت. لە جڤاکی وەها ناجۆردا، کە خەڵکەکەی ناخوێننەوە، نواندنی هەر چالاکییەکی فەرهەنگی، برێتی دەبێت لە بێهوودەیی و بەفیرۆدانی ڕەنج و کات و داهات. وەلێ سەردەم سەردەمی زانست و زانیارییە. ئەوەی لەم نیعمەتانە بێ بەش بێت، وەک وتە مییلییەکە دەڵێت: سفر لە ئەمانی خوادایە.. جێی وتنە لە دوای ڕاپەڕینەوە، زۆرن ئەوانەی بەشوێن خوێندنەوەی ڕسواییەکانەوەن، وەلێ ڕێژەی بەکاربەرانی بەرهەمە فەرهەنگییە جیدییەکان، لە کزییان داوە.

٤

هەڵبەتە کۆمەڵی خوێندەوار و بڕخوێنەر، جڤاکێکی ئەمینی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو دەهێنێتە بەرهەم. مەزنترین دەستەکەوتیش لەم سەردەمەدا ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤە. تاکی نائاگا، کە خۆی مایەپووچ بێت، نیشتمانی بێ ئاوا نابێ. ئەگەر بتەوێت ئاستی ژیاری و فەرهەنگیی میللەتێک بزانیت، گەرەکە بچیتە بنجوبناوانی، بزانی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە چی دەخوێننەوە؟ فەلسەفە، ڕۆمان، هزر، شیعر؟ ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو توێژە خوێندەوارەی ئێستای کوردی باشوور، بەزۆری سەرقاڵی خوێندنەوەی سەربوردەی ڕسواییەکانن، لە گەندەڵی و جۆرەکانی. ئەویش زیاتر لە ڕێی ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن و ماڵپەڕەکانەوە. ئەمە دیاردەیەییش واتای خۆی هەیە. لە ڕاستیدا، دیاردەی گەندەڵی زەینی خوێنەری ئەم ڕۆژگارەی، بەرۆشنبیر و تەواوی ڕەشەخەڵکەکەوە داگیر کردووە. قسەی خەڵک لە چایخانە و دانیشتن و شەومیوانی، بەهەر لایەکدا لقوپۆی لێ ببێتەوە، دوا جار هەر دێتەوە سەر ئەم پرسە و کۆتاییی پێ نایەت.

خەریکە ڕۆژنامە و ماڵپەڕ دەبنە ئەلتەرناتیڤی کتێبە جیدییەکان و تەنگ بە ئەدەب و هزر و فەلسەفە هەڵدەچنن. واتە خەریکە (موهاتەرات) ڕێ بە ئەدەبی جوان و تەواوی ڕشتە گرینگەکان لێژ دەکات. یان دەکرێت بڵێین، بەگشتی خوێندنەوەی ڕسواییەکان و شەڕەجنێو لەوەدایە جێ بە فەرهەنگ لێژ بکەن. کێرڤی فەرهەنگ بە گشتی ڕوو لە نشێوە. بەرەو تەنکاو و کاڵبوونەوە مل

دەنێت. وەکوتر، ئیتەرنێت، کە دەکرێت ببێتە کەناڵێکی تری دەوڵەمەند، کەچی زۆربەی لاوان، بە دروستی بۆ خوێندنەوە بەکاری ناهێنن. بگرە ئەوان گەندەسوودی لێ وەردەگرن.

ئاشکرایە کە خەڵک لە ڕێی پرۆسێسی خوێندنەوەوە فێر دەبن، گەشەی هزری دەکەن و زانیاری کۆ دەکەنەوە. بە ڕادەیەک، دوای خوێندنەوەی چەند کتێبێکی دەوڵەمەند، ئیتر هەست دەکەن ئەوان چیی تر مرۆڤە کاڵفامەکەی پێشوو نین. بگرە لەچاو جاراندا هەڵکشاوترن، زەینیان ڕوونترە و چێژیش لە خوێندنەوە دەبینن. بە سرووتی خوێندنەوەش ڕاهاتوون. دوای ماوەیەک لە خوێندنەوە، لە خۆیان ڕادەبینن دیاردە ئاڵۆز و هەڵایساوەکانی جڤاکەکەیان بە زەینی خۆیان شی بکەنەوە و هەڵبسەنگێنن. ڕەنگە پێشبینی هەندێک ڕووداو و دیاردەیش بکەن.

بۆ ئەوەی تاک، لەسەر خوێندنەوە ڕابێت و ببێتە دۆستی کتێب و فەرهەنگ، تەنیا یەک ڕێگەی لەبەرە. ئەویش ئەوەیە بێ دابڕان کتێب بخوێنێتەوە، وەک چۆن لەشجوانێک بێ دابڕان بێویستی بە مەشق هەیە. دیارە خوێنەری بە مشوور و جیدی، لەگەڵ چوونە پێشەوەی ڕۆژگاردا دەتوانێت خێراتر بخوێنێتەوە. بە ئاگاتر کتێب و بڵاوکراوە هەڵبژێرێت. هەر لەوێشەوە ئاسۆی بیرکرنەوەی خۆی فراوانتر بکات. ئیتر لێرەوە، پرۆسێسی خوێندنەوە وەک خدەیەکی لێ دێت و ناتوانێت پشتی تێ بکات.

بەڵێ، خدەی خوێندنەوەیش وەک خدەگرتن بە وەرزشەوە وەهایە. تۆ بۆ ئەوەی ببیتە یاریزانێکی سەرکەوتووی تۆپی پێ، گەرەکە لە تەمەنی منداڵییەوە دەستت دابێتە ئەو یارییە و لەسەریشی مکۆم بووبیت و بێ پچڕان هامشۆی یاریگەی تۆپی پێت کردبێت. ئەوجا چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەکرێت، لە قۆناخی هەرزەکاریدا یاریزانێکی سەرکەوتووت لێ دەرچێت. خوێندنەوەیش ئەو خدە جوانەیە، ئەگەر بە منداڵی فێری بووبیت و لەگەڵیدا ڕاهاتبی، ئیدی بشتی تێ ناکەیت و تا سەر، گەڕان لە دووی فەرهەنگ و زانیاری، دەبێتە خولیات و عیشقی کتیب لە ویژدانتدا ڕەگی قووڵ دادەکوتێ. وێڕای ئەوەی خێراییت لە خوێندنەوەدا هەڵدەکشێ. ئەوجا وەک دەڵێن: (دەتوانی بندێری نووسینەکان بخوێنییەوە) و قسەی خۆت لەسەر زۆرێک لەو بەرهەمانەیش هەبێت، کە دەیانخوێنییەوە. دەشێ لە داهاتوودا ببی بە ڕووناکبیرێکی دیاری کۆمەڵی خۆت و خەڵک لەمەڕ پرسە گرینگەکانی ڕۆژ، پرست پێ بکەن و ڕا و بۆچوونەکانیشت بە هەند بگرن.

خوێندنەوەیش چەند ئاستێکی هەیە. لە خوێندنەوەی خوێندکارێکی قۆناخی سەرەتاییەوە بیگرە، کە بەنیازە فێرە زمان ببێت، هەتا دەگاتە ئەو خوێنەرەی دەتوانێت توێژینەوە لەمەڕ ئەو بەرهەمانە بنووسێت کە دەیانخوێنێتەوە. ئەویش بە نیازی تێگەیشتنی ورد و چوونە ناو بنجوبناوانی هزری نووسەر، تا ئاستی دەوڵەمەندکردنی تێزەکانی ئەو کتێبە.

لەم ڕووەوە، جووتە نووسەری کتێبی (چۆن کتێبێک دەخوێنییەوە) دەڵێن: (خوێندنەوەی کتێب دەبێ گوتوبێژ بێت لە نێوان تۆی خوێنەر و ئەوی نووسەردا. وا چاوەڕاون دەکرێت، ئەمەی دواییان

(نووسەر)، سەبارەت بەو باسەی وا لێی دەکۆڵێتەوە، لە خوێنەر پتری لێ بزانێت. ئەگەر وا نەکەوتەوە، ئەوا چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەکرێت خۆت بەو خوێندنەوەیە ماندوونەکەیت.)(٢)

لەلایەکی ترەوە، دەشێ بڵێین: بۆی هەیە چەمکی خوێندنەوە، هێندەی مێژووی سەرهەڵدانی خودی مرۆڤ لەسەر ئەم کۆنە هەسارەیە کۆن بێت. واتە پێش پەیدابوونی پیتەکان و پێش سەرهەڵدانی پرۆسەی نووسینیش، بەشێوەیەک لە شێوەکان خوێندنەوە هەر هەبووە. هەر بۆ نموونە، مرۆڤی کۆن بۆ هەر دیاردەیەکی سروشتی لە شێوەی: لافاو، مانگگیران و خۆرگیران و هەورەبرووسکە و... هتد، خوێندنەوەی ئەفسانەئامێزی خۆی هەبووە، کە مرۆڤی ئێستا خوێندنەوەی زانستییان بۆ دەکات. خوێندنەوەی ڕاستینەیش، لە دۆڵی میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیلەوە دەستی پێ کردووە. واتە باپیرانی ئێمە، لە ڕیزی ئەو گەلانەدا بوونە، کە زۆر زوو ئاشنایەتییان لە تەک پرۆسێسی خوێندن و خوێندنەوەدا پەیدا کردووە. هەرچۆنێک بێت، ئەوەی ناخوێنێتەوە، تاکێکە بەرانبەر بە ئاوەزی خۆیشی هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکات.

سەبارەت بە خوێندنەوەی ڕۆمان، (جیرمی هوبورن) لە کتێبەکەیدا (دەروازەیەک بۆ توێژینەوەی ڕۆمان) دەڵێت:

(بەپێچەوانەی شیعرەوە، کە چەند سەدەیەک بەر لە پەیدابوونی نووسین هەبووە؛ تا ئێستایش لە فەرهەنگە زارەکییەکاندا هەندێک دۆخ هەیە، لەوێدا کەسانی نەخوێندەوار کۆ دەبنەوە و گوێ لە ڕۆمان دەگرن، کاتێک بۆیان دەخوێندرێتەوە.. بەشێکی زۆریش لە جەماوەری (چارلز دیکنز) لەم جۆرە خەڵکە بوونە. لە چاخی ڤیکتۆریدا، خەدەی خوێندنەوە، بەدەنگی بەرز، لەناو خێزاندا، لە ئێستا زیاتر بڵاو بووە. وەلێ ڕۆمان ژانرێکە، لەلایەن کەسێکی تاکەوە دەنووسرێت و کەسێکی تر بە بێدەنگی دەیخوێنێتەوە.)(٣)

جێی وتنە، حاڵی حاز لە جیهاندا، ژانری ڕۆمان خوێنەری زۆری هەیە و لەپەستا ڕۆمانە کۆنە گرینگەکانیش، لە نوێ چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

سەرچاوە:


(١) سعدي يوسف في حديث عن المكان والشعر والثورة، حوار: عبدالسلام دخان، عماد الورداني، محمد العناز، جريدة القدس العرب و موقع جهة الشعر، ٢٠١١/٨/١٠

(٢) كيف تقرأ كتابا، تأليف: مورتمير آدلر و تشارلز ڤان دورن، ترجمة: طلال الحمصي، ط (١)، دار العربية للعلوم، ١٩٩٥.

(٣) مدخل لدراسة الرواية، تأليف، جيرمي هوبورن، ترجمة: غازي درويش عطية، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٦.

### بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا

# کولتوور و دەوڵەت

د. عەبدولحوسێن شەعبان

بەشی شەشەم

پاژی پێنجەم

## لێبووردەیی و گوتاری
## ڕۆشنگەریی عەرەبی – ئیسلامی

"خۆت مەکە بەشێر بەسەریانەوە (بەسەر خەڵکەوە) و
لە بۆسەدا بی بۆ خواردنیان، ئاخر ئەوان لە دوو جۆر بەدەرنین:
یان برای دینیتن، یان وەک تۆ خوا خەڵقی کردوون.."

ئیمامی عەلی
لە نامەکەیدا بۆ مالیک ئەلئەشتەر ئەلنەخعی

١– تێڕوانینێک لەبارەی هزری چاکسازیخوازانەی ئاینی و لیبرالی عەرەبی _ ئیسلامییەوە

ئەگەر ئیسلام باسی شتێکی کردبێ بەمانای لێبووردەیی و بۆنی ئەوی لێ بێ، ئەوا فەلسەفەی لێبووردەیی، لە ڕووی داڕشتنی تیۆرییەوە، لەسەر دەستی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەریی کامڵ بوو، بەتایبەتی تۆماس هۆبز و کتێبەکەی لێڤیاتان، جۆن لۆک و کتێبەکەی هەوڵگەلێک لەبارەی

........................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی

حوکمڕانی مەدەنییەوە، مکیاڤیلی و کتێبەکەی میر، سپینۆزا و دیکارت و مۆنتسکیۆ و کتێبەکەی ڕوحی یاساکان، جان جاک ڕۆسۆ و کتێبەکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ڤۆڵتێر و نووسینە جۆراوجۆرەکانی لەبارەی لێبووردەییەوە، لە سەدەی هەژدەمدا، هەموو ئەو نووسین و تەوژمانە، هێڵە گشتییەکانی هزری ڕۆئاوایان گەڵاڵە کرد و لەوێوە بەدنیادا بڵاو بوونەوە.

یەکەمین گوتاری هاوسەردەمی عەرەبی لەبارەی لێبووردەییەوە، فەرەح ئەنتۆن (١٨٦١ – ١٩٢٢) نووسیویێتی، لەو نووسینەدا، ئەنتۆن، هەوڵی داوە گرینگی لێبووردەیی بخاتە ڕوو و لە چوارچێوەی نوێگەریی سیاسی ڕۆئاوادا، وەک ئەوەی لیبرالیزمی ڕۆئاوا دای ڕشتووە، پێشکێشی بکات(١). لە ساڵی ١٩٠٢ەوە، ئەنتۆن، دەستەواژەی "نەرمینواندن"ی بەکار هێناوە وەک بەرانبەرێکی لێبووردەیی و پێویستی ڕزگاربوون لە داخران و دەمارگیری و دوژمنایەتی ئەوانی تر، وەک بنەوایەک بۆ جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و مەدەنی.

فەرەح ئەنتۆن، باسی سێ ڕۆڵی مرۆڤ دەکات. یەکەم: سەردەمی بەرایی، ئەو کاتەی مرۆڤ چاکە و خراپەی لێک نەدەکردەوە، تەنیا پەرۆشی گەڕان بوو بەسروشتدا تەنیا بۆ ئەوەی بژی؛ دووەم: سەردەمی هۆڤیانی، لەم سەردەمەدا، مرۆڤگەل فێری ململانێ و بەرەوڕووبوونەوەی یەکتر بوون؛ سێیەم: لەم سەردەمەدا، مرۆڤگەل فێری گردبوونەوە و پێکەوەژیان بوون، بەخێزان دەستی پێ کرد تا خێڵ، تا وڵات و دوا جار شارنشینی(٢).

ئەنتۆن، پشتی بەفەلسەفەی ڕۆشنگەری بەست، وەک بەشێک لە پێشڤەچوونی فەلسەفەی سیاسیی نوێ و بانگی چوار بنەوای دەدا:

١– ئازادی.

٢– یەکسانی.

٣– جیاکردنەوەی ئاین لە پێداویستییەکانی دنیا.

٤– پشتبەستن بەبنەوا تازەکانی هاووڵاتیبوون و لەوێدا ئاماژە بەبنەوای لێبووردەیی دەدات.

لە مێزگردێکی نێوان شێخ محەمەد عەبدە و فەرەح ئەنتۆندا لەبارەی کتێبەکەی ئەنتۆنەوە "ئیسلام و نەسرانییەت"، عەبدە، دووپاتی کردەوە، ناشێ پاشا یان فەرمانڕەوا لە ئاینەکەی داماڵرێ، ئەو جەستانەش کە فەرمانڕەوا گەرەکێتی، هەر ئەو جەستەگەلەن کە ئەو ڕوحەیان بەبەردا کراوە و پیاوانی ئاین بایەخی پێ دەدەن، کەواتە چۆن دەکرێ ئەو دوو دەسەڵاتە لێک جوێ بکرێنەوە. ژبەروە، لێکدانەوەی ئەو وتەیەی دەڵێ "هی قەیسەر بۆ قەیسەر و هی خوا بۆ خوا"، وەک پێویستی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتەکە، لێکدانەوەیەکی هەڵەیە(٣).

خستنەپێشی عەقڵ لە جێی نەقڵ و کردنەوەی دەرگەی ئیجتیهاد و هاندانی زمانی دیالۆگ و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاینی لە دەسەڵاتی دنیایی یان مەدەنی، بەپێوەندیی نێوان ئاین و سیاسەتەوە، لەو پرسانەن تا ئەمڕۆش، گفتوگۆ و مشتومڕی زۆریان لەبارەوە دەکرێ، تا دەگاتە

ئەوەی ناکۆکی لێ بکەوێتەوە، جا لەناو باڵە ئیسلامییەکان خۆیاندا بێ، یان لەگەڵ لیبرالی و تازەگەرەکاندا.

پووختەی تەرزەکەی فەرەح ئەنتۆن بریتییە لە:

- ئازادکردنی هزری مرۆڤ لە هەر پێگیرییەک لە پێناو خزمەتکردنی داهاتووی مرۆڤایەتیدا.
- یەکسانی نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوە بەچاوپۆشین لە بیروباوەڕ و مەزەب.
- نابێ دەسەڵاتی ئاینی دەست لە کاروبارە دنیاییەکان وەردات، ئاخر ئاینگەل، بۆ خەمخواردن لە ئاخیرەت هاتوونەتە ئارا نەک دنیا. بۆیە دەسەڵاتی ئاینی نابێ خۆی لە کاری دنیایی هەڵقورتێنێ، چوون سیاسەت، زیان بەبنەواکانی ئاین دەگەیەنێ.
- تا نەتەوە دەسەڵاتی ئاینی و دنیایی تێکەڵ بەیەکتری بکات، هەروا لاواز دەمێنێتەوە.
- عەقڵی مرۆڤگەل، جیاوازن و لە یەک ئاستدا نین، سیمای گەردوون جۆراوجۆرە و نهێنی جوانییەکەشی لەو جۆراوجۆرییەدایە، وەک چۆن، جیاوازی، نهێنیی پێشکەوتنی مرۆڤە.

ئەنتۆن درێژەی دەداتێ و دەڵێ: "نە مەدەنییەتێکی ڕاستەقینە دەبێ، نە دادپەروەری، نە یەکسانی، نە ئاسایش، نە پێکەوەژیان، نە ئازادی، نە زانست، نە فەلسەفە نە پێشکەوتن، تا دەسەڵاتی مەدەنی و ئاینی لێک جودا نەکرێنەوە...". لە چیرۆکەکەیدا "ئاین و زانست و سامان"، زۆر جەخت لەسەر ئەو چەمکانە دەکاتەوە.

فەرەح ئەنتۆن، داکۆکی لە فەرمانڕەوایی مەدەنی و بیرۆکەی لێبووردەیی دەکرد و بانگی خەڵکی دەکرد دەست بەویژدانەوە بگرن و داوای لێ دەکردن کە "خۆشبەختی" بکەنە ئامانجی هەموو کارێکیان، ئاینیشی ڕەت دەکردەوە بەو پێیەی قۆناخی "منداڵیتی مرۆڤایەتی"یە. ڕەنگە ئەنتۆن، ئەم بیرۆکەیەی لەژێر کاریگەریی ئۆگەست کۆنتدا یان ئێرنیست ڕیناندا بووبێ، ئەنتۆن، لەو باوەڕەدایە ڕەگی فەلسەفی میتافیزیکییانەی ئاین لە ئیسلام و مەسیحییەتدا. یەکە.

فەرەح ئەنتۆن نەیتوانی لە ڕەهەندە مێژووییەکەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری رامێنێ، بەهۆی گێرمەوکێشەکانی سەردەمی باڵکێشانی کۆلۆنیالی کە دواکەوتووییان فرەوانتر کرد و بوونە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندن و داهێنانی چارەسەرگەلێکی خۆبەخۆی مێژووییانەی ئەوتۆ کە لەگەڵ واری کۆمەڵایەتی ـ ئابووریدا بگونجێن(٤).

دەشێ بگوترێ، شۆڕشە ئاینییەکان، دواترینیان شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، نەیانتوانی سەرزەوی بکەن بە بەهەشت، بۆیە ئاسمان و بەهەشتە چاوەڕوانکراوەکەی، وەک تاکە هیوا مانەوە، موسڵمانان، سەرەڕای ئەو شۆڕشانە، باجی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و جەوری دەسەڵاتدارانیان، جا ئاینی بێ یان عیلمانی، دەدەن. عەبدوڵڵا ئەلعورەوی دەڵێ: هزرڤانی عەرەب بایەخ بەو شێوازە دەوڵەتەی ئەم ڕۆژگارە نادەن، هەر بۆیە بەشوێن وەڵامی ئەم پرسیارەدا، خۆ ماندوو ناکەن: دەوڵەت چییە؟ هزری ئیسلامی هەر لە دووی خەیاڵی خەلافەت و چاکەکانێتی(٥).

دەمارگیری، وەک جمکی خۆسەپاندن، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ستەم (ئیستیبداد)، وەک عەبدوڕەحمان کەواکبی (١٨٤٩ – ١٩٠٢)[٦] لە کتێبەکەیدا "طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد"[٧]، سەرەتای سەدەی پێشوو، باسی دەکات. کەواکبی ئاماژە دەدات "ستەمکار، ڕاستییەکان لە مێشکی خەڵکەکەدا ئاوەژوو دەکاتەوە" و جەخت دەکاتە سەر لایەنی ئایدیۆلۆجی، ئەو کاتەی هەوڵ دەدرێ خەڵکەکە "کە هێز و توانای ستەمکارن، یەک پەلاماری ئەوی تر بدات و هەمووشیان بەدژی خەڵکی تر بەکار بهێنرێن..".

کەواکبی، پێی وایە: دەردودووی موسڵمانان، ستەمی سیاسییە، دەرمانەکەی شورایە، بەلای کەواکیبییەوە، ناوکرۆکی حکوومەتێکی ستەمکار، نەبوونی چاودێری و لێپێچانەوەیە، بەچاوپۆشین لەوەی شێوازی حکوومەتەکە چۆنە. کەواکبی، کە بەنەیارێکی سەرسەختی ستەمکاری حکوومەتان دادەنرێ، پێی وابوو، هۆکارەیلی لاوازبوونی موسڵمان، هۆکارەیلی ئاینی، سیاسی و ئاکارییە. گرینگترین هۆکارە ئاینییەکە "بیروباوەڕی ناچارییە" کە وەک ئەوە وایە مرۆڤ بەناچاری تەسلیم بووبێ، گرینگترین هۆکاری سیاسیی، بێبەشبوونی موسڵمانانە لە ئازادیی ڕادەربڕین و کارکردن، هەرچی هۆکارەیلە ئاکارییەکەشە، بەرچاوترینیان؛ نەزانی و بێئومێدی و خراپی فێرکردنە.

کەواکبی، وەک چاکسازیخوازێکی گەورە، دەستەواژەیلێکی هاوسەردەمانەی وەک گەل و نەتەوە و نیشتمان و نەتەوەپەرستی لە کتێبەکەیدا "ئوم ئەلقورا"، بەکار هێناوە، بێ ئەوەی سڵ لە نوێگەری بکاتەوە یان بترسێ لەوەی بەرەو "ڕۆئاواییبوون – التغريب" دەخزێ. سەرەڕای ئەوەی بەتوندی دەستی بەئیسلامەوە گرتبوو، خۆی دەپاراست لەوەی هەر لە ڕابردوودا بژی و هەوڵ بدات بەزۆردارەکی دەقە کەلەپوورییەکان زیندوو بکاتەوە، بگرە بەگیانێکی نوێباوانە و بەلۆجیکی هاوسەردەم، قسە و شرۆڤەی دەکرد و پرسەکانی هەڵدەسەنگاند، لە پێناو گەیاندنی دنیای عەرەب و ئیسلام بەو جێگەیەی لە خەیاڵیدا بوو[٨].

بەبۆچوونی کەواکبی، مانەوەی ستەمکاری، بەنەزانی خەڵک و سوپای نیزامییەوە پێوەستە، ئاخر ستەمکاران، زەندەقیان لە زانستگەلی ژیان و مافەیلی خەڵک و فەلسەفەی عەقڵ و مێژوو و ئەمانە چووە، لە پێناو مانەوەشدا، هەرچی ڕێگەی چەوتوچەوێڵی جیاکاری مەزهەبییانە و تۆقاندن و ڕاکێشان هەیە، بەکاری دێنن. هەروەها، کەواکبی، باس لە چۆنیەتی پێکهاتەی ستەمکاری دەکات، ستەمکار، تەنیا کەسێک نییە، بگرە داوودەزگایەکە کە خۆی بەڕێوەی دەبات "حکوومەتی ستەمکار، سەلەبەری ستەمکارە، هەر لە سەری سەرەوە تا دەگاتە پۆلیسێک"[٩]، بۆ ئەوەی بەردەوامیش بێ، پێویستی بەتیۆریزەکاران و زاناگەلێک هەیە خەڵکەکەی بۆ سەرمەست بکەن، بەو شێوازە، قورئان وا لێک دەدەنەوە تا خزمەتی ستەمکاری پێ بکەن، نەک خەڵکەکە[١٠]. کەواکبی، لەسەری دەڕوا و دەڵێ: پێشکەوتن زادەی لێپێچانەوە و دواکەوتنیش زادەی ستەمکارییە.

هەرچی جەمالەدینی ئەفغانییە (١٨٣٨ – ١٨٩٧)، سەرباری ستەمکاریی ناوەخۆ، بەرەنگاری ستەمکاریی دەرەوەش بووەتەوە، لە تەک شێخ محەمەد عەبدەدا کۆواری "عورووەت ئەلوسقا"[١١]یان

دەردەکرد. داوای گرێدانی دیموکراسیی سیاسی بەپرسە کۆمەڵاتییەکەوە دەکرد، بەگوێرەی بیروباوەڕی ئەفغانی، لە ئیسلامدا، هیچ "دەسەڵاتێکی ئاینی" نییە، دەسەڵاتی ڕێنوێنی جوان و بانگی چاک و دوورکەوتنەوە لە خراپە نەبێ.

سەرەڕای ئەوەی "عورووەت ئەلوسقا"، هێندە بەردەوام نەبوو، وەلێ کاریگەریی زۆری کردە سەر تێڕوانینی باڵی ئیسلامی بۆ هزری چاکسازیی سیاسی، وەک ئەوەی جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە، لە نووسینەکانیاندا، بۆی دەچوون. ئەفغانی، لەو باوەڕەدا بوو، پاشەکشەی موسڵمانان بۆ نەبوونی بەهاگەلی دادپەروەری و شورا و پێگیرنەبوونی حکوومەت بەدەستوورێکەوە، دەگەڕێتەوە(١٢).

شێخ محەمەد عەبدەی(١٨٤٩ – ١٩٠٥) قوتابی ئەفغانی لەسەر ئەو ڕێبازە ڕۆیشت و پێی وابوو گەورەترین تەحەدای بەردەم موسڵمانان، تێڕوانینیانە بۆ پێوەندیی نێوان ئیسلام و سەردەم. محەمەد عەبدە، لە پێناو گونجاندنی بنەواکانی ئیسلام و هێندێک هزری ڕۆئاوایی، پێشنیازی کرد دەستەواژەی بەرژەوەندی لای موسڵمانان بەرانبەری دەستەواژەی قازانجی ڕۆئاوا، شورا بەرانبەری دیموکراسی و کۆدەنگیش بەرانبەری ڕای زۆرینەیە(١٣).

لە بەرانبەر ئەم تەوژمەدا، تەوژمێکی لیبرالیستی (نوێگەری) بانگهێشتکاری عیلمانییەت، وەک بەشێک لە پێڕەوەکانی هەستانەوەی (بوژانەوە) ئەوروپا، هاتنە ئارا. ئەو تەوژمە، عیلمانییەتیان بەڕێگەی گرەنتیکردنی لێبووردەیی و ئازادیی هزر و بیروباوەڕ و دەستەبەرکردنی شکۆی تاک دەزانی.

گفتوگۆ و مشتومڕی ئەوێ ڕۆژێ لەبارەی ئەو چەمکە دووانەیەوە بوو کە دەسەڵاتی لەسەر ڕۆ دەنرێ: یەکەمیان دەیگوت، دەسەڵات ئاینییە با خۆی بەبڕێک پرسی دنیاییش بپێچێتەوە، دووەمیان، پێی وابوو، نەخێر دەسەڵات پرسێکی دنیاییە و ئاین، بریتییە لە پێوەندیی تاک بەخوای خۆیەوە. لە میانی سەرنجدانی سیاسیمانەوە بۆ هزری عەرەبی _ ئیسلامی، لە سەدەگەلی ڕابردوودا، بەئاشکرا هەست بەبێدەنگییەک دەکرێ لە بەرانبەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاینی لە دەسەڵاتی دنیایی، بگرە بەجۆرێک پێکەوەلکاندنیشەوە هێندێک جاران، یان بەجیاکردنەوەیەکی زۆرەملێیانە هێندێک جاری تر. هەن هەوڵیان داوە، بەقۆرخکردنی ئاین یان لە سۆنگەی ئاینەوە، پاساو بۆ ستەمکاری بێننەوە(١٤).

پاش چارەکە سەدەیەک مشتومڕی هزرییانەی نێوان فەرەح ئەنتۆن و محەمەد عەبدە لەبارەی پێشکەوتنەوە کە ئەنتۆن لە عیلمانییەتدا دەیبینی و عەبدەش پێی وابوو عیلمانییەت، مەترسییە بۆ سەر ئیسلام، عەلی عەبدوڕازق (١٨٨٨ – ١٩٦٦)، ساڵی ١٩٢٥، کتێبە بەناوبانگەکەی (ئیسلام و بنەچەکانی فەرمانڕەوایی) بڵاو کردەوە. لەو کتێبەدا، هەوڵی دا دیوارێک لە نێوان پێغەمبەرایەتی و پێڕەوکردنی سیاسەتدا هەڵچنێ، وەک داکۆکییەک لە حوکمگەلی عەقڵ و تاقیکردنەوەی گەلان و بنچینە سیاسییەکان کە بریتی بوو لە وەڵامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ محەمەد عەبدە. بەگوێرەی کەمال

عەبدولەتیف، عەبدوڕازق، نەخشەی یەکەمین چرکەساتەکانی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتگەلی زانست و مەدەنییەت، دادەڕێژێ.[١٥]؟

سەبارەت بەم کتێبەی، عەلی عەبدوڕازق، حوکم درا، لە کۆڕی زانایان دەرکرا و ڕێی پێ نەدرا چیی تر لە بواری دادوەریدا کار بکات.

بگەڕێینەوە بۆ لای هێزی چاکسازی و ڕۆشنگەریی ئیسلامی، بەلای ئەفغانی و محەمەد عەبدەوە، کاکڵەی بیرۆکەی چاکسازیی ئیسلامی، برێتییە لە بوژانەوەی سەروتازەی ئیسلام، ئەو توانا ئیسلامییەش کە دەکارێ یارمەتی موسڵمانان بدات لە شەڕی "ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی خاچپەرستی"، مەبەست "نەسرانییەت" و "پەلاماری دەرەکییە"، هەر دەبێ یەکەتیی ئیسلامی بێ، لەو سۆنگەیەوە، بانگی بیرۆکەی "زانکۆی ئیسلامی"یان دا لە ڕێی "عورووەت ئەلوسقا"وە. لەو باوەڕەدا بوون کە ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی و تێکشکان و دەستەبەرکردنی یەکەتی و پێشکەوتن، تەنیا بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەن و بەراییەکانی ئیسلام دەبێ، تا لە جیاوازیی بناوانی و مەزهەبی قوتار بین، ئەو جیاوازییەی کە بووەتەوە هۆکاری لاوازی دەوڵەتی ئیسلامی و هەڵوەشانەوەی.

تەوژمێکی تر هاتە ئارا کە بەبیرۆکەی ڕۆئاواییانەی "ڕۆنانی دەوڵەتی نیشتمانی" یان "دەوڵەتی نەتەوەی"، سەرسام بوون، هەرچەندە ئەم تەوژمەی دووەم، لە پێناسەکردنی وارە دواکەوتووەکە و تێکشکان و چەقبەستووەکەدا، لەگەڵ تەوژمی یەکەمدا هاوڕا بوون، وەلێ لە ئامرازەکانی ڕزگاربوون لێیان، جیاواز بوون، لەو ئامرازانە:

- دامەزراندنی دەوڵەتی سیستەماتیک.
- چاکسازیی سوپا.
- سیستەمێکی نوێی خوێندن.
- وەرگرتنی باج و خەراج.

بەکورتی، جیاوازیی نێوان هەردوو نموونەکە، وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە، یەکەمیان، دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ بنەچەکان، بۆ ڕۆژگاری درەخشانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی، سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین. ئەوەش، چارەسەرێکی مێژووییانە بوو بۆ کێشەیەکی سەردەمییانە لە ڕێی دەستگرتن بەکەلەپووری عەرەبی – ئیسلامییەوە. هەرچی دووەمیانە، لە هەوڵی چارەسەرێکی ئیسلامییانەی هاوسەردەمدا بوو کە لەگەڵ ڕۆژگاردا بگونجێ، ئەگەر بەپێشڕەویش بێ لە سۆنگەی نموونە ڕۆئاواییەکە و سوود لێ وەرگرتنییەوە.

هێندێک جاران باس لە تێپەڕاندنی ئەو دواکەوتوویییە دەکرێ بەگەڕانەوە بۆ نموونە مێژووییە ئیسلامییەکە، (کە نموونەیەکی ئاینییە)، زۆربەی جاریش گوتارە سەلەفییەکە لە مێژووەکەی وەدەردەنرێ و لە وێنەگەلە پێوانەکەیدا کە سیمایەکی نازەمانییانەی هەیە، پێشکێش دەکرێ.

هەرێمی کتێب

ئاخـر ئەوروپا لە ڕێڕەوە مـێژووییـیە هاوسـەردەمـەکـەیدا، سـەدەکـانی ناوەڕاسـتی تێپـەڕاند لە سۆنگەی هەوڵدانەوە بۆ ڕۆنانی هەستانەوەیەکی بێ سنوور. لێرەدا دەشێ سێ قۆناخ دەستنیشان بکرێ:

یەکەم: لە سەدەی شازدەوە، سەردەمی هەستانەوەی یەکەم.

دووەم: شۆڕشی فرەنسا لە سەدەی هەژدە و شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەوە.

سێیـەم: شۆڕشی بەردەوامی زانسـتی و تەکنەلۆجیـا، نەخـاسـمە لە قۆناخـەکانی دواییدا کە شۆڕشێکی زانستی و تەکنەلۆجی و گەیاندن و پێوەندی، بەخۆوە بینی.

بۆ بەدواداچوونی هزری "ڕۆشنگەرییانە"ی عەرەبی _ ئیسلامیی پاش جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە، دەشێ تیشک بخرێتە سەر محەمەد ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥ _ ١٩٣٥) کە هەڵوەستەی لەسـەر دەسـتگرتن بەبیـروباوەڕەوە دەکـرد و پێی وابوو، چاکـتـرین خـۆپارێزییـە لە خـراپەکـاری مەدەنییانەی نوێ. سەرەڕای پشتیوانی لە بزاڤی سەلەفی، وەلێ لە گیانی تازەگەری و قبووڵکردنی نوێگەری دوور نەبوو، ئەوە بـوو گفـتوگۆ و مشـتومڕی زۆری دەکـرد لەگەڵ مژدەدەراندا. ڕەزا، پێی وابوو، نهێنی دواکەوتوویی موسـڵمانان، بزرکـردنی ڕاسـتینـەی ئاینەکـەیانە، هـەر ئەوەش، هانی فەرمانڕەوا گەندەڵەکانی دەدا. بەبۆچوونی ڕەزا، ئیسلام برێتییە لە دوو پرس:

– یەکتاپەرستی (تەوحید).

– شورا.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ شێخێکی ئەزهەری بکەین، شێخ ڕیفاعە تەهتاوی (١٨٠١ _ ١٨٧٣) و کتێبەکەی "تخليص الابريز فی تلخيص باريز" کە ساڵی ١٨٣٤ لە میسر چاپ کرا، ئەو کتێبە، بەبەرایی پێشەکیگەلێکی تازە دادەنرێ لە فەلسەفەی عەرەبی _ ئیسلامیدا سەبارەت بەبیرۆکەی لێبووردەیی و قبووڵکردنی ئەوی تر، بەلای تەهتاوییەوە:

– دادپەروەری بنچینەی شارستانییە.

– شورا بنچینەی فەرمانڕەواییەکی چاکە.

– نەتەوە سەرچاوەی دەسەڵاتە.

– سوود وەرگرتن لە بیانی "کەواتە لە گۆشەنیگایەکی عەقڵانییەوە لەوی تری دەروانی" دەشێ سوود لە شارستانیەتییەکەیان وەربگیرێ، بەو شێوازەی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەکانماندا بگونجێ.

بەر لەم نموونە نوێخواز و ڕووناکبیرە، کندی هەبوو کە داکۆکی لە فەلسەفەی یۆنانی دەکرد(١٦).

تەهتاوی، شوێن پێی موعتەزیلەی هەڵگرت و جەختی لە پێوەری عەقڵ دەکردەوە، داوای دەوڵەتێکی نوێی دەکرد لەسەر بنچینەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، وەک چۆن مۆنتسکیۆ و جان

جاک ڕۆسۆ، بانگێشتنیان بۆ دەکرد، بەو پێیەی ئەو جۆرە دەوڵەتە، ڕووبەرێک لە ئازادی بەرووی زەبەلاحبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و داوودەزگا دەوڵەتییەکاندا، فەراهەم دەکات.

شێخ ڕیفاعە تەهتاوی، مشتومڕێکی زۆری لەبارەی بیرۆکەی دیموکراسی نایەوە. ڕەنگە لویس عەوەز، سەرچیخ نەچووبێ کە ناوی "بابی دیموکراسییەتی میسر"ی بەباڵا بڕیووە. تەهتاوی، پاش دەرچوونی لە ئەزهەر، وەک "ئیمام" بەهاوەڵی تیپێکی سەربازی لەلایەن محەمەد عەلی پاشاوە، ڕەوانەی پاریس کرا. لەوێ، فێری زمانی فرەنسایی بوو، فەلسەفەی یۆنانی و جوگرافیا و لۆجیکی خوێند و دەرفەتی بۆ ڕەخسا نووسینەکانی پێشەنگانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری وەک ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ بخوێنێتەوە. کتێبەکەی "تخليص الابريز في تلخيص باريز" دادەنرێ بەگەشتنامەی فرەنسا، لەو کتێبەدا، تەهتاوی، لایەنگری خۆی بۆ سیستەمی دیموکراسی نەشاردووەتەوە.

یەکێکی تر لە ناودارانی ئیسلامی، خەیرەدین تونسییە، کە بەپێشەنگی بزاڤی چاکسازیی تونس دێتە ژماردن، نەخاسمە کتێبە بەناوبانگەکەی "أقوم المسالك في تقويم الممالك"، بەو کتێبە، تونسی، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد کاتێک جارِی چاکسازی و کۆتاییی فەرمانڕەواییی ڕەهای دا[١٧].

بگەڕێینەوە لای کندی و فەلسەفە عەقلانییەکەی هێندەی بەڕۆژگاری ئەمڕۆمانەوە بەندە. دەشێ بگووترێ، کندی، تا چەند دەیەیەک لەمەوبەر بەو شێوە فرەوانە نەناسرابوو، تا "ڕیتەر"ی ڕۆهەڵاتناسی ئەڵمانیایی، برێک لە نامەکانی لە کتێبخانەی "ئایا سۆفیا"ی ئەستەمبوڵدا دۆزییەوە و ساڵی ١٩٣٢ لە گۆواری ڕۆهەڵاتناسی چیکۆسلۆڤاکیادا بڵاوی کردنەوە. لەو کاتەوە، نووسراوەکانی کندی دەردەکەون و چاپ دەکرێن و لێیان دەکۆڵدرێتەوە لەلایەن توێژەران و وەکۆڵەرانەوە[١٨].

هاوسەردەمانی کندی، نازناوی فەیلەسووفی عەرەب یان ئیسلامیان بەباڵایدا بڕیبوو. بەلای کندییەوە، زانستی عەقڵانی سەر بەبوونی مرۆڤ خۆیەتی، کندی، بوونی مرۆڤانی، بۆ دوو جۆر بوون: بوونی هەستی و بوونی عەقڵی، دابەش دەکات؛ ئەمەی دواییان، بوونە ڕاستەقینەکەیە، بوونی کردەنی، وەک کاریگەریی ئەفلاتوونیش بەسەرییەوە، کندی، لەو باوەڕەدا بوو، بوونی کردەنی، ئەو بوونەیە کە بەشتگەلە سەرتاپاییەکانەوە پێوەستە، واتە؛ سەرتاپای ڕەگەز و جۆرەکان.

یەکەمین بنەوا بەلای کندییەوە، خوایە، وەک چۆن بەلای ئەرستۆوە یەکەمین هۆکارە، خوا، واتە؛ یەکەمین حەق "یەکەمین بکەر، یەکەمین کامڵ و ڕەها و ئەزەلی".

بەکورتی دەڵێم، بەدواداچوونی پرسی لێبووردەیی لە سۆنگەی گوتاری ڕۆشنگەریی عەرەبی ــ ئیسلامییەوە، ڕای کێشاین بۆ بەدووکەوتنی ڕەگوریشەی پرسەکان. پاش قورئانی پیرۆز و سوونەتی محەمەد و برێک کار و فەرمانی خەلیفەکانی ڕاشیدین، هەر دەبوو، گەر ڕاگوزەریش بێ، تیشک بخەینە سەر هێندێک هزرڤان و فەیلەسووفانی ئیسلام، ئێمەش، ئەگەرچی بەخێراییش بێ،

هەر ئەوەمان کرد، تا سەرێک بەهزری ڕۆشنگەریی نوێدا شۆڕ بکەینەوە، نەخاسمە، هزرڤانانی سەدەی نۆزدە و هێندێک هزرڤانی سەدەی بیست.

٢- هەڵوەستەیەک بۆ پێداچوونەوە: نیشانەگەلێک و پرسیارگەلێکی ڕەخنەگرانە!

ئامانجمان لەو باسکردنە دوور و درێژەی لێبووردەیی ئیسلامی لە قورئان و سوونەتی پێغەمبەر، ئەوە نەبوو، ڕووی مێژووی ئیسلامی تیف تیفە بکەین، ئاخر ئەویش، وەک شتەکانی تر، ڕەگەزگەلێکی نالێبووردەیی لە هەناودایە، وەک تیۆری و وەک کار و کردەوەش.

هێندە بەسە، ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سێ خەلیفەی ڕاشیدین کوژراون، بێ ئەوەی ئەو لێبووردەییيەی قورئان و سوونەت و کار و کردەوەی خەلیفەکانی ڕاشیدین لەگەڵ خۆیاندا هێنایان، بەهانایەوە بچێ.

ئەگەر بەچاوی ڕەخنەوە مێژووی ئیسلامی ڤەخوێنین، پرسیارگەلێکی زۆر دێنە ئارا کە ئایە لێبووردەیی لە ئیسلامدا تا چەند سەرتاپاگیر بووە، تا چەند کۆمەڵگەی ئیسلامی پێڕەوی کردووە، نەخاسمە، هێندێک لە تەنزیل، وەک بڵێی لەگەڵ لێبووردەییدا دژبەر بێ وا دەردەکەوێ، خۆ ئەگەر هەر دەبێ ئەوانە لە چوارچێوەی هەلومەرجی خۆیاندا وەرگیرێن، ئەوە بەلای زۆربەی موفەسیرەکانەوە ئایەتی "لا اكراه في الدين"، بڕێک ئایەتی شمشێر، ئەمیش و ئایەتگەلێکی تری لێبووردەییيانەیان، نەسخ کردووە. ڕەنگە دیارترینیان ئەم ئایەتەی سوورەتی تۆبە:٥ بێ "فاذا انسلخ الأشهر الحرم فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم..." تا دوایی ئایەتی پێنجەم.

خۆ ئەگەر ئەم دەقە وەک زادەی هەلومەرجێک وەرنەگرین، ئەوە خۆمان لە بەردەم بانگهێشتنێکی کوشتن و بڕیندا دەبینینەوە. پێم وا نییە ئەوەش پێوەندی بەجیهاد و ڕێنوێنییە بێگەردەکانی ئیسلامەوە هەبێ. فەخری ڕازی وا تەفسیری "بیانکوژن" دەکات "فەرمانێکی ڕەهایە بۆ کوشتن"(بەرگی هەشتەمی تەفسیرەکەی). کەشاف دەڵێ: "موشریکین بکوژن مانای کوشتنی ئەوانەیە کە دژبەرتانن و خۆیان بەسەرتاندا بادەدەن". بەمەش، بانگهێشتنی کوشتار بەردەوام دەبێ!، نەخاسمە، هەوڵەکانی بڕێک تەوژمی ئیسلامەوی کە هیچ حسێبێک بۆ ڕێڕەوی مێژوویی دەقەکان ناکەن لە بارێکدا کە تەفسیری لۆگیکی ئەو بانگهێشتنە، مەبەست ئەو موشریکانەیە کە بەڵێنشکێنیان بەرانبەر موسڵمانان کردووە لە دوورگەی عەرەبی، نەک حووکمێک بێ بۆ تاهەتایە.

لەبارەی کافرانەوە دەڵێ: "واعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم..."(١٩). کوشتار، بەلای هێندێکەوە، دەشێ هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز بێ وەک لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانی ئەم ڕۆژگارەدا دەبینین. هەردوو سوورەتی تۆبە و ئەنفال، دوو سوورەتی مەدەنین. ئایە مانای ئەوە نییە ئەو جۆرە مامەڵەیە، پاراستنی دەوڵەتی تازەڕسکاوی ئیسلامە لە یەسرب و فەرمانەکە کاتییە و مەبەستی کوشتنی هەموو موشریکێک نییە ئەگەر لەماڵی خۆیان دانیشتبن، دوای ئەوە، "کوشتن" پێوەندیی چییە بەمەرجە دیارەکانی جیهادەوە؟

ئەمانە پرسیارگەلێکی زەروورن بۆ ئەمڕۆ، نەخاسمە لە سایەی زۆربوونی بانگهێشتنی "ئیسلامەوییانە" و ئیسلامییانەی توندڕۆ و سەرچڵ و ڕەتکەرەوەی ئەوانی تر، بگرە هەوڵدەر بۆ دوورخستنەوە و بنبڕکردن و گوناهبارکردن و تاوانبارکردنی ئەوانی تر، بەبیانووی جیهاد و داکۆکی لە ئاین یان نیشتمان یان وەستانەوە بەڕووی پەلاماری سەربازی یان کولتووری ڕۆئاوادا.

سەیرەکە لەوەدایە، هێندێک تەوژمی دەستڕۆیشتوو لە ڕۆئاوا، بەتایبەتی لە ئەمەریکا، ئەو بانگهێشتنانەیان قۆستەوە بۆ پاساودانەوەی شەڕی "تیرۆریزم" و پەلاماردانی ئەفغانستان و داگیرکردنی عێراق، بەتایبەتی پاش ڕووداوگەلی تیرۆریستی و تاوانکارییانەی ١١ی ئەیلوول/سێپتەمبەر ٢٠٠١.

خۆ ئەگەر جیاوازی و دژبەرییەک هەبێ لە نێوان بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ڕۆئاوا و خەڵکە باڵادەستەکانی و بەرژەوەندییەکانی گەلانی عەرەبی و ئیسلامی و ئامانجەکانیان لە گەشەسەندن و بوژانەوەی شارستانی و دیموکراسیدا، خۆ چ نەبێ ناوکۆییەکی مرۆڤانی و کارلێکی شارستانی و بەرژەوەندی و قازانجی هاوبەشی نێوان گەل و نەتەوە و کولتوورەکان کۆیان دەکاتەوە، بێ ڕەچاوکردنی ئاین و ڕەنگ و نەتەوە و زمان و ڕەگەز و زێدی کۆمەڵایەتی و ئینتیمای سیاسی و شتی تر. بۆیە وا دیارە ئەو بانگهێشتنانە، جۆرێکە لە ئینتیما بۆ ڕابردوو و لاتەریکی و هەوڵێکن بۆ خۆ بەچاکزانین و خاوەندارێتی ڕاستینە کە دوا جار دەکرێنە پاکانە بۆ توندوتیژی و نالێبووردەیی و تانەلێدانی ئەوانی تر.

بڕێک ڕێکخراوی "ئیسلامەوی"، پشت بەهێندێک دەقی قورئانی پیرۆز دەبەستن، وەک "پشتییەک" بەکاری دێنن دژی "دەوڵەتی کوفر" و "زێدی شەڕ"، بێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی مێژوویی و بارگەلێکی دیاریکراو و هۆکارەکانی دابەزینی ئەو دەقانە، بێ ئاوڕدانەوە لە پێشهات و ڕووداوگەلی سیاسەتی ناودەوڵەتی. ئەوە بوو ڕێکخراوی قاعیدە و شێخ ئوسامە بنلادن و پێش ئەوانیش حکوومەتی تالیبانی ئەفغانی و ڕێکخراوگەلێکی ئیسلامی و ئیسلامەوی، دنیایان بۆ "فستاتەین" دابەش کرد. ئەم تەفسیرانە، دەنگدانەوەی خۆیان هەبوو وەک گەڕانەوەیەک بۆ ڕۆژگاری شەڕی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆجی و دابەشبوونی دنیا بەسەر دوو بلۆکدا.

زۆر لە بزاڤە شۆڕشگێڕە کلاسیکییە مارکسی و نەتەوەی و ئیسلامییەکان، ئەو پۆلینکردنانەیان لە تێزە ئایدیۆلۆجییەکانیاندا بەکار دەهێنا بۆ پاساودانەوەی شەڕی ئەوانی تر، بێ ئەوەی جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگەکانی تر بخوێننەوە کە پڕن لە دژبەری و ململانێ.

دیمەنی بەرانبەر ئەمەش، ئەو دیمەنەی بووەتە جێی تانەی "ڕۆئاوا" کە هەموومان بەبارستەیەک تەماشا دەکەن، بەو مانایەی هەموو عەرەب و موسڵمانان "فێرە" تیرۆرن، ئەڵبەت بەگەڕانەوە بۆ تەفسیرگەلێکی هێندێک دەقی قورئانی پیرۆز، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئێمەش میللەتێکین وەک میللەتانی تر، چاومان لە ئازادی و گەشەکردن و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە، هەموومان وەک یەک نین و ناکۆکی و ململانێ و دژبەریمان لە نێواندایە، ئاخر کەی لۆجیکی "جەماعەت" و

"حەرامکردنی بەجەماعەت" فڕی بەلۆجیکی دادپەروەری و ویژدانەوە هەیە؟.

لە ڕووی پراکتیکییەوە، بانگی کوشتنی موشریکگەل، ئەمڕۆ مەحاڵە، لەبەرئەوەی شیرک، بەچوار نیهالی دنیادا بڵاو بووەتەوە و موسڵمانان ناتوانن هەرچی موشریکی دنیا هەیە بیکوژن. باشە، هەروا سوور بین لەسەر جیاکردنەوەی "داروئیسلام و دار ئەلشەڕ" تا هەموو مرۆڤایەتی دەبنە موسڵمان؟ کە شتێکی چاوەڕواننەکراوە، لە کاتێکدا، تەنیا ئەوانەی یەکتاپەرست نین، خۆیان لە سێ ملیار کەس دەدەن.

بەڵێ ڕێککەوتن و هودنە و ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتانی نائیسلامدا هەر بووە، وەلێ نابێ لەوە هەڵبێین کە ئایەتگەلی شمشێر، هۆکاری تایبەتی دابەزینیان هەیە و بەهەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوەوە بەستراونەتەوە و پێوەندییان بەململانێی نێوان بانگی باوەڕدارانەی محەمەد و بەرەنگاریی موشریکەکانەوە هەیە، نەخاسمە، هەوڵگەلی هەڵگەڕانەوە و بەڵێنشکێنی و دووکەرتکردن.

بەلای هێندێکەوە، ئەو ئایەتانە تایبەتن تەنیا بەکاتی ناردنیان و بەسەر ڕۆژگارێکی دواتردا ناکرێتە حوکم، بگرە هەر جێبەجێ ناکرێن بەو پێیەی مرۆڤایەتی پێ بەپێ ڕووی لە ئاشتییە، یان بەلایەنی کەمەوە خەون بەوەوە دەبینێ، هەر بۆیە ئامانجی دامەزراندنی نەتەوە یەککگرتووەکان و میساقەکەی، توندوتۆڵکردنی پێوەندیی خۆشی نێوان گەلانە، لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی بنەوای پاراستنی مافی یەکتری و هەر گەل و نەتەوەیەکیش مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێ... دیارە ئامانجەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان وەک مەرجاعێک، بریتیین لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و هاریکاریی ناودەوڵەتی، ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە نەهامەتییەکانی شەڕ. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی هەڵبژاردووە(٢٠).

جیهاد بەمانا سەرانسەرییەکەی وەک ئەوەی بڕێک هێزگەلی ئیسلامەوی پێشانی دەدەن، بانگێکی ماتە، هەقە دنیای ئیسلام نەیجووڵێنێ، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆکاری کارەساتگەل و بەفیڕۆدانی وزە و تواناکان و پەککخستنی گەشەسەندن و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، کە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی لە هەموو کەس زیاتر پێویستییان پێیەتی. هەرچی جیهادە، مانای بەرگری لە خۆکردن بەدژی پەلامار و داگیرکردن و داکۆکی لە نیشتمان و شکۆ و ماڵ و ئاینە، جیهاد بەم مانایە، بەلای بنەواکانی یاسای ناودەوڵەتی هاوسەرەم و میساقی نەتەوە یەککگرتووەکان و تێکڕای ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتییەکانەوە ڕەوایە، نەک بەمانای "مافی فەتحکردن" و "بڵاوکردنەوەی ئاین" بەزەبری چەک یان شتی تر.

لێرەدا، جیهاد کۆمەڵێک مەرجی هەیە کە پێویستە ئەو مەرجانە لە بەرچاو بن، بەگوێرەی هێندێک موفەسیر (سوونی)، تەنیا خەلیفە بۆی هەیە بانگی جیهاد بدات، وەلێ لە مەزەبی شیعەدا، ئیمامی شاراوە (المستور) مەهدی مونتەزەر بۆی هەیە جیهاد ڕابگەیەنێ. خۆ ئەگەر موسڵمانان نەبنە یەک نەتەوە لە ڕووی سیاسییەوە، بەلای زۆربەی زانایانەوە، فەرزی جیهاد پەکی دەکەوێ.

جیهادی موسڵمانانی لبنان بەدژی داگیرکاریی ئیسرائیل، بەمانا شەرعی و یاساییەکەی، جیاوازە لە "جیهاد"ی تەقاندنەوەی بورجەکانی بازرگانیی جیهانی و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و خوێنڕشتنی خەڵکی بێبەری.

دەوڵەتی عوسمانی، هەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، بەیاسا، ڕێسای "ئەهلی زیمە"ی هەڵوەشاندەوە و ناموسڵمانان، بەشداری شەڕیان دەکرد و جزیەیان نەدەدا، ئاخر چەمکێکی کۆنباوی وەک جزیە، فڕی بەچەمگەلی هاووڵاتیبوون و یەکسانی و دەوڵەتی هاوسەردەمەوە نییە.

دیمەنی "دووانە" کە فیقهی ئیسلامی هێنابوویە ئارا و دنیای بۆ دوو بەش: داری ئیسلام و داری شەڕ دابەش دەکرد، نەما، تا ئەو ئاستەی گەر دوو دەوڵەتی ئیسلامی ببێتە شەڕیان، دەوڵەتێکی نائیسلامی پشتی یەکیان دەگرێ کەچی دەوڵەتێکی ئیسلامی دێ پشتی ئەوی تریان دەگرێ، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە نەتەوە یەککگرتووەکان یان لە جێی تر، دەنگ دەدات (شەڕی عێراق ـ ئێران و داگیرکردنی کوێت) دوو نموونەی زەقی ئەو بارەن. زۆر ڕووی داوە دەوڵەتێکی ئیسلامی پێوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتێکی تری ئیسلامیدا دەبڕێ، کەچی دەوڵەتی ئیسلامی فرەن کە پێوەندیی دیبلۆماسییان لە تەک ئیسرائیلدا هەیە یان لەگەڵ هاوپەیمانیگەلی سەربازی، لەگەڵ دەوڵەتگەلی "کوفر" بەواتە کلاسیکییە باوەکە.

بەڕای من، ئەو دردۆنگییەی نێوان "نەتەوە"ی موسڵمانان و نەتەوەگەلی تر، هیچ پاساوێکی نەماوە لە بەرانبەر بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی هاوبەش و تێکەڵی کولتووری، موسڵمان چی لە ناموسڵمان زیاتر نییە لە هێندێک ڕێساگەلی کلاسیکیدا نەبێ، لە کاتێکدا، دەوڵەتی هاوسەردەم، کە پشت بەیاساگەلی دەستکرد دەبەستێ، پێڕەوی بنەواگەلی یەکسانی و هاووڵاتیبوونی تەواو دەکات.

بەلای هێندێک هزرڤانەوە، ئاشتی، بنچینەی ژیانە، بەگوێرەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی دەڵێ "وان جنحوا (أی الأعداء) للسلم فأجنح لها"[٢١]، ئەڵبەت دوژمن وازی لە پەلامار و دوژمنکاری هێنا، دەبێ بەدوای ڕێگەچارەی ئاشتییانەدا بگەڕێی بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، ئەوەش وەک گوزارشت لە پێشکەوتنی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان و یاسای ناودەوڵەتی. لەم بارەیەوە، ئایەتێک هەیە دەڵێ: "فان اعتزلوکم فلم یقاتلوکم وألقوا الیکم السلم فما جعل الله لکم سبیلا"[٢٢]. هەروەها، مەیلێک هەبوو بەلای ئایەتە مەکییەکاندا دای دەشکاند: "قل یا أیها الناس قد جاءکم الحق من ربکم فمن اهتدي فانما يهتدي لنفسه ومن چل فانما یضل علیها وما أنا علیکم بوکیل"[٢٣]. کڈمةٹیك ئايةت بةو ماناية هةن: "الله ربنا وربکم. لنا أعمالنا ولکم أعمالکم. لاحجة بيننا وبينكم. الله يجمع بيننا واليه المصير"[٢٤].

بڵێی ڕۆژێک بێ و ئەم هزرە بەر بگرێ و موسڵمانان لەبەر ڕووناکیی مێژوو و ڕەخنەی مێژوویدا، کتێبەکەیان بخوێننەوە، نەک وەک حوکمگەلێکی سەرمەدی کە پێوەندیی بە شوێن و ڕۆژگارەوە نەبێ. وەک چۆن "کۆیلایەتی"یان نەهێشت و حوکمە شەرعییەکانیشی هەر ماون، مرۆڤ

ئومێد دەخوازێ بەتایبەتی لە ئایینداران، بۆ ئەوەی لە میللەتانی تر بەجێ نەمێنین، ئازادیی بدرێتە ئایندارانی ئاینەکانی تر تا ڕاوبۆچوونی خۆیان بەئاشکرا دەربڕن و نوێژ و خواپەرستی و سرووتە ئاینییەکانیان ئەنجام بدەن، گەیشتنە پایە باڵاکانی دەوڵەت، لەسەر بنچینەی یەکسانی لە ئەرک و مافدا بێ و بەهاوبەشی لەگەڵ مەسیحییەکاندا، بەپشتبەستن بەلێهاتووی و دەستپاکی و و دڵسۆزی، تا ڕووی ڕاستەقینەی لێبووردەیی ئیسلامییانە دەربخەین، بەشێوازێک لەگەڵ دەوڵەتی دەستوور و نوێ و هاووڵاتیبووندا بگونجێ، بێ جیاوازی جا بەهەر هۆکار بێ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوودا، کە نیشانەی ویستی پێکەوەژیان و یەکسانیی تەواوە، هەر ئەمەش، تاکە ڕێگەیە بۆ پێکەوەژیان لە تەک گەل و نەتەوەکانی تردا بەرەو چەسپاندنی ئاشتیی جیهانی کە ئامانجی تەواوی مرۆڤایەتییە.

وەک موسڵمانێک کە خەڵکی وڵاتێکم زۆرینەی موسڵمانن، هەست دەکەم پێویستە کەمینەی مەسیحی و کەمینە ئاینی و مەزەبی و ئیتنی و زمانەوانییەکانی تر بێنە پاراستن و دەرفەتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی وەک یەکیان هەبێ، بگرە ئەوە ئەرکی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، لەمەش واوەتر، مافی مەسیحییە، بەگوێرەی توانا و لێهاتوویی خۆی، بگاتە باڵاترین پلە و پایەی دەوڵەت. وەک عەرەبێکیش کە زۆرینەی هاووڵاتییانی عەرەبن، هەست بەزەرووەرەتی پاراستنی کورد، دووەمین نەتەوەی وڵاتەکەم دەکەم، کە هاوبەشن لە نیشتمانی عێراقدا، وەک چۆن پاراستنی کەمینەکانی تر، تورکمان و کلدان و ئێزدی و سابیئە و پێکهاتەکانی تر زەرووره. ئەم هەڵوێستەش نە خێرە و نە مەراییە، بگرە کاکڵەی هەڵوێستی مرۆڤانی سروشتییە و هەستکردنە بەدادپەروەری و یەکسانی و ئادەمیزادبوون کە خەڵاتی خوایە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. ئەڵبەت ئەرکی کەمینەکانیشە ڕێز لە مافی زۆرینەکان بگرن بەگوێرەی بنەواکانی هاووڵاتیبوون و کێبەرکێی شەریفانە و بنەواکانی گەمەی دیموکراسی و بەڵێننامەکانی مافەیلی مرۆڤ.

بۆیە، بیرۆکەی جزیەدان و شتی تر، بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بەزەبری شۆڕش، ئەسڵەن بیانوویەکیان نەماوە، بگرە ئێستێ ملیۆنان موسڵمان وا لە ڕۆئاوای مەسیحی دەژین و هاوکاری و پشتیوانی دەکرێن و ئازادن دوای ئەوەی وڵاتی خۆیان بەهۆی سەرکوتی سیاسی، نەتەوەی یان مەزەبییەوە جێ هێشتووە. دیسان، پێشڤەچوونی ئافرەتان لە سایەی پێشکەوتنی ناودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتییەکان و پرسی یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاواندا، پرسێکی گرینگە لەناو ئەو پێشکەوتنەدا کە پێویستە لەسەر موسڵمانان، نەخاسمە بڕوادارانیان، لە بەرچاوی بگرن تا لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا خۆ بگونجێنن، تا ئەو شکۆمەندییەی بپارێزن کە خوا بەمرۆڤەیلی ڕەوا بینیووە بەژن و پیاوەوە.

ڕەنگە ئەمە کاری زانایان و ڕۆشنبیران بێ تا زەوینەی خوێندنەوەیەکی تازەی مێژوو ساز بکەن کە لەگەڵ گیانی سەردەم و پێشڤەچوونی زانستی و تەکنەلۆجی و ئەو یەکسانی و پێوەرگەلە مرۆڤانیانەدا بێتەوە کە بۆ هەر دەوڵەتێکی هاوسەردەم پێویستن. هەر دەبێ گفتوگۆی فرەوان ڕێک

بخرێن لە ئاستی دەستەبژێری هزری و رۆشنبیری و سیاسیی ناو دەسەڵات و دەرەوەی، هەروەها لەناو کەرتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدامەزراوە ئاینییەکانەوە، تا جەخت لەسەر بنەواکانی یەکسانی و نەبوونی جیاکاری لە بەردەم یاسا و لە واری ژیاندا بکرێتەوە، وەک پێشدەستییەک بۆ چەسپاندنی نەریتەکانی رێزگرتن لە رای ئەوی تر، بەرەو چاکسازیی گوتاری ئاینی و گەران بەدوای برێک بنەوای هاوبەشی مرۆڤانی بۆ هەموو مرۆڤەیل و خستنە ناو چوارچێوەی دەستوور پاش ئەوەی وەک چەمک و مافگەل کۆمەڵگە پەسەندیان دەکات، تا گەڵاڵە دەبن و دەبنە بنەوا و دەقەیلێکی یاسایی ناو دەستوورەکان و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ پاراستنیان لە رێی دامەزراوگەلێکی باوەرپێدراوەوە.

پەراوێز و سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- يعتبر البعض فرح أنطون أول مناضل عربي لحقوق الانسان بالمعنى الحديث للكلمة. فقد ترجم الى العربية لأول مرة "اعلان حقوق الانسان والمواطن" الذي صدر بعيد انتصار الثورة الفرنسية عام ١٧٨٩ وقد نشر أنطوان المقالة والترجمة في مصر عام ١٩٠١ في مجلة الجامعة، السنة الثالثة، ج٤، تشرين الثاني/نوفمبر.
أنظر: مجلة رواق عربي، اصدار مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، السنة الأولى، العدد٤، ١٩٩٦.

٢- قارن: مقدمة فرح أنطون لترجمة حقوق الانسان والمواطن بعنوان "حقوق الانسان لا يجوز أن يدوسها انسان"، مجلة رواق عربي، مصدر سابق.

٣- أنظر: أنطون، فرح، ابن رشد وفلسفته، دار الطليعة، بيروت، طبعة جديدة، ١٩٨١، ص ١٥٠.

٤- أنظر: عبداللطيف، د. كمال، التفكير في العلمانية، اعادة بناء المجال السياسي في الفكر العربي، اصدار أفريقيا الشرق، ط١، بيروت _ الدار البيضاء، ص٦٣ و ٨٣.
قارن: أنطون، فرح، ابن رشد وفلسفته، مصدر سابق، ص١٣٨ و١٤٧ و١٤٨ و ١٥١.

٥- أنظر: العروي، عبدالله، مفهوم الدولة، الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي، ١٩٨٢، ص ١٧٠.
قارن: شعبان، عبدالحسين، "العراق: الدستور والدولة، من الاحتلال الى الاحتلال"، بحث مقدم الى الندوة الخاصة بالاحتلال الأمريكي للعراق وتداعياته، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٨ _ ١١آذار/مارس، ٢٠٠٤.
قارن كذلك: شعبان، عبدالحسين، العراق: الدستور والدولة، من الاحتلال الى الاحتلال، كتاب تحت الطبع، ٢٠٠٥.

٦- ولد الكواكبي في مدينة حلب بسوريا، وعمل في الصحافة والتجارة وزاول المحاماة. سجن واضطهد وهاجر سوريا عام ١٩٠٠ الى عدد من البلدان العربية والأفريقية والهند والشرق الأقصى ثم استقر بمصر، التي توفي فيها عام ١٩٠٢ عن طريق دس السم له في فنجان القهوة، ودفن في القاهرة.

٧- أنظر: الكواكبي، عبدالرحمن، طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، طبعة جديدة، دار القرآن الكريم، بيروت، ١٩٧٣.

٨- شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولي، مصدر سابق، ص١١.

٩- أنظر: الكواكبي، عبدالرحمن، طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، مصدر سابق.

١٠- قارن: داغر، فيوليت، "كتابات نقدية من الفكر التنويري"، مجلة رواق عربي، العدد٤، ١٩٩٦، مصدر سابق.

١١- صدر من العروة الوثقى ١٨٨ عدداً فقط، خلال ثمانية أشهر، وكان العدد الأول قد صدر في ١٣ آذار/مارس ١٨٨٤، أما العدد الأخير فقد صدر في تشرين الأول/أكتوبر١٨٨٤ _ أنظر: عبداللطيف، د. كمال، التفكير العلماني، مصدر سابق، ص ٧٩.

١٢- سيد أحمد، د. رفعت، الدين والدولة والثورة، الدار الشرقية، القاهرة، ١٩٨٩، ص٤٤ _ ٤٧.

١٣- التميمي، عزام، الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق، ص ٢٣١.

١٤- قارن: محمد عبده، سجالات على صفحات مجلة الجامعة والمنار حول "مسألة الاضطهاد في الاسلام والمسيحية".

كذلك: فرح أنطون، وعبداللطيف، كمال، وموسى، سلامة، اشكالية النهضة، دار الفارابي، بيروت، ١٩٨٢، ص ٥٩ _ ٦٤.

كذلك: الجامعة، مجلة شهرية أسسها فرح أنطون في الأسكندرية عام ١٨٩٧ وصدرت لمدة ٧ سنوات، ، أما المنار فهي صحيفة صدرت بأشراف محمد رشيد رضا في ١٥ آذار/مارس ١٨٩٨ وتوقفت عام ١٩٣٥ بوفاة مؤسسها.

١٥- قارن علي، عبدالرازق، الاسلام وأصول الحكم، صدر عام ١٩٢٥.

أنظر: طبعة جديدة من تحقيق محمد عمارة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٢. وعلى رغم أهمية كتاب علي عبدالرازق فقد ظل تأثيره محدوداً بينما أصدر حسن البنا بعده بثلاث سنوات (١٩٢٨) كتابا تحول الى تيار سياسي للاخوان المسلمين وترك على الشارع العربي تأثيراً ومازال.

١٦- الكندي، هو أبو يوسف يعقوب بن اسحاق ويختلف المؤرخون حول تأريخ وفاته. ويعتبر أحد أبرز مؤسسي الفلسفة العربية. ويذهب حسين مروة الى ان المعتزلة سبقوه بنحو قرن. وقد ترجمت آثاره الى اللاتينية والعديد من اللغات، ولعل فلسفة الكندي هي انفصال عن الحركة الكلاوية المعتزلية وتحولها الى ظاهرة صوفية.

أنظر: عواد، جرجيس، يعقوب بن اسحاق الكندي، حياته وأثره، بغداد، ١٩٦٢، ص ١٣.

١٧- التميمي، عزام، الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق، ص ٢٣٠ ومابعدها.

١٨- أنظر: مروة، حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، مصدر سابق، ص ٧ _ ١٣.

١٩- أنظر: الأنفال: ٦.

٢٠- أنظر: ميثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، نيويورك، الطبعة العربية، آذار/مارس، ١٩٩٧.

٢١- أنظر: الأنفال: ٦١.

٢٢- أنظر: النساء: ٩٠.

٢٣- أنظر: يونس: ١٠٨.

٢٤: أنظر: الشورى: ١٥.

هه‌والنامه‌ی كتێب

# ئاخۆ دەکرێ شەریعەت پیادە بکرێ؟

جەمال بەننا

جەمال بەننا بیرمەندێکی ئیسلامیی میسرییە و برابچووکی حەسەن بەننا دامەزرێنەی کۆمەڵی ئیخوان موسلیمینە. لە ساڵی ١٩٢٠ لە مەحموودیە لەدایک بووە.

یەکەم کتێبی بە ناونیشانی "سێ کۆسپ لەسەر رێی گەیشتن بە شکۆمەندی" لە ساڵی ١٩٤٦ دەرکرد و دوای ئەو کتێبی "دیموکراسییەتێکی نوێ"ی دەرکرد و لە نووسین بەردەوام بوو تا ژمارەی کتێبەکانی لە ١٥٠ کتێب تێپەڕی.

بەننا چەندان بۆچوونی فیقهی هەیە کە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی زاناکاندا جیاوازە، لەوانە پێی وایە ژن بۆی هەیە ئیمامەتی نوێژ بۆ پیاوان بکا ئەگەر شارەزایی لە قورئاندا زیاتر بێ، هەروەها پێی وایە حیجاب لەسەر ئافرەت فەرز نییە و قورئان تەنیا لەسەر ژنانی پێغەمبەری فەرز کردووە. هەروەها پێی وایە گۆڕینی ئاین و چوونە سەر ئاینی جولەکایەتی و مەسیحیەت حوکمی کوشتنی نییە. هەروەها پێی وایە جگەرەکێشان رۆژوو ناشکێنێ. ئەم بۆچوونانەش بابەتی هەرا و مشتومڕێکی فراوان بوون لە ناوەندی ئاینی و رۆشنبیریی ناوچەکەدا.

جەمال بەننا لە لێکۆڵینەوەکانیدا، کە ئەم بابەتە یەکێکە لەوانە، جەخت لە کۆتاهێنان بە کولتووری باوی ئاینی لە بواری فیکر و فیقهدا، کە بە "سەلەفیەت" ناوی دەبات دەکات و تیۆریزە بۆ قۆناخێکی نوێ لە بیری ئیسلامی دەکا، کە تێیدا عەقڵ ئازاد بێ و پابەند نەبێ بەو تەفسیر و پێوەر و میکانیزمانەی زاناکانی ئیسلام لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچیدا دایان ناون و لەوە بەدوا دەرگەی ئیجتیهاد داخراوە و عەقڵی موسڵمان جگە لە جووینەوە و پێڕەوکردنی ئەو یاسا و رێسا و

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

تەفسیرانەی ئەو زانایانە دایان ناون نەیتوانیوە هیچ داهێنانێک بکات. ئەو پێی وایە ئیدی عەقڵی ئیسلامی سەردەمی سەلەفیەت بەجێ دێڵێ و پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێوە کە بە سەردەمی دوای سەلەفیەت (پۆست سەلەفیزم) ناوی دەبات، کە تێیدا عەقڵ دەگەڕێتەوە بۆ چاوگە رەسەن و بنەڕەتییەکەی ئاین، کە قورئانە و راستەوخۆ لەوەوە لە ئاین حاڵی دەبێ، نەک لەرێی کەلەپووری زانایانی پێشینەوە.

بۆ رەنگڕێژکردنی پایە سەرەکییەکانی ئەو قوتابخانە نوێیەش (کە بە قوتابخانەی نوێکردنەوە یان نوێکردنەوەی ئیسلامی ناوی دەبات) چەندان کتێبی لە بوارە جیاجیاکانی فیکری ئیسلامیدا داناوە.

لەوانە "المرأة المسلمة بين تحرير القرآن وتقييد الفقهاء، جواز إمامة المرأة الرجال، قضية الفقه الجديد، الإسلام والعقلانية، حرية الاعتقاد في الإسلام، ما بعد الإخوان المسلمين، نحو فقه جديد (٣ بەرگ)، العودة إلى القرآن، الربا، قضية الحرية في الإسلام، هل يمكن تطبيق الشريعة؟، الإسلام دين وأمة وليس دينًا ودولة، الإسلام وحرية الفكر، الجهاد، تفنيد دعوى حد الردة".

ئەم بابەتەی لە یەکێک پرسە جومگەییەکانی فیکری ئیسلامیی سیاسی دەدوێ، کە ئەویش پیادەکردنی شەریعەت (تطبيق الشريعە)یە، کە بناخەی فیکریی پرۆژەی ئەو تەوژمەیە و زۆر جار بە دروشمی (الاسلام هو الحل) گوزارشتی لێ دەکرێ.

ئەگەرچی هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئیسلامی سیاسی بە کردەوە شکستی هێناوە لەوەی بتوانێ وێنەیەکی نوێ و باشتر لە جیهانبینی و بیرکردنەوەی سیاسی بەرهەم بێنێ و رێگە لە رەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە بەرەو سیکیولاریزم بگرێ، بەڵام بەهاری عەرەبی دۆخێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە کە یەکێک لە دیارترین دەرکەوتەکانی هاتنە پێشەوەی حزب گرووپە ئیسلامییەکانە لەو وڵاتانەی رژێمەکانیان لە بەردەم شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا هەرەسیان هێنا، تونس و میسر و لیبیا.

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تونسدا، کە خاوەنی دێرینترین و رادیکالیترین سیستەمی عەلمانیی عەرەبی بوو، لە ٢٣ی سێپتەمبەری رابردوو حزبی نەهزەی تونسی لە کۆی ٢٧٠ کورسی ٩١ کورسی بەدەست هێنا و ئێستە سەرقاڵی پێکهێنانی حکوومەتە.

لە میسر پێشبینی دەکرێ لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٨ی ئەم مانگەدا (نۆڤەمبەری ٢٠١١) زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی گەلی میسر بەدەست بێنێ.

لە لیبیا مستەفا عەبدولجەلیل سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی لیبیا لە یەکەم وتاریدا لە رێوڕەسمی راگەیاندنی ئازادکردنی لیبیا لە دەسەڵاتی موعەمەر قەزافی لە کۆتاییی ئۆکتۆبەری رابردوو، سیمایەکی ئاینی بە دەسەڵاتی نوێ دا کاتێ لە ناوەڕاستی وتارەکەیدا سوژدەی

سوپاسگوزاری بۆ خوا برد، هەروەها ئاماژەی بەوە دا شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسادانانی لیبیا دەبێ.

هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن دەبێ خوێندنەوەی قووڵ بۆ چەمکەکانی ئەو بزاوتە، لەناویاندا "پیادەکردنی شەریعەت" و ئەو کێشە و مەترسییانەی لە مامەڵەکردنی سەرپێییانە و حەماسییانە لەگەڵ ئەو چەمکە دەکەونەوە، بکرێ.

ئەم نووسینەی جەمال بەننا یەکێکە لەو بابەتانەی شایستەی ئەوەیە بخوێنرێتەوە. وەرگێڕ

## زەحمەتییەکانی بەیاساکردنی شەریعەت

دروشمی پیادەکردنی شەریعەت یەکێکە لە دروشمە هەرە بەناوبانگەکان و گەورەترین کۆڵکەی هاوبەشی نێوان دەستە و گرووپە ئیسلامییە جیاوازەکانە، رەنگە لە مەودا یاخۆ چۆنیەتیی پیادەکردنەکەدا جیاواز بن، بەڵام هەموو کۆکن لەوەی هەر کەس نکوولی لێ بکا لە ئاین وەرگەڕاوە.

ئەو دەستە و گرووپانە پێیان وایە پیادەکردنی شەریعەت وەڵامدانەوەی خواستێکی جەماوەری و جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئیسلامییە و ئەو یاسایانەیش کە ئەو کارە رێک دەخەن، ئامادە کراون، ئەوە بوو چەندان لیژنە بەسەرۆکایەتیی دوکتۆر سوفی ئەبوتالیب لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەنوەر ساداتدا دەستی دایە (پرۆژەیەک بۆ بەیاساکردن (تقنین)ی شەریعەت)، بەڵام ریفعەت ئەلمەحجوبی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە نەیهێشت رووناکی ببینێ.

بەڵام وردبوونەوە و تێڕامان دەری دەخا بابەتەکە زۆر زەحمەتتر و ئاڵۆزترە لەوەی ئەوانە وێنای دەکەن و چەندان لە بەرچاوگرتن و هۆکار هەن کە پێویستە یەکلا بکرێنەوە پێش لەوەی پەنا بۆ ئەو کارە ببرێ، هەندێ لەو هۆکارانەیش سەختن، هەندێکی تریشیان وا دەکەن بەدیهێنانی پیادەکردنی شەریعەت لەم دۆخە ئارایەدا مەحاڵ یاخۆ نەزۆک بێ.

بە چاوگێڕان بە مێژوودا بۆمان دەردەکەوێ جگە لە ماوەی پێغەمبەر (د.خ) خۆی پیادەکردنی شەریعەت ئازاد بووە و ملکەچی چەندان ئیجتیهاد بووە و شێوەی "یاسا"ی وەرنەگرتووە تەنانەت کاتێکیش تورکیا "کۆواری ئەحکامی عەدلیە"ی دانا و تەنانەت دوای ئەوەیش محەمەد قەدری کتێبی "مرشد الحيران الى معرفة حقوق الانسان"ی دانا، کە ئەو دوو سەرچاوەیە دەقەکانی شەریعەتیان لە مادەگەلی یاساییدا داڕشت.

هەروەها مێژوو پێمان دەڵێ بیرۆکەی بەیاساکردنی شەریعەت بەجۆرێک لە جۆرەکان ختووکەی هەندێ لە خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسی داوە، بەڵام هەموویان لەوەدا شکستیان هێناوە.

یەکەمیان عومەر کوڕی عەبدولعەزیز بوو کە دەستی بە تۆمارکردنی سوننە کرد، مەبەستیشی

شتێک بوو زیاتر لەوەی مەترسی فەوتانی ئەو زانستەی هەبێ، وەک لە حەدیسەکەی ئەبی زەرعەدا کە روونی دەکاتەوە مەبەستی ناوبراو لە تۆمارکردنەکە ئەوە بوو ببێتە یاسایەک و خەڵکی پێوە پابەند بکا، بەڵام خەلافەتەکەی تەنیا دوو ساڵی خایاند. هەندێ نووسەر پێیان وایە پێش لەو وەلیدی کوڕی عەبدولەلیکیش ویستوویەتی ئەو کارە بکا و نامەی بۆ دادوەرەکان نووسیوە کار بە بۆچوونی خالیدی کوڕی ئەلکەلاعی بکەن، بەڵام ئەو هەوڵە لە بەردەم نەریتە فیقهییە باوەکاندا شکستی هێنا.

بەڵام لە هەمووان بەربڵاوتر و واتادارتر ئەو گفتوگۆیەیە کە لە نێوان ئێمام مالیکی کوڕی ئەنەس و ئەبوجەعفەری مەنسووردا رووی دا، وەک مالیک خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێ "کاتێ ئەبوجەعفەری مەنسوور حەجی کرد، بانگی کردم چوومە لای، قسەم لەگەڵ کرد، پرسیاری لێ کردم و وەڵامم دایەوە، گوتی من بەنیازم فەرمان بکەم چەند دانەیەک لەم کتێبەی داتناوە مەبەستی (موطأ) بوو وێنە بگریتەوە و هەریەکەیان بۆ ناوچەیەک لە ناوچەکانی موسڵمانان بنێرم و فەرمانیان پێ بکەم کار بەوە بکەن و لێی لانەدەن بۆ شتی تر و واز لە هەر شتێکی تر لەو زانستە داهێنراوە بێنن، لەبەرئەوەی من دەبینم بنچینەی زانست (ی شەرعی) ریوایەت و زانستی خەڵکی مەدینەیە. منیش گوتم: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەوە مەکە، لەبەرئەوەی خەڵک پێشتر هەندێ گوتەیان پێ گەیشتووە، هەندێ حەدیسیان بیستووە و هەندێ ریوایەتیان گێڕاوەتەوە و هەریەکەیان لەو جیاوازییانەی لە نێوان هاوەڵانی پێغەمبەر و ئەوانی تردا هەبوون، شوێن ئەوانەی پێش خۆیان کەوتوون و کاریان پێ کردووە و ملکەچی بوون، هەر بۆیە بەر پێ گرتنیان ئەستەمە، وازیان لێ بێنە چۆنن و هەر وڵاتێک چییان هەڵبژاردووە با وا بمێننەوە..."، ئەویش گوتی "سوێند بێ ئەگەر بەگوێت بکردمایە، فەرمانم بەوە دەکرد".

ئیبن موقەفەع سەری سوڕما لەوەی حوکمەکان بەپێی شار (مصر)ەکان دەگۆڕێن، بۆیە لە کتێبی "رسالە الصحابە"دا دەنووسێ "لەو شتانەی لە کاروباری ئەم دوو شارەدا (کوفە و میسر) و باقیی میسر و ناوچەکانی تر فەرمانڕەوای ئیمانداران تێی دەڕوانێ، جیاوازیی ئەم حوکمە ناکۆکانەیە کە هەندێ جار ئاسەواری گەورە لە خوێن و دامێن وماڵەکاندا بەجێ دێڵێ، بەشێوەیەک خوێن و دامێن لە حیرە حەڵاڵ دەکرێن و لە کوفە حەرام دەکرێن، هەمان جیاوازی لە ناوجەرگەی کوفەیشدا بەدی دەکرێ و هەندێ شت کە لە ناوچەیەکیدا حەرامە لە ناوچەیەکی تریدا حەڵاڵ دەکرێ.. ئەگەر ئەمیری ئیمانداران فەرمان بکا ئەو باس و بابەتە لێک جیاوازانەی بۆ بەرز بکرێتەوە و لەگەڵیشیدا بەڵگەی هەر کۆمەڵێکیشی لە سوننە و قیاس بۆ بەرز بکرێتەوە، ئەنجا ئەمیری ئیمانداران سەیریان بکا و بەو شێوەیەی خوا ئیلهامی دەکا رای خۆی دەرببڕێ، جا پێداگری لەسەر بکا و قەدەخەی کارکردن بە غەیری ئەوە بکا و لەو رووەوە نووسراوێکی گشتگیر بنووسێ.. ئەوەیش ئیشەڵا ئیمامی ئاخرزەمان دەبێ".

بەڵام ئەم هەوڵەیش وەڵامی نەبوو.

تێبینی دەکرێ دەستپێشخەری لەم هەوڵانەدا لەلایەن حوکمڕان و یاریدەدەرەکانیانەوە بوون، ئەوەیش شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە، چونکە ئەو کارە جڵەوەکەی دەخستە دەستیان و دەسەڵاتی زیاتری پێ دەدا و بەرگی شەرعیەتی وەبەر دەسەڵاتەکەیانەوە دەکرد، یان رەنگە ئەو کەشوهەوا ئازادەی لەو کاتەی باو بووە سەری کێشابێ بۆ نائارامی و پشێوی و بێ سەروبەری لە دەرکردنی ئەحکامدا وەک ئیبن موقەفەع ئاماژەی پێ داوە، بۆ دەوڵەتیش ئەستەمە لە ئاست دۆخێکی وادا بێدەنگ بێ، هەر بۆیە حوکمڕانەکان زیاتر بەپەرۆش بوون بۆ تەقنینی شەریعەت، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، لەبەرئەوەی بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو کە ئەوان وێنایان دەکرد، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە شەرعزان (فقیە)ەکان ئەو هەوڵەیان رەت دەکردەوە کە دەسەڵاتی لەوان دەسەند و دەیدایە دەست دەوڵەت ئەگەرچی هەندێکیان وەک دادوەر لەناو دەوڵەتیشدا بوون، ئەویش چونکە لەو کاتەدا پشت بەو قازییانە نابەسترێ کە لە خزمەتی دەوڵەتدان، بگرە پشت بەو شەرعزانانە دەبەسترێ کە دانەری ئەو ئەحکامانەن قازییەکان کاریان پێ دەکەن.

ئەو ماوەیە قۆناخی کەوتنەسەر پێی فیقە و گەشانەوەی ئیجتیهاد بوو و ئاسان نەبوو سەرکوت یان لە قاڵب بدرێ، لەبەرئەوەی لە باوەڕی قووڵی شەرعزانەکان بە پەیام و رۆڵیان و ئەو راسپاردەیەی ئەرکی پاراستنیان پێ سپێردرابوو، سەرچاوەی گرتبوو.

لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر ئەو هەستە بوو کە لە قووڵایی ناخی کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئەو کاتەدا بە جەماوەر و شەرعزانەوە هەبوو، کە وای دەبینی حاڵەتی سرووشتیی شەریعەت ئەوەیە بسپێردرێ بە شەرعزان و نووسینگەکانیان و بە جەماوەر و هەست و شعووری خۆیان و پێوەندییەکان ئازاد و کراوە بن، دۆخێکی لەم شێوەیە دەبێتە مایەی گەشانەوەی فیقە و لەوێشەوە شەریعەت و ئاسۆ و تەکنیکەکانی دەکرێنەوە، هەروەها دەرفەت بە جەماوەر دەدا ئازادانە دەست بە رای ئەم یان ئەو شەرعزانەوە بگرێ، شوێن ئەم یان ئەو مەزەب بکەوێ، هەموو ئەمانەیش، چەندە فرە رەنگ بن، چوارچێوەی قورئان کۆیان دەکاتەوە و هەمووان بە "پاڵنەری قورئان" دەبزوون.

ئەوە قۆناخێکی مێژوویی ئازاد بوو کە هەموو جۆرە بەستنەوە و نوێکردنەوەیەکی رەت دەکردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی ئازادانە، بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ، هەنگاو بنێ، رێک وەک ئەو ئەسپە کێوییەی زین نەکراوە و لغاو نەخراوەتە دەمی و رازی نابێ کەس سواری پشتی ببێ.

ئاخۆ کۆمەڵگەیەکی کراوەی لەو شێوەیە کە شەرعزان و جەماوەرەکەی شانازی بەخۆیانەوە دەکەن و ئازادی بواری بۆ هەموو جیاوازییەکان کردووەتەوە، مل بۆ حوکمی دەوڵەتێکی مەرکەزی و

دەسەڵاتێک کە لە ڕێی یاساوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەمووواندا بسەپێنێ، کەچ دەکا.

بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیە نەیدەتوانی بمێنێ و بەردەوام بێ، لۆجیکی پەرەسەندن و ئەو بنەوایانەی کۆمەڵگەکانیان لەسەر دادەمەزرێ، ئەوەیان ڕەت دەکردەوە.

تەنانەت ئەگەر شەرعزانەکانیش کەمێک ملیان بدایە، هێشتا ئەو تەقنینە خوازراوە پێویستی دەکرد یان ئەوەتا مەزەبێک وەربگیرێ و ئەوانی تر بەلاوە بخرێن کە ئەوە لەلایەن شەرعزانەکانی مەزەبە فەرامۆشکراوەکانەوە پشتگیری ناکرێ، یان ئەوەتا تەقنینەکە بەشێوەیەکی ناوبگیری، پینەوپەڕۆیی (انتقائي/تلفيقي) بکرێ، ئەوەیش ئەستەمە، لەبەرئەوەی جیاوازیی نێوان مەزەبەکان جیاوازییەکی بناوانییە، واتە پێوەندییان بە بنەواکانی گەیشتن بە حوکمە شەرعییەکانەوە هەیە، ناوبگیری و پینەوپەڕۆییش ناکرێ، لەبەرئەوەی ناتەباییی بناواکان ڕێگرە لەوەی هەموو لە بۆتەیەکدا بتوێنەوە و جۆش بدرێن مەگەر بە بازدان بەسەر چوارچێوەی بەڵگەکانی حوکمگەل (ادلة الاحكام) کە لە ئوسوڵی فیقهدا جێگیر کراوە، بۆ ئامانجەکانی شەریعەت وەک چەمکی "بەرژەوەندی" لای توفی یان "مەقاسید" لای ئیمامی شاتبی، دیارە کە کۆمەڵگە ئەو کاتە و تا ئەم ساتەیش ڕێگەی نەداوە بەو قۆناخە بگەن.

دەسەڵاتداران، بەم شێوەیە، خۆیان لە بەردەم گێژاوێکدا دۆزییەوە کە ناتوانن بگەنە ڕێگەی مەبەست، دوای ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ ئەنجا توانییان ئەوە بکەن، وەک ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی کردی کاتێ مەزەبی حەنەفی کردە مەزەبی فەرمیی دەوڵەت و کۆواری ئەحکامی عەدلیەی دانا، یان کاتێ دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران مەزەبی جەعفەری کردە مەزەبی دەوڵەت، ئەمەیش دیارە پاش ماوەیەکی زۆر لە داخستنی دەرگەی ئیجتیهاد و دادانەوەی لاپەڕەی داهێنان و گەشانەوە و باڵادەستبوونی لاساییکردنەوە، کە ڕێگەی بە هەنگاوێکی لەو جۆرە دا.

یەکلاکردنەوەکەیش بە دەستپێشخەریی دەوڵەت بوو، لە حاڵەتی دەوڵەتە تورکییە عوسمانییەکەدا بەبێ ململانە ڕووی دا، لەبەرئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەک داهێزرابوو ئومێدی سەرهەڵدانی هیچ بەرەنگارییەک بۆ ئەو پرۆژەیە نەمابوو، بەڵام لە ئێران دوای شەڕێکی قورس لە دژی مەزەبە سوننییەکان هاتە دی، کە بە ڕووبار خوێنی تێدا ڕژا.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، دەستێوەردانی دەسەڵات بۆ پیادەکردنی شەریعەت، تەنانەت ئەگەر لە پیاوانی شەرعزانیش لە ریزی دەسەڵاتدا بن، بووەتە مایەی گەناندنی هەموو شتێک و لە دەستدانی ڕوحی شەریعەت، چەندە گەرەنتیش بدرێ ئەوە دەسەڵات بەم یان بەو شێوە پێچ بە دەوری ئەو گەرەنتییانەدا لێ دەدا، سڕیان دەکا و سەرەنجام لە کۆتایدا هەموو شتەکان دێنەوە سەر "پاڵنەری سوڵتان".

بگرە ڕوانینی خەڵک بۆ شەریعەتیش دەگۆڕێ، لە کاتێکدا پێشتر گەورەترین هۆکار بۆ بەگەڕخستنی شەریعەت باوەڕ بوو، ئەو هۆکارە دەگۆڕێ بۆ "ملکەچی"، ئای چ جیاوازییەکی

گەورەیش لە نێوان شیرینیی باوەڕ و تاڵیی ملکەچکردندا هەیە. وردە وردە شەریعەت پیرۆزی و گەرمی و ئەو هەستەی کە شەریعەت هی خوا و پێغەمبەر و یارانی و وەچەکانی شەرعزانەکان و ئەو زانایانەی بە ئیلهامی باوەڕ و دڵسۆز و نێزیکبوونەوە لە خوا کاریان دەکرد، لەدەست دەدا و دەبێتە یاسایەکی رەقوتەق کە دەوڵەت دەری دەکا و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی دەکا.

ئاخۆ ئەوانەی بانگەشە بۆ پیادەکردنی شەریعەت دەکەن، بیریان لەم شیمانە و پەرەسەندنانە کردووەتەوە کە لە ئەنجامی ئەو کارەدا دێنە پێش؟

دوکتۆر رەزوان ئەلسەید دەڵێ "بەکورتی دروشمی پیادەکردنی شەریعەت ئەنجامگەلێکی لێ دەکەوێتەوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن ناکۆکە، لەبەرئەوەی دەبێ فیقە لە وێنەی دەقێکی یاساییدا تۆمار بکرێ، ئەوەیش لە پێگەی شەریعەت و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی دادەبەزێنێ کاتێ دەیخاتە شوێنی یاسایەکی سەرکوتکەر، هەروەها دەسەڵاتگەلێکی نوێ بە دەوڵەت دەدا کە کۆمەڵگەی مێژوویی ئێمە لێی سەندووەتەوە، بەوە دەسەڵاتێکی تری سەرکوتکەرانەی دەداتێ، ئەوەیش ناکۆکە لەگەڵ ئەزموونی مێژوویی ئومەت کە لەسەر بیرۆکەی کۆمەڵ (الجماعة) دامەزراوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە پەرت دەکا و لە کۆتاییدا سیستەمێکی بەهاییی نوێ دێنێتە کایە کە لەگەڵ پێداویستییەکانی دەوڵەتی ناسیونالیستی خاوەن مۆرکی هەرێمایەتی بگونجێ".

## هەر شتێک شەریعەت هێنابێتی قابیل بە هەموارکردنە

سەیر لەوەدایە ئەم بابەتە (هەموارکردن) لە کاتێکی زۆر زووی مێژووی شەریعەتدا سەری هەڵدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا کە هێشتا پازدە ساڵێک بەسەر مردنی پێغەمبەردا تێپەڕی کردبوو و پێ ناچێ ئەو ماوەیە ئەوەندە بێ پێویست بە "هەموارکردن"ی دەقی قورئانی بکا و پەرەسەندن ئەو هەموارکردنەی دەق ناسەپێنێ، بەڵام ئەمە رێک ئەوە بوو کە رووی دا و بووە مایەی ئیجتیهادەکانی عومەری کوڕی خەتاب کە تا ئێستەیش لکێکە لە قورگی شەرعزانەکاندا و لە بەرامبەریدا تەنیا ئەوە دەڵێن و دەڵێنەوە "ئاخۆ ئێمە وەک عومەری کوڕی خەتابین؟ ئێمە لە کوێ و عومەر لە کوێ؟".

لە ئایەتی ژمارە ٦٠ی سوورەتی تەوبەدا کە باسی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانە دەکا زەکاتیان پێ دەدرێ، ئاماژە بەوە دراوە دڵراگیراوان (المؤلفە قلوبهم) بەشیان هەیە (ئەو کەسانەن بۆ بەستنەوەیان بە ئاینەکەوە لە زەکات پشکیان هەیە)، ئەوانیش سەرۆک هۆزەکان بوون کە پێغەمبەر لە زەکات بەشی دەدان تا دڵیان گرێ بدا بە ئاینەکەوە، دوای ئەو ئەبوبەکریش ئەو بەشەی دەدانێ، بەڵام کاتێ عومەر هات پەرەسەندن کاری خۆی کرد و ئەو بەشە لە زەکاتی بۆ خەرج نەکردن، لەبەرئەوەی ئیسلام باسکی ئەستوور و دەسەڵاتی جێگیر بووبوو، هەر بۆیە عومەر بێبەشی کردن

لەو پشکەی بە دەقی قورئان بۆیان بڕابوویەوە، ئەوەیش بەو مانایە نییە عومەر دەقێکی قورئانی پووچەڵ یان بەتاڵ کردووەتەوە، بەڵام ئەو سەیری هۆ (عیللە)ی دەقەکەی کرد نەک ڕواڵەتی دەقەکە و پێی وابوو تەرخانکردنی پشکێک لە داهاتی زەکات بۆ دڵڕاگیراوان پێوەست بووە بە بارودۆخێکی سەردەمیی تایبەتەوە، کە ئەوەی خواستووە.

عومەر هەروەها ئیجتیهادی کرد و لەساڵی ڕەمادە (برسێتی)دا حوکمی دەستبڕینی دزی ڕاگرت، لەبەرئەوەی دەیزانی ڕەنگە برسێتی مرۆڤ ناچاری دزیکردن بکا، ئەوەیش ئەو گومانەیە کە بەهۆیەوە دەکرێ حەد جێبەجێ نەکرێ. هەرچی دابەشنەکردنی زەوییەکان بوو بەسەر شەڕوانانی فەتحدا، سەرەداوێکی ڕەوایی لە ئایەتی:

"وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ* وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ وَلا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلاًّ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ" لحشر: ٩ـ١٠)دا بۆ دۆزییەوە.

ئێمە پێمان وایە ئەوەی عومەر کردوویەتی نێزیکترە لە ڕاستی نەک ئەوەی دەڵێ عومەری کوڕی خەتاب دەقێکی پەک خستووە یان ڕای گرتووە، کە ئەنجامی کردەنیی هەردووکیان یەک شتە، ئەویش جێبەجێ نەکردنە.

شەرعزانەکان بە دوای هۆیەکی "شەرعی"دا دەگەڕێن بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردن، دەشیدۆزنەوە، ئێمەیش هەمان شت دەڵێین، بەڵام بە دەربڕینێکی جیاواز، پەرەسەندنی ژیان هۆیەکی شەرعیی گشتیتر و بەهێزتر لە شەرعیەتدا دێنێتە کایە لەوەی شەرعزانەکان لە ڕێسا فیقهییەکاندا دۆزییانەوە، چونکە ئەوەی ئێمە ئاماژەی پێ دەدەین برێتییە لەوەی دەقێک لە دەقەکانی شەریعەت لە توانایدا نابێ ئامانج لە هاتنی، کە بەدیهێنانی دادپەروەرییە، بەدی بێنێ.

کاتێ یاساکانی زەواج و تەڵاق و میرات دانران، کار بە سیستەمی کۆیلایەتی و جزیە کرا و قورئان تاڵانی شەڕەکانی دابەش کرد، هەموو ئەمانە لە تەواوی دنیادا کاریان پێ دەکرا، ئەوە حوکمی سەردەم بوو، ئەرستۆ پاڵپشتی لە کۆیلایەتی دەکرد، تەنانەت مارکس بە قۆناخێکی پێشکەوتووتر لە قۆناخی پێشتری دادەنا، ئیسلام نەیدەتوانی کۆمەڵگە قلپ بکاتەوە و ئەو دۆخەی تێیدا دەژیا لە ریشەوە هەڵتەکێنێ و دۆخگەلێکی تەواو نوێ بێنێتە کایە با ئەو نوێیە لە کۆنەکە باشتریش بێ.

خوای گەورە کۆمەڵێ یاسا و بنەوای بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان داناوە، نەدەکرا بۆ نموونە کۆیلەکان ئازاد بکرێن چونکە ئەگەرچی ستەم و نامرۆڤایەتیش لەو سیستەمەدا هەیە، بەڵام ڕۆڵێکی بنجییان لە بەرهەمهێناندا هەبوو کە نەدەکرا دەستبەرداریان بن. لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی "ویلبەر فۆرس" لە ئینگلتەرا و "لنکۆلن" لە ئەمەریکا بۆ ئازاکردنی کۆیلەکان دایان، بەڵام

کۆیلەکان ئازاد نەبوون، تەنیا ئەو کاتە ئازاد بوون کە ئامێری هەڵمی سەری هەڵدا و وای کرد کاری کۆیلە لەبری ئەوەی وەک پێشتر دەسکەوت بێ، ببێتە بارگرانییەک بۆ خاوەنەکەی، بۆیە پێویست بوو لە کۆڵ بکرێنەوە، ئەوەیش بە ئازادکردنیان بەدی دەهات. ئەمە نموونەیەکە لەسەر شێوەی کارکردنی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی بەشەری.

ئەو ئەحکامانەی قورئان لەبارەی چەندان وێنەی حاڵەتی مێژوویی کە لەو سەردەمەی کۆمەڵگەی بەشەریدا هەبوون و دانیان پێدا نراوە، هاتوون، وەک تالانی و جزیە، ناچێتە عەقڵی کەسەوە ئەمڕۆ جێبەجێ بکرێن، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە، کە بریتییە لەوەی ئێستە شەڕ لەلایەن سوپاگەلێکەوە دەکرێ مووچەی مانگانەی خۆی لەلایەن دەوڵەتەوە پێ دەدرێ و تاکانە سەرچاوەی رزقی سەربازەکان تالانیی شەڕ نییە، هەروەها لەبەرئەوەی جزیە وەرگرتن وێنەیەک بووە لە وێنەکانی دوژمنایەتیی قووڵی دەوڵەتەکان بۆ یەکتر، ئەوەیش بابەتێکە لە سەردەمی نوێدا جێگەی نابێتەوە و هاوولاتیبوون جێگەی جزیەی گرتووەتەوە.

کەواتە هەموو ئەوەی لەبارەی شەریعەتەوە (مەبەستی حوکمەکانی هەڵسوکەوت و رەفتار و مامەڵەی کۆمەڵایەتیی کەسەکانە-وەرگێڕ) لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە وەک دەقەکانی تایبەت بە عەقیدە سروشتێکی پیرۆزیان نییە، بگرە ملکەچی رەگەزێکی گرینگن، ئەویش بەردەوامیی حوکمەکانە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لە پێناویاندا هاتوون کە "دادپەروەری"یە، جا ئەگەر پەرەسەندن ئەو ئەحکامەی تێ پەڕاند و نەیانتوانی دادپەوەری بێننە دی، ئەو کاتە پێویستە هەموار بکرێن، لەبەرئەوەی دادپەروەری روحی شەریعەتە، بۆیە لە راستیدا کاراکردنی دەق بریتییە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

یاسایەکی لۆجیکی و عەقڵیی گشتیتر و گشتگیرتریش هەیە دەڵێ "ئەوەی پێوەندی بە وردەکارییەکانی کاروبارە دنیاییەکانەوە هەبێ ناکرێ هەڵگری سیفەتی بەردەوامی و پیرۆزی بێ، یان تاهەتایە بێتە جێبەجێکردن، چونکە ئەوە پێچەوانەی سروشتی شتەکان و یاساکانی سروشتە"، رەنگە تێبینی ئەوەیش بکەین کە قورئان لە حەرام و حەڵاڵکردندا باسی لە وردەکاری نەکردووە، لەبەرئەوەی کارێکی لەو جۆرە لەگەڵ خەسڵەتێکی تایبەتیی قورئاندا ناکۆک دەبێ، کە بریتییە لەوەی ئەوەی قورئان دەیڵێ سیفەتی هەمیشەیی نییە، ئەوەیش لە وردەکاریدا نایەتە دی.

سەرچاوە: سایتی نووسەر: http://www.islamiccall.org

# جۆرج تەرابیشی

سەمیر ئەبوزەید



جۆرج تەرابیشی (١٩٣٩ز)، بیرمەند و وەرگێڕی سووری، بەرگری لە ئیسلامی ژیاری و عەلمانییەتی ئیسلام دەکات، بەپرۆژەی ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی ناسراوە.

## ژیانی

جۆرج تەرابیشی لە شاری حەلەبدا هاتووەتە دنیاوە، بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبیدا بەدەست هێناوە، پاشان پلەی ماستەر لە پەروەردە لە زانکۆی دیمەشق. وەکو بەڕێوەبەری ئیستگەی دیمەشق (١٩٦٣ – ١٩٦٤) کاری کردووە، هەروەها سەرنووسیاری کۆواری "دراسات عربیە" (١٩٧٢ – ١٩٨٤) بووە، ئینجا سەرنووسیاری کۆواری "الوحدە" (١٩٨٤–١٩٨٩).

..............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

## بەرهەمە هزرییەکانی

بەرهەمە هزرییەکانی جۆرج تەرابیشی بەوە دەناسرێنەوە، کە هەمەڕەوتن لە نێوان وەرگێڕانی کارەکانی فرۆید و هیگڵ و سارتەر و پرهێ و گارۆدی و ئەوانی تر، هەروەها دانان لە بیری ڕاپەڕینی عەرەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ڕۆمانی عەرەبی.

کەرەستەکانی دەروونشیکاری بەسەر ڕەخنە لە ڕۆماندا و ڕەخنە لە ڕۆشنبیریی عەرەبی پێڕەو کردووە. ڕووی کردە توێژینەوە لە کولتوور و ئینسکلۆپیدیاکەی "ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی"ی بەرهەم هێنا، کە پێک هاتووە لە خوێندنەوە و پێداچوونەوەی گشت کولتووری فەلسەفەی یۆنانی و ئەوروپایی، هەروەها بۆ کولتووری عەرەبیی ئیسلامیی فەلسەفی. لە پێشەکیی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ جریدة الشرق الاوسط "ینایەری ٢٠٠٨"دا هاتووە:




" بۆ قسەکردن لەبارەی توێژەر و بیریاری سووری جۆرج تەرابیشییەوە، پێویستە لەسەرمان لە بەرابەر دەسکەوتە هزرییە گەورەکانی هەڵوێستە بکەین. لەبەرئەوەی وێڕای وەرگێڕانی بەرهەمی گەورە هزرمەند و فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکانی وەک: هیگڵ و فرۆید و سارتەر و سیمۆن دۆ بۆڤوار، کە ٢٠٠ کتێبیان تێپەڕاندوون، تەرابیشی ژمارەیەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە بوارەکانی هزر و فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەنجام داوە، بەرچاوترینیان:

"الماركسية والمسالة القومية"، "المرض بالغرب"، "هرطقات عن الديمقراطية والعلمانية والحداثة والممانعة العربية"، "الله في رحلة نجيب محفوظ الرمزية"، "شرق وغرب رجولة وانوية – دراسة في ازمة الجنس والحضارة في الرواية العربية".

کەچی ئینجاش بەرچاوترین پرۆژەی هزریی، کە جۆرج تەرابیشی ڕووبەڕووی وەستایەوە، لە میانەی کارە ئینسکلۆپیدییەکەیەوە بوو "نقد نقد العقل العربي"، کە توێژەری سووری عەبدولڕەزاق عید بەیەکێک لەو سێ ئینسکلۆپیدیە هزرییە گرینگانەی دادەنێت، کە باس لە کولتووری هزری عەرەبی – ئیسلامی لە سەدەی بیستدا دەکەن.

لێرەدا ئاماژەکە بۆ ئینسکلۆپیدیای بیریاری میسری ئەحمەد ئەمینە سەبارەت بە"فجر وضحى وظهر الاسلام" و ئینسکلۆپیدیای هزرمەندی مەغربی محەمەد عابد ئەلجابرییە "نقد العقل العربي".

تەرابیشی بەدرێژاییی ٢٠ ساڵ (کە تەمەنی پرۆژەکەیەتی)، کۆشا بەرپەرچی پرۆژەکەی جابری، لە میانەی سەرلەنوێ خوێندنەوەی کولتووری عەرەبی و دواتر مەزراندنی (توظيف) لە شەڕی مۆدێرنیزمدا بەڕووی بانگەشەکەرانی کۆنەخوازیدا بداتەوە.

## ڕەوتە هزرییەکەی

بەگشتی ڕەوتی هزری جۆرج تەرابیشی بۆ دوو قۆناخی سەرەکی دابەش دەبێت، هەر یەکە و ڕێڕەوی تایبەتیی خۆی هەبوو. لە قۆناخی یەکەمدا ئایدیۆلۆیا نوێکانی ڕۆئاوای لەخۆ گرتبوو هەر لە مارکسیزمەوە تا ناسیۆنالیزم، لەگەڵ دابڕانێکی تەواو لەگەڵ کولتووردا. لە دووەمیاندا بەگشتی ڕووی لە کولتوور و ڕەخنە و بەتایبەتیش لە کارەکانی جابری "نقد العقل العربی – ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی" کرد.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الحیاة ینایەری ٢٠٠٦)دا دەڵێت:

"دەبێ لە سەرەتاوە دان بەوەدا بنێم، ئەو نەوەیەی سەر بەوم و بەدوای دوو نەوەی ڕاپەڕینخوازدا هات و ناومان نا نەوەی شۆڕش، بەدابڕینێکی تەواوە لەگەڵ کولتووردا ژیا و ئێمەش لەگەڵیدا ژیاین. هزر و بیر و بنیاتی زهنیمان بەیەکجا ڕوویان لە ئایدیۆلۆجیای نوێی ڕۆئاوایی کرد، کە سەرلەبەریان لەسەر دەستی ئێمە بۆ کتێبە پیرۆزەکان گۆڕان، جا ئیتر مارکسی بێت یا نەتەوەخوازی یا سۆشیالیستی یا یەکتاخوازی.

دابڕانێکی تەواومان لەگەڵ کولتووردا بردەسەر، وامان تەماشا دەکرد جگە لە کتێبێلێکی زەرد پتر هیچی تر نییە. دوای ئەوە لە بەرابەر سەرنەکەوتنی پرۆژەکەمان "نوێخوازی" و شکستهێنانی، لە بەرابەر هەرەسی "شۆڕشەکەمان"، کە سەرنەکەوت بەسووتاندنی ئێمە و خۆی نەبێت، پاشان لە بەرابەر کەوتنی دەنگدەرەوەی ئایدیۆلۆجیاکاندا کە ڕاستیی ئەو ئابڕووچوونەمان بۆ دەرکەوت، درێژەی بەمارکسیزم دا لە ڕێگەی حوکمکردن بەناوەکەیەوە، کە سێ سەدەی خایاند، گۆڕانێکی بناخەیی ڕووی دا، بەتایبەت گشت ئەمانە لە دوای شکستەکەی ساڵی ١٩٦٧ەوە هات، پاشان درێژبوونەوەی بیری توندڕەوی و توندوتیژی بەناوی ئیسلامەوە.

هەموو ئەمانە وایان لێ کردین، یاخۆ بەلای کەمەوە وای لە خۆم کرد بەپاشخانی ڕۆشنبیریمدا بچمەوە، تا ئەو دابڕانەی لە نێوان من و کولتووردا هەیە بدۆزمەوە.

ئەم دابڕانەم وا هاتە بەرچاو زۆر لەوە گەورەترە، کاتێک شەڕی لبنان ناچاری ڕاکردن و کۆچکردنی کردم بۆ پاریس، بەتایبەت لەو کوشتارە تایفەییەی لبنان، کە ئەو کات تێیدا دەژیام.

لە بەرابەر گشت ئەمانەدا کارلێککردن لای من ڕووی دەدا و دوور لە بۆچوونی من لە پێوەندیم بەکولتوورەوە، تێیدا ئەلتەرناتیڤی نیشتمانم دۆزییەوە، کە جێم هێشتبوو. ئا لێرەوە بایەخی من بەپرۆژەکەی بیریاری مەغربی محەمەد عابد ئەلجابری دەستی پێ کرد، کە یەکەمین کەس بوو بیرۆکەی ڕەخنەی لە ئاوەزی عەرەبی خستە ڕوو، حەزی دەکرد لە ڕەخنەکەیدا بەپشتبەستن بەمیتۆدە نوێیەکان ببێتە ئەپستمۆلۆجی، یەکەمین جار دژ بەو پرۆژەیەی لەسەری ژیام. وەلێ

گەشتی سەرسامبوونم بەئەلجابری زۆر درێژەی نەکێشا....

هەر زوو هەستم کرد ئەم بیریارە ناونیشانەکەی پێکاوە، بەڵام ئامانجەکەی نەپێکاوە. واتا ئەو پرۆسەی ڕەخنەیەی بڕوامان پێی بوو ئەنجامی نەدا. بگرە دەستی بەسەر پرۆسەی ڕەخنەدا گرت، لە کاتێکدا زۆر ئاتاجی بووین. لە بەرابەردا لێرە لە ڕۆئاوادا، زانییان ئەم ڕۆئاوایە هێندەی ڕەخنەی لە خۆی گرتووە هێندە خۆی دەرنەخستووە. ئاوەزی ڕۆئاوایی ئەو کاتی ڕەخنەی لە خۆی گرت سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بووە ژیارێکی جیهانی.

هەرچی ئێمەین، کە پاشخانێکمان هەیە و بایەخ یا قەوارەی لە پاشخانی ڕۆئاوایی کەمتر نییە، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین دەست بەکاری نوێگەری بکەین و بگەینە ڕاپەڕینی خوازراو ئەگەر بەهەمان پرۆسەی ڕەخنەییدا نەڕۆین، وەک ئەوەی ڕۆئاوا پێیدا تێپەڕ بوو. ناتوانین شەڕی تازەگەری ئەنجام بدەین، لە کاتێکدا لە ڕەخنەی ڕاستەقینە ڕووت بووینەتەوە".

ئەم وەرچەرخانانەی هزری تەرابیشیی پێدا تێپەڕ بووە پرۆسەی "گۆڕانکاری" نانوێنێت بۆ بۆچوونی دیارکراو لە شوێن یەکێکی تر، بگرە پرۆسەی ڕەخنە لەخۆگرتنی بەردەوام و کەڵەکەبوون و سەرلەنوێ بنیاتنانەوە دەنوێنێت.

"ئەم کاروانە لە گۆڕانکاریی بەردەوام مانای ئەوە نییە سەرجەم ئەوانەی تێپەڕێنراون ڕەت بکرێنەوە، بگرە بەپێچەوانەوە، لەمیانەی مێژوو و گۆڕان و پاککردنەوی حیساب پرۆسەی کەڵەکەبوون و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەش ڕوو دەدات. ئەگەرچی قۆناخەکانی نەتەوەپەرستی و بوونگەرایی و مارکسیزم و شیکردنەوەی دەروونیمی تێپەڕاند، ئەمەش مانای وا نییە من ئەم وێستگانەم بەڕەگەزێلێک هێشتا ڕۆڵی خۆیان لە ڕەوتی هزریمدا دەگێڕن، نەپاراستبێت. بەم شێوەیە ئەمڕۆ دەتوانم سوود لە سەرجەم شارەزاییە پێشینەکانم ببینم، تاکو گەشە بەدیدی ئاوێتە و قووڵی ئەو واقیعەی تێیدا دەژین بدەم، کە وەرچەرخانێکی نوێ لە ڕەوتی جیهانی عەرەبی دەگەیەنێت، لە میانەی هەڵقولانی دیاردەی فەندەمێنتاڵیی کە ئەمڕۆ شەپۆلەکەی بەهێزە و هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ گۆڕانی هزریم لە ڕەخنە لە ڕۆمانەوە بۆ ڕەخنە لە کولتووری عەرەبیی ئیسلامی، وەکو چۆن لە پرۆژەی "نقد نقد العقل العربي"دا بەدەرکەوت، کە تاکو ئێستاش ڕەهەندێکی ئینسکلۆپیدی وەرگرتووە، کە من خۆم وای بۆ نەدەچووم، هەینێ بەر لە پتر لە ٢٠ ساڵ دەستم پێ کرد".




(گفتوگۆی الشرق الاوسط، ٢٣ی ینایەری ٢٠٠٨)

## پرۆژەی فەلسەفی

پرۆژەی فەلسەفی لای جۆرج تەرابیشی سێ لایەنی هەیە. لایەنی یەکەم کار لەسەر گواستنەوە و وەرگێڕانی سەرچاوەکانی هزری نوێ و هاوچەرخی رۆئاوا بۆ عەرەبی دەکات.

دووەمیشیان تایبەتە بەڕەخنە لە هزری عەرەبی، ئیسلامیی نوێ و هاوچەرخ.

هەرچی لایەنی سێیەمە ئەوە تەرخانە بۆ توێژینەوە لە کولتوور بەپشتبەستن بەجێبەجێکردنی ڕەخنەی فراوان بۆ پرۆژەکەی دوکتۆر محەمەد عابد ئەلجابری لەژێر ناونیشانی "ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی".

بەنیسبەت تەرابیشییەوە ئەو کارەی بەڕەخنە لێگرتنی هەڵدەستێت "ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی"، تەنیا بۆنەیەکە بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەڵوێستە فەلسەفییەکەی و قووڵبوونەوە لە توێژینەوە لە کولتوور. ئەمەش لە پێشەکیی کتێبەکەیدا "نقد نقد العقل العربي– العقل المستقيل في الاسلام"دا ڕوون دەکاتەوە.

"زیاد لە هاوەڵ و خوێنەرێک سەرزەنشتی ئەوەیان کردم، کە خۆم خستووەتە تەڵەزگەوە (مازق)، کاتێک ئەم هەموو کاتەم (نێزیکەی پازدە ساڵ) و گشت تواناکانم (تا ئێستا چوار بەرگ) تەرخان کردوون بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەلجابری لە "نقد العقل العربي"، لەبری ئەوەی پرۆژەیەکی کەسێنیی خۆم بۆ خوێندنەوەی کولتووری عەرەبیی ئیسلامی ئەنجام بدەم. ئەم قسەیە ڕاستە و لە هەمان کاتدا ناڕاستیشە. ڕاستە مادامەکی گشت "پرۆژەکەم" (زۆر حەزم بەم وشە نەرگسییە نییە) لە ڕەخنە لە ڕەخنەدا قەتیس ما. وەلێ ئاخۆ بەکردەنی ئەوی کردم تەنیا ئەوەیە "بەرپەرچ"ی ئەلجابریم داوەتەوە؟

بڕوا ناکەم.. لە واقیعدا جابری بۆنەیەکی دامێ، خاڵی دەستپێکردن، بەڵام نەک وێستگەی گەیاندن. پرۆژەکەم ئەوەندە بوو کە پرۆژەی ڕەخنەی ڕەخنە بێت، تاکو ئەویش بگۆڕێت بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوە و هەڵکۆڵین و دامەزراندن. یاخۆ بەلای کەمەوە ئەمەم دەویست.

(العقل المستقيل في الاسلام ص٩).

## میتۆدی تەرابیشی

جۆرج تەرابیشی لە پرۆژە مەزنەکەیدا پشت بەدوو جۆر یا دوو ئاست لە میتۆد دەبەستێت.

یەکەمیان تایبەتە بەچارەسەرکردنی گرفتە هاوچەرخەکانی کێشەیلی ڕاپەڕین و تازەگەری، دووەمیش تایبەتە بەکێشەکانی کولتوور و پرۆژەی "نقد نقد العقل العربي".

هەرچی کێشە هاوچەرخەکانن ئەوا تەرابیشی میتۆدی دەروونشیکاری بەکار دەهێنێت لە پێناو ڕەخنە لە واقیعی هزری و ڕۆشنبیریی عەرەبی، لەم بارەیەوە دەڵێت:

"پێویستە لە هەر پێشەکییەکدا دوو هەڵوێستە بکەین: یەکیان لای میتۆدەکە، ئەوی تریشیان لای بابەتەکە. هەرچی میتۆدە (کە لێرەدا دەروونشیکارییە) کەم و زۆر لە لێکۆڵینەوەماندا سەبارەت بەڕۆمانی عەرەبی بەکارمان هێناوە. ئەم ئەرکەش ئاسان بوو، بەپێتییەکەشی تا ڕادەیەک مسۆگەر بوو.

ڕۆمانی عەرەبی پێشتر و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ڕەوتە بەرینەکەیدا ڕۆمانی ژیننامە بوو. ئێستاش دەروونشیکاری، کە لەگەڵ شیکاری خۆیی ڕووناکیی بینی و فرۆید خۆی خستە ژێریەوە، تا ئێستاش بەپلەی نایاب میتۆدێکە بۆ نووسینەوەی ژیننامە، یا سەرلەنوێ خوێندنەوەی.

بەڵام ئەو زەحمەتییەی لە کۆششماندا بۆ درێژکردنەوەی گوتاری هاوچەرخی عەرەبی لەسەر قەرەوێڵەی دەروونشیکاری ڕووبەڕوومان بووەوە، بینای بابەتیی ئەم گوتارە بوو، کە بەڕووکەش بێلایەنە لە خودی بەرهەمهێنەرەکانی، وێڕای ئەوەی بکەری کارەکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم گوتارەدا (واو)ی کۆمەڵە، نەک جێناوی منی قسەکەر. لەم پێشەکییەدا بواری ئەوەمان نییە درێژە بەقسە بدەین سەبارەت بەو چۆنییەتییەی وای لێ کردین (بەبۆچوونی خۆمان) زاڵبین بەسەر ئەم زەحمەتییەدا".

(المثقفون العرب والتراث: التحليل النفسي لعصاب جماعي، ص٩).

سەرەڕای ئەمانەش تەرابیشی پشت بەدووبارە لێکدانەوەی تێکستەکان دەبەستێت لەمیانەی تێگەیشتنییەوە لە چوارچێوەی مێژوویی و جێڕەوتە (سیاق) کۆمەڵایەتییەکەی.

"من تازەگەری وا ڕاڤە ناکەم کە دابڕانە، لەبەرئەوەی دابڕانی ئەپستمۆلۆجی شتێکە و دابڕان لە دەق شتێکی ترە، تازەگەرییش دابڕانێکی ئەپستمۆلۆجییە..

## ئەی دابڕانی ئەپستمۆلۆجی چییە؟

دەبێت لەسەر ئاستی دەقەکان و تێگەیشتنیان بێت، لەگەڵ سەرلەنوێ لێکدانەوەی، نەک پشتگوێ خستنی، ئێمە نەتەوەیەکی کولتوورین، هەر لە تەوقی سەرمانەوە تاکو نووکی پێمان کولتوورمان کراوەتە بەر، بۆیە ناتوانین بەڕووتکراوی لەم تێکستانە بچینە ناو تازەگەرییەوە، لەبەرئەوەی بۆ هەر یەکێک لە ئێمە دامەزراوە.

کەواتە بۆ ئەوەی بچینە تازەگەرییەوە پێویست ناکات لە تێکستەکان دابڕێین، بەڵام پێویستە لەسەرمان سەرلەنوێ لێکدانەوەیان بۆ بکەین و دەقەکان بەمێژوو و جێڕەوتەکەیەوە ببەستین و لەبەر ڕۆشنایی پێویستیی خۆمان لێیان تێ بگەین نەک وەک ئەوەی پێشینانمان لەبەر ڕووناکیی پێویستییەکانی خۆیان لێی گەیشتوون، وەکو چۆن دەگوترا: ئەوان پیاون و ئێمەش پیاوین".

(حوار اسلام اونلاين، يوليو ٢٠٠٨)

هەرچی مامەڵەکردنە لەگەڵ کولتووردا لە میانەی پرۆژەی "ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی"دا، ئەوا میتۆدی هەڵوەشانەوەگەرایی بەکار دەهێنرێت لە پێناو سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بەبنەما ئەپستمۆلۆجییەکانی تێکستی ئەلجابری، پاشان هەردوو میتۆدی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجی و ڕەخنەی مێژوویی لە پێناو گەیشتن بەبنەوا کولتووریی چەمک و ئەو گوتانەی لە دەقەکەدا هاتوون، ئینجا لە دواییدا میتۆدی دروستکردنەوە لە پێناو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەم چەمک و گوتانە بۆ وێنە ڕاستەقینەکانی خۆیان لەسەر بنەوای ئەنجامەکانی ڕەخنە.

## ئیسلامی ژیاری

ئەو هەڵوێستە فەلسەفییە بنەڕەتییەی جۆرج تەرابیشی لە قۆناخی هزریی دووەمیدا بەرگری لێ دەکات دەکرێت ناوی بنێین "ئیسلامی ژیاری". لەبەرئەوەی تەرابیشی لەگەڵ ئیسلام خۆیدا وەکو ئاین مامەڵە دەکات، هەروەها لەگەڵ کولتووری ئیسلامی (بەگشت لایەنە فیقهی و قسەکردن و فەلسەفی و زانستییەکانییەوە) بەو پێیەی هەردووکیان کولتووری خودی عەرەبین. هەروەها ئەو دیدە سەرەکییەیە کە لەم هەڵوێستەدا لێوەی دەست پێ دەکات بۆچوونیەتی لەسەر عەلمانییەتی ئیسلام.

ئیسلام پیرۆزکردنی تێدا نییە قورئانی پیرۆز نەبێت، هەموو ئەو پیادەکردنانەی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیی یەکەم، واتا بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، پیادەکردنی سکۆلاریزم (عەلمانییەت) بوو. نەک هەر ئەمە بگرە بۆ ئەم هەڵوێستەی پشت بەتێکستەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر و هەڵسوکەوتی موسڵمانانی بەرایی دەبەستێت.

ئەمەش تەواو بەڕوونی لە گفتوگۆ جۆراوجۆرەکانیدا دیار دەدات، کە تێیاندا ئەم هەڵوێستەی دەخاتە ڕوو، هەروەها لە شیکردنەوە قووڵەکانیشیدا بۆ کولتوور لە پرۆژەکەیدا "ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی". لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کۆواری عەرەبیی کوێتیدا (یۆنیۆی ١٩٨٨) بەرگری لەم هەڵوێستە دەکات:

"بەفیعلییش کێشەکە لەوەدایە ئەوە ئێمەین ڕێگە بەوی تر دەدەین بۆشاییی خود پڕ بکاتەوە هێندەی ئەوەی لەم خودەدا بۆشایی و کەلەبەر هەن، وا بزانم پێویست بەوە دەکات ئەم کەلێنانە پڕ بکرێنەوە، هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێت ئێمە وەکو نەتەوە کۆنترین و گەورەترین کولتوورمان هەیە لە نێوان نەتەوە و گەلانی دنیادا، تەنانەت کلتووری یۆنانییش لە دوور و نزیکەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ قەوارەی کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا، هیندیش بەو کولتوورە مەزنەی هەیەتی کەچی ئینجاش لەگەڵ قەوارەی کولتووری عەرەبیدا بەراورد ناکرێت، وێڕای ئەمەش ئێمە تاقە نەتەوەیەکین پەیمانگەیەکی عەرەبیی هاوبەشمان بۆ لێکۆڵینەوەی کولتووری نییە، بڕوام وایە پێویستیی ئەم پەیمانگەیە بەلای منەوە لە مەودای دووردا بایەخەکەی کەمتر نییە لە کۆمکاری

عەرەبی لەلایەن چالاکییەوە.

پێویستە لەگەڵ ئەم مێژووە کۆنەدا ئاشتبینەوە، لەبەرئەوەی ڕۆڵەی ئەم بەردەوامییە مێژووییەین، کە لە بەر لە ئیسلامەوە دەستی پێ کردووە، هەروەها ناتوانین لە ئیسلام بگەین بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ جاهلیەت (الجاهلیة) و پێش جاهلیەتیش، لەبەرئەوەی کولتوورێک هەیە یاریدەمان دەدات لە خۆمان بگەین.

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یارمەتیمان دەدات ناسنامەی خۆمان بناسین. ئێمە گەشەسەندووی ئەم ڕابردووەین، کە بۆ هەزارانساڵ بەر لە ئیسلام و دوای ئیسلامیش درێژ دەبێتەوە، ئەو گەلانەشی ڕابردوویان نییە، ڕابردوویەک بۆ خۆیان دادەهێنن.. ئالێرەدا دیسانەوە تێبینیی ئەوە دەکەین لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ڕابردوودا تەنانەت لە ڕابردووشمان داماڵراین و بەرەو ڕۆئاوا نامۆ کراین و هەر بەکردەنییش بڕوام وایە دۆزی ڕابردوو دۆزێکی بناخەیییە، بەڵام مەرجدارە بەخوێندنەوەیەکی نوێ، ئێمە ڕابردوومان دەوێت هاوچەرخمان بێت نەک ببینە هاوچەرخی ئەو، لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکەم ئەو خوێندنەوە تازەیەی پێدراوەکانی نوێگەری و میتۆدەکانی لێوەی دەست پێ دەکەن، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بەردەوامییە لەگەڵ ناسنامەی کولتووری دەتوانێت خود دەوڵەمەند بکات، بۆ ئەمە نموونەیەکی سادە بەئیبن خەلدوون دێنمەوە، کە بەدیدی من سەرچاوەی بابەتییە بۆ ژیاریی عەرەبیی ئیسلامی، کە گەورەترین کرداری ئەو ڕۆشنبیرییە بەرهەمی هێنابێت و بەهۆی میتۆدی تازەگەرییەوە دۆزرایەوە، دوای ئەوەی لە بوارەکەدا دوور خرایەوە و ژیا، هەروەها ئیبن ڕوشدیش.

دواتر لە هەمان گفتوگۆدا بەرەڤانی لە ژیاری عەرەبیی ئیسلامی و توانای لەسەر گرتنەخۆی ژیارەکانی تر دەکات.

"وەکو توێژەرێک لە لێکۆڵینەوە لەسەر کولتوور، دەگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی مێژوویی ئاوەزی عەرەبیی ئێستا، تێبینیی چی لەم ئەزموونە مێژووییە عەرەبییە ئیسلامییە دەکەین؟ وەستانەوە بەڕووی گۆڕان و وەڵامدانەوە هەرگیز ڕووبەڕووی ئاوەز نەبووەوە وەکو چۆن بەرەوڕووی ئاوەزی عەرەبیی ئیسلامی خۆی بووەوە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەم دەستەیەی یەکەم، کە لە ناوجەرگەی دوورگەکەوە دەرچوون، لە حیجاز و نەجدەوە و یەکسەر چوونە دەڤەرێکی کەڵەکەبووی ژیاریی وەک سووریا و میسر و عێراق و فارس، چی ڕووی دا؟ ڕووبەڕووی ژیارێل و ڕۆشنبیرییەکی دێرین و گەشەکردوو بوونەوە، لە کاتێکدا عەرەبە موسڵمانەکان لە چوونە پێشی یەکەمیاندا لەسەر هەمان ناسنامەی ڕۆشنبیری نەبوون.

ئاوەزی عەرەبیی بەرایی ڕووبەڕووی ئەم پێشبڕکێ ژیارییە گەورەریە بووەوە، ئەی چی ڕووی دا؟ گشت کولتووری ژیاریی نەتەوەکەی هەرس کرد و بووە خاڵی دەرپەڕین و ڕۆشنبیری و ژیارێکی نوێی داهێنا.

نموونەیەک لەسەر ئەمە دێنمەوە، دەزانین عەرەبی جاهلی لە دەریا دەترسان، تەنانەت دوای ئیسلامیش کاتێک عەمرۆ بن عاس ویستی بۆ سەربازە عەرەبەکان شارێک بنیات بنێت، ئەو کاتی

قاهیرەی گرت، عومەری کوڕی خەتاب پێی گوت لە کوێ پێت باشە لەوێ بنیاتی بنێ، بەڵام دەریا نەخەیتە نێوان خۆم و خۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کات عەرەب سامی لە دەریا دەکردەوە و مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکرد، کەچی ئینجاش لە ماوەی بیست ساڵ پتر نا، ئەو معاویەی بووە والی بەسەر دیمەشقەوە لە ماوەی هەشت ساڵدا لە بەڕێوەبردنی گەمیگەلێکی دروست کرد، هەر بەم گەمیگەلەش ئابڵووقەی قوستەنتینییەی دا، کەواتە توانای ئەم ئاوەزە مایەی سەرسوڕمانە لەسەر گرتنە خۆی کەڵەکەبوونی ژیاری و پاشان تێپەڕکردنی، هێشتا سەدەی یەکەمی ئیسلام تازە بەسەرچووبوو خەلیل بن ئەحمەد ئەلفەراهیدی زانستی عەرووز و زانستی زمانی لە نیوەی سەدەی دووەمدا داهێنا، دواتر شافعی زانستی فیقهی دانا".

تەرابیشی هەر بەوەندە ناوەستێت بەپشتبەستن بەشیکردنەوەی مێژوویی بەمانا ژیارییەکەی بەرگری لە ئیسلام بکات، بگرە لە میانەی شیکردنەوەی تێکستە سەرچاوەییەکانی ئیسلامیشەوە، ئەو نەخشە دەکێشێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەقی قورئانیدا بکات. واتا بەرەڤانی لەسەر چەمکەکەی لەسەر ئیسلامی ژیاری، لە سەنتەری هزری ئیسلامیی خۆیەوە، ئەویش قورئانی پیرۆزە.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ وارگەی "موقع" ئیسلام ئۆنلایندا – یۆلیۆ ٢٠٠٨، دەڵێت:

"نا من تێکست بەدوور ناگرم، لە کاری داهاتوومدا پڕۆژەم ئەوەیە، کتێبە نوێیەکەم کە ئامادەی دەکەم ئەم ناونیشانە گەورەیە هەڵدەگرێت، ڕەنگە بوێرییەکی باشی تێدا بێت، دووریش نییە بەلای هەندێکیانەوە مایەی نیگەرانی بێت، ناویم ناوە "الله والرسول: الشارع والمشرع له" لە قورئاندا شەرعدانان تەنیا بۆ خوا خۆیەتی، تەنانەت پێغەمبەر مافی شەرعدانانی نییە، پشتم بەدەیان ئایەت بەستووە، کە لە هەموو شتێکدا دەست بەڕووی پێغەمبەرەوە دەنێن، مەگەر سرووشی بۆ بێتە خوارەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر سرووشی بۆ بێتە خوارێ ئەوا خوا قسەی کردووە، بەڵام ئەگەر پێغەمبەر دوا ئەوا بەهەڵەدا دەچێ و قورئان ئاگەداری دەکاتەوە (ولو تقول علينا بعض الاقاويل لاخذنا منه باليمين ثم لقطعنا منه الوتين) "ئایەتی ٤٦ سوورەتی الحاقە"، چونکە پێغەمبەر مرۆڤە ئەمەش نرخێکی گەورەی بۆ مرۆییی پێغەمبەر هەیە، جیاواز لە ئاینەکانی تر کە پێغەمبەریان بەخوا کردووە، وەکو چۆن لە ئاینی مەسیحیدا ڕووی دا کاتێک مەسیحی بەخوا کرد، کەواتە لە قورئان خۆیدا دووانەیەکی گەورە لە نێوان خوا و پێغەمبەری مرۆڤدا هەیە، هەروەها لە نێوان نێرەر کە خوایە لەگەڵ نێرراو کە مرۆڤە، ئەمەش جیاکارییەکەی گەورەیە و بوونی هەیە. ئا لێرەوە من لە دەقی دامەزرێنەر دوور نەکەوتوومەتەوە، بەڵام کتێبێکی تازەم بۆ تەرخان کرد، ئومێدەوارم کات بوارم بداتێ، تاکو ئەو پڕۆژەیەی دەستم پێ کردووە تەواوی بکەم".

قووڵی مامەڵەکردنی لەگەڵ "ئیسلامی ژیاری"دا لە سەرجەم نووسینەکانیدا دەردەکەوێت، بەگشتی لە قۆناخی دووەمیدا و بەتایبەت لە پڕۆژەکەیدا بۆ ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی.

## ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی

"ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی" پرۆژەیەکی گەورەی دوکتۆر محەمەد عابد ئەلجابرییە، پێک هاتووە لە چوار بەش، "تكوين العقل العربي ــ دروستبوونی ئاوەزی عەرەبی"، "بنية العقل العربي ــ بنیاتی ئاوەزی عەرەبی"، "العقل السياسي العربي ــ ئاوەزی سیاسیی عەرەبی" و "العقل الاخلاقي العربي ــ ئاوەزی ڕەوشتیی عەرەبی"، دەکرێت کارەکەی پێشوویشی بخرێتە سەر ئەم بەشانە کە ناونیشانی "نحن والتراث ــ ئێمە و کولتوور"ە.

ئەم پرۆژەیە شیکردنەوە و وردەکاریی ئینسکلۆپیدیی کولتووری عەرەبی- ئیسلامی لەخۆ دەگرێت، کە بەچەند گوتەزایەک کۆتایی هات گرینگترین و ناودارترینیان دابەشکردنی ئاوەزی عەرەبی ــ ئیسلامییە بۆ قوتابخانەی ڕۆهەڵاتی و قوتابخانەی ڕۆئاوایی، یەکەمیان بەیانیی عیرفانییە (واتا ئاینیی ناعەقڵانی) و دووەمیان بورهانییە (واتا عەلمانییەتی عەقڵانی).

پرۆژەکەی جۆرج تەرابیشی بۆ ڕەخنەی "ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی" لە گەوهەردا "ئەنتی"یە بۆ بنەوا ئەپستمۆلۆجییەکان، کە ئەم پرۆژەیەی لەسەر بنیات نراوە، پاشانیش "ئەنتی"یە بەو ئەنجامانەی پێیان گەیشت.

دەکرێت ڕەخنەکانی لەسەر ئەم کارە دابەش بکەین بۆ ڕەخنە بۆ ئەو میتۆدەی ئەلجابری پشتی پێ بەستووە، هەروەها ڕەخنەی ئەو ڕووداوانەی ئەلجابری پەنای بۆیان بردووە.

لەسەر بنەوای ئەم ئاستە هەمەجۆرانە بۆ ڕەخنە تەرابیشی ئەلجابری بەوە تاوانبار کرد کە "لەسەر ئاستێکی فراوان بەڵگە و بوویەرە زانستییەکان دەشێوێنێت" و لە تێگەیشتنی دروستی بنەوا ئەپستمۆلۆجییەکان، کە پرۆژەکەی لەسەر بنیات ناوە بەهەڵەدا چووە، دواییش بە "هەلپەرستی ئەپستمۆلۆجی"ی تاوانبار دەکات، ئینجا بەوەی تاوانبار دەکات، کە بەئەنقەست بۆچوونی ئەپستمۆلۆجیی دیارکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئایدیۆلۆجییەکان دروست دەکات.

بەگشتی تەرابیشی وای دەبینێت ئەم پرۆژەیە ناونیشانی "ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی"ی بەسەردا پێڕەو ناکرێت و لەبری ئەمە ئەم ئامانجەی لەبار برد.

تەرابیشی باسی ئەوە دەکات لە سەرەتادا بەبەشی یەکەمی پرۆژەکە تووشی پەیجووری هات، وەلێ دوای ئەوە بۆی دەرکەوت دژوارییەکانی لە بەڵگەی ساختە دادەڕێژێت، لە گفتوگۆیەکدا بۆ ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" دەڵێت:

"ئەمە تۆمەت نییە، من خۆم چەندان جار نووسیم و ڕام گەیاند، کە لە سەرەتادا تووشی پەیجووری هاتم، ئەفسوونێکی ڕاستەقینە بەکتێبەکەی ئەلجابری "تكوين العقل العربي". لە کاتی خۆیشیدا لە گۆواری "الوحدة"دا لەبارەیم نووسی، نەک هەر کتێبێکە ڕۆشنبیرت دەکات، بگرە کتێبێکە دەشتگۆڕێت، بۆیە کێ بیخوێنێتەوە دوای خوێندنەوەی وەک بەر لە خوێندنەوەی نابێت.

وا بزانم ئەم ستایشە بۆ ئەلجابری گەورەیە، بەڵام هەر هەمان ئەم ستایشە گواسترایەوە بۆ شوێنی "ڕەخنەی ڕەخنە" هەینێ پێم زانی، ڕەنگە بەڕێکەوتیش بووبێت، جابری دژوارییەکانی لە بەڵگەی ساختەوە دادەڕێژێت، بەڵکو لە بەڵگەیێلێکەوە بەئەنقەست ساختەکاری تێدا دەکات، تاکو خزمەت بەداڕشتنی ئەو دژوارییانە بکات، بەشێوەیەک خوێنەرەکانی ناچار بکات وەڵام بەم دژوارییانە بداتەوە بەشێوەیەک کە ئەم دەیەوێ بیانداتێ، ئەمەش لە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆجیی دیارکراو و پێشوەختەوە...

لایەنێکی تر هەیە، لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەپستمۆلۆجیا دەخاتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاوە، کە ئایدیۆلۆجیایەکی دەمارگیرە و ناوی ناوە عەقلانییەتی ڕۆئاوا دژ بەعەقلانییەتی ڕۆهەڵات، هەروەها بەیانی سوننی دژ بەعیرفانی شیعی و لە کۆتاییشدا بۆ ئیسلامی سیاسی دژ بەئیسلامی ڕوحی. بەڵام با دانی پێدا بنێم، من قەرزارباری ئەلجابریم، لەبەرئەوەی ناچاری کردم بەخۆمدا بچمەوە بەر لەوەی وا لەو بکەم بچێتە ژێر باری بەخۆداچوونەوە.

بەم شێوەیە، جگە لەوەی توانیم سەتان بەڵگە کە ئەلجابری ساختەکاری تێدا کردوون بدۆزمەوە، بینای ڕۆشنبیریی کولتووریی خۆمم بنیات نایەوە و من وا بۆ پتر لە ٢٠ ساڵ دەچێت لە گەشتی ئەم کولتوورەم، کە دوور نییە تەمەنێکی تەواوی بوێت نەک چەند ساڵێکی کەم لەو تەمەنەی ماومانە".

هەروەها تەرابیشی هێرشیش دەکاتە سەر ئەو گوتەزا ناوەندییەی لە پرۆژەکەی ئەلجابریدا هەیە. دوای ئەوە هێرش دەباتە سەر "ئەپستمۆلۆجیای ئەلجابری". لە شوێنێکی تریشدا هێرش دەباتە سەر "ئەپستمۆلۆجیای جابریزم" بەو پێیەی ئامانجی تێکشکاندنی یەکەتیی سیستەمی ئەپستمۆلۆجیی ئاوەزی عەرەبییە.

## سکۆلاریزم

جۆرج تەرابیشی هەڵوێستێکی جێگیر و نەگۆڕی لە بەرابەر دۆزی سکۆلاریزمدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام تەنیا ئاینە، سکۆلاریزمیش بناخەی پراکتیکی ئیسلامییە، تەنانەت لە چاخە بەرایییەکانی ئیسلامیشدا. بگرە لەوەش پتر، ئەو وای دەبینێت چەمکی سکۆلاریزم لە ئیسلامدا بەهێزترە وەک لە ئاینی مەسیحی. ئەم چەمکەش لە کولتووری ئیسلامیشدا هەر هەبووە بەر لە دەرکەوتنی لە ئاینی مەسیحیی ڕۆئاوایی. ئەو زۆر بەتوندی بەرگری لە بۆچوونی بۆ سکۆلاریزمی ئیسلامی و لە ناوجەرگەی هزری ئاینیی ئیسلامی خۆیدا دەکات.

سکۆلاریزم وێڕای ئەوەی شتێکی ئامادەکراو نییە بۆ پراکتیزەکردن، بەڵکو لەسەر کۆمەڵگە عەرەبییە ئیسلامییەکانە داڕشتنەوەی تایبەت بۆ بۆچوونی بۆ سکۆلاریزم بکات.

"پتر لە جارێک لەسەر سکۆلاریزمم نووسیوە و وروژاندوومە، سکۆلاریزم لە جیهانی عەرەبیدا

شێوازێکی ئامادەکراو نییە، بگرە پێویستە سەرلەنوێ بدۆزرێتەوە و دابهێنرێتەوە و پێش بخرێت، تاکو لەگەڵ واقیعی عەرەبی و داخوازییەکانیدا گونجاو بێت. هەرچی سکۆلاریزمی دەقاودەق وەرگێڕراوە، ئەوا چارەنووسی لەو فەلسەفە عەرەبییە باشتر نابێت، کە ئێستا گوتم بوونی ئەستەمە، لەبەرئەوەی هەر بەفەلسەفەیەکی وەرگێڕاوی مایەوە.

سکۆلاریزم لە ڕۆئاوا، وەکو لە کتێبی داهاتوومدا "هرطقات٢"، کە بەم زووانە دەردەچێت، لەسەر بنەوای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین دامەزراوە، هەروەها بوارەکەشی تەنگ کراوەتەوە بەکەرتی گشتیی دوور لە کۆمەڵگە. وەلێ بڕوام وایە بەسبوون بەجیاکردنەوەی نێوان ئاین و دەوڵەت لە گۆڕەپانی عەرەبیدا هەموو شتێک نییە، بگرە پێویستە سکۆلاریزم کاری خۆی لە قووڵاییی کۆمەڵگەی خۆیدا بکات، ئەگینا ڕووبەڕووی تەنگژەیەک دەبینەوە لە شێوەی ئەوەی ئەمڕۆ تورکیا پارچە پارچە دەکات، بەهۆی دابەشبوونییەوە بۆ دەوڵەتێکی بەسکۆلار کراو و کۆمەڵگەیەکی بەئیسلام کراو، یاخۆ سەرلەنوێ بەئیسلام کراو".

(حوار الشرق الاوسط يناير ٢٠٠٨).

## داهاتووی ڕاپەڕینی عەرەبی

جۆرج تەرابیشی وای دەبینێت بەدیهێنانی ڕاپەڕینی عەرەبی پێوەستە بەڕزگارکردنی ئاوەزەوە بەگشتی و بەدیهێنانی شۆڕشێکی لاهووتی بەتایبەتی، ئەمەش لە میانەی پرۆسەی ڕەخنەی ڕیشەیی لە کولتوور. ئەمەش وا دەبینێت کە هێشتا بەدی نەهاتووە، ڕەنگە تا ماوەیەکیش بەدی نەیەت. تەرابیشی ئاستەنگەکان، کە ڕووبەڕووی هزری نوێی ڕاپەڕینی عەرەبی بوونەوە بەم شێوەیە وەسف دەکات:

"پرۆژەی ڕاپەڕینی عەرەبی لەژێر سایەی داگیرکەر لە وڵاتەکەماندا سەری هەڵدا... بۆیە دەبوو ڕووناکبیری عەرەب بڕووخێنێت و لە هەمان کاتیشدا بنیات بنێت، لەسەری بوو دژ بەداگیرکەر بجەنگێت و ڕاپەڕین بنیات بنێت. ئیدی لەو نێوەدا ون بوو، لە پاشدا نە توانی بەسەر داگیرکەردا زاڵ بێت، نەیش توانی ڕاپەڕینێکی هزریی ڕەخنەیی ڕاستەقینە بنیات بنێت. ئێمە بێ نموونە هێنانەوە دەزانین دەیان بیریاری عەرەب لەژێر باری ئەم چەڵەمەیە لەسەر هەردوو بارەکەیان نووسیون. ئەوەش دەزانین نابێت ئەگەر ڕیشەیی نەبێت. من لە لایەنی خۆمەوە دوایی بۆم دەرکەوت چەند پێویستمان بەڕەخنە هەیە... هەروەها ئەوەشم بۆ دەرکەوت، ئێمە لە هزری عەرەبیدا چەندێک لە داگیرکەر دوور بکەوینەوە، گرێی گۆشەگیری و بەرگری لەخۆ کردنمان لا زیاد دەکات، نیرۆسیسی بەکۆمەڵمان لا دروست دەکات، ڕەنگە نوێترین هۆی، هەژێنی حوزەیران بێت. دەڵێم هەژێن لەبەرئەوەی هەژێن لە شۆک توندترە.

شۆکی هەڵمەتی فرەنسی لە بەراییەکانی سەدەی نۆزدە لە خەو هەڵیستاندین و پێویستیی پێشکەوتن و ڕاپەڕینی بۆ دەرخستین. هەرچی هەژێنی حوزەیرانی ١٩٦٧ە ئەوا سڕکەر بوو،

ئاوەزی بردین، ئەمەش وای لێ کردین بگەڕێین بەدوای چارەسەری مامناوەندی بۆ کۆمەڵێک وەهم کە لە واقیعدا بوونیان نەبوو. بگرە دەڵێم ئەم هەژێنە ڕووناکبیری عەرەبی نەک هەر نەگەیاندە نیرۆسیسی بەکۆمەڵ، بگرە بۆ سایکۆسێس "تێکچوونی بیر و ویژدان و ڕەفتار".

ئالێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین چۆن زۆرێک لە ڕۆڵەکانی نەوەی ناسیۆنالیستەکان (بگرە تەنانەت مارکسییەکانیش) بوونە توندڕەوی غەیبی... هەژێنەکەی حوزەیران لەوان بەهێزتر بوو". (گفتوگۆی ڕۆژنامەی الحیاة).

دوای هەڵوێستی تەرابیشی، وێڕای گەشبینییەکەی بەشێوەیەکی گشتی و بڕوای بەتوانای ڕۆشنبیریی عەرەبی- ئیسلامی لە کۆتاییدا ڕەشبین بوو.

"ئێمەی عەرەب پێویستە لەسەرمان کەمتر لە گەلانی تر لە توانای خۆمان لە وەرگرتن بترسین، چونکە ئەزموونێکی مێژوویی گەورەمان لە وەرگرتن هەیە، من نە لە دوارۆژ و نەیش لە ونبوون دەترسم، وێڕای هەموو هۆکارەکانی ڕەشبینی لە واقیعی ئەمڕۆی عەرەبیدا، ئینجاش من برێک لە گەشبینی دەپارێزم، لەبەرئەوەی بڕوام وایە بەفەراهەمبوونی هۆکارێلێک مایەی گەشبینی بن، سەرەڕای ئەوەی بەداخەوە هۆکارێک هەن مایەی ڕەشبینین. وا دیارە تای تەرازووەکە بەلای ڕەشبینیدا لادەدات، لەم پارادۆکسە سادە و ساکارەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، ئێمە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لەگەڵ ئەفغانی و محەمەد عەبدە و قاسم ئەمین و کەواکبیدا ژیاوین، ئێمە بەمەراقی ئەوەوە دەمرین بچینە چاخ و ژیارەوە". (گفتوگۆی گۆواری "العربی"ی کوێتی)

تەرابیشی بڕوای وایە شەڕ لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییەکاندا بۆ ماوەی سەدەی داهاتووش بەردەوام بێت بەر لەوەی لە کۆتاییدا پرۆسەی ڕزگارکردنی ئاوەزی داواکراو بەدی بێت.

## داهاتووی فەلسەفەی عەرەبی

ئەوی تایبەت بەفەلسەفەی عەرەبییە، ئەوا وای دەبینێت شتێک نییە ناوی "فەلسەفەی عەرەبی" بێت و ڕەوشەکەش وا دەکات دەرکەوتنی ئەم جۆرە فەلسەفەیە زەحمەت بێت.

"بابەڕاستییەکی واقیعی دەست پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە فەلسەفەی نوێی عەرەبی، یاخۆ هاوچەرخ بوونی نییە. خۆ ئەگەر فەلسەفەیەکی لەم بابەتەش هەبێت، ئەوا فەلسەفەیەکی وەرگێڕراوە، یاخۆ لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتووەتە کایەوە".

گرینگترین کارەکانی

١- هرطقات٢: العلمانية كاشكالية اسلامية _ اسلامية ٢٠٠٨.

٢- المعجزة او سبات العقل في الاسلام ٢٠٠٨.

٣- هرطقات١: عن الديمقراطية والعلمانية والحداثة والممانعة العربية ٢٠٠٦.

٤- العقل المستقيل في الاسلام: نقد نقد العقل العربي (ج٤) ٢٠٠٤.

٥- وحدة العقل العربي: نقد نقد العقل العربي (ج٣) ٢٠٠٢.

٦- من النهضة الى الردة: تمزقات الثقافة العربية في عصر العولمة ٢٠٠٠.

٧- مصائر الفلسفة بين المسيحية والاسلام ١٩٩٨.

٨- اشكاليات العقل العربي: نقد نقد العقل العربي (ج٢) ١٩٩٨.

٩- نظرية العقل العربي: نقد نقد العقل العربي (ج١) ١٩٩٦.

١٠- الروائي وبطله: مقاربة اللاشعور في الرواية العربية ١٩٩٥.

١١- مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة ١٩٩٣.

١٢- المثقفون العرب والتراث: التحليل النفسي لعصاب جماعي ١٩٩١.

١٣- انثى ضد الانوثة: دراسة في ادب نوال السعداوي على ضوء التحليل النفسي ١٩٨٤.

١٤- الرجولة وايديولوجيا الرجولة في الرواية العربية ١٩٨٣.

١٥- عقدة اوديب في الرواية العربية ١٩٨٢.

١٦- الدولة القطرية والنظرية القومية ١٩٨٢.

١٧- رمزية المراة في الرواية العربية ١٩٨١.

١٨- الادب من الداخل ١٩٧٨.

١٩- شرق وغرب، رجولة وانوثة: دراسة في ازمة الجنس والحضارة في الرواية العربية ١٩٧٧.

٢٠- الله في رحلة نجيب محفوظ الرمزية ١٩٧٣.

٢١- لعبة الحلم والواقع: دراسة في ادب توفيق الحكيم ١٩٧٢.

٢٢- الماركسية والايدولوجيا ١٩٧١.

٢٣- الاستراتيجية الطبقية للثورة ١٩٧١.

٢٤- الماركسية والمسالة القومية ١٩٦٩.

٢٥- سارتر والماركسية ١٩٦٣.

هەوالنامەی کتێب

بەزمانی ئینگلیزی:

Woman Against Her Sex: A Critique of Nawal El-saadawi, Saqi Book 1989.

تێکستەکان:

١- الفلسفة في المدينة الاسلامية - الفصل الثاني من "مصائر الفلسفة بين المسيحية والاسلام".

٢- ابن سينا، اسطورة الفلسفة المشرقية - الفصل الاول من "نقد نقد العقل العربي - وحدة العقل العربي الاسلامي".

٣- اشكالية اللغة والعقل - الفصل الثاني من "نقد نقد العقل العربي - اشكاليات العقل العربي".

# تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی

لینت شێریدان بێرنس



بەشی نۆیەم

**نووسیاریکردنی هەواڵ**

نووسیارەکەت هەواڵێکت دەداتێ و پێت دەڵێ: "لیدەکە مردووە و هەواڵەکەش پڕە لە کون. هەواڵەکە پاک بکەوە و بیکە ٥٠٠ وشە." لە کوێ دەس پێ دەکەی؟ چۆن بڕیار دەدەی چی ببڕی و چی بهێڵییەوە؟ پێویستە چیی هەواڵەکە بێتە گۆڕین و بۆچی؟

کاتێ پەیامنێر لە نووسین دەبێتەوە، هێشتا پرۆسەی بڵاوکردنەوە زۆری دەمێنێ. قۆناخی بەرهەمهێنان (واتە نووسین، چاکردن، راستکردنەوە و داڕشتنەوە) زۆر کار دەکاتە سەر ئەو هەواڵەی لە کۆتاییدا دێتە بڵاوکردنەوە. کەسی بەرپرس لەم پرۆسەیە بەپێی شوێنە بەناوی جیاجیا ناسراوە لە دنیا. بۆ نموونە، رەنگە ئەو کەسە پێی بگوترێ نووسیاری لاوەکی، نووسیاری بەش یان نووسیاری هەواڵ. لەم بەشەدا، زاراوەی "نووسیاری هەواڵ: copy editor" دێتە بەکارهێنان بۆ باسکردنی ئەم رۆژنامەوانە. ئەو پرۆسەی دێتە بەکارهێنان لەلایەن نووسیاری هەواڵ زۆر نێزیکە لەوەی پەیامنێر بۆ تەواوکردنی کارەکانی.

هەواڵی باش ئەو هەواڵەیە فاکتی تێدا بێ، بەڕیزبەندییەکی باش نووسرا بێ و پێی ڕاست

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

هاویشتبێ، هەروەها فاکتەکان بەسادەیی باس بکا. گیبسن (١٩٨٩) دوو ئامۆژگاریی سەرەکی پێشکێش دەکا بۆ ڕێنوێنیکردنی پرۆسەی نووسیاری- بۆ قوتاربوون لە گرێی بەفاریزە و بەکارهێنانی فەرمان لە جیاتیی ناو.

پرۆسەی نووسیاری دێتە بەکارهێنان بۆ ڕاستکردنەوەی نووسینی زۆروبۆر، پێکهاتەی ڕستەی شێواو و ڕێزمانی هەڵە. پرۆسەکە نووسینی خراپ وەردەگێڕێت بۆ کوردییەکی سادە (لە دەقە ئینگلیزییەکە دەڵێ ئینگلیزییەکی باش، و.) و بیرۆکەی ئاڵۆز شی دەکاتەوە.

پرۆسەکە ئەمانەش دەگرێتەوە: ڕەشکردنەوەی وشەی ناپێویست و دانانی وشەی پڕ بەپێست و بەجێ بۆ خوێنەر. نووسیارانی هەواڵ ئەم کارانەش دەکەن: خاڵبەندی، ڕاستکردنەوەی ڕێزمان و ڕێنووس. زۆربەی دەزگاگەلی هەواڵ "ڕێبەری نووسین"یان هەیە بۆ نووسینی وشەی تەواو بەڕێنووسی تەواو. بۆ نموونە، شێوازی ڕۆژنامە ژمارە لە یەک تا نۆ بەنووسین دەنووسێ و لە ١٠ بەسەرەوە (واتە کە بوو بەدوو ژمارە) بەژمارە دەنووسێ. خوێنەر دەیەوێ یەکسەر تێ بگات. داڕشتنی ڕستەی سادە و پەرەگرافی ڕوون وا لە خوێنەر دەکا بەردەوام بێ لە خوێندنەوە. ئەمە بەسە لە پرۆسەی نووسیاری قووڵ دەبێتەوە لە ڕێگەی ڕاهێنان لەسەر هەواڵێک. پرۆسەی ئاڵۆزتری نووسیاری، کاتێ نووسەر لەگەڵ نووسیار تاوتوێ دەکەن لەسەر ریپۆرتاژ، لە بەشی دەیەمدا دێتە باسکردن.

## پرۆسەی نووسیاریکردنی هەواڵ

چەند یاسایەکی سادە هەن بۆ ڕێنوێنیکردنی پرۆسەی نووسیاری. یەکەم هەنگاو بریتییە لە تێگەیشتن لە نیازی نووسەرەکە. نووسیار لێکدانەوەی خۆی بەسەر فاکتەکاندا ناسەپێنێ، بەڵام کار دەکا بۆ ڕوونکردنەوەی نیازی نووسەر. ڕێگەیەکی باشی دەسپێکردن بریتییە لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بەباشی. هەر کە زانیت باسی چی دەکا، دەتوانی هەڵی سەنگێنی و بزانی نووسەر تا چەند سەرکەوتوو بووە لە نووسینی.

وەک نووسیاری هەواڵ، کاری پاشتر ئەوەیە بزانی فاکتەکان هی هەواڵن و ئیختیارەکانی پەیامنێر هەڵسەنگێنی. هەندێ جار تەواوی هەواڵەکە دەبێ بنووسرێتەوە یان بدرێتەوە بەپەیامنێر بینووسێتەوە تا دەبێتە هەواڵێک شایەنی گوتن بێ. شایەنی گوتن، وەک لە بەشی چواردا باس کراوە، بەهایەکی ڕێژەییە و بڕیارت لەسەری بەشێکی دەوەستێتە سەر تێگەیشتن لە خوێنەر، ئارەزوو و بەهاکانی.

تۆ دەزانی هەواڵ دەبێ ئەمانەی تێدا بێ: کێ، چی، لە کوێ، کەی و بۆچی. ئەگەر ئەم زانیارییانە لە هەواڵەکەدا هەبوون، بەڵام لە سەرەتادا نەبوو، ئەوا دەبێ دووبارە بینووسییەوە. بڕیار بدە بەچ ڕیزبەندییەک ئەو توخمان بێنە باسکردن. ئاخۆ "کێ" دەبێ لە "چی" بێ؟ ئاخۆ "لە کوێ" گرینگترە لە "کێ"؟ هەندێ جار "کەی" لە هەموویان گرینگترە، بەڵام بەدەگمەن "بۆچی" لە سەرەتای هەواڵ

دێ، هەرچەندە قەت نابێ بخرێتە کۆتاییش. زۆرجار دوای "بۆچی" شەشەم توخمی هەواڵ دێ "چۆن". هەندێ جار هەواڵ وەڵامی هەر پێنج پرسیارەکەی داوەتەوە بەڵام خاڵی سەرەکی باس نەکردووە. دیسان لە خۆت بپرسە "کامە گرینگترین بەشی هەواڵەکەیە؟" بیرۆکەکانی هەواڵ دەبێ بەئاسانی یەک بەدوای یەکدا بێن. ئاخۆ بیرۆکەکان لە ریزبەندییەکی لۆجیکی دان؟ ئاخۆ سروشتییانە یەک بەدوای یەکەوە هاتوون؟ ئەگەر تۆ ئەم هەواڵەت نووسیبا، لە کوێ دەستت پێ دەکرد؟ ئەگەر ئەو شوێنەی تۆ لێوەی دەستت پێ دەکرد ئێستە لە هەواڵەکە لە سەرەتادا نییە، چیت دەکرد؟ ئاخۆ دەبێ لیدەکە بۆ مردبێ، دەبێ لە کوێ بێ؟

ئەگەر ریزبەندی زانیارییەکان پێویستی بەچاکردن هەبێ، لەوانەیە بتوانی چاکی بکەی بێ ئەوەی سەرلەنوێ بینووسییەوە. هەوڵی رێکخستنەوەی پەرەگرافەکان بدە. هەر کە پەرەگرافەکان لە ریزبەندییەکی دروستدا بوون، بەدوای بۆشاییەکانی هەواڵەکەدا بگەڕێ. لەوانەیە پێویست بکا هەندێ رستە دابڕێژییەوە یان شوێنیان بگۆڕی. پێویستت بەنووسینی پێشەکییەکی نوێ هەیە. هەندێ زانیاری لەوانەیە پێویستیان بەوە بێ لە پەرەگرافێکەوە بگوازرێنەوە بۆ یەکێکی تر، رستەکان رەنگە پێویستیان بەڕاستکردنەوە بێ، ناو و جێناو رەنگە پێویستیان بەرێکخستنەوە بێ. ئەگەر یەکەم جار بچییە سەر پێکهاتەکە، ئەوا کات بەفیرۆ نادەی جارێکی تر دەسکاری پەرەگرافەکان بکەیت.

## چاکردن و بژارکردن

جارێکی تر سەیری هەواڵەکە بکەوە، ئەم جارە بەدوای ئەم هەڵانەی خوارەوەدا بگەڕێ. لە زمانی رۆژنامەوانیدا، ئەمە پێی دەگوترێ "چاکردن و بژارکردن: nuts and bolts"ی کارەکە. ئەمانەی خوارەوە کێشەیلی باو دەردەخەن:

## پێکهاتەی رستە

هۆجسن (١٩٩٨) دەڵێ پێکهاتەی رستە کلیلی نووسینی باشە. هەموو رستەیەک دەبێ بکەر و فەرمانی هەبێ. فەرمان، ئەگەر پێویستی کرد، دەبێ پشت بەئاوەڵفەرمانێک ببەستێ. لەوانەیە رستە تەواوکەریشی هەبێ، وەک لە نموونەی خوارەوەدا دیارە:

کوڕەکە (بکەر) رای کرد (فرمان) بەخێرایی (ئاوەڵفرمان) بەرەو تۆپەکە (تەواوکەر).

پێکهاتەی رستە و خاڵبەندی کەرستەن دێنە بەکارهێنان لە رۆژنامەوانی تا هەواڵ مانادار و ورد و دەقیق بێ. زۆرجار دەزانی رستەیەک هەڵەیەکی تێدایە، بەڵام نازانی چۆنی چاکەیەوە. لەم حاڵەتەدا، رستەکە دووبارە بنووسەوە تا روونتری بکەیەوە. هەندێ لە کێشە هەر باوەکان لە خوارەوە هاتوونەتە باسکردن. نووسیاری هەواڵ بەرپرسە لە دڵنیاکردنی ئەوەی خاڵبەندی هەواڵ

رستە و ئاسان دێتە تێگەیشتن. ئەمەش پێویستی بەچێکردنی رستە و فەرمان، ناو، جێناو و ئاوەڵفرمانەکان هەیە. یاسای تر دەبێ بێنە جێبەجێکردن لەبارەی درێژیی رستە و پەرەگراف و بەکارهێنانی ئامرازی پێوەندی. هەروەها دەبێ خاڵبەندی دەقیق بێ. ئەمە پێویستی بەڕەنگدانەوەی رەخنەیی هەیە لەسەر بەکارهێنانی خاڵ (.)، سێمی کۆلن (;)، کۆلۆن (:)، داش (–)، کەوانە و بڕین (ellipsis). هەروەها دەبێ چێکی ئەمانەش بکەی: ئەپۆستڕۆفی (_)، هایفن (–)، نیشانەی سەرسوڕمان (!)، کوۆتێیشن یان کۆت (" ") و نیشانەی پرسیار (؟).

لە پێناو بەخشینی مانا، دەبێ پابەند بی بەڕێسا بنەڕەتییەکانی تری نووسین بۆ کاری رۆژنامەوانی.

دەبێ بکەر دیار هەڵبژێری

رێسایەکی نووسینی هەواڵ ئەوەیە هەردەم بکەر دیار باشترە لە بکەر نادیار.

من کردم. (بکەر دیار)

کرا لەلایەن من. (بکەر نادیار).

هۆیەکی سادە هەیە بۆ ئەمەی سەرەوە ئەویش ئەوەیە بکەرنادیار زەحمەتترە بۆ خوێندنەوە وشە زۆر سەرف دەکا. لە هەواڵی رۆژنامەوانیدا قەت ناڵێی "بکەر نادیار دەکرێ بێتە لابردن لە هەر شوێنێک لوا" لەبەرئەوەی جێگرەوە هەیە و دەتوانی بڵێی "بکەر نادیار لابە لە هەر شوێنێک لوا." بۆ ناسینەوەی بکەرنادیار بگەڕێ بۆ "لەلایەن...".

هەرگیز نەرێ و بکەرنادیار بەکار مەهێنە: ئەم جۆرە رستانە وشە زۆر خەسار دەکەن و زەحمەتترن بۆ تێگەیشتن.

لەم دوو رستەیە یەکێکیان باشترە:

١– منداڵەکان لەگەڵ مامۆستاکانیان و بەخۆ و جانتاکانیان بەسەر شاخەکە کەوتن.

٢– لەگەڵ مامۆستاکانیان، منداڵەکان بەجانتاکانییانەوە بەسەر شاخەکە کەوتن.

بێگومان رستەی دووەم باشترە، لەبەرئەوەی روونتر و ئاسانترە بۆ تێگەیشتن.

وشەی بازاڕی بەکار مەهێنە، لەبەرئەوەی هەموو کەس تێی ناگە. ئەم جۆرە دەستەواژانە تەنێ چەند کەسانێک تێیان دەگەن.

دەستەواژەی تایبەت بەکارمەهێنە. بەزمانێک هەواڵ بنووسە کە ستاندارد و گشتی بێ و زۆربەی کەس قسەی پێ بکەن و تێی بگەن.

فاریزە تەنێ لە شوێنی پێویست بەکار بهێنە: فاریزە دێتە بەکارهێنان بۆ روونکردنەوەی رستەیلی ئاڵۆز و وەستان لە خوێندنەوەدا. تەماشای ئەو دوو مانا جیاوازە بکە لەم دوو رستەی خوارەوە:

"ئەم شتە چییە پێی دەڵێن خۆشەویستی؟"

"ئەم شتە چییە پێی دەڵێن، خۆشەویستی؟"

شتێکی زۆر سادە لەبارەی فاریزە ئەوەیە قەت کەم یان زۆر بەکاری مەهێنە. مەبەست لە بەکارهێنانی تەنێ روونترکردنەوەیە. فاریزە بەتاک بەکار دێ:

هەر کە زانیت رستەیەک رێزمانیەن تەواو نییە، دەبێ راستی بکەیەوە.

کێشەیەکی تر: زۆر بەکارهێنانی سێمی کۆلن (;): ئەمە کێشەیەکی تری رۆژنامەوانە جگە لە کێشەی زۆر بەکارهێنانی فاریزە. بەکارهێنانی سێمی کۆلن کاتی خۆی هەیە. ئەمە زۆر بەدەگمەن لە رۆژنامەوانی بەکار دێ، چونکە لە رۆژنامەوانیدا رستەی کورت و دەقیق دێتە بەکارهێنان. ئەگەر ویستت زانیاری لە رستەیەکدا دابەش بکەیت، وا مەکە، بیکە بەدوو رستە.

رستەی راستەوخۆ بەکار بێنە: بەری خۆ بدە ئەو دوو رستە جیاوازەی خوارەوە:

١- بەڕێز سمیس گوتی کەوا ئەو زۆر تووڕەیە و رەچاوی کرداری راستەوخۆ دەکا ئەگەر کێشەکە نەیەتە چارەسەرکردن.

٢- "من زۆر تووڕەم لەبارەی ئەمە و رەنگە خۆم شتەکان بگرمە دەست ئەگەر بێو کێشەکە نەیەتە چارەسەرکردن،" بەڕێز سمیس گوتی.

زۆر ئاگەداری رێنووس بە: دەبێ رێنووسێک بەکار بێنی ستاندارد و ئاشنا بێ بەلای هەموو یان زۆربەی کەس.

دووربکەوە لە سەردێری تاعونئاسا: رۆژنامەوان هەردەم حەزی لە سەردێرێکە کە وەک تاعون وایە کەس تێی ناگات.

پێویست بەزۆر نووسین ناکات: زۆرنووسی هەواڵەکەت باشتر ناکا. رستەیەکی ستاندارد لە ٢٠ تا ٢٥ وشە تێپەڕ ناکات. کەمتر باشترە.

## هونەری قەساب

نووسیار هەواڵ کورت دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە رادەی داواکراو. یەکەم شت بۆ کردنی ئەم کارە ئەوەیە زانیاری ناپێویست لابەری، بەمەرجێک کار لە مانای هەواڵەکە نەکات. ئەگەر هەواڵەکە هەر درێژ بوو، ئەوا نووسیار دەبێ رستە بەرستە پێدابێ و ژمارەی وشەکان کەم بکاتەوە.

پێوەندیی نێوان پەیامنێر و نووسیار زۆرجار بەپرتەپرتە. نووسیار دەڵێ بووەتە قوربانی کاری تەمبەڵانەی پەیامنێر. پەیامنێر دەڵێ نووسیار باشترین بەشی هەواڵەکەمی قووت کردووە. پەیامنێر دەکەونە بەر زەبری تووڕەیی خەڵک کاتێ نووسیار هەڵە دەکا و بەهۆی لابردن مانای هەواڵەکە دەگۆڕێت. کاری تۆ وەک نووسیار ئەوەیە شت لابەری تەنانەت پەیامنێرەکەش هەست بەلابردنەکە نەکا.

هەندێ جار ئەمە کارێکە و ناکرێ. چەند ساڵێک لەمەوبەر داوا لە گۆشەنووسێک دەکرا وتارەکەی لە ١٥٠٠ وشەوە بکات بە ٥٠٠. ئەمە دواتر بەکارێکی مەحاڵ. زۆرجار بەو جۆرە نووسیارانە دەگوترێ قەساب، قەسابێکی خراپ. تۆ نەبووی بەنووسیار تا هەرچی هەیە بیبڕی. ئەو نووسەرەی شت دەنێرێ و جارێک پێدا دەچێتەوە، چاوەڕێی ئەوە دەکا وەک خۆی و بێ گۆڕان نووسینەکەی بێتە بڵاوکردنەوە، نەک بەنیوەچڵی.

## نووسینی سەردێر

هەجسن دەڵێ سەردێرنووس (نووسیاری هەواڵ) دوو ئەرکی هەیە، هەردووکیان پێوەستن بەقۆرخکردنی وشە. ئەو بەم شێوەیە وەسفی نووسیاری هەواڵ دەکا "خەباتەیە، کەرەستە لە فیلتەر دەدا تا ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەپاوڵێویت و سادەی دەکا و دەیکا بە پەیامێک خۆی دەڵێ (بمخوێنەوە)" (هەجسن، ١٩٩٨). ئەرکی دووەم ئەوەیە جێکردنەوەی وشە لەو شوێنەی بۆی دیاری کراوە، ئەو شوێنە لەوانەیە نووسیاری هەواڵ خۆی دیاری نەکات. ژمارەی وشەکانی سەردێر دەوەستێتە سەر شێوازی بڵاوکردنەوەکە. ڕۆژنامەیلی تابلۆید وشەی گەورە بەکار دێنن، ئەمەش واتە سەردێری کورت بەکار دێنن. ڕۆژنامەیلی پەڕ گەورە شوێنیان زیاترە و وشەی زیاتر بۆ سەردێر بەکار دێنن. سەردێر سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ، بۆیە سەردێری باش حەز و ئارەزووی دەوێ. هەر سەردێرە لەوانەیە بتوانێ سۆزی خوێنەر ببزوێنێ، وای لێ بکات هەست بەدڵتەنگی، تووڕەیی یان خۆشی بکات. سەردێر دەبێ هەردەم خوێنەر پەلکێشی خوێندنەوەی هەواڵەکە بکات.

نووسینی سەردێر یەکێک لە کارە هەرە قورسەکانی نووسیار. پێویستی بەسەرنجێکی ئێجگار زۆری هەواڵەکە هەیە، فاکت و کۆت، بۆ نموونە، لە چەند وشەیەکدا دادەنرێن بۆ بزواندنی خوێنەر تا هەواڵەکە بخوێنێتەوە.

هەندێ سەردێرنووس خوێنەر دڵخۆش دەکەن بەوشەی گاڵتەئامێز. ئەم جۆرە سەردێرانە بۆ هەندێ هەواڵ دەشێن، بەڵام بەدەگمەن بۆ راپۆرتە هەواڵ دەبن. بۆ نموونە، وشەی زۆر بەکارهاتوو دەبێتە کلێشە و نابێ ئەوەندە بەکار بهێنرێتەوە. گیبسن نووشداری دەدا بەوەی سەردێری باش ئەو سەردێرەیە کە زیرەکانە نووسرا بێ، بەڵام مانادار بێ و هەردەم راست و روون بێ. وشەیلی سەردێر دەبێ روون بن (وشەی سادە بن بۆ ئەوەی ئاسان بێنە تێگەیشتن) و کاریگەر بن. سەردێر پێویستی بەفەرمانێکی کارایە و دەبێ بێ پێچوپەنا بێ. لابردنی وشە لەوانەیە مانا بگۆڕێت، بۆ نموونە، گیبسن لەم سەردێرەدا ئەمە روون دەکاتەوە:

بەفرەبا لە سێ ویلایەت دەدا، یەکێک ونە

نووسیاری هەواڵ بەدوای وشەی سەرەکیدا دەگەڕێ لە هەواڵەکە بۆ ئەوەی لە سەردێردا بینووسێ. سەردێرەکە دەربڕی راستەوخۆی وشە سەرەکییەکانە. هێز و دەسەڵاتی سەردێری باش لە فەرمانەکەیدایە. فەرمان دەبێ بەهێز و رەنگاورەنگ بێ و پێکهاتەکە دەبێ بکەردیار بێ. سەردێر

نابێ قەت گومڕاکەر بێ، لەبەرئەوەی کارێکە لە کارەکانی ڕۆژنامەوانی. هەندێ وشە، بەتایبەتی وشە کورتەکان، زیاتر لە مانایەکیان هەیە و دەبێ ئاگەداریان بیت بۆ سەردێر. سەردێر دەبێ یەکبگرێتەوە لەگەڵ لید، بەڵام نابێ هەمان وشە لە هەردوو شوێنەکە دووبارە ببنەوە.

## نووسیاریکردنی هەواڵ لە کاردا

تەماشای هەواڵی ژمارە (١) بکە لە خوارەوە و لە خۆت بپرسە "هەواڵەکە لەبارەی چییە؟" لەبارەی پیاوێکە لە ڕووداوگەلێکدا ڕزگاری بووە، بەڵام تا پەرەگرافی شەش باسی ئەمەت بۆ ناکا. چیی تر گرینگە لە هەواڵەکە؟ پیاوەکە ناچار کراوە لە شوێنێک بێ پڕ لە تیمساحی ترسناک و دەبووایە خۆراکی خۆی ببڕێ. هەروەها پەناگەیەکی بۆ خۆی دروست کردووە لەسەر دارێک (چوێنراوە بەکەسایەتیی ئەدەبی ڕۆبنسن کرۆزۆ). لەوەش زیاتر، ئەو ئاگای لەوە نەبوو مارێکی گەورە لەسەر هەمان درەخت دەژی. بەهایەکی هەواڵ نووسێنراوە بەو فاکتەی کە پیاوەکە لە بارودۆخێکدایە کە بەلای زۆربەی خەڵکییەوە تۆقێنەرە. لەوانەیە بڵێی ئەم لایەنانەی هەواڵەکە گرینگترە لە هەستی خەڵک.

تۆ دەبێ پەرەگرافەکان ڕێک بخەیتەوە و گرینگترین شت بێنیتە سەرەتای هەواڵەکە. دەبێ کامە یەکەم جار بێتە نووسین؟ ئەمە هەواڵێکە و دەبێ گرینگترین شت یەکەم جار بێتە گۆتن. لەم حاڵەتەدا، پیاوەکە بەساخ و سەلامەتی دیتراوەتەوە، دوای ئەوە باسی ئەو فاکتە دەکا کە چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری پێیە بیگێڕێتەوە. زانیاری لەبارەی کاری کاوبۆیەکان چەندە گرینگە پێش ئەوەی پیاوەکە بدۆزنەوە؟ سەرنجڕاکێشترین بەشی هەواڵەکە چییە؟ کام بەهای هەواڵ دەکەیە یەکە بەها بۆ ئەم هەواڵە؟ لەم کەیسەدا، سەرنجڕاکێشترین شت ئەوەیە چۆن پیاوێک لە وەها بارودۆخێکدا ژیاوە و ماوە. ئەم پەرەگرافانە، لە کۆتاییی هەواڵەکەدا دەبینرێن و دەگوێزرێنەوە بۆ سەرەتا.

هەواڵی ژمارە (١)

چوار کاوبۆی بۆ ماوەی چەندان ڕۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشتەکە گەرم، وشک و خۆڵاوی بوو، بەڵام هەر کردیان، لەبەرئەوەی یەکێکیان بەدوای خەونێکی لەمێژینەی کەوتبوو ئەویش سەردانیکردنی هۆزێکی ڕەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسپایی ئەسپەکانیان تاو دەدا، چونکە دەیانزانی لە وەها شوێنێکدا جگە لە مار و دووپشک و تیمساحی بکوژ کەسی تر ناژی.

برینداربوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

دەتوانی سەرسوڕمانیان بهێنیتە پێش چاو کاتێ لەو شوێنەدا راوکەری گای کەنوورە دەبینن کە ناوی رۆد ئانسلە.

گرووپەکە چووبوونە خوارێ بۆ سەر رووباری فیتزمۆریس، لەوێ چاویان بە بەڕێز ئانسل کەوت کە لە کامپێکی چڕوپڕ دەژیا.

ئانسل پێی گوتن دوو مانگ لەمەوبەر ماڵی لەوپەڕی رۆئاوای ئوسترالیا بەجێ هێشتووە بۆ راوەماسی لە کەناڵی کوینسی رووباری ڤیکتۆریا، لە نزیک سنووری نێوان رۆئاوای ئوسترالیا و هەرێمی باکور.

بەڵام تراجیدیا ئەو کاتە دەس پێ دەکا کاتێ شەپۆڵی دەریا بەلەمە ١٨ پێییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو رووباری فیتزمۆریس، کە دوا جار دەڕژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆڵی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سەگەکانی، یەکێکیان لە کاتی وەرگەڕانی بەلەمەکە بریندار بووە، زۆر تێنوویان بوو، سەر ئاو کەوتبوون و خۆیان بەپارچەی بەلەمەکە گرتبوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

لە رۆژی پێنجەمدا، بەڕێز ئانسل کەوتە سەر وشکانی و کامپێکی لە قەراخ رووبارەکە دروست کرد.

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشەکەکانی لەگەڵ بەلەمەکە بەئاودا چوون، بەڵام چەند فیشەک و چەکەکەی هەر پێ مابوو.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. هەفتەی یەکەم چوارم کوشتن، بەڵام هەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم."

پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پێست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

بۆ ئەوەی خۆراکی جۆرەوجۆری هەبێ، بەڕێز ئانسل هەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

گەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیمساحە بوو کە زۆر لێی نێزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

سەری بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

"تیمساحی زۆر بوو، بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

بەڕێز ئانسل گوتی دوای ماوەیەکی زۆر بزربوون زانی کەس بەدوایدا ناگەڕێ، چونکە بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو کە بەلایەنی کەم بۆ ماوەی دوو مانگ دەڕوا. (٤٨٣ وشە).

ئێستە تەماشای هەواڵی ژمارە (٢) بکە. پەرەگرافەکان ڕێکخراونەتەوە بۆ جەختکردنە سەر گرینگترین لایەن و فاکتی هەواڵەکە، بەڵام خۆش بەدوای یەکدا نایەن و هەندێ بۆشایی هەیە لە نێوان پەرەگرافەکاندا. لەم کەیسەدا، پێشەکییەکی نوێ پێویستە بۆ لەخۆگرتنی خاڵی سەرەکی. کۆتەکان دەبێ ڕێک بخرێن و بۆ بنیاتنانی چیرۆکەکە. هەواڵی ژمارە (٣) پێشانی دەدا چۆن ئەمانە دەکرێن بەهۆی داڕشتنەوەی هەواڵەکە. جەخت دەکاتە سەر گرینگترین لایەنی چیرۆکەکە و بەخوێنەر دەڵێ کە تەواوی چیرۆکەکە وردەکاریی زیاتری ئەزموونی پیاوەکەی تێدایە.

هەواڵی سێیەم درێژترە لەوەی یەکەم و دووەم، ئەمەش کێشەیە، لەبەرئەوەی هەواڵەکە دەبێ کورت بکرێتەوە. هەندێ جار لەباتی کورتی بکەیەوە درێژتر دەردەچێ. پاشان بەهەواڵەکەدا وەرەوە، بەدوای هەڵەی ڕێنووس، دەستەواژەی بازاڕی، وشەی ناپێویست، شتی زۆر دووبارەوەبوو و ئاوەڵناوی ناوپێویست، ئەوانە قووت بکە. دەبێ ڕستەی بکەرنادیار، ڕستەی ناتەواو و ناڕوون و ڕستەی دووبارەوەبوو لابدەی.

تەماشای گۆڕانکارییەکان بکە لە هەواڵی ژمارە (٤). شتی دووبارەوەبوو لادراوە. پەرەگرافی یەکەم نووسراوەتەوە و گۆڕاوە. بەسەرهاتی تیمساحەکە نووسراوەتەوە بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێشتر و بەهێزتر بێ.

زانیـاری لە بارەی ژیانی بەڕێز ئانسل بەشـێـوەیەکی تر نووسـراوە بۆ ئەوەی تەواوی وەسـفی شـوێنی ژیان و خـانووی سـەر دارەکـەی بکات. کـۆت دانراوە لەسـەر چۆنیـەتیی ژیانی. ژمـارەیەک هەڵەی ڕێنووس چاکراوەتەوە. شێوازی رستەکان گۆڕاوە. تەماشـای هەرسێ هەواڵی ٢، ٣، ٤ بکە لە خوارەوە:

هەواڵی ژمارە (٢)

دەتوانی سەرسوڕمانیان بهێنیتە پێش چاو کاتێ لەو شوێنەدا راوکەری گای کەنوورە دەبینن کە ناوی رۆد ئانسلە.

گرووپەکە چووبوونە خوارێ بۆ سەر رووباری فیـتـزمـۆریس، لەوێ چاویان بە بەڕێز ئانسل کەوت کە لە کامپێکی چروپڕ دەژیا.

ئانسل پێی گـوتن دوو مـانگ لەمـەوبەر مـاڵی لەوپەڕی رۆئاوای ئوسـتـرالیـا بەجێ هێشتـووە بۆ راوەماسی لە کەناڵی کوینسی رووباری ڤیکتۆریا، لە نێزیک سنووری نێوان رۆئاوای ئوستراليا و هەرێمی باکور.

بەڕێز ئانسل گـوتی دوای مـاوەیەکی زۆر بزربـوون زانی کـەس بەدوایدا نـاگـەڕێ، لەبەرئەوەی بەگێلفرێندەکەی گوتبوو کە بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی دوو مانگ دەڕوا.

گـەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیـمـسـاحـە بوو کـە زۆر لێی نێـزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

ئەو گوتی سەری تیمساحەکەی بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

"تیـمـسـاحی زۆر بوو، بەڵام نەمـویست فیـشـەک خـەسـار بکەم، نەمـویست بۆنی لاشـەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشـەکەکانی لەگەڵ بەلەمـەکە بەئاودا چوون، بەڵام چەند فیشـەک و چەکەکەی هەر پێ مابوو.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. هەفتەی یەکەم چوارم کوشتن، بەڵام هەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم،" هەروەها گوتی "پێستەکەم لێ دەکـردنەوە و ئامـادەم دەکـردن بۆ خـواردن. دوای پێسـت لێکردنەوە هەڵـم دەواسـین تا وشک دەبوونەوە. بـەوشکی یان بەکـوڵاوی دەمـخـوارد. من و سـەگـەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

لە رۆژی پێنجەمدا، بەڕێز ئانسل کەوتە سەر وشکانی و کامپێکی لە قەراخ رووبارەکە دروست کرد.

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

بەڵام تراجیدیا ئەو کاتە دەس پێ دەکا کاتێ شەپۆڵی دەریا بەلەمە ١٨ پێییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو رووباری فیتزمۆریس، کە دوا جار دەڕژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ، بۆ ئەوەی تەواو سەر ئاو بکەوێ و خۆی پێوە بگرێ.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆڵی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سەگەکانی، یەکێکیان لە کاتی وەرگەڕانی بەلەمەکە بریندار بووە، زۆر تێنوویان بوو، سەر ئاو کەوتبوون و خۆیان بەپارچەی بەلەمەکە گرتبوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

بۆ ئەوەی خۆراکی جۆرەوجۆری هەبێ، بەڕێز ئانسل هەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

چوار کاوبۆیەکە بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشتەکە گەرم، وشک و خۆڵاوی بوو، بەڵام هەر کردیان، لەبەرئەوەی یەکێکیان بەدوای خەونێکی لەمێژینەی کەوتبوو ئەویش سەردانیکردنی هۆزێکی رەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسپایی ئەسپەکانیان تاو دەدا، چونکە دەیانزانی لە وەها شوێنێکدا جگە لە مار و دووپشک و تیمساحی بکوژ کەسی تر ناژی.

بریندار بوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

پیاوێک بەڕێکەوت دێتە دیتنەوە دوای ئەوە لە باکوری ئوستراليا لەناو تیمساحان بزر دەبێ و ژیانی خۆی لەسەر دارێک لەگەڵ مارێکی گەورە دەگێڕێتەوە، هەروەها گای راوکردووە بۆ خۆراک لەو ماوەیەدا.

هەروەها لە هێرشێکی تیمساحێکی ١٦ پێ درێژ رزگاری بوو و سەری بڕیوە و بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

چوار کاوبۆی بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور، لەوێ ئەو پیاوە رۆد ئانسل، ٢٢، دەبینن کە گای لە جۆری کەنوورە راو کردووە.

بەڕێز ئانسل بەپیاوەکانی گوت بەلەمەکەی تێکشکا لە رێی راوەماسی دوای ئەوەی تیمساحێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند. ئەو گوتی دەیزانی کەس بەدوایدا ناگەڕێت لەبەرئەوەی بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو کە بەلانی کەمەوە دوو مانگی پێ دەچێت.

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشەکەکانی لەگەڵ بەلەمەکە لەدەست دا بەڵام تفەنگ و چەند فیشەکێکی قورتار کرد.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن، هەفتەی یەکەم چوارم کوشتن، بەڵام هەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم،" هەروەها گوتی "پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پێست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

گەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیمساحە بوو کە زۆر لێی نێزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

ئەو گوتی سەری تیمساحەکەی بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

"تیمساحی زۆر بوو، بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار

دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

ئانسل پێی گوتن دوو مانگ لەمەوبەر ماڵی لەوپەڕی رۆئاوای ئوستراليا بەجێ هێشتووە بۆ راوەماسی لە کەناڵی کوینسی رووباری ڤیکتۆریا، لە نێزیک سنووری نێوان رۆئاوای ئوستراليا و هەرێمی باکور.

بەڵام تراجيديا ئەو کاتە دەس پێ دەکا کاتێ شەپۆڵی دەریا بەلەمە ١٨ پێییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو رووباری فیتزمۆریس، کە دوا جار دەڕژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ، بۆ ئەوەی تەواو سەر ئاو بکەوێ و خۆی پێوە بگرێ.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆڵی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سەگەکانی، یەکێکیان لە کاتی وەرگەڕانی بەلەمەکە بریندار بووە، زۆر تێنوویان بوو، سەر ئاو کەوتبوون و خۆیان بەپارچەی بەلەمەکە گرتبوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

بۆ ئەوەی خۆراکی جۆرەوجۆری هەبێ، بەڕێز ئانسل هەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

چوار کاوبۆیەکە بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشتەکە گەرم، وشک و خۆڵاوی بوو، بەڵام هەر کردیان، لەبەرئەوەی یەکێکیان بەدوای خەونێکی لەمێژینەی کەوتبوو ئەویش سەردانیکردنی هۆزێکی رەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسپایی ئەسپەکانیان تاو دەدا، چونکە دەیانزانی لە وەها شوێنێکدا جگە لە مار و دووپشک و تیمساحی بکوژ کەسی تر ناژی.

برینداربوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

پیاوێک بەرێکەوت دێتە دیتنەوە دوای ئەوە لە باکوری ئوستراليا لەناو تیمساحان بزر دەبێ و ژیانی خۆی لەسەر دارێک لەگەڵ مارێکی گەورە دەگێڕێتەوە، هەروەها گای راو کردووە بۆ خۆراک لەو ماوەیەدا.

هەروەها لە پەلامـاردانی تیـمسـاحـێکی ١٦ پێ درێژ رزگاری بوو و سـەری بڕیوە و بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

چوار کاوبۆی بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیـان کردبوو بـۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور، لەوێ ئەو پیاوە رۆد ئانسل، ٢٢، دەبێنن کە گای لە جۆری کەنوورە راو کردووە.

بەڕێز ئانسل بەپیاوەکانی گوت بەلەمەکەی تێکشکا لە رێی راوەماسی دوای ئەوەی تیمساحێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند. ئەو گوتی دەیزانی کەس بەدوایدا ناگەڕێت، لەبەرئەوەی بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو کە بەلانی کەمەوە دوو مانگی پێ دەچێت.

بۆ خۆپاراستن لە تیمساح و درندەیلی تر، بەڕێز ئانسل پەناگەیەکی بۆ خۆی دورست کردووە.

"بۆ خۆ پاراستن خانووێکم لە دار و پووش و پەڵاش لەسەر درەختێکی گەورە دروست کرد،" ئەو گوتی.

"هەموو ئەو کاتە لەوێ ژیانم بەسەربرد لەگەڵ مارێکی گەورە، کە جارجار دەهاتە خوارێ تا بزانێ من کێم،" ئەو گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشەکەکانی لەگەڵ بەلەمەکە لەدەست دا، بەڵام تفەنگ و چەند فیشەکێکی قورتار کرد.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. هەفتەی یەکەم چوارم کوشتن، بەڵام هەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم،" هەروەها گوتی "پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پێست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

گەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیمساحە بوو کە زۆر لێی نێزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

ئەو گوتی سەری تیمساحەکەی بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

هەواڵنامەی کێبڵ

"تیمساحی زۆر بوو، بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

ئانسل پێی گوتن دوو مانگ لەمەوبەر ماڵی لەوپەڕی رۆئاوای ئوسترالیا بەجێ هێشتووە بۆ راوەماسی لە کەناڵی کوینسی رووباری ڤیکتۆریا، لە نێزیک سنووری نێوان رۆئاوای ئوستراليا و هەرێمی باکور.

بەڵام تراجیدیا ئەو کاتە دەس پێ دەکا کاتێ شەپۆلی دەریا بەلەمە ١٨ پێییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو رووباری فیتزمۆریس، کە دوا جار دەڕژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ، بۆ ئەوەی تەواو سەر ئاو بکەوێ و خۆی پێوە بگرێ.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆلی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سەگەکانی، یەکێکیان لەک اتی وەرگەڕانی بەلەمەکە بریندار بووە، زۆر تێنوویان بوو، سەر ئاو کەوتبوون و خۆیان بەپارچەی بەلەمەکە گرتبوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

بۆ ئەوەی خۆراکی جۆرەوجۆری هەبێ، بەڕێز ئانسل هەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

چوار کاوبۆیەکە بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشتەکە گەرم، وشک و خۆڵاوی بوو، بەڵام هەر کردیان، لەبەرئەوەی یەکێکیان بەدوای

خەونێکی لەمێژینەی کەوتبوو ئەویش سەردانیکردنی هۆزێکی رەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسپایی ئەسپەکانیان تاو دەدا، چونکە دەیانزانی لە وەها شوێنێکدا جگە لە مار و دووپشک و تیمساحی بکوژ کەسی تر ناژی.

بریندار‌بوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

## هونەری قەساب لە کاردا

هەواڵەکە هێشتا زۆر درێژە و دەبێ کورت بکرێتەوە. ئێستە کە دڵنیابووی لە چاکردنەوەی هەڵەکانی تر، دەبێ دەس بکەی بەئەرکی دووەم ئەویش قووتکردنی هەواڵەکەیە. دەس بکە بەبڕینی ئەو پەرەگرافانەی کە پێویست و گرینگ نین. بۆ نموونە، باسکردنی هۆی ئەوەی بۆچی کاوبۆیەکان چوونەتە ئەوێ گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئانسل بەرێکەوت دیتراوەتەوە. بەبڕینی ئەو زانیارییە، هەواڵەکە کەمێک کورت دەبێتەوە. هەروەها ئەو فاکتەی دەڵێ خۆراکی چی بووە و نەبووە، ئەویش گرینگ نییە.

پاشان ئەو رستانە دەسنیشان بکە کە دەکرێ کورت یان سادە بکرێنەوە. وەک بەشێک لەم پرۆسەیە "ئەو پێی گوتن " ئەم جۆرە دەستەواژانە دەبێتە "بەڕێز ئانسل". چەندان وشەی دووبارەوەبووی تێدایە، وەک بۆ دوو مانگ، دوو مانگ لەمەوبەر و... هتد. چەند رستەیەکی تریش گرینگ نین کە لە هەواڵی ژمارە (٥)دا دیارە. دوای هەموو ئەو بڕینانەن، رستە بەرستە پێداوەرەوە، وشەی زیادە لابدە و رستەکان کورتتر بکەوە. هەواڵی ٥ پێشانی دەدا چۆن کورت کراوەتەوە و بووەتە هەواڵێک ئامادە بۆ بڵاوکردنەوە.

هەواڵی ژمارە ٥

پیاوێک بەرێکەوت دێتە دیتنەوە دوای دوو مانگ بزربوونی لە باکوری ئوستراليا لەناو تیمساحان. ژیانی خۆی لەسەر دارێک لەگەڵ مارێکی گەورە دەگێرێتەوە. لەو ماوەیەدا بەراوکردنی گا ژیاوە.

لەوێ لە پەلاماردانی تیمساحێکی ١٦ پێ درێژ رزگاری بووە. سەری بڕیوە و بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

چوار کاوبۆی بەرێکەوت چووبوونە ئەو شوێنە دوورە و لەوێ ئەو پیاوە رۆد ئانسل، ٢٢، دەبینن کە گای لە جۆری کەنووری راو کردووە.

ئانسل گوتی بەلەمەکەی تێکشکا لە رێی راوەماسی دوای ئەوەی تیمساحێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند. ئەو دەیزانی کەس بەدوایدا ناگەڕێت، لەبەرئەوەی بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو بەلانی کەمەوە دوو مانگی پێ دەچێت.

بۆ خۆپاراستن لە تیمساح و مار و دووپشک دڕندەیلی تر، ئانسل پەناگەیەکی بۆ خۆی لەسەر درەختێک دروست کرد.

"هەموو ئەو کاتە لەوێ ژیانم بەسەربرد لەگەڵ مارێکی گەورە، کە جارجار دەهاتە خوارێ تا بزانێ من کێم،" ئەو گوتی.

ئانسل گوتی هەموو کەلوپەلەکانی لە وەرگەڕانی بەلەمەکەی لەدەست دا، بەڵام تفەنگ و چەند فیشەکێک و هەندێ شیر و دوو سەگەکەی قورتار کرد. خۆی بەدارێکی بەلەمەکە گرت تا گەیشتە کەنار. لە ئەنجامدا، یەکێک لە سەگەکانی بریندار بوو.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. هەفتەی یەکەم چوارم کوشتن، بەڵام هەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم." ئانسل گوتی و بەردەوام بوو "پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پێست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد."

گەورەترین ترسی ئانسل ئەو تیمساحەکان بوون کە زۆر لێی نێزیک دەبوونەوە لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانیان دەکرد.

ئانسل گوتی تیمساحێکی ١٦ درێژی ١٦ پێیی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

" دوای کوشتنی سەری تیمساحەکەم بڕی و هەڵم گرتووە بۆ یادگاری."

"تیمساحی زۆر بوو، بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بە بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو گوتی.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆڵی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک." (٣٣٣ وشە).

## ئەنجام

نووسیاری کەرستەیەکی بەرهەمهێنانە لەلایەن رۆژنامەوانان بەکار دێ بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی هەواڵەکە بەپێی پێویستی ستایل و درێژیی رۆژنامەکە بێ. نووسیاری پرۆسەیەکیشە بەهۆیەوە نووسەر پەیامەکانیان پۆلیش و پاک دەکەنەوە. پێشخستنی توانای نووسیاری بۆ بەهێزترکردنی نووسین لایەنێکی گرینگی پیشەکەتە و دەبێ هەر لە سەرەتاوە بایەخی پێ بدەی. چەندە نووسیارێکی باش بی، ئەوەندە نووسینەکەت باشتر دەبێ.

وەک پەیامنێر، دەبێ هەمان پرۆسەی نووسیاری هەواڵ بکەی پێش ئەوەی هەواڵەکەت بنێری. قەت وا دامەنێ ئەوانی تر هەڵەکانت چا دەکەنەوە و ئیتر هەموو بەرپرسیارەتییەک بخەیە سەر شانی نووسیار، نەخێر، دەبێ تۆش یارمەتی نووسیار بدەی. زۆربەی کات پەیامنێر کات و دەرفەتی نییە لە خەت بێ لەگەڵ نووسیار بۆ چاکترکردنی هەواڵ. بەڵام، هەندێ جار پرۆسەی نووسیاری هاریکارییە لە نێوان و پەیامنێر و ئەو کەسەی ئەرکەکەی پێ دەسپێرێ. لایەنێکی تری نووسیاری لە بەشی دەیەمدا باس دەکرێ. دوایەمین ئامۆژگاری ئەوەیە: هەردەم دوو جار بەسەر هەواڵەکەتدا بڕۆوە.

### خشتەی نووسیاریکردنی هەواڵ لە کاردا

نووسیارەکەت هەواڵێکت دەداتێ و پێت دەڵێ: "لیدەکە مردووە و هەواڵەکەش پڕە لە کون. هەواڵەکە پاک بکەوە و بیکە ٣٠٠ تا ٣٥٠ وشە." لە کوێ دەس پێ دەکەی؟ چۆن بڕیار دەدەی چی ببڕی و چی بهێڵییەوە؟ پێویستە چیی هەواڵەکە بێتە گۆڕین و بۆچی؟

↓

ئاخۆ گرینگترین فاکت و سەرنجڕاکێشترین زانیاری لە پێشەکییەکەدایە؟

ئاخۆ هەواڵەکە بەتازەترین و گرینگترین زانیاری دەس پێ دەکا؟

گرینگترین بەهاگەلی هەواڵ لەم هەواڵەدا چین؟

↓

ئاخۆ بەهاگەلی گرینگی هەواڵ لە هەواڵەکەدا رەنگی داوەتەوە؟

بەڵێ یان نەخێر:

ئەگەر بەڵێ بێ:

↓

ئاخۆ هەموو شتێکە لە هەواڵەکەدا روونە؟

هیچ هەڵەیەک هەیە لە فاکتەکان؟

هیچ نەگونجانێک هەیە؟

هیچ بۆشاییەک هەیە پێویستی بەپڕکردنەوە بێ؟

هیچ رستەی نارِوونی تێدایە؟

دەستەواژەی بازاڕی، کلێشە، دەستەواژەی تایبەت یان شتی دووبارەوەبووی تێدایە؟

↓

ئەگەر نەخێر بێ

↓

چۆن دەس دەکەی بەنووسیاریکردنی هەواڵەکە؟

ئاخۆ پێشەکییەکە دەگۆڕی؟

ئاخۆ رستەیلی پەرەگرافەکان رێک دەخەیەوە؟ بۆچی؟

کام بەهای هەواڵ پێش ئەوانی تر بەکار دێنی؟

هەواڵنامەی کتێب

↓

ئاخۆ هەموو شتێکە لە هەواڵەکەدا روونە؟

هیچ هەڵەیەک هەیە لە فاکتەکان؟

هیچ نەگونجانێک هەیە؟

هیچ بۆشاییەک هەیە پێویستی بەپڕکردنەوە بێ؟

هیچ رستەی نارِوونی تێدایە؟

دەستەواژەی بازاڕی، کلێشە، دەستەواژەی تایبەت یان شتی دووبارەوەبووی تێدایە؟

↓

دەتوانی خۆت بۆشاییەکان پڕ بکەیەوە؟

چ سەرچاوەیەکت لە بەردەستە، بێ لەوانەی پەیامنێر بەکاری هێناون؟

↓

هەواڵەکە زۆر درێژە

چۆن بڕیار دەدەی چی لێ دەبڕی؟ کام رستە گرینگە بۆ پاڵپشتی بەهاگەلی هەواڵ؟ کام رستە گریگە بۆ پاڵپشتیی مانای هەواڵەکە؟ کام رستە زانیاریی لاوەکی تێدایە؟ دەتوانی ئەو زانیارییە لاوەکییانە ببڕی، بۆچی؟ چیت لە مێشکدایە لەبارەی ئارەزووەکانی خوێنەر؟

ئاخۆ هەواڵەکە هێشتا زۆر درێژە؟

ئەگەر بەڵێ بێ:

ئاخۆ هەموو زانیارییە ناپێویستەکانت قووت کردووە؟ ئاخۆ رستە و پەرەگرافەکانت نووسیاری کردووە؟ ئاخۆ نووسیاریی وشە و رستەکانیشت کردووە؟ پێکهاتەی هەواڵەکە ورد و دەقیقە؟ دەتوانی رستەکان کورتتر بکەیەوە بێ ئەوەی مانا ببڕی؟

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر نەخێر بێ

ئاخۆ هەواڵەکەت دەقیق و هاوسەنگە؟

گۆشەکەت چییە؟ بۆچی؟ ئاخۆ لێدوانەکانت پشتڕاست کردیتەوە و دراونەتە پاڵ سەرچاوەیەک؟

ئاخۆ پێکهاتەی هەواڵەکە بە بکەردیار یان نادیار نووسراوە؟

بەسەر فەرمانەکاندا چوویەوە، باشترین فەرمانت بەکار هێناوە بۆ مەبەستەکەت؟

خاڵی سەرەکی هەواڵەکە بەڕوونی نووسراوە؟

هەموو بۆشاییەکان پڕ کراونەتەوە؟ دەگونجێ لەگەڵ ستایلی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەت؟

رێزمانی تەواوە؟ سەردێرەکە مانادار و گونجاوە؟ ئاخۆ لە نێوان ٣٠٠-٣٥٠ وشەدایە؟

بەشی دەیەم

## کارکردن لەگەڵ وشە

بابەتێکت لە گۆواری FHM هاتووەتە پەسەندکردن. گۆوارێکی ناودەوڵەتی

سـەركـەوتووی پیـاوانـە. بەڵام، پێش بڵاوكـردنەوە نووسـیـارەكـە دەیەوێ دەسكاری بابەتـەكـەت بكـەیت بەچەندان رێگە. یەكەم، پێشنیـازی گـۆڕان دەكـا لە دەنگی یەكـەم كـەس. پاشان داوات لێ دەكا زانیاری زیاتر بدەی لـەبارەی سەركەشییەكانی پێشـوو. ئـەوجـا دەڵێ زۆر درێژە و كـورتـی بكەوە بۆ ٨٠٠ وشـە. لە دومـاهـیـدا، نووسـیـارەكـە خۆیشی دەیبڕێ تا لە شوێنی دیاریكراو جێی دەبێتەوە. كامە پرۆسـە بەكار دەبەی بۆ بڕینی چیرۆكەكەت بۆ بڵاوبوونەوە؟

ئێرنەسـت هـەمنگوای، رۆژنامـەوان و نـووسـەری ئـەمـەریكایـی، وشـەگەر (چوێنراوە بـەئاسنگەر–و.) بەمـانای تەواوی وشـە. نـووسـینـەكانی سـادە و سـاكـارن، زۆربەی وشـەكـانی یەک یان دوو بڕگەیە. بۆیە ئێستـەشی لەگەڵدابێ بەهێزترین نووسەری ئەدەبی مۆدێرنە. كـاری هـەمنگوای پێشانمان دەدا هـێـزی وشـەی نووسـراو زۆر لە خـودی وشـەكـەدا نییـە، بگرە لە رێی رێكخسـتن، ریتم و لێشـاوی بیرۆكەكاندایە. رۆژنامەوانی نووسـراو بەزمانێكی سادە دەتوانـێ خوێنەر قووڵ ببزوێنێ: بەگریانی خـۆشـی و ناخـۆشـیـان بخـا، تووڕەیان كـا و وایان لـێ بكا شـتـێک بكـەن. ئادەم دەڵێ بەكـارهـێنانی زمانی سادە لە رۆژنامەوانی سنوورێكە لەلایەن خەڵكەوە سەپێنراوە.

رۆژنامـەوانەیل دەبێ لەوەی تێ بگەن كە زمـانـی سـادەی هـەمنگوای وەها ئـاسـان بۆی نەهاتووە، بگرە چـەندان جـار پاكنووس و نووسـیـاریكردووە، جـا رۆمـان یان فـاكت. دەڵێن بەم شـێـوەیە بۆ پارێزەرەكـەی نووسـیـوە: "من مـینێكی ئەڵمـاسـم هەیە ئـەگـەر خـەڵک وازم لـێ بێنن و لێم گـەڕێن بەردەكان لە قوڕی شین بێنمە دەرەوە و پاشان بیانبڕم و پۆلیشیان بكەم."

لە وتـارێكدا بـەبۆنـەی سـەتـەمـین لەدایكبـوونی هـەمنگوای، جـۆون دایدیـۆن لەبارەی سـتـایلی هـەمنگوای نووسـی:

> ئەمـە ئـەو پیـاوەیە وشـە گـرینگە بـەلایەوە. كـاری لـەسـەركـردن، تێیـان گـەشـت و چووە ناویان. لە ٢٤ سـاڵیدا هـەندێ جار وەک راهێنان بەسـەر نووسـینەكانیـدا دەچووەوە، فرەبارە دەینـووسینەوە. تۆ گرینگی بەخاڵبـەندی بدەی یان نا، هـەمنگوای پێی دەدا. تۆ گرینگی بە "و" و "بەڵام"ەكان بدەی یان نا، هـەمنگوای پێیانی دەدا. (دایدیۆن، ١٩٩٩).

وتارەكـەی دایدیـۆن پڕژایە سـەر ئـەوەی ئاخـۆ هـەمنگوای دڵخـۆش دەبوو ئـەگـەر نووسـینێكی بەناتەواوی یان نەقووسـانی بڵاو كردبایەوە. راستیان گوتووە رێی تـێ دەچێ زۆر شت لە نووسینی ناتەواو فێربی. رۆژنامـەوانیی باش كارێكە زەحمەت چونكە راستییە. خـەڵک راسـتـەقینە، ئـەزموون راسـتـەقـینە: رۆژنامـەوان لە رووداوی راسـتـەقـینە بەشـدار دەبێ و دەگـەڕێ بەدوای ناسـانـدنی كارەكتـەرەكان و بیرۆكە و دراما. ئەم بـەشـە دەكـۆڵێتـەوە لە پرۆسـەی خـودنووسـیـاری (واتە خـۆت نووسـیـاری هـەواڵەكـەت، نووسـینەكـەت بكـەی). بەهـۆی ئەم پرۆسـەیە دەتوانی نووسـینەكانت پارچە پارچە بكـەی، ئـەوجـار بڕیاریـان لـەسـەر بدەی، بڕیـار لـەبارەی سـتـایل، تۆون و ناوەڕۆک. پرۆسـەكـە

دێتە باسکردن بەهۆی شیکردنەوەی بابەتێک کە بەڕاستی بڵاو کراوەتەوە لە سێ وڵات لە ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ . پرۆسەکە لە نووسینێکی ناتەواو دەس پێ دەکا تا دەکرێت بەنووسینێک ئامادە بۆ بڵاوکردنەوە. پێنج درافتە. ڕێکخستنی ڕستە و بەکارهێنانی زمان پێشانی دەدا چۆن نووسیاری کار لە پەیامی میدیا دەکا.

## باکگراوندی وتارەکە

ڕووداوە هەواڵێک پاڵ بەنووسەرەکە دەنێ بۆ کۆوارێک ئەم وتارە بنووسێ کە لەم بەشەدا دەیخوێنین. ڕووداوەکە زۆر هەستیارە. پۆلیس پیاوێکیان لە دەست دەکوژرێ دوای هەوڵی گرتنی. پیاوەکە ئەفسەرێک دەکوژێ لەناو ئەو دەوەنەی خۆی لێ شاردبووەوە. پۆلیس بەهۆی ئەوە زانییان ئەو لەوێیە. پۆلیسەکەی تر تەقە دەکا و پیاوەکە دەکوژێ.

چیرۆکەکە زیاتری پێوەیە. ئەوە یەکەم پۆلیسە بێتە کوشتن لە هەرێمی باکوری ئوسترالیا لە ماوەی زیاتر ٤٠ ساڵدا. پیاوە ویستراوەکە ناسراو بوو و وەختێک ڕێزێکی تایبەتی هەبوو لە کۆمەڵگە. پیاوێک بوو بەئەزموون لەناو دار و دەوەن، پۆلیس قەت بۆی نەدەکرا وەها ئاسان بیدۆزێتەوە. لەوەش زیاتر، بەهۆی سەرکەشییەکانی بەپاڵەوان ناسرا بوو، ئەمە بووە هەوێنی فیلمێکی ناودەوڵەتی سەرکەوتوو بەناوی "تیمساحی دەندی". نووسەرەکە دەتاسێ بەچیرۆکەکە کە یەکناگرێتەوە لەگەڵ پیاوە کوژراوەکە: پیاوێکی وەها خۆشەویست، بەتوانا و زیندی بۆ دێتە کوشتن. نووسەر ئەم پرسیارە دەکا "چۆن کەسێکی وەها باش، وا خراپ دەبێ؟"

دەیڤد لێسە، هەڵگری خەڵاتی ریپۆرتاژ، لەبارەی ئاستەنگەکانی نووسینی پرۆفایلی کارەکتەری نووسی لە پێشەکیی کتێبەکەی بەناوی "سپیاییی چاوەکانیان". ئەو گوتی پرۆفایل زیاتر وەسفکردنی ڕووداوگەلی ژیانی یەکێکە و ئەوانی تر چییان پێیە لەبارەی ئەو ڕووداوانە.

نووسەرەکە پرۆفایلێک لەبارەی کابرای کوژراو دەنووسێ. گرینگە لە سەرەتای گێڕانەوەکە کابرا نەکەی بەکەسایەتییەکی ڕۆمانسی، لەبەرئەوەی بێویژدانانە پۆلیسێکی کوشتووە. بەقەد هێندەی ئەمە گرینگ ئەوەیە کابرا نەکەی بەدێوەزمەیەک. نووسەر تاساوە بەوەی چۆن پیاوێک هەشت هەفتە لە ژیانێکی قورس ماوە و نەیتوانی بەرگەی پاڵەپەستۆی دنیای مۆدێرن بگرێ. لایەنێکی تر ئەوەیە نووسەر زانیاریی هەیە لەبارەی چیرۆکی پیاوەکە. چەند ساڵێک پێش ئەوسا، نووسەر کتێبێک دەخوێنێتەوە نووسراو لەلایەن کابرای کوژراو. بنووسی کتێبەکە زۆر جیاوازە کەسایەتیی پۆلیسکوژەکە لە کاتێکدا هەردووکیان یەکێکن. لێرەدا پرۆسەی نووسینی بابەتێک دەس پێ دەکا بۆ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەوانی.

پێش چوونە ناو پرۆسەی نووسین، نووسەر دەبووایە بڕیار بدا کام بڵاوکراوە، ستایلی کامیان گونجاوە بۆ چیرۆکەکە. ئەمە گرینگە، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژنامە یان کۆوارەی بابەتەکەت بڵاو دەکاتەوە کار دەکاتە سەر چۆنیەتیی ستایل، تۆون و پێکهاتەی چیرۆکەکەت. وەک ڕۆژنامەوانێکی

فریلانس، نووسەرەکە بەهۆی ئەزموونی زانی نووسینی بابەتێک و دواتر خوێنەری بۆ بدۆزییەوە ماندووکەر و بێهوودەیە. کۆواری FHM ڕەزامەندییان دەربڕی بابەتەکەی بۆ بڵاو بکەنەوە. بەم پێیە نووسەر زانی بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا، چونکە ئێستە زانی کام ستایل و پێکهاتە و تۆون بەکار دێنێت. لەم حاڵەتەدا، نووسەر کۆواری FHMی هەڵبژارد، چونکە ویستی پەیامەکەی بگاتە بەو نێرانەی لە نێوان ١٨ تا ٣٥ ساڵین. نووسەر بیرۆکەی نووسینەکەی لای نووسیار باس کرد و ئەویش ڕازی بوو درافتێک ببینێ.

## پرۆسەی نووسین (درافتی یەکەم)

بتەوێ دەس بکەی بەنووسین پێویستت بەفاکت، کۆت، گێڕانەوە و چیرۆک هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان و سەرنجڕاکێشتری بکەی. چیرۆکەکەت پێویستی بەپشتڕاستکردنەوە هەیە، لەبەرئەوەی تۆ زانیاری دەدەی لەسەر ئەو بابەتە. نووسینەکەت باسی ژیانی یەکێک دەکا لە هەموو ڕوویەکەوە. یەکەم شت ئەوەیە خاڵی سەرەکیی نووسینەکەت دیاری بکەی. خاڵی سەرەکی واتە هەموو شتەکانی تر لەسەر ئەوە بێنە نووسین. دەتوانی بەیەک ڕستە خاڵی سەرەکی دیاری بکەی. بۆ نموونە: "مردنی پیاوێک واتە مردنی ئەفسانەیەکی ئوسترالی ناو دەوەن." هەموو فاکت، کۆت، بەسەرهات، گێڕانەوە، چیرۆک و زانیاریت دەبێ لەسەر ئەم خاڵە سەرەکییە بنیات بنێی. دەبێ پێوەندییەکی تەواو لە نێوان هەموو ئەمانەدا دروست بکەی.

ئەو تەکنیکانەی لە ڕۆژنامەوانی دێنە بەکارهێنان ئەوانەن لەلایەن چیرۆکبێژی تریش بەکار دێن. ڕۆژنامەوانی ئەمانەشی تێدایە: گرێ (پلۆت)، کارەکتەر، کار، دیالۆگ، سیکوێنس، دراما، هۆ، ئەفسانە، میتافۆر و شیکردنەوە. تاکە جیاوازیی ئەوەیە زمانی ڕۆژنامەوانی سادەیە و ڕوونە، ڕۆژنامەوان هەردەم گێڕەوەکەیە و ڕێنوێنی خوێنەر دەکا بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە.

ڕۆژنامەوان دەستی خوێنەر دەگرێ بەناو گەشتی چیرۆکەکە، لە ڕێگەدا هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکاتەوە. تۆم وولف لەبارەی ڕۆژنامەوانی دەڵێ "ڕۆژنامەوانی واتە باسکردنی دیمەنگەل. تۆ چاوەڕێدەکەی شت روو بدەن، تۆش ئەو شتانە باس دەکەی، ئا لەوێ دیالۆگ دروست دەکەی." لە ڕێگەی دیمەنگەل، ڕۆژنامەوان کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکا: سیفەتیان، عادەتیان، هەستیان، تێڕوانین و بیرۆکەیان.

ڕۆژنامەوانێکی سیدنی پارچەیەکی لەبارەی پیاوێکی بێدەرەتان نووسی، هێندەی نەبرد زەردەخەنەی دەموچاوە هەژارییەکەی لە ڕێکلامێکی تەلەڤزیۆن بەکار هێنرا و ناوبانگی دەرکرد. دوو هەفتە دواتر کابرا بەمردوویی دیتراوە لەبەر کێشەی کحول، ڕۆژنامەوانەکە چیرۆکێکی لەبارەی ژیانی پیاوەکە نووسی و بەم وشانە دەستی پێ کرد:

> پازدە خولەک لە ناوبانگی جۆن یەنگ تەنێ دوو هەفتە ژیا، بەڵام نەیتوانی چرکەیەکیشی بیرکەوێتەوە. (پێرین، ١٩٩٥).

لە چیرۆکی چارلیدا، کە راستی بوو، باش لەبارەی ئەو رێگەیەی نووسی کۆمەڵگە مامەڵە لەگەڵ پرسی دادوەریی مرۆیی دەکا. نووسینەکەی پێشەکییەکی بەهێزی هەبوو، زۆر کەس پێیان وایە باشترین بەشی پێکهاتەکەیە. هەندێ جار کۆتاییەکە بۆ نووسەر دێ، بەڵام خاڵی دەسپێک هەر تەنێ رستەیەک یان دەستەواژەیەک نییە، بگرە ستایل و تۆون و هەموو شتێک لەوێوە سەرچاوە دەگرن. هەر کە خاڵی سەرەکی دانرا، حسێبکە چوارچێوەکەت ئامادەیە و چیرۆکەکەتی تێدا دەنووسی. بیری لێ دەکەیەوە، پلانی بۆ دادەنێی، ئەمانە بەلای گەلێ نووسەر قورسترین ئەرکن، بەڵام بەم شێوەیە ریتمی نووسینەکە بەڕاستی دێن.

توانستی راستەقینەی نووسیاری لەوێدایە بزانی چی دەبڕی بۆ روونترکردنی نووسینەکە. هەمنگوای نووسین بەشاخەبەفر دەچوێنێ، چونکە گرینگ نییە چیرۆکەکە چەند گەورەیە نووسەر دەیەوێ، هەردەم زۆر شت هەیە خوێنەر نایبینێ.

کۆت رێگەیەکی ئێجگار بەهێزە بۆ بنیاتنانی چیرۆکەکەت. کاتێ کۆتی یەکێک دەکەی، خوێنەر تەنێ ئەوە ناخوێنێتەوە سەرچاوەکە چی گوتووە، بگرە ئەو رێگەیەی قسەکەی پێ گوتراوە، کەسایەتیی کەسەکە دەردەخا. کێشەی کۆت ئەوەیە هەمووی راستەوخۆیە و گێڕانەوەی تێدا نییە. کۆت بەتەنێ نێزیکترت دەکاتەوە لە راستی، بەڵام راستی شتێکە کێشەدارتر. بەسەرهات بەشێکی سەرەکین لە کۆت، لەبەرئەوەی رێ هەیە بیانەیتە قالبی گێڕانەوە. بەگێڕانەوەی بەسەرهاتێک بێ ئەوەی قسەی لەسەر بکەی، وا لە خوێنەرەکەی خۆی بگاتە ئەنجام. بەڵام بەهەڵبژاردنی بەسەرهاتێک و پشتگوێخستنی ئەویتر، ئەو رێگەیە پێشانی خوێنەر دەدەی بەهۆیەوە لێکدانەوەی بۆ نووسینەکەی تۆ دەکا.

ستایل هەیە لە رۆژنامەوانی، ئەویش راستەوخۆ رەنگدانەوەی ستایلی بڵاوکراوەکەیە. لە حاڵەتی پارچەکەی ئەم بەشە، خوێنەر پیاوانی تەمەن نێوان ١٨ بۆ ٣٥ن. ئەمە کار دەکاتە سەر ئەو رێگەیەی نووسەر وەڵامی "چی سەرنجڕاکێشترینە بەلای خوێنەر؟" دەداتەوە و بۆیە هەموو شتێک لە خالی سەرەکییەوە دەس پێ دەکا. هەموو نووسینێک بواری دووبارە کارکردنی تێدا هەیە، رێکخستنەوە، نووسیاریکردن و باشترکردنی.

زمانی راستەوخۆی رۆژنامەوانی واتە شیعرەکە زیاتر بەفەرمان دەنووسرێ. بۆ نموونە، جیاوازییە لە نێوان:

"بوەستە،" ئەو دەستی پێ کرد،

"بوەستە،" ئەو هاواری کرد،

"بوەستە،" ئەو هەناسەی دا.

وشە لە کاردا

وردبەوە لەو وتارەی شی کراوەتەوە لەم بەشەدا. پێش درافتەکان (چیرۆکی ٢ تا ٤) چیرۆکی

بڵاوکراوە بخوێنەوە[١]. ئاخۆ پێشەکییەکە رات دەکێشێ بۆ ناو بابەتەکە؟ بۆچی؟ ژیانی وەسفکراو لە چیرۆکەکە سەرنجراکێش و بزوێنەرە؟ خۆت لە هیچ یەکێ لە ئەکتەرەکاندا دەبینییەوە؟ خاڵی سەرەکیی چیرۆکەکە روونە، کەوابێ، چییە؟ رۆژنامەوانی هەوڵ دەدا بەرتەکێکی سۆزیاری لە خوێنەر ببزوێنێ، لە خۆت بپرسە: چۆن چیرۆکەکە وام لێ دەکا هەست بکەم؟ هەوڵ بدە سەرچاوەی کاردانەوەکانت بدۆزەوە. هیچ بەسەرهاتی تێدایە، کۆت یان گێرانەوە؟ پێت وایە نووسەر بابەتیانە باسی ژیانی کابرا دەکا؟ پێویستە نووسەر بابەتیانە بێ؟ بەرای تۆ چیرۆکەکە دادوەرانە نووسراوە؟ فاکتی گرینگی لە دەستداوە؟ لە کوێ سەرچاوەی رای خۆت دەدۆزییەوە لە چیرۆکەکە؟ ئێستە تەماشای چیرۆکەکە بکە و بەراوردی بکە لەگەڵ درافتەکانی پێش بڵاوبوونەو، (٢-٤) و بزانە نووسیار چۆن کاری لەسەر نووسینەکەی نووسەر کردووە.

## خاڵی سەرەکی و پێکهاتە

نووسەری ئەم چیرۆکە لە شتێک زیاتر دەکۆڵێتەوە، باس هەر تەنێ پیاوێکی پاڵەوان نییە کە جێی لە کۆمەڵگە نابێتەوە و ئازاد نییە بەپێی یاساکانی خۆی بژیت. ئەمە لەم رستەیەدا دیارە "ژیانی کێوی هەڵبژارد، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئەمرۆدا بزر بوو." ئاخۆ وەسفی نووسەر روونە: کابرای کردیتە پاڵەوان یان سەرسەری؟ لە هەندێ شوێن زۆر رێز لە کابرا دەنێ، ئاخۆ کار دەکاتە سەر کەسایەتیی پیاوەکە؟

نووسەر باسی ئەوەش دەکا چۆن خەڵکی تایبەت دەبن بەموڵکی گشتی بەهۆی رووداوگەلێک کە خۆیان هەڵی نابژێرن و باجێکی زۆر دەدەن. نووسەر خۆشحاڵە بەباسکردنی ژیانی کابرا کە کەس پێشتر باسی نەکردووە. تەنانەت کەسانی نێزیکی پیاوە مردووەکە قێز لە کۆتاییی توندوتیژی پیاوەکە دەکەن. بەڵام نووسەر بەشێوەیەکی تر باسی دەکا، ئاخۆ نووسەر سەرکەوتووە یان نا؟

رەنگە بگوترێ بەلایەک چیرۆکەکە سەرکەوتووە و بەلایەکی تریشدا ژێرکەوتوو. چیرۆکەکە زیاتر جەخت دەکاتە سەر رووداوگەلی بیست ساڵ لەمەوبەر، کە هەمووی باسی ئەکتەری سەرەکییە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو بەشەی ژیانی کابرا هەستیارە، خوێنەریش گەنجن و ئەمانەیان بیر نییە. ئاخۆ وتارەکەی تەنێ رووداوی مێژوویی کابرا نییە یەک بەدوای یەکدا ریز کراوە؟ پێت وایە نووسەر کارێکی باش یان خراپی کردووە؟ لەوانەیە نووسەر ئامانجی خۆی پێکابێت بەوەی کە راستە کابرا کارێکی خراپی کرد لە کۆتاییی ژیانی، بەڵام بەهۆی ئەو چیرۆکە خەڵک دڵی بۆ دەسووتێ و بەزەیی پێدا دێتەوە.

هەواڵی (١) ئەم وتارە بڵاوکراوەتەوە لە کۆواری FHM

ئەفسانە و کەوتن

رۆد ئانسل، پاڵەوانی ساڵی ١٩٨٧ و ئەو پیاوەی بووە هەوێنی دەرهێنەر پۆل هۆگان بۆ

فیلمی "تیمساحی دەندی"، وەک بکوژی پۆلیس کۆتایی هات. بۆچی؟

ساڵی ١٩٧٧ دنیا بۆ یەکەم جار گوێی لە رۆد ئانسل بوو، ئەوسا رۆبنسن کرۆزۆیەکی مۆدێرن بوو. ئەو پیاوەی هەشت هەفتە ژیا لە ژیانی کێویی هەرێمی باکور بەبێ ئاوی پاک و لەناو تیمساحان. لە ١٩٨٠ دیسان ئانسل بووە هەواڵێکی گەورە کاتێ کتێبێکی بەناوی "شەڕی کێوی" بڵاو کردووەوە، سەرکەشی و شارستانیەتیی جوان پێشاندا. مایەی تاسان بوو پیاوێکی وا هەبێ لە کۆتاییی سەدەی بیست. هەر یەکێکی تر با لە رۆژی یەکەم دەمرد، کاتێ تیمساحێکی زەبەلاح بەلەمەکەی وەرگەڕاند. بەڵام ئانسل ژیا. لە کتێبەکەی وەڵامی "بۆچی" دەداتەوە:

"هەموو پیاوێکی ئەم وڵاتە، ئەوانەی گا راو دەکەن و بەخێو دەکەن، پیاوانی دەواجن، هەر چییەک بن، هەموویان هەموو کات گرفتیان هەیە. بەڵام قەت باسی ناکەن. بەڕای پرسەکە ئەوهایە ئەگەر سەرکەوتی بەسەر یەکێکیان و بشمێنی ئەوانی تر هەمووی ئاوخواردنەوەیە. وەک ئەوەیە بچی تەقە لە کەنغەر بکەی. ناگەڕێیتەوە بڵێی یەک بستی مابوو لێی بدەم. گرتووتە یان نا. من بەم شێوەیە ژیانم بینی لەوێ. هەتا رۆژنامە بەچیرۆکەکە راگەیشت و زۆر شتی گۆڕی."

لە ١٩٨٤ لە بەرنامەی مایکل پارکینسن دەرکەوت، لەم بەرنامەیە دەرهێنا پۆل هۆگان بیرۆکەی تیمساحی دەندی بۆ دێ. پارکینسن لە تەواوی بەرنامەکەدا زەردەی دەهاتێ، لەبەرئەوەی ئانسل پێڵاوی لەبەردانەبوو. تاسان ئەو کاتە دەستی پێ کرد کاتێ گوتی لە هوتێلە نمرە یەکەکە لەسەر زەوی نووستووە نەک سەر سیسەم. گوتی زەوی لە واقیع نێزیکترە.

ئێستە لەگەڵ ماڵ و منداڵی دەژی لە وێستگەی میلالوکا، ١٤٠کم لە رۆهەڵاتی داروین، گەڕەکی "گا"یان لەلایەن حکومەتی هەرێمی باکور لە ١٩٨٤ تەرخان کراوە. لەژێر کەپر دەنووستن و بەئاگر چێشتیان لێ دەنا. چوار ساڵی برد تا خانووێکیان دروست کرد، لەبەر کات و پارە.

"بەڵام ئێواران بەبێ تیڤی چیتان دەکرد؟" پارکینسن پەرۆشانە پرسی، میوانەکەی ناچار کرد یەکێ لە فێڵەکانی ئاشکرا بکا.

دارستانەوان ناچار بوو پێنج سەنتییەک هەڵگرێتەوە بەددانەکانی لە کاتی شناوکردن بەیەک قۆڵ. لەوە سەیرتر ئەوە بوو هیچ یەکێ لە بینەران نەیانتوانی پارەکە هەڵگرنەوە دوای ئەوەی پێنج خولەک هەوڵیان دا.

دوا جار لە ئۆگەشتی ١٩٩٩ ناوی دەرکەوتەوە. وێنەکان ئاشنا بوون، بەڵام سەردێرەکان جیاواز بوون.

سەردێری وەک "تیمساحی راستەقینەی دەندی هاتە کوشتن" یان "دوا سەعاتەیلی پۆلیسکوژ" جمەی دەهات. دەگوترا ئانسل پۆلیس عەریف گلین هوتسنی کوشت کاتێ پۆلیس رێگەیان داخست و وەستاندیان بۆ گەڕان بەدوای دوو بکوژی تر.

ژیانی رۆد ئانسل بەسەرشۆڕی کۆتاییی هات. لە پاڵەوانی ناو دارستان بووە بکوژێکی بێگانە و پۆلیسێکی کوشت.

کاتێ یەکەم جار گەڕایەوە دوای بزربوونی لە فیتزمۆریس لە ١٩٧٧، رۆد ئانسل هیچ کەسی ئاگەدار نەکردەوە لەبارەی زیندوومانی. ئەو لە کتێبەکەیدا نووسی "هیچ مانای نەبوو بموگوتبا: ئەها دایکە دوو مانگ ئاسێ بووم لەناو دارستان." بەڕاستی هیچ مانای نەبوو. وەک ئەوەیە بڵێی "ئاگر" دوای سووتانی خانووەکە. بەڵام چیرۆکەکە ئەوەندە سەیر بوو خۆی هاتە دەرەوە.

لە مانگی پێنجی ئەو ساڵەدا ئانسل لەگەڵ دوو سەگەکەی چووە دەرەوە بۆ راوەماسی. پلانێکی وای نەبوو. بەدەسگیرانەکەی گوت بەرەو رووباری ڤیکتۆریا دەڕوا بەبەلەم و دوو مانگی پێ دەچێ.

لە ٢٢ ساڵییەوە ئەزموونی لەو شوێنە هەیە، چەندان جار لە تەمەنی ١٥ ساڵی چووەتە ئەو کوینسلاند لە ئوستراڵیا. شەپۆڵ هەر لە رۆژی یەکەمەوە دژی وەستانەوە. هەر کە بەلەمەکەی رووە و کەنار کرد دژی شەپۆڵەکان، "شتێکی گەورە" بەلەمەکەی سەراوژێر کرد. خۆی بەبەلەمە بچووکەکە گرتەوە و دوو سەگەکە و چەند شتێکی تری گرتەوە، کەلوپەلەکانی تر هەمووی بەسەر ئاو کەوتن. ئانسل سەرقاڵی دەربازکردنی ژیانی خۆی بوو و بەرەو رووباری فیتزمۆریس چوو. پاش سێ رۆژ لەناو ئاو کەوتە سەر کەنار، نێزیکترین ئاوەدانی ٢٠٠ کم دوور بوو لێی.

تازە دەستی کردبوو بەدەرهێنانی چەند کەلوپەلێک لە بەلەمەکەی کاتێ تیمساحێکی ٤,٨ مەتری هێرشی کردە سەری. "هەستی بەمن نەکرد،" ئانسل گوتی. "بەس یەکسەر بۆ لای ئێمە هات. کات رۆژی نیوەڕوانێ بوو. دەستم دایە تفەنگەکە و تەقەم لێ کرد. رەوشی سەگەکان زۆر خراپ بوو دوای ئەمە." ئانسل سەری تیمساحەکەی هەر بۆ یادگاری هەڵگرتووە. سەوڵێک، تفەنگێک، ٢٧ فیشەک، دوو چەقۆ، بەردێک و ستیلێکی پێ بوو لەگەڵ سێ قۆدی، یەکێکیان بەتاڵ و یەکێکیان تا نیوەی شەکری تێدابوو. بەدوو کراس، دوو شۆرت، پانتۆڵێک و قایش و جاکەتێک راگەیشت. پووتەکانی لەکیس چوون، کە بەدەگمەن لە پێی دەکردن، چەندان ساڵ بوو پووتی هەر لە پێ نەکردبوو.

لەو چەند هەفتەیە، ئانسل گای راو دەکرد بۆ گۆشت و خوێنیان، کە جێگرەوەی ئاو بوو. دەیزانی چۆن سەریان ببڕێ، گۆشتەکەی وشک دەکردەوە تا زۆر بمێننەوە.

جانتایەکی شازی دروست کرد بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلی راوکردن.

"گایەکی گەنجم بینی لەسەر رێم بۆ کامپ. کوشتم و گونەکانم بڕی. دوای دەرهێنانی کەلاکانی، وشکم کردەوە و کردم بەجانتا بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل."

باروتی یەکێ لە فیشەکەکانی بەکار هێنا بۆ کردنەوەی ئاگر و لەسەر درەختێک دەژیا دوور لە تیمساح، لەسەر لکی دارەکە مارێکی قاوەیی دەژیا. ئەو نووسی "زۆر گرینگی بەمن نەدا دوای ئەوەی بەمن راهات و منیش تخوونی نەدەکەوتم."

پەتێکی دروست کرد لە پێستی چێڵ. "پەتەکە بەکەڵک بوو، گوتم با هەر هەبێ ئەگەر بێو قاچێکم شکابا و راوم پێ نەکرابا، یان فیشەکم پێ نەمابا، دەمتوانی بەکاری بێنم بۆ گرتنی ئاژەڵ."

ئانسل هەموو بەیانییەک لەسەر دارەکە ئاگری دەکردەوە، بیرۆکەیەکی فەلسەفی بوو لەبارەی دەربازبوونی. وای دانابوو زۆر لەوێ دەمێنێتەوە، بۆیە فیشەکی زۆر خەسار نەدەکرد. زۆر ماندوو بووبوو ئێستە نەیدەتوانی بەناو دارستاندا را بکا، یان بەپێی بڕواتە دەرەوە لێی.

بیری کەسی نەدەکرد، ئەو وای گوت. "باشترین شت ئەوەیە پشت بەخۆت ببەستی. رەنگە لەبەرئەوە بووبێ راهاتبووم بەوێ، شتێکی لەم بابەتە... هەرچەندە بیرم لەوەدەکردەوە کە ئەگەر من وانەبوومایە ئێستە نەدەگەیشتم بەو رۆژەی تێی کەوتووم.

رۆژانی تەنیایی بەنووسینی شیعر بەرێ دەکرد. "شیعرم لەناو مێشکم دەنووسی،" ئەو نووسی، "لەبەرئەوەی هیچم نەبوو لەسەری بنووسم." شیعر، وەک دارستانەوانەکە، بێ دەرەتان بوو.

شەوانی لەسەر دار بەرێ دەکرد، تەماشای رەوەگورگی دەکرد ئاژەڵی تر دەکوژن. ئەو گوتی "گورگ راوکەری زۆر دڕندەن، بەڵام لوورەیان لەبەر تیشکی مانگ جوانترین شتە بۆ بیستن لەناو دارستاندا."

دوای پێنج هەفتە باڵەفڕەیەک هات. ئانسل بینی، بەدوای کەوت، تەماشای کرد تا ونبوو. ئەمە ئەژنۆی شکاند. "قسەنەکردن لەگەڵ کەس، لە بیرت دەچێتەوە تۆ کێی. کات مانای نەبوو لای من، وەک ئەوە وابوو لە بۆشاییدا بژی، بەس رۆژم دەژمارد،" ئەو نووسی.

پەرجوو ئاسا ئانسل دیترایەوە و دەربازی بوو. چوار پیاوی دەواجن ٢٠٠کم دوور لە وێستگەکە بەرێکەوت ئەویان بینی. ئانسل بەهیچ شێوەیەک تەوەقوعی ئەوەی نەدەکرد. دوای دوو مانگ، ئەو بیری دەکردەوە، ئەگەر خەڵک لێی بگەڕێن ئەوا دەچن لە رووباری ڤیکتۆریا لێی دەگەڕێن نەک فیتزمۆریس، لەبەرئەوەی کەوتبووە ئەوێ.

بەڵام ئەوان هاتن. ئانسل گوێی لە دەنگی زەنگوڵەی ئەسپ بوو لای رووبارەکە و بەرەو ئەوێ خشی. بەدوای شوێنپێی ئەسپەکان کەوت هەتا پیاوێکی بینی. باسی چیرۆکی بینینی ئەوان دەکا.

"گوتم رۆژ باش" و ئەویش گوتی، ئەتو چی دەکەی لێرە و بەرەو کوێ دەچی؟"

"بەختم نەیهێنا و بەلەمەکە حەفت هەفتە لەمەوبەر تێکشکا."

"دەزانی ئەمڕۆ چییە؟"

"نازانم ئەمڕۆ چییە،" ئانسل وەڵامی دایەوە.

بێ میزاج گەڕایەوە.

"یەکەم جار بەکەسم نەگوت چیم بەسەر هاتووە. باسم نەدەکرد، چونکە پێم وابوو گرینگ نەبوو. لەوانەیە من نەدەبا ئەوەم بەسەرهاتبا."

چیرۆکی ئانسل بوو بەسەردێر لە ئۆگەستی ١٩٧٧، ئەزموونی کرا بەفیلمێک بەناوی "شەڕی کێوی" دواتر کتێبەکەی نووسی چونکە، ئەو گوتی، پێویستی بەپارە بوو تا قەرزەکانی بداتەوە کەوتبوونە سەر لەو ماوەیەی بزر بووبوو. کتێبەکە بووە هۆی ئەوەی چەندان کەس دیمانەی بکەن وەک پارکینسن و سەردانی چەندان شاری تریشی کرد. بەپێچەوانەی بیرۆکەی ئانسل، ناوبانگی بووە هۆی لەدەستدانی ئەو رێزەی هەیبوو. ئەمە پێچەوانەی دەرهێنەر هۆگان و فیلمەکەی بەناوی تیمساحی دەندی بوو.

"سەلماندنی راستیی چیرۆکەکە زۆر گرینگ نییە. راستی و ناڕاستیش کاریگەریی هەیە لەسەر من، بەتایبەتی ئەوانەی لە کاردا لەگەڵمن یان دەمناسن. خەڵک لێرە فۆبیای هەیە لە میدیا دەرکەون. بۆیە بۆ من بەخاڕپە گەڕایەوە... لەبەرئەوەی وایان زانی کارێکی خراپ دەکەم لە میدیا دەردەکەوم."

رەتکردنەوەیەک بوو هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ نەبوو. دوای مقۆمقۆکە، ئانسل گەڕایەوە وێستگەی میلالوکا. چیپس ماکینۆلتی رۆژنامەوان، ئانسلی لە ١٩٨٠ بینی، گوتی ئەو کابرایەکی باش و خۆشەویستە. ئەوانی تر کەمتر کەیفیان پێ دەهات. ئەو دەڵێ "من فێر بووم کە کردار دەنگی لە وشە بەرزترە. هیچ مانایەک نابینم لەبارەی تاوتوێ و گفتوگۆ لەبارەی شتێک."

ئەگەر هەشتاکان بۆ ئەو باش بووبێ، لە ١٩٨٧ بەدارستانەوانی ساڵ ناسرا. شتەکان خراپتر بوون کاتێ بەرەبابی ئانسلییەکان ٣ هەزار گایان لەناو برد لەسەر زەویزاریان بۆ لەناوبردنی نەخۆشییەک. سێ خاوەن گا هەریەکە ١٠٠ هەزار دۆلاریان وەک قەرەبوو لە حکومەت وەرگرت. ئانسلییەکان وەریان نەگرت. گوتیان ئەوان رەخنەیان لە پلانەکە گرتووە، حکومەت گوتی قسەی ئەوان نەیخوارد. زەواج تێک چوو و لە

١٩٩٠ ئانسل خۆی هەڵبژارد بۆ ئەندام پەرلەمان، هەر تێ دەکۆشا لە پێناو لەناونەبردنی دەواجن. دۆڕاندی.

لە حوزەیرانی ١٩٩١ ئانسلییەکان ناچارکران شتیان بفرۆشن. "هەر من نەبووم کەوتم، تەواوی پیشەکە کەوت،" ئەو بەپەیامنێرانی گوت.

"ئەو بەتەواوی لێی هاتە دەرەوە،" بەڕێوەبەری هەنووکەی وێستگەی میلالوکا گوتی. کاتێ پۆل هۆگان لە فیلمەکەی لەسەر ئاستی دنیا سەرکەوت، ئانسل بردیە دادگە و داوای بەشی خۆی کرد. دووبارە دۆڕاندی.

راستییەکەی، تیمساحی دەندی چیرۆکی ئەو نەبوو. سەرەتا، هۆگان هەموو شتێکی بەکار هێنا کە دەچووەوە سەر ئەو پیاوەی "شەڕی کێوی" نووسی. تیمساحی دەندی کەوتە بەر دڵی خەڵکی و ویستر‌ا. ئانسل کۆمپانیای خۆی پێ باشتر بوو و ئەوانی تریش وەک ئەو بیریان دەکردەوە. لەوەش گرینگتر، کەسایەتیی هۆگان دەرکەوت و هەموو شتێک بەناوی ئەو رۆیشت. ئانسل، دەندی راستەقینە، هیچی پێبرا.

لە ١٩٩٢ بەدزینی ماڵات لە زەویوزاری دراوسێکەیان و هێرشکردنە سەر خاوەنی وێستگەکە هاتە گرتن، ئەو گوتی بەهەڵە دوو کیلۆمەتری لە وێستگە ٤٠ هەزار کیلۆمەتریە چوارگۆشەکەی دراوسێیان دابڕیوە، نەک دزی. بە٥٠٠ دۆلار غەرامە کرا و دوو ساڵیش لەژێر چاودێری، ئەوجا بەرەڵا کرا. بەڵێنی دا کۆڵ نەدا. "من دوو کوڕم هەیە و وا گەورە دەبن. هەردەم پێم گوتوون: "ئەگەر راست بژین و لانەدەن، ئەوا باش دەبن. من ناتوانم ئەوە بڵێم هەتا هەموو شتێک یەکلایی و روون نەکەمەوە."

لەوەتەی مردنی، میدیا ئاماژە بەوە دەکات کە ئانسل گۆڕابوو. هەندێ دەڵێن مادەی هۆشبەری بەکار دێنا. دەنگۆی تر هەیە. یەکێک بە رۆژنامەی ئوسترالیەتی گوت کە تاسا بەدوا مشتومڕی لەگەڵ ئانسل.

"سەری تراشیبوو و پووتی کاوبۆی لەبەر دەکرد. ئانسل هەردەم پێخواس بوو و پرچی درێژ بوو. دەیزانی من کێم و دەمزانی تەماشای دەکەم، بەڵام لەبری ئەوەی بڵێ "چۆنی هاسلی؟" کە هەر وای گوتووە، ئەم جارە هیچ قسەی نەکرد."

ئەفسەری لێکۆڵەر بڕیار دەدا چی وای لە رۆد ئانسل کرد بەو ئاراستەیەدا بڕوا. یەقین ئەوەیە پۆلیس بۆ ماوەی ١٢ سەعات بەدوایدا دەگەڕا دوای تەقەکردن لە دوو خاوەن موڵک. بەڵام تەوەقوعیان نەدەکرد چەکی پێ بێت لە رۆژی نیوڕوانێ لە کاتی داخستنی رێگە، جۆن دۆلبی مفەوەز گوتی "نازانم چی بڵێم لەبارەی پاڵنەری ئەو کابرایە. ئەگەر بیویستبا خۆی لە ئێمە بشارێتەوە ئاسان دەیتوانی، چونکە ئەو دارستانەوان بوو."

پۆل تووهی رۆژنامەوان وەسفی دیمەنی مردنەکەی کرد لە رۆژنامەی ئوسترالیەن:

"لەڕ لاواز و پەشێو، ڕۆد ئانسل ڕەنگی نەهامەتی لەسەر نیشتبوو. بەمردوو نەدەچوو. قەت بەوە نەدەچوو ژیانی ئانسل لە سبەینەی سێشەم ئاوا گۆڕا بێت. چەندان ساڵ چۆن ژیا بوو هەروا دەهاتە پێش چاو."

ڕووداوێکی گەورە بوو بۆ پیاوێک کە ڕۆژانێک بە ڕوحی دارستان ناسرا بوو. هاوکات ڕووداوێکی ناخۆشیش بوو بۆ گلین هوتسنی پۆلیس، باوکێکی گەنج، هاتە کوشتن کە لە ماوەی ٤٧ ساڵدا ئەوە یەکەم پۆلیسە بێتە کوشتن. سێی تر کەوتنە نەخۆشخانە. پاشان جیم ئۆبرایەنی پۆلیس، دوای ئەوەی بینی پۆلیسی هاوڕێی کەوتە خوار، ناچار بوو خۆی ئانسل بکوژێ.

لە هەر ساتێکی دوا سەعاتەکانی ئانسل، دەیتوانی ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرێ و خۆی بکوژێ، بەڵام وای نەکرد. ئەوە بوو گەشتی دارستانەوانی شاعیر. ئەگەر بێو لەگەڵ دارستان بجەنگابا دەیبردەوە، بەڵام دوا جار دۆڕاندنی لە تاریکیی دڵی خۆیدا، بەرەو پۆلیس چوو بۆ کۆتاهێنان بەژیانی.

درافتی یەکەم لە خوارەوە پێشان دراوە. ئەوەی سەرەوە هەمان ئەو کۆپییە لە کۆوارەکە دەیبینی و بڵاو کراوەتەوە. بەچەندان جار نووسیاریدا تێپەڕی تا گەیشتە ئەو ئاستەی سەرەوە.

هەواڵی (٢) یەکەم درافتی ئەوەی لەسەرەوە هاتووەتە بڵاوکردنەوە.

ژیانی ڕاستەقینەی تیمساحی دەندی و من چەند ساڵێک لەمەوبەر ئاگامان لەیەکترە.

من لە ساڵی ١٩٧٧ ڕۆد ئانسلم ناسی. پیاوێکی تا بڵێی چەلەنگ و دەسڕەنگین بوو.

ڕۆد ئانسل، پاڵەوانی ساڵی ١٩٨٧ و ئەو پیاوەی بووە هەوێنی دەرهێنەر پۆل هۆگان بۆ فیلمی "تیمساحی دەندی"، وەک بکوژی پۆلیس کۆتایی هات. بۆچی؟

ساڵی ١٩٧٧ دنیا بۆ یەکەم جار گوێی لە ڕۆد ئانسل بوو، ئەوسا ڕۆبنسن کرۆزۆیەکی مۆدێرن بوو. ئەو پیاوەی هەشت هەفتە ژیا لە ژیانی کێویی هەرێمی باکور بەبێ ئاوی پاک و لەناو تیمساحان. لە ١٩٨٠ دیسان ئانسل بووە هەواڵێکی گەورە کاتێ کتێبێکی بەناوی "شەڕی کێوی" بڵاو کردەوە، سەرکەشی و شارستانیەتیی جوان پێشان دا. مایەی تاسان بوو پیاوێکی وا هەبێ لە کۆتاییی سەدەی بیست. هەر یەکێکی تر با لە ڕۆژی یەکەم دەمرد، کاتێ تیمساحێکی زەبەلاح بەلەمەکەی وەرگەڕاند. بەڵام ئانسل ژیا. لە کتێبەکەی وەڵامی "بۆچی" دەداتەوە:

"هەموو پیاوێکی ئەم وڵاتە، ئەوانەی گا ڕاو دەکەن و بەخێو دەکەن، پیاوانی دەواجن، هەر چییەک بن، هەموویان هەموو دەم گرفتیان هەیە. بەڵام قەت باسی ناکەن. بەڕای پرسەکە ئەوهایە ئەگەر سەرکەوتی بەسەر یەکێکیان و بشمێنی ئەوانی تر هەمووی

ئاوخواردنەوەیە. وەک ئەوەیە بچی تەقە لە کەنغەر بکەی. ناگەڕێیتەوە بڵێی یەک بستی مابوو لێی بدەم. گرتووتە یان نا. من بەم شێوەیە ژیانم بینی لەوێ. هەتا رۆژنامە بەچیرۆکەکە راگەیشت و زۆر شتی گۆڕی."

ئێستە لەگەڵ ماڵ و منداڵی دەژی لە وێستگەی میلالوکا، ١٤٠کم لە رۆهەڵاتی داروین، گەڕەکی "گا"یان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی باکور لە ١٩٨٤ تەرخان کراوە. لەژێر کەپر دەنووستن و بەئاگر چێشتیان لێ دەنا. چوار ساڵی برد تا خانووێکیان دروست کرد، لەبەر کات و پارە.

بینیم لە ١٩٨٤ لە بەرنامەی مایکل پارکینسن دەرکەوت، لەم بەرنامەیە دەرهێنەر پۆل هۆگان بیرۆکەی تیمساحی دەندی بۆ دێ. پارکینسن لە تەواوی بەرنامەکەدا زەردەی دەهاتێ، چونکە ئانسل پێڵاوی لەبەردانەبوو. تاسان ئەو کاتە دەستی پێ کرد کاتێ گوتی لە هوتێلە نمرە یەکەکە لەسەر زەوی نووستووە نەک سەر سیسەم. گوتی زەوی لە واقیع نێزیکترە.

"بەڵام ئێواران بەبێ تیڤی چیتان دەکرد؟" پارکینسن پەرۆشانە پرسی، میوانەکەی ناچار کرد یەکێ لە فێڵەکانی ئاشکرا بکا.

دارستانەوان ناچار بوو پێنج سەنتییەک هەڵگرێتەوە بەددانەکانی لە کاتی شناوکردن بەیەک قۆڵ. لەوە سەیرتر ئەوە بوو هیچ یەکێ لە بینەران نەیانتوانی پارەکە هەڵگرنەوە دوای ئەوەی پێنج خولەک هەوڵیان دا.

دوا جار لە ئۆگەستی ١٩٩٩ ناوی دەرکەوتەوە. وێنەکان ئاشنا بوون، بەڵام سەردێرەکان جیاواز بوون.

سەردێری وەک "تیمساحی راستەقینەی دەندی هاتە کوشتن" یان "دوا سەعاتەیلی پۆلیسکوژ" جمەی دەهات. دەگوترا ئانسل پۆلیس عەریف گلین هوتسنی کوشت کاتێ پۆلیس رێگەیان داخست و وەستاندیان بۆ گەڕان بەدوای دوو بکوژی تر.

ژیانی رۆد ئانسل بەسەرشۆڕی کۆتاییی هات. لە پاڵەوانی ناو دارستان بووە بکوژێکی بێگانە و پۆلیسێکی کوشت.

کاتێ یەکەم جار گەڕایەوە دوای بزربوونی لە فیتزمۆریس لە ١٩٧٧، رۆد ئانسل هیچ کەسی ئاگەدار نەکردەوە لەبارەی زیندوومانی. ئەو لە کتێبەکەیدا نووسی "هیچ مانای نەبوو بمگوتبا: ئەها دایکە دوو مانگ ئاسێ بووم لەناو دارستان." بەڕاستی هیچ مانای نەبوو. وەک ئەوەیە بڵێی "ئاگر" دوای سووتانی خانووەکە. بەڵام چیرۆکەکە ئەوەندە سەیر بوو خۆی هاتە دەرەوە.

لە مانگی پێنجی ئەو ساڵەدا ئانسل لەگەڵ دوو سەگەکەی چووە دەرەوە بۆ راوەماسی. پلانێکی وای نەبوو. بەدەسگیرانەکەی گوت بەرەو رووباری ڤیکتۆریا دەڕوا بەبەلەم و

دوو مانگی پێ دەچێ.

لە ٢٢ ساڵییەوە ئەزموونی لەو شوێنە هەیە، چەندان جار لە تەمەنی ١٥ ساڵی چووەتە ئەو کوینسلاند لە ئوسترالیا. شەپۆڵ هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دژی وەستانەوە. هەر کە بەلەمەکەی ڕووەو کەنار کرد دژی شەپۆڵەکان، "شتێکی گەورە" بەلەمەکەی سەراوژێر کرد. خۆی بەبەلەمە بچووکەکە گرتەوە و دوو سەگەکە و چەند شتێکی تر گرتەوە، کەلوپەلەکانی تر هەمووی بەسەر ئاو کەوتن. ئانسل سەرقاڵی دەربازکردنی ژیانی خۆی بوو و بەرەو ڕووباری فیتزمۆریس چوو. پاش سێ ڕۆژ لەناو ئاو کەوتە سەر کەنار، نێزیکترین ئاوەدانی ٢٠٠ کم دوور بوو لێی.

تازە دەستی کردبوو بەدەرهێنانی چەند کەلوپەلێک لە بەلەمەکەی کاتێ تیمساحێکی ٤,٨ مەتری هێرشی کردە سەری. "هەستی بەمن نەکرد،" ئانسل گوتی. "بەس یەکسەر بۆ لای ئێمە هات. کات ڕۆژی نیوەڕوانێ بوو. دەستم دایە تفەنگەکە و تەقەم لێ کرد. ڕەوشی سەگەکان زۆر خراپ بوو دوای ئەمە." ئانسل سەری تیمساحەکەی هەر بۆ یادگاری هەڵگرتووە. سەوڵێک، تفەنگێک، ٢٧ فیشەک، دوو چەقۆ، بەردێک و ستیلێکی پێبوو لەگەڵ سێ قۆدی، یەکێکیان بەتاڵ و یەکێکیان تا نیوەی شەکری تێدابوو. بەدوو کراس، دوو شۆرت، پانتۆڵێک و قایش و جاکەتێک ڕاگەیشت. پووتەکانی لەکیس چوون، کە بەدەگمەن لەپێی دەکردن، چەندان ساڵ بوو پووتی هەر لە پێ نەکردبوو.

لەو چەند هەفتەیە، ئانسل گای ڕاو دەکرد بۆ گۆشت و خوێنیان، کە جێگرەوەی ئاو بوو. دەیزانی چۆن سەریان ببڕێ، گۆشتەکەی وشک دەکردەوە تا زۆر بمێننەوە. جانتایەکی شازی دروست کرد بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلی ڕاوکردن.

"گایەکی گەنجم بینی لەسەر ڕێم بۆ کامپ. کوشتم و گونەکانم بڕی. دوای دەرهێنانی کەلاکانی، وشکم کردەوە و کردم بەجانتا بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل."

باڕووتی یەکێ لە فیشەکەکانی بەکار هێنا بۆ کردنەوەی ئاگر و لەسەر درەختێک دەژیا دوور لە تیمساح، لەسەر لکی دارەکە مارێکی قاوەیی دەژیا. ئەو نووسی "زۆر گرینگی بەمن نەدا دوای ئەوەی بەمن ڕاهات و منیش تخوونی نەدەکەوتم."

پەتێکی دروست کرد لە پێستی چێڵ. "پەتەکە بەکەڵک بوو، گوتم با هەر هەبێ ئەگەر بێو قاچێکم شکابا و ڕاوم پێ نەکرابا، یان فیشەکم پێ نەمابا، دەمتوانی بەکاری بێنم بۆ گرتنی ئاژەڵ."

ئانسل هەموو بەیانییەک لەسەر دارەکە ئاگری دەکردەوە، بیرۆکەیەکی فەلسەفی بوو لەبارەی دەربازبوونی. وای دانابوو زۆر لەوێ دەمێنێتەوە، بۆیە فیشەکی زۆر خەسار نەدەکرد. زۆر ماندوو بووبوو ئێستە نەیدەتوانی بەناو دارستاندا ڕا بکا، یان بەپێی

بڕواتە دەرەوە لێی.

بیری کەسی نەدەکرد، ئەو وای گوت. "باشترین شت ئەوەیە پشت بەخۆت ببەستی. ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ ڕاهاتبووم بەوێ، شتێکی لەم بابەتە. هەرچەندە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر من وانەبوومایە ئێستە نەدەگەیشتم بەو ڕۆژەی تێی کەوتووم.

ڕۆژانی تەنیایی بەنووسینی شیعر بەڕێ دەکرد. "شیعرم لەناو مێشکم دەنووسی،" ئەو نووسی، "چونکە هیچم نەبوو لەسەری بنووسم." شیعر، وەک دارستانەوانەکە، بێ دەرەتان بوو.

شەوانی لەسەر دار بەڕێ دەکرد، تەماشای ڕەوەگورگی دەکرد ئاژەڵی تر دەکوژن. ئەو گوتی "گورگ ڕاوکەری زۆر دڕندەن، بەڵام لوورەیان لەبەر تیشکی مانگ جوانترین شتە بۆ بیستن لەناو دارستاندا."

دوای پێنج هەفتە باڵەفڕەیەک هات. ئانسل بینی، بەدوای کەوت، تەماشای کرد تا ونبوو. ئەمە ئەژنۆی شکاند. "قسەنەکردن لەگەڵ کەس، لە بیرت دەچێتەوە تۆ کێی. کات مانای نەبوو لای من، وەک ئەوە وابوو لە بۆشاییدا بژی، بەس ڕۆژم دەژمارد،" ئەو نووسی.

پەرجوو ئاسا ئانسل دیترایەوە و دەربازی بوو. چوار پیاوی دەواجن ٢٠٠کم دوور لە وێستگەکە بەڕێکەوت ئەویان بینی. ئانسل بەهیچ شێوەیەک تەوەقوعی ئەوەی نەدەکرد. دوای دوو مانگ، ئەو بیری دەکردەوە، ئەگەر خەڵک لێی بگەڕێن ئەوا دەچن لە ڕووباری ڤیکتۆریا لێی دەگەڕێن نەک فیتزمۆریس، لەبەرئەوەی کەوتبووە ئەوێ.

بەڵام ئەوان هاتن. ئانسل گوێی لە دەنگی زەنگوڵەی ئەسپ بوو لای ڕووبارەکە و بەرەو ئەوێ خشی. بەدوای شوێنپێی ئەسپەکان کەوت هەتا پیاوێکی بینی. باسی چیرۆکی بینینی ئەوان دەکا.

"گوتم ڕۆژ باش" و ئەویش گوتی، ئەتو چی دەکەی لێرە و بەرەو کوێ دەچی؟"

"بەختم نەیهێنا و بەلەمەکە حەفت هەفتە لەمەوبەر تێکشکا."

"دەزانی ئەمڕۆ چییە؟"

"نازانم ئەمڕۆ چییە،" ئانسل وەڵامی دایەوە.

بێ میزاج گەڕایەوە.

"یەکەم جار بەکەسم نەگوت چیم بەسەر هاتووە. باسم نەدەکرد، چونکە پێم وابوو گرینگ نەبوو. لەوانەیە من نەدەبا ئەوەم بەسەرهاتبا."

لە هەر ساتێکی دوا سەعاتەکانی ئانسل، دەیتوانی ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرێ و خۆی بکوژێ، بەڵام وای نەکرد. ئەوە بوو گەشتی دارستانەوانی شاعیر. ئەگەر بێو لەگەڵ

دارستان بجەنگابا دەیبردەوە، بەڵام دوا جار دۆڕاندنی لە تاریکیی دڵی خۆیدا، بەرەو پۆلیس چوو بۆ کۆتاهێنان بەژیانی.

"سەلماندنی راستیی چیرۆکەکە زۆر گرینگ نییە. راستی و ناڕاستیش کاریگەریی هەیە لەسەر من، بەتایبەتی ئەوانەی لە کاردا لەگەڵمن یان دەمناسن. خەڵک لێرە فۆبیای هەیە لە میدیا دەرکەون. بۆیە بۆ من بەخارپە گەڕایەوە، چونکە وایان زانی کارێکی خراپ دەکەم لە میدیا دەردەکەوم."

رەتکردنەوەیەک بوو هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ نەبوو. دوای مقۆمقۆکە، ئانسل گەڕایەوە وێستگەی میلالوکا. چیپس ماکینۆلتی رۆژنامەوان، ئانسلی لە ١٩٨٠ بینی، گوتی ئەو کابرایەکی باش و خۆشەویستە. ئەوانی تر کەمتر کەیفیان پێ دەهات. ئەو دەڵێ "من فێر بووم کە کردار دەنگی لە وشە بەرزترە. هیچ مانایەک نابینم لەبارەی تاوتوێ و گفتوگۆ لەبارەی شتێک."

ئەگەر هەشتاکان بۆ ئەو باش بووبێ، لە ١٩٨٧ بەدارستانەوانی ساڵ ناسرا. شتەکان خراپتر بوون کاتێ بەرەبابی ئانسلییەکان ٣ هەزار گایان لەناو برد لەسەر زەویزاریان بۆ لەناوبردنی نەخۆشییەک سێ خاوەن گا هەریەکە ١٠٠ هەزار دۆلاریان وەک قەرەبوو لە حکوومەت وەرگرت. ئانسلییەکان وەریان نەگرت. گوتیان ئەوان رەخنەیان لە پلانەکە گرتووە، حکوومەت گوتی قسەی ئەوان نەیخوارد. زەواج تێک چوو و لە ١٩٩٠ ئانسل خۆی هەڵبژارد بۆ ئەندام پەرلەمان، هەر تێ دەکۆشا لە پێناو لەناونەبردنی دەواجن. دۆڕاندی.

لە حوزەیرانی ١٩٩١ ئانسلییەکان ناچار کران شتیان بفرۆشن. "هەر من نەبووم کەوتم، تەواوی پیشەکە کەوت،" ئەو بەپەیامنێرانی گوت.

"ئەو بەتەواوی لێی هاتە دەرەوە،" بەڕێوەبەری هەنووکەی وێستگەی میلالوکا گوتی. کاتێ پۆل هۆگان لە فیلمەکەی لەسەر ئاستی دنیا سەرکەوت، ئانسل بردیە دادگە و داوای بەشی خۆی کرد. دووبارە دۆڕاندی.

راستییەکەی، تیمساحی دەندی چیرۆکی ئەو نەبوو. سەرەتا، هۆگان هەموو شتێکی بەکار هێنا کە دەچووەوە سەر ئەو پیاوەی "شەڕی کێوی" نووسی. تیمساحی دەندی کەوتە بەر دڵی خەڵکی و ویسترا. ئانسل کۆمپانیای خۆی پێ باشتر بوو و ئەوانی تریش وەک ئەو بیریان دەکردەوە. لەوەش گرینگتر، کەسایەتیی هۆگان دەرکەوت و هەموو شتێک بەناوی ئەو رۆیشت. ئانسل، دەندی راستەقینە، هیچی پێ برا.

لە ١٩٩٢ بەدزینی ماڵات لە زەویزاری دراوسێکەیان و هێرشکردنە سەر خاوەنی وێستگەکە هاتە گرتن. ئەو گوتی بەهەڵە دوو کیلۆمەتری لە وێستگە ٤٠ هەزار کیلۆمەترە چوارگۆشەکەی دراوسێیان دابڕیوە، نەک دزی. بە٥٠٠ دۆلار غەرامە کرا و

دوو ساڵیش لەژێر چاودێری، ئەوجا بەڕەڵا کرا. بەڵێنی دا کۆڵ نەدا. "من دوو کوڕم هەیە و وا گەورە دەبن. هەردەم پێم گوتوون: "ئەگەر راست بژین و لانەدەن، ئەوا باش دەبن. من ناتوانم ئەوە بڵێم هەتا هەموو شتێک یەکلایی و روون نەکەمەوە."

لەوەتەی مردنی، میدیا ئاماژە بەوە دەکات کە ئانسل گۆڕا بوو. هەندێ دەڵێن مادەی هۆشبەری بەکار دێنا. دەنگۆی تر هەیە. یەکێک بە رۆژنامەی ئوسترالیەتی گوت کە تاسا بەدوا مشتومڕی لەگەڵ ئانسل.

"سەری تراشیبوو و پووتی کاوبۆی لەبەر دەکرد. ئانسل هەردەم پێخواس بوو و پرچی درێژ بوو. دەیزانی من کێم و دەمزانی تەماشای دەکەم، بەڵام لەبری ئەوەی بڵێ "چۆنی هاسلی؟" کە هەر وای گوتووە، ئەم جارە هیچ قسەی نەکرد."

ئەفسەری لێکۆڵەر بڕیار دەدا چی وای لە رۆد ئانسل کرد بەو ئاراستەیەدا بڕوا. یەقین ئەوەیە پۆلیس بۆ ماوەی ١٢ سەعات بەدوایدا دەگەڕا دوای تەقەکردن لە دوو خاوەن موڵک. بەڵام تەوەقوعیان نەدەکرد چەکی پێ بێت لە رۆژی نیرِوانێ لە کاتی داخستنی رێگە، جۆن دۆلبی مفەوەز گوتی "نازانم چی بڵێم لەبارەی پاڵنەری ئەو کابرایە. ئەگەر بیویستبا خۆی لە ئێمە بشارێتەوە ئاسان دەیتوانیی چونکە ئەو دارستانەوان بوو."

چیرۆکی ئانسل بوو بەسەردێر لە ئۆگەستی ١٩٧٧، ئەزموونی کرا بەفیلمێک بەناوی "شەڕی کێوی" دواتر کتێبەکەی نووسی چونکە، ئەو گوتی، پێویستی بەپارە بوو تا قەرزەکانی بداتەوە کەوتبوونە سەر لەو ماوەیەی بزر بووبوو. کتێبەکە بووە هۆی ئەوەی چەندان کەس دیمانەی بکەن وەک پارکینسن و سەردانی چەندانی شاری تریشی کرد. بەپێچەوانەی بیرۆکەی ئانسل، ناوبانگی بووە هۆی لەدەستدانی ئەو رێزەی هەیبوو. ئەمە پێچەوانەی دەرهێنەر هۆگان و فیلمەکەی بەناوی تیمساحی دەندی بوو.

پۆل تووهی رۆژنامەوان وەسفی دیمەنی مردنەکەی کرد لە رۆژنامەی ئوسترالیەن:

"لەڕ لاواز و پەشێو، رۆد ئانسل رەنگی نەهامەتی لەسەر نیشتبوو. بەمردوو نەدەچوو. قەت بەوە نەدەچوو ژیانی ئانسل لە سبەینەی سێشەم ئاوا گۆڕا بێت. چەندان ساڵ چۆن ژیا بوو هەروا دەهات پێش چاو."

رووداوێکی گەورە بوو بۆ پیاوێک کە رۆژانێک بە روحی دارستان ناسرا بوو. هاوکات رووداوێکی ناخۆشیش بوو بۆ گلین هوتسنی پۆلیس، باوکێکی گەنج، هاتە کوشتن کە لە ماوەی ٤٧ ساڵدا ئەوە یەکەم پۆلیسە بێتە کوشتن. سێی تر کەوتنە نەخۆشخانە. پاشان جیم ئۆبرایەنی پۆلیس، دوای ئەوەی بینی پۆلیسی هاوڕێی کەوتە خوار، ناچار بوو خۆی ئانسل بکوژێ.

## ئەنجام

نووسیاری، لە تەواوی ئەم کتێبەدا باسی لێوە کراوە، پرۆسەیەکە خودی و دەوەستێتە سەر ئەزموونی نووسیارەکە. ئەگەر سەرنج بدەی ئەم بەشە پێمان دەڵێ پێش هەموو شتێ دەبێ خاڵی سەرەکی دیاری بکەی لە نووسین، ئەوجا داڕشتن و ڕێکخستن و گێڕانەوە. دوای ئەوە نووسەر خۆی بەکۆمەڵێک بڕین و زیادکردندا دەڕوا. بیرمان نەچێ هیچ نووسینێک کامل نییە و چەندان جار پاکنووسی دەوێ. زمان، دەربڕین، وێنە، هەڵبژاردنی فەرمان و ناو و ئاوەڵناو، هەموو ئەمانە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە پرۆسەی نووسیاری. کورتکردنەوە لایەنێکی تری گرینگی نووسیارییە، لە ڕێگەی وشەی کورت، ڕستەی کورت و پەرەگرافی مانادار دەبێ.

### خشتەی کارکردن لەگەڵ وشە

بابەتێکت لە گۆواری FHM هاتووەتە پەسەندکردن. گۆوارێکی ناودەوڵەتی سەرکەوتووی پیاوانە. بەڵام، پێش بڵاوکردنەوە نووسیارەکە دەیەوێ دەسکاری بابەتەکەت بکەیت بەچەندان ڕێگە. یەکەم، پێشنیازی گۆڕان دەکا لە دەنگی یەکەم کەس. پاشان داوات لێ دەکا زانیاری زیاتر بدەی لەبارەی سەرکەشییەکانی پێشوو. ئەوجا دەڵێ زۆر درێژە و کورتی بکەوە بۆ ٨٠٠ وشە. لە دوماهیدا، نووسیارەکە خۆیشی دەیبڕێ تا لە شوێنی دیاریکراو جێی دەبێتەوە. کامە پرۆسە بەکار دەبەی بۆ بڕینی چیرۆکەکەت بۆ بڵاوبوونەوە؟

↓

خاڵی سەرەکیی وتارەکە چییە؟

ئاخۆ خاڵەکە بەڕوونی دیاری کراوە؟

وتارەکە چ هەستێکت دەداتێ؟

چۆن خاڵەکە بنیات نراوە؟

ئاخۆ خاڵەکە بەفاکت پشتڕاست کراوە؟

خاڵەکە گونجاوە بۆ بڵاوکراوەکە (گۆوارەکە)؟

چۆن گۆڕان لە دەنگی یەکەمەوە بۆ دەنگی سێیەم کار لە خاڵەکە دەکا؟

↓

ڕەچاوی پێکهاتەکە بکە

هەولێرنامەی کتێب

ئاخۆ چیرۆکەکە ماناداره؟ بیرۆکەکان یەک بەدوای یەکدا دێن؟ ئاخۆ بەهۆی پرۆسەی نووسیارییەوە بۆشاییەکان پڕ کراونەتەوە؟ هیچ لایەنێکی گێڕانەوەکە ناڕوونە یان نادیارە؟

چۆن پێکهاتەی وتارەکە گۆڕاوە دوای نووسیاریکردن؟

ڕۆڵی نووسیار چییە؟ رای تۆ چییە لەسەر ئەو کارەی نووسیار کردوویەتی؟

↓

چۆن ستایلی گێڕانەوە بنیات نراوە؟

توخمەکانی گێڕانەوەکە چین؟ چی زیاد کراوە دوای نووسیاریکردن؟ بۆچی زیاد کراون؟ چی لابراوە؟

↓

سەرنج بدە ئەو زمانەی نووسەر بەکاری هێناوە؟

↓

چۆن وتارەکە نووسیاری کراوە؟

↓

نووسیارەکە چ گۆڕانێکی کردووە؟

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەیل:


Adam, S.G. (1993) Notes Towards a Definition of Journalism: Understanding an Old Craft as an Art Form. St. Petersburg, FL: The Poynter Institute for Media Studies.

Altschull, J.H. (1984) Agents of Power: The Role of the News Media in Human Affairs. New York: Longman.

Associated Press (2000) 'Poll: Four in 10 US journalists say they've softened tone.' News Report circulated on wire service 5 January 2000.

Bacon, W. (1999) 'What is a journalist in a university?' in T. Flew, J. Sternberg and C. Hippocrates (eds), Media Wars, Brisbane: Key Center for Culture and Policy, pp. 79–91.

Barr, T. (1977) Reflections of Reality. Melbourne: Rigby.

Black, J., Steele, B. and Barney, R. (eds) (1997) Doing Ethics in Journalism 3rd edn. Boston, MA: Allyn & Bacon.

Bok, S. (1978) Lying: Moral Choice in Public and Private Life. New York: Random House.

Boud, D. and Feletti, G. (eds) (1991) The Challenge of Problem Based Learning. London: Kogan Page.

Brady, J. (1977) The Craft of Interviewing. Cincinnati, OH: Writer's Digest.

Breen, M. (ed.) (1999) Journalism: Theory and Practice. Sydney: Macleay Press.

Breit, R. (1998) 'Legal pitfalls on the internet' in S. Quinn (ed.), Newsgathering on the Net. Winchelsea, Vic.: Precision Press.

Candlin, E.F. (1970) Teach Yourself Journalism. London: Teach Yourself Books.

Carey, J. (1998) Email transcript of interview with David McKnight, published on Jeanet discussion group.

Carlyon, L. (1982) Paper Chase: The Press under Examination. Melbourne: Herald & Weekly Times Ltd.

Chomsky, N. and Herman, E. (1988) Manufacturing Consent. New York: Pantheon

Books.

Christians, C., Rotzoll, K. and Fackler, M. (1987) Media Ethics: Cases and Moral Reasoning. New York: Longman.

Cohen, B.C. (1963) The Press and Foreign Policy. Princeton, NJ: Princeton University Press.

Conrad, J. (1983) Heart of Darkness. Harmondsworth: Penguin.

Cudlipp, H. (1980) The Prerogative of the Harlot: Press Barons and Power. London: The Bodley Head.

Didion, J. (1999) 'Last words: those Hemingway wrote, and those he didn't', The Australian Magazine, July 17–18.

Elliot, D. (1986) Responsible Journalism. Beverly Hills, CA: Sage.

Epstein E.J. (1977) Between Fact and Fiction: The Problem of Journalism. New York: Random House.

Evans, H. (1972) Newsman's English. Oxford: Heinemann.

Ewart, J. (1997) 'Journalists, readership and writing', Australian Studies in Journalism, University of Queensland, pp.83–103.

Flew, T., Sternberg, J. and Hippocrates, C. (1999) Media Wars. Brisbane: Australian Key Center for Culture and Media Policy.

Forde, S. (1999) 'Reinventing the public sphere: the Australian alternative press industry.' Unpublished PhD dissertation, Queensland: Griffith University.

Gaunt, P. (1990) Choosing the News: The Profit Factor in News Selection. New York: Greenwood Press.

Gibson, M.L. (1989) The Writer's Friend. Ames, IA: Iowa State University Press.

Grattan, M. (1998) Editorial Independence: An Outdated Concept? University of Queensland: Department of Journalism.

Greenwall, H.J. (1957) Northcliffe: Napoleon of Fleet Street. London: Wingate.

Gurevitch, M. (1990) Culture, Society and the Media. London: Routledge.

Hall, S. (1992) 'Discourse and power,' in S. Hall (ed.), Formations of Modernity. London: Polity Press.

Hartley, J. (1996) Popular Reality. London: Arnold.

Henningham, J. (1998) 'Australian journalists' attitudes to education', Australian Journalism Review, 20 (1): 77–90.

Hodgson, F.W. (1998) New Sub-Editing 3rd edn. Oxford: Butterworth-Heinemann.

Jervis, R. (1987) News Sense. Adelaide: Adelaide Newspapers Pty Ltd.

King, J. (1997) 'Principles, professionalism and philosophy', Australian Journalism Review, 19 (1): 19–34.

Koch, T. (1990) The News as Myth: Fact and Context in Journalism. New York: Greenwood Press.

Koch, T. (1991) Journalism for the 21st Century. New York: Praeger Publications.

هەواڵنامەی کتێب

Kolb, D. (1984) Experiential Learning: Experience in the Source of Learning and Development. Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall.

Langer, E.J. (1989) Mindfulness. Reading, MA: Perseus Books.

Lebacqz, K. (1986) Six Theories of Justice: Perspectives from Philosophical and Theological Ethics. Minneapolis: Augsburg Publishing House.

Leser, D. (1999) The Whites of Their Eyes: Profiles. Sydney: Allen & Unwin.

McGregor, C. (1983) Soundtrack for the Eighties. Sydney: Hodder & Stoughton.

McGuiness, P.J. (1999) 'Media studies, journalism and the Zeitgeist, Quadrant, March: 2–5.

McManus, J. (1994) Market-Driven Journalism: Let the Citizen Beware. Thousand Oaks, CA: Sage.

McQuail, D. (1994) Mass Communication Theory 3rd edn. London: Sage.

Malcolm, J. (1989) 'The journalist and the murderer', The New Yorker, March 1999.

Marshall, I. and Kingsbury, D. (1996) Media Realities: The News Media and Power in Australia. Melbourne: Longman.

MEAA (1997) Code of Ethics for Australian Journalists. Media, Entertainment and Arts Alliance, Australia.

Meadows, M. (1992) 'A sense of deja-vu – Canadian journalism ponders its future', Australian Journalism Review, 14 (2) July–Dec.

Meadows, M. (1997) 'Taking a problem-based learning approcah to journalism education', Asia Pacific Media Educator, No. 3, July.

Mencher, M. (1991) News Reporting & Writing. New York: W C Brown.

Nystrand, M. (1986) The Structure of Written Communication: Studies in Reciprocity Between

Writers and Readers. Orlando, FL: Academic Press.

Oakham, K.M. (1998) 'Kick it Karl: a jump start for journalism education', Australian Journalism Review, 20 (2): 24.

O'Donnell, P. (1999) 'Professional communicators or multimedia information traffickers?' Unpublished paper presented to the Journalism Education Association Annual Conference, Melbourne.

Paletz, D.L. and Entman, R.M. (1982) Media*Power*Politics. New York: Free Press.

Patterson, P. and Wilkins, L. (1994) Media Ethics: Issues and Cases 3rd edn. Dubuque, IA: McGraw-Hill.

Pavlik, J. (1998) 'Journalism ethics and new media', Media Ethics, 9 (2): 1–3.

Pearson, M. (1992) 'Identifying key competencies for journalists', Paper presented to the Journalism Education Association Annual Conference, Newcastle.

Pearson, M. (1994) 'Re-thinking quality in journalism education', Australian Journalism Review, 16 (2).

Perrin, A. (1995) ' Man who was bank's TV face dies of neglect' Sydney Morning Herald, January 10, p. 3.

Perry, R. and Ansell, R. (1980) To Fight the Wild. Sydney: Pegasus Books.

Ryle, G. (1960) Dilemmas. Cambridge: Cambridge University Press.

Samaritans (UK) (2000) 'Guide to reporting of suicide and mental illness', Samaritans.

www.samaritans.org.uk.

Schon, D.A. (1983) The Reflective Practitioner: How Professionals Think in Action. New York: Basic Books.

Schon, D.A. (1986) Educating the Reflective Practitioner. New York: Basic Books.

Schultz, J. (1994) Not Just Another Business: Journalism, Citizens and the Media. Sydney: Pluto Press.

Sellers, L. (1979) The Simple Sub's Book. London: Permagon Press.

Sheridan, L. (1977) 'Some first impressions' in Staff News, John Fairfax & Sons Pty Ltd, Sydney.

Sheridan Burns, L. (1995) 'Philosophy or frontline: a survey of journalism educators about teaching ethics', Australian Journalism Review, 17 (1): 1–10.

Sheridan Burns, L. (1996) 'Blocking the exits: focus on the decision in ethical decisionmaking', Australian Journalism Review, 18 (1): 87–99.

Sheridan Burns, L. (1996) 'From knowing how to being able', Teaching Review, 1 (1): 87–97.

Sheridan Burns, L. (1997) 'Problem-based learning: is it new jargon for something familiar?' Australian Journalism Review, 19 (1): 59–72.

Sheridan Burns, L. and Hazell, P. (1997) Response . . . Ability: Curriculum Materials for Journalism. National Youth Suicide Prevention Strategy University Curriculum

Project, Hunter Area Mental Health, Newcastle.

Sheridan Burns, L. (1999) 'The President's column', Australian Journalism Review,

21 (2): 4.

Sheridan Burns, L. (1999) 'The Legend and the Fall', FHM, Emap publications, Sydney, October.

Sheridan Burns, L. and Hazell, P. (1999) 'Youth suicide and the media's response . . . ability', Asia Pacific Media Educator, 6: 57–71.

Silk, M. (1991) 'Who will rewire America?' Columbia Journalism Review, May–June: 45–8.

Spitzberg, B.H. and Cupach, W.R. (1988) Handbook of Interpersonal Competence Research. New York: Springer-Verlag.

Splichal, S. and Sparks, C. (1994) Journalists for the 21st Century. Norwood, NJ: Ablex Publications.

Stephens, M. and Lanson, G. (1986) Writing and Reporting the News. Orlando FL: Holt, Reinhardt & Winston Inc.

Tapsall, S. (1998) 'Spreadsheets and databases' in S. Quinn (ed.), Newsgathering on the Net. Winchelsea, Vic.: Precision Press.

Tapsall, S. and Varley, C. (2001) Journalism: Theory in Practice. Sydney: Oxford University Press.

Thomas, R. (1999), Learning News Writing: A Process Intervention in a Product Setting, unpublished Master of Arts thesis. The University of Auckland.

Underwood, D. (1993) When MBAs Rule the Newsroom: How Markets and Managers are Shaping Today's Media. New York: Columbia University Press.

Warren, A. (1995) The Media Report. ABC Radio National, December 21.

White, S.A. (1992) Reporting in Australia. Melbourne: Macmillan.

Whitington, D. (1978) Strive to be Fair: An Unfinished Autobiography. Canberra: Australian National University Press.

Windschuttle, K. (1999) 'Cultural studies versus journalism', Quadrant, 15 (3): 11–20. Wolfe, T. (1975) The New Journalism. London: Pan Books.

# کۆمەڵگەی مەدەنی
# خەباتی مەدەنی

جین شارپ و رابێرت هێلوی

٢ – ٣

### تیۆری دەسەڵات سیاسی

وا بەزەین دەگا کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات(هێز)، خواستی سروشتی مرۆڤەکان، گرووپە ئینسانییەکان و کۆمەڵگەکانە. پێویستی بۆ بەدەسهێنانی هێز لەناو نەتەوەکان، حکوومەتەکان، شریکەکان و تەنانەت لە نێوان هاورێکانیشدا دەبێتە کێبەرکێ(١). رەنگە بۆ زۆربەی شارۆمەندان ئاشناترین شێوازی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هێز، ئەو نارەزایەتییە سیاسییانەیە کە لە دژکردەوەی خەڵک بە چۆنیەتیی دابەشکردنی داهات، مالیاتەکان و بەرنامەی ئابووریی حکوومەتەکان دەردەکەوێ. پارێزەرانی خانەی دادوەری، راوێژکارانی حقووقی، ئەندام پەرلەمانەکان و بەرپرسانی کارلێهاتووی پێوەندییە گشتییەکان، هەموویان هەوڵ دەدەن کە لە مافی موڵکەکانی خۆیان لە مالیات دانەکان و مالیاتی سەراسایی (عوارض) حکوومی بە بەستنی گرێبەستی قازانجدار بەرگری بکەن. لە هێندێ بابەتدا شێوەی بەکارهێنانی ئەو مالیاتەی لە خەڵک وەردەگیرێ پرسیارخوڵقێنە و بەرپرسانی حکوومی شێوەیەکی روون لە بەکارهێنانی ئەم مالیاتانە بە خەڵکی نادەن. بۆ نموونە چاوخشاندنێکی نسبی بەسەر بودجەی رێکخراوی بەرگری ئەمەریکا پێشاندەری بابەتگەلێکی زۆرە کە بەرپرسانی حکوومی دەستیان داوەتە تەیارکردنی ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە بەپاپۆر، فرۆکە و چەک و چۆڵێکەوە کە هیچ پێویست بەوانە ناکات، بەتایبەتی کە هێندێ لەو کەرستانە کە کڕیویانە، بریتین لە کەرەستەی چەکداری تەواو کۆنە، بە دارشتنێکی

.................................................................

وەرگێرانی لە فارسییەوە: تالیب قەیسەری

لاواز یان کەرەستەی ناپێویست. ئەو بوارانەی کە بەرپرسانی حکوومی دەیانەوێ سەرمایەگوزاری تێدا بکەن، دەتوانێ بەشێوەی نهێنی بێت و زانیارییەکانی بەتایبەتی بۆ زۆربەی خەڵک کە زانیارییەکی کەمیان لەسەر مەسەلە ستراتیجییە ناونەتەوەیی و ئەمنییەتییەکان هەیە بڵاو نەبێتەوە.

تەنانەت زۆرێک لەو بوارانەی کە ماڵیاتەکانی تێدا سەرف دەکرێن لەوانەیە بەهۆی ئەم بێ ئاگاییەوە، لەلایەن خەڵکەکەوە قبووڵ نەکرێ. لە هەر حاڵدا، چۆنیەتیی بەکارهێنانی ماڵیاتە کۆکراوەکان لەو بابەتە سیاسییە باس هەڵگرانە لە دیموکراسییەکاندایە و کاردانەوەی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ کۆنترۆڵ و کارتێکەری لەسەر هێزی دەسەڵاتدارانە.

تەنگژاویترین و دژوارترین شێوەی رووبەڕووبوونەوە لە نێوان خەڵک و حکوومەتدا لە وڵاتانی ئەفریقایی، ئاسیایی و جیهانی سێیەمدا کاتێک روودەدا کە خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان دەست دەدەنە خەبات و بەربەرەکانێ بۆ بەدەستەوە گرتنی هێزێک کە لە چنگ دەسەڵاتدایە تا بەجەماوەری کرد نەوەی هێز، بۆ چاکسازیی بەرنامەکانی خۆیان بەکاری بێنن؛ کە ئەمە زۆر بەربڵاوتر لە کێشەی نێوان خەڵک و پیاوانی رێژیم لەسەر مەسەلەی داهاتی "ماڵیات"ەکانە کە زۆرتر لەوڵاتە گەشەسەندووەکاندا روو دەدا. بە جەماوەری کردنەوەی هێز هەنگاوی یەکەمە لە رێگەی دیموکراسیدا. لەبەرئەوەی حکوومەتی دیموکراتیک، حکوومەتی کۆمەڵایەتیکردنی دەسەڵات (هێز)ی سیاسییە.

کاتێک دەسیلەی لەرزۆکی نێوان ئازادی و سەرەڕۆیی سەرەنجام لە ئاخرین سەنگەڵا (نەوەسان)دا، لەسەر بەربژاری سەرەڕۆیی دەوەستێ، بۆ خەڵکی ستەم لێکراو تەنیا هیوا، رزگاری لە بارودۆخی هەنووکەییە، بەڵام چۆنیەتیی گۆڕینی بارودۆخی هەنووکەیی و رێگەی رزگاریی لێی بەستراوەتەوە بە ئاگەداری خەڵک لە جەوهەری دەسەڵات و سەرچاوەکانی دابینکردنی دەسەڵات. بەهۆی پێویستیی ناسینی دەسەڵات و سەرچاوەکانی، لە درێژەدا سەرەتا پێناسەی دەسەڵاتی سیاسی و بەدوای ئەودا تیۆرییەکانی دەسەڵاتتان پێشان دەدەین.

هێزی سیاسی بە کۆمەڵە توانایی و تەوژمێک دەڵێن کە بۆ دیاریکردن و بەکارهێنانی سیاسەتە فەرمییەکانی کۆمەڵگە بەکار دێت. هێزی سیاسی لەوانەیە لەلایەن رێکخراوەکانی گرێدراو بە دەسەڵاتەوە بەکاربێت یان لەوانەیە بەپێچەوانەوە، لەلایەن گرووپ و رێکخراوەکانی دژبەری دەسەڵاتەوە بەکار بێت.

لەوانەیە هێزی سیاسی راستەوخۆ لە رووبەڕووبوونەوەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا بەکار بێت یان وەکو پاشەکەوتێک بۆ بارودۆخە تەنگژاوییەکانی داهاتوو هەڵدەگیرێت.

## تیۆری هێزی یەکدەست یان پاوانخواز

ئەم مودێلە، هێزی دەسەڵات بەشێوەی هێرەمی (پلەیی) پیشان دەدا کە هێزی دەسەڵاتداران لە لووتکەی هێرەمەکەدایە و بەهیچ کلۆنجێک گۆڕانی بەسەردا نایەت. لەم هێرەمەدا خاوەنانی هێز لەوانەیە بگۆڕدرێن، بەڵام پێکهاتەی دەسەڵات ئەوەندە پتەوە کە هەرگیز ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت و بێ لە بەرچاوگرتنی پێکهاتەی دەسەڵات و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی، هیچ جۆرە مەیلێک بۆ ئاڵوگۆڕی پێکهاتەیی قبووڵ ناکات. ئەم تیۆرییە لەسەر ئەم بنەوایەیە کە خەڵک بە پشتیوانی و بڕیاراتی خاوەنانی دەسەڵاتەوە بەستراونەتەوە و ئەوانن کە چاکە و خراپەی خەڵک و چۆنیەتیی بەکارهێنانی هێز لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن. بەشێوەیەکی باش خاوەن هێز لەم پێکهاتەیەدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ڕێک و پێک و یاساییەوە لەسەر کار لادەبرێ بەڵام توخمە سەرەکییەکان و پرۆسەکەی نەگۆڕن (تەنیا شکڵ و شێواز دەگۆڕدرێن).

لەسەر بنەوای ئەم هەقیقەتە کە لە زۆربەی ڕێژیمە ستەمکارەکاندا هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ، بەڵام ئاکامەکە ی لە پێشدا دیاری دەکرێ و هەموو شێوازی هەڵبژاردنەکە لە کۆنترۆڵ دایە؛ وەکو حکوومەتی جەنەڕاڵ (نوین) لە"برمە" و ڕابێرت موگابە لە"زیمبابوە" و ئەحمەدی نەژاد لە ئێران کە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان[١] بە بەشێک لە جەستەی ئەو هەڵبژاردنانە دەزانن[٢].

ئەوپەڕ هیوای حکوومەتە سەرەڕۆکان ئەوەیە کە خەڵک (تەنانەت بە زۆر) لەگەڵ چییەتی پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتەدا بێنەوە و قبووڵی بکەن. هەقیقەتی ڕوون ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی پاوانخواز بۆیە هێز و توانا بەتوندوتۆڵی لە چنگ خۆیان ڕادەگرن کە بتوانن بەو کەرستە خەڵکەکە بەپێچەوانەی ویستی دەروونی خۆیان، ناچار بە قبووڵی حکوومەت بکەن و بەم جۆرە دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن. زەخت و کەڵەگاییکردن لەم مودێلی هێزەدا، وەکو هەوەڵین و یاساییترین کەرستەیە بۆ سەپاندنی ژێردەستیی[٣]. سەدەی بیستەم پڕە لەم نموونانە؛ لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ی ز. ژوزێف ئیستالین ڕێبەری یەکەتیی جەماهیری شورەوی نێزیک بە بیست ملیۆن کەس کە پێ دەچوو لە دژبەرانی ڕاستەقینە و پەنگراوی دەسەڵاتی ئەو بن کوشت. جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی شورەوی لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی لە گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیادا کوژران. ئەم نموونانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە قۆرغبوونی هێز لەدەست گرووپێکی تایبەتیدا و نەبوونی دەرەتانی ڕەخنە و پرسیار لە حکوومەت چ کارەساتێکی مرۆیی بەدواوە دەبێت.

بۆ کۆتاییهێنان بە حکوومەتە سەرەڕۆکان لە چوارچێوەی خەباتی ناتوندوتیژیدا، دەبێ خەڵک بە ڕوونی مانای هێرەمی یەکدەستی دەسەڵات بزانن و پاشان بە پێکهاتەیەکی سەرتر لەو، لەباتی ئەوەی دەسەڵات بە شێوەی پاوانکراو لەدەست حکوومەتدا بێت، بیر لە دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی یەکسان بکەنەوە.

ئەم مـودێلە سـەرەڕای ئەوەی کـە خـەڵک بـە بیـرکـردنەوە لـەسـەر ئەم بابەتە هـان دەدا کـە چۆن دەسـەڵاتدارانی سـەرەڕۆ هێـزیان لە باوەش گـرتووە و بـە تەنیـا پاوانیـان کـردووە، هـەروەها ڕێ نیشـاندەرێکیشـە بۆ بیرکردنەوە لەم بابەتە کە چاکسـازیی سیاسـی یان گۆڕینی دەسـەڵاتدارانی سـەرەڕۆ لەگـەڵ چ تەنگوچەڵەمـەیەکی تاقـەت پڕوکـێنـدا ڕووبەڕووە، بەم مـانا کـە لەلایەکـەوە ئەم دەسـەڵاتدارانە بەهۆی قۆرغکردنی هێز یان دەسـەڵات زۆر بەهێز و بەتوانا دەبنەوە و لە سۆنگەیەکی تریشـەوە ڕێکخـراوە مـەدەنی و هێـزە کۆمـەڵایەتییـەکان بەهـۆی بەشداری نـەکردنی سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتییـەوە، گـیـرۆدەی بێ توانایی و ناکـارامـەیی دەبنەوە و ئەو جـۆرەی کـە دەبێ نـاتوانن پاڵەپەسـتۆ بخەنە سـەر دەسـەڵات. لە مـودێلی هێرەمی دەسـەڵاتدا بەهۆی کۆبوونەوەی هێز لەدەست حکوومـەتدا، چاکسـازیی پێویستی بە شـرۆڤەیەکی بەربڵاو لەمودێلی هێز و ناسـینیی هـەیە و بەبێ ئەم ناسـینە خـەبات زۆر ئەسـتـەم دەبێت، کە ئەمە خـۆی خـاڵێکی گـرینگ بۆ ئەو کـەسـانە دەبێت کـە خـەون بـە چاکسـازییەوە دەبینن، تا بە سـەرنجدان بەم مـۆدێلە، خـەونەکانی خـۆیان بە کـێشـانی پلانێک لە جۆرێکی تر لە دەسەڵات بهێننە دی، کە هـەر هـەمـان مودێلی "پلۆڕالیزم"ە و بەپێچەوانەی جۆری قۆرغکراو و ناوەندگەرا، دەسـەڵات لە پانتاییی کۆمەڵگەدا دابەش دەکا.

مودێلی دەسەڵاتی پاوانکراو

| |
|---|
| دەسـەڵات<br>ڕەخنە هەڵنەگر<br>گۆڕان و چاکسازی هەڵنەگر |
| خەڵک<br>بەستراوە بە دەسـەڵات<br>ناچار بە سـەردانەواندنی بێ ئەملاوئەولا<br>نەبوونی دەسـەڵاتی ڕەخنەگرتن |

## مودێل (جۆری) دابەشکردنی دەسەڵاتی پلۆڕالیزم

مـودێلێکی تر کـە یارمـەتی زۆر بـە ناسـینی جـەوهـەری دەسـەڵات دەکـات، مـودێلی دابەشـکردنی دەسـەڵاتی پلۆڕالیزمە. بەپێچـەوانەی مودێلی پاوانخواز کە دەسەڵات بە پێکهاتەیەکی یەکگرتوو و چڕبووەوە لە لووتکەی پلەی دەسـەڵاتدایە و بەهیچ کلۆنجێک ناگۆڕدرێت، ئەم شێوازە، دەسـەڵات لە پانتاییی کۆمـەڵگەدا دابـەش دەکات و بـە بڵاوکردنەوەی لە نێوان ڕێکخـراوە جـۆراوجـۆرە خـەڵکی و حکوومـیـیـەکـاندا، لە دروسـتـبـوونی دەسـەڵاتێکی سـەرەڕۆ و ڕەخنـە هەڵنەگر پێشگیری دەکا. لەم مودێلەدا، دەسەڵات زۆرینەخواز و لەرزۆکە[1].

لەم مودێلەدا، دەسەلات لە توێخە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا بلاو دەبێتەوە و دەسەلاتداران تەنیا لە بابەتگەلێکدا دەتوانن دەسەلاتی خۆیان بەکار بێنن کە خەڵک ئیزنیان پێ دەدەن، بەواتایەکی تر دەسەلاتداران تەنیا لەسەر ئیزنی خەڵک و هاوکاری ئەوانە کە دەتوانن بە سەر کۆمەڵگەدا حکوومەت بکەن. ئەم هاوکاریکردنە دەتوانێ مەیلی یان بە زۆر یان ئاکامی کەمتەرخەمی و سەرنج نەدانی خەڵک یان تەنانەت بەهۆی کارتێکەری فەرهەنگی گوێڕایەڵییەوە بێت، بەلام لە هەر حاڵدا خاڵی سەرنجراکێش ئەمەیە کە بەهۆی دابەشبوونی دەسەلات لە نێوان خەڵک و کۆمەڵگەدا، ئەگەر بێتو خەڵک لە کردەوەی دەسەلاتداران رازی نەبن، دەتوانن لە هاوکاریکردنیی خۆببوێرن و لە دابینکردنی سەرچاوەکانی هێزی دەسەلات پارێز کەن. لەبەرئەوەی لەم مودێلەدا دەسەلات وەکو ئەمانەتێک وایە کە خەڵک دەیدەنە دەست بەرپرسانی حکوومەتەوە و لە شیمانەی نەشیاوبوونیدا، وەری دەگرنەوە.

ئەم مودێلی دەسەلاتە لە بەراورد دەگەڵ مودێلی پاوانخوازدا لە دەسەلاتدارێتییەکی زۆرتر بەهرەمەندە، لەبەرئەوەی بناخەکانی ئەم دەسەلاتە خەڵکن.

سەرچاوەکانی دەسەلات بەگشتی دەتوانین شەش سەرچاوەی گشتی بۆ دابینکردنی هێزی حکوومەت ناو ببەین، کە لە ڕاستیدا بنەوای هێزی سیاسیی دەسەلاتن، وەکو رەوایی (کە لە مافی دەنگدانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ)، سەرچاوە ئینسانییەکان، زانست و شارەزایی، هۆکارە نادیارەکان، سەرچاوە ماڵییەکان و یاساغکردنەکان.

ئاخێزگەی تێکرا سەرچاوەکانی هێز خەڵکن. هەریەک لەم سەرچاوانە بە وەرگرتن، هاوکاری و پێڕەویکردنی خەڵک و رێکخراوەکانی خەڵکییەوە وابەستەیی زۆریان هەیە و دەسەلاتی سیاسیی حکوومەتیش بە ڕادە و هێزی ئەم سەرچاوانەوە پێوەندی هەیە کە لەلایەن خەڵکەوە دابین دەکرێ. کاتێک کە دابینکردنی ئەم سەرچاوانە لەلایەن خەڵکەوە کەم بێتەوە یان ببردرێ حکوومەت تووشی شپرزەیی یان رووخان دەبێ.

لە درێژەدا، سەرچاوەکانی هێز بەشێوەی روون لێکدراوەتەوە و چۆنیەتیی کاریگەرییان لەسەر دەسەلات و پووچەڵکردنەوەی باس کراوە. سەرچاوەکانی هێز (دەسەلات) لەناو دامەزراوە و رێکخراوە جەماوەرییەکاندا کە پێیان دەڵێن "تەکیەگەی دەسەلات" دەردەکەون، تەکیەگەی دەسەلات لە بەشی سێیەمدا شرۆڤە دەکرێ.

١- رەوایی

بنەوای سەرەکیی بانگەشەی بوونی مافی دەسەلاتداریەتی و داخوازی لە خەڵک بۆ بەرفەرمانی رەواییە. زۆرجار ئاکامی هەڵبژاردنەکان وەکو تۆکمەترین بەڵگە بۆ سەلماندنی لێهاتوویی بۆ حکوومەت کردن لە بەرچاو دەگیرێ. هەر بەم بۆنەیەوەیە کە حکوومەتە سەرەڕۆکان، چاودێرییەکی زۆر بەسەر هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و هەڵبژاردنێکی پاوانکراو، بە سندووقە نهێنییەکانیانەوە

بەڕێوە دەبەن و بە شێوازی جۆراوجۆر زەندەقی دەنگدەران دەبەن، چالاکییەکانی هەڵبژاردن بۆ دژبەرانی خۆیان سنووردار دەکەنەوە و لە راگەیاندنی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانە کە بە زیانیان شکاوەتەوە خۆدەپارێزن. یاساییبوون بۆ هەر حکوومەتێک هەقیقەتێکی زۆر گرینگە، ئەم مەسەلە کە حکوومەتێک لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە یان ئەوەی کە نایاساییە، بەرەنجامگەلێکی زۆر جیدی لە ئاستی ناوخۆیی و ناونەتەوەییدا بۆ دەسەڵاتداران بەدواوە دەبێ.

لە ئاستی ناوخۆییدا لەدەستدانی ئابڕووی یاسایی رواڵەتی، پوانێکی گرینگ بۆ رەوایی پێدان بە گرووپە سیاسییە دژبەرەکان لە قەڵەم دەدرێ. گرووپە سیاسییەکانی دژبەری حکوومەت، بە پشتبەستن بە مانای وشەی (بەڵێنی خەڵکی) ئەم خاڵە وەبیر خەڵک دێننەوە کە رێژیم نایاسایی ئەم پرەنسیپە بنەڕەتییە پێشێل دەکا و ئیتر هیچ بەڵگەیەک بۆ درێژەی هاوکاریکردنی خەڵک لەگەڵ رێژیم و پشتیوانیکردن لێی نەماوە.

لە گۆشەنیکای دەرەکییەوە، نەبوونی رەوایی و یاسایی نەبوونی رێژیم دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی بۆ تەمێکردنی، کە هێندێ گەمارۆی ئابووری و سیاسی بخەنەسەری بە کۆدەنگی بگەن. گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم حکوومەتانە لاواز بن. ئەم مەسەلە بۆ رێژیمی رەگەز پەرستی ئافریقای باشوور و دیکتاتۆری برمە رووی داوە. هەڵپەساردنی زیمبابووە لە کۆی وڵاتە هاوبەرژەوەندەکانی ژێرپارێزگاری بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٢ی ز. کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئەم وڵاتە بوو تا ئەو جێگەیە کە لە وەرگرتنی ئەم حکوومەتە وەکو ئەندامێک لە کۆی وڵاتە تازە بە سەربەخۆیی گەیشتووە دیموکراتیکەکان خۆیان پاراست. سەرەڕای ئەمە، گرووپە سیاسییە دژبەرەکانی رێژیم لە بارودۆخێکدا کە حکوومەت رەوایی خۆی لەدەست دابێ، لە ئاستی ناونەتەوەییدا بەئاسانی دەتوانن بۆ وەرگرتنی یارمەتییە ماڵی و مەعنەوییەکان هەنگاو هەڵێننەوە.

کەوابوو رەوایی برێتییە لە دەسەڵاتداری و مافێ کە لەسەر بنەوای ئەو، دەسەڵاتدار دەتوانێ، دادوەرییەکان، بڕیاردانەکان، تیۆرییەکان و شێوەی هەڵسوکەوتی تاکەکان و رێکخراوە جەماوەرییەکان رێنوێنی بکات. خەڵک بە پشتیوانیکردنی خۆیان رەوایی بە دەسەڵات دەدەن و دوای بەفەرمی ناسینی دەسەڵات، لە دەستوور و یاساگەلێک پێڕەوی دەکەن کە لەلایەن دەسەڵات و بەیارمەتیی نوێنەران و رێکخراوە جەماوەرییەکان پەسندکراون و سەرەنجام لەگەڵ حکوومەتدا هاوکاری دەکەن.

رەوایی سەرچاوەی سەرەکیی هێزی سیاسیی دەسەڵاتدارە، بەڵام بەمانای دەسەڵات (هێز)ی سیاسی نییە.

٢- سەرچاوە ئینسانییەکان

نیشاندەری ژمارەی تاک و ئەو گرووپانەیە کە لە"یاسادانەر" (بەمانای دەسەڵاتێک کە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبا) پێڕەوی دەکەن و لەگەڵیدا هاوکاری دەکەن، یان لە بەڕێوەبردنی خواستەکانیدا یارمەتی دەدەن. سەرچاوە ئینسانییەکان بریتین لە بەشێک لەم جۆرە کەسانە یان گرووپگەلێک لە خەڵکن بە لە بەرچاوگرتنی رێژە، پلە کۆمەڵایەتییەکان و رادەی ئەو سەربەخۆیییەی کە ل هدەسەڵات هەیانە. هێزی یاسادانەر کاریگەریی خۆی لە دەستراگەیشتن بەو سەرچاوە ئینسانییانەوە وەرگرتووە کە یەکێک لە سەرچاوەکانی هێزی سیاسی پێک دێنێ.

رێژەی ئەو کەسانەی لە رێژیم پشتیوانی یان لەگەڵیدا هاوکاری دەکەن یان بەهەر شێوەیەک بەکەڵکن، یەکێک لە سەرچاوەکانی دابینکردنی هێزی دەسەڵاتن. ئەم چەمکە بەو مانایە نییە کە ئەگەر زۆربەی خەڵک لەو دەسەڵاتدارانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە ناڕازی بوون، گۆڕینی حکوومەت کارێکی سەلمێنراو و بەڵگەنەویستە، بگرە تەنیا بەم مانایەیە کە ئەگەری گۆڕینی رێژیم هەیە. مێژوو پڕە لە دەسەڵاتی کەمینە بەسەر زۆرینەی خەڵکی ناڕازیدا. بەڵام کاتێک زۆربەی خەڵکەکە ناڕازین و لە درێژەدان بە هاوکاری و بەرفەرمانی خۆدەبوێرن، ئەو کات بە بەرنامەرێژییەکی رێک و پێک و خەباتی ئاشتیخوازانە دەتوانن حکوومەتەکان سەرەوژێرکەن. لە خەبات بۆ بەدیهاتنی دیموکراسی ئەو بەشە لە خەڵک گرینگییان هەیە کە خوازیاری بەدەستهێنانی دیموکراسین.

٣- زانست و شارەزایی

لە ئەمرۆدا حکوومەت کردن زیاتر لە هەر کاتێکی تر دژوار و پسپۆڕانە بووەتەوە. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، سەرکۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکو بەهێزترین سەرکۆماری دنیا دەناسرێ، بەڵام ئەم بەهێزترین دەسەڵاتدارە، لەسەر پاراستنی فرۆکەکان، بەرنامەرێژی کاتی فڕین، بەڕێوەبەری بازرگانی دەریایی، رێنوێنیکردنی پشکنینە جینایییەکان، کۆکردنەوەی ماڵیات، داڕشتنی پلانی شەڕ، دابەشکردنی خۆراک، گەشە و سەرپەرستی هێڵی پێوەندییەکان و بوارە تایبەتییەکانی تردا زانیارییەکی کەمیان هەیە یان هیچ زانیارییەکیان نییە. خاڵی گرینگ ئەمەیە کە ئەو زانست و پسپۆڕییەی کە خەڵک بۆ بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە لە ئاست و شێوازی جۆراوجۆردا پێکی دێنن، بە دەسەڵاتداران وزە دەبەخشێ تا وڵات بەڕێوە بەرن و بە بێ بوونی زانست و ئەو پسپۆڕییەی کە لەلایەن خەڵکەوە ئامادە دەکرێ، دەسەڵاتداران ناتوانن کۆمەڵگە سەروسامان و رێک و پێک بکەن.

کەوابوو زانست و شارەزایی یەکێک لە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسییە. هێزی حکوومەت لە رێگەی پسپۆڕییەکان، تێکنیک و ئەو تواناییەی کە تاکەکان و گرووپەکانی کۆمەڵگە (سەرچاوە ئینسانییەکان) هەیانە و هەروەها لە پێوەندی نێوان ئەوان دابین دەکرێ.

### ٤- هۆکارە نادیارەکان

هۆکارە نادیارەکان بریتین لە ئاین، بیروباوەڕی دەروونیی تاکەکان و تێگەیشتنی ئەوان لەبەرفەرمانی(گوێڕایەڵی) و پێڕەویکردن لە دەسەڵاتداران، هەست بەبەرپرسایەتیکردنی خەڵک و بایەخە فەرهەنگییەکان.

هەڵبەت روونکردنەوەی رادەی گرینگیی هەریەک لەم بابەتانە دژوارە، بەڵام ئەم بابەتانە لەسەر چۆنیەتیی پێوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران کارتێکەری زۆریان هەیە. بۆ نموونە هۆکارێک کە بووەتە هۆی مانەوەی حکوومەتی کڵێسا لە قۆناخێکی سەردەمی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئاکامی باوەڕی خەڵک بەم بابەتە بووە کە کشیشەکان نوێنەرانی خوا لەسەر زەوین و سەرپێچی لە فەرمانی کلیسا لە راستیدا بێ ئەمری و بێ ئیمانی بە خوایە. یان لە وڵاتی ژاپۆندا خەڵک وا بیریان دەکردەوە کە ئیمپراتۆر خاوەن خەسڵەتی خواپاوشاییە[١].

لەو کۆمەڵگایانەدا کە خەڵک خاوەن وەها بیروباوەڕێکن، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراتیک زۆر ئەستەمە. لە سەدەی بیستەمدا نموونەگەلێک لە تێکەڵکردنی ئیسلام وەکو ئاین لەگەڵ هێزی سیاسیی دەسەڵاتداردا (بەشێوە تەریتییەکەی) بووە. هەموو ئەم بابەتانە لە بناخەڕا هاومانان لەگەڵ ئەم بیروباوەڕەدا کە" هەموو شتێک رادەست و فیدای خواستی سەرکردەکان کەن، لەبەرئەوەی هەموو شتێک سەربەوانە" لەسەر بنەوای ئەم باوەڕە بەرژەوەندیی تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە خراوەتە دوای بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانەوە و خەڵکیش لەژێر سێبەری ئایینی و خوایی ئەواندا ژیان دەکەن. لە حاڵێکدا بیرۆکەی دیموکراسی لەسەر بنەوای ئەم باوەڕەیە کە دەسەڵاتی دەسەڵاتداران ئەمانەتێکە کە لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەی کاتی بەوان دراوە و هیچ تاک یان گرووپێک بەهیچ پاساو یان ئیدیعایەک ناتوانێ ئەم دەسەڵاتە کەسێنی و تاکی کاتەوە.

### ٥- سەرچاوە مادی وماڵییەکان

سەرچاوە مادییەکان یەکێکی تر لە چاوگەکانی دەسەڵاتی سیاسییە و لەسەر داراییەکان، سەرچاوە سروشتییەکان، سەرچاوە پووڵییەکان، سیستەمی ئابووری، داهاتی کۆمەڵگە و شێوازەکانی ئاڵوگۆڕکردن ئاماژەی هەیە. ئەو رادە کە یاسادانەر لەسەر ئەم سەرچاوانە کۆنترۆڵی هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی رادە یان چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادانەر کاریگەرە.

بەکۆبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری لەدەست حکوومەتدا و نەبوونی نوێڵی ئابووری لەدەست خەڵکدا، دەسەڵاتداران دەتوانن لەم هێزە بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر خەڵک لە بابەتە سیاسییەکاندا کەڵک وەرگرن و خەڵکیش کەمتر دەتوانن بە ئامرازی ئابووری لە مافی خۆیان بەرگری بکەن، لەبەرئەوەی ئەم کەرەستەیە لەدەستی دەسەڵاتداران دایە. هەرچی حکوومەت لە کاروبارە ئابوورییەکاندا کەمتر دەستێوەردان بکا و خەڵکیش زۆرتر دەستبەسەر ئەم کارانەدا بگرن، لە کاتە تەنگژاوییەکاندا، خەڵک و رێکخراوە مەدەنییەکان باشتر دەتوان لە هێزی ئابووریی

خۆیان بۆ پاڵەپەستۆ هێنانی سیاسی بە سەر حکوومەتدا کەڵک وەرگرن[١].

دەستەواژەی "شمشاڵژەن، کە گۆرانیبێژ دێنێتە خوێندن" زیاتر لەهەر شتێکی تر لەسەر بابەتە سیاسییەکان لە راستییەوە نێزیکە. کۆنترۆڵکردنی ئابووری، داراییەکان، سەرچاوە سروشتییەکان، راگەیاندن و حەمڵ و نەقڵ یەکێک لەلایەنە گرینگەکانی هێز لە کۆمەڵگە دایە. بۆ نموونە حکوومەتێک کە زەوییە کشتوکاڵییەکانی لە کۆنترۆڵ دایە و بەڕێوەی دەبا، دەتوانێ لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی وەرزێڕان و بنەماڵەکانیان چاودێری بکات. بەشێوەی لێکچوو، کاتێک حکوومەت تەواوی ئامرازەکانی راگەیاندنی لەدەستدا بێت، ئەگەربێتو حەز لە سانسۆر بکات دەتوانێ سەرەڕای چاودێری لەسەر بیروباوەڕی خەڵک، ژیانی کەسێنی و پێوەندییەکانی رۆژنامەنووسان و نووسەرانیش کۆنترۆڵ بکات. لەو وڵاتانەدا کە پیشەسازیی نەوت خۆماڵی کراوەتەوە، حکوومەت لەبارەی ئابوورییەوە کەمتر بەماڵیاتەکانی خەڵکەوە بەستراوەتەوە و هەر ئەم کەمی بەستراوە بوونەی حکوومەت، دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی هێزی ئابووریی حکوومەت.

٦- یاساغ کردنەکان

تەمبێکردن یان سزادان بەشێوەی بەکارهێنانی توندوتیژی یان ناتوندوتیژی بەهۆی لادانی خەڵک لە پێڕەویکردن لە یاسا یان بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی دوور لە چاوەڕوانی یان ئەنجامدانی چالاکییە یاساغکراوەکانەوە بەسەر خەڵکدا دەسەپێ.

یاساغکردنە ناتوندوتیژییەکان، کەمتر لە یاساغکردنە توندوتیژانەکان بە مەبەستی تەمبێکردن بەهۆی نافەرمانییەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و زیاتر بەمەبەستی دەستراگەیشتن بە ئامانجێکی تایبەتەوە بەکار دەبردرێت. یاساغکردن یەکێک لە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسیی حکوومەتە.

توانایی ناچارکردنی خەڵک بە هاوکاری و گوێڕایەڵی لە یاسای دەوڵەتی، برێتی لە یاسا و رێساکان، دەتوانێ بە پشتیوانی نەکردن، خۆبواردن لە هاوکاری و نەچوونەژێرباری خەڵکەوە سنووردار ببێتەوە.

یاساغکردنەکان بۆ تەمبێکردن و پێشگرتنی خەڵک لە کردەوەگەلێک سوودی لێ وەردەگیرێت کە دڵخوازی دەسەڵات نییە. سزادانەکان نابێ بە بێ هۆ توندوتیژ و دژوار بن، رێژیمە سەرەڕۆکان بۆ رازیکردنی خەڵک بە بەرفەرمانی لە سزادانگەلێک وەک کوشتن، زیندانیکردن، دانەمەزراندنی تاکەکان، بڕینی مەعاشی خانەنشینی، بەربەست دانان بۆ دەرفەتەکانی خوێندن و پلەپێدانی شوولی (پیشە)، سنووردانان بۆ سەفەرکردن و نیشتەجێبوون، بەسەردا سەپاندنی ماڵیاتی نادادپەروەرانە و تاقەتپڕووکێن لەسەر داراییەکانی خەڵک، بڕینی ئاوی خواردنەوە و... هتد، کەڵک وەردەگرن. لە زۆربەی رێژیمە دیکتاتۆرەکاندا رۆژنامەکان و میدیاکان دەست دەدەن بە خۆسانسۆرییەوە لەبەرئەوەی لە ئەگەری دژایەتی لەگەڵ حکوومەتدا، دادەخرێن. لەم جۆرە رێژیمانەدا بەهۆی نەبوونی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی سەربەخۆوە، هەواڵ ناردن کۆنترۆڵ دەکرێت. تێکڕا

ئەم سنووردانانە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە. یاساغکردنەکان ئامرازێکن کە هەر حکوومەتێک بەکاری دێنێ. ئەم سزادانانە زۆربەی کاتەکان بۆ پێشگرتن لە تاکەکان لە ئەنجامدانی کردەوەگەل پێچەوانەی کۆمەڵگە و هەرزەکارییەکان بەکار دەهێنرێت؛ بەڵام هێندێ جار رێژیمەکان بۆ ترساندنی خەڵک لە پێناو ئامانجێکی سیاسیشدا کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆ نموونە نازییەکان لە سزادانە بەکۆمەڵەکان بۆ پێشگرتن لە چالاکییە شیمانەییەکانی تۆڕە نهێنییەکانی دژ بەداگیرکارییەکانی نازییەکان کەڵکیان وەردەگرت. هێشتا لە سەدەی بیستەمدا رێژیمی داگیرکەری ئیسرائیل لە یاساغکردنە بەکۆمەڵەکان بە بیانووی پێشگرتن لە تیرۆریزم کەڵک وەردەگرێ. سەرەڕای ئەوە کە بەکارهێنانی ئەم یاساغکردنانە پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤە، کەڵکوەرگرتن لەوانە وەکو شێوازێکی پێشگیرانە جێگەی پرسیارە، لەبەرئەوەی لەوانەیە بەجێی ئەوە کە لە کردەوە توندوتیژەکانی داهاتوو پێشگیری بکەن، خۆیان ببنە هۆکارێک بۆ تۆڵەکردنەوە و ئاکامێکی چاوەڕواننەکراو و پێچەوانەیان لێ بکەوێتەوە.

لەم بەشەدا دوو پێکهاتەی جیاوازی دەسەڵات شرۆڤە کرا کە یەکێکیان لەسەر بنەوای پێکهاتەی دەسەڵاتخوازییە کە کۆکردنەوەی هێز لەدەست دەسەڵاتدا دادەنێ. لەم مودێلەدا، خەڵک بە دەسەڵاتەوە گرێدراون و تەنانەت مافی رەخنە لە دەسەڵات و چاکسازییان نییە. دووەمین مودێل، شێوازی پلۆڕالیزمییە کە سەرچاوەکانی هێز(دەسەڵات) لە نێوان خەڵکدا دابەش دەکرێ و خەڵک توانای بەکارهێنانی بیروباوەڕ و خواستەکانی خۆیان هەیە. لەم مودێلەدا بەپێچەوانەی مودێلی یەکدەست، دەسەڵات بە خەڵکەوە گرێ دراوە.

لەم بەشەدا سەرچاوە شەش فاقەکانی دەسەڵات (هێز) تاوتوێ کران. لە بەشی دواتردا بە چۆنیەتی هاتنەدی و بەڕێوەچوونی ئەم سەرچاوەی هێزانە لە چوارچێوەی دامەزراوە کان و رێکخراوە مەدەنییەکاندا خۆخەریک دەکەین کە پێیان دەڵێین"تەکیەگەکانی دەسەڵات" و پێشان دەدەین کە چۆن دەسەڵاتداران بەم "تەکیەگە" یانەوە گرێ دراون و بەبێ ئەوان، تەنانەت لە بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی رۆژانەی "کۆمەڵگە"شدا کولۆڵن.

## تەکیەگەکانی هێزی حکوومەت

دامەزراوە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگە لە سەرچاوەکانی دەسەڵات (کە لە بەشی پێشوودا شی کرانەوە) پێک هاتوون. دەرکەوتنی سەرچاوەکانی دەسەڵات لە چوارچێوەی گرووپ، رێکخراو و دامەزراوەکاندا، دەسەڵاتداران یارمەتی دەدا کە کاروبارەکانی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن. هەر حکوومەتێک بە هێندێ لە سەرچاوەکانی دەسەڵات زیاتر لە سەرچاوەکانی تر پشت ئەستوورە و هەر لەو کاتەشدا هەوڵ دەدا کە تەکیەگەی هێزی دژبەران سنووردار کاتەوە. لە خەباتە جەماوەرییە ناتوندوتیژییەکاندا، سەرنجی بەرنامەداڕێژەران بە تەکیەگەکانی هێز، تواناییەکان و سەقامگیریی ئەم تەکیەگا گەلە بنەوایەکی گرینگ و پێویستە.

## تەکیەگەکانی دەسەڵات (هێز)

تەکیەگەکانی دەسەڵات بریتین لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بەشگەلێک لە کۆمەڵگە کە بەدابینکردنی سەرچاوەکانی هێزی پێویستی دەسەڵات، پارێزەری مانەوە، بەردەوامی و درێژەدانی دەسەڵاتن.

ئەم پاڵپشتانە (تەکیەگە) بریتین لە پۆلیس، گرتیگەکان و هێزی ئینتیزامی کە بە سەرکوتگەری و سزادانی خەڵکەوە خەریکن، ڕێبەرانی ئەخلاقی و ئاینی کە ڕەوایی بە دەسەڵات دەدەن، گرووپە کرێکارییەکان، سەوداگەرەکان، سەرمایەگوزارەکان کە سەرچاوە ئابوورییەکان بۆ حکوومەت دابین دەکەن و هەروەها سەرچاوەکانی تری دەسەڵاتی سیاسی کە گرینگترینیان "پشتیوانیی جەماوەر و پشتگیرییان لە دەسەڵاتەوەیە.

## پۆلیس و هێزە ئینتیزامییەکان

ناسین و شرۆڤەکردنی تەکیەگەکانی دەسەڵات هەنگاوی یەکەم بۆ دەستپێکردنی خەباتی دژبەرانی هەر ڕژێمێک دێتە ئەژمار، لەبەرئەوەی تا ئەو کاتەی تەکیەگەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمێک لاواز، ناکاریگەر یان نەڕووخاون، ئومێدێکی زۆر کەم بە گۆڕانکاریی یان چاکسازیی سیاسی هەیە. لە ڕێگەی خەباتی ناتوندوتیژی لەگەڵ حکوومەتە سەرەڕۆکاندا سەرنجدان بەو دامەزراوە و ڕێکخراوانە زۆر جێگەی بایەخن کە دەرخەر و دابینکەری هێزی ئەو دەسەڵاتەن. هەستێکی هاوبەش و تێگەیشتنێکی گشتی بەم شێوەیەیە کە کاتێک گەندەڵی و فەساد بوو بە بەشێک لە پێکهاتەی حکوومەت، ئەو کات چاکسازیی بێ گۆڕینی ڕژێم ئەگەر نەڵێین مەحاڵە، زۆر ئەستەم دەبێت. تەنانەت لە ڕژێمە دیموکراتیکەکانیشدا کە گەندەڵی تێکەڵ بە پێکهاتەی ئەمنییەتییان بووە، تەنیا ئەو کاتە چاکسازی مەیسەر دەبێت کە ئەو کەسانە وەلا بنرێن کە لە سێبەری ڕێکخراوە ئەمنییەتییەکاندا، لەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە بۆ گەندەڵی و دزێتی کەڵک وەردەگرن. لایەنی ئەرێنی ئەم مەسەلە کە پێکهاتە ئەمنییەتییەکان، لەژێر چاودێری ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا بن، ئەمەیە کە خەڵک دەتوانن لەسەر کردەوەی ئەو دەزگایانە چاودێری کەن و کەسانێک بێننە سەرکار کە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەوان هەنگاو هەڵدێننەوە. بەڵام ئەو کاتە کە ئۆرگانە ئەمنییەتییەکان لە کۆنترۆڵی دەسەڵاتداراندا بێت، دەربڕینی بیروڕا لەسەر کردەوەیان و شوێندانەری لەسەر شێوازی بەڕێوەبەریی ئەوان بۆ خەڵکی ئاسایی ئاستەم دەبێت.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە هێزە ئەمنییەتییەکان وەکو تەنیا ڕێگەی مانەوەی حکوومەت نەناسراون و تەنیا ئەرکی ئەوان پارێزگاری لە ئاسایشی خەڵکە ، نەگەڕەنتی مانەوەی حکوومەت، ئیتر خەڵک بۆ لابردنی دەسەڵاتداران نابێ لە پێشدا چاوەڕوانی گۆڕینی ڕەفتار و کرداری هێزە ئەمنییەتییەکان بن. لەبەرئەوەی لەم کۆمەڵگایانەدا هێزە ئەمنییەتییەکان لەناو خەڵکدا ژیان دەکەن و ئەندامانی بنەماڵەکانیان، خزم و کەسوکاریان، ناسیاو و هەڤاڵانیان تۆڕێکی پێوەندیی جەماوەری (لە

قوتابخانە، کاروباری بازرگانی، ڕێکخراوە ئاینییەکان و...) لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا پێک دێن. لەم دۆخەدا ئەگەربێتو دەسەڵاتداران دژبەرانی سیاسیی خۆیان بە تاوانبار، تیرۆریست یان سیخوڕ بناسێنن، هێزە ئەمنییەتییەکان بەهۆی خەڵکی بوونی خۆیانەوە، دەتوانن لەسەر ئەو پڕوپاگەندەیەی حکوومەت باشتر داوەری بکەن. لە هێندێ لە وڵاتەکاندا، تەنانەت هێزەکانی پۆلیس بۆ پووچەڵکردنەوەی سەرکوتگەرییەکانی حکوومەت، دەستیان داوەتە هاوکاریکردنی خەڵکەوە. لەم کۆمەڵگایانەدا هێزە ئەمنییەتییەکان بەهۆی ئەوە کە کردەوەکانیان لەلایەن خەڵکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، زۆرتر پشتیوانی لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەکەن تا بەرژەوەندیی حکوومەت. لە حاڵێکدا لە ڕێژیمە سەرەڕۆکاندا ئەم هێزانە مانەوەی حکوومەت گەرەنتی دەکەن و بۆ ئەوەی کە حکوومەت لە ئەمەگداریی ئەوان خاترجەم بێت، پوانگەلێکی تایبەتییان پێ دەدا(١).

خاڵی جێگەی سەرنج لە خەباتە جەماوەرییە ناتوندوتیژییەکاندا ئەمەیە کە کاتێک خەبات بە سەرکەوتنی بڕگەیی یان کۆتایی نێزیک دەبێتەوە، دەبێ خەڵک بۆ ڕاکێشانی هاوکاریی هێزە ئەمنییەتییەکان هەوڵ بدەن و ئەوان وەکو دژبەرانی خۆیان سەیر نەکەن، بگرە بزانن کە ئەوان تەنیا هێزێک لە خزمەت سەرەڕۆییدا بوونە و ئێستا دەتوانن لە خزمەت حکوومەتی خەڵکی و لەژێر چاودێری ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا کار بکەن. هەڵبەت سزادانی ئەو کەسانە کە لە کوشتن، ئەشکەنجە و تاڵانکەریی خەڵکدا بەشدار بوونە، پرسێکی جیاوازە.

لە هەر حاڵدا هێزە ئەمنییەتییەکان یەکێک لە تەکیەگەکانی هێزی دەسەڵاتن کە دەبێ خەڵک لەسەر کردەوەکانی ئەوان چاودێری بکەن تا نەبنە ئامرازێک بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئامانجە بەرژەوەندی خوازانەکانی دەسەڵاتداران و هەروەها لە کاتی خەباتی ناتوندوتیژیدا، دەبێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو هێزانە بۆ لای خۆیان هەوڵ بدەن.

## ئەرتەش

کەڵک وەرگرتن لە ئەرتەش بۆ زەخت خستنەسەر خەڵک لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتدا "تەک خاڵ"ی دەسەڵاتە سەرەڕۆکانە. بەپێچەوانەی هێزە ئەمنییەتییەکان لەناو کۆمەڵگەدا و لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا دەژین، هێزە ئەرتەشییەکان بەتەوای لەوان جیاوازن و تەنانەت لە کەرستەی خۆش بژێوی وەک خانوو، قوتابخانە و نەخۆشخانەی تایبەت بەهرەمەندن. لەحکوومەتە سەرەڕۆکاندا، ئەم جیاکردنەوەیە بۆ دروست نەبوونی پێوەندی لە نێوان هێزەکانی ئەرتەش و خەڵکی ئاساییدایە. لە حاڵێکدا لە حکوومەتە دیموکراتیکەکاندا ئەگەربێتو دەسەڵاتداران بیانەوێ بۆ سەرکوتکردنی دژبەرانی خۆیان لە ئەرتەش کەڵک وەرگرن، ئەم هێزانە ئەنگێزەیەکی ئەوتۆیان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەسەر خەڵک نییە.

بۆ نموونە لە مانگرتنە گشتییەکان لەساڵی ١٩٨٨ی ز. لە وڵاتی برمە و ساڵی دواتر لە وڵاتی چین، حکوومەت بەئاگەداری لەم بابەتە، بۆ سەرکوتکردنی خەباتگێڕانی جەماوەری لە ناوچە

جیاجیاکاندا لە هێزە ئەمنییەتییەکانی ناوچەکانی تر یان تەنانەت بێگانە کەڵکی وەردەگرت. لە هێندێ لە وڵاتاندا تەنانەت لە هێزە نهێنی و نادیارەکانی پێکهاتوو لە نەتەوەکانی تر بۆ سەرکوت و تۆقاندنی خەڵک سوود وەردەگیرێ، لەبەرئەوەی ئەم هێزانە لە هێزە خۆماڵی و نەتەوەییەکان بەرفەرمانتر و جێ متمانەترن و بەهۆی نەبەستراوەیی بە کۆمەڵگەوە، بۆ ئەنجامی هەر کردەوەیەک ئامادەن.

لە خەباتە جەماوەرییەکاندا، رێبەرانی خەبات پێش لە دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ تێکدانی وەفاداری و بەرفەرمانیی هێزە نیزامییەکان لە دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ و پێش لەوەی کە دەسەڵاتداران ئەم هێزانە بۆ سەرکوتی خەڵک بەکار بێنن، خەڵک ئەو هێزانە لە ئامانجی خەباتەکەی خۆیان ئاگەدار بکەنەوە و بەکاریگەری دانان و هاندانی ئەوان، بەقازانجی خەباتەکەی خۆیان بیانهێننە مەیدانەوە، هەڵبەت ئەم ئامانجە لە قۆناخێکی سەردەمی کورتدا نایێتەدی.

لەم پێناوەدا، بزووتنەوەی خەباتی جەماوەری دەبێ متمانە بدا بە ئەرتەش و هێزە نیزامییەکان کە ئەوان لە حکوومەتی دێموکراتیکی داهاتوودا لە مافی شارۆمەندیی بەرانبەر بەهرەمەند دەبن و بوونی ئەوان وەکو "تەکیەگەی دەسەلات"ی حکوومەت پێویستە.

دژکردەوەی هێزەکانی ئەرتەش لە بەرامبەر بڕیارە نیزامییەکاندا بە رادەیەکی زۆر بە ئاکار، کردار و تواناییەکانی رێبەرانیان بەستراوەتەوە، زۆرجار ئەفسەرانی نیزامی خۆیان وەکو هێزێکی نیشتمانپەروەر، وەفادار بە ئارمانجەکان و لەباری سیاسیشەوە کۆنەپارێز دەزانن، لەم تایبەتمەندییە هێندێ جار کەڵکی نابەجێ وەردەگیردرێ و دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوان بەبێ فیکر و هزر لە هێندێ بڕیار بۆ پشتیوانی لە گرووپێکی تایبەت پێڕەوی بکەن.

لە هێندێ وڵاتاندا، دەسەڵاتداران بەهۆی جێی متمانە نەبوونی هێزە ئەرتەشییەکان بەهۆی هێندێ مەیلی نیشتمانپەروەرانەوە، هەوڵ دەدەن هێزێکی هاوتەریبی ئەرتەش بەبیروباوەڕ و وەبەرنانی ئارمانجگەلێکی جیاوازەوە دروست بکەن.

لە دەورانی هیتلەردا، فەرماندە نیزامییەکانی بەرئەمری ئەو لە راپۆرتگەلێکی یەک لە دوای یەکدا سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەو دژایەتییان دەکرد، بەڵام بەم حاڵەشەوە بەردەوام لە پێناو سیاسەتەکانی پێشەوادا هەنگاویان هەڵدەهێناوە(١).

دەروونی کردنەوەی بایەخەکانی دیموکراسی لە ناخی ئەرتەشدا و تێکەڵکردنی لەگەڵ فەرهەنگی نیزامیدا، رێکارگەلێکی بنەڕەتی و گرینگ لە سنووردارکردنی توانایی تێکدانی ئەرتەش لە پێناو شارستانی بوون و بایەخە مەدەنییەکاندایە. هۆکارێکی تر، خستنە مێشکەوەی ئەم پێزانینە (ئەدراک) بە رێبەرانی ئەرتەشە کە ئەوان لە چوارچێوەی چاودێری جەماوەریدا یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی حکوومەتی دیموکراتیک بن . ئەم دوو بابەتە پێویستیی بە کات و تێڕامانێکی

زۆر لە پەرەپێدانی فەرهەنگ و هاندان بە بیرکردنەوە لەسەر ئەم بیرۆکانە و بڕواپێکردنیان هەیە.

یەکێک لەو هۆکارانە کە بزووتنەوەی جەماوەریی ناتوندوتیژیی سربستان خەسارەتێکی زۆر کەمی بوو ئەوە بوو کە کاتێک خەڵک لەناو پەرلەماندا بە نیشانەی ناڕەزایەتیی کۆبوونەوە، هێزەکانی ئەرتەش، سیاسەتی دەست تێوەرنەدان لە کاروباری سیاسییان گرتە بەر. یەکێک لە هۆکارەکانی دەست تێوەرنەدان، سەرکەوتنی زۆر نێزیکی بزووتنەوەی جەماوەری (کە ڕێکخستنێکی باشی بوو) بوو و هێزە ئەرتەشییەکانیش زۆر حەزیان لێ بوو کە هاوکاری و بەشداری بکەن لەو حکوومەتە دیموکراتیکە کە بۆ جێگرەوەی دیکتاتۆر میلۆسۆویچ دەهاتە ئاراوە. ئەم کارە نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی خەڵکی سربستان، فەرهەنگی دیموکراسیخوازی تا ئەو رادە لە کۆمەڵگەدا بەهێز و پتەو پەرەی پێ دابوو کە تەنانەت هێزەکانی ئەرتەشیش ئاواتەخوازی هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی جەماوەری بوون.

## پسپۆڕان و بەڕێوەبەرانی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان

لە کۆمەڵگە سەرەڕۆکاندا، تاکەکانی ئەم چینە (فەرمانبەران، مامۆستایان و... هتد) زۆرجار سەرکۆنە دەکرێن، گاڵتەیان پێ دەکرێ، لە هەڵسوکەوتیان ئیراد دەگیرێ و لە ڕێزگرتنی بەجێ و شایستە بێوەری دەکرێن[١]. دەسەڵاتداران لەگەڵ تاکەکانی ئەم چینەدا کە زۆرتر مووچەخۆری حکوومەتن، وەکو خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراو (ئیستیعماری) هەڵسوکەوت دەکەن.

هەزاران نەفەر لە کەسانی بێ ناوونیشان کە لەناو کۆمەڵگەدا بۆ ئەنجامدانی کارگەلێک لە ئاستێکی نزمدا بەکار دەهێنرێن و بچووکترین پشکیشیان لە بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەی خۆیاندا نییە[٢]، تەنیا فەزای ئازادێکە دەتوان لەودا توانایی و لێوەشاوەییی خۆیان پێشان بدەن، فەزای بەرتەسک و لەژێر چاودێریی دەوروبەریانە. بەم حاڵەشەوە تەواوی سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران وەکو ئەو داگیرکەرانە کە وڵاتەکان داگیر دەکەن، پێویستیان بە خزمەتگوزاری و چالاکیگەلێک هەیە کە ئەم کەسانە ئەنجامی دەدەن و بەبێ هاوکاریی ئەوان ئەوانە کە کارگەلێکی بە ڕواڵەت ساکار ئەنجام دەدەن حکوومەتەکەیان درێژەی نابێ.

لە ڕاستیدا ئەمانە وەرگێڕگەلێکن کە بیرۆکەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان وەردەگێڕنەوە، تێکڕای ئەو چالاکییانە کە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە بۆ دەسەڵاتداران مەیسەر دەکات، لەلایەن ئەم کەسانەوە جێبەجێ دەبێ؛ خزمەتگوزارییە گشتییەکانی گواستنەوە، بەڕێوەبەریی کاروباری شارەکان، سرویسەکانی پێوەندی، هێڵی بەرهەمهێنانی کارخانەکان، چالاکییەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و... هتد، هیچ حکوومەتێک ناتوانێ بەبێ ئەم خزمەتگوزارییانە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات.

هەموو ئەو گرووپە دژبەرانە کە بۆ ڕیفۆرم یان گۆڕینی حکوومەتێکی سەرەڕۆ لەگەڵ حکوومەتێکی دیموکراتیکدا بەناتوندوتیژی هەوڵ دەدەن، پێویستە سەرنج بە گرینگیی ڕۆڵی ئەم چینە بدەن و ئەم خاڵەشیان لە بەرچاو بێ کە بە هۆی بارودۆخی گوزەران و بەستراوەییی

ئابووریی ئەم چینە بە دەسەڵاتەوە و ئەوانەی ئەمانیان وەک فەرمانبەر بەکار گرتووە، تەنیا بەشێکی کەمیان لە قۆناخی سەرەتایی خەباتدا دەتوانن بەشداری بکەن مەگەر ئەوە کە نیشانەیەکی روون لە تێکشکانی بەشەکانی تری تەکیەگەکانی هێزی دەسەڵاتیان ببێت. بەم حاڵەشەوە ئەگەرچی ئەم گرووپانە لە رواڵەتدا ناتوانن پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەکە دەرببڕن، بەڵام لە کردەوەدا بە شێوەی سنووردارتر سەبارەت بە ئامانجەکانی خەباتەکە هەست بەیارمەتی و بەشداریکردن دەکەن و ئەو کاتە کە بەستێنێکی ئازادتر بۆ هاوهەنگاوی برەخسێت تێکەڵ بە گرووپی خەباتگێڕان دەبن.

## راگەیەنەکان

ئەگەر خەباتی جەماوەری بۆ دابینکردنی دیموکراسی لە هەوڵی گەیشتن بە سەرکەوتندایە، پێویستە بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ گوێگرانی خۆی رێگەیەک بدۆزێتەوە. حکوومەتە سەرەڕۆکان بە باشی لەم بابەتە ئاگەدارن و هەر بەم بۆنەوە لە هەوڵی ئەوەدان کەرەستەکانی پێوەندی گرتن بەرتەسک کەنەوە و لە بەرامبەر ئەوانەدا کە دەیانەوێ لە تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ بە ئاگاهێنانەوەی خەڵک کەڵک وەرگرن و هەروەها بۆ نەبوونی پێوەندیی ئازاد لە نێوان خەڵکدا، یاساگەلێکی نیزامی و دراکو[١] وار دادەنێن. بۆ نموونە حکوومەتی برمە بۆ ئەو سەرپێچی کارانەی کە بە بێ مۆڵەت ئەم جۆرە کەرەستانە بەکار دێنن، یاساگەلێکی توندوتیژانەی وەکو بەند و زیندانی داناوە. لە هێندێ وڵاتدا، سنوورگەلێکیان داناوە بۆ کەڵک وەرگرتن لە تەلەفۆنی ماهوارەیی و دەسەڵاتدارانیش دەستیان داوەتە سانسۆر و پێکهێنانی بێ نەزمی و ئاڵۆزی لە بەرنامە تەلەڤزیۆنی و رادیۆ دەرەکییەکاندا کە دەیانەوێ بیروڕای گشتی وشیار کەنەوە.

سانسۆر و کۆنترۆڵی چاپەمەنی و کەرستە راگەیەنەکان دەتوانێ بە ئاسانی لەلایەن رێژیمی سەرکوتگەرەوە بەڕێوە بچێ. لەم پێناوەدا، بۆ چاودێری بەسەر ناوەڕۆکی کتێب، کۆوار و رۆژنامەکان پێش لە بڵاوکردنەوە و دابەشکردنیاندا، رێکخراو و بنیاتگەلێکی تایبەت هەیە. ئەم مەسەلە بووەتە هۆی ئەوە کە نووسەران و پێنووس بەدەستان خۆسانسۆری بکەن، لەبەرئەوەی دەزانن ئەگەربێتو بابەتێک بنووسن کە لەلای دەسەڵاتداران پەسەند نەکرێت، لەباری ماڵییەوە نرخێکی زۆر بە ڕاگرتنی کتێب بە سەریاندا دەسەپێت و دەبێ خۆیان بۆ بەند و زیندانی شیمانەیی دابنێن.

رۆژنامەکان، راگەیەنەکانی تر، ئێستگەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆنیش بۆ ئیزن وەرگرتن، رێسا و یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە کە ئەگەربێتو لە یاسای دیاریکراو سەربزێوی کەن، دەزگاکانی ئەوان دادەخرێ و دەستی بەسەردا دەگیرێ و بەڕێوەبەران و کاربەدەستانیشی دەکەونە بەر هەڕەشە و لێدان و کوتان. بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم تەنگژە و سنووردارێتییەدا کە زۆرتر لە ناوەخۆی وڵاتدا هەیە، ئەمڕۆکە کەڵک وەرگرتن لە راگەیەنە دەرەکییەکان زیاتر باو بووە؛ وەکو

رادیۆی گرووپە دژبەرەکانی حکوومەتی برمە کە لە وڵاتی نۆروێژ (نورویج)دا بڵاو دەبێتەوە.

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی سربستان نموونەیەکی باشی لە خەبات لە ڕێگەی ڕاگەیەنەکانەوە وەڕێ خستووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ی زاینی پێش لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان لەم وڵاتەدا، دژبەرانی حکوومەت نێزیکەی ٦٠ تۆن ڕاگەیەنراویان بە کەشتی لە دەرەوەی وڵات هێنایە ناوەوە و لە نێوان جەماوەردا بڵاویان کردەوە.

## نووسینگە توجاری (بازرگانی)یەکان

تەنانەت لە سەرەڕۆترین و دەسەڵاتخوازترین حکوومەتەکانیشدا، نووسینگە توجارییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرینگ لە ئابووریدا دەگێڕن.

خزمەتگوزارییەکان و ئەو شتومەکانەی کە خەڵک پێویستیان پێیەتی و حکوومەتیش ناتوانێ دابینیان کات، ئەوە نووسینگە توجارییەکان دابینی دەکەن. لە هێندێ بابەتدا دەسەڵاتداران بە شێوەی لاوەکی، ئیزن بە بازاڕی ڕەش دەدەن کە کەلوپەلە نایابەکان دابین کەن تا لە ڕوودانی نارەزایەتیگەلێک پێشگیری کەن کە جاروبار شێوەی سیاسی بەخۆیانەوە دەگرن.

پێوەندیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەگەڵ بنیات و کۆمپانیا ناونەتەوەییەکاندا لەو سۆنگەوە کە لەگەڵ فەرهەنگ و پێکهاتەی سیاسیی وڵاتەکاندا ئاشنا دەبن زۆر بەنرخ و کاریگەرە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆمپانیا ناونەتەوەییەکان ئەوە بەباش دەزانن کە زیاتر لەگەڵ حکوومەتە سەرەڕۆکاندا ئاڵووێر بکەن تا لەگەڵ حکوومەتە دیموکراتیک و خەڵکییەکاندا (بەداخەوە زۆربەی کۆمپانییە ناونەتەوەییە گەورەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا لە حکوومەتە سەرەڕۆکان پشتیوانی دەکەن) لەبەرئەوەی لەو جۆرە حکوومەتانەدا بەهۆی وەڵامنەدانەوەی دەسەڵاتداران بە خەڵک، کۆمپانیا ناونەتەوەییەکان بە ئاسانی دەتوانن بە تەماح وەبەرنانی دەسەڵاتداران، گرێبەستگەلێکی یەکلایەنە بە قازانجی خۆیان ببەستن یان ڕقەبەرەکانی خۆیان (تەنانەت ئەگەر لە ناوخۆی ئەو وڵاتەشدا بن) وەدەرنێن. دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ سەرچاوە مرۆیی، ماڵی و دارایییەکانی خۆیان بۆ ئەم کۆمپانیاگەلە دابین دەکەن و لە بەرامبەردا کۆمپانیاکانیش لە کۆمەڵگەی ناونەتەوەییدا بە کەڵک وەرگرتن لە پێگەی خۆیان لەمافی دەسەڵاتداریەتیی ئەم ڕێژیمانە پشتیوانی دەکەن(١). لە هەر حاڵدا کۆمپانیاکان و ئاژانسە ناونەتەوەییەکان لە سەرەتادا قازانجی خۆیان لە بەرچاو دەگرن و هیچ گرینگییەک بە سەرەڕۆ بوون یان دیموکراتبوونی ئەو حکوومەتانە نادەن؛ ئەمە خاڵێکی گرینگە کە دەبێ ڕێبەرانی خەباتە جەماوەرییەکان سەرنجی پێ بدەن و بە ڕاوێژکاریی خۆیان، ئەو کۆمپانیاگەلە دڵنیا کەنەوە کە لە داهاتوودا بەرژەوەندییەکانی ئەوان پارێزراوە. هەڵبەت ئەم مەسەلە لەو سۆنگەوە کە پێوەندی بە قازانجێکی سەرسوڕهێنەری ئەم کۆمپانیاگەلەوە هەیە زۆر ئاڵۆزە و ڕەنگە ئەم کۆمپانیاگەلە هەرگیز پێیان خۆش نەبێ ئەم ڕێژیمانە بگۆڕدرێن و لەم ڕووەوە بۆ خەباتی جەماوەریش کێشە

بنێنەوە. بۆ نموونە لە گۆڕەپانی ناونەتەوەییدا، لەوانەیە وڵاتەکەیان هان بدەن پشتیوانی لەو حکوومەتە سەرەڕۆیە بکات کە لەگەڵیدا گرێبەستیان هەیە.

بەڵام ئەگەربێتو ڕێبەرانی خەباتی جەماوەری بتوانن بنکەکانی توجاری ئابووریی ناوخۆیی و دەرەکی بە قازانجی خۆیان بخەنە گەڕ، یارمەتییەکی زۆر بەپرۆسەی خەباتەکە دەدەرێ، لەبەرئەوەی ئەوان بەو پێوەندییە خۆماڵی ناوچەیی و ناونەتەوەییەی کە هەیانە دەتوانن سەرچاوەیەکی باشی دارایی، زانیاری و ڕاوێژکاریی گرینگ و کارلێهاتوو لە خزمەت گرووپە خەباتکارەکان دابنێن.

## لاوەکان پێشگیری بکەن

یەکێک لەنگەرانییە سەرەکییەکانی حکوومەتە سەرەڕۆکان ئەوەیە کە ئیزن نەدەن لاوەکان بەلای سیاسەتدا بچن و ئەگەر مەیلێکیشیان بۆ سیاسەت هەبێ ئەوە دەبێ لەژێر چاودێری و پشتیوانی و بەقازانجی دەسەڵات بێ. لەم ڕووەوە کە ئەم حکوومەتانە بەهۆی ترسێک کە لە پێگەی خۆیان هەیانە لە وشیاری لاوەکان و گرۆییان بە سیاسەت پێشگیری دەکەن، گرووپە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان لە تەیارکردنەوە و بەهێزکردنی خۆیان بە یارمەتی پێش قەڕەوڵە ماندوونەبووەکان دوا دەکەون. ئەم حکوومەتانە بۆ پێشگیری لە تێکۆشانی سیاسیی لاوەکان، دەست دەدەنە سنووردانانێکی تایبەتەوە، وەکوو بێبەریکردنی چالاکانی سیاسیی لاو لە دەستڕاگەیشتن بە پێگەی شوولی باش، ڕێنەدان بۆ کۆبوونەوەی خوێندکاری لەناو زانکۆکاندا یان داخستنی زانکۆکان لە بڕگەیەکی زەمەنی تایبەتدا(١). لەم جۆرە وڵاتانەدا یاساگەلێکی دژوار بۆ پێشگرتن لە وتاردانی ئازاد یان کۆبوونەوەی سیاسی دادەنرێت و لە شیمانەی پێشێلکردنی ئەم یاساگەلەدا بۆ تاوانباران، سزای زیندانی درێژماوە یان سزاگەلێکی هاوشێوە دادەنرێ.

زۆرێک لە خەڵک هەوڵیان داوە هۆی پێشەنگی لاوەکان لە ڕێگەی خەباتدا، لەم ڕستەدا کورت کەنەوە کە لاوەکان شتێکیان بۆ لەدەستدان نییە. بە تەواوی ئەم وتە ڕاستە کە لاوەکان کەمتر بەستراونەتەوە بە کار و پێگەی خۆیانەوە یان بەرپرسیارەتییەکی بنەماڵەیی کەمتریان هەیە و هەروەها زۆر حەزیان لەوەیە کە توانایییە" لاوی"یەکانی خۆیان پێشان بدەن یان لە خۆخستنە مەترسییەوە کەمتر هەراسیان هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا بەشێک لەو شتانەیە کە لاوەکان بۆ خەبات هان دەدات، لەبەرئەوەی لاوەکان خۆشترین دەورانی تەمەنی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و لەوانەیە ژیان و داهاتووی خۆیشان لەدەست بدەن، بەڵام ئەوان بیر لە شتگەلێک ناکەنەوە کە لەوانەیە لەدەستی بدەن، بگرە بیر لە ژیان لە سێبەری ئازادی و بەختەوەری بۆ نەسڵەکانی داهاتوو دەکەنەوە، ئەمەیە ئەو شتەی کە ورەیەکی سەتقاتیان بۆ خەبات پێ دەدا. لاوەکان بەبێ هۆ پاساو بۆ بەندەیی خۆیان لەژێر ڕکێفی حکوومەتە سەرەڕۆکاندا ناهێننەوە و تەنانەت بەم هۆیەوە قبووڵی ناکەن کە قبووڵکردنی ئەم حکوومەتە جۆرێک ناچارییە و گۆڕینیشی مەحاڵە. ئەوان ورە و

شەوقێکی لاوییان تێدایە کە هێشتا لە تاقیکردنەوەی ژیان و تێپەڕینی تەمەندا لاواز نەبووەتەوە. مەیلی ئەوان بە ناسینیی راستی لە درۆ و حەقیقەت لە فێڵ و مەکر، بەشێوەی ئارمانخوازانە و نەپۆلێنبەندی و پاساوهێنانەوە بۆی، هەرهەمان ویژدانی بەخەبەرە کە ئەوان بۆ ئەم کارە هان دەدات.

وشەی بەمشوورەوە کارکردن، ئەو شتەیە کە لاوەکان لە پرۆسەی خەبات بۆ دابینکردنی حکوومەتی دیموکراتیکدا دەبێ سەرنجی پێ بدەن، لەبەرئەوەی ئەوان وەکو کەسانێک کە پێشەنگن بۆ مەترسی قبووڵکردن و ئالاهەڵگرانی دابینکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتیک دێنە ئەژمار.

بێ سەرنجدان بە پێکهاتەیەکی داڕێژراو و رێکخراوەیی، لەوانەیە لاوەکان لە پرۆسەی خەباتدا تووشی زێدەڕۆیی ببن و ئەگەربێتو توشی ورووژانی بێ لۆجیک ببن، توندوتیژی دەنوێنن و هەرهەمان کارێک ئەنجام دەدەن کە کەسانی بەستراوە بە حکوومەتە سەرەڕۆ و دژە مرۆییەکان بەڕێوەی دەبەن.

کردەوەی بەرنامەداڕێژراو بۆ تێکڕا ئەو کەسانەیکە لە خەباتدا بەشداری دەکەن حەقیقەتێکی بنەڕەتییە و بۆ لاوەکان بنەڕەتیتره، تا بە راهێنان، رێنوێنیکردن و رێبەرییەکی باش لە بەلارێدابردنی بەرنامە و پرۆژەکان پێشگیری بکەن.

## کرێکاران

بێگومان زەختەکان بۆ بەجیهانیکردن، ژیانی بۆ کرێکارانی هەموو دنیا دژوار کردووەتەوە. یەکەتییە کرێکارییەکان بەتوندی لاواز بوونەتەوە، لەبەرئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، خاوەن پێشەسازییەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە کەرەستەکانی خۆیان بۆ وڵاتانێک راگوازن کە تێچووی هێزی مرۆییی ئەوان هەرزانترە. لە وڵاتە لە حاڵی گەشەکاندا(جیهانی سێیەم) دەسەڵاتداران زیاتر لەوەی کە هۆگری پاراستنی بارودۆخی کاری باش بۆ کرێکاران، تەناییی ئەوان و مووچەی ئاقڵانە بۆ کرێکاران بن، هۆگری قازانجی زیاتر و پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیانن. دیموکراسی، حکوومەتی یاسا و ئازادی کۆبوونەوەکان هەنگاوگەلێکی بەسوودن کە بەکرێکارەکان ئەم هێزە دەبەخشن تا لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا لە مافی خۆیان بەرگری بکەن.

بۆ دەستپێکردنی خەباتی شارۆمەندی، لە سەرەتادا رێکخستنی کرێکارەکان ئەستەمە، بەڵام کاتێک رێکخستن بەڕێوە چوو، یەکەتی لە نێوانیاندا بەخێرایی پەرە دەستێنێ. تەنیا بیهێننەوە بیر خۆتان کە بزووتنەوەی دیموکراسی لە هێستان هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی بۆ سەرکەوتن، لە مانگرتنی کرێکارانی کارەبا لە کارخانەیەکی کەشتی سازی لە"گیدانسک"ەوە دەس پێ کرد.

یەکێک لەو بەشە گرینگانە کە جێی سەرنجی بەرنامەداڕێژەرانی خەباتی ناتوندوتیژییە، پیشەسازیی ئاڵوگۆڕ (گواستنەوە) و سەنعەتی پێوەندیدار بەوانەوەیە. هەرجۆرە تێکەڵ پێکەڵی و

ئالۆزییەک لە گواستنەوەی کەلوپەل، موسافیر و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکاندا دەتوانێ نرخی ئابووری و سیاسی ئەو کارە بەسەر ڕێژیمدا بسەپێنێت. هاوکات لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بەرنامەداڕێژەرانی ستراتیجیک بەبەرەنجامەکانی کەمبوونەوەی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان و ئەو مادە خۆراکییانە لە بازاڕدا بیر دەکەنەوە کە دەتوانێ زەبرێکی گورجبڕ لە حکوومەت بدات.

## ڕێکخراوە ئاینییەکان

بەشێوەیەکی مێژوویی، ڕێکخراوە ئاینییەکان لە شەڕی سیاسی دژ بەحکوومەتە سەرەڕۆکان و بەقازانجی لاینگرانی چاکسازی ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان گێڕاوە. هەڵبەت هێندێ جاریش بەپێچەوانەوە لایەنگرییان لە حکوومەتە سەرەڕۆکان کردووە. زۆربەی ڕێکخراوە ئاینییەکان تۆڕێکی هەرە بەربڵاوی مەعنەوی و ئابووری لە نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە نوخبەکان و دەوڵەمەندەکان تا چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە پێک دێنن و لەو ڕووەوە کە ڕێبەرانی ئاینی جگە لە زانستی ئاینی زۆرجار زاڵن بەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، ئیعتبارێکی زۆر باشیان لەناو خەڵکی ئاسایی و شوێنکەوتوانیاندا هەیە و دەتوانن بەربڵاوتر لە ئامۆژە ئاینی و مەزهەبییەکان لەسەریان باندۆر دابنێن. ئەوان دەتوان بۆ گرووپە خەباتگێڕە سیاسییەکان، مەعنەوییەتی خەباتگێڕی پێک بێنن یان تەنانەت خۆیان ببنە بانگەشەکەر و وتەبێژی ئەوان یان لەبەرەی دژبەردا، بەکەڵکوەرگرتن لە پێگەی خۆیان ببنە پارێزەری بەرژەوەندیی حکوومەتە سەرکوتگەرەکان. لە هەر حاڵدا ڕێبەرانی خەبات ، دەبێ کردەوەی خۆیان بەشێوەیەک ڕێک بخەن کە بتوانن ڕێبەرانی ئاینی بەقازانجی بزووتنەوەکە بهێننە گۆڕەپانی خەباتەوە یان لە ئەگەری پشتیوانییان لە دەسەڵات، کاریگەریی نەگەتیڤی ئەوان پووچەڵ کەنەوە.

## ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان (ڕێکخراوی خەڵکی یانN.J.O)

هەر ڕێکخراو و دامەزراوەیەک کە لە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەتدا نەبێت، سەرمایەیەکی پەنگراو بۆ بزووتنەوەی دیموکراسی دێتە ئەژمار. ئێن. جی. ئۆ ناونەتەوەییەکان دەتوانن بە تەگبیرکردنی خۆیان، یارمەتیی ماڵی بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانی خەبات ڕاکێشن، لەگەڵ کۆمەڵگەی ناونەتەوەییدا لە پێوەندیدا بن، زانست و پسپۆڕی پێویست بە ڕاکێشانی هاوکاریی وڵاتانی تر بەکار بێنن و بۆچوون و ئەزموونی بزووتنەوە خەباتگێڕییەکانی تر بهێننە ناو خەڵکەوە. هەڵبەت ئێن. جی. ئۆکانی ناو خۆی وڵات لەباری سەرمایە و پانتاییی ئەو چالاکییانەی کە ئەنجامی دەدەن سنووردارترن، لەبەرئەوەی لەژێر چاودێری حکوومەتدان، هەرچەند ئێن. جی. ئۆ دەرەکییەکانیش سەرەڕای ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە کە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی حکوومەت نەبوونیاندا ئەنجامی دەدەن، بەو حاڵەشەوە بەکرێگیراوانی حکوومەتی ڕەخنە دەکەنە ناویانەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هێندێ لەو ئێن. جی. ئۆیانە کە بەکۆکردنەوەی رایەڵەیەکی خزمەتگوزاری و پێداویستی بۆ خەڵک هەنگاو هەڵدەگرن، ئەمەیە کە نیشان دەدەن کە خەڵک بەردەوام بەحکوومەتەوە نەبەستراوەتەوە و خۆیان لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە هێندێ لە کاروبارەکان بەڕێوە بەرن. چالاکیی ئێن. جی. ئۆکان وێڕای سنووردارکردنی هێزی پشت ئەستوور بەزۆری حکوومەت، زیرەکانە روونکەرەوەی ئەم خاڵەیە کە ئەوە حکوومەتەکانن کە بەخزمەتگوزارییەکان و هاوکاریی خەڵک بەستراونەتەوە، نەخەڵک بەحکوومەت .

نموونەیەکی بەرچاو لە کاریگەریەتیی ئێن. جی. ئۆکان لە پساندنی بەستراوەییی خەڵک بەدەسەڵاتە سەرەڕۆکان لە وڵاتی برمە رووی داوە. ماوەیەک دوای بەدەسەڵات گەیشتنی جەنەڕاڵ نوین لە ساڵی١٩٦٢ی زاینی، بەشی رۆئاوای وڵات لە ئەیالەتی ئاراکان شایەتحاڵی شەپۆلێکی رووخێنەر بوو. بەپێی بەڵگەنامە و راپۆرتەکان، بانگەشەکەرێکی کاتولیکی لە رێگەی پەیامگەلێکی رادیۆیی لەگەڵ ناوەندە ئاینییە کاتۆلیکەکان لە بەشە جیاجیاکانی وڵاتدا و هەروەها لە وڵاتی هێند داوای یارمەتی کرد. ئەم داخوازییە کاردانەوەی خێرا و کاریگەری لێکەوتەوە و شەپۆلێک لە خۆراک، کەرستەی پزیشکی و دەرمانی لە ماوەی چەند رۆژدا هاتە ناو وڵاتەوە. کاتێک حکوومەت، گرووپگەلێکی بۆ تاوتوێکردنی کارناسانە نارده ناوچەکە، روون بووەوە کە هیچ پێویستییەک بەیارمەتییە حکوومییەکان نییە. لەبەرئەوەی خەڵک بە بەرێوەبەرێتیی خۆیان تەنگژەیان تێپەڕاندبوو. جەنەڕاڵ نوین لەم هەوڵەی خەڵک زۆر تووڕە بوو، لەبەرئەوەی ئاشکرا بوو کە خەڵک خۆیان دەتوانن تەنگژە و کێشەکانیان چارەسەر بکەن. سەرەنجام جەنەڕاڵ نوین کشیشە مەسیحییەکانی لە برمە دەرکرد.

ئەگەرچی ئێن. جی. ئۆکان پێڕەوی ناوەخۆ و ئامانجی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام دەبێ ئەم ئامانج و رێچکەگەلە لە چوارچێوەی ئامانجی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانەدا جێ بگرێت و لەگەڵیدا یەککگرنەوە.

لە سەرچاوەکانی تری هێزی دەسەڵات دەتوانین رێکخراوە پیشەییەکان، پارتە سیاسییەکان، بازرگانیی دەرەکیی وڵاتانی تر و حکوومەتەکان بەتەنیایی یان لە چوارچێوەی رێکخراوە ناونەتەوەییەکاندا ناو ببەین. سەرەڕای ئەمە لە رۆڵی گرووپە چووکەکانی ناو کۆمەڵگە کە لە راستای ئامانجێکی تایبەتدا پێک دێن نابێ کەمتەرخەم بین، وەکو کلووپە وەرزشییەکان، گرووپە کتێب خوێنەکان، گرووپە زماننناسەکان، گرووپەکانی پارێزەری ژینگە و... هتد.

رێکخراوەکان، هەڵگری سەرچاوەکانی هێزن و بەستێنی پێکهاتنی چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەخوڵقێنن. هەر بۆیە دەبێ ستراتیجیی خەباتە ناتوندوتیژییەکان لەسەر بنەوای ناسینی سەرچاوەکانی هێز و راکێشانی هاوکاریی کاریگەری خەڵک دابمەزرێت.

| دەسەڵات | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی تر | فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان | کرێکاران | ڕێکخراوە مەدەنییەکان | هێزە ئینتێزامییەکان | ڕاگەیەنەکان | لاوەکان |

تەکیەگەکانی هێزی حکوومەت (دەسەڵات)

## بەرفەرمانی (گوێڕایەڵی)

"مرۆڤ سەربەست دێتە دنیا
بەڵام لە درێژاییی تەمەنیدا،
لە هەموو شوێنێک لەودیو تەلبەنەکاندایە."

ژان ژاک ڕوسۆ

چۆن دەسەڵاتداران بەسەر شارۆمەنداندا دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن و چۆن دەیپارێزن؟ چۆن تەنانەت ئەو کاتانەش کە کردەوەی حکوومەت لای جەماوەر پەسند نییە، بەڵام بەشێوەی بەربڵاو پشتیوانی لێ دەکەن و بڕیارەکانیشی بەڕێوە دەبەن؟

هەوڵ لەسەر ئەم بنەوایەیە تا بەدۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە هۆی سەرەکی ملکەچکردنی خەڵک بەشێوەی بنەڕەتی تاوتوێ بکەین.

شێوازی پلۆڕالیزمی دەسەڵات، سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات و تەکیەگەکانی و گوێڕایەڵیی خەڵک سێ فاکتەرێکن کە ناسینی ئەوان بۆ تێگەیشتنی تیۆری و کرداری خەباتی ناتوندوتیژیی جەماوەر گرینگن. ناسینی ڕیشەیی هۆی گوێڕایەڵیی جەماوەر لەم مەسەلە کە بۆچی خەڵک ملکەچی هێندێ لە حکوومەتەکان دەبن و یان تەنانەت بۆ ئامانجێک کە خۆیان باوەڕیان پێی نییە یان تەنانەت بەرهەڵستکاریشین، گیانی خۆیان فیدا دەکەن، زۆر گرینگە.

گوێڕایەڵی "دڵ"ی دەسەڵاتی سیاسییە. دەسەڵاتداران بێ بەرفەرمانیی خەڵک ناتوانن درێژە بەدەسەڵاتی خۆیان بدەن. گوێڕایەڵی بەستێنێکە کە خەباتی ناتوندوتیژی لەسەر بنەوای ئەو شکڵ دەگرێت. ئەگەر ڕێبەرانی خەبات، بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتە سەرەڕۆکان و دامەزراندنی دیموکراسی، تێ دەکۆشن تا بە دنەدانی جەماوەر ئەوان لە درێژەدان بەهاوکاری و پەژراندنی دەستووری دەسەڵاتداران ڕابگرن، دەبێ سەرەتا تاوتوێی ئەم مەسەلەیەبکەن کە هۆی سەرەکی گوێڕایەڵیی خەڵک چییە؟

لەدرێژەدا هێندێ لە هۆکارەکانی گوێڕایەڵی شرۆڤە کراون.

هەواڵنامەی کتێب

## عادەت

هۆی ئەوە کە زۆرێک لە خەڵک بوونەتە ملکەچی دەسەڵاتداران تەنیا عادەت بە گوێڕایەڵییە. ئێمە عادەتمان گرتووە بەوە کە ملکەچی خاوەنانی دەسەڵات بین و لە منداڵییەوە بەم گوێڕایەڵییە عادەتمان گرتووە. بۆ زۆرێک لە ئێمە بەرفەرمانی لە دەسەڵاتداران، لە باوک و دایک، خوشک و برای گەورەتر، باوەگەورە و دایەگەورە و خزمانی ترەوە دەست پێ دەکات و بەدوای ئەودا لەگەڵ ماموستایانی قوتابخانە، هێزە ئینتیزامییەکان و تەنانەت هێماکانی دەسەڵاتەوە بەردەوام دەبێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی دەورەی راهێنانەکانی ئەرتەش لە سەرەتای دەست بەکارکردنی سەربازەکان، راهێنانی جۆرێکی نوێ لە گوێڕایەڵییە. سەربازی تازەکار فێر دەبێ کە چۆن بێ ئەملا و ئەولا و پرسیارکردنێک، لە دەستووری فەرماندەکانی خۆی پێڕەوی بکات. راهێنانی دوور و درێژی ڕێزبوونەوە (صف جمع)[١] و وانە بەردەوامە تێکەڵ بەتەشەر و تۆقاندن هیچ وێکچوونێکیان لەگەڵ شێوازەکانی پێشکەوتووی شەڕدا نییە، بگرە تەنیا بۆ پەرەپێدانی گوێڕایەڵی و تەسلیمبوونە. سەرەڕای ئەوە شێوەی ژیانی سەربازی و نیزامی هەروەکو کەڵک وەرگرتن لە چەک، لەسەر بنەوای عادەت و راهێنانە بەردەوامەکانە و بەهیچ جۆرێک پێویستی بە بیرکردنەوە و راوێژ نییە.

باشترین نموونە بۆ مانای عادەت، تووشبوان بەمادە سڕکەرەکانن. ئەوان نازانن تاچ ڕادەیەک مادە سڕکەریان بەکار هێناوە و تەنانەت ئەو کاتەی کە نرخیشی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرز بووەتەوە، دیسان وازیان لێ نەهێناوە. بۆ تەرککردنی عادەتەکان، لەوانە عادەت بەگوێڕایەڵی دەبێ پلانێکی حەساوبۆکراو دابنێین و ئەو بڕیارە بەردەوام بەبیر بێنینەوە و لەبەر خۆمانەوە هۆی تەرککردنی ئەم عادەتە دووپات کەینەوە. لە راستیدا ملکەچکردن بۆ یاساکان یەکێک لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەو شوێنانەدا کە گوێڕایەڵی لە شێوازی عاقڵانە و ئاگایانەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە عادەت، ئەو کاتە ئیدی بۆ کۆمەڵگە ترسناک دەبێت؛ لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە کە تووشی عادەت دەبن ئیتر ئەو یاسا و دەستوورگەلەش کە بە زیانی خۆشیان تەواو دەبێت، شرۆڤەی ناکەن و وەکو سەربازی ئەرتەشی بەڕێوەیان دەبەن. ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانە کە زۆرێک لە حکوومەتەکان، لە پۆستە جیاجیاکاندا، لە هێزە نیزامییەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی کارەکان کەڵک وەردەگرن، هەر ئەمەیە کە دەستوورەکان لە بەرزترین پلەکانەوە تا نزمترین پلەکان بە بێ هیچ نارەزایەتی و رەخنەگرتنێک بەڕێوە دەچێ.

## ترس لە سزادان

هۆکارێکی تر کە خەڵک لە حکوومەت پێڕەوی دەکەن ترس لە سزادان و تەمێکردنە. کاتێک ئێمە یاساکان پێشێل دەکەین، یاسا، هێزی خۆی بۆ سزادانی ئێمە بەکار دێنێت. لەوانەیە یاسا، سزای

کوشتن، زەفتی ماڵ و دەستبەسەرداگرتنی داراییەکان یان زیندان لە بەرچاو بگرێ. بەڕێوەبردنی سزادان، بۆ تەمێکردنی کەسایەتی پێشێلکەری یاسا و پێشگیری لە کەسانی تر لە ئەنجامدانی کاری هاوشێوەیە. لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و خەڵک سالارەکاندا، تەمێ و سزادانەکان زۆرتر بۆ پشتیوانی لە بەڕێوەبردنی یاسا کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانە تا دیسیپلینی کۆمەڵگە بپارێزرێت، لە حاڵێکدا لە حکوومەتە سەرەڕۆکاندا، دەسەڵاتداران بە هەست بە ترسکردنی خەڵک لە سزادانەکان بۆ مانەوەی حکوومەتی خۆیان پێویستیان هەیە و ئامانج پاراستنی دەسەڵاتە نە پاراستنی تەکووزیی گشتی.

## بەرژەوەندی کەسێنی

زۆربەی خەڵک نیشان دەدەن کە هۆگرییەکیان بە حکوومەتی ئێستا نییە و سیاسەتەکانی لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نابینن، بەڵام هەر ئەم کەسانە لە کردەوەدا چالاکانە پشتیوانی لە حکوومەت دەکەن. لێکۆڵینەوە لەسەر بەرژەوەندیی کەسەکیی تاکەکان و ئەو پوانگەلە کە لە بەرامبەر پشتیوانیکردن و گوێڕایەڵییان لە دەسەڵات وەری دەگرن، ئەم پارادۆکسە بەشێوازێکی ڕێک و پێک روون دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەو پوان و پێداویستییە تایبەتانە کە بۆ بەرفەرمانی لەو یاسا نادیموکراتیک و ناخەڵکییانە و تەنانەت دژی گەلییانە بەهێزە نیزامییەکان لە زۆرێک لە وڵاتە نادیموکراتیکەکاندا دەدرێ، هۆکاری پشتیوانیی ئەوان لە دەسەڵاتە. پلەپێدان و بەخشینی نیشانە و پلە، پرستیژ و پێداویستیی تایبەتیی خۆشگوزەرانی و ماڵی لەم پوانگەلەنە. لە سیستەمە ئابوورییە سانترالیزە (چڕبووەوە)کاندا کە لەژێر چاودێری حکوومەت دایە و تێکڕای تاکەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیی ژیان ناچارن لە خزمەتگوزارییە حکوومییەکاندا دامەزرێن و بەشە ناحکوومییەکان ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەریان لە بواری بەرهەمهێنان و ئابووریدا نییە، لە پلەی یەکەمدا تاکەکان ناچارن پیشەی خۆیان بپارێزن، لەبەرئەوەی بۆ بژێوی ژیانیان بەربژارێکی تریان نییە. لەم حکوومەتانەدا هێندێ لە تاکەکان بەهۆی لایەنگری لە دەسەڵات بە کەرستە و پێداویستییەکی بەرچاو دەگەن. هەڵبەت ناتوانین هەر کەسێک کە بەهۆی هۆکاری بەرژەوەندیی نەخوازانەوە ملکەچی دەسەڵاتە مەحکووم بکەین، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەو تاکە بەڵگەی خۆی هەبێت، هۆگەلێک وەک" ڕێگەچارەیەکی تر نییە"، یان " لە حاڵی حازردا باشترین بەربژار هەر ئەم دەسەڵاتەیە" و... هتد. بەڵام کێشەی سەرەکی بۆ خەباتی ناتوندوتیژیی جەماوەری ئەمەیە کە سەرنج بدەینە هۆی بەرفەرمانی تاکەکان کە لە زۆربەی بابەتەکاندا لەسەر بنەوای بەر ژەوەندیی تاکەکەسییە.

## "بەڵێن"ی ئەخلاقی

بەڵێنی ئەخلاقی بۆ گوێڕایەڵی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە. ئەم بەڵێنە کە دەبێتە هۆی گوێڕایەڵیی ریشەی لەم باوەڕەدایە کە قازانج (خێر)ی گشتی گرینگترین مەسەلەیە. ئەم مەسەلە باس هەڵگرە،

لەبەرئەوەی زۆربەی یاساکان پشتیوانی لە شارۆمەندان دەکەن، زۆربەیان خەڵک لە بەرامبەر تاوان و خراپکاریگەلێک وەک دزی، قەتڵ و دەستدرێژیدا دەپارێزن، هێندێکی تر زامنی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە وەکو جیرەبەندی کالاکان و خزمەتگوزارییەکان، ەناردنی پیاوانی گەنج بۆ سەربازی، وەرگرتنی ماڵیات و... هتد، بەڵام لەوانەیە زۆربەشیان بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا بن.

زۆربەی ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی باشترین هەڵوێست ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی هەنووکەییە، لەبەرئەوەی هیچ بەربژارێکی تر بەدی ناکرێت تا ژیانی ئێمە باشتر و بارودۆخەکە چاکتر بکات. بێگومان ژوزێف ئێستالین جینایەتکارێک بوو. بەڵام ملیۆنان کەس پێڕەوییان لێ دەکرد، چونکە لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە خێری وڵات و بەرژەوەندیی گشتی لە پێڕەویکردن لەودایە. سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا روون بووەتەوە کە ئەو هۆکاری کوشتنی ٢٠ ملیۆن مرۆڤ بووە، هێشتا هێندێ لە خەڵکی روسیە لە دەورانی ئەو وەک رۆژە خۆشەکانی رابردوو دەڕوانن.

## ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوەی مرۆڤایەتییەوەن

لە هێندێ لە کۆمەڵگەکاندا دەسەڵاتداران لایەنێکی خوایی و ئەوپەڕی مرۆیی بە خۆیان دەدەن. کاتێک دەسەڵاتدار یان حاکمێک وەکو خاوەنی بێ ئەملاولای دەسەڵات یان نوێنەری ئاین دەناسێنن، گوێنەدانە ئەو زۆر ئاستەم دەبێت. کێ دەیوێرا ملکەچی ئادۆڵف هیتلەر نەبێت کە لەوپەڕی دەسەڵاتیدا خۆی وەک نوێنەری خوا بۆ رزگاریی وڵات و گەلەکەی دەناساند؟ ئەم فێڵی دەسەڵاتدارانە بۆ بەخشینی شێوەیەکی ئیلاهی بە خۆیان مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەدرێژاییی سەدەکان خەڵک ناچار بە گوێڕایەڵی لە دەسەڵاتدارانێک بوونە کە خۆیان پاوشاخوا، سێبەری خوا یان جێگری ئەو ناساندووە. تەنیا رێگەی سەرکەوتن بەسەر ئەم فێڵ و کەڵەکانەدا، روونکردنەوەی بیروڕای گشتییە کە چیی تر هیچ دەسەڵاتدار یان تاکێک نابێ لافی جێنشینی خوا لەسەر زەوی بکات، تە لە رێگەی بانگەشەی بێ بناخەوە دەسەڵاتی خۆی رەها و شیاو پێشان بدات.

## کەسایەتیی ناسیی دەروونی لە چوارچێوەی پشتیوانی لە دەسەڵاتداران

هێندێ لە خەڵک وەکو زنجیرەی بنەماڵەیی و خزمایەتی دەسەڵاتداران دەبینن. هەروا کە لە نموونەیەکی چووکەتردا، لایەنگرانی تیمی فوتباڵ لە شار یان گەڕەکێکی گچکەتردا، لە سەرکەوتنی تیمەکەیان خۆشحاڵ دەبن یان بە دۆڕاندنی خەمبار دەبن، هێندێ لە خەڵکیش بەدروستکردنی جۆرێک نێزیکی دەروونی و هەستی پشتیوانیی نەتەوەخوازانە لە دەسەڵاتداران پێڕەوی دەکەن. ئەم هەستە کاتێک بەهێزتر دەبێتەوە کە خەڵک و دەسەڵاتداران لە رەوتی خەباتدا، وەکو خەبات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، شانبەشانی یەکتر خەباتیان کردبێت. ئەم فاکتەرە

دەبێتە هۆی ئەوە ئیدی خەڵک چاوی خۆیان لە ئاست کردەوەکانی دەسەڵاتداران ببەستن و تەنیا بە هەستێکی سەرەتایی نەتەوەخوازیی و هەستکردن بە شوناسی عەشیرەیی لەوانەوە پشتیوانی بکەن. لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا کە دەسەڵاتداران ئاگەداری ئەم کارەن، بە هەڵزرنگان (تەحریک)ی سیمبۆلە عەشیرەیییەکان کە بەرواڵەت بۆ خەڵک و دەسەڵاتداران شێوەیەک لە شوناسی قەومی دروست دەکەن، دەست دەدەنە راکێشانی پشتیوانیی خەڵکەوە.

## ناچالاک و بێ مەیل بوون

زۆربەی خەڵک ئاشکرای دەکەن کە سەبارەت بە زۆرێک (ئەگەر نەڵێین هەموو) لە یاساکان کە بەهیچ جۆرێک چاوەڕوان ناکرێ کاریگەریی نەگەتیڤ لەسەر رەوتی ژیانی رۆژانەی ئەوان دابنێت، هیچ هۆگری و هەستێکیان نییە. بەم مانا کە ئەوان لە بێ مەیلییەکی کامڵ سەبارەت بە یاساکان و کاروباری سیاسیدا بەسەر دەبەن. ئەگەر ستەمکارانەترین و نامرۆڤانەترین یاساکانیش سەروەر بێ، تا ئەو کاتەی کە ئەم یاسایە لە ئەوان نەگرێتەوەو تا لەسەر رەوتی ژیانی رۆژانەیان کاریگەری دانەنێت، لەبیرکردنەوە لە ئاکامەکەی خۆدەپارێزن. تەنانەت ئەگەر ئەم یاسایە ببنە هۆی لەناوچوونی مافی بەرەکانی داهاتوویان منداڵانی ئەوان. هۆی ئەمەیە کە زۆربەی خەڵک روانگە و ئاسۆیەکی زەینی سەرتر لە بازنەی بەستراوی هەمیشەیی (رۆژ مەرگی) خۆیانیان نییە و تێگەیشتنی ئەوان لە ژیان، تەنیا بەڕێوەبردنی چالاکیی رۆژانەیە. ئەوان بەم هۆیەوە لە یاسا پێڕەوی دەکەن، لەبەرئەوەی وا بیر دەکەنەوە کە خراپتر لە"خراپ"یش هەیە و بۆ پێشگیری لە بارودۆخی خراپتر لەگەڵ خراپی هەنووکەدا هەڵدەکەن. وەها خەڵکێک تەنیا کاتێک بۆ نارەزایەتی و دژایەتیی رادەپەڕن کە یاسا بە چوارچێوەی ژیانی رۆژانە و خۆشی و ئازادییە کەسێتییەکانی ئەوان زیان بگەیەنێت. ئەرکی خەباتگێران بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی ئەمەیە کە خەڵک سەبارەت بەم راستییە ئاگەدار کەنەوە کە تەنیا بەرژەوەندیی کەسەکی و تاکی ئەوان گرینگی نییە و بەبیریان بێننەوە کە بێ مەیلی و ناچالاکبوونی ئەوان سەبارەت بە چارەنووسی کۆمەڵگە، بەربوار (پێش زەمینە)ی بڵاوبوونەوەی سەرەڕۆیی و بە کۆیلەکردنی هەمووانە. بنیاتنانی سنووردانانێکی گشتیی رەنگە لە بارودۆخی ئێستادا لەسەر هێندێ لایەنی ژیانی کەسەکیی ئەوان کاریگەری نەبێت، بەڵام بوار بۆ دەستدرێژی بەمافی تاک بە تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە دەرەخسێنێت.

## نەبوونی بڕوا بە خۆبوون

بە زۆر هۆکار، زۆربەی خەڵک تووشی نەبوونی بڕوا بەخۆبوونن. نەبوونی بڕوا بەخۆبوون دەبێتە هۆی خۆ بەکەمزانین، نەبوونی باوەڕ بە هەڵسەنگاندن و تواناییەکان و نافەرمانی لە دەستووره سەرەڕۆیانەکان. لە کۆمەڵگەیەکدا کە چەندان دەیەی بەردەوام شایەتحاڵی سەرەڕۆیی و پاوانخوازیی بووە، ئامادەیی و ئەزموونێکی کەم لەو کۆمەڵگەدا بۆ بەشداری و بڕیاردانی بەکۆمەڵ



هۆڵی ئەدەبی کتێب

هەیە. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا دەرفەتگەلێکی کەم بۆ پەرەپێدانی رێبەرایەتی و رێنوێنیکردن دێتە پێشەوە و زۆربەی خەڵک وا بیر دەکەنەوە کە حکومەتی ئەوان باشترین بەربژارە بۆ بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە.

ئەم نەبوونی باوەڕ بەخۆبوونە، خەباتگێڕانیش دەخاتە ژێر کارتێکەریی خۆیەوە، بەو جۆرەی کە ئەوان گومان دەکەن ناتوانن لە بەرامبەر دەسەڵاتدا لە خۆیان پارێزگاری بکەن یان لە ڕێگەی گەیشتن بە ئازادیدا سەرکەوتوو بن. گەڕانەوەی باوەڕ بەخۆبوون بۆ کۆمەڵگەیەک و بەهێزکردنی کەسایەتیی تاکەکان یەکێک لە پێشنیازەکانی خەباتی ناتوندوتیژیی جەماوەرییە؛ بەجۆرێک کە بتوانن داوەرییەکی دروستیان لەسەر دەسەڵاتداران هەبێت و دوای گەیشتن بە ژیری و روانگەیەکی باش، لەسەر بزووتنەوەی خەباتگێڕی و ئامانجەکانیشی هەڵسەنگاندنی باش بکەن.

لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو هەستەی کە ئێمە بە وشەگەلێک وەک بێ مەیلی و حەزنەکردن بە چالاکییە سیاسییەکان و سەرنجدان بە بارودۆخی کۆمەڵگە پاساوی بۆ دێنینەوە، لە راستیدا هەر ئەو هەستی باوەڕ بەخۆنەبوونەیە.

## رێوشوێنەگونجاوەکان (میکانیزم) و شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی

تێپەڕبوونی کۆمەڵگەکان لە سەرەڕۆییەوە بۆ دیموکراسی بێجگە لە رێکار و مێتۆدێک کە بۆ گۆڕینی پێکهاتە و گەیشتن بە دیموکراسی هەڵدەبژێردرێت، پرۆسەیەکی دژوار و تاقەتپڕووکێنە.

بەو جۆرەی کە خەڵک شێوەی خەباتی ناتوندوتیژی بۆ بەرەنگاربوونەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا هەڵدەبژێرن، دەبێ میکانیزم و شێوازگەلێک بناسن کە بە هاتنەدی ئامانجە دیاریکراوەکان و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکدا یارمەتی دەگەیەنن. دوکتۆر جین شارپ[١] چوار جۆر میکانیزم بۆ خەباتە ناتوندوتیژییە جەماوەرییەکان دەستنیشان دەکات. ئەم چوار میکانیزمە بریتین لە گۆڕینی روانگە[٢]، قبوڵکردن[٣]، ناچارکردنی(ناتوندوتیژی)[٤] و هەڵوەشانەوە[٥]. ئەم میکانیزم گەلە چوارچێوەیەکی تیۆری و پێکهاتەیی بۆ کۆکردنەوە و تاوتوێکردنی زانیارییەکان، لە رێگەی ناسینی پێوەندیی هێز لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا پێشان دەدەن.

لەم بەشەدا سەرەڕای ئەم میکانیزمانە، شێوازگەل نارەزایەتی دەربڕین و دژایەتیکردنی ناتوندوتیژیش نیشان دەدرێت کە بریتین لە نارەزایەتی[٦]، دنەدان[٧]، خۆبواردن لە هاوکاری[٨] و دەستێوەردان[٩]. ئەم شێوازانە بۆ دروستکردنی چاکسازی و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پێکهاتەی هێزی دەسەڵاتدا زۆر بەسوودن و کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە. هەروەها بە بەکارهێنانی ئەوانە، دەتوانین شێواز و بەرنامەکانی خەباتی ناتوندوتیژیی رابردوویش تاوتوێ بکەین و جیاوازیی ئەوان لەگەڵ شێوازە رێک و پێکەکاندا بەڕوونی ببینین.

بۆ دروستکردنی بەستێنی چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، دەبێ بیرۆکەی خەباتی ناتوندوتیژیی جەماوەری، لە شێوازی تیۆرییەوە بۆ شێوازی کردەیی بگۆڕدرێت. لە پرۆسەی گۆڕینی تیۆری بە کردەیی، گرینگ ئەمەیە کە لە جۆری هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە دژکردەوە بەرامبەر بە نارەزایەتیی جەماوەری وێنەیەکی دروستمان هەبێت، ئەم وێنەیە یارمەتی بە خەڵک دەدا تا بتوانن بەدروستی دژکردەوە لە خۆیان پێشان بدەن و لەسەر کردار و ئاکاری دەسەڵاتداران کاریگەری دابنێن. ئەم ناسینە، لەسەر هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی بۆ دەستەبەربوونی خواستەکان و ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگەدا و لە کۆتاییشدا پێکهێنانی هاوسەنگی لە پێوەندیی هێز لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکدا کاریگەری زۆری هەیە.

لە درێژەدا بۆ روونبوونەوەی ئەم باسە، میکانیزمە جۆراوجۆرەکان تاوتوێ دەکەین:

١– گۆڕینی روانگە.

٢– قبووڵکردن.

٣– ناچارکردن.

٤– هەڵوەشانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

١– گۆڕینی روانگە

ئەو میکانیزم و پرۆسانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی هێندێ چاکسازی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا بەکار دەبردرێن دەرخەری خواست و بیر و ئاکامی شێوازەکانی ناتوندوتیژی لە پرۆسە جیاجیاکانی خەباتدایە (بەم مانا کە میکانیزمی خەبات، چوارچێوەی سەرەکی و قالبێکە کە شێوازەکانی خەبات لەناو ئەودا جێ دەگرێ).

لەوانەیە لە هێندێ بابەتدا رێژیم بەم ئاکامە بگات کە قبووڵکردنی هێندێ لە پێداویستی و خواستەکانی گرووپە جەماوەرییەکان، لەگەڵ بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا دژایەتی نییە. لە هێندێ بابەتدا گۆڕینی روانگەی دەسەڵاتداران، ئاکامێکی روون و درەوشاوەی بۆ خەڵک بەدواوە بووە. هەروەها رازیبوونی دەسەڵاتداران بە دانی هێندێ پوان، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پرستیژ و ئێحتوباری یاسایی بۆ گرووپە خەباتگێرەکان، کە ئەم کارە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەڕەشە و گوڕەشە و ئەو مەترسییە پەنگراوانە (بالقوە) کە زۆرجار رووی لە گرووپە سیاسییەکانە و لە گشتی گرینگتر هێزەکانی خەبات بۆ رۆژە هەستیار و تەنگژاوییەکان[1] دەپارێزێ. بەڵام سەرنجدان بەم خاڵە گرینگە کە ئەم شێوازە بەهۆی بەکارهێنانی زەخت لەلایەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەوە، بەگشتی بۆ خەبات دژی رێژیمە ملهۆڕ و سەرەڕۆکان کارامەیی لە سەتاسەتی نییە. بەڵام بەم حاڵەشەوە لە هێندێ بابەتدا کەڵکوەرگرتنی دروست لەم مێتۆدە و چوونەسەرەوەی لە کاتی خەبات لە بەرامبەر هێندێ رێژیمی ستەمکاردا کارتێکەری بووە.

یەکێک لەو نموونانەی بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە بەرامبەر رێژیمە سەرەڕۆکاندا، بەرەنگاریی خەڵک لە بەرامبەر رێژیمی سەرەڕۆی نیزامیی برمە لە چوارچێوەی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ئەو وڵاتەدا بوو. دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ی زاینی. نیزامییەکان لە وڵاتی برمەدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، جەنەڕاڵ نۆوین رای گەیاند کە زمانی ئینگلیزی لەبەرئەوەی بەبیرهێنەرەوەی دەوڵەتی داگیرکەری بەریتانیایە، نابێ لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بوترێتەوە. لەو دەورانەدا زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەمی خەڵکی برمە لە قەڵەم دەدرا و زۆربەی خەڵک بەباشی ئەم زمانەیان دەزانی. هۆی سەرەکی بڕیاری حکوومەتی نیزامی ئەمە بوو کە خەڵک لە پێوەندی و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە هەواڵنیرییە ناونەتەوەییەکان دوورخاتەوە، لەبەرئەوەی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی بوون. لە راستیدا رێژیم دەیەویست لە پشت دەمامکی دژایەتی لەگەڵ کلۆنیالیزمدا، جۆرێک سانسۆری زانیاری دروست بکات. تەنانەت سنووردارکردنی زمانی ئینگلیزی زانکۆکانیشی گرتەوە. دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو دەیە، ئەم بابەتە بە دەسەڵاتداران سەلمێنرا کە سنووردانان و سانسۆر، هێندێ بەرەنجامی نەگەتیڤی ئابووری بەدوای خۆیدا دێنێت؛ سەرمایەگوزارە بیانییەکان لەو کارخانەگەلەدا کە فەرمانبەران و بەڕێوەبەرانی ناوەندی، توانای دروستکردنی پێوەندی بە زمانی ناودەوڵەتی توجارەت و پیشەسازییان نەبوو، هیچ مەیلێکیان بۆ سەرمایەگوزاری لە خۆیان نیشان نەدەدا. هەروەها خوێندکارەکانیش لە دەستڕاگەیشتن بەهەلی خوێندن لە زانکۆکانی دەرەوەدا بەجێمان. دەرچووەکانی زانکۆ پزیشکییەکانی شاری رەنگوون(١)، بۆ بەدەستهێنانی شوول لە وڵاتە دەرەکییەکاندا هیچ شانسێکیان نەبوو و نەیاندەتوانی لە خولە فێرکارییەکانی ناونەتەوەییدا بەشداری بکەن. بەپەرەگرتنی پێویستیی نووسینگە توجاری و پیشەییەکان و چالاکییەکانی خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە دیموکراسی، رێژیمیش بەم ئاکامە گەیشت کە بە قبووڵکردنی خواستی جەماوەر بۆ راهێنانی زمانی ئینگلیزی، خۆیشی بەهێندێ بەرژەوەندی دەگات.

بەبەبیرهێنانەوەی ئەمە کە ئامانجی ستراتیجیی بەرنامەی خەباتی ناتوندوتیژی، لاوازکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی حکوومەتە، شێوازی گۆڕینی روانگە (بێ بەڕێوەبردنی توندوتیژی) دەتوانێ لە پرۆسەی لاوازکردندا کاریگەر بێت. ئەوەڵین هەنگاو لەم پێناوەدا ئەمەیە کە ئەندامانی رێکخراوەکان و ئەو ناوەندانەی کە خەڵک بەدژیان هەنگاو دەنێن، تێ بگەن کە بزووتنەوەی خەباتگێڕی، وەکو دوژمن سەیریان ناکات و وێڕای پێشوازیکردن و ئەمەگناسی بۆ هاوکارییان، وەکو تاک و رێکخراوێکی شوێندانەر بۆ دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک چاویان لێ دەکات. ئەگەر ئەم بابەتە دەستەبەر بێت، تاکەکان هاوکاریی کاریگەرتر و کارامەتریان دەبێت و سەبارەت بە قبووڵکردنی ئەم بابەتە کە ئامانجی خەبات، بەڕێوەبردنی هێندێ چاکسازیی سیاسی و ئامانجە مرۆییەکانە، ئامادەتر دەبن.

سیاسەتی گۆڕینی روانگە، یەکەم میکانیزمە بۆ بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی شێوازەکانی

خەبات لە ڕێی ئامانجە دیموکراتیکەکاندا. زۆر گرینگە کە بۆ ئەم کارە لەو جۆرە پڕۆپاگەندانە کەڵک وەرگرین کە بارودۆخی ژیان لە سیستەمە دیمۆکرات و سەرەڕۆکاندا پێکەوە هەڵدەسەنگێنن و بیر و هزری خەڵک لەسەر پوانە کردەییەکانی دیموکراسی و چۆنیەتیی خەباتی ناتوندوتیژیی جەماوەری لە دنیادا روون دەکەنەوە. هەواڵ گەیەنی لەسەر مانگرتنەکان، گەمارۆکان، خۆپێشاندانەکان و خەباتی جەماوەری لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەسەر گۆڕینی روانگەی جەماوەر زۆر کاریگەری دەبێ و لە هەموو گرینگتر کێشانی وێنەیەکە لە داهاتوو و ئەمە کە ژیان لەحکوومەتە دیموکراتیکەکاندا چۆن دەبێت و شێوازی پێوانی ئەم رێگە چۆن دەبێت.

رەنگە بەهێزترین شێوازی بەکارهێنانی زەخت لەسەر رێژیمە سەرەڕۆکان، پیشاندانی نەترسی و ورەبەرزیی بەرهەڵستکاران بێت. نیشاندانی نەترسیی، ئەم بیرە کلیشەییە لەناو دەبات کە داکۆکیکارانی خەباتی ناتوندوتیژی، کەسانێکی ترسەنۆک و کەللەزاتن. هەروا کە[1] بێباکیی سەربازەکان لە بەرەکانی شەڕدا بەرز رادەگیردرێت، قارەمانێتیی ئەو کەسانەی کە بە شیوازەکانی بی توندوتیژی بەرەنگاری حکوومەتە سەرەڕۆکانیش دەبنەوە جێگەی رێزلێنانە. لە هێندێ بابەتدا، ئەو ئازارانەی کە خەباتگێڕان لەم پێناوەدا دەیچێژن، بۆ کاریگەری دانان لەسەر خەڵکانی تر و هێزەکانی سەر بەدەسەڵات هۆکارێکی کارتێکەرە. ناتوانین بوێری لەگەڵ فاکتەرە نەرێتییەکانیدا هەڵسەنگێنین کە هەر ئەو خوێنڕشتن و برینداربوونەیە. قبووڵکردنی ئەنجامدانی کارێک، بەتێکڕا ئەو بەرەنجامانەوە کە هەیەتی، پێوەری هەڵسەنگاندنی بوێرییە. وەک نموونە ئەوانەی کە راگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمەریکایان لە ساڵی ١٧٧٦ی زاینیدا واژۆ کرد هەڵوێستێکی بوێرانەیان لە بەرامبەر پاشای بەریتانیادا گرت و لە راستیدا بەو شێوە لەو خەباتە مەدەنییانەی کە لە دەیەکانی١٩٥٠ و ١٩٦٠ی زاینیدا بەشێوەی مانگرتنی جەماوەری بەڕێوە دەچوو، بەشێوازی مەدەنییانە، پاشای بەریتانیایان بۆ خەبات بانگهێشتن کرد. لە ئەنجامدا بوو بەهۆی یەککگرتوویی هەموو ئەمەریکا. مێتۆدی خەباتەکان، خەڵک هان دەدا بە بیرکردنەوە تا بەبینینی ئەو خەباتگێڕانە کە حازرن بۆ گەیشتن بە ئامانجە باڵاکان گیانی خۆیان لە مەترسیی بخەن، لە ناوەڕۆکی راستەقینە و مرۆییی خەبات تێ بگەن. گۆڕانی روانگەی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی هێندێ چاکسازیی بە کورتی دەتوانین بەم جۆرە پێناسە بکەین:

" ریفۆرم و گۆڕینی روانگەکانی دەسەڵات دوابەدوای خەباتی ناتوندوتیژیدا، بەجۆرێک کە ئەوان بگەنە ئەو باوەڕە کە جێبەجێکردنی ئامانج و خواستەکانی جەماوەر کارێکی باشە. ئەمە یەکێک لەو چوار میکانیزمی گۆڕینەیە لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژیدا."

٢– قبووڵکردن

بە گشتی دەتوانین بەکورتی قبووڵکردن بەم شێوە پێناسە بکەین:

" سیاسەتی قبووڵکردن یەکێک لە میکانیزمەکانی چاکسازی و گۆڕان لە خەباتی

ناتوندوتیژیدایە کە لەودا دەسەڵات لە حاڵێکدا لە حاڵی رووخان و لاوازیی لە رادەبەدەردایە، هێشتا هەر شانسی ئەم هەڵبژاردنەی هەیە تا بەدانی هێندێ پوان بە خەڵک و گرووپە خەباتگێڕەکان بەقبووڵکردنی خواستەکانیان رازی بێت و بەم جۆرە پێش لە رووخانی خۆی بگرێت."

ئەو کاتەی کە قبووڵکردنی خواستەکانی جەماوەر جێبەجێ دەبێ، روانگەکانی دەسەڵات بەتەواوی نەگۆڕاوە و هەموو هەلومەرجە نوێکانی بەخەباتیی ناتوندوتیژی قبووڵ نەکردووە، بگرە بەم ئاکامە گەیشتووە کە دانی هێندێ پوان و رێککەوتنی بێ توندوتیژانە لەگەڵ بەرهەڵستکاران لە بەراورد لەگەڵ ئەو سەرکوتکارییانەی کە رەوتی خەباتەکە سەختتر دەکاتەوە، یان کۆڵدان و بەجێهێشتنی دەسەڵات، دڵخوازتر و باشترە.

ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی قبووڵکردنی خواستەکان ئەگەربێتو قبووڵ نەکرێ لەوانەیە ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕین، ناچارکردن(ناتوندوتیژی) یان هەڵوەشانەوەی سیستەم یان رێژیم.

لە هێندێ بابەتدا کە دەسەڵاتداران، بە قبووڵکردنی مەرجەکانی خەڵک و ئەنجامدانی چاکسازی رازی دەبن، نە بەهۆی باوەڕ بە لایەنە ئەرێنی و خەڵکییەکانی ئەم چاکسازییە و نە بەهۆی لە بەرچاوگرتنی ئینسافە، بگرە ئامانجی سەرەکیی ئەوان پێشگیری لە گرژییە کۆمەڵایەتییەکان، پێشگیری لە بەرەنگاربوونەوەی وڵاتانی تر و کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی، لەژێر کاریگەری دانانی شارۆمەندان بەم پاساوە کە حکوومەت بە خواستەکانی ئەوان گرینگی دەدا، کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتیی پێش لەوەی کە دوژمنان سوودی لێوەرگرن.

لەهەلومەرجێکدا کە رێژیم بەهۆی پاڵپەستۆی خەڵکەوە، ناچار دەبێ هێندێ چاکسازی بکات، لە رواڵەتدا وا نیشان دەدا کە ئەم چاکسازیگەلە دژایەتی لەگەڵ رێبازی گشتی ئەودا نییە و بەهیچ کلۆجێک نەبووەتە هۆی لاوازیی دەسەڵاتی ئەو. لە حاڵێکدا راستییەکەی ئەوەیە کە هێزی پاوانکراوی ئەو تووشی ململانێ بووەتەوە و لە وشیاربوونەوەی هەستی دادپەروەریخوازانەی جەماوەر ترس و خۆفی وێنیشتووە. ئەمڕۆکە هێندێ لە راگەیەنە گشتییەکانی دنیا جاروبار لە هێندێ پاشەکشەکانی حکوومەتە سەرەڕۆکان لە بەرامبەر داخوازییەکانی خەڵکدا بیروڕای گشتی ئاگەدار دەکەنەوە. هێندێ جار رێژیمی سەرەڕۆی برمە و دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆی چین کاتێک کە بەرپرسانی باڵای نێونەتەوەیی بۆ سەردان د ێنە ئەو وڵاتانەوە، بۆ نیشاندانی مەیلی خۆیان بۆ هێندێ چاکسازیی سیاسی، چەند زیندانییەکی سیاسی ئازاد دەکەن، یان لە هێندێ کاتدا، رێژیمی داگیرکەری ئیسرائیل، بۆ رزگاربوون لە زەختی ناونەتەوەیی و رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، ژێستی مرۆڤ دۆستانە و ئاشتیخوازانە دەگرێت. لە راستیدا دەسەڵاتداران لە بەڕێوەبردنی ئەم چاکسازیگەلە خۆشحاڵ نین و هەموو هەوڵێکیان بۆ پاراستنی ئۆتۆریتریانیزم (توتالیتاریزم) و پێشگرتن لە هەر جۆرە زیانێک لە دەسەڵاتەکەیانە. بە وتەیەکی تر ئەوان ئەم جۆرە چاکسازی و پاشەکشەکردنانە بە لە بەرچاو گرتنی هەموو لایەنەکان، بە وردبینی کامڵ و کەمترین مەترسییەوە بەڕێوە دەبەن.

خاڵی گرینگ لە داڕشتنی بەرنامەکانی چاکسازی بە شێوازی گۆڕینی روانگە و قبووڵکردن ئەمەیە کە بەرپرسانی دەوڵەتی و خەڵک ئاگەداری ئەم خاڵە ببنەوە کە لە شیمانەی بەجێگەیاندنی چاکسازیدا:

یەکەم ئابڕوویەکی باش لە کۆمەڵگەدا بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی بەدی دێت (بەم شێوە دەکرێ ئەوان هان بدەی کە چاکسازی بکەن.)

دووەم کردەیی بوونەوەی چاکسازی نیشانەی هێز و سەرکەوتنی جەماوەرە[1].

سێیەم ئەمە کە ئەم چاکسازی و گۆڕانە بە بێ نیاز بەخوێنڕشتن و کوشتن بەرهەم دێت.

ئاکامی گشتی خەباتی ناتوندوتیژی بە میکانیزمی گۆڕینی روانگە و قبووڵکردن چاکسازی ئەمەیە کە بزووتنەوەی جەماوەری بەهێز دەبێت و خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرکەوتنی بانتر و باشتر ئامادە دەبن.

نموونەگەلێکی تر لەو چاکسازییانەیکە لەم دواییانەدا هێندێ لە دەسەڵاتداران رازی بوونە بەڕێوەی ببەن، پانتاییەک لەژێستگەلی سەمبولیکە تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد. بۆ نموونە لە وڵاتی لیتوانیدا، دەسەڵات بەدەستانی سەرەوەی حکوومەت لە بەرامبەر نارەزایەتیی بەربڵاوی جەماوەری دژ بە دەسەڵاتی کومۆنیستی، بۆ پێشگرتن لە گرژیی سیاسی، دەستیاندایە هێندێ چاکسازیی دیموکراتیک وەک بە فەرمی ناسینی زمانی لیتوانیایی و ئیزنی هەڵدانی ئاڵای لیتوانی لەسەر دەرگەی هێندێ لە بینا مێژوویییەکان. ئەم خەباتە جەماوەرییە کە بە رێبەری گرووپی یەکگرتووی"ساژودیس" و بە پشتیوانی گرووپەکانی تر پێک هات، سەرکەوتن و ناوبانگی جیهانی زۆری بەدەست هێنا بەجۆرێک کە دوای ئەو، چاکسازییە سەمبولیکەکانی تری دەسەڵات، گچکە دەهاتە بەرچاو. نموونەیەکی تر، رازیبوونی سەدام حسێن لەسەر بەڕێوەچوونی بۆنەکانی کەمایەتییە ئاینییەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ی زاینیدا بوو. سەرەڕای ئەوەی کە سەدام لە بەردەم نارەزایەتی و دژکردەوەی سوننەکانی عێراقدا بوو، ئیزنی بە شیعەکان دا تا بۆنە ئاینییەکانی خۆیان لە شوێنە پیرۆزەکانی دەوروبەری بەغدا بەڕێوە ببەن. سەدام حوسێن سەرەڕای ئەوە کە هێزە نیزامی و پۆلیسە چەکدارەکانیشی لەژێر دەسەڵاتدا بوو و دەیتوانی لەگەڵ خواستی شیعەکاندا دژایەتی بکات، بەڵام بۆ پێشگرتن لە گرژی و تێکهەڵچوون، لەگەڵ ئەم داخوازییەدا رەزامەندی نیشان دا.

رەزامەندی دەربڕین بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد، یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی چاکسازییە کە رێژیم ئامادە دەبێت بەڕێوەی ببات، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکان لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی دەسەڵاتدا بەڕێوە دەچێ راستی و دروستی ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە لە بەردەم خەتەردایە. لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، دەتوانین کۆمەڵێک رێژیمی سەرەڕۆ ناو بەرین کە حازر بوونە هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە بچێ.

هەڵبژاردنە ئازادەکانی ساڵی١٩٩٠ی برمە نیشان دەدا کە چۆن سەرەنجام حکوومەتەکان لە بەرامبەر داخوازیی جەماوەردا چۆک دادەدەن.

پێش لەوەی کە جەنەڕاڵ نۆوین لەسەر کورسیی دەسەڵات بێتە خوارەوە، یەکێک لە کردەوە فەرمییەکانی کە بەڕێوەی برد ئەمە بوو کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی بە هەڵبژاردنی ئازادیی حزبی دەعوەت کرد.

تا پێش مانگی جولای ١٩٩٨ی زاینی. خەڵکی برمە چەند مانگێ بەردەوام دەستیان دابووە پێکهێنانی خۆپێشاندان لە پێناو بەڕێوەبردنی هێندێ چاکسازیی سیاسی بەتایبەت هەڵبژاردنی چەند حزبی و ئەگەرچی جەنەڕاڵ نۆوین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەڵبژاردنی چەند حزبی دەبێتە هۆی لاوازبوونی بناخەکانی دەسەڵات یان بەلایەنی کەمەوە بەشێک لە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ئەو، بەڵام هیوادار بوو کە دەنگەکانی بەرهەڵستکاران لە نێوان حزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا دابەش ببێت بەشێوەیەک کە هیچ کام لەوان دەنگی زۆرینە بەدەست نەهێنن. سەرەنجام دەستووری بە کاربەدەستانی حکوومی دا تا لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاری بکەن و سندووقەکانی دەنگدان پڕ لە دەنگی ساختە بۆ سەرکەوتنی ئەو بکەن، بەڵام لە هەر حاڵدا تەسلیمبوونی ئەو بۆ داخوازیی خەڵک و هەڵبژاردنی چەند حزبی سەرکەوتنێکی گەورە بوو.

بەشێوەی باو هەڵبژاردنەکان پوانێکە کە رێژیمە سەرەڕۆکان بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازیی سیاسی، بە بەرهەڵستکارانی دەبەخشن. بەداخەوە زۆربەی ڕێبەرانی سیاسی (لە دەوەرەی دەسەڵات) بەسادەیی بیر دەکەنەوە کە هەڵبژاردن لە وڵاتە نادیموکراتیکەکاندا، ئازادانە و دادپەروەرانەیە و ئەوسا ئەوان دەتوانن لە بەرامبەر تۆقاندن و سەرکوتگەریی ڕێژیمدا بوەستن، یان چاودێری ناونەتەوەیی دەتوانێت سالمبوونی هەڵبژاردنەکان گەرەنتی بکات. هەڵبژاردنەکانی سربستان لە ساڵی٢٠٠٠ی ز. و هەڵبژاردنەکانی زیمبابووە لە ساڵی ٢٠٠٢ی زاینی نموونەگەلێک لەو هەڵبژاردنە دەستکردانەن کە بەرنامەڕێژی و ستراتیجیی خەڵک رەوتی ئەوانی گۆڕیوە و بەرەنجامێکی جیاوازی دروست کردووە.

لە سربستاندا گرووپە دژبەرەکانی حکوومەت، جۆرە سیستەمێکی چاودێرییان بەسەر هەڵبژاردنەکاندا سەپاند کە بەگوێرەی ئەو دەبووایە هەموو سندووقی دەنگەکان لەژێر چاودێری بێلگرادا بژمێردرابا. ئەوان رێکخراوێکی رێک و پێک و ڕاهێنراویان بۆ ژماردنی دەنگەکان ئامادە کرد و تەنانەت بەرنامەیەکی "کردەیی"شیان بۆ پێشگرتن لە دەستێوەردانی شێمانەیی دەسەڵاتداران لە هەڵبژاردنەکاندا پێک هێنا. هەواڵ گەیەنی گرووپە سیاسییەکان لە ناوەندەکانی دەنگدان و ڕاگەیاندنی ئاکامی ژماردنی دەنگەکان لە ماوەیەکی کورتدا و پێش لەوەی کە ئاکامی فەرمی ڕاگەیەندرێت، پێشی لە دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکان و لە ئاکامدا بەسەرکەوتنی دیموکرسیخوازان کۆتایی پێ هات. کاتێک دەسەڵاتداران رایان گەیاند کە لەسەر بنەوای ژماردنی فەرمیی دەنگەکان، گرووپە سیاسییەکانی بەرهەڵستکاری حکوومەت سەرنەکەوتنە، جەماوەر ڕژانە

سەر شەقامەکان و سەرەڕای ڕەدکردنەوەی ئەم بانگەشەیە، سەرکەوتنی خۆیان بە خۆپێشاندان دەربڕی. ئەم خۆپێشاندانە بە ڕێپێوان لە بەرامبەر پەرلەماندا گەیشتە ترۆپکی خۆی. ئامادەیی خەڵک بەڕادەیەک بوو کە پۆلیس و هێزە ئینتزامییەکان تا کاتی دەستنیشانکردن و پەژراندی کاربەدەستانی نوێ، لە دەستێوەردان خۆیان بوارد.

هەڵبژاردنی زیمبابوە لە ٢٠٠٢ی ز.دا ئاکامێکی جیاوازی بوو. گرووپە سیاسییە دیموکراسیخوازەکان، بەرنامەی خۆیان بۆ چاودێری لە سندووقەکانی دەنگدان تەنیا بە بەڕێوەبردنی زەختە ناونەتەوەییەکان بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی سالم و ئازاد بەستەوە و لە سەرنجدان بەم خاڵە کەمتەرخەمییان نواند کە لەوانەیە بەرپرسی هەڵبژاردنەکان یانی رابێرت موگابە لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاری بکات. ئەگەرچی نیشانەگەلێک لەدەستدا بوو کە ئەو حەزی لە وازهێنان لە دەسەڵات نییە، بەڵام خەڵک و ڕێبەران لە ئاست لێکدانەوەی هەڵوێستەکانی ئەو کەمتەرخەمییان کرد. لە ئاکامدا موگابە بەدانی بەڵێنی پارە و خۆراک، لیباس شەخسییەکانی بە چەقۆ و تێلاوە خستە گیان گرووپە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی خۆی و بەم شێوە گرووپە خەباتگێڕە سیاسییەکانی سەرکوت کرد.

پاڵێوراوی گرووپی دیموکراسیخواز بەتاوانی خەیانەت گیرا و پۆلیس و ڕێکخراوە ئەمنییەتییەکان دەستیاندایە سەرکوتکردنی خەڵکەوە. تەنانەت لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا، ئەو خەڵکەی کە لە سەفی دەنگداندا بوون، لە بەرچاوی هەواڵنێران و ڕاگەیەنە ناونەتەوەییەکان وەبەر لێدان و کوتانیان کەوتن. زۆربەی هەواڵنێرانی ئەوروپایی لە وڵات وەدەرنران و سندووقەکانی دەنگدان لەڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا جێبەجێ کران. سیاسەتی ڕێژیم، پێشگرتن لە بەشداریی هێندێ لە خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بوو و هەر لەم ئاقارەدا دەنگێکی زۆر تا پشت ڕاستکردنەوەی ئاکامی کۆتایی نەژمێردران.

سەرەنجام موگابە بێ ئەوەی کە بەرنامەیەکی ڕوون یان توانایییەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبەریی وڵات ببێ، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

گرووپە دیموکراسیخوازەکانیش تەنیا پەنایان بردەبەر ڕەدکردنەوە و داوای پێداچوونەوە یان هەڵبژاردنی نوێیان کرد و لە حاڵێکدا پێکهاتەی وڵات هیچ بەڵگەیەکی نەبوو کە نیشان بدات هەڵبژاردنی نوێش ئازاد و ڕێک و پێک نابێ. ئەم نموونەیە وانەیەکی گەورە بۆ گرووپە خەباتگێڕەکانە تا بزانن هەڵبژاردن بۆ حکوومەتەکان گرینگییەکی زۆری هەیە، چونکە لە ئەگەری شکست خواردن لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەوایی سیاسیی ئەوان لە ناوەخۆی وڵات و لە ئاستی ناونەتەوەییشدا نامێنێ. هەروەها هەر بەم هۆیەوە، شکست لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ گرووپە دیموکراسیخوازەکانیش گرینگی هەیە.

٣ – ناچارکردنی ناتوندوتیژی

قبووڵکردنی داخوازییەکانی خەڵک بە شێوەگەلی قبووڵکردن و گۆڕینی روانگە، بۆ دەسەڵات ئاکامێکی کەم و کاتیی بێ نرخی هەیە. ناچارکردن شێوازێکی ترە کە دەتوانین بە بەکارهێنانی، دەسەڵات ناچار بە قبووڵکردنی داخوازییەکانی خەڵک بکەین.

ناچارکردنی ناتوندوتیژی میکانیزمێکە لە چاکسازی و گۆڕین کە بەپێچەوانەی حەزی دەروونی دەسەڵات، دەبێتە هۆی هاتنەدی ئامانجەکانی خەباتە جەماوەرییەکان. لەم مێتۆدەدا پایەکانی رەوایی دەسەڵات بەهۆی خۆبواردنی خەڵک لە هاوکاری و نەبوونی کۆنترۆڵی کاریگەر لەسەر بارودۆخی هەنووکە لاواز دەبێت و دەسەڵات ناچار دەبێت مل بۆ داخوازییەکانی خەڵک دابنێت.

لە بارودۆخێکدا کە توانای راستەقینەی دەسەڵات لاواز بووەتەوە، بەڕێوەبردنی مێتۆدی ناچارکردن کاریگەر دەبێت. گرووپە خەباتکارەکانی خەڵک دەبێ بەباشی ئەم خاڵەیان لە بەرچاو بێ و بزانن کە بەکارهێنانی ئەم شێوە جگە لە بارودۆخێکدا کە توانای دەسەڵات لاواز بووەتەوە، دەبێتە هۆی زەبرلێدان لە رەوایی و قبووڵکردنی ئەوان لەلایەن خەڵکەوە. بەکارهێنانی مێتۆدی ناچارکردن بۆ ئەوەی کە مان و نەمانی رژێمی ستەمکار تووشی ململانێ بکات، دەبێ لە دوای بەرنامەڕێژییەکی راست و رێک و لێکدانەوەیەکی ئامانجدار لەسەر رادەی سەرکەوتنی خەبات، بەکار بێت. لە حاڵێکدا کە بەکارهێنانی مێتۆدی ناچارکردن یارمەتییەک بە بەئاکام گەیشتنی داخوازییەکانی خەباتگێڕان نەکات، دەبێ بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەدوا بخرێت یان پێداچوونەوەی پێدا بکرێت.

هێندێ جار حزبە سیاسییەکان و هێندێ لە گرووپە خەباتگێڕە جەماوەرییەکان، داخوازیگەلێک دێننە گۆڕێ کە لەگەڵ شێوازی ناچارکردندا هاوئاهەنگییان نییە. باشترین کات بۆ بەئاگاهێنانەوەی دەسەڵات لە داخوازییەکان، ئەو کاتەیە کە بەرنامەی ستراتیجیک نووسرابێت و رەوتی تواناسازی و بەگۆڕەپان هێنانی جەماوەر و لاوازیی سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات بەڕێوە برابێت. لەم بارودۆخەدایە کە داخوازییەکان بەئامانجێکی روون و شایانی جێبەجێ بوون دەگۆڕێن. وەک نموونە دوای تاوتوێکردنی رێکوپێکی داخوازییەکانی خەڵک و بەرنامەڕێژیی ئامانجەکان دوابەدوای داخوازی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و سالم، (ئەگەر بێتو بارودۆخی سەرەوە ئامادە بێت) دەسەڵات ئاگادار بکرێتەوە کە لە ئەگەری جێبەجێ نەبوونی مەرجەکان و بەدینەهاتنی داخوازییەکانی ئەواندا، چ سزایەک (لە جۆری ناتوندوتیژی) لەلایەن خەڵکەوە بەسەر ئەواندا دەسەپێت.

ئەو کاتەی کە داخوازییەکانی خەڵک سەرەڕای بێ مەیلی دەسەڵات جێبەجێ دەبێ، ناچارکردن بە سەرکەوتن دەگات. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئۆکتۆبری ٢٠٠٠ی زاینی. لە سربستاندا، سەرەڕای ئەوەی کە میلوسۆویچ رای گەیاندبوو کە هەڵبژاردنەکان دەبێ سەرلەنوێ

بەڕێوە بچێتەوە خەڵک سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانیان جەژن گرت. خەڵک کە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاری بکرێ، بە بەرنامەڕێژیی ستراتیجیک و بەکارهێنانی شێوازەکانی نارەزایەتیی ناتوندوتیژی، توانای حکوومەتی "میلوسۆویچ"یان کەم کردەوە. سەتان هەزار کەس لە خەڵکی سربستان بۆ لای پەرلەمان ڕێپێوانیان کرد و لە بینای پەرلەماندا کۆبوونەوە. سەرەنجام دیکتاتۆری میلوسۆویچ بەم کارە لە دەسەڵات وەلا نرا. بەو بەرنامەوە کە خەڵک دایان ڕشتبوو ئیدی دەرەتانی دژایەتیکردن بۆ دیکتاتۆر نەمابوو. لەبەرئەوەی بناخە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیی لاواز بووبوونەوە. پۆلیس بۆ پێشگرتن لە چوونی خەڵک و نارازییەکان بۆ بێلگراد لە بەستنی ئوتووبانەکان خۆیان بوارد و هێزە نیزامییەکانیش بە پشتبەستن بەم بابەتە کە هەڵبژاردن، رەوتێکی سیاسییە لە دەستێوەردان لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا بەلایەنگری لە میلوسۆویج خۆیان پاراست. رووخانی ئەم دوو تەکیەگای هێزە (پۆلیس و هێزە نیزامییەکان) ئاکامی چەندان مانگ هەوڵ و رۆشنگەریی خەباتگێڕان بوو تا بە هێزە نیزامی و پۆلیسەکان تێ بگەیەنن کە گۆڕینی دیکتاتۆری تەنیا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی و گرینگیی ئەوان نییە. سەرەنجام میلوسۆویچ بەم ئاکامە گەیشت کە ئیتر دەسەڵاتێکی نییە.

لە حاڵێکدا کە نموونەگەلێک لە سەرکەوتنی شێوازی ناچارکردن، یان هەڕەشە بە ناچارکردن بەشێوازی ناتوندوتیژی هەیە، لە بەرامبەردا لە هەلومەرجێکدا کە توانسازیی پێویست بەڕێوە نەچووە و وەرگیراوی پێویست نییە، بەکارهێنانی ئەم مێتۆدە دەبێتە هۆی زەربەلێدان بە بزووتنەوەی خەباتگێڕی خەڵک، وەکو ئەو شتەی کە لەزیمبابوە لە ساڵی٢٠٠٢ی زاینی. دوابەدوای حازرنەبوونی خەڵک لەو دەعوەتەدا کە بۆ دوو نارەزایەتی و مانگرتنی گشتی رووی دا. ئەم هەلومەرجە بووە هۆی ئەوە کە رەوتی بەرنامەڕێژی و ئامادەکردنی بارودۆخ بۆ مانگرتنی داهاتوو بە ماوەی چەند مانگ دوا کەوێت.

هەوڵ بۆ بەکارهێنانی ناچارکردن و مێتۆدە جیاوازەکانی، بێ لە بەرچاوگرتنی توانای خەڵک دەبێتە هۆی بڕینی پشتیوانییەکانی خەڵک و لاوازبوونەوە و زەربەلێدان بە رەوتی بزووتنەوەی دیموکراتیک و تەنانەت هێزە ناونەتەوەییەکانیش کە تا پێش لەمە لە بزووتنەوەکە پشتیوانییان دەکرد، سەبارەت بە برستیژ و ئابڕووی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانە دەخاتە شک و گومانەوە. تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی توانا یی و وزە و تاقەتەکان لە ماوەی بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی خەباتە ناتوندوتیژییەکاندا بۆ پێشگرتن لە بەئاکام گەیشتنی بەرەنجامە زیاندەر و ئاکامێکی پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان لە گرینگییەکی بەرچاو بەهرەمەندە.

٤– هەڵوەشانەوە

لە ئەگەری بەئاکام نەگەیشتنی ئامانج و داخوازییەکانی خەڵک و پێداگریی دەسەڵات لەسەر رەوتی سەرکوتکەرانەی خۆی، دوا قۆناخ، لەناو چوونە کە ئەویش وەکو میکانیزمەکانی تر

بەشێوازی ناتوندوتیژی بەڕێوە دەچێ.

لەم میکانیزمەدا، نافەرمانی و متمانە قایلنەبوونی خەڵک بۆ سەرچاوەکانی دەسەڵاتی حکوومەت، تا ئەو ڕادە بەربڵاو و توندوتیژە کە سیستەم یان حکوومەتی ناخەڵکی ئیدی توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی نابێت و بەئاسانی لەناو دەچێت.

هەروا کە پێشتر باس کرا، "ناچارکردن"ی بەکار هێنراو لەلایەن گرووپە بەرهەڵستکارەکانەوە، ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکە کە لەودا دابەشکردنی پێکهاتەی دەسەڵاتی حکوومەت گۆڕدراوە. کاتێکە دژبەران هەست دەکەن کە هاوسەنگی هێز بەقازانجی ئەوان گۆڕاوە، دەبێ ڕژیم لەلایەن هێزی جەماوەرەوە بە ڕەچاوکردنی مێتۆدگەلی خۆبواردن لە هاوکاری و مانگرتن بکەوێتە بەر هێرش. ئەگەر هێرشەکان، بەرنامەڕێژی کراو و بەهێز بێت، حکوومەت لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە. لەبەرئەوەی تەکیەگاکانی هێز کە پێویستیی مانەوەی دەسەڵاتن، لەناو چوونە.

ئەگەر گرووپە بەرهەڵستکارەکان بەم ئاکامە بگەن کە رووخانی ڕێژیم پێویستە، گوڕوتین و توانایی خەباتی ناتوندوتیژی تا بەئاکام گەیشتنی ئامانج دەبێ بەردەوام بمێنێتەوە. ئەگەربێتو بەهەر هۆیەک هەرجۆرە خەتا و سستییەک روو بدا، دەتوانێ بۆ دەسەڵات بەستێنێک دروست بکات تا سەرچاوەکانی هێزی خۆی نۆژەنکاتەوە. هەروا کە لە قۆناخەکانی شەڕی"هێرش و راوەدوونان"دا لەو کاتانەیدا کە توانای بەرنگاری دوژمن لاواز دەبێتەوە و لەحاڵی خۆبەدەستەوەداندایە، دەبێ توندی و ڕادەی هێرشکردن تا مسۆگەربوونی سەرکەوتن زیاتر و زیاتر بێتەوە تا ئەوەی کە دوژمن لەناو دەچێت.

هەروا کە لە شەڕە نیزامییەکاندا، بێ بەرنامەڕێژیی ستراتیجیک، هێزەکان ناتوانن بۆ وەڵامدانەوەی خێرا ئامادە بن و بەشێوەیەکی کاریگەر زەخت بخەنە سەر دوژمن، لە خەباتە ناتوندوتیژییەکانیشدا نەبوونی بەرنامەی ستراتیجیک، ئامێکی وەک یەکی لێ دەکەوێتەوە.

هەڵبەت هەڵبژاردنی شێوازی لەناوبردن دەبێ لە دوای ئەزموونکردنی هەموو میکانیزمەکان و دڵنیابوون لە ناکاریگەربوونیان بێت، لەبەرئەوەی بەبێ لێکدانەوە هەلومەرجی ئابووری، فەرهەنگی، لێهاتووییەکانی بەدیلی دەسەڵاتی هەنووکە و بنیاتە مەدەنییەکان، لەوانەیە هەڵبژاردنی ئەم مێتۆدە ببێتە هۆی بارودۆخێکی ترسناکدار. هەڵبژاردنی ئەم مێتۆدە بێ تێگەیشتنی بارودۆخەکە، لەوانەیە تەنانەت ببێتە هۆی لەناوچوونی بنیاتە مەدەنییەکان و پێکهاتنی چەرخەی بێهوودەی سەرەڕۆیی سەرەڕۆیی.

هەڵوەشاندنەوە چوارەمین میکانیزمی چاکسازییە لە شێوازی خەباتی ناتوندوتیژیدا، کە دوای ئەوەیکە روون بووەوە کە دەسەڵات حەزی لە بەڕێوەبردنی چاکسازیی نییە، بەکار دەبردرێت. لەم شێوازەدا دەسەڵات یان حکوومەت بە هۆی خۆپاراستنی جەماوەر لە هاوکاریکردن و نافەرمانیی شارۆمەندییەوە لەناو دەچێت.

# ماهیەتی ئەفسانە

دوکتۆر محەمەد عەباس

دەکرێ سەرەتا بڵێین ئەگەر باسکار بیەوێ بگاتە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەفسانە (MYTH) بە پەنابردنە بەر داتاشراوی زمانەوانی ئەتمۆلۆجی Etymology کە وەک دەرگایەکی سروشتییە بەرەو هەر بابەتێک کە دەکرێ باسی لێوە بکات، ئەوە دەبینێ وشەی (MYTH) بەمانای نوتق و وتن دێت، واتە ئەو شتە دەگەیەنێ کە مرۆڤێ لە دەمی دێتە دەر یان لە شێوەی حەکایەتدا Atal دەری دەبڕێ، یان لە شێوەیەکی فراوانتر پێی دەگوترێ چیرۆک A story. بەڵام وشەی میتۆلۆجی بەمانای، گواستنەوەی شتێک لە ڕێگەی ئەفسانە یان لە ڕێگەی چیرۆکێکی دەم بەدەمە و لە ڕێگەی کەسە دێرینەکانەوە، وەک ئەوەی هۆمیرۆس ئەنجامی دا. شایانی باسە ئەگەر هاتوو وشەی Mythology بە دابڕاوی لە "میمە" گەورەکەی بنووسین ئەو کاتە دەکرێ ئەو وشەیە دوو شتی جیاواز بگەیەنێت، یان "لێکۆڵینەوەی ئەفسانە" دەگەیەنێ یان کۆمەڵێ، ناوەڕۆکێ، ناوەخنی ئەفسانە دەگەیەنێ. لە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە ئەفسانە برێتییە لە چیرۆکێک ئەسڵەکەی نەزانراوە، ئەفسانە بە شێوەیەکی گشتی هەڵدەستێ بە ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی هەندێ بیروباوەڕی واقیعی، هیچ نەبێت ئەو ڕووداوانە دەگەڕێنەوە بۆ کەلەپوور کە بە شێوەیەکی دیار پێوەست و پێوەند دەبێ بە ڕووداو و بەسەرهاتی ڕاستەقینەوە. وشەی Mythology بەمانای ئەفسانەناسی، هەروەها پێشتر ڕوون کراوەتەوە، برێتییە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵە و ناوەڕۆکی ئەفسانەکان لە کولتوورێکی دیاریکراودا یان کەلەپوورێکی ئاینی دیاریکراودا. ئەفسانەکان ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە نموونەیانە، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی پێوەستن بە کرداری خوا و قارەمانان، شتێکن لە دەرەوەی توانای مرۆڤن. ئەم ڕووداو و بەسەرهاتە نائاساییانە و لە دەرەوەی ئاکاری ئاسایی بەپێی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەفسانە گرینگی بە پێشکێشکردنی ئەو نموونانە دەدات کە پێوەندییان بە ئاکاری

........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

مرۆییەوە هەبووە.

لێکۆڵینەوەی هاوچەرخی ئەفسانە لەگەڵ بزووتنەوەی رۆمانسی لە سەدەی نۆزدەم گەشەی کرد، راڤەکردنی لێکنەچووی پێشکێش کرد. بەڵام هێڵە فراوانەکانی ئەفسانەناسی، لەگەڵ گەشەکردنی زانستی فیلۆجیای بەراوردکاری لە سەدەی نۆزدەم دامەزرا و بەهاوبەشی لەگەڵ ئەتنۆلۆجیا (زانستی بنەچەی خێزانە مرۆییەکان) کە لە سەدەی بیستەم دۆزرایەوە. هەموو زانستەکان لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رۆمانسییەوە لە سەدەی نۆزدەم پابەند بوون بە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەمەڕ ئەفسانە. هەریەک لە ویلهێڵم و جیمس فریزەر و تۆمبسۆن لە کۆکردنەوە و پۆلینکردنی بابەتە ئەفسانەی و فۆلکلۆرییەکان پەنایان بردە بەر ئەم شێوە بەراوردکارییە. مالینۆفسکی جەختی کردە سەر ئەو ئەرکەی ئەفسانە لەناو کۆمەڵگەدا دەیگێڕێ، کەچی "کلۆد لیڤی شتراوس" و کۆمەڵێکی تر لە بنیاتگەرەکان جەختیان کردە سەر ئەو پێوەندییە وێنەیی و جۆر و ئەو نموونە بنیاتیانەی لە دنیادا هەن.

سیگمۆند فرۆید ئەوەی روون کردەوە کە پێوەندییە سیمبوڵییەکان تەنیا پشت بە مێژووی کولتووری نابەستن، بگرە پشت بە دیاردە دەروونییەکانی مرۆڤیش دەپرسن. بەڵام کارل یۆنگ شێوازێکی تری شیکردنەوەی گرتە بەر، ئەو پێچەوانەی فرۆید ئەفسانەی گەڕاندەوە بۆ ناهۆشمەندی بەکۆمەڵ، نەک ئەوەی فرۆید کە ناهۆشمەندی بۆ تاک دەگەڕانەوە. هەروەها ئەفسانەناسەکانی بواری ریتوێڵ جەختیان کردەوە سەر بوونی پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەفسانە و ریتوێڵ و رێوڕەسمی ئاینی.

ئەنسکلیۆپیدیای بەریتانی ئەفسانە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەکات، هەندێک لەو ئەفسانانە تایبەتن بە ئەفسانەی خوڵقاندن و دروستبوون، ئەو شێوە ئەفسانەیە لە زۆربەی کولتوورەکاندا هاتووە و سەرقاڵی دروستبوون و بنەچەی گەردوونە. هەندێ ئەفسانەی تر هەن تایبەتن بە دنیای دووەم، هەندێکیان گرینگی بە باسکردنی کۆتایی دنیا دەدەن، هەندێکی تر هەڵدەستن بە راڤەکردن و لێکدانەوەی پێوەندی نێوان دنیای نەمری و ئەم دنیایەی کە فانییە. هەروەها هەندێ ئەفسانەی هەن باس لەو قارەمانانە دەکەن کە وایان لەم زەوییە کردووە تا بشێ بۆ بژێوی بوونەوەری مرۆیی. هەندێ ئەفسانە هەن راڤەیەک لەبارەی چۆنیەتی هاتنی هەردوو بیرۆکەی باشە و خراپە بۆ ناو ئەم ژیانەی ئێستەمان پێشکێش دەکەن.

بەڵام ئەنسکلۆپیدیای ئەمەریکایی وای دەبینێ کە وشەی Mythology بەمانای خوێندنەوەی ئەفسانەکان دێت، بەڵام ئەفسانە خۆی چیرۆکێکە و دەگێڕدرێتەوە، لەناو ئەو گەلانەی کە خاوەنی کەلەپووری نووسین نین ئەفسانە کۆمەڵە سیمبولێکە بۆ رووداوی پڕ ناوەڕۆک. ئەفسانە بە زۆری گرینگی بە بوونەوەر و رووداو و بەسەرهاتی نائاسایی دەدات. لە سەرتاسەری دنیادا بۆ زۆربەی ئەدەب و دراما و هونەر ئەفسانە دەوڵەمەندترین سەرچاوەی ئیلهامە.

دەکرێ ئەفسانە هەندێ رەگەزی تری تێدا بێت لە وێنەکانی تری ئەدەبی سەرزارەکی و حیکایەت و بەسەرهاتی باو و باپیران، بەڵام ئەفسانە لە دوو خاڵدا لەوان ناچێ: یەکەم، لە ژینگەی خۆیدا حسێبی چیرۆکێکی راستەقینەی بۆ دەکرێ، رووداوێکی بنەڕەتی و بەرفراوان لە بارەی بابەتەکانی خۆیەوە پێشکێش دەکات، چ ئەم بابەتانە تایبەت بێ بە بنەچە و و هۆی بوونی دنیا، هۆی مردن، مانای بزووتن، یان بنیاتی پەرستگە یان هەیکەل. دووەم ئەفسانە بەرفراوانتر و بنەڕەتیترە، ئەفسانە راستییەکە کۆمەڵگەی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ راستی بنەچەیی و سەرەتایی، ئەمەش راستییەکە نەک تەنیا پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، بگرە لەرووی شوێن و سەردەم و جۆری بوونیش جیاوازی هەیە، هەروەها ئەو سەردەمە سەرەتاییە کۆگای نموونەکانە و پڕە لە زانیاری و پسپۆڕیی و رووی چالاکییە گرینگەکان، ئەوانەی کە کۆمەڵگەی هاوچەرخی پشتی پێ دەبەستێ.

سەرەڕای ئەوەی ئەفسانە وا دەردەکەوێ کە شتێکی نالۆجیکی و نائەقڵانییە، بەڵام هەڵدەستێ بە راڤەکردنی پرەنسیپ و هۆکارەکانی خۆی. بەم مانایە ئەفسانە وەک دەربڕینێک بۆ پرەنسیپ و بڕوا سەرەتاییەکان دەمێنێتەوە. رەنگە حیکایەتی دێوودرنج و ئەو چیرۆکانەی زاربەزار گەیشتوون لە ئەفسانەوە هاتبێتن و جیا بووبێتنەوە، حیکایەتی دێوودرنج وەکو ئەفسانە خاوەنی رەگەزە خەیاڵییەکانی خۆیەتی، بەڵام هەمان مانای زەمەن نادات بەدەستەوە. زەمان لە حیکایەتی دێوودرنج یان ئەوەتا ونە یان دیاری نەکراوە، بەڵام لە ئەفسانەدا زەمەن دیاری کراوە و براوەتەوە. هەروەها ئەو چیرۆکانەی زار بە زار لە کۆنەکانەوە دەگێردرێنەوە بەسەرهاتەکانی باس لەو قارەمانانە دەکەن کە کردارەکانیان دیارە و لە سەردەمێکی کۆندا هەبوون و بەڵام لە ئێستەشدا بەردەوامن.

کیرک لە کتێبەکەی "سروشتی ئەفسانەی یۆنانی" دەنووسێ ئەفلاتون یەکەم کەس بووە زاراوەی Mythology بەکار هێناوە، ئەم زاراوەیە بەمانای "قسە لەسەر"،"هەواڵێ لەسەر"، یان بە مانای "چیرۆکەکان" دەگەیەنێ. بەڵام هەموو چیرۆکێک نابێتە ئەفسانە، هەر بۆ نموونە ناتوانین بە کورتە چیرۆک بڵێین ئەفسانە، هەروەها ئەو حەکایەتانەی بۆ منداڵان دەگێردرێتەوە ناکرێ ناوی ئەفسانەیان لێ بنرێ. دەکرێ لە رێگەی خۆیەوە بگەینە مانایەکی گشتی ئەفسانە هەروەک یۆنانییە کۆنەکان ئەم کارەیان کرد ئەو ئەفسانەیە برێتییە لە کۆمەڵێ چیرۆکی دەم بە دەم و گوازراوە یان هەڵقووڵاو لە ناخی داوونەریتی کۆنی میراتییەوە. بەڵام دەبێ زۆر بە حەزەرەوە ئەم مانا گشتییەی ئەفسانە بێتە بەکارهێنان، ناکرێ هەر چیرۆکێک لە ناخی داوونەرێتی کۆن هەڵقووڵاو بێت ناوی ئەفسانەی لێ بنرێت، زۆر لەم چیرۆکانە پێوەندییان بە رووداوی مێژووییەوە هەیە، پێوەندییان بە کەسایەتی زۆر دێرینەوە هەیە، ئەگەر بۆ مانایەک لە ماناکان ئەو چیرۆکانە ناوی ئەفسانەیان لێ بنرێت، بەڵام بە مانا راستییەکەی ئەفسانە نین.

ئەگەر باس لەو کۆمەڵە پێناسانە بکەین کە بۆ ئەفسانە کراون، دەبینین ئەو پێناسانە جیاوازییان هەیە بە جیاوازی ئەو زانستانەی هەوڵی پێناسەکردنیان داوە، قوتابخانەی بنیاتگەری

که "کلۆد لیڤی شتراوس" رابەرایەتی دەکرد، لە پێناسەکردنی ئەفسانە رایەکی هەبوو لەگەڵ هێڵی تیۆری بنیاتگەری گشتیدا دەگونجا، شتراوس پێی وابوو ئەفسانە یەکێکە لە شێوازەکانی دامەزراندنی پێوەندی نێوان مرۆڤ، هەروەک هەر شێوە ئاڵوگۆڕییەکی ئابووری و خزمایەتی کە لە رێگەی ژن و ژنخوازییەوە روو دەدات.

ئەفسانە بەرهەمی زمانە، رەگەزەکانی ئەفسانە رەگەزی زمانەوانین، دەنگ و فۆنیمەکانی ئەفسانە بە دابڕاوی لە یەکتری هیچ مانایەکیان نابێ، بەڵام ئەگەر پێکەوەیان ببەستین مانایان دەبێت. ئەمەش بەسەر رەگەزەکانی ئەفسانەدا جێبەجێ دەبێ، ئەو رەگەزانەی کە خودی خۆیان بە تەنیا هیچ مانایەکیان نییە، بەڵام لە ماوەی پێوەندی لەگەڵ یەکتردا مانایان دەبێ، ئەوەی مانای راستەقینەی ئەفسانە دەستنیشان دەکات، بنیاتی بنەڕەتی ئەفسانە خۆیەتی.

لەلایەکی ترەوە، لە روانگەی لیڤی شتراوس ئەفسانە تا ڕادەیەک لە هونەری موزیک دەکات، هەروەک دەڵێن موزیک خۆی دەربڕی خۆیەتی، بۆیە تەنیا لەسەر ئێمە ئەوەیە کە گوێ لە راڤەکانی ئەو موزیکە بگرین، هەروەها ئەفسانەش لە میانەی رووداوە میتۆلۆجییەکانیەوە باس لە خۆی دەکات، لەسەر ئێمە ئەوەیە کە گوێی لێ بگرین، ئەو گوێگرتنەش بە پێڕەوکردنی پێڕەوێکی تایبەت بە موزیک دەبێ، کە لە بناخەوە پشت دەبەستێ بەو کانیاوە هەڵقوڵاوەی ناخی مرۆڤ.

بەڵام "مالینۆڤسکی" وای دەبینێ کە ئەفسانە لای مرۆڤی سەرەتایی تەنیا برێتی نییە لە چیرۆک یان حیکایەتێکی سادە، بەڵکو ئەفسانە ئەو واقیعەیە وێنا دەکات کە ئەو تێیدا دەژی، بۆ ئەو مرۆڤە سەرەتاییە ئەفسانە تا ڕادەیەک لەو چیرۆکە پیرۆزانەی نێزیکە کە لە ریتوێڵەکاندا هەن، هەر ئەو چیرۆکانەش کۆنترۆڵی بڕوا ئاینییەکانمان دەکەن. بۆیە ئەو پێی وایە بەبێ زانینی بڕوای راستەقینەی سەرەتایی ئەفسانە و بەبێ زانینی رێکخراوی کۆمەڵایەتی کە ئەو ئەفسانەی لێ هاتووەتە دەرەوە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەفسانە کارێکی بێبەرە. هەروەها پێی وایە شێوەی ئەدەبی ئێستەی ئەفسانە کەوتووەتە ژێر گۆڕانکاری و لە رێلادانی زۆرەوە، لەسەر دەستی پیاوانی ئاینی گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆیە لە لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەو ئەفسانەیەی کە تا ئێستە زیندوون، دەبێ بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بزانین نهێنیی ئەم ژیانە چییە.

مالینۆڤسکی لە کتێبەکەی "بنیاتە بنەڕەتییەکانی بڕوا و رەوشت" باس لەوە دەکات کە ئەفسانە تەنانەت لە کۆتاییی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیش نابێتە هۆی روودانی کاریگەرییەک، بگرە کار دەکاتە سەر هەست و سۆزی لایەنی کۆمەڵایەتیی کەسەکان، هەروەها بەیەک هێزیش دەرناکەوێ. هەروەها ئەفسانە لە رووی هێزەوە ناگاتە ئاستێک، تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ ناچار دەبێ رووبەڕووی هەڵوێستێکی ترسناک بێتەوە، هەڵوێستێکی نائاسایی.

بەڵام ئەفسانەناسانی رێتوێڵی بەو شێوەیە پێناسەی ئەفسانە دەکەن کە برێتییە لە هونەری چیرۆک کە لەگەڵ ریتوێڵدا یەک دەگرێ، یان ئەوەتا ئەفسانە خۆی وەسفێکە بۆ ریتوێڵ ، یان

ئەفسانە وەک لایەنی تیۆری ریتوێڵە، ئەم لایەنەش بە لایەنی کرداری دادەنرێ.

دەروونناسان و لە سەرووی هەموویان فرۆید ئەفسانەی (ئۆدیب) یان بەکار هێنا وەک دەستپێکردنێک بۆ لێکۆڵینەوە و پێناسەکردنی ئەفسانە بەبڕوای ئەوان ئەفسانە بریتییە لە بەرجەستەکردنی تێرکردنێکی ئەلتەرناتیف بۆ حەزە مرۆییەکان. ئەو حەزانەی لە رابردوودا مرۆڤ بە ئازادی مومارەسەی کردووە و هەستاوە بە ئەنجامدانی، بەڵام لە ئێستەدا ئەو حەزانە سنووردار کراون. ئەم حەزانە ون نەبوون، تەنیا چەپێنراون و سەرکوتکراون. لە چیرۆکی ئۆدیب دوو شێوە حەزی چەپێنراو دەبینین، یەکەمیان حەزی بوون بە خاوەنی دایک، دووەمیان حەزی کوشتن و رزگاربوونە لە دەستی باوک. بەم جۆرە زانایانی دەروونناسی لە رێگەی ئەفسانەی ئۆدیبەوە بوارێکی بەپیتیان بۆ دەربڕینەکانیان دۆزییەوە، ئەم ئەفسانەیە لە روانگەی ئەوانەوە دەربڕینێکی سیمبولی واقیعی سایکۆلۆجییە.

لەم راو و پێناسە جۆراوجۆرانەی ئەفسانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە سروشتی ئەفسانە چەند ناکۆکە، "هینری فرانکفۆرت" لە کتێبەکەی "پێش فەلسەفە" بەم شێوەیە ناکۆکی پێناسەی ئەفسانەی باس کردووە، "ئەفسانە شێوە شیعرێکە، بەڵام بە راگەیەندنی راستییەک لە شیعر باڵاترە، ئەفسانە شێوە بەڵگەیەکی عەقڵانییە بەڵام باڵاترە لە بەڵگە، لەبەرئەوەی دەیەوێ ئەو رووداوە بەدیبهێنێ کە رای دەگەیەنێ، ئەفسانە شێوە کردارێکە کە تەنیا بە کردار نایەتە دی، بەڵام دەبێ شێوەیەک لە شێوەکانی راستی رابگەیەنێ و فراوانی بکاتەوە.

دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی بگوترێ، بەو شێوەی کە لە مێشکماندا جێگیر بووە، ئەفسانە لەمەڕ ئەو رووداوەی کە رەنگە روو بدات، وەک دژێک وایە، ئەگەر رووداوێک لە بازنەی ئیمکاندا روو دەدا، چ ئەو ئیمکانە رووداوێکی زیندوو بێت کە تێی دەژین، یان ئیمکانێکی عەقڵی، ئەو کاتە ئەفسانە ئەو رووداوەیە کە ناکرێ چاوەڕوانی رووداوی بکەین. ئیمکانی عەقڵی لەناو ئەفسانەدا ئەوەیە کە هەموو کات رووداوەکانی لە دەرەوەی سەردەمەوە روویان داوە، واتە مەودای مێژوویی رووداو، ماتەریالی خۆی لەدەست دەدا و دەگۆڕێ، هەروەک سارتەر دەڵێ لە ناخماندا مەودای زەمەنی ئەفسانە هەڵدەگرین.

لە راستیدا ئەفسانە واقیعێکی نوێ لە ناخیدا هەڵدەگرێ، مرۆڤ لە رووی زەینەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە دەکات، کاتێک لە کاتەکان ئاکاری مرۆڤ دەجوڵێنێ و بەهایەکی دیاریکراوی بۆ دیاری دەکات، ئەفسانەکان وەک بنیاتێکی تیۆرین لە ئەنجامی ئەو پێوەندییە دیالەکتیکە دامەزراون کە مرۆڤ و سروشت پێکەوە کۆ دەکاتەوە. لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بووندا یەکە، دەبینین بابەتە ئەفسانەییەکان لە کولتووورە هەمەجۆرەکان لەیەک دەچن، ئەگەر گۆڕانکارییەکی بچووک لێرە و لەوێ یان لەم کولتوور تا ئەو کولتووریش هەبێ، ئەوە پێوەندی بە جیاوازی جوگرافی و شێوەی دەربڕینەوە هەیە، ئاشکرایە هەر کولتوورێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەفسانە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر ئەفسانەی یۆنانی، دەبێ ئەو ئەفسانەیەی کە پێی دەگوترێ ئەفسانەی یۆنانی بۆ دوو شێوە ئەفسانە دابەش بکرێ: یەکەمیان ئەفسانە پیرۆزەکان، ئەم شێوە ئەفسانەیە ئەوانە دەگرێتەوە کە باس لە خواکان دەکەن، بۆ نموونە ئەفسانەی ئەفرۆدێت، یان ئەفسانەی دیونیسۆس. بەشی دووەمی ئەفسانەی یۆنانی ئەو ئەفسانانەن کە پێیان دەوترێ ئەفسانەی قارەمانێتی، ئەمانەش باس لەو شێوە قارەمانانە دەکەن، کە قارەمانی مرۆیین، بۆ نموونە ئەفسانەی "هەرقل"، یان ئەفسانەی "جیسون" و "ملوانکەی ئاڵتوونی". دوایین شێوە لە ئەفسانە، هەڵهاتنی بەردەوامی مرۆڤ پێشان دەدات کە چۆن دەیەوێ بەردەوام لە دەست سنووری واقیع و ژینگەی جوگرافی هەڵبێ، ئەمەش لە رێگەی نووساندنی بە هەمان ئەو کارە نائاساییانەی کە مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ ئەنجامی بدات.

دووەم: ئەرکی ئەفسانە و دەلالەتەکانی

گومانی تێدا نییە ئەفسانە رۆڵێکی زیندوو و چالاک دەگێڕێ لە ژیانی هاوچەرخمان، ئەگەرچی راکان زۆربن و بۆچوونەکانیش هەمەجۆر بن لەمەڕ ماهیەتی ئەفسانە. تەنیا ئەوە بەسە بڵێین بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە جوڵاندنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بە پشتبەستن بە هێزی خەیاڵ زۆر ئاسانترە لە جوڵاندنی ئەو جەماوەر لە رێگەی هێزی ماتەریالی پەتی.

بۆیە هەندێ لە مەزهەبە سیاسییە مۆدێرنەکانی ئەم سەردەمە سوودیان لەم زانینەیە وەرگرتووە، دەبینین لای ئەوان پشتبەستن بەپێشبینیکردن، یەکێکە لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی هونەری دەسەڵات بەڕێوەبردن، دەبینی بێشوومار پەیمان دەدەن، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی جێبەجێ دەکرێ یان نەخێر، هەموو کات پەیمانی خەیاڵئامێز هەن و دووبارە دەبنەوە، رەنگە ئەفسانەی "میللەتی هەڵبژاردەی خوا" لای جووەکان" باشترین بەڵگە بێت لەسەر ئەم بۆچوونە.

ئەگەر ئەفسانە ئەو رۆڵە گرینگەی هەبێت لە ژیانی سیاسیی گەلان، کەواتە رۆڵی گرینگیشی دەبێت لە ژیانی کۆمەڵایەتییان. ئەم کارەش لە رێگەی ئەنجامدانی هەندێ ئەرکەوە دەبێ، کە دەکرێ لە رێگەی مرۆڤەوە ئاشکرا بکرێ، ئەو مرۆڤەی ئەندامێکە لەو کۆمەڵگەیە. لەو کۆمەڵگەیانەی کە پێیان دەوترێ کولتووری نەخوێندەوار، ئەفسانە هێزی پاڵپێوەنەر و رێنوێنیکەری هەیە و کار دەکات لەسەر چاندنی هەندێ بیر لە زەینی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە، وەک چاندنی بیری پاکیزەیی، ئازایەتی، یارمەتیدانی دەستکورتان و چاکە لەگەڵ دایک و باوکدا ... هتد.

هەروەها لە ژیانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانیش ئەفسانە رۆڵی گرینگی هەیە و وەک پاڵپێوەنەری چالاکی شارستانی مرۆڤایەتیی دێتە ژماردن، ئەمەش بە پاڵپشتی داوونەریتەکان دەبێ، ئەگەر دەرکەوت کە ئەندامی کۆمەڵگە جۆرێک لە جۆرە کۆمەڵایەتییەکانیان بەدڵ نییە، چ ئەو جۆرانە ئاین بن یان کاری دنیای ئەوە ئەفسانە بۆ ئەوە کار دەکات تا شەرعیەت و جێگیری بداتە ئەو جۆرە. لەم روانگەیەوە ئەفسانە یەکێکە لە شێوازەکانی دیسپلینی کۆمەڵایەتی، بەچی ئەو دیسپلینە دێتە دی؟

بەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە فێر بکرێن چۆن سەرشۆڕی شێوە ئاکارە قبووڵکراوەکان بن.

هەروەها زۆرجار ئەفسانە هەڵدەستێ بە پرۆسەی کەمکردنەوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، ئەو توندوتیژییانەی هەندێ جار بەهۆی ناڕازیبوونی هەندێ لە ئەندامەکانی کۆمەڵگە لە پلە و پایەی خۆیان دروست دەبێ.

دواجار، ئەفسانە رۆڵێکی ترسناک دەگێڕێ لەوەی کە بواری بە تاکەکانی کۆمەڵ داوە، تا هەندێ لە حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانیان دەرببڕن، بۆیە لە ئەفسانەدا ئەفسانەبێژەکە دەربڕی روحی کۆمەڵە دەتوانێ بەو شێوەی خۆی دەیەوێ بیر بکاتەوە و ئەوەی دەیەوێ بێژێتی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر ئەفسانەیەک دەلالەتێک و ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی هەیە، ئەو دەلالەت و ناوەڕۆکانەش ئەرکێکی دیاریکراویان هەیە، رەنگە کار بۆ ئەوە بکات تا بڕوایەکی دیاریکراوی تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەهێز بکات، تا ئەو تاکە بتوانێ هاوبەش بێ لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگەکە، یان کار بۆ ئەوە بکات تا ببێتە ئاراستەکەری ئەو تاکە و بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراوی رێنوێنی بکات تا لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵ بکات. بۆیە وەک ئەنترۆپۆلۆجیست "مالینۆڤسکی" دەڵێ ئەفسانە ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، ئەو ئەرکەش برێتییە لە تێرکردنی پێویستییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

ئاشکرایە سەرباری ئەو رۆڵە مەزنەی کە ئەفسانە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیماندا دەیگێڕێ، بەڵام پێشتر گاڵتەمان هاتووە بەهێزی ئەفسانە. بۆ نموونە کاتێ گوێمان لە ئەفسانەی سیاسی بووە، وامان زانیوە ئەو شێوە ئەفسانەیە بێمێشکی و بێتوانای و وەهمئامێز و جێگەی تەوزە و بگرە زیاتریش لەمە، وەڵامی ئەوەمان لە بەرچاو نەبووە کە چەندێک دەسەڵاتی بەسەرمانەوە بووە. ئەمڕۆ لامان ئاشکرا بووە ئەمەی دەیکەین هەڵەیەکی مەزنە و نابێ جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە بکەینەوە.

بۆیە دەبێ کۆمەڵگەی هاوچەرخ چاک لەوە ئاگادار بێ، کە ئەفسانە چ رۆڵێکی ترسناک لە ژیانی گەلاندا دەبینێ، دەبێ هزرڤانانی ئەم کۆمەڵگەیە بە وردی و تێبینیووە پێکهاتن و شێواز و تەکنیکی ئەفسانەکان لێک بدەنەوە، لە پێناوی گەیشتن بەو مانا شاراوە و ئەو دەلالەلەتی لە پشتی هەریەک لەو ئەفسانانەدا هەیە، دەشبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێ کە ئەفسانە لە هەر سەردەمێ لە سەردەمەکان قابلیەتی گۆڕان و زیادکردنی تێدایە، وای لێ کراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ رۆژ و بارودۆخی ئەو سەردەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بگونجێ.

سەرچاوە: أفلاطون و الأسطورە، د. محمد عباس، دار التنویر ٢٠٠٨ ،

– وشەی ریتوێڵ بە مانای رێوڕەسمێک دێت کە هۆز و کۆمەڵگەیەکی تایبەت پێڕەوی دەکەن بۆ ئەنجامدانی بیرەوەرییەکی پیرۆز.

# سەفەرێک بەرەو چین

دانا ڕەئووف

وڵاتی چین یەکێکە لە شارستانییەتە گەورەکانی دنیا و خاوەنی مێژوویەکی دێرین و کولتوورێکی دەوڵەمەندە، چین تەنیا وڵاتێکی دنیای نییە، بگرە کیشوەرێکە بۆ خۆی و سنووری بە سیازدە وڵاتی ترەوەیە و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ١,٣ملیاردە، ڕووبار و دەریاچە، بیابان و دارستان، چیا و جەنگەڵی گەورە، بەرزی و نزمی و هەزارەها گوند و شاری گەورە و بچووک ئەم وڵاتە گەورەیە پێک دەهێنێت. دەمێکە خولیای سەفەرگەلێکی ئەو وڵاتەم، زۆرجار سەیری کتێبە ڕەنگاوڕەنگەکانی چین دەکەم، ئەو شانۆنامانەشی کە لەژێر کاریگەری کولتوور و شانۆی چینیدا نەمایش دەکرێن هێندەی تر ڕەنگ و ئەفسونی ئەم وڵاتەم لەلا گرینگتر دەکات.

هەلێکی وام بۆ هەڵکەوت کە سەردانی چین بکەم، خۆئامادەکردن، بلیت کڕین و ڤیزا وەرگرتن بە زوویی هاتن بەدەستەوە و لە ٢٩ ی مانگی دوازدەدا بەرەو وڵاتی چین بەڕێ کەوتین[١] .

٢٩/ ١٢

### بە ڕێگەوە، شەوی یەکەم لە فڕۆکەدا

بە یەکێک لە فڕۆکە زەبەلاحەکانی چین و هێڵی ئاسمانیی ئایر چاینە Air China دەفڕین. کارمەندەکانی ناو فڕۆکەکە بە دەستوبردن، هەموو کات ئامادەن و خزمەتێکی باش پێشکێش دەکەن. هەروەک ئامێر دەجوڵێنەوە و بەهیچ شێوەیەک، هیچ جۆرە پێوەندییەک، زەردەخەنەیەک، هێمایەکی دەموچاو لەگەڵ سەرنشینەکاندا ناگۆڕنەوە، بەبێ ئەوەی بۆ تەنیا ساتێک یان لە چاوترووکانێکدا تەماشامان بکەن، بەبێ دەنگ دێن و دەچن و وەڵامی هیچ پرسیارێکیشمان نادەنەوە، کە سوپاسیشیان دەکەین، ڕوو وەردەگێڕن و ئامێر ئاسا لەسەر کاری خۆیان بەردەوام

دەبن. خەڵکێکی زۆر لە هەموو سویدەوە لە فڕۆکەکەدان و ڕاڕەوەکانی نێوان کورسییەکان بووەتە شوێنی گفتوگۆ و یەکترناسین و گێڕانەوەی بەسەرهات، شەو دادێت و هەوڵ دەدەم سەرخەوێک بشکێنم. منداڵێکی بچووک لە بەردەممدا دانیشتووە، جێگە بەخۆی ناگرێت، نە دەتوانێت داسەکنێت و نە دەشتوانێت بۆ خۆی بنوێت، بەردەوام لەسەر کورسییەکەی سەما دەکات و خەو لە منیش تێک دەدات. لە سویدەوە کە دەکەوێتە باکوری ئەوروپاوە بۆ چین کە دەکەوێتە ئەوسەری ئاسیاوە، دوو جیهان و دوو کیشوەری جیاوازن، ئێمە بەرەو خۆر دەڕۆین و فڕۆکەکەش بە ئاراستە و نیوەی گۆی زەویدا تێ دەپەڕێت، بۆ نموونە کاتژمێری دوازدەی شەو بە کاتی سوید دەگەینە ئەوێ، بەڵام لە چین کاتژمێری حەوت و نیوی بەیانییە.

١٢/٣٠

سەرلەبەیانییەکی سارد و تەمومژاوی دەگەینە فڕۆکەخانە ناودەوڵەتییەکەی چین، ماندوو و خەواڵوو دێینە دەرەوە و کزە ساردەکە دەموچاو و ڕوومان دەتەزێنێ. وریا دەبینەوە و بە ڕاڕەوە درێژە تاریک و ساردەکانی فڕۆکەخانەکەدا دەڕۆین، دیواری بەرزی چیمەنتۆ و ئەتمۆسفێرێکی وشک، توندوتیژ و سەربازگەلی خانووبەرەی فڕۆکەخانەکەی پێک هێناوە. زوو بەڕێ دەکرێین و لەگەڵ ڕێگەپێشاندەرەکەمان دەچینە دەرەوە، ڕێنما و چاوساخێکی (چین)یشمان هەیە و لە دەرەوە چاوەڕوانمان دەکات. ئەم چاوساخە چینییە کیژێکی گەنج و جوانە، زیاتر لە بووکەڵەیەک دەچێت، جانتایەکی بچووکی بە پشتیا هەڵواسیوە و پاڵتۆیەکی کورتی ڕەساسی تۆخی لەبەردایە و بەخێرایی، گورجوگۆڵانە هەڵسوکەوت دەکات. جێگەی پێکەنینە، ئەم بووکەڵەیە کە ئەم دوو هەفتەیە ڕێنوێن و چاوساخمانە، وەک من ناوی (دانا)یە، بەڵام زوو تێگەیشتین کە دانا ناوێکی خوازراوە و وەک ناوێکی هونەری هەڵی بژاردووە.

دوای نان خواردن دەچین بۆ (گۆڕەپانی ئازادی خوایی)، ئەم گۆڕەپانە ٤٤٠٠٠٠ چوارسەت و چل هەزار مەتر دووجا گەورەیە و یەکێکە لە گەورەترین گۆڕەپانەکانی جیهان و پێگەیەکی مێژوویی هەیە و چەندان ڕووداوی گرینگی تێدا ڕووی داوە. هەر لەم گۆڕەپانەدا (ماوسیتۆن) لە یەکی مانگی دەی ساڵی ١٩٤٩ دا بانگەشەی (کۆماری گەلی چین)ی کردووە.

گۆڕەپانی ئازادی خوایی وێنەیەکە بۆ ژیان و شانۆیەکە بە هەموو شێوازەکانییەوە خەڵک و وڵاتێکی گەورەی وەک چین بەرجەستە دەکات. هەر لەم گۆڕەپانەشەوە نەخشە و دروستکردنی شاری پەکین، بنیاتنان و بڵاوبوونەوەی شارەکە دروست بووە. ئەرشیتێکتوری خانووبەرە و ستركتوری شاری (پەکین) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خێزان و بنەماڵەی (مینگ) لە دەوروبەری ساڵەکانی سەتەی سێزدەدا.

خەڵکی چین خۆیان بە گەشتوگوزار دێن بۆ پەکینی پێتەخت و لە گۆڕەپانی ئازادی خواییدا دەسوڕێنەوە، لە مێژووی خۆیان، ڕابردوو و ئێستایان ورد دەبنەوە و دەچنە سەر مەزاری

(ماوسیتۆن) و هەروەک گەشتیارە بیانییەکان گەمە دەکەن، وێنە لە دوای وێنە دەگرن و پاسەوانەکانیش بەبێ جوڵە چاودێرییان دەکەن و لە ئامادەباشیدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جوڵە و بزاڤێکی جیاواز و دژ بە رێژیم.

هەموو هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەین، بە چاوی خەواڵووەوە لەو بەیانییە سارد و تەمومژاوییەدا، بە گۆڕەپانی ئازادی خواییدا دێین و دەچین.

سەرێک بەرز دەکەمەوە و دەڕوانمە ئاسمانێکی ئێجگار گەورە، وەک ئەوە وایە کە ئاسمانی هەموو جیهانت لێوە دیاربێت. گۆڕەپانی ئازادییەکی داگیرکراو و تەنانەت ئەستێرەکانی ئەم ئاسمانە سانسۆرکراون و خەڵکی چین بە ترسەوە سەیری ئاسمان دەکەن و بەدوای ئەو ئازادییەدا دەگەڕین کە لەو گۆڕەپانە خوێناوییەدا، لەو شانۆ بێ وێنەیەدا داگیر کراوە.

بەهۆی جیاوازی و گۆڕانی کاتەوە، زیاتر لە شەو و ڕۆژێکە نەنووستووین و ماندووبوونەکە بە هەموومانەوە دیارە، دوای نانخواردن و گوێگرتن لە مۆسیقای میللی چینی، دەگەڕێینەوە بۆ میوانخانەکەمان و بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە ڕەنگی ئاسمان، دەنگی باڵندە و ئاوازی مۆسیقای چینی، بەبێ زۆر لەخۆکردن لەناو جێگەکەمدا، بە قووڵی خەوم لێ دەکەوێت.

١٢/٣١

## شارە قەدەخەکراوەکە

بە پاسێک دەچین بۆ ناوجەرگەی شاری پەکین و سەردانی شارە قەدەخە کراوەکە و کۆشکی سیزەرەکان دەکەین، ئەم شارە گەورەترین شوێنەوار و خانووبەرەیە لە هەموو دنیادا.

شارە قەدەخەکراوەکە لە ساڵەکانی ١٤٢١ ەوە دەبێتە کۆشکی شاهانەی چین و نێزیکەی پێنجسەت ساڵ، بیست و چوار خێزانی مینگ و کیونگ، یەک لە دوای یەک و نەوە لە دوای نەوە، فەرزەند و باوان لە هۆڵە هارمۆنییەکانی ئەم کۆشکەدا خاوەن دەسەڵات بوون.

لەم ناوچە گەورەیەدا، جگە لە سیزەر و خێزان و بنەماڵەکانیان، هەزارەها دەستوپێوەند و سوپا و سوپاسالارەکانیان ژیاون. شارە قەدەخەکراوەکە بە شورایەکی گەورە و پۆڵایین کە دە مەتر پان و سێ هەزار و چوارسەت مەتر درێژە، دەورە دراوە. ئەم شورایە ڕەنگی سورێکی تۆخە و هەستی گەورەیی و ترسی لەلای خەڵکی دروست کردووە، هەر لەبەر ئەوەش بە شورا سورەکەش ناسراوە. لە پشت شورا سورە پۆڵایینەکەی ئەم شارە پڕ لە نهێنییە قەدەخە کراوەوە، چەندان تاوان، تۆڵەسەندنەوە، خەڵک بەکۆمەڵ هەڵواسین، پیلان و تۆقاندن ڕووی داوە.

دەروازەی ئەم شارە قەدەخەکراوە ئێجگار گەورەیە، خودی دەرگە سەرەکییەکە سی و چوار مەتر بەرزە و لە ساڵی ١٦٥١ دا دروست کراوە، دەروازە لە دوای دەروازە و کۆشک لە دوای کۆشک، لە پشت هەر دەروازەیەکەوە، کۆشکێکی گەورە بەرزبووەتەوە. ٩٩٩٩ ژوور لەم شارە

ناکۆتایەدا هەیە. خوای ئاسمان دە هەزار ژووری هەیە، لەبەرئەوە کوڕەکەی لەسەر زەوی، کە سیزەری چینە، نابێت ژمارەی ژوورەکانی کۆشکەکەی لە ژمارەی ژوورەکانی خواوەند زیاتر بێت، سیزەرەکان بە نۆ هەزار و نۆسەت و نەوەد و نۆ و لە دەدا پێنج ژوور رازی بوون.

ژوورەکانی ئەم ناوچە کۆشک ئاسایە یادەوەرییەکانی پاشاکان، شەڕ، سەردەمێکی درێژ لە فەرمانڕەوایی و ڕووداوی مێژوویی ئەم وڵاتە دەگێڕێتەوە. ناوزەدکردنی ناوچەکەش بە شارە قەدەخەکراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەوایەی کە سیزەرەکانی چین پێیان وابووە کە ئەوان کوڕ و وەچەی خواوەندن، هەر لەبەرئەوە کۆشکەکانیشیان کراوە نەبووە بۆ خەڵکی ئاسایی. ئەم کۆشکە بە سەربازگەیەکی پڕ لە چەک پارێزراوە و بەهیچ شێوەیەک کەس نەیتوانیوە تەنانەت نێزیکیشی بکەوێتەوە.

ئەم شارە لە نێوان ساڵانی ١٤٠٦–١٤٢٠ دا بنیات نراوە و ئێستا دادەنرێت بە یەکێک لە مۆزەخانە کراوە و دیارەکانی چین. هەموو شتێک و هەموو کەسێک موڵکی سیزەر بوون و لە پێناوی دەسەڵات و خۆشیی و ئارەزووەکانی ئەودا ژیاون و بچووکترین هەڵە یان کەموکورتییەکی بێ مەبەست، ئەو کەسانەی تووشی مل پەڕاندن کردووە.

بەشی پێشەوەی کۆشکە قەدەخەکراوەکە تایبەت بووە بە داوودەزگاکانی حوکمڕانی، بەشی پشتەوەی بۆ گوزەران و ژیانی تایبەتیی خۆیان. باو و باپیران لە پانتاییەکانی دەستەچەپ و خواوەندەکانیش لە دەستەڕاستدا شوێنیان بۆ تەرخان کراوە. لەم شارەدا شارێکی دەرەکی و یەکێکی ناوەکی هەبووە، لە بەشە ناوەکییەکەیدا سیزەر و خێزانەکەی، دەستوپێوەند و کۆیلە و ژنەکانی تری ژیاون، چوونە ناو ئەم بەشەوە ئەستەم و سنووردار بووە.

بەشە دەرەکییەکەش لە دەرگە و دەروازە مەزنەکەی ئەم شارەوە دەستی پێ کردووە و ڕووباری (یون شویی) ئەم دوو بەشە جیا دەکاتەوە، لە ساڵی ١٧٩٥ دا لەلای ڕۆهەڵاتی ناوەوەی ئەم شارەدا کۆشکێکیان بۆ کییان لۆنگی سیزەر دروست کردووە، ئەم بەشە زۆر قەدەخەکراو دەبێت و دەبێتە شارێکی قەدەخەکراو لەناو شارە قەدەخەکراوەکەدا. هەر لەم بەشەدا باخچەی پاشا دروست کراوە، ئەم باخچەیە بە شێوازێکی قەشەنگ، نموونەیەک لە ئیشی دەست و پێکداچوون و ئامادەکردنەوەی سروشت و جیهانێکی هارمۆنی ڕۆنراوە.

لە دوای ئەم دەرگایانەشەوە، لەسەری ئەوسەرەوە، باخچەیەکی گەورەی جیاواز بە چەندان چرای سوور ڕازاوەتەوە. لەم باخچەیەدا چەندان ڕووبەری ئامادەکراوی بەردین، درەختی کۆنی پێچاوپێچ، چەمی جۆراوجۆر بۆ ماسی ڕەنگاوڕەنگ و چەندان گوڵی هەمەجۆر هەن، هەروەها چەندان فیگوری میتۆلۆجی و پەیکەری بەردین باخچەکەیان ڕازاندووەتەوە. لەم شوێنەدا خێزانی سیزەرەکان پشوویان داوە، گەمەیان کردووە و کاتێکی تایبەت، دوور لە دەسەڵات و تەنانەت دەستوپێوەندە نێزیکەکانیشیانەوە بردووەتە سەر.

یەکەم زنجیرە خانووبەرە، لە دوای دەروازە سەرەکییەکەوە کۆشکێکە بەناوی (دەروازەیەکی

گەورەی هارمۆنی) یەکەم سیزەرەکانی قۆناخی مینگ لەم شوێنەدا حوکمڕانییان کردووە. ئەم شارە قەدەخەکراوە تەنیا ژووری شاهانە و هۆڵی گەورەی ڕازاوە لەخۆ ناگرێت، بگرە کۆمەڵێ ژووری ساکار و کۆڵانی باریک و تەنگەبەریشی بۆ دەستوپێوەندەکان تێدایە. دوای ئەوە هۆڵە گەورە هارمۆنییەکە و دوابەدوای ئەمانەش هۆڵە مامناوەندییە هارمۆنییەکە دێت و لەم هۆڵەشدا سیزەرەکان پشوویان داوە و خۆیان ئامادە کردووە بۆ ڕێوڕەسمی هارمۆنییە گەورەکان.

دوای ئەوە هۆڵی پارێزگاریی هارمۆنی دێت. دەروازەی پاکوخاوێنی ئاسمان، دەرگەی بەشە ناوەکییەکەی ئەم شارەیە، هەر لەم بەشەدا ماڵی حەسانەوە دێت و سیزەرەکان و بەتایبەتی لە ڕۆژی لەدایکبوونیاندا تەماشای ئۆپێرایان کردووە. لەم بەشەی شارە قەدەخەکراوەکەدا شانۆیەکی کۆنی شاهانە کە بە تەختە دروست کراوە، بۆ نواندنی ئۆپێرای پەکین هەیە.

لەسەر سوچی سەربانە بەرزەکانی کۆشک و خانووبەرەکانی ئەم شارەدا، فیگوری ئەفسانەیی دەبینرێت: ئاژەڵ، باڵندە، مرۆڤی ئاسایی یاخۆ سەرباز و سوارچاک و شەڕوانەکان. ئەم کۆشکە گەورەترین خانووبەرەکانی ئەم شارەیە و جیهانێکە لە فیگورەکانی ئەژدیهای گڕهاوێژ و میتۆلۆجیا چینییەکان.

هەر لەم کۆشکەدا بەشێوەیەکی تەواوەتی وێنەی دە ئاژەڵە نهێنییەکان پارێزراون، ئەمەش تاکە شوێنێکە لە هەموو چیندا کە ئەم دە وێنەیەی تێدا پارێزرابێت. ئەم وێنانە بە ساپیتەی ژوورە گەورەکەدا دروست کراون، وێنەکان خۆیان هەموو کات بەشێوەی تاک دانراون: سێ، پێنج، حەوت یان نۆ، بەڵام لێرەدا هەر دەیان وەک گرووپێکی پێکەوە بەستراو، وێنەکێشراون.

سیزەر و پاشاکانی چین لە نێوان ساڵانی ١٤٢٠–١٩١١ لەم شارەدا حوکمڕانییان کردووە.

## پەرستگەی ئاسمان

لە شارە قەدەخەکراوەکەوە ڕاستەوخۆ دەڕۆین بۆ پەرستگەی ئاسمان کە لە کۆمەڵێ خانووبەرەی گەورە پێک هاتووە و لە ناوەڕاستی باخچەیەکی گەورەدا بڵاو بووەتەوە، لە چینی کۆندا ئاسمان و زەوی وەک خواوەندێکی گەورە تەماشا کراوە. تەنیا گیانلەبەرێکی زیندوو کە توانیویەتی لە ئاسمان نێزیک بێتەوە، پاشا و سیزەرەکان بوون، کە کوڕی ئاسمانن.

ئەم پەرستگەیە بە بڵندگۆ و ساپیتە شینەکەیەوە، یەکێکە لە گرینگترین شوێنەوار و پاشماوە دێرینە گەورەکانی چین و بەشێکە لە زنجیرە پەرستگەیەک کە دوو ملیۆن و حەوتسەت هەزار مەتر چوارگۆشەیە، تەنانەت لە شارە قەدەخەکراوەکەش گەورەترە. سیزەر و پاشاکانی چین کە بە کوڕی ئاسمان ئاماژەیان بۆ کراوە، نەیانوێراوە کۆشک و شارە گەورەکانی خۆیان لە ڕووبەر و پانتاییەکانی ئەم پەرستگەی ئاسمانە گەورەتر دروست بکەن.

ئەم زنجیرە پەرستگەیە بە شورایەک چواردەور دراوە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکات و بە شێوەیەکی بازنەیی لە باشوورەوە کۆتایی دێت، ئەمەش هێماگەلێکە بۆ زەوی و حەوت تەبەقەی

ئاسمان. دەچینە هۆڵی پەرستن یان پەرستگە، لەم شوێنەدا پاشاکان کە کەس نەیوێراوە تەماشایان بکات، لەسەر چۆک دانیشتوون و لە خواوەند پاڕاونەتەوە، قسەیان لەگەڵ ئاسمان کردووە و داواکارییەکانیان پێشکێش بە جیهانە پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان کردووە.

شوێنەکە ڕواڵەتە پیرۆزەکەی خۆی تا ئێستا پاراستووە و مرۆ هەست بە چاوێکی نهێنی دەکات و بێدەنگییەکی سەرتاسەری ئەو ژوورە گەورەیەی گرتووەتەوە. ئەم هۆڵە تەنیا شوێنێکە لە هەموو چین دا کە سابیتەکەی شینە، ئەمەش هیماگەلێکە بۆ ئاسمان و ڕواڵەتەکانی پەرستن. ئەو بیست و چوار پایەیەی کە سابیتەکەی ڕاگرتووە هیماگەلی چوار وەرزی ساڵ، دوازدە مانگی ساڵ و بیست و چوار کاتژمێری بەدوای یەکداهاتنی شەو و ڕۆژە. خودی خانووبەرە پێچاوپێچەکە کە سی و هەشت مەتر بەرزە، لە سەردەمی بنەماڵەی مینگدا دروست کراوە.

لە پەرستگەی ئاسمانەوە دەچین بۆ ڕاڕەوێکی ساپیتەداری تەختە و پیاسەیەکی دوورو درێژ دەکەین. ئەم ڕاڕەوە نێزیکەی یەک کیلۆمەتر یان زیاتر درێژ دەبێتەوە، دەچن بەیەکدا و یەکتر تەواو دەکەن و پایەکانی ئەملاوئەولای ساپیتەکەش ڕەنگیان سورە. لەلای ڕۆهەڵاتەوە چەمێکی شین درێژ بووەتەوە، لە باکوریشەوە چیایەکی بەرز بە چەندان خانووی بچووک و لاخان و ڕازاوەتەوە و ساپیتەکەش هەزارەها وێنەی جوانی تێدا کێشراوە، وێنەکان هیچکامێکیان لەوی تریان ناچێت و پێشانگەیەکی گەڕۆکیان پێک هێناوە. نێزیکەی دە هەزار تابلۆ بەم ساپیتەیەوە دروست کراوە، موتیڤی تابلۆکان لە مێژوو، ئەدەب و میتۆلۆجیای چینەوە وەرگیراوە.

ئەوسەری ڕاڕەوەکە مۆزەخانەیەکی دێرینی کاتژمێرە و هەزارەها کاتژمێری جۆراوجۆر و لە زوربەی وڵاتانی دنیاوە، بە تایبەتی بەریتانیا، فرەنسا، سویسرا و چین خۆی لەخۆ دەگرێت. کەلوپەل و کاتژمێرەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خێزان و بنەماڵەی کیونگ و جگە لە کاتژمێر چەندان کاری هونەری و هەڵکۆڵینی چینی و ڕۆئاوایی تێدایە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دیزاینی کۆنی چینی و تەکنیکی ڕۆئاوا لەخۆ دەگرێت. هەرچەندە کات لەم مۆزەخانەیەدا وەستاوە، بەڵام بۆ من دەبێتە بوونێکی مادی و لە خودی ئەو کاتژمێرە کۆنانەوە بیر لە تەرزی ژیان و لەو سەردەمە دەکەمەوە کە کاتژمێرەکانی تێدا دروست کراوە. دەنگی چرکەچرک و زەنگی کاتژمێرەکان بەناو سەردەم و سەدە جیاواز و خەڵکە هەمە جۆر و جلوبەرگەکانیاندا دێت و دەچێت، لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە و دەمباتەوە بۆ ئەو کاتە دوور و بەسەرچووانە.

### شانۆ لە چین

وڵاتی چین وەک کیشوەرێکی ڕۆهەڵات هەر لەمێژە شانۆیەکی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، شانۆی ڕۆهەڵات، بەتایبەتی چین، ژاپۆن و هیندستان یەکێکە لە ڕەچەڵەکە هەرە دێرینەکانی ڕۆشنبیری، فەلسەفە، شارستانییەتی جیهانی کۆن، هێماگەلێکە لە هێماکانی بەردەوامی و فەلسەفەی بوون. جۆریک لە ڕیتواڵێکی پیرۆزی دینی و جیهانێکی نهێنی و قووڵ و شکۆمەند لەخۆ دەگرێت،

جیهانێکی هەستئامێزی بەرزە، هێما، ئاماژە، سەما، مۆسیقا و زمانێکی جەستەیی دەربڕینئامێز، ریشاڵە نهێنییەکانی ئەو ڕیتواڵە شانۆییانە پێک دەهێنێت، هەر لە سەرەتاوە، لە ڕۆهەڵاتەوە بینەران لەو میحرابەوە ڕووبەڕووی خودی خۆیان و نهێنییەکانی سروشت و هێزەکانی خێر و شەڕ بوونەتەوە.

من و هاوڕێکەم لە گروپەکەمان جیا دەبینەوە، من نازانم نەخشە بخوێنمەوە، بەڵام ئەوە بە باشی لە هونەری نەخشە خوێندنەوە دەزانێت و بەهۆی ئەو نەخشەیەی بەدەستمانەوەیە، لە شارێکی ئێجگار گەورەی وەک پەکین دا دەگەڕێین تا مەڵبەندی (پەکین ئۆپێرا) دەدۆزینەوە. شانۆکە جوانە و خانووبەرەکە لە هونەری بیناسازیی چینە و لە سەرەتای هەزار و هەشت سەدەکانەوە نمایشی تێدا پێشکێش کراوە. لە ڕووکاری دەرەوەی شانۆکەشدا، مۆزەخانەیەکی بچووکی تێدایە.

دوای خۆناسین و مۆڵەت وەرگرتن دەچینە ژووری یەکێک لە مەشقەکانیان. ئەکتەرەکان بە داری درێژ گەمەی ئەکرۆپاتیک دەکەن، پرۆڤەی هونەری بەرەنگاربوونەوە، شەڕی دەست و یەخە و ئاماژەکانی دەست و سیمای دەموچاو دەکەن. کەم دەدوێن و ڕێژیسۆرەکەشیان هەر بە جوڵە و هەندێک جار بە بۆڵەبۆڵ جولانەوەیەک، یان حاڵەتێکی فیزیکییان بۆ بەرجەستە دەکات.

بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بە چڕی کار دەکەن و لە جوڵە و بزاڤەکانیاندا گورجوگۆڵن، خێران و دەیانەوێت فێڵ لە چاوی بینەران بکەن. ئەمە هونەری جەستەیە، جەستەیەک بە هەموو ئەندامەکانییەوە و لە چاوترووکانێکدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کرداری توندوتیژ، بەشێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی بەئەنجام دەگەیەنێت. دەنگ، هاوار و گۆرانی دەکەنە بەشێکی کردەکانیان و وەک پەرچەکردارێک ئەو کۆریۆگرافیا جەستەییەی لێ بەدی دێت. ئەمەش بەتەواوەتی بەپێچەوانەی شانۆی ڕۆئاواوەیە کە لەسەر بنەواکانی ڕیالیزم و فاکتەرە دەروونییەکان کار دەکەن.

گرووپەکە خەریکی ڕاهێنان و خۆئامادەکردنی ئەو شانۆنامەیەن کە ئێمە ئەم شەو بلیتمان بۆ بڕیوە و پێکەوە هەموومان دەیبینین.

ئەوان بە دڵێکی فراوانەوە دەرگاکانمان بۆ دەکەنەوە، پرۆڤەکانیان دەبینین، دواتریش لەگەڵ ڕێژیسۆرەکەیان، بە زمانی ئاماژە، جەستە و ئەو ئینگلیزییە شەقوشڕەی کە دەیزانێ قسە دەکەین، بەڵام ئینگلیزییەکەی ئەو، بە هەموو تێکشکاوییەکییەوە لە ئینگلیزییەکەی من باشترە. هاوڕێکەم کە نووسەر و شانۆکاریشە ئینگلیزییەکی باش قسە دەکات و یارمەتی لە یەکتر تێگەیشتنمان دەدات.

ئەم ڕێژیسۆرە چینییە کە ناوی (یانگ نونگ)ە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ترادیشونی شانۆی چینی لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە هەموو سنوورەکانی نێوان تێکست، مۆسیقا، نواندن و سەما لابراوە و ئەم توخمانە هەردەم لە یەکەیەکی هونەریدا کۆبوونەتەوە. هەموو شتێک کە لەسەر شانۆ لە ئۆپێرای پەکین ڕوو دەدات، دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە بەشێوەیەکی دروست و باڵا ئامادە

کرابێت، هەموو جوڵانەوەیەک دەبێت هەست و فەنتازیای بینەران بووروژێنێت.

ڕەگەزی ئەم هونەرە لە سەمای میللی، شێوازە جۆراوجۆرەکانی گۆرانی و بەسەرهاتە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، مۆسیقا، گۆرانی، سەما، تەکنیکی شەڕ، ئەکرۆپاتیک، پانتۆمایم، هونەری ئیشی دەست لە فۆرمێکی یەکگرتوودا تواونەتەوە و هونەرێکی تری تایبەتمەندی خوڵقاندووە. لەم هونەرەدا کە بە چینی بە (یینگیو) ناوزەد کراوە و لە ڕۆئاوا بووە بە ئۆپێرای پەکین، هەرگیز ژیان، ڕووداو و جووڵانەوەکان لە بنەوا ناتورالیستی و ریالیستییەکەیەوە ناخرێتە ڕوو. هەموو شتێک لە ڕووبەرێکی فەنتازی ئامێز و جیهانی میتۆلۆجیایەکی بێسنووردا دەسوڕێتەوە، لەو جیهانە میتۆلۆجییەدا خواوەندەکان، جادووگەر و مرۆڤی ئاسایی شانبەشانی یەکتر دەردەکەون.

ڕەنگ بەهایەکی تایبەتی هەیە لە دیاریکردنی جلوبەرگەکانیاندا، ئەو جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگانە لەناوەندی مۆسیقا، ئەکرۆپاتیک، کۆریۆگرافی، شەڕ و پێکدادان، گۆرانی و دیالۆگدا دیمەنێکی بێ وێنە فەراهەم دەکەن. بەڵام لەو نێوەندە ئەفسوونییەدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زیندوو، سەربەخۆ، ئامادە، ئامرازی هەموو پێوەندییەکانە، مرۆڤ جەستەیەکی کارامە و بزۆز و درەوشاوەیە[٢].

کاتژمێر حەوتی ئێوارە گرووپەکەمان دەگەنە شانۆکە و کاتژمێر حەوت و نیو نەمایشەکەیان پێشکێش دەکەن. نواندنەکە هەڵبژاردەیەکە لە سێ ئۆپێرای جیاواز، سەرەتا وەک سێ بەشی سەربەخۆ و دواتر هەرسێ بەشەکە لە تێکئاڵان و پێکداچوونێکی پێکەوە بەستراودا دەبێتە نواندنێکی سەربەخۆ. دە و نیوی شەو لە ئۆپێرای پەکین دێینە دەرەوە، دنیا بە تەواوەتی تاریکی کردووە و کزەبایەکی ساردیش تەنگی پێهەڵچنیوین. هەموو تەماشای یەک دەکەین و نازانین چ بڕیارێک بدەین، ئەمشەو بەکاتی چین شەوی سەری ساڵە. بەڕێکردنی ئەم ساڵ و پێشوازیکردن لە ساڵی نوێ ساتگەلێکی تایبەتمەندە و دەمانەوێت لێرەش ئەو یادە بکەینەوە. هیچ پرۆگرامێکمان نییە، هەموومان ماندووین و پرۆگرامی بەیانیش چڕ و دوور و درێژە. تەنیا بڕیاریش ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ میوانخانەکەمان و بنووین و سبەی بەیانی کاتژمێر حەوت و بەر لە چوونە دەرەوەمان کە دەکاتە دوازدەی شەو بە کاتی سوێد ئاهەنگەکەمان بگێڕین.

١/١

لەگەڵ کازیوەی بەیان هەستاوین، لە هۆڵە گەورەکەی میوانخانەکەمان کۆ دەبینەوە و شەراب و شەمپانیا ئامادە کراوە و لەگەڵ زەنگی حەوتی بەیانی سەری ساڵی تازە لەیەکتر پیرۆز دەکەین و هەریەکە دەچێتە ئامێزی هاوڕێکەیەوە و ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە هارمۆنی لەو کەشە نامۆیەدا دەبێتە چرکەساتێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی.

چینی نوێ بەیادی سیزەرەکانییەوە دەژی، کۆمۆنیستەکان وێنەیەکی تری ڕێژیمی بنەماڵە و خێزانە دەسەڵاتدارەکانی ئەم وڵاتەن و هەر لەبەر ئەوەشە گرینگییەکی بێ هاوتا دەدەنە ئەو

شوێنەوارە دێرینانە. ئارامگە و گۆڕی سیزەرەکان بووەتە جێگەی گەشتیاران و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی داراییش بۆ ئابووریی ئەم وڵاتە.

## گۆڕی سیزەرەکان و بنەماڵەی - مینگ

بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی ساڵی تازە بەرەو دوا ئارامگە و گۆڕەکانی سیزەر و خێزان و بنەماڵەی مینگ بەڕێ دەکەوین و لە دوای سەعات و نیوێک دەگەینە شوێنی مەبەست.

سیازدە لەو شازدە سیزەرەی بنەماڵەی مینگ لە دۆڵێکی گەورەدا کە پەنجا کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژئاوای پەکینەوە دوورە، نێژراون و بەشێک لەم گۆڕانە، سی هەزار کەس کاری تێدا کردووە و بە شەش ساڵ تەواو کراوە. شوێنەکە بەوپەڕی بایەخپێدان و گرینگییەوە هەڵبژێردراوە. چیایەک لە پشتی ئەوسەری دۆڵەکەوە بەرز بووەتەوە و گیانی سیزەرەکان لە ڕەشەبا و ڕووبارە تووڕەکان دەپارێزێت و ئەو ڕووبارەشی دەرژێتە دامێنی چیاکەوە، هەموو کارەساتێک لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێ.

هەموو گۆڕەکان چونیەکن و بەباشی پارێزراون، لە دەسپێکی ئەم گۆڕستانەدا و لە دەروازەیەکی باریکەوە دەچینە هۆڵی یادەوەرییەکان و گردی گۆڕەکانیش دەکەوێتە بەشی دواوە. لە سەردەمە دێرینەکاندا، ئەم گۆڕانە و هەموو ناوچەکە بە شورایەکی سی و پێنج کیلۆمەتری دەورە دراوە، کە سیزەرەکانیش مردوون، بە کەژاوە لاشەکەیان لە شارە قەدەخە کراوەکەوە گوێزاوەتەوە بۆ ناوچەی گۆڕستانەکە. لە سەرەتادا ئەو کەژاوە شکۆدارە بە بەردەمی پەیکەرێکی بەردیندا تێپەڕیوە کە لە هەموو چین دا لەم پەیکەرە گەورەتر نییە، دوای ئەوە و بەرلەوەی بگەینە هۆڵی یادەوەرییەکان کە بە تابلۆیەکی بەردینی گەورە بەرگری لێ دەکرێت، دەرگە سوورە گەورەکە دێت. لەم دەرگەیەوە سیزەرەکەیان بە ڕێگەیەکی هەشتسەت مەتریدا بردووە کە بە دوا ڕێگە ناوزەد کراوە. ئەم ڕێگەیەش دەروازەیەکی پیرۆز بووە و لەوێوە سیزەرەکان گەڕاونەتەوە بۆ ئاسمان. یەکێک لە دوا ڕێگەکان کە بەرەو گۆڕەکان دەچێت، بە فیگوری بەردین پارێزگاری دەکرێن: دوازدە مرۆڤ، سەرباز و پیاوی دەوڵەت، بیست و چوار ئاژەڵ، شێر، حوشتر، فیل، ئەسپ و ئاژەڵی میتۆلۆجی، لە هەر جۆرە ئاژەڵێک چوار دانە هەیە، دووانیان بە پێوەن و دووانەکەی تریان بە دانیشتنەوە. لەلای ڕاست و چەپی ئەم گردی گۆڕانەوە شازدە ئافرەتی گەنج کە موڵکی ئەو پاشایە بوون، نێژراون. ئەم ئافرەتانە وەک کۆیلەی سێکسی وابوون و لەگەڵ مردنی هەر سیزەرێکدا، ئەوانیش زیندەبەچاڵ کراون تا لەگەڵ ئەواندا بڕۆن و چۆن لە ژیاندا لەگەڵیاندا بوون، ئەوا دەبێ لە مەرگیشدا هەر لەگەڵیاندا بن.

## شورای چین

دوای مەزاری سیزەرەکان بەرەو (شورای چین) کە دەکەوێتە باکوری شاری پەکینەوە، دەڕۆین. ئەم شورایە هیچ هێزێک بەری پێ ناگرێت، لە ڕۆژهەڵاتەوە زیاتر لە شەشسەت میل بەرەو ڕۆژئاوا،

بەسەر چیا و ناو دۆڵەکاندا، بە کەناری دەریا و بەناو شیو و بیابانەکاندا، ئەو شورا گەورەیە بەناو هەناوی سروشتدا درێژ بووەتەوە.

یەکەم سیزەرەکانی بنەماڵەی کین شی هیوانگ لە ساڵەکانی دووسەتی بەر لەدایکبوونی مەسیحدا بڕیاری دروستکردنی ئەم شورایە دەدات، لە سەرەتادا چەندان شورای کورت کورت، لێرە و لەوێ و بۆ بەرگریکردن ڕۆنراون، لە بەرئەنجامدا ئەو شورایانە پێکەوە دەبەستنەوە و دەبێتە شورای چینی مەزن. ئەم شورایە لە نێوان ساڵانی ١٣٠٠-١٦٠٠ەکاندا و لە کاتی حوکمڕانی بنەماڵەی (کین) دا تەواو دەبێت.

لە تاوەری پاسەوانەکانەوە بە ئاشکرا ئەو شورا درێژە دەبینین کە وەک هەژدیهایەک بەسەر چیاکاندا سەردەکەوێت و لەسەر ترۆپکە بەرزەکانەوە ڕووە و ئاسمان بە سەرێکی بڵندەوە دەڕوانێت و دواتر بەرەو خوار درێژ دەبێتەوە، تا بە تەواوەتی لە چاو ون دەبێت. نێزیکەی بیست و چوار هەزار تاوەری پاسەوان و سەربازی بەسەر ئەم شورایەوە دروست کراون. زوربەی زۆری بە شێوەیەکی تەواوەتی پارێزگاری لێ کراوە و وەک خۆیان ماونەتەوە، هەندێکیشیان داڕوخاون و تەنیا چوارچێوەکەیان ماوە.

چین لە باکورەوە هەموو کات کەوتووەتە بەر هێرشی نومەدەرەکان، کە دەکاتە مەنگۆلیای ئێستا، ئەم هێرشانە شەڕ و پێکدادان و کوشتارێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە، چینیش بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە خۆیان، بڕیاری دروستکردنی گەورەترین و درێژترین شورا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەدەن، ئەم شورایە زیاتر لە چوار هەزار کیلۆمەتر درێژە و بە چینیی پێی دەوترێت (شورا دە هەزار لییە درێژەکە) یان شانگ شێنگ، واتە (شورا درێژەکە)[٣].

ئەم شورایە حەوت تا دە مەتر بەرزە و لە نێوانی ٧- ٣,٥ مەتریشدا پانە.

ڕەشەبایەکی سارد ریگەی هەنگاوەکانمان پێ دەگرێت و خۆڵ و تەپوتۆز دەچێتە دەموچاومانەوە، سەرمامە و تیشکی ڕۆژەکە ناتوانێ گەرممان بکاتەوە. لە دەروازەی شوراکەدا و بەرلەوەی بڕۆین، کلاوێکی فەروو دەکرم تا لە ڕەشەبا و سەرماکەش خۆم بپارێزم.

نێزیکەی یەک کیلۆمەتر بە شوراکەدا هەڵدەگەڕێم، هەندێک جار بە شێوەی قاڵدرمەی بەرز و نارێک و پێک و هەندێک جاری تر بە شێوەی تولەڕێی پێچاوپێچدا سەردەکەوم. بەشێک لە قاڵدرمەی پاسەوانەکان داڕووخاوە، ئاماژەیەکە بۆ شوێنەوارێکی دێرین و لە هەمان کاتدا ئەم قاڵدرمە سەربازییە ماندووانە هیماگەلی بەسەرچوونی ئەو سەردەمەیە.

خەڵکێکی زۆر و لە هەموو نەتەوەیەک لەگەڵ ئەو ڕەشەبا ساردەدا دەجەنگێ و بە هەنگاوی قورس و خاو سەردەکەون، چەندە بەرز ببینەوە هێندە ڕەشەباکە توندتر دەبێت و خۆم بە شیشی لادیواری ناوەوەی شوراکەوە دەگرم و هێز دەدەمە بەرخۆم تا ترۆپکی ئەو بەشەی شوراکە دەڕۆم. لە سەرەوە سەیرێکی ئاسمان، دەوروبەرەکەم، ئاسۆگە دوورەکان، دۆڵەکانی خوارەوە دەکەم، هێز و

ئەفسوونی ئەم شورا مەزنە لەم چاوترووکانەدا دەبێتە واقیعێکی هەستپێکراو و پڕ لە ژیان.

کە دێمە خوارەوە، ڕەشەباکە لە پشتەوە پاڵم پێوە دەنێت و بە ئاسانی غلۆر دەبمەوە، بەدەم ڕێگەوە بیر لەو وزە گەورەیە دەکەمەوە کە مرۆڤ هان دەدات شورایەکی ئاوها دروست بکات، شتێکە لە دەرەوەی توانا سروشتییەکانی مرۆڤدایە. کە بە شوراکەدا دێمە خوارەوە، وەک ئەوە وایە کە بەناو ڕاڕەوەکانی ئەو مێژووە دێرینەی وڵاتی چیندا بڕۆم. ئەندێشەم دەمباتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانە، بۆ لای ئەو کرێکار و کۆیلە و زیندانیی و سەربازانەی کە بە هاوین و زستان ئەم شورایەیان ڕۆناوە، بیرم لەو سەربازانە دەکردەوە کە شەو و ڕۆژ پاسەوان بوون و بە دڵێکی ڕەق و مامەڵەیەکی توندوتیژەوە هەوڵی زووتر تەواوکردنی ئەم شورایەیان داوە. ڕەشەبا توندەکەی ئەمڕۆ، ئەو ڕەشەبا خۆڵاوییەم دێنێتەوە بەرچاو کە لە کاتی دروستکردنەکەدا، بێ بەزەییانە، بە بارانێکی خوڕەوە ئەو خەڵکەی پێ بریندار کردووە. هەزارەها کەس لە کاتی دروستکردنی ئەم شورا گەورە مێژووییەدا ژیانیان لەدەست داوە و لاشەکانیان لەگەڵ بناخە و دیوارە بەردینییەکاندا بێ بەزەییانە شاردراونەتەوە و بوونەتە بەردێک، مشتەخۆڵێک و بەشێک لە بناخەی شوراکە. ئەم شورایە بە ئارەقەی ناوچەوان و خوێن و گۆشتی هەزاران کەس ڕۆنراوە و زۆر بە ئاسانیش پشتی کردووەتە قوربانییەکانی.

١/٢

لەگەڵ کازیوەی بەیانیاندا، لە نێوان تاریک و ڕووندا، خەڵکێکی زۆر بە کۆمەڵ پیاو، ژن و منداڵ لە پارکەکاندا، لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکاندا، لەسەر ڕیتمێکی پڕ لە هارمۆنی و پێکەوە جوڵانەوەیەکی جەستەییی سەمائامێز، وەک وەرزشەوانەکان دەکەن و بووەتە بزووتنەوەیەکی میللی بەربڵاو. ئەم ڕەهەندە بنەوایەکی فیکری هەیە و بە (تای شی) ناو دەبرێت و ڕێژیمی چین بەرهەڵستییان دەکات.

لە میوانخانەکەمان دێینە دەرەوە، کات هێشتا نەبووەتە حەوت و نیو، تەمێکی چڕ لە فەزای گەردوونەوە، بە قورسی باڵی کێشاوە بەسەر شەقامەکاندا و (تای شی) زانەکانیش، لەم تەمومژەدا وەکو سێبەر دەجوڵێنەوە و تابلۆیەکی جوانییان بە جەستەیان دروست کردووە و لە دیمەنی فیلمێکی سینەمایی دەچێت. لە پەنجەرەی پاسەکەمانەوە تەماشایان دەکەم و بە خێرایی بەلایاندا تێ دەپەڕین، تا چاو بڕ بکات و توانای تەماشاکردنم هەبێت، لێیان دەڕوانم.

## باخچەی ئاژەڵان

کە پاسەکەمان لە بەردەم باخچەی ئاژەڵاندا ڕادەوەستێت، بەتەواوی خۆر هەڵاتووە و تەمەکەش لە تیشکی ڕۆژەکەدا تواوەتەوە٤. باخچەی ئاژەڵان ئێجگار گەورەیە و بەر لە سەت ساڵ لەمەوبەر دروست کراوە و تەنیا بەشێکی بچووکی نەبێ دەنا فریای بینینی هەمووی ناکەوین. خودی

باخچەکە لەسەر ئاسەوارە کۆنەکان ڕۆنراوە. لەبەرئەوە لێرە و لەوێ بناخە و بنەوا سەرەتاییەکانی هەندێ شوێنەواری کۆنی خانووبەرە و کۆشکی سیزەرەکانی تێداماوە. هەروەها دەریاچەیەکی دەستکردی گەورەشیان تێدا دروست کردووە، لەم دەریاچەیەدا چەندان دۆلفینی تێدایە و بە ڕاهێنەری تایبەتمەند گەمەیان لەگەڵ دەکەن و خەڵکێکی زۆریان لە دەور کۆ دەبنەوە.

لە باخچەی ئاژەڵان دێینە دەرەوە، بەپێچەوانەی ئاراستەی ئێمەوە هەزاران خەڵکی چین بەرەو دەرگاکانی باخچەکە هەنگاو دەنێن. باخچەی ئاژەڵان وەک سەیرانگا وایە بۆ ئەوان و کاتی پشووی تێدا دەبەنە سەر و لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەبنە هاودەمی ئەو ئاژەڵ و باڵندانەی لە باخچەکەدان.

## کۆشکی هاوینە

لە باخچەی ئاژەڵانەوە دەڕۆین تا لە باکوری دەروازەی شارەوە دەچینە دەرەوە و خۆمان دەگەیەنینە کۆشکی هاوینەی سیزەرەکان.

ئەم کۆشکە وەک هەموو شوێنێکی تری ئەم وڵاتە، گەورەیە، هەموو شتێک گەورەیە و ئەمەش هیماگەلێکە بۆ دەسەڵات و گەورەیی وڵاتەکە. لە باخچە بێ سنوورەکەی ئەم کۆشکەدا ڕووبەڕووی دوا ڕۆژەکانی ژیانی سیزەرەکان دەبینەوە، کینی سیزەر ئەم کۆشکە گەورەیەی دروست کردووە تا لەدەست گەرمای هاوینی پەکین ڕابکات و بێتە ئێرە.

کۆشک و باخچەکە سادەن و وێنەیەکی هونەری چۆنیەتیی باخچەی چین لەخۆ دەگرێت و چەم و دۆڵ و گردۆڵکەی ناوچەکەیان بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی باخچەیەکی گەورەی سروشتئامێز.

بەشی ڕۆهەڵاتی ئەم کۆشکە تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی و کاروباری دەوڵەت، هەر لەم بەشەشدا پێشوازی لە میوانەکان کراوە و ئێستا بووەتە جێگەی تەراتێنی گەشتیاران. ئەندازە و خانووبەرە و باخچە و ئەرشیتێکتوری دروستکردنی کۆشکەکە، ستایل و شێوازەکانی هەموو خانووبەرەی چین لەخۆ دەگرێت: بۆ نموونە بەشی لای سەرەوەی بە جۆرە ستایلی هونەری باکوری چین دروست کراوە، بەڵام باخچە و چەم و دار و درەختەکانی ڕۆئاوا ستایلی باشووری چینە و خانووبەرەکانی باکوریش بە شێوازی (تیبێت) دروست کراوە.

لە سەدەی نۆزدەدا (سیکسی) Cixi بێوەژن دەسەڵاتێکی گەورەی لەم کۆشکە هاوینەیەدا هەبووە، لە بەشی باکوردا شانۆیەکی تایبەتمەندی بۆ دانراوە و بە درێژاییی شەو و ڕۆژ تەماشای شانۆی کردووە و هەندێک جار خۆیشی ڕۆڵی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بینیوە.

شانۆکە دەکەوێتە باخچە هارمۆنییەکەوە و ئێستا مۆزەخانەیەکی بەبەهای شانۆشیان تێدا کردووەتەوە، لەم مۆزەخانەیەدا چەندان شتی گرینگی ئەو سەردەمەی تێدا پارێزراوە، بۆ نموونە بەشێک لە کەلوپەلە تایبەتمەندەکانی سیکسی بێوەژن، ئامێری مۆسیقا، دەستنووس، جلوبەرگ، دیکۆر، شانە و ئاوێنەی ئەکتەرە بەناوبانگەکان، شووشەی عەتر و... هتد.

بەو ڕاڕەوە حەوتسەت مەتر درێژەدا دەگەڕێم، کە بەشێکی زۆری کۆشکەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، ساپیتەی ڕاڕەوەکەش هەزارەها وێنەی جۆراوجۆری تێدا کێشراوە. لە وێنەکان ورد دەبمەوە، مۆتیڤی میتۆلۆجی، سەرگوزشتەی دێرینی گەلی چین، ژیانی پاشا و سیزەرەکان، جۆرەکانی ڕیتواڵ و لە خواوەند پاڕانەوە، شەڕ و پێکدادان و بە ڕەنگی زەق و گەرم کێشراون. کە دەگەمە ئەوسەری ڕارەوەکە، ڕووبەڕووی شانۆیەکی دێرینی بە تەختە دروستکراو دەبمەوە، شانۆکە بچووکە، سەر تەختە و شوێنی بینەران لە یەکترەوە نێزیکن، بانیژەیەکی بچووک لەلای ڕاستی بینەرانەوە بۆ سیزەرەکان دروست کراوە، تا لەوێوە نەمایشەکان ببین. هەموو کۆشکەکە و شانۆکەش لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا دروست کراون و بە بەراورد لەگەڵ زۆر شوێن و شتی تردا ئەم کۆشکە مۆدێرنە و هێندە کۆن نییە.

لە بازاڕە میللییە هەژارەکانەوە، بە ناوەڕاستی پەکین دا و لە شەقامە قەرەباڵخەکانەوە، خۆمان دەگەیەنینە وێستگەی شەمەندەفەر، دوای پشوویەک و کاتژمێر پێنجی ئێوارە بەرەو شاری (سیان) کە نێزیکەی هەزار و سەت و شەست کیلۆمەتر لە پەکینەوە دوورە، دەکەینە ڕێ.

## لە شەمەندەفەرەکەدا

لە دەسپێکی گەشتەکەماندا، ناچاربووین نیو کاتژمێر لە هۆڵی چاوەڕوانی دانیشین. وێستگەی شەمەندەفەرەکە پڕە لە خەڵک، هەزاران کەس دێن و دەچن، بە زەرفی گەورەوە، جانتای جۆراوجۆر، عەرەبانە، پاسکیل، منداڵ بە کۆڵەوە، سەرباز، پیر و گەنج... ئەمە دەریایەکە، شەپۆلێکە لە خەڵک و ئێمە هەروەک ئەوەی نەتوانین لە جێگەی خۆمان بجولێین، خۆمان لە پاڵ دیوارێکدا پەنا داوە، لە یەک دوور ناکەوینەوە تا لەناو ئەو هوروژمی خەڵکەدا لەیەک دانەبڕێین.

کاتی بەڕێکەوتن دێت و لە دەرگەیەکی تایبەتمەندەوە، بەر لە شاڵاوی خەڵکەکە دەچینە شەمەندەفەرەکەوە. لە واگۆنێکی تایبەت، نێزیک لە یەکترەوە دادەنیشین و سیمای یەکتری لە نێزیکەوە دەبینین، نان دەخۆین و بە هەر چوار لادا قسە دەکەین، شەراب دەخۆینەوە و جار بەجار قاقای پێکەنین لێرە و لەوێ بەرز دەبێتەوە. لە تاریکیی نیوەشەودا، شەمەندەفەرەکەمان موسافیرە خەواڵو و نووستووەکانی بەسەر ڕووبارە زەردەکە و بە ناو دڵی تاریکیی شەودا دەپەڕێنێتەوە. ڕووبارە زەردەکە زەوییەکی بەپیتی بە چین داوە، ڕووبارێکی گەورە و دیارە و ناوەکەشی لەو پارچە گەورە گڵیانەوە، کە دەبێتە شێوەیەک لە خاک دروستبوون وەرگرتووە، لە کاتێکدا ڕووبارەکە ئەم خاکە لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێت ڕەنگێکی زەرد دروست دەکات.

ڕێگەپێشاندەرەکەمان دەڵێت " ئێستا بەسەر ڕووبارە زەردەکەدا دەپەڕینەوە" من ڕادەکەمە ڕاڕەوە باریکەکە، پەنجەرەی شەمەندەفەرەکە دەکەمەوە و دەڕوانمە دەرەوە، بەڵام لە تاریکساتانێک زیاتر هیچ نابینم و هەوایەکی فێنکیش لە ڕووبارەکەوە، وەک ئەوەی لەو تاریکییەدا و بە نهێنی شتێک بە گوێمدا بچرپێنێت، دێت و دەموچاوم ختوکە دەدات.

١/٣

## لە (سیان)

یەکەم هۆز و خێزانە چینییەکان لەم دەڤەرەدا ژیاون و لە کاتی حوکمڕانی بنەماڵەی خێزانی تانگ ٦١٨– ٩٠٧ (سیان) گەورەترین شاری دنیا بووە. زیاتر لە هەزار ساڵیش ئەم شارە پێتەختی یازدە سیزەری ئەو بنەماڵە و خێزانە پاشاییانە بووە.

(سیان) ڕێگەی گواستنەوەی ئاوریشم بووە بەرەو دەرەوە، لەوێوە کاروانی حوشتر، ئاوریشم، داو و دەرمان و چایان بار کردووە، ئەم شارە بۆ وڵاتی چین خاڵی پێگەیشتن و لێکترازان بووە بە دنیای دەرەوە.

دوای پشوویەک دەچینە شار و سەیری ئەو شورا بەردینە مەزنە دەکەین کە بە چواردەوری بەشی ناوەوەی شاردا درێژ دەبێتەوە، ئەم شورایە لە سەردەمی بنەماڵەی (تانگ)دا دروست کراوە و زیاتر بە مەبەستی سەربازی و بەرگریکردن بنیات نراوە. دیوارە بەردینەکانی ئەم شورایە دوازدە مەتر بەرزە، لە سەریشەوە دوازدە بۆ چواردە مەتر پانە، بەڵام لە خوارەوە و لەسەر بناخەکانییەوە، پازدە تا هەژدە مەتر پانە. ئەم شورایە چوار دەرگەی سەرەکی هەیە، یەکێکیان لە ڕۆهەڵات، ڕۆژئاوا، باشوور و باکورەوە.

شاری سیان دەکەوێتە دەوروبەری یان ناوچە نزیکەکانی دەریای زەرد و بەهۆی ئاو و بەروبوومی زەوییەکەیەوە دادەنرێت بە بێشکەی شارستانیەتی وڵاتی چین.

بەشە دێرینەکەی ئەم شارە برێتییە لە چەندان کۆڵان و شەقامی باریک و تەسک، ئەم کۆڵانانە هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە بەستراونەتەوە و لەوسەری کۆڵانەکانەوە کە دێتە دەرەوە، لە گۆڕەپانێکەوە یەکسەر دەگەیتە بەردەم مزگەوتێکی گەورە. ئەم مزگەوتە لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی مینگ و لە دەوروبەری ساڵی ٧٤٢ دا دروستکراوە، لەو سەردەمەدا بازرگانی زۆر بەهێز بووە و چەندان بازرگانی گەورە لە ئێران، ئەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ عێراق و ئەفغانستانە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەم شارەدا ژیاون. ئێستاش نزیکەی شەش هەزار موسڵمان لەم شارەدا دەژین.

یەکەم جارە مزگەوتێکی وا دەبینم، ئەرشیتیکتوری خانووبەرەکە تێکەڵەیەکە لە هونەری ئەندازەی دێرینی ئیسلامی و چینی، مزگەوتێکی بێ منارە و زیاتر لە پەرستگەیەکی بوودیی دەکات، نەک مزگەوتێکی ئاساییی موسڵمانان. باخچەیەکی گەورە پانتاییە فراوانەکەی بەردەم ژووری نوێژکردنەکەی داگیر کردووە، جگە لەو باخچەیە سێ باخچەی تر وەک کۆشکێکی سیزەرە چینییەکان مزگەوتەکەی ڕازاندووەتەوە.

مجێور و مەلاکانی مزگەوتەکە ڕێگە نادەن بە گەشتیاران کە بچنە ناو ژووری نوێژکردنەوە،

گرووپەکەمان بەناو باخچەکاندا دەگەڕێن، من لە ئیمامی مزگەوتەکە دەچمە پێشەوە، سڵاوی لێ دەکەم و تێی دەگەیەنم کە من موسڵمانم. پێڵاوەکانم دادەکەنم و لەگەڵیدا دەچمە ژوورەوە و بە جۆری مزگەوتەکانی لای خۆمان تا چاو بڕکا فەرش ڕاخراوە.

شارەکە چڕە بە دانیشتوان، کە لە گۆڕەپانەکەی دەرەوەدا ڕادەوەستم. لەسەری خەڵک کە لە بزافتێکی خێرا و بەردەوامدان، هیچی تر نابینم، هاژەهاژی دەنگ جۆرە ئاوازێکی تایبەتمەند دروست دەکات و پاش قەیرێک هەست بە ماندوویێتی دەکەم. هوروژمی خەڵک، دەنگی هەزاران ئۆتۆمبێل، ماتۆڕ و عەرەبانە مرۆ هیلاک دەکات.

لە بەشە کۆنەکەی ئەم شارەدا، کە هێمنترە و زیاتر شوینەوارە دێرینەکانی پێوە دیارە، کاتژمێرێکی تاوەر ئاسا بەرز بووەتەوە، ئەم تاوەرە بیست و سی مەتر درێژە و لە ساڵی ١٣٨٤ دا دروست کراوە و لە ساڵی ١٥٨٢ ەوە هێنراوەتە ئەم شوێنە و تا ئێستاش هەمان کاتژمێرە گەورەکەی سەردەمی مینگی پێدا هەڵواسراوە. کە لەم کاتژمێرە بەرزە دەڕوانم بیر لە سەردەم و چەمکی سەردەم دەکەمەوە، چینییە کۆنەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ سەردەمدا کردووە، تا بڵندگۆ و تاوەرێکی ئاوا بەرز و گەورەیان بۆ دروست کردووە، لەوانەیە ویستبێتیان لە هەموو شوێنێکی شارەکەوە بیبینن و زەنگی تێپەڕبوونی کاتیش هەموو سەری سەعاتێک وریای کردبنەوە.

١/٤

## قازە کێوییەکەی پەگۆد

لەم شارە مێژووییەدا شوێنەواری دێرین و پاشماوەی بەنرخ و هیماگەلی مرۆڤایەتی لە ئایینە جیاوازەکان، جوگرافیایەکی هەمەجۆر و ژیانێکی هاوبەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەیانی زوو لەگەڵ ڕۆهەڵاتندا سەردانی پەرستگەی (قازە کێوییەکەی پەگۆد) دەکەین. ئەم پەرستگەیە هێماگەلێکی شارەکەیە و تاکە شوێنێکی بوودیستەکانە کە بە شێوەیەکی تەواوەتی و وەک خۆی ماوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی تانگ لە نێوان ساڵانی ٦١٨– ٩٠٧ دا. پەرستگەکەش بەپێی سەرچاوە بوودییەکان لە ساڵی ٦٥٢ دا بۆ مەبەستی هەڵگرتن و پاراستنی کتێبە پیرۆزەکان دروست کراوە.

(شوان زانگ) کە ڕەبەندێکی بوودییەکان بووە و لە سەدەی حەڤدەمدا و لە گەشتێکی بێ وێنەی میتۆلۆجیدا، یەکەم کتێبە پیرۆزەکانی بوودای لە هیندستانەوە هێناوەتەوە بۆ ئەم پەرستگەیە.

شار کزەیەکی ساردی هەیە و تەمێکی خەستی قورسیش خۆی کێشاوە بەسەر ڕێگەکەدا، لە دەروازەی پەرستگاکەوە دەچینە گۆڕەپانێکی گەورەوە، باخچەیەکی قەشەنگیش گۆڕەپانەکەی ڕازاندووەتەوە، هەر لەم پەرستگایەدا تاوەرێکی حەوت نهۆمی کۆن، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەش سەدەکان بەرز بووەتەوە.

لە نەهۆمی یەکەمدا ژمارەیەکی زۆر ڕەبەن خەریکی ڕیتواڵێکی ئاینین، لە نواندنێکی سەرنجڕاکێشدا نویژێکی بەکۆمەڵ دەکەن، تەرتیلە، تەپڵی گەورە، سەمایەکی هێمنی ئامێتە بە ڕەهەندێکی ئاینی دەکەن و ئێمەش بە چواردەوریاندا لە دەرەوەی پەرستگەکەی خۆیانەوە ڕاوەستاوین و تەماشایان دەکەین. ژوورەکە هەموو دیوارەکانی بە دیوی دەرەوەدا بە شێوەی دەرگەی گەورە کراونەتەوە و لە هەموو لایەکەوە والآیە.

لەم پەرستگەیەوە دەچین بۆ مۆزەخانەی مێژوویی کە دادەنرێت بە یەکێک لە گەورەترین مۆزەخانەکانی چین و زۆربەی پاشماوە دێرینەکان و بە شێوەیەکی مێژوویی، لە سەردەمی بەردینەوە بەناو هەموو مێژووی وڵاتی چین دا تا دەگاتە دوا بنەماڵەی سیزەرەکان، لە پارچەی هونەری، دەستنووسی کۆن، جلوبەرگی پاشاکان، جۆرەکانی چەک و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە مێژوودا، قاپ و قاچاخ، بە شێوەیەکی گشتی هەموو شتێک کە لەو کۆمەڵگە کۆنانەدا بەکار هێنراون، لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ڕێگەی ئاوریشم لە مێژوودا، بەشێکی گرینگی مۆزەخانەکەیە.

لەم مۆزەخانەیەدا دووپاتی مەزنی و دێرینیی شاری (سیان) دەکرێتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی بنەماڵەی (هان) و (تانگ)دا.

١٧٠

## سوپای قوڕینی چین

گۆڕی زیاد لە حەفتا و دوو سیزەر و پاشا لە شاری سیان و دەوروبەرەکەیەتی، گرینگترین گۆڕیش دوا ئارامگەی کین سیزەری یەکەمە.

هەر لە ساڵەکانی ٢٤٧ دوای لەدایکبوونی مەسیحەوە، زیاتر لە حەوتسەت هەزار کەس کاریان لە گۆڕی کیندا کردووە، کە ئەو کاتە شازادە تەمەنی تەنیا سیازدە ساڵ بوو. دوای سی و شەش ساڵ کارکردن ئەم گۆڕستانە بۆ سیزەری یەکەم تەواو دەبێت. بەم سی و شەش ساڵە سوپای قوڕینی چین دروست دەکەن تا پارێزگاری لە ئارامگا و ڕوحی سیزەر بکات.

ئەم لەشکرە قوڕینە پەیکەری شەش هەزار سەربازە، بە هەموو جلوبەرگ و شیر و تیروکەوانەوە، ئەسپ و عەرەبانەی شەڕی و هەمووشیان لە ئامادەباشییەکی بەردەوامدان و بە بارستەی باڵای مرۆڤی ئاسایی دروستکراون. مرۆ هەست بە مەزنی و ترسێکی گەورە دەکات، چی وا لە پاشایەک دەکات بەم شێوەیە بیر بکاتەوە، دەزانێت دەمرێت، بەڵام سوپایەک لە قوڕ دروست دەکات تا لەژێرزەویندا پاسەوانی لێ بکەن و دەسەڵاتی فەرمانڕەواییەکەشی، لەوە دنیاش هەر بەردەوام بێت. مەرگ ئامادەییەکی بەردەوامی هەبووە و لەوانەیە وەک پاڵەوانەکانی ئینگمار بێرگمان گەمەی شەترەنجیان لەگەڵ مەرگدا کردبێت. ئەم لەشکرە قوڕینە لە ساڵی ١٩٧٤ دا

لەلایەن چەند جووتیارێکەوە دۆزراوەتەوە و دوای هەڵکەندن و پاککردنەوەی لە شوێنەکەی خۆیدا نەگوێزراوەتەوە، بگرە لەبری ئەوە خانووبەرەیەکی گەورە، کە ئەمڕۆ مۆزەخانەیە، بەچوار دەوری شوێنەکەدا دروست دەکەن. ئەم لەشکرە دێرینە ئێستا لەم مۆزەخانەیەدا لە یازدە ڕاڕەوی درێژ و گەورەدا، بەتەنیشت یەکەوە ڕاوەستاون. سەربازەکان بە شیر و ڕمەوە، بەڕیزی چوار وەستاون، هەندێکیان ئەسپ و عەرەبانەکان ڕادەکێشن، قەوارەی سەربازەکان نێزیکەی ١٨٠ تا ١٩٠ سێنتیمەتر درێژن، دەموچاوی هەر سەربازێکیش سیمای تایبەتیی خۆی هەیە و لە هیچ دەموچاوێکی تر ناچێت. چینییەکان و لەو سەردەمەدا و بۆ پارێزگاریکردنی فیگور و لەشکرەکە، لەژێر زەوییەوە ساپیتەیەکی لە تەختە، دارەڕێژەیان بۆ دروست کردوون. ئەم مۆزەخانەیە کە ٢٣٠ مەتر دووجا گەورەیە و ٦٢ مەتر دووجا پانە، لە ساڵی ١٩٧٩ دا کراوەتەوە. گۆڕی دووەمیان کە بەشێکی تری مۆزەخانەکەیە لە ساڵی ١٩٩٤ دا کراوەتەوە، لەم بەشەشدا زیاتر لە هەزار سەرباز و نەوەد عەرەبانەی شەڕ لەخۆ دەگرێت. بەڵام بەشی سێیەمیان لە ساڵی ١٩٩٨ دا کردووەتەوە.

بە بەرزاییەکەوە بەدیار ئەم لەشکرە قورینەوە وەستاوم، لە ساتگەلێکی کتوپڕدا وا هەست دەکەم دەبزوێن و لە مارشێکی سەربازیدا بەرەو ڕووم دێن، بۆنی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی سەردەمی کۆنیان لێ دێت. کات تێ دەپەڕێت و ناتوانم بچمە دەرەوە، کات وەستاوە و لە سەردەمێکی دێریندا گیرم خواردووە، دەدوێم بەڵام ئەو سەربازانە، وەک سەربازە بێ پەروا و بێ بەزەییەکانی ئەمڕۆمان گوێیان لە هیچ نییە و مەرگ و سەردەم لەگەڵ نەمریی و ئەبەدییەتدا ڕووبەڕوو وەستاون.

١/٦

## گەڕانەوە بۆ پەکین

- پەرستگەی لامە

بەیانی زوو بە فڕۆکە دەگەڕێینەوە بۆ پەکین و ڕاستەوخۆ دەچین بۆ پەرستگای لامە، ئەمەش جۆرێکە لە پەرستگای بوودییەکانی (تێبێت). پەرستگەکە لە خانووبەرەیەکی گەورە و مەزندایە و لە سەرەتادا یەکێک بووە لە کۆشکی سیزەرەکانی چین. ئەم پەرستگەیە لە سەرەتادا خانووبەرە و جێگەی حەوانەوەی (پیان زینیس)ی شازادە بووە. کە ئەم شازادەیە دەبێتە سیزەری وڵات و لە ساڵی ١٧٤٤ دا، دوای خۆی کوڕەکەی (کیان لۆنگ)ی سیزەر ئەم خانووە دەکات بە شوێنی ڕەبەندە بوودییەکان. ئێستا ئەم پەرستگەیە مۆزەخانەیەکی گرینگیش لەخۆ دەگرێت.

لە دەروازەی چەندان ژوورەوە یەک لە دوای یەک دەڕۆین، لە هەمان کاتدا لە هەموو لایەکەوە چەندان ژووری تر هەن، لەم ژوورانەدا هەزارەها هونەری بوودایی لە پەیکەر، قاپ و قاچاخ و جۆرەها شتی تری تێدا پارێزراوە، بەردەرگەی پەرستگەکەش لە ڕووکاری دەرەوە بە چەندان پەیکەری شێر، کە لە بەرد دروست کراون ڕازێنراونەتەوە.

بە ژوورەکاندا دەڕۆین تا لە بەرئەنجامدا و لەوسەری پەرستگەکەدا گەورەترین پەیکەری بودا دەبینین. پەیکەرەکە لە دار دروست کراوە و بیست و شەس مەتر بەرزە و لە هەر چوار لاوە بە هەشت بانیژە دەورە دراوە، لە هەر بانیژەیەکدا بەشێکی پەیکەرەکە بە وردەکارییەکانییەوە دەبینین.

تیشکی خۆر لە درزی دیوار و پەنجەرەی بچووکی هەمەجۆرە هاتووەتە ژوورەوە و وەک فانۆسێکی ئەفسووناوی، بە ئاراستەی جۆراوجۆر بەسەر دیوارەکانەوەیە. ساپیتەی پەرستگەکە زەردە، دیوارەکانی سوورن و پەیکەرەکانیش بە ڕەنگە گەرم و زەقەکانەوە، لە نێوان ڕەنگی زەرد و سووردا بووەتە دیمەنێکی سینەمایی. ئەم پەرستگەیە لەلایەن کۆمەڵێک ڕەبەندی چینی، مەنگۆلی و تیبێتییەوە بەڕێوە دەبرێت.

١/٧

دوای سەردانی شوێنەوار و مۆزەخانە و شوێنی مێژوویی و هۆڵی هونەری، دەمانەوێت ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، ئەگەر بە شێوەیەکی سەرپێیش بووە بەسەر بکەینەوە، ئاوڕێک لەو ژیانە بدەینەوە و وێنەیەکی گوزەرانی خەڵکی ببینین.

لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان دوور دەکەوینەوە و دەچینە ناوچەیەکی خانووبەرە و ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە. گەڕەکەکە مۆرکێکی کلاسیکی خانووبەرەی چینی لەخۆ دەگرێت و لە ڕێگەی چاوساخەکەمانەوە دەبینە میوانی خێزانێک. ئەم خانەوادەیە هەرچەندە سەر بە چینێکی مامناوەندین، یان دەتوانین بڵێین بەرزی کۆمەڵن و پیاوەکە لەوەوبەر وەک وێنەگرێکی دانپێدانراو کاری کردووە، تەنیا دوو ژوور و مەتبەخێکی بچووک و سەرەتاییان هەیە. پیاوەکە ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینە، ژنەکەی بە زمانی ئاماژە و جەستە مەتبەخە بچووکەکەی پێشان دەدات و دەیەوێت پێمان بڵێت کە هیچ جۆرە پێداویستییەکی ئاسایی و ساکاری تێدا نییە.

دوای ئەوە دەچین بۆ باخچەیەکی ساوایان، کۆمەڵێ منداڵێ روحسوک خەریکی گەمەن، پێکەوە قسە دەکەن و جیهانێکی تایبەتییان دروست کردووە و بەهیچ شێوەیەک هەڵسوکەوتی دنیای گەورە، بۆ نموونە هاتنەژوورەوەی ئێمە و ئامادەبوونی مامۆستاکانیان جێگەی سەرنج نین و بە وردی و بە قووڵی لەگەڵ جیهانەکەی خۆیان تەبان.

١/٨

## گەڕانەوە

زەنگی ئاگەدارکردنەوەی کاتژمێرەکەم لە بەرەبەیانییەکی تاریکدا، بەئاگام دێنێتەوە، ژوورەکە تاریکە و چاوەکانم بە تەواوەتی نەکراونەتەوە و خەواڵوم و ڕێگەی دەست بەئاو گەیاندنم بۆ نادۆزرێتەوە. دەستوبرد دەکەم، خۆم دەگۆڕم و لە خوارەوە خەریکی خواردنی بەرچایی دەبم.

کاتژمێر شەش لە میوانخانەکەمانەوە بەرەو فڕۆکەخانەی ناودەوڵەتی چین بەڕێ دەکەوین.

هەمووما‌ن خەواڵووین، کەس تاقەتی نییە لەگەڵ کەس قسە بکات، هەندێک سەری ناوە بە پەنجەرەی پاسەکەوە و نووستووە، هەندێکی تر بە چاوێکی خەواڵووەوە دەڕوانێتە سەرشەقام و ئەو شوینانەی کە پێیاندا تێ دەپەڕین، وەک ئەوەی دوا ماڵئاوایی بکەین و وێنەکان لە هەست و هۆشماندا تۆمار بکەین.

لە پەنجەرەکەوە سەیری ئەو خەڵکە دەکەم کە گەمەی جەستە (تای شی) دەکەن و هێدی هێدی لەناو تەمە سپییە چڕەکە و دوورکەوتنەوەی مەوداکانی نێوانماندا دیار نامێنن.

کاتژمێر نۆی بەیانی بەکاتی چین لەسەر جێگەکانمان لەناو فڕۆکەکەدا دانیشتووین، کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ لە فڕۆکەخانەی ئێرلەندا لە ستۆکهۆڵم دەنیشینەوە. سەیری کاتژمێرەکەم دەکەم، بەکاتی چین دەی شەوە و یەکەم شت کە دەیکەم کاتژمێرەکەم لەگەڵ کاتی سوێددا ڕێک دەخەم و لە فڕۆکەکە دێمە خوارەوە. دنیا بەرەو تاریکی ڕۆیشتووە، ساردە و بەفرێکی زۆریش باریوە.

پەراوێزەکان

١- ئەم سەفەرەم لە ٢٩ ی دوازدەی ساڵی ١٩٩٨ دا کردووە و ٨ ی مانگی یەکی ١٩٩٩ گەڕاومەتەوە. ڕۆژانی سەفەرەکەم بەشێوەیەکی ورد وەک یاداشتنامەیەک و ڕۆژانە تۆمار کردووە، ئەمەی بەردەستتان بەشێکە لەو بیرەوەرییانە.

٢- لە ساڵەکانی ٢٠٠ ی دوای لەدایکبوونی مەسیحەوە، گرووپێکی تایبەتمەند کە کاریان ئەوە بووە بەرنامە کولتوورییەکانی کۆشکی پاشا و سیزەرەکان ئامادە بکەن، لەم پرۆگرامانەوە شانۆی چینی لەدایک بووە. بەڵام لە ساڵەکانی ١١٠٠ دا و لە سەردەمی بنەماڵەی هۆنگ دا، فۆرم و شێوازی خۆی وەرگرتووە و لە سەردەمی خێزانی پیان- مەنگۆلیدا ١٢٧١- ١٣٦٨ دەگاتە ئاستێکی بەرز و گەورە. هەر لەم سەردەمەدا گرووپێکی شانۆنامەنووس دەکەونە ڕێکخستن و ئامادەکردنی نواندنەکان، بەپێی سەرچاوە کۆنەکانیش لەو سەردەمەدا زیاتر لە سەت و پەنجا شانۆنامە هەبوون، لەناو ئەو شانۆنامانەشدا، تێکستێک بەناونیشانی (بازنەی تەباشیر) هەبووە. ئەم شانۆنامەیە لە ساڵەکانی ١٧٠٠ەکاندا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە ئەوروپاییەکان و برێشت سوودی لێ وەردەگرێت بۆ نووسینی شانۆنامە بەناوبانگەکەی (بازنەی تەباشیری قەوقاز). دواتر شانۆ و ئۆپێرا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەناو هەموو شار، هەرێم و ناوچەکانی چین دا بڵاو دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە پێشبڕکێی ئەم ئۆپێرایانە لە نێوان شار و ناوچەکاندا دروست دەبێت. دوو جۆریش ئۆپێرای پەکین هەیە، یەکێکیان سەبارەت بە ژیان و خەڵکی ئاساییە و ئەوی تریشیان هەم یشە سەربازییە و باسی ژیانی شەڕوانەکان، لەشکرکێشی، شەڕ و پێکدادان و شەڕی نێوان هەرێم و داگیرکەرەکان دەکات.

٣- (لی) Li پێوانەیەکی چینییە و یەک لی نێزیکەی پێنچسەت مەترە.

٤- (سیکسی) دوا بێوەژنی سیزەرەکان و لە سەرەتای هەزار و نۆ سەتەکاندا فەرمانی داوە کە ئەم شوێنە بکرێتە باخچەی ئاژەڵان، لە ساڵی ١٩٥٠یشەوە بۆ خەڵکی کراوەتەوە و بووەتە شوێنێکی گشتی و ئەم باخچەی ئاژەڵانەی ئێستا.

# عیرفانی تەسەووفی لە داستانی فاتیمەدا

بوو گوستاڤسۆن

داستانی فاتیمە، شیعری دووەی ''سیانەی دیوان''ە،
که ساڵی ۲۰۱۰ لە ''دەزگای ئاراس'' بڵاو کرایەوە.

''سیانەی دیوان''ی گوننار ئێکێلۆف هەر یەکێک لە بەرهەمە شیعرییە گرینگەکانی سەدەی بیستی ئەدەبی سوێدی نییە، بگرە لە دیدی ناونەتەوەییشەوە وایە. سیانەکە لووتکەی نووسەرایەتیی ئێکێلۆف پێک دەهێنێت، نووسەرایەتییەک کە لە جیهانی مۆدێرنەدا باری مرۆڤ ئاوێنا دەکاتەوە. ئەوەی ئەو هەوڵ دەدات لە سیانەکەدا بیکات، ئەوەیە، کە بە ڕووکردن لە باوەڕی تەسەووفی ڕۆهەڵاتییەوە، ئەلتەرناتیڤێک بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرنی نائاینی پێشنیاز بکات. لێکۆڵینەوەی ئەو لەسەر هزری عیرفانیی ڕۆهەڵاتی، پرۆژەیەکە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا گەرموگوڕییەکی تایبەتی هەیە، کاتێک وا پێ دەچێت ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا بتوانن لە گفتوگۆیەکی ئاشکرادا بە یەکتری بگەن. ڕەنگە هێندە بیری دیموکراتی نەبێت، بگرە تەسەووفە وا دەکات، گفتوگۆیەکی هاوبەش لە نێوان دوو شارستانییەتەکەدا بواری هەبێت.

سیانەی دیوان، لە دیوان لەسەر میر ئێمگیوون ۱۹٦٥، داستانی فاتیمە، کە ساڵی دواتر بڵاوکرایەوە و و بەشی کۆتاییشی ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی، ساڵی ۱۹٦٧ بڵاو کرایەوە، پێک هاتووە. ئێکێلۆف ساڵی ۱۹٦٨ بە نەخۆشیی شێرپەنجەی گەروو مرد و دەکرێ سیانەی دیوانیش وەک وەسییەتنامەی شیعریی ئەو سەیر بکرێت. لە سێ کتێبەکەدا، سێ سیمای ئەفسانەیی سەیر بنکەی وزە پێک دەهێنن. لە میر ئێمگیوندا ''پاکیزە''یە، لە داستانی فاتیمەدا ''سێبەر''ە و لە بەشی کۆتاییی سیانەکەیشدا ''شەیتان''ە. سێ کتێبەکە وەسفی ڕێگەیەکی ''ئەپوفاتی'' apofati ، [کە

.................................................................

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی



هەواڵنامەی کتێب

زمـانی مـرۆڤ لە توانایدا نـیـیـە، وەسـفی گـەورەیی خـوا بکات] ڕێگەیەکی خـوارتر، بەناو ئازارچێشتن، بێ زانیاری و نەهینکردن (نەفی) بەرەو تەسەووف، یان عیرفانی ڕوحی دەکات، کە ئامانجی گۆڕانی هەموو بەهاکانە. ئەمە خاسییەتی ئێکێلۆفە، کە لە گەڕانیدا بەدوای عیرفانی تەسـەووفیـیدا ڕێگەی نەهێن (نەفی) via negativa وەک ئامـرازی زانیاری بە کار دەهێنێت. لەم گـوتارەدا، دەمـەوێ سـەرنج بدەمـە "داسـتـانی فـاتیـمـە"، بەو مـەبەسـتـەی لایەنی تـەسـەووفی لە دیوانەکەدا نیشان بدەم. ڕەنگە هۆیەکی گونجاو بێت خوێندنەوەیەکی وا بۆ تێکستەکانی کتێبەکە بکرێت، لەبەرئەوەی زۆر ئاماژەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بە تێگەیشـتنی تەسـەووفی کراوە. ئێکێلۆف هەر لە گـەنجییـەوە ئاشنای سـۆفیـزم بوو و بـەتایبـەتیش شـیـعـرەکـانی ئیبن عـەرەبی. سـەردێری "دیوان لەسـەر میر ئێمگیوون"ی لە دیوانی "تەرجومان ئەلئەشواق"ی ئیبن عـەرەبییـەوە وەرگرتووە.

١

پایز بی یان بەهار
گرنگ نییە؟
لاو بی یان پیر
ئەوجا چییە؟
خۆ تۆ لە وێنەی ئەم گشتەدا
هەر ون دەبیت،
تۆ ونیت
ئێستا، هەر ئێستا
یان هەزار ساڵ لەمەوبەر
ون بوویت
بەڵام ونبوونەکەت
ماوە

هەواڵنامەی کتێب

کـرۆک لە باوەڕی هەمـوو تەسـەووفـێکدا ئەوەیە، کـە بە هۆی عـرفـانی تـەسـەووفـیـیـەوە، پەیامی چارەنووس، یانی بوونی خۆت بە ئاکام بگەیەنیت. لە ڕاسـتیدا، لە دەسـتـەواژەی تەسـەووفـیـدا، مـرۆڤ بـوونی نیـیـە، بگرە ئەو هەست دەکـات وەک پووشـوپەڵاش، یان نەبووێکە، لەبـەرئەوەی ئەو خاوەنی بوونی خۆی نییە. بەهاگۆڕانی عیرفانی، بە بەیەکگەیشتنێکی یەکلاکەرەوە، لەگەڵ هزرێکی تەواو لە یەکتری جودادا، دەست پێ دەکات. شیعری دەستپێکی "داستانی فاتیمە" ڕێک وەسفی بەیەکگەیشتنێکی وا یەکلاکەرەوە لەگەڵ "سێبەر"دا دەکات، کە سروشتی ژنانەی هەیە. تەنانەت

ڕێگەی سۆفییش، یان تەریقەت بە ساتێکی هۆشیاربوونەوە، ئەو کاتەی ڕێڕەوی ژیان دیار دەکرێت، دەست پێ دەکات. کە ''داستانی فاتیمە'' سروشی لە ئەشقی عیرفانیی ئێرانی، بە فەزای سۆفییانەوە وەرگرتووە، (ڕەنگە بەر لە هەموویشیان لە حافز و مەولاناوە) لەم ڕاستییەدا دیارە، کە لەسەر بەرگی چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٦دا، وێنەیەکی بچووکی ئێرانی هەیە.

بەرگی دواوەی بە وێنەی دەستێکی ڕەش ڕازانراوەتەوە، بەپێی ''ڕێیدەر ئێکنەر'' لە کۆمێنتارەکانی ''بەرهەمەکانی گوننار ئێکێلۆف٣'' دا، جەخت لەوە دەکات، کە وێنەی دەستی ئێکێلۆفە و ساڵانی سی کێشاویەتی. بۆیە ''جێ ڕەشی دەستی''ی دەستی فاتیمە، ''لە بەرتریفەی مانگەشەودا، لەسەر دیوارە سپییەکەدا''، کە لە شیعری یەکەمدا گوتراوە، دەستی ئێکێلۆفیشە. یەکتربینینەکە لەگەڵ فاتیمە، دەبێتە یەکتربینینێک لەگەڵ منێکی ژن، یان لەگەڵ ڕوحانییە نکۆڵیلێکراو و فەرامۆشکراوەکەی خۆیدا. بۆیە ''سێبەرەکە'' دوای ئەوەی کە ڕێگە لەو دەگرێت، ئەو شتەی یەکسەر دەیکات، ئەوەیە کە زۆر بەتوندی سەرزەنشتی خودی شیعر دەکات. کە ئەمە لە مانگەشەوێکی ڕووناکدا ڕوودەدا، گرینگییەکی تایبەتی لە حاڵەتەکەدا هەیە، لەبەرئەوەی لە باوەڕی زۆرینەی تەسەووفەکاندا، شەو کات و سەرچاوەی عیرفانییە.

''پەڕاوێز''ێکی داستانی فاتیمە هەڵبژاردنی ناوی فاتیمە وا ڕوون دەکاتەوە، کە ئاماژەیە بۆ وشەی (Fatum ''چارەنووس'')ی لاتینی و فاتیمەی کچی پەیامبەر، کە بە عەرەبی مانای ''ژن کە منداڵی لە شیر دەکاتەوە''یە. ئاڵۆزیی تێگەیشتن لە ناوی فاتیمەدا، ئەوە دەگەیەنێت، کە لەلایەکەوە باسی چارەنووسی کەسێک دەکات، کە لە ڕێگەی تەسەووفدا وەک شێخ، یان ڕێنیشاندەر ڕەفتار دەکات و لەلایەکی ترەوە باسی فاتیمەی کچی پەیامبەر دەکات، کە دەستی ئەو مرۆڤ لە چاووزار دەپارێزێت و پەنجەکانیشی نیشانەی پێنج کۆڵەکە سەرەکییەکەی ئیسلامن. ئەو دەستە ڕەشەی بەرگی دواوەی کتێبەکەی ڕازاندووەتەوە، دەکرێ بگوترێ هی فاتیمەیە و لە ڕاستیشدا ''داستانی فاتیمە'' بە سیمبۆلی دەستی بەخێروبێر، پارێزەر و ڕێنیشاندەری ئەوەوە نووسراوە. ئەرکی کەسایەتیی فاتیمە وەک دایکێکی حەکیم ، ئەوەیە ''منداڵەکەی لە شیر بکاتەوە''، بە گوتەیەکی تر، کە سۆفی، ''منداڵ''ی ڕێگەی تەسەووف، لە مەقامە جوداکانی عیرفانیی تەریقەتدا، بگۆڕێ. لە شیعرێکدا، کە ئێکێلۆف لە کتێبە چاپکراوەکەدا دەری هێناوە، فاتیمە بە ''نیزام''، ئەو ژنەی کە لە ''تەرجومان ئەلئەشواق''دا ئیبن عەرەبی بۆ عیرفانی تەسەووفیی دەگۆڕی، دەبەستێتەوە. ڕاستی ئەوەیە، کە فاتیمە وەک کەسایەتییەکی ''نیزام''یش لە ''داستانی فاتیمە''دا ڕۆڵی هەیە. لەبەرئەوەی ئەو بە خۆشەویستی و ئێرۆتیکی عیرفانییەوە، خودی شیعر دەباتە سەر ڕێگەی تەسەووف.

''داستانی فاتیمە''یش، وەک بەشەکانی تری ''سیانەی دیوان'' بەپێی ڕێسای تەسبێح، لە دوو بەشی هەریەکەیان بە ٢٩ شیعری سەرەتا و ناوەڕاست دیارکراوەوە پێک هاتووە و بە ''سۆفیلە – سەرەمار''یش کۆتایی دێت. ئەمە ئەو دەنکەیە، بەزۆری لە شێوەی سەرەمار هەڵکەنراوە، کە

دەنکەکانی تری تەسبێح لە یەکتری جودا دەکاتەوە. وەک کە دەنکەکانی تەسبێح، لەسەر نوێژکردندا بۆ پاڕانەوە لە ٩٩ ناوە پیرۆزەکەی خوا بە کار دەهێنرێ، مەبەست لە ٢٩ شیعری بەشەکانی ''داستانی فاتیمە''یش پاڕانەوەیە لە بوونێکی ڕوحیی نادیار. بۆیە ئەم لە نێزیکەوە بانگکردنە، ئەو شێوازەیە، کە دروستبوونی تێکستەکە بەڕێوە دەبا. ڕێسا بۆ ئەم بانگکردنە، لە یەکەم ''سۆفیلە _ سەرەمار''ی دیوانەکەدا بە وردی دیار دەکرێت، لەوێ ڕێگەی سۆفی، یان تەریقەت دەربڕینێکی پڕمانای دەدرێتێ.

ئەو کەسەی کە نییە و بانگ دەکرێ، فاتیمەیە بە سیفەتی تارمایی، یان سێبەر، کە بەردەوام بە ''ونبوونەکەیەوە'' بەدوای خودی شیعرەوە بووە (بڕوانە دێری ١١). ئەم ''ونبوونە'' دەبێتە شێوەیەکی جووتبوون، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەوە لەناو ئەم ''گشت''ەدا، جاویدانییەک دەخولقێنێت (بڕوانە دێری ٥). ئەوەی ئێکێلۆف لێرە دەری دەبڕێت تێگەیشتنی بنەچەیی ڕێگەی سۆفییە، واتە هەردوو دەستەواژەی ''فەنا/بەقا''یە. فەنا (فەنا عەرەبییە، واتە ''ونبوون'') واتە جۆرێک مردنی عیرفانیی خود mors mystica، ئەو کاتەی کەسی سۆفی لە منی خۆی و خواستەکانی دادەبڕێت بۆ ئەوەی بگات بە بەقا، (بەقا عەرەبییە، واتە ''مانەوە'') یان ژیان لە خواییدا، بە دەستەواژەی ئێکێلۆفی لەناو ئەم ''گشت''ەدا. واتە ئێکێلۆف دیوانەکەی بەوە دەست پێ دەکات، کە لە یەک کاتدا مەرجەکان و ئامانجی پڕۆژەی شیعری عیرفانیی خۆی دەستنیشان بکات: کە ئاوێتەی ونبوونەکە ببێت، کە جاویدانییەکە لە تەوحیددا، واتە یەکگرتنی عیرفانی unio mystica لە تەسەووفی ئیسلامیدا. هاوکات ئاماژەیش بەوە دەکرێت، کە گەڕان بەدوای ''گشت''دا، بەگونجان لەگەڵ دیالێکتیکی نێوان خواست و نەبوونیی ئەشقی عیرفانی ئەپوفاتی apofati، [کە زمانی مرۆڤ لە توانایدا نییە، وەسفی گەورەیی خوا بکات] دەکرێت.

کەواتە لە شیعری یەکەمی ''داستانی فاتیمە''دا، دواندنی فاتیمە وەک ''سێبەر'' چ مانایەکی هەیە؟ ''سێبەر'' هەم سیمبۆلی لایەنێکی تاریکی نەناسراوی خودی شیعرە، لایەنی ژنانەی ئەو An-ima ، هەم لایەنی مردنی ئەوە. بەڵام هێندە مەسەلەی مردنی جەستەیی/فیزیکی نییە، بەڵکە ڕاستتر مەسەلەی مردنی عیرفانییە، واتە کەوتنە ناو فەناوەیە. بە ڕۆیشتن لەگەڵ ئەم ''فاتیمە/قەحپە/حەکیم''ەدا بۆ (ماڵ) فەنا، خودی شیعر یەکەم هەنگاوی سەر ڕێگەی تەریقەت دەنێ. کە فاتیمە ڕۆڵی قەحپە دەبینێت، پێوەندی بەوەوە هەیە، کە ئەو ئەشقەی ئەو دەیدا، ئەشقێکە بۆ هەموو کەسێکە. بەڵام ئەشقێکیشە نرخی خۆی هەیە: کوژانەوەی خودە لە فەنادا، لە کاتی جووتبووننددا لە ماڵ لای ''سێبەر''.

لێرە ئێکێلۆف مەقامی ئەو وێنە نموونەییەی ''خۆشەویست''، یان وەک لە شیعری کلاسیکی فارسیدا باوە ''هاوڕێ''، دادەبەزێنێتە خوارەوە، چونکە ''ڕۆحە'' ژنانەییەکە، یان ''سۆفیا''یەکە، کە گۆڕان لە کەسی سۆفی دەکات بۆ چوونەناو عیرفانی تەسەووفییەوە، لەسەر شەقام ئەشقی خۆی دەفرۆشێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئامانج هەر هەمان شتە: کە بە یەکگرتن لەگەڵ ''ڕەها''دا، بگەیتە

تەوحید. ئەوینی عیرفانییە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت و دەیباتە ناو تەواوی بوونی خۆیەوە. بۆیە ئێکێلۆفیش وەک شاعیرە کلاسیکەکانی فارس، وێنەیەکی شیعری پڕ لە وەسفی ئێرۆتیکی بەکار دەهێنێت. تەسەووف بە سروشتی خۆی ئێرۆتیکییە و ئەوینی مرۆڤیش لە بنەچەدا عیرفانییە. وشەی "داستان" لە ناوی کتێبەکەدا "داستانی فاتیمە"، وا پێ دەچێت ئاماژە بێت بۆ چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەو". بەم جۆرە ئێکێلۆف دەتوانێک چوارچێوە تەنگەبەرەکانی ڕیالیزم بشکێنێت، بۆ ئەوەی زەینی بخاتە سەر گەشەی ڕووداوەکانی ژیانی ناخەوە.

لە شیعری دووەمی بەشی یەکەمدا، خودی شیعر هەستێکی پێشوەختەی لەبارەی ئامانجی لە گەڕانیدا بەدوای عیرفانی تەسەووفییدا دەبێت. بە شەو بە تەنیا لە ژوورەکەیەتی، ئەوسا وا هەست دەکات کە وەک ئەوەی "باسک و دەنگی زەریا" لە باوەشی بنێن. سیمبۆلی زەریا، بەتایبەت لای ڕۆمی باوە، لای ئەو زەریا نوێنەرایەتی ژیان لە تەوحیددا دەکات. خود، یان ڕۆح ئەو دڵۆپە ئاوەیە کە لە زەریادا ون دەبێت – لە دۆخی مانەوەی "یەکێتیی بوون"دا، کە هەموو زیندەوەرێک دەگەڕێتەوە ئەوێ. لای ئێکێلۆف خودی شیعر شەو بەتەنیا هەست دەکات باسکەکانی زەریا لە باوەشیان ناوە، کە باسکی فاتیمەیشە.

گۆڕان لە عیرفانی تەسەووفیدا، وا باوە لەژێر چاودێریی شێخێکدا بەوە دەست پێ دەکات، کە کەسی سۆفی بۆ ماوەیەک دەچێتە خەڵوەتەوە. دەکرێ شیعری سێیەم وەک ئاکامی بەتەنیا چوونە خەڵوەتەوەی خودی شیعر بۆ باری هەبوونی خۆی سەیر بکرێت. لێرە، تەنانەت وێنە ئاڵۆزەکەی "منداڵ/ئاوێنە"یش پیشان دەدرێت. لەدایکبوون بەرەو مردن ڕۆیشتنە، بەڵام دەکرێ مردنیش "دەروازەییەکی بڵند" و "جیهانێکی ئاوێنە" بێت، تێیدا خود "وەک منداڵێکی خۆی" خۆی دەبینێت. بە وێنە ئاڵۆزەکەی "منداڵ/ئاوێنە"، هەم ناواخنی مردنی عیرفانی لە "داستانی فاتیمە"دا و هەم تێگەیشتنی مردنی عیرفانی خودیش لە سۆفیزمدا چڕ دەکاتەوە.

بۆ ئەو کەسەی توانیویەتی بەسەر ئارەزووە خۆویستەییەکان و ئازارەکانی خۆیدا زاڵ بێت، دەکرێ مردن ببێتە "جیهانێکی لە ئاوێنەدا"، واتە تەنیا بەئاگایی لە مەرگ زانیاریی ڕۆحی دەدات، کە بە گۆڕانی ڕۆحییەوە دەبێتە هۆی لەدایکبوونەکەی تر. کە وەک "منداڵی لە خۆت" بەناو "دەروازەی بڵند"ی مەرگدا بڕۆیت، ئەوەیە کە لەسەر ڕێگەی تەریقەت بڕۆیت. زۆر جار، وێنەی ئاوێنە لە شیعری تەسەووفیی فارسیدا هاتووە، کە سیمبۆلی ئەم "زانیاریی لەبارەی خۆ"وەیە، کە فۆڕمێکی "زانیاریی لەبارەی خودا"وە پێک دەهێنێت. دەبێ ئاوێنەی دڵ وا پاک بکرێتەوە، کە خود بتوانێت خۆی لەناو خودەکەدا ئاوێنە بکاتەوە.

مەرج ئەوەیە کە کەسی سۆفی گوێڕایەڵی خوا بێت؛ ئیسلام بە عەرەبی بە مانای "گوێڕایەڵ" دێت. ئێکێلۆف لە شیعری نۆیەمی "داستانی فاتیمە"دا بیرێکی وا دەر دەبڕێت، کاتێک دەڵێ، کە لە ئاکامدا فێری "ئەم بوێرییە بووە/ کە ناوی گوێڕایەڵییە". لە ململانێی دژی خودی خۆتدا، یان بەپێی سایکۆلۆجیی تەسەووفی، دژی ڕۆحی پەنهان، نیشانەی بوێرییە، کە بەرانبەر بە ڕەهەندێکی

ڕۆحیی دەرەوەی خۆت، گوێڕایەڵ بێت. گوێڕایەڵیی قۆناغێکی گرینگی سەرەتاییە لە ڕێگەی تەسەووفدا.

شیعری ١١ وێنەی "ئاوێنە/منداڵ" دەگۆڕێت. لێرەدا چاوی خودی شیعر دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ "سێبەر" – ڕوخساری ڕەشی فاتیمە بە سیفەتی حیکمەت، یان ڕۆحی گەورە، کاتێک خۆی بەسەر "منداڵ"ەکەیدا دەنووشتێنێتەوە، کە هاوکات دۆستییەتی. بە گوتەیەکی تر، لە کتێبەکەدا مەرگی عیرفانی، ئەشقێکی عیرفانییە، کە بە وێنەی "ڕووناکی"ی تاریکی لە شێوەی "چرا"ی لە زیو دروستکراودا جەختی لەسەر دەکرێ (شیعری ١٤) کە فریشتەی بەجێماوی فاتیمە دەنوێنێ لەدوای جووتبووندا.

چرا زیوەکە جۆرێک ئاوێنەیە و نوێنەرایەتیی پرۆسەی سپیبوونی کیمیای، یان دۆخی بە زیوبوون دەکات، کە ئێکێلۆف لە بەشی دووەمی "داستانی فاتیمە"دا دێتەوە سەری. سیمبۆلی چرا لە زۆربەی باوەڕە تەسەووفییەکاندا، وەک ئەو ڕووناکییەی ڕۆح هەیە، کە ڕێگەی بەرەو تەوحید unio mystica ڕۆشن دەکات. شیعری ١٧ ئەو مەرجە ڕادەگەیەنێت، بۆ ئەوەی بتوانیت لەسەر ڕێگەی ئەشقی عیرفانیدا بڕۆیت. لێرە وێنەیەکی دروستی ئەوینی عیرفانی، وەک "نەشتەرگەرێک" پیشان دەدرێت، کە دڵێکی نوێ دەداتە نەخۆشەکەی. ئەم دڵ گۆڕینە سیمبۆلی لەدایکبوونەکەی ترە لە "فەنا"دا، ئەودەمەی کەسی سۆفی لە خودی خۆی و جیهاندا نەماوە و خودێکی تری دراوەتێ.

بەشی یەکەمی "داستانی فاتیمە" دوو شیعری لەبارەی ژوانی دوو ئاشقەوە تێدایە، کە لە ئەڤیندا دڵ گۆڕانێکی عیرفانیی وایان کردووە. ئەمە ژوانی نێوان "هاوەڵانی خوا"یە، کە سۆفی و ڕۆحانییەکانی تر پێیان دەگوترێ. شیعری ٢١ بە وردی وەسفی ئیکۆنێک دەکات، کە ئێکێلۆف هەیبوو. ئیکۆنەکە ژوانی یواکیم و ئاننای پیرۆز، دایک و باوکی مەریەمی پاکیزە لە خۆشەویستییەکی پاکدا نیشان دەدات. ئەمە شیعرێکی بەهێز و جوانە لەبارەی ئەم ژوانەوە، کە دەبێتە هۆی دیمەنی مزگێنیدانی فریشتە بە حەزرەتی مریەم. لە تێکستی دواتردا ژوانی نێوان شازادە یوسف و فاتیمە ڕوو دەدات.

دەکرێ بگوترێت شازادە یوسف ڕۆحی پاکبووەوەی خودی شعرە. ئەوەی دەگێڕدرێتەوە وێنەیەکی سۆفیانەیە لەبارەی ئەوەی مرۆڤ چۆن دەگات بە تەوحید. خۆشەویستەکە "بوونێکی نادیار"ە وەک کە شازادە یوسف خۆی نادیار، لە "دەرگەیەکی شوورەی باخچەیەک"دا ون دەبێت. وێنەی شوورە لە چەند شیعرێکی "داستانی فاتیمە"دا دەردەکەوێت، تێیدا ئەو سیمبۆلەیە، کە ئەم جیهانە لە ژیانی میتافیزیکییەکەی تر، جودا دەکاتەوە. لە ئەدەبیاتی تەسەووفیشدا بۆ تەوحید unio mystica باخچە، زێتر لە هەموو جێگەیەک دووبارە کراوەتەوە.

شازادە یوسف بۆ ئەوەی بگاتە باخچەی تەسەووف، دەبێ بەناو کۆڵانێکی چۆڵی بە "گوفەک"دا

بڕوات، لەوێ ''سەگ''ێکی لاوزی سەرگەردان دەسوڕێتەوە و بۆن بە زبڵەوە دەکات. دواتر ئەم سەگە لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا دەردەکەوێتەوە. شەوە و شازادەکە بە لەپەکوتە بەرەو ''دەرگە دارە سەوزە بچووکەکەی لای ڕاست'' دەڕوات. سەوز لە سیمبۆلی ڕەنگیی ئیسلامیدا واتای خوا، یان خوایی دەدات و ''ڕاست''یش سیمبۆلی ڕێبازە ڕاستەکەیە. وا پێ دەچێ دەرگەکە لەخۆڕا والآ ببێت و لەناکاو ئەو خۆی لەناو باخچەیەک دەدۆزێتەوە، لەوێ لە تاریکاییدا هەست بە بوونی فاتیمە دەکات، کە بە ڕووی ئەودا سەری ''پڕ لە نەرمونیانیی چارەنووس'' بەرز دەکاتەوە. سۆفی بۆ ئەوەی بگات بە عیرفانی تەسەووفی، دەبێ خۆی لە زبڵی خۆویستەیی خۆی ڕزگار بکات و لەناو شوورەی ''فەنا''دا دەرگە سەوزەکە بدۆزێتەوە. ئەودەمە دەتوانێ ڕووبەڕوو لەگەڵ ''نەرمونیانی چارەنووس'' بوەستێت، واتە لەگەڵ ئەو ئەشقەی، ئازارچێشتن و مەرگ دەگۆڕی بۆ عیرفانی تەسەووفی.

لە شیعری ٢٤دا، خودی شیعر وەک شازادە یوسف لە کۆڵانێک چاوەڕێی ''ئیمام''ی خۆی دەکات، واتە فاتیمە کە ''ئاماژەی بەهەشت''ی داوەتێ. ئیمام بە عەرەبی مانای ''پێشەوا'' یان ''ڕێنیشاندەر''ە و لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەر مزگەوتێک ئیمامێکی خۆی هەیە. لێرە فاتیمە وەک ئیمام دەبێتە ڕێنیشاندەری خودی شیعر بۆ بەهەشتی تەسەووفی. ڕەنگە ئێکێلۆف ئاماژە بە تێگەیشتنی شیعەیش لەبارەی ئیمامەوە بکات، وەک ڕێنیشاندەری نادیاری سەردەممان بەرەو تێگەیشتنی ڕۆحی. ئەو نانەی خودی شیعر لە ڕۆیشتنی لەسەر ڕێگەی تەسەووفدا هەیەتی، ''قوربانی''یەکە، کە مەبەستی قوربانیکردنی ئیسلامی، یا ''خوانی پیرۆز''ی مەسیحییە. واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە خودی شیعر دەبێ بەشداریی لە بۆنەی قوربانیکردندا بکات بۆ ئەوەی بە ئامانجی بگات، بەوەی کە خودی بەئەزموونی خۆی بکاتە قوربانی. بەدوای ئەشقی سۆفیانەکەوتن، واتای ئازارچێشتن و مردن دێت، مردنێکی عیرفانیی خود، mors mystica: کە لەناو دڵدا (شیعری ٢٤) هەست بە ''خەنجەر'' بکەیت، یان لە لایەن ''نەشتەرگەر''ی ئەوینەوە دڵت بگوڕدرێت. ئەوەیە کە هەموو شتومەکی فیزیکی لە خۆت بکەیتەوە، هەتا ڕۆح بتوانێت بەڕووتی بەرانبەر بە ڕۆح بوەستێت.

شیعری ٢٥ ڕێک دیمەنێکی وای ڕووتکردنەوەی خۆشەویستەکە نیشان دەدات، کە لە هەمان کاتدا وێنەی حەزرەتی مریەم و فاتیمەیە. شیعرەکە لەبارەی ئێکۆنێکی مریەم و منداڵەکەیەتی. ئەمە نموونەی ئێکێلۆفە بۆ ''هێیرۆفانیی عیرفانی و هێیرۆگنوستیس''، واتە هاتنی وەحی لە خواوە و زانیاریی لەبارەیەوە. خودی شیعر سەرەتا کۆرپەکەی تەنیش مریەم لا دەبات و پاشان تاجی شاژنی ئاسمان، دوایی دەرزیلەی لەچکی و جلوبەرگی لا دەبات. پاشان دەستەکانی، جەستەی، نێوچاوان و چاوە گەورەکانی لا دەبات.

دواجار ڕەنگی زێڕین و بن نیگارەکە لا دەبات، هەتا ''چاوگی لکێک'' لە دارەکەدا دیار دەکەوێت. ئەمە نیگای ئەو خۆشەویستەیە، کە ئەو بەم وشە گریکیانە ''هۆدیگیریتە'' و ''فیلوسە''، کە مانایان ''ڕێنیشاندەر'' و ''خۆشەویست''ە لەگەڵی دەدوێت. عیرفانی تەسەووفی ئەوە دەخوازێت، کە وێنەی

خوایی لە هەموو مەزندە و تێگەیشتنێک دابماڵێنرێت و هەر لەودەمەدا کەسی ئاشق دەتوانێت نیگای خۆشەویست ببینێت. لە سۆفیزمدا، بۆئەوەی سۆفی بتوانێت بگات بە تەوحید، دەبێ ''ڕەها'' لە هەموو مۆرکێک دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەی لە ئاکامدا لە حزوور ''کرۆکی ڕاستی''دا، کە هیچ زانیارییەک لەبارەیەوە نییە، بوەستێت.

دوا شیعری بەشی یەکەمی ''داستانی فاتیمە'' بە دەستەواژەی ئێکێلۆفیی، ئەزموونی تەوحید unio mystica دەگێڕێتەوە. شیعرەکە، لەبارەی ئەو وێنە بچووکە ئێرانییەوە نووسراوە، کە لەسەر بەرگی چاپی یەکەمی دیوانەکەدا لە ساڵی ١٩٦٦دا چاپکراوە و ئێکێلۆف هەیبووە. ئەو کەسەی لە شیعرەکەدا قسە دەکات گۆزەکەیە، کە شازادە وێنەکێشراوەکە ''لەسەر ئەژنۆ'' لە باوەشی ناوە. شازادەکە بوونەوەرێکی ئەندرۆژینی androgyn بە سیمای ژن و پیاوانەوەیە، هاوکات فۆرمی گۆزەکە وەک ''ژنانە'' وەسف دەکرێت. ئەم شازادە ئەندرۆژینە گۆزەکەی لە باوەش ناوە و لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئەژنۆ لێی دەپارێتەوە.

هەم باخەڵیی لەگەڵ دەکات و هەم لێیشی دەپارێتەوە. ئەو ڕاستییەی کە سروستی ئەو ئەندرۆژینە، ئەوە دەردەخات، کە لە لەناو خۆیدا پێچەوانەکانی نیوان ژن و پیاو، ڕۆح و جەستە، گیان و مادە، کۆدەکاتەوە. بۆیە ئەو نوێنەرایەتی ئایدیای مرۆڤی گەورەی نموونەیی، یان سۆفیی عاریف دەکات. تەنیا مرۆڤێکی وا دەتوانێت گۆزەکەی بە ''نهێنیی هەبوون''ەوە، یان بە گەنجینەوە، کە نهێنیی مردنیشە، لە باوەش بنێت. بە شێوەیەکی گشتی فەرموودەیەک گرینگییەکی تایبەتی بۆ سۆفیزم و ئیسلام هەبووە، کە خوا فەرموویەتی: ''من گەنجینەیەکی شاراوە بووم و دەمویست بدۆزرێمەوە''. ئەم شازادە ئەندرۆژینە لە شیعری ئێکێلۆفدا، ئەو گەنجینە میتافیزیکییەی لە قووڵاییی گۆڕێک/گۆزەیەکدا دۆزیوەتەوە، ''ئەگەر گۆزەکە شکاویش بێت''. بەم شێوەیە بەشی یەکەمی ''داستانی فاتیمە'' لە ئەکۆردە هیوابەخشەکانی کۆتاییشدا، دەزرینگێتەوە، کە ئەگەر بەتەوحیدگەیشتنیش نەهێتە دی، ئەوا ڕاستیی تەوحید قەت ون نابێت.

٢

تۆم لە بیرە
تۆم لە زەوی تړووکانتەوە لە بیرە!
جارێکیان منت شووشت
یادی من و
هەموو بیرەوەرییەکانمت لەگەڵ خۆم شووشتن.
منیش جارێک، هۆش و
بیرەوەرییەکانت لەگەڵ مندا دەشۆم
تا هیچ لە نێوانماندا نەمێنێت.

لە ڕێگەی سۆفیدا، کات هەم توانای گەڕانەوەی هەیە و هەم دەتوانرێ بەیەکترییەوەیش بلکێنرێن. بۆیە ئەو "سۆفیلە/سەرەمار"ەی هەردوو بەشەکەی "داستانی فاتیمە" لە یەکتری جودا دەکاتەوە، دووبارە وەسفی دیمەنی جووتبوونی نێوان خودی شیعر و فاتیمە دەکاتەوە. بە شێوەیەک دەکرێ هەموو شیعرەکانی کتێبەکە وەک کاریگەرییێتی ئەم جووتبوونە عیرفانییە بخوێنرێنەوە، ئەو دیمەنەی کە خودی شیعر لەگەڵ "فاتیمە/قەحپە" دەچیتەوە ماڵ، کە لە یەکەم شیعردا جەختی لەسەر کراوە، لە دوا شیعریشدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم دوو تێکستە بەشێکی شیعری "داستانی فاتیمە" پێک دەهێنن، کە ئێکێلۆف بەرلەوەی لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥دا سەفەر بۆ تورکیا بکات و سەرەتای "سیانەی دیوان" دەست پێ بکات، ئەم شیعرانە نووسران. شیعرەکان لە ١٣ی ئاداری ١٩٦٥ لە ڕۆژنامەی GTH دا بڵاو کرانەوە. بۆیە دەکرێ فاتیمە/سیمای فاتیمە وەک سەرچاوەی هەموو سیانەکە ببینرێت. لە "دیوان لەسەر میر ئێمگیوون"دا پاکیزە و لە "ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی"یشدا تازەکارەکە، بەڕوونی سیمای فاتیمەیان پێوە دیارە.

جووتبوونەکە، کە لە "سۆفیلە/سەرەمار"ی ناوەڕاستی دیوانەکەدا باس دەکرێ، قەت تەواو ناکرێت، چونکە گەڕان بەدوای عیرفانی تەسەووفییدا قەت تەواو نابێت. ئەگەر "سۆفیلە"ی یەکەم بابەتی بەشی یەکەم دیار دەکات، ئەوا ئەو "سۆفیلە"یەی بەشی دووەمیش پێشکێش دەکات، ئەرکێکی هاوشێوەی هەیە. لێرە خودی شیعر لە کاتی جووتبوونەکەدا وەک "نا ڕوون" وەسف دەکرێ، بەڵام فاتیمە "ڕوونە". هەردووکیشیان بۆ یەکتری "نەناسراون". ئەمە ئەم بابەتییەیە کە لە بەشی دووەمی "داستانی فاتیمە"دا زاڵە: کە دوو جار نەناسراو بێت، هەم بەرانبەر بە خۆت و هەم لە خودەکە و لەناو "ڕوونییەکەیش"دا، یان بەزیوکردنی کیمیایی، واتە پرۆسەی سپیکردنی کیمیایی، بەدوای عیرفانی تەسەووفی بگەڕێیت. واتە تیشک دەکەوێتە سەر "ڕێگەی پاکبوونەوە"، یان شەوی تاریکی ڕۆح، ئەودەمەی هەستی لەدەستدان، ئامادە نەبوون و نامۆییی هەیە.

لە شیعری یەکەمی بەشی دووەمدا، جارێکی تر وێنەی شووورە، بە باسکردنی ئەفسانە ئەنتیکییەکەی لەبارەی دوو خۆشەویستەکەوە، پیرامۆس و تەسبێ دەردەکەوێتەوە، کە تەنیا لەنێوان درزی شوورەیەکەوە، دەتوانن قسە لەگەڵ یەکتری بکەن. خودی شیعر دەتوانێت لەو دیوی شوورەوە، ئەم هێڵە جیا کەرەوەیەی، لە یەک کاتدا سایکۆلۆجی و میتافیزیکی، هەست بە بوونی خۆشەویستەکە، یان فاتیمە بکات. شیعرەکە ئەڵقەییە و نموونەیەکی باشە کە ئێکێلۆف دەستەڵاتی بەسەر شیعری بە سەروادا شکاوە.

شیعری ژمارە ٣ نموونەیەکی سوریالیی شارێک لەناوەوەی ئەم شوورەیەدا نیشان دەدات، کە ئەم جیهانە لە واقیعی میتافیزیکی جودا دەکاتەوە. ئەم شارە گۆرەپانێکی هەیە، تێیدا "سێبەرێکی خڕ" پەیکەرە و لە دەوروبەریشیدا کۆشک و شەقام هەن. لە شارەکەدا مرۆڤ وەک "سێبەر" دەژین. ئەمە نموونەیەکی ئێکێلۆفییە لە دۆزەخ، کە لە دۆخی گوڕانی نێوان ئەم جیهانە و جیهانەکەی

تردایە، دۆخێک، تێیدا مرۆڤ وەک سێبەری بەندکراو دەژی. ڕەنگە ئێکێلۆڤ بۆ شیعرەکە، سروشی لە تابلۆ سوریالییەکانی شیریکۆوە، کە دیمەنی شارن، وەرگرتبێت. لە ژیانی ڕاستیی خۆت دوور بیت، شێوەیەکی نەفرەتە، کە لەو شیعرەی لەبارەی "سەگێکی سەرگەردان"ەوە دەردەبڕدرێت. لێرەدا "خودی شیعر"ی خوازیار دەبێتە سەگێک، کە شەوان لەسەر گوفەک و لەناو زبڵدانەکاندا هەست بە بۆنی "سەرداره" مردووەکەی دەکات. باری خوازیاری ڕۆحی لە کۆمەڵگەی سیکولارماندا وایە، تێیدا ڕۆحانییەت مردووە و تەنیا لەناو زبڵی هزری نەهی و ڕەتکراوەدا هەستی پێ دەکرێت. گەلێ جار کەسی سۆفی لەژێر ئاسمانی تاریکی ڕۆحدا هەست بە دۆخێکی تەواو نا ئامادەبوونی خوایی دەکات و بەدوایدا هەستێکی ناسروشتی دەبێت. زۆر تێکستی بەشی دووەمی "داستانی فاتیمە" باسی گەڕانێکی بێ هیوا بە شەو و بە ڕۆژ بەدوای خۆشەویستە ونبووەکەدا دەکات، کە هاوکات "دایک"ێکی ونبوویشە. ئەمە گەڕانێکە ئاماژەی دوو ونبوونە، لەبەرئەوەی فاتیمە هەم نوێنەرایەتی خۆشەویستەکە و هەم نوێنەرایەتی دایکی دەکات. دیالێکتیکی دووری و نێزیکی لە خۆشەویستەکە، دراماتیکی گەڕانە ڕۆحییەکە جۆش دەدات.

لە ناوەڕاستی بەشی دووەمی "داستانی فاتیمە"دا، شتێکی یەکلاکەرەوە ڕوو دەدات، کاتێک خودی شیعر لە قووڵایی "ڕێگەی پاکبوونەوە"ی خۆیدا لەگەڵ نێگاشوونی فاتیمەدا (negation نەفی)، جووت دەبێت. دیمەنێکی جووتبوونە بە هەستی ترسی نامۆیی و لەداستدان. لە شیعری ٣١دا فاتیمە بە دەستەواژەی کیمیایی وەک "ژنێکی ڕەش"، واتە نایابترین مادە وەسف دەکرێت، کە "منداڵێکی سپی" لە باوەشدایە. بەڵام منداڵە سپییەکە لە باوەشیدا دەمرێ، کە سیمبۆلی نیگریدۆ nigredo، یان تاریکبوونە لە پرۆسەی کیمیاییدا. کیمیای ئەشقی عیرفانی لەسەر باوەڕی ئازارچێشتن وەک پاکبوونەوە و نایاببوونی دۆخی بەئاگایی بنیاتنراوە. قۆناغی داهاتوو سپییتیە، یان زیوینبوونی بەردی حەکیمانە، کە لە دوا قۆناغدا دەکرێتە زێڕ. هەروەها لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا فاتیمەی "سێبەر" لەچکێکی "پەراوێز زیو"ی هەیە. (شیعری ١١) بە گوتەیەکی تر "ڕێگەی پاکبوونەوە" قۆناغێکی پێویستە لە گۆڕانی خودی شیعرەوە لە خودی خۆیەوە بۆ خودەکە. ئەمە پرۆسەیەکی پاککردنەوەی دەروونی/ ڕۆحییە، کە هاوتای لە سۆفیزمدا هەیە. نەک تەنیا خودی شیعر دەبێ پاک بکرێتەوە و لەناو پرۆسەی کیمیایی عیرفانییەوە بگۆڕدرێت، بەڵکە دەبێ فاتیمەیش وای لێ بێت. بۆیە لە شیعری ١٧دا فاتیمە لە لێوار دەریایەکدا خنکاوە، ئەم دەریایەی گۆڕان، کە لە سەرەتای بەشی یەکەمی "داستانی فاتیمە"دا باسی لێوە دەکرێ. ئەو بێجگە لە دۆخی گۆڕان لە دروستبوونی بەردی ئەفسوناویی کیمیایی "بەردی حەکیمان"، یان تەوحید، شتێکی تر نییە.

لە شیعری ١٨دا (فاتیمە/قەحپە)ی پیر، لەناو بازاڕان دەگەڕێ و بۆ پارەیەکی کەم جەستەی خۆی دەفرۆشێت. ئەمە "ڕێگەی پاکبوونەوە"ی فاتیمەیە بە پیری، ماندووە، پەرگیرکراو و بێ هیوایە. ڕێگەی خوارەوەی عیرفانی، ڕێگەی نێگەشون (negation نەفیکردن)، لەو تێکستەدا

نەخشکراوە، کە لەسەر شەقام کەوتووە و ''خلّتانی خوێن بووە''. لەگەڵ ئەوەیشدا، حاڵەتی لانەوازیی ئەو، ئەو مەرجەیە بۆ ئەو کەسانەی بە لایدا ''بە جلوبەرگی پڕ بەهای/ زیوین و زێڕینەوە'' ڕەت دەبن، ڕێبازە ڕاستەکە بدۆزنەوە. لێرە، لەلایەکەوە مەبەستی لە پرۆسەی ئەلبیدۆ و ڕوبیدۆ (قۆناغەکانی بەزیوکردن و بەزێڕکردن)ی کیمیاییە و لەلایەکی ترەوە مەبەستی لە سەفەری ''سێ حەکیمەکە''یە. لە بێ بەهایی و لانەوازیدا پیرۆزترین بنەچە هەیە: کە هیچ کەس نەبیت و لە هیچ کەسیش لە دایک نەبووبیت. ئەمە هزری سەرەکیی سیانەی دیوانە، کە لەگەڵ عیرفانی تەسەووفییدا هەستی نامۆیی و ئازارچێشتن دەردەبڕێت. شیعری ٢١ی بەشی دووەم، ئەم تێگەیشتنە زێتر پێی لەسەر دادەگیرێت، کاتێک خودی شیعر وا دەزانێ کە (کەس لە سێبەری خۆی لە دایک نەبووە). دوای ئەوەی، کە ئازاری ڕێگەی پاکبوونەوە، یان فەنای چێشت، خودی شیعر دەبێتە ''هیچ کەس'' ی لە فاتیمەی ''سێبەر'' لەدایک بوو. ناوی عیرفانیی ''هیچ کەس''ی ئەو، دۆخێکی تەواو بێخودی و لانەوازی ئەو دەگەیەنێت – هەژاریی نموونەیی پەنام و پەنی سۆفی. لە شیعری ٢٤دا ڕۆشنتر دەبێت، کە مەسەلە تەوحیدە و تێیدا بە شێوەیەکی سیمبۆلی باسی ئەزموونی تەوحید دەکات.

دارتەرمێکی ''تارا سەوز''، لە مزگەوتی ئەیووبەوە لە ئیستەنبوڵ هەزار خزم و کەس هەڵی دەگرن. وەک دەڵێن، ئەیووبی ئالاهەڵگری پەیامبەر، لەوێ نێژراوە. هەڵگرتنەکە ''سووک دەبێت'' کاتێک هەموویان بەنۆرە هەڵی دەگرن، بەوەی کە هەموو کات دوا کەسی کەژاوەکە، لەوانەی پێشەوە کە هەڵیان گرتووە، وەردەگرن. ئەو مردووەی ئەوانیش هەڵیان گرتووە، '' کۆتاییی هەزارە''. لە تەوحیددا unio mystica هەموو کەسێک تێکەڵی ''تاکانە''کە دەبێت – فرە ڕەنگیی ژیان لە تەوحیددا یان لە یەکەتیی بووندا دەبێت بە یەک، کە دارتەرمێکی ''تارا سەوز''ی پێویستە، واتە مردنی سۆفی لە زیکرکردندا. ''بمرە بەر لەوەی بمریت'' پەندێکە لە سۆفیزمدا. مردنێکی عیرفانیی وا، لە کۆتاییی ''داستانی فاتیمە''دا هەیە. پاکبوونەوە بۆ مرۆڤێکی نوێ، ئەوەیش دەگەیەنێت، کە شیعر خۆی دەبێ لە بیرەوەرییەکانیش پاک بکرێتەوە.

لە گەرمەی سێکسکردندا، کاتێک ''هیچ'' (دێری ٨) لە یەکتریان جودا دەکاتەوە، خودی شیعر و فاتیمە لە بیرەوەرییەکانیان پاک کراونەتەوە. تەنیا ئەودەم لە تەوحیددا ''هیچ کەس'' دەتوانێت لەگەڵ ''هیچ کەس'' جووت ببێت. واتە لە ئەزموونی ''یەکەتیی بوون''دا پلەی جودا هەیە و لە ڕاستیدا تەوحیدێکی کۆتا لەگەڵ خوادا، مەحاڵە.

ئەو دوو شیعرەی کۆتاییی ''داستانی فاتیمە''، دەگەڕێتەوە بۆ دیمەنی سەرەتای دیوانەکە: بینینی سێبەری ڕەشی فاتیمە بەسەر دیواری کۆڵانێکەوە لە بەرتریفەی مانگدا. پلەکانی ڕێگەی سۆفی، یان تەریقەت ڕەنگە لەو چاوتروکانە عیرفانییە ڕوو بدا، کاتێک شیعر خۆی وەستاوە و دەڕوانێتە سێبەرە ڕەشەکەی سەر دیوارە بە مانگ ڕۆشنبووەکەدا. شیعری ٢٨ باسی ئەوە دەکات، کە سێبەری فاتیمە لە بەرتریفەی ڕۆشنی مانگدا ''لێواری زیوین''ی دەبێت و ''وەک باسمەیەک

بەجوانی دەدرەوشێتەوە". بە داپۆشینی ئیکۆن بە زیو دەڵێن "باسمە". وێنەی سێبەری ئەو بەسەر دیوارە بە مانگ ڕۆشنەکەوە، بۆی شیعر خۆی دەبێتە ئیکۆنێکی سەرسوڕهێنەر. ئەو خۆی ڕوونە و ئەو تیشکەی کە سێبەرەکەیش ڕەش دەکات، وەک ئەو ئەشقەی کە هی ئەو نییە، بەناو ئەودا دەڕوا. تەنیا سێبەری فاتیمە "بوونی جەستەیی" دەداتە ڕۆحی ئەو. بە دەستەواژەی کیمیایی شیعر خۆی گەیشتووەتە ئاوی بەردەوام aqua permanens ، یان ڕوونیی بەردی حەکیمان. بە دەستەواژەی عیرفانیش ئەو گۆزەیەکی ناچالاکە بۆ ڕژانی ئەشقی خوایی بەناویدا و بۆیە لە "بەقا"، یان لە تێڕاماندایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، فاتیمە وەک ئەو سێبەرە دەمێنێتەوە، کە وا دەکات ئەو بەئاگا بێت و بوونی جەستەیی هەبێت.

دوا شیعر باسی ئەوە دەکات، چۆن شیعر خۆی و فاتیمە دەست لەناو دەست بەناو "شەو"دا دەڕۆن، لە "شار" دوور دەکەونەوە و دەچنە ناو بیابان و لەوێ ڕێگە دەرناچێت. کە گەیشتنە ماڵی فاتیمەیش، لەگەڵ یەکتری جووت دەبن، پاشان هەردووکیان دەبن بە نەبینراو. ئەمە نمایشێکی تەسەووفییە لەبارەی ئەو عیرفانییەوە کە لە بەقادا بەها دەگۆڕێ. شیعر خۆی بە شەو لە "شار" دەردەچێت، واتە لە بەئاگایی ئەقڵانی خود دەردەچێت و دەچێتە بیابان بۆ ئەوەی لەوێ نادیاری یان بێخودیی خۆی لەگەڵ نادیاریی فاتیمە/سۆفیا تێکەڵ بکات. ئەوسا عەبداڵەکە دەتوانێت بەرەو ئەوینی کامڵ، وەک کە ئێکێلۆف لە یەکەم "سۆفیلە/سەرەمار"دا دەری بڕیوە، لەناو "گشت"دا بەردەوام بێت و بڕوات.

ئەو "سۆفیلە/سەرەمار"ەی کە لە کۆتاییی "داستانی فاتیمە"دا هەیە دەکرێ بگوترێ باسی بەردەوامیی سەفەرەکە لە "بەقا"وە بەرەوە "تەوحید" دەکات. لێرە فاتیمە وەک ژنێکی جووتیاری هەژار نیشان دەدرێت، کە زەوییەکەی دەکێڵێت. ڕەنج دەدات و تەواو سەرقاڵی کارەکەیەتی، کاتێک "فریشتە"یەک خۆی ئاشکرا دەکات و سەرنجی بۆ "بۆشایی/ لە مانگی یەکشەوەدا" ڕادەکێشێت، کە ئەستێرەڕژانێک هۆکار بووە. فریشتە نوێنەرایەتیی ڕێنیشاندەری دۆخی بەقا دەکات و ئەرکی ئەوەیە، بەرەو ڕێگەیەک لەناو فەزای ئەستێران، دوور لە هەموو دوالیتێکی یەکەتیی بوون، فاتیمە لە ڕۆحانیی سەر زەوی پاک بکاتەوە. لە شیعری ٨١ی بەشی یەکەمی "داستانی فاتیمە"دا، ئەم فریشتەیە سەردانی فاتیمە دەکات، بەڵام ئەو هێشتا پێ نەگەیشتووە، هەتا پێشوازیی لێ بکات. ئەو تەنیا هەست بە ئازار دەکات، کە بۆ زانیاری لەبارەی بە بەئاگاییەکی گەورەترەوە بێدار بکرێتەوە. بۆیە کاتێک دەست بە ڕوومەتی فریشتەکەدا دەهێنێ، هەڵدەوەرێت و دەبێتە تۆز. بەڵام "سۆفیلە/ سەرەمار"ی کۆتاییی وەسفی ژنێکی خۆڕاگر و سەرسەخت دەکات، کە زەوییەکەی دەکێڵێت و ئامادەیە سەفەرەکە بەرەو نازانیاریی ڕەها بکات. لە ئەدەبیاتی تەسەووفیدا کرۆکی خوا بە سەخت، ناونەهێنراو و پڕ لە نهێنی وەسف دەکرێت.

– "سر الله"ی تەسەووفی ئیسلامی.

# چەند دێڕێک لەبارەی ئاینی بودییەوە

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئاینی بودی یەکێکە لە ئاینە گەورە و پڕبایەخەکانی مرۆڤایەتی. ئاینێک کە لە بەشێکی زۆری دنیادا خەڵکێکی زۆر باوەڕی پێیەتی. زۆرجار کە قسە لەبارەی بودییەوە دەکرێت، خەڵکانێک دژ بەوەن کە ناوی ئاین لە بودیزم بنرێت، لەبەرئەوەی بودیزم وەکو پێڕەوێکی فەلسەفی دەبیننەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وا نییە، چونکە بودیزم تەنیا کۆمەڵێک بیری فەلسەفیی ڕووت نییە، بەڵکە وەکو ئاینەکانی تر، خاوەنی تقووساتێکی ئاینییە. دیارە بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە بەم



شێوەی لەبارەی بودیزمەوە بیر دەکەنەوە، زیاتر ئیسلام و کریستین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەردوو ئاینی کریستی و ئیسلام و هەروەها جوولەکەش، باوەڕیان بە خوایەک هەیە، کە بڕیاردەر و خاوەنی گەورەترین ئیرادەیە. لە ئاینی بودیزمیشدا " خوایەکی تاک و تەنیا" بوونی نییە.

ڕاستە بودیزم زیاتر مەلی هزری خۆی، بەناخی مرۆڤدا وێڵ دەکات و لایەنی روحی مرۆڤ، دەکاتە سەنتەری بیرکردنەوەی و، هەموو چاکە و خراپەیەکیش بە ناخی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە. بەڵام لەناو ئاینەکانی " ئیسلام و کریستی و جوولەکەدا"، خوا، سەنتەری چاکەیە و شەیتانیش، سەنتەری هەموو بیرێکی خراپی مرۆڤە.

بەداخەوە ئێمەی کورد بەگشتی شارەزاییەکی باشمان لەبارەی ئەم ئاینە مەزنەوە نییە. دیارە ئێمە بەگشتی شارەزایی و زانیاریمان لەبارەی ئاینەکانی ترەوە زۆر کەم و سنووردارە. لێ کاتێک سەیری کتێبخانەی وڵاتانی تر دەکەیت، دەبینیت ساڵانە، بەسەتان کتێب و سەتان سیمینار و کۆبوونەوە، لەبارەی ئاینی بودییەوە دەکرێت. دیارە هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش، ڕۆئاواش زۆر شارەزاییيان لەبارەی ئەم ئاینەوە نەبوو. بەڵام وا بۆ ماوەی چل ساڵێک دەچێت، کە خەڵکانێکی زۆر لە ڕۆئاوا، ڕوویان کردووەتە ئەم ئاینە و بوونەتە بودی.

زۆر کەسی ناوداری ئەوروپایی و ئەمەریکایی دەبینیت، کە لە کریستییەوە بوونەتە بودیزم. بۆ نموونە ستیڤ جۆب، کەیەکێکە لە زانا مەزنەکانی ئەمەریکا و، داهێنەری کۆمپیوتەری شەخسی و دامەزرێنەری کۆمپانیای " ئەپڵ" ە، ئاینی خۆی لە کریستییەوە کرد بە بودی و یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر شیلگیرانە پێڕەوی ئەم ئاینەی دەکرد.

لێرەدا من هەوڵ دەدەم کە چەند دێرێک لەبارەی ئەم ئاینەوە بنووسم، کە زیاتر مەبەستم ناساندنێکی کورتی ئەم ئاینەیە بە خوێنەری کورد. دەنا بۆ قسەکردن لەبارەی ئاینی بودیزمەوە، پێویستمان بە دێر و لاپەرەی زۆرتر دەبێت.

## Buddha **بودا، یانی چی؟!**

وشەی (بودا) کە لە زمانی کۆنی هیندی (پالی) و زمانی کۆنی (سەنسکریتی)وە هاتووە. مانای (وریابوونەوە، ئاگەداربوونەوە، هەڵسانەوە، هۆشیاربوونەوە) دەگەیەنێت.

## بودا کێیە؟

بودا ناوی ئەسڵی،Siddharta Guatama سیدهارتا گواتامایە، لە ناوچەی Kapilavastu لە وڵاتی هیندستان، لە ساڵی ٥٦٠ بۆ ٤٨٠ی پێش زایین ژیاوە. هەندێک سەرچاوەی تریش، پێیان وایە کە لە ساڵی ٥٦٦ ی پ.ز. لەدایک بووە. بودا لە بنەماڵەیەکی مەلیکی لەدایک بووە، باوکی بودا کە ناوی سوداهۆدانا Suddhodana بووە، مەلیکی (ئەمیری) ئیمارەتی Shakaya شەکایا بووە. کە

ئیـمـــارەتێک بووە لە نـاوچەی Kapilavastuی هیندی و حــوکـمـی ئـەم ناوچەیەی کــردووە. پاش لەدایکبوونی بەچەند ڕۆژێک، دایکی دەمرێت. هەر لەبەرئەوە باوکی دایانێکی بۆ دەگرێت، کە ناوی مەها پچاپتی گۆتامی بووە، ئەم ژنەش بودا بەخێو دەکات و هەتا گەورەش دەبێت، ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی بـودادا دیوە. ئەم ژنە هەوڵی پەروەردە و فـێرکـردنی بودای داوە. بەگشتی هەمـان ڕۆڵی دایکی گێڕاوە.

## تەمەنی لاوی

بودا وەکو کوڕە مـەلیکێک ژیاوە، هەمـوو شـتێکی لە بەردەسـتدا بـووە. سـەتان کـەس خزمـەتکار و پاسەوانی بوون. باشـترین و خۆشـترین ژیانی ئـەو کاتەی بەسـەربردووە. هـەرچی ویستووە یەکسـەر لە بەردەمـیـدا ئامـادە کـراوە. بودا لـە تەمـەنی ١٦ سـاڵیـدا (یەسـودارا) کـچـە جـوانەکـەی مـامی دەخـوازێت. لەگەڵ ئـەم ژنە خـۆشـترین ژیان بەسـەر دەبەن. ژیـانێکی تەواو مـەلیکی ئاسـا دەژین. چەندان کۆشکی جوان، شمـەکی قەشەنگ و خـواردنی هەمەجۆری بەتام، ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی، ڕابواردن و سـەفـەرکردن. بەکورتییەکەی هەروەک هەموو مـەلیکەکانی ئەوسـای هیندسـتان ژیانی بەسـەر بردووە.

## یەکەمین ناخۆشی و قۆناخێکی نوێ

پاش ١٣ ساڵ لە ژیانی بەختەوەریی خێزانی، کوڕێکی ئیفلیجیان دەبێت. کە ناوی (ڕاهۆلا) دەبێت. لەدایکبوونی ئەم منداڵە ئیفلیجە، کە هەمـوو بەتەمـای جێنشینێکی باش بوون، هەمـوو بە هیـوای لەدایکـبـوونی کـوڕێک بوون، تـا جـێگەی باوکی بگرێتـەوە، کـەچی لە پڕ منداڵێکی ئیـفلیـج لەدایک دەبێت. ئەم منداڵە ئیفلیجە کارێکی ئێجگار گەورە دەکاتە سەر ژیانی بودای مـەلیک. ئەو هـەتا ئەو کـاتەش، هیـچ ئاگـای لە ئازار و ئەشکەنجـە نەبوو. بگرە ئەوەی پێی بڵـێـیت نـاخـۆشـی، لای ئەو شتێکی نامۆ بوو. لێ کاتێک کە ئەم منداڵەی لەدایک بوو، نەیتوانی بەرگەی ئەو ناخۆشییە بگرێت.

زۆرجار ئەو کەسـانەی کە ژیانیان هەموو کات لە خۆشی و کامەرانیدایە، کاتێک کە ڕووبەڕووی ناخۆشییەک دەبنەوە، ناتوانن بەرگەی بگرن و دەڕووخێن، بەتایبەت لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە تەواو ئیفلیج دەبن. بەپێچەوانەی خـەڵکی ترەوە، بەتایبـەت ئەوانەی کە هـەژار و زەحمـەتکێشن، زۆربەی ژیانیـان برییەتی لە کـارەسـات و نـاخـۆشـی و کـێـشـەی هـەمــەجـۆر. لەبەرئەوە تەنیـا ڕووە خـراپ و ناخۆشەکەی ژیان دەبینن و ڕاهاتوون لەسـەری. بگرە خۆری خۆشی و کامەرانی ئێجگار بەکەمی بەر خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش دەکەوێت. بودا لە پاش ئەم ڕووداوە تەواو ژیانی گۆڕا، زۆر بیری لە کەسی نەخۆش و بێ دەسـەڵات و هـەژار و برسـی دەکردەوە.

## بودا و هەردوو مەسەلەی (پیری و مردن)

لە پاش مردنی کورەکەی، بودا تێڕامانێکی ئێجگار زۆری لەبارەی ژیان بەگشتی و ژیانی خەڵکانی پیر و بێ دەسەلات و هەژار دەکردەوە. هەروەها زۆر بە قووڵی بیری لە پرسی "مردن " دەکردەوە. مردن و ژیان، بوونە گلۆپێکی بەهێز و مێشکیان ڕۆشن کردەوە.

پاش ماوەیەک بودا شەوێک کۆشکەکەی بەجێ دەهێڵێت و واز لە مەلەکیەت دەهێنێت. سەری بەتەواوی دەتاشێت و قژی پێوە ناهێڵێت و، جلوبەرگە حەریرەکانی فڕێ دەدات و جلوبەرگێکی شڕ و کۆنی هەژارانە لەبەر دەکات و وڵات بەجێ دهێڵێت و بەدوای ڕاستیدا وێڵ دەبێت.

## بنەواکانی ئاینی بودی

ئاینی بودیش وەکو هەموو ئاینێکی تر، لەسەر کۆمەڵێک کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراوە. ئاینی بودی، کۆشکی روحی خۆی، لەسەر چوار کۆڵەکەی سەرەکی دروست کردووە.

## چوار ڕاستییە پیرۆزەکەی ئاینی بودی

ئاینی بودی لەسەر چوار ڕاستی یان کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراوە. ئەم چوار ڕاستییە پیرۆزە، بە بنەوای سەرەکیی ئاینی بودی دادەنرێت:

١. هەموو بوونێک، سەرچاوەی ئازارە.

٢. ئازار لە شەهوەت و ئارەزووی زۆر دروست دەبێت.

٣. واز هێنان لە شەهوەت، بە مانای نەمانی ئازار دێت.

٤ وازهێنان لە شەهوەت، دەبێتە هۆی بەختەوەری بۆ مرۆڤ، هەروەها مرۆڤ دەتوانێت، کۆنترۆڵی (هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، کار و کردار، عەقیدەی) خۆی بکات.

## حاڵەتی نرڤانا

دیارە بودا بە زمانی پالیەی هیندی قسەی کردووە، (نرڤانا) ئەم ووشەیە مانای (کوژانەوە) دەگەیەنێت. ئەم حاڵەتەش مانای ئەوەیە، کە مرۆڤ واز لە هەموو هەستە بزوێنەر و نابزوێنەرەکانی خۆی بهێنێت وەکو (ترس، بێ تاقەتی، هەوەس، خۆشەویستی، ڕق و کینە). دەبێت مرۆڤ بچێتە حاڵەتێکی ئاشتی و ئاساییەوە، کە پڕیەتی لە (روحی ئاشتیپارێزی، راحەت، نەگۆڕان). ئەمە زیاتر وەکو نوێژی خۆمان وایە، بەڵام ئەمان بەم شێوەیە دەیکەن. دیارە بودا بێی وابوو، کە چاکە و باشی، لە ڕێگەی هێزێکی دەرەکییەوە دەستی مرۆڤ ناکەوێت، بگرە تەنیا لە دەروونی مرۆڤ خۆیەوە دەستی دەکەوێت. واتە پێش هەموو شتێک، مرۆڤ دەبێت پشت بە روحی خۆی ببەستێت و، پاکی بکاتەوە لە هەرچی شەهوەت و خۆشی هەیە، بۆ ئەوەی خۆشی و کامەرانی دەست بکەوێت.

هەولێرنامەی کتێب

## سەمارای پیرۆز ( بازنەی پیرۆزی ژیان )



سەمارا مانای (بازنەی ژیان) دەگەیەنێت. سەمارا ئەو پەیکەرە پیرۆزەیە، کە بودییەکان باوەڕی تەواویان پێیە. پێیان وایە کە ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم بازنەیە دامەزراوە. لەم بازنەیەدا لە ناوەڕاستیدا وێنەی سێ ئاژەڵ دەبینین، کە هەریەکەیان مەبەستێکی تایبەتی دەگەیەنێت :

مار، نیشانەی خراپەیە.

بەراز، نیشانەی نەزانینە.

مریشک، نیشانەی تەماعە.

دیارە ئەم بازنەیە لای بودییەکان پیرۆزییەکی ئێجگار زۆری هەیە، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئاینی بودی دادەنرێن.

## چۆن ئاینی بودی بڵاو بووەوە؟

لە سەدەی سێی پێش زاین، واتە نێزیکەی ٢٠٠ ساڵ پاش مردنی بودا، ئیمپراتۆری ئەشوکا دەبێتە بەهێزترین هەواداری ئەم ئاینە. هەرئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و مانەوەی ئەم ئاینە. دیارە ئیمبراتۆری ئەشوکا، باش ئەوەی هەموو کیشوەری هیندوستان داگیر دەکات، بۆ ئەم داگیرکاریەشی، چەندان شەڕ و کوشتار و وەحشیگەرییەکی ئێجگار زۆر دەکات.

ئەمەش تووشی نەخۆشییەکی دەروونیی ئێجگار گەورەی دەکات. دەکەوێتە حاڵەتێکی زۆر خراپەوە و زۆر هەست بە ئازاری روحی و جەستەیی خۆی دەکات، زۆر هەست بە زوڵم و ناعەدالەتیی خۆی دەکات. کاتێک باسی ئەم ئاینەی بۆ دەکەن، یەکسەر دەچێتە دڵیەوە و دەبێتە هەواداری بودی.




نەخشەی بڵاوبوونەوەی ئایینی بودی بە جهیاندا

هەر پاش ئەوە فەرمان دەردەکات بە دروستکردنی پەیکەری مەزن بۆ بودا و هەزاران پەرستگا دروست دەکات و هەزاران راهیبیش دادەمەزرێنێت، ئاینی بودیش دەبێتە ئاینی فەرمیی وڵات. هەموو فەرمانەکانی بودا دەکاتە یاسای وڵات و، هانی خەڵکی

دەدات کە وەکو بودا بژین و پێڕەوی فەرمان و یاساکانی بودا بن. پاش ئەوەش بە سەتان راهیب بۆ وڵاتانی دەرەوە دەنێرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی بودی. ئەوە بوو چەندان راهیبی بۆ وڵاتانی (میسر و سووریا و، چین و سریلانکا و یۆنان) نارد.

جێگەی گوتنە بڵاوبوونەوەی ئاینی بودی لە رێگەی ئیمانهێنانی دەسەڵاتدارانەوە بووە. ئەمەش رێک وەکو بڵاوبوونەوەی ئاینی کریستی وایە. کاتێک قەیسەری بیزەنتە، ئیمانی بە ئاینی کریستی هێنا، ئەم ئاینە توانی بەناو تەواوی ئەوروپا و دنیادا بڵاو بێتەوە.

## ئاینی بودی لە سەدەی بیستەمدا

لەگەڵ کۆچکردنی ملیۆنەها خەڵکی ئاسیاوی بۆ باکوری ئەمەریکا و ئەوروپا، ئاینی بودی لەم ناوچانە بڵاو بووەوە. ئەمەش شتێکی باش بوو بۆ ئەو ئاینە، لەبەرئەوەی توانی لە کیشوەری ئاسیا تێپەڕێت بۆ کیشوەرەکانی تر. بەڵام بە داخەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی چینی، ئاینی بودی کەوتە ژێر هەڵمەتێکی نامرۆڤانە و بە هەزاران پەرستگای بودی سووتێنراو، بە هەزاران راهیب کوژران و، بە هەزاران کەسیش خرانە زیندانەوە. بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی کولتووری ماودا، بودییەکان تووشی تراجیدیایەکی ئێجگار گەورە بوونەوە. هەرچەندە ئێستاش ئەم چەوسانەوەیە لە چین بەردەوامە بەتایبەت لە ناوچەی (تیبیت) بەڵام زۆر هەوڵی باشیش دراوە و کەمێک وەزعی بودییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا باش کراوە.

## ژمارەی پێڕەوانی ئاینی بودیزم لە جیهاندا

دیارە ئاینی بودی تەنیا لە وڵاتی چیندا نییە، بگرە لە چەندان وڵاتی تری دنیادا بوونی هەیە، واتە ئەویش وەکو ئاینی (کریستی و ئیسلام)، ئاینێکی جیهانییە و، سنووری چەندان وڵاتی بڕیوە. تایبەت بە گەلێک یان وڵاتێک نییە. بەپێی هەندێک سەرچاوە، ژمارەی ئیماندارانی ئاینی بودی لە دنیادا، دەگاتە نزیکەی ٣٦٠ ملیۆن کەس، واتە شەش یەکی دانیشتوانی جیهان بودین. لە باکوری ئەمەریکا و رۆئاوای ئەوروپا ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس. لە ئەمەریکای لاتین ژمارەیان دەگاتە ٥٠٠ هەزار کەس. لە وڵاتانی ئەوروپای رۆهەڵات و رووسیا، ژمارەیان نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس دەبێت. بەڵام بەگشتی ئاینی بودی لە وڵاتانی باشوور و رۆهەڵاتی ئاسیا بڵاوە، بەتایبەت (سریلانکا، ژاپۆن، چین، میانمار (بۆرما)، کەمبۆدیا، کۆریا، سینگاپوور، تایلاند، لاوس، بۆتان..). ئەمرۆ ئاینی بودی بەچوارەمین ئاینی دنیا دەژمێرێت.


سەرچاوەکان:

Florian C. Reiter. Rilgion in China, ,C. H.Verlag. München.2002.S34
Buddhismus.www.Wikipedia.Orge.Deutsche.
Microsoft, Encarta Professional 2003, Buddha

بحث عن الله، باغث غيتا، نيورك، الولايات المتحدة الأمريكية١٩٩٠ص ١٣٥.

# لە رەخنەی عەقڵەوە بۆ رەخنەی دەق

عەلی حەرب

١– دەق دەرگەی چوونەژوورەوەیە

سەرەتا بەم پرسیارە دەست پێ دەکەم، رەنگە خوێنەر ئەم نووسینەی بەردەست بکەوێ ئەو پرسیارە بکات: ئاخۆ ئەم وتارە جۆراوجۆرانە کە هیچ پێوەندییەکی لۆجیکی و بابەتی کۆیان ناکاتەوە دەکرێ بەرهەمێک بێت شایستەی ئەو ناو و سیفەتە بێت پێمان داوە؟

هەر خێرا دان بەوەدا دەنێم، ئەم نووسنەک وەک مانا ئاساییەکەی بەرهەمێکی ئاسایی نییە، لەبەرئەوەی ئەم کتێبە یەکێک لە بابەتە ئاساییەکان چارەسەر ناکات و لە کۆمەڵی بەشی پێوەستدار پێک نەهاتووە کە هەر بەشێکی پێوەندی بەبەشەکەی ترەوە هەبێ، یان بەشێک ئەوی تر بەبەشێکی تر ببەستێتەوە. ئەم کتێبە کۆمەڵێ وتاری جیاوازن هەروەک جیاوازی محەمەد عەمارەی ئیسلامی لە سادق جەلال عەزمی مارکسی، یان لە یەکترییەوە دوورن وەک دووری دەقی قورئان لە فەلسەفەی جیل دۆلۆز، یان جیاوازن وەک جیاوازی کارێکی مەزن بە مەزنی کارەکانی کانت و وتاری لێکۆڵەرەوەیەکی لبنانی و عەرەبی کە زۆر بە زەحمەت دەکرێ بە کارێکی ئەکادیمی لە قەڵەم بدرێ.

کەواتە چی وای کردووە لە نێوان ئەم نووسینەمدا ئەو شتانە کۆ بکەمەوە کە کۆکردنەوە و پێکەوەگونجاندنیان کارێکی ئاسان نییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش زۆر بە ئاسانی دەڵێم، هەرچەندە کە زۆریش وتنی ئاڵۆزە، بەڵام نابێ رووکەش هەڵمان خەڵەتێنێ، لە پشت ئەم بێسەروبنە ئاشکرا و روونە، دەکرێ سیستەمێک بدۆزینەوە تا بتوانێ شتە پەرشوبڵاوەکان کۆ بکاتەوە و ئەوانەی لە یەکتری جیابوونەتەوە بیانگەیەنێتەوە یەکتری. ناشڵێم ئەوە دەبێتە هۆی تەبایی نێوان

.......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

وتارەکانم ئەوەیە کە من نووسەری ئەو وتارانەم، هەروەک لە سەرەتای کتێبی "موداخەلات" یشدا خستوومەتە روو. پێوەندییەکی گەورەتر و بەهێزتر لە شوناسنامەی نووسەر هەیە کە ئەویش بریتییە لەو یەکەتییەی کە لێرەدا پێکەوە کۆبوونەتەوە، مەبەستم ئەوەیە، هەموو ئەم وتارانە لە یەک خاڵدا یەک دەگرنەوە ئەویش ئەوەیە هەموویان تایبەتن بە رەخنەی دەقەکان: پێڕەوی باسکردنی ئەو دەقانە و چۆنیەتیی خوێندنەوە و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. دەقیش تەنیا ئامرازێک نییە بۆ بواری مەعریفی، بگرە خودی دەق خۆی بووە بە مەیدانێکی مەعریفی سەربەخۆ، واتە بووە بە بوارێ بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیەک کە وامان لێ دەکات لە یەک کاتدا دووبارە چاو بەو زانیارییانە بخشێنینەوە کە پێشتر لەبارەی مەعریفە و دەقەوە هەمان بووە. لێرەوە هەر ئەو دەقەیە کە دەبێتە جێگەی سەرنجی لێکۆڵەرەوان، هزرڤانانی گشت بوارە جۆراوجۆر و پسپۆڕە هەمەجۆرەکان خەریکی لێکۆڵینەوەی دەبن و کاری لەسەر دەکەن.

کەواتە بابەتەکە، واتە پێوەندییەکە، بریتییە لەم مەیدانە نوێیە، ئەو مەیدانەی پێی دەوترێت تیۆری دەق یان دەقناسی. بەڵام من پێم باشە ناوی "رەخنەی دەق"(١)ی لێ بنێم. رەخنەی دەق لە "رەخنەی رەخنە" زیاتر هیچی تر نییە، ئەو رەخنەیەی لەم کتێبەدا مومارەسەم کردووە. دەڵێم رەخنەی رەخنە، لەبەرئەوەی ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا هاتوون بریتین لە رەخنەی ئەو دەق و کارانەی کە خۆیان بریتین لە کۆمەڵێ کاری رەخنەیی و کارکردنیان بریتییە لە جەختکردنە سەر رەخنەگرتن لە عەقڵی رۆهەڵات، یان عەقڵی عەرەبی یان رەخنەگرتن لە عەقڵ بەشێوەیەکی گشتی. بەڕای من رەخنەگرتن لە عەقڵ، بەتایبەت ئەوانەی لای ئێمە مومارەسە دەکرێن، گەیشتووەتە بنبەست، بۆیە پێویستی بە چارەسەری هەمەجۆرە. ئەم چارەسەرەش رەخنەی دەق دەستەبەری دەکات، کە کۆمەڵێ توانای نوێ لەمەڕ گەڕان و پشکنین پێشکێش دەکات. رەنگە ئەمەش ئەو کارە بێت کە من پێی هەستاوم، من رەخنەم لە محەمەد عابد ئەلجابری گرتووە، لەسەر ئەو رەخنانەی کە لە عەقڵی عەرەبی گرتووە، رەخنەم لە حەسەن حەنەفی گرتووە لە رەخنەکانی لەسەر هۆشمەندیی عەرەبی. هەر لەم پێودانگەوە رەخنەم لە کانت گرتووە بەهۆی رەخنەگرتنی لە عەقڵی رەها. هەر بە هەمان شێوە رەخنەم ئاراستەی جیل دۆلۆز کردووە، بەهۆی ئەو وتانەی لە کتێبی (فەلسەفە چییە)دا هاتووە، لەو کتێبەدا کۆمەڵێ چەمکی دروست کردووە بۆ بازدان بەسەر دنیای دەق و وتاردا. بە بڕوای خۆم سەرکەوتنم لەو کارانە بەدەست هێناوە، چەندێ رەخنەم لە رەخنەگرانی عەقڵ گرتووە بەو رادەیەش گرفتەکەم لە شوێنی خۆیەوە هێناوەتە لەرزین، واتە بەو رادەیە لەم دەرگە نوێیەوە هاتوومەتە ژوورەوە واتە لە دەرگەی دەقەوە. بۆیە کاتێک کارەکانم وەسپ دەکەم، هەموو کات دەڵێم من خوێنەرێکم کار لەسەر دەق دەکەم، ئەو دەقانە دەخەمە ژێر پرسیار و دەیانهێنمە قسە و هەڵیاندەکۆڵم و لەناویاندا بەدووی شتاندا دەگەڕێم و شییان دەکەمەوە و هەڵیان دەوەشێنمەوە. دەق بووە بە ناوچەیەک لە ناوچەکانی کاری فیکری. ئەمەش وای لێ دەکات کارکردن لەسەر خودی دەق و پشکنینی ببێتە هۆی ئەوەی شیمانەی بوونی بیر و فیکر پێکەوە

هەبن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئاشکراکردنی دەق دەبێتە هۆی دووبارە پێکهێنانەوەی پێوەندیمان لەگەڵ: بوونی خۆمان و گوتنەکانمان، لەگەڵ راستی و خود، عەقڵ و مانا، دانەر و خوێنەر... لە راستیدا لە دەیان ساڵی رابردوو ئەو شۆڕشانەی بیر و زانینەکان بەخۆیانەوە بینی، لە روانگەی رەخنەی دەق و هەڵوەشاندنەوەی وتارەکانەوە بووەتە هۆی پێشکێشکردنی دۆزینەوەی نوێ و گرینگ.

٢- وتار سەرپۆشێکە

ئەگەر لێرەدا لە رەخنەکانم سەر بە پێڕەوەی فەلسەفەی کانت بم، واتە ئەو رەخنەیەی دەیەوێ ئاشنایی لەگەڵ شتە مومکینەکان پەیدا بکات و بیاندۆزێتەوە و بەکاریان بەرێت، ئەوە لەولاوە لە رەخنەکانم بۆ وتاری عەقڵ کەسێکم سەر بە پێڕەوی فەلسەفەی کانت نیم. بەم مانایە، بۆیە من هەڵدەستم بە پرسیارکردن لەم وتارە ئەو وتارەی لۆجیکی ناسنامە بەسەریدا سەپێنراوە، هەروەها هەڵدەستم بە پرسیارکردن لەسەر ئەو شتە ئاساییانەی کە ئەم وتارەی لەسەر بنیات نراوە، ئەو شتە ئاساییانەی بێدەنگی لێ کراوە، واتە ئەو بۆچوونە میتافیزیقی و بەها بەرز و گشتگیرە موجەرەدەکان، ئەمانە وەک یەکێ، خودێ، بوون و عەقڵێ لێک دەدەمەوە، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەو وتارانەشی کە دەبێ هەڵبوەشێنرێنەوە، تا بتوانرێ لەناو ئەو وتارانەدا ئەو شتانە ئاشکرا بکرێن کە لە بیر چوونەتەوە، واتە وەک چەمکەکانی جەستە و خۆشەویستی و تاک و خەیاڵ و نیشانە. هەڵوەشاندنەوە ئەوە پێشان دەدات کە تاک سەرکوتکردنی گشتە، گشتیش مانای دوورخستنەوەی تایبەتە، رەهاش مانای پشتگوێکردنی مەرجە، گشتێتیش شاردنەوەی رووداوە، بەرزەڕوانی واتە بەخواکردنی مومارەسە و ئەزموون. بە کورتی کاری هەڵوەشاندنەوە ئەوە دەردەخات کە چەمکی لۆجیک و گشتێتی عەقڵ ئەسیری دەستی جەستە و خەیاڵە، مۆرێکە بەسەر بیستن و روانین و دڵەکاندا نووسێنراوە.

بەم جۆرە لە مامەڵەکردنەکانمدا لەگەڵ وتاری عەقڵ و بۆچوونەکانی عەقڵ، کەسێکی هەڵوەشێنەرم، بەو مانایە خەریکی پشکنینی عەقڵ دەبم، بەو سیفەتەی عەقڵ خوودێکی باڵایە و بەوە وەسف دەکرێ کە توانای پێوەندی و هۆگری هەیە. پێوەستکردنی شتێک بە شتێکی ترەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ یەکێک لەسەر حسێبی یەکێکی تر پشتگوێ بخەی، یان ئەو یەکەی تر بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێ. ئەمەش ئەو قسەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەندە، ئاژەڵێتی و بێمێشکی تاک دەشارێتەوە. ئەم بۆچوونەش لەمەڕ ئەوە راستە کە عەقڵی جۆراوجۆر هەیە، عەقڵی پەتی و زانستی و فەلسەفی و رۆئاوایی و یەکخوازی و عەرەبی هەیە. هەریەک لەم عەقڵانە لایەنێک لەو لایەنە دەشارنەوە کە قسەی لەسەر دەکەن. عەقڵی پەتی لایەنە گۆمانی و هەستیارییەکەی عەقڵ دەسڕێتەوە، واتە ئەو شتانە دەسڕێتەوە کە پێوەندییان بە گومان و ئەزموونەوە هەیە. عەقڵی زانستی لایەنە ئەفسانەیییەکەی خۆی دەشارێتەوە، واتە گۆڕانی عەقڵ

بۆ ئەفسانە. عەقڵی فەلسەفی حەزی فەیلەسووف بۆ زانین و دەسەڵات دەشارێتەوە. عەقڵی ڕۆئاوا بێدەنگە لەسەر دوورخستنەوەی عەقڵەکانی تر. عەقڵی یەکتاپەرستی بتپەرستێتی خۆی دەشارێتەوە و پەردە دەدا بەسەر نەزانیی خۆیدا. عەقڵی عەرەبی باز بەسەر هەموو جیاوازییەکانی نێوان گەل و هۆزەکاندا دەدا.. بەم جۆرە عەقڵە هەمەجۆرەکانی و عەقڵانیەتە یەکبەدوای یەکداهاتووەکان لە ناماقوڵی زیاتر هیچیان بەرهەم نەهێناوە، وامان دەزانی دەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین و وەپشت سەری خۆمانیان نێین، بەڵام لەپڕ بینیمان وەک داهاتوویەک لە پێشمان وەستاوە و بەرەو رووماندێت، نەک رابردوویەک کە مردووە. بەم جۆرە وتاری عەقڵ لە سەردەمی دیکارتەوە تا کانت پێوەندییە دووڕووەکانی خۆی دەشارێتەوە، بە ناماقوڵی لەلایەک و بەخوودی خۆی لەلایەکی ترەوە. واتە هەردوو نیوە و هەدوو مەرجەکە دەشارێتەوە واتە دڵ و زمان.

گومانی تێدا نییە رەخنەی کانتی گۆڕانکارییەکی جۆرایەتی بەدەست هێنا، لە گواستنەوەی لە رەخنەی زانین و مەزهەبەکانەوە بۆ رەخنەی خاوەندارێتی مەعریفە و میکانیزمەکانی واتە گواستنەوەی بۆ خودی رەخنەی عەقڵ، بەڵام کانت و ئەوانەشی پاش کانت هاتن هەر هەموویان بەهەموو شێوە و جۆرەکانیان چەمکی عەقڵیان بە شێوەیەکی لاهووتی و میتافیزیقی بەکار دەهێنا، واتە بە شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ عەقڵ دەکرد بەو سیفەتەی عەقڵ کرۆکێکە ... یان راستییەکە باڵادەستترە لە ئەزموون و... ئەمەش هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ سروشتی روانینی لاهوتی بۆ دیاردەکان، بەڕادەی ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی کرداری گوتن. بەخشینی ناوێک بەهەر شتێک مانای وایە ئێمە ئەو سیفەتە تاکخوازی و خوایی و مەزنییە لەو شتە دەکەینەوە و واقیع و تاک و کەس بۆ شتێکی گشتی دەگۆڕین کە باڵادەستتر دەبێت. لە مەرج و رووداوێتی خۆی جیا دەبێتەوە و مۆدێرنێتی خۆی دەشارێتەوە، بەم شێوەیە زاراوە و ئەو ناوەی کە لە شتێکی دەنێی ئەو ناولێنانە ئەو شتە بۆ بوونەوەرێکی میتافیزیکیی نەمر دەگۆڕێ و هیچ پێوەندییەکی نامێنێت بەوەی روو دەدا و پێک دێت. ئەمەش ئەو شتەیە کە وشەی "عەقڵ" ئەنجامی دەدات. ئەوەی کە ناوی لێ دەنێت و بۆ خودێکی لاهووتی دەگۆڕێ، بەڕادەی ئەوەش وەک مانایەکی لەپێشینە و بوونێکی جێگیر و منێکی باڵادەست مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، وەک بوونێکی ئامادە ئامادەییەکی گشتگیر، شتێک کە لەخۆیەوە هەیە یان بەدەوری خۆیدا چڕبووەتەوە یان هاوکاتە لەگەڵ خۆیدا.. یان وشەی عەقڵ بە وشەیەکی تر، هەڵدەستێ بە غەیبانیکردنی ئەو شتەی قسەی لەسەر دەکات، کەواتە قسەکردن لەسەر عەقڵ بە مانا گشتی و رەهاکەی قسەکردنە لەسەر شتێک ئامادە نییە و بوونی نییە. لەبەرئەوەی ئەوەی هەیە تەنیا شتێکە بەشێوەیەکی وەهمی یان ئەزموونێکی کرداری و میکانیزمی فیکری و بەڕێوەکاریی لەگەڵیدا دەژین. ئەوەی هەیە تەنیا بەردەوامییەکە یان مومارەسەیەکە دەکرێ بە شتێکی ماقووڵ یان عەقڵانی وەسف بکرێ، واتە مرۆڤ بە هەردوو رووەکەی خۆی مومارەسەی خۆی بکات، پێوەندی خود بە خودی خۆی لەلایەکەوە و پاشان پێوەندی لەگەڵ کەسانی تر و دنیا. لێرەوە وشەی عەقڵ خۆی کردارەکانی خۆی دەشارێتەوە، هەروەک چۆن خودی خۆشی دەشارێتەوە.

کەواتە مەسەلەکە پێوەندی بە رەخنەگرتن لە وتاری عەقڵ لای رەخنەگرانی عەقڵ نییە، ئەوەندەی پێوەندی بە رەخنەگرتن لە وتاری عەقڵە، بۆ ئەوەی ئەو شتانە ئاشکرا بێت کە ئەم وتارە مومارەسەی دەکات، بەو سیفەتەی ئەو وتارە وتاری گشتخوازی و بەها و پێویستییەکانە، لە رووەکانی گۆڕانکاری و ناردن، هەروەها بەغەیبانیکردنی پێکەوەژیان و ناسنامە و ناچاوەڕوانییەکان، سەرباری نائامادەیی نیشانە و وتن و پێکهاتە و پێکهاتووەکان. بەشێوەیەکی گشتی ئەمە لەبارەی زانست، کە هەڵدەستێ بە شاردنەوەی هەموو ئەو شتانەی ئاشکران، بە کورتی ئەمە رەتکردنەوەی رووداو و بەسەرهات و دوورخستنەوەی ئارەزوو و خەون و لەبیرکردنی گشت هەرەس و داڕمانەکانە. لێرەشەوە لایەنە لاهوتییەکەیەتی، ئەگەر فەیلەسووفە ئیسلامییەکان گوتبێتیان خوا لە گشتگەلەکان زیاتر هیچی تر نازانێ، ئەوە دەکرێ رەخنە لە بۆچوونی ئەو فەیلەسووفانە بگیرێت و بۆچوونەکانیان بەو بۆچوونانەی پێچەوانەن بهێنرێنە لەرزین، واتە پێیان بگوترێ: هەر خۆی ئاگابوون لە گشتگەلەکان لایەنێکی لاهووتی و سروشتی هەیە، بۆیە وتاری عەقڵ دابڕاو نییە لە بەخواکردنی شتەکان و بەخشینی نائامادەیی بە دنیا. هەر ئەم وتارەش خۆی روویەکی تری وتاری لاهووتییە. هەردووکیان هەڵدەستن بەئاشکراکردنی رووداو و بەسەرهاتەکان و تەنیا وای دادەنێن کە ئەوانە برێتین لە کۆمەڵێ نیشانە و گەواهی. لە وتاری لاهوتیدا شتەکان وا دادەنرێن تەنیا برێتین لە کۆمەڵێ دیمەن و گەواهی و ئاماژەن بۆ بوونی بوونەوەرێکی جیاواز. لە وتاری عەقڵدا ئەو شتانەی دێنە سەر زار و ئەو روو داوانەی بە وتار روو دەدەن، تەنیا برێتین لە کۆمەڵێ نیشانە و پێشبینی بە بوونی مانای زوودەرکەوتووی نەفس دەکەن، یان پێشبینی بە بوونی ئەو چەمکە پەتیانە دەکەن کە لە زەیندا هەن.

ئەمەش ئەو رووەی کە ئەمبەر و ئەوبەر دەکات، کە من هەوڵ دەدەم بە گواستنەوەم لە رەخنەی عەقڵەوە بۆ رەخنەی دەق بەدی بهێنم: نەک هەڵەی چەمک و تیۆرەکان بسەلمێنم، بگرە زیاتر بۆ ئەوە هەوڵ دەدەم تا میکانیزمەکانی وتار و یاساکانی وتار ئاشکرا بکەم. ئەوانەی بێ ئاوڕدانەوە لە کاریگەریی دەق هەڵدەستن بە رەخنەگرتن لە عەقڵ ئەو کەسانە دەکەونە ناو داوی گوتنەوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی ئەو وشانە بەکار دێنن، خوودی ئەو وشانە ئەوان بەکار دێنێت نەک ئەو وشانەی ئەوان بەکاری دێنن. بۆیە دەق چیی تر تەنیا کۆمەڵە نیشانەیەکی پەتی نییە تەواو رۆڵی ئەکتەر بگێڕێ. لەبەرئەوەی نمایشکردن کارێکە راستی و رۆڵی خۆی هەیە. ئەو رۆڵە دەشارێتەوە کە دەیبینێ، یان ئەوەتا ئەو گەمەی پێ دەکات یان ئەم گەمە بەو دەکات. لە کۆتایدا ئەکتەر یاریچییە. بۆیە نابێ بە تەواوی بڕوامان بە قسەکانی هەبێ. لەبەرئەوەی وتار وەک سەرپۆش وایە شتەکان دەشارێتەوە.

ئەگەر بۆم هەبێ باس لەو یاسا و ئامرازە چەمکخوازانە بکەم کە لێرەدا لە کاری رەخنەی دەقەکاندا بەکارم هێناوە و خستوومەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوە دەتوانم لە رێگەی ئەم چەمکانەی خوارەوە روونیان بکەمەوە:

٣- دەقەکان وەکو یەکن

مادام پرسەکە پێوەندی بە کارکردن لەسەر دەق و شارەزابوون لە دەق هەیە بۆیە جیاوازی و لەیەکتر دووربوونی دەقەکان گرینگ نییە. بگرە گرینگ ئەوەیە نموونەکان جۆراوجۆر بن و گەواهییەکان هەمەچەشن بن، واتە لە نێوان ئەوپەڕی سنوور ئەمبەر و ئەوبەر بکەن، هەر بۆ نموونە ئەو کەسەی کار لەسەر دەرک دەکات، ئەو کەسە دەتوانێ کار لەسەر کەسێک بکات کە هیچ دەرکی نییە و لەوێشەوە بڕوات بۆ کارکردن لەسەر کەسێک کە لە هەموو کارەکانیدا دەرک بەکار دەهێنێت، هەروەها ئەوەی قسە لەسەر دەق دەکات، ڕەنگە نموونەکانی ئەو دەقانە بن، لەلایەک بێئەندازە لاواز و شلوشاو بن، و لەولاشەوە بێئەندازە نایاب و شکۆدارترین بەرهەم بن. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان دەقێک بۆ دەقێکی تر هەیە، بۆ نموونە دەقی کانت خۆی بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دەسەپێنێ کە لە بواری فەلسەفە کار دەکەن، ئەو دەقانەی کە قسە لەسەر دەقەکانی کانت دەکەن وەک زۆربلێیی لێ دێ، یان نموونەی وەک دەقێک لە بابەتی دەقی قورئان و ئەو قسانەی کە لەسەری دەکرێ، ناکرێ بە ڕاڤەکردنیش بۆ قورئان بێتە ژماردن.

بەگشتی لە ڕەخنەی دەقدا هەموو دەقەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە وەکو یەکیان لێ دێت. لێرەدا ئەو جیاوازییە لە نێوان دەقێک و یەکێکی تردا هەیە گرینگ نییە لە ڕووی ناوەڕۆک و ناوەخنەکانیانەوە، یان لە ڕووی ئەو بابەتەی باسی دەکەن و دەیخەنە ڕوو. بگرە ئەوەی کە گرینگە چۆنیەتی بنیاتی دەقەکە و ڕێبازی پێکهاتن و میکانیزمی کارکردنێتی. لێرەدا دەتوانین دەقێکی فەلسەفی و دەقێکی پەیامبەری پێکەوە کۆ بکەینەوە، ئەم دوو دەقە هەردووکیان دەقێکی زمانەوانی پێک دێن، هەردووکیان لە کۆمەڵێ ڕووداوی وتارئامێز پێک هاتوون. ڕاستە دەقی پەیامبەری بۆ بەرهەمهێنانی مانا هەندێ میکانیزمی تایبەت بەکار دێنێ، هەروەها ئەو دەقە میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاوازە لە بەکارخستنی دەلالەتەکان، بەڵام هەندێ میکانیزمی گشتی هەیە، هەموو دەقەکان بە هەموو جیاوازییەکانیان تێیدا هاوبەشن، چ دەقی فەلسەفی بێت یان شیعری. هەموو دەقەکان لەگەڵیشیاندا دەقی فەلسەفی تەکنیکیی مەجازی بەکار دێنن. ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە نیتشە ئاشکرای کرد، کاتێ ڕای گەیاند کە دەقی فەلسەفی تەنیا وتارێکی پاژەیی نییە، بگرە دەقی فەلسەفی وتارێکی چێنراوی هەموو خوازراوەکانە. دەتوانم لەمەش زیاتر هەنگاوێکی فراوانتر بنێم و بڵێم، تەنانەت دەقی زانستیش خاڵی نییە لە خوازیار و مەجازەکان. دەکرێ بکرێ نموونەیەک لەسەر ئەمە لە کۆمەڵناسی یان زیندەوەرناسی بهێنینەوە. کەسێک ئەگەر خوێندنەوەیەک بۆ کارێک لە بواری مێژووی زیندەوەرزانی بکات ئەوەی لا ئاشکرا دەبێت کە وەسفکردنی زیندەوەریش لە هەر قۆناخێک و سەردەمێ بە خواستنی دەستەواژەیەک بووە لە شتە خوازیارەکان. جارێ وەسف دەکرا بە سیستەمی ئۆرگانی، جارێک بە ئامێر ....، یان بە بنیات و ئاپەرتمان، ئەمڕۆش بە کۆد و پەیام وەسف دەکرێ. ئەم ڕاستییەش لە بواری کۆمەڵناسیشدا هەروایە. لە میانەی زنجیرەیەک خوازیار و ڕاڤەکردنەوە وەسفی بوونەوەرەی کۆمەڵایەتی دەکات،

جارێ دەیشوبهێنێ بە جەستە، جارێک بە ئامێر، جارێ بە سیستەمێک. ئەوەتا ئەمڕۆ کۆمەڵگە لە ڕێگەی زاراوەکانی گەمە و شانۆ و مەرجەوە دەناسرێتەوە، بگرە هەندێ لەوە زیاتر دەڕۆن و کۆمەڵگە دەشوبهێنن بە دەقێک لە دەقەکان، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی هەندێ لە زانستەکان ئەمڕۆ بۆ وەسفکردنی بابەتەکانیان ڕوویان کردووەتە بەکارهێنانی پەیام و کۆد و دەق، ئەمەش گەواهییە لەسەر ئەوەی خەریکە دەق مەشروعیەتی خۆی وەردەگرێ و ڕاستی خۆی دەسەپێنێ. دوا قسە لەسەر دەق ئەوەیە، سەرباری کولتوور و زمان و بوارەکان هەموو دەقەکان وەکو یەک یەکسان دەبنەوە، تەواو وەکو زمانناسی هەموو زمانەکان وەک یەک یەکسان دەبن و وەک یەک تەماشا دەکرێن چ زمانی کۆن یان نوێ، چ زمانی سەرزارەکیی، یان زمانی نووسراو، چ زمانی مردووە یان زیندوو.

٤- بوونی دەق

ئەگەر دەق بووە مەیدانێکی مەعریفی یان بووە بوارێک لە بوارەکانی کاری فیکری، مانای وایە لێرەدا دەق بووە بە خاوەنی مەشروعیەت و سەربەخۆییی خۆی، بوونی دەق وا پێویست دەکات بە دابڕاوی لە نووسەرەکەی تەماشای بکرێت و نەشگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم دەقەی لێوە دروست بووە. لە لۆجیکی دەقدا، دەق سەربەخۆییی خۆی وەردەگرێ و خۆی لە نووسەر جیا دەکاتەوە، هەروەها خۆی لەو سەرچاوەیەش جیا دەکاتەوە کە لێوەی دەرچووە، بۆ ئەوەی ببێتە واقیعێکی وتاری، ڕاستی و ڕووبەری خۆی لە بووندا هەبێ. ئاشکرایە هەموو وتارێک نابێتە دەق، دەق ئەو وتارەیە کە دانی پێ نراوە و جێگیر بووە. بووە بە گوتنێ کە ڕێز و پلە و پایەی خۆی وەرگرتووە و وەک سەرچاوە پشتی پێ دەبەسترێ. کەواتە دەقەکەیە کە دەبێتە سەرچاوە نەک واقیع، بەو مانایەی ئەو دەقە خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت و داوامان لێ دەکات بۆی بگەڕێینەوە و بەردەوام بیخوێنینەوە. ئێمە ئەو دەقە ناخوێنینەوە بەو مانایەی ڕەنگدانەوەی واقیعە، نەخێر. ئەو دەقەی کە ڕەنگدانەوەی واقیعە ئەو دەقە هیچ بەهایەکی نییە، لەبەرئەوەی لەگەڵ تەواوبوونی ئەو واقیعەی کە دەیخوێنێتەوە ئەویش کۆتایی پێ دێت. بۆ نموونە ئێمە ناگەڕێینەوە سەر کتێبی "پێشەکی" ئیبن خەلدون بۆ ئەوەی بزانین ئەو واقیعەی ئەو تێیدا ژیاوە چۆن بووە، بگرە بۆ پێشەکی ئیبن خەلدون دەگەڕێینەوە تا ئاشنای ئەم واقیعەی ئێستامان بین و بڕوانینە ئەو داهاتووەی کە چاوەڕوانمان دەکات. دەق ئاوێنەی واقیع نییە، بگرە دەق ئەو ناوەندە داگیر دەکات کە لە نێوان ئەو شتەیە کە ڕوو دەدات و ئەوەیشی کە ڕەنگە ڕوو بدات. کەواتە پێوەستکردنی دەق بە واقیعەوە لە کوشتنی زیاتر هیچی تر نییە. ئەمەش جارێکی تر: لەلایەک برێتییە لە شاردنەوەی ڕاستی دەق و لەلایەکی ترەوە سەرکوتکردنەوەی واقیعە، لەبەرئەوەی واقیعێک بوونی نییە پڕعەیب و عار و ڕووتەڵان بێت، بگرە ئەوەی هەیە برێتییە لە کۆمەڵێ ڕووداو و بەسەرهات کە داپچڕاو نییە لەو ڕاڤە و خوێندنەوانەی کە بۆی دەکرێ، واتە لە کۆتاییدا ئەوەی هەیە لە کۆمەڵێ بەسەرهات و وتار زیاتر

هیچی تر نییە، ئەگەر وتار بە سروشتی خۆی بۆ ئەوە کار بکات تا واقیع بشارێتەوە، کەواتە گەڕاندنەوەی ئەو دەقە بۆ واقیعێکی دیاریکراو، لە راڤەکردنی دەق بە دەقێکی تر زیاتر هیچی تر نییە، واتە بریتییە لە شاردنەوەی شاردراوەکە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەق رووداوەکان دروست دەکات. وا باشترە بوترێت دەق واقیعی خۆی دروست دەکات و رووداوی خۆی هەیە. مەبەستم ئەوەیە بوارێ دەرەخسێنێ بۆ بیرکردنەوە یان ناوەندێک دەرەخسێنێ بۆ تێگەیشتن و پونتێک بۆ کۆبوونەوەی راستییەکان.

## ٥– راستیی دەق

رەخنەی دەق بەدوای رەخنەی راستیدا دەگەڕێ و بە دوای دۆزینەوەی بوونەوەردایە. ئەمەش کردنەوەی پێوەندییەکی نوێیە لەگەڵ راستی و رەنگە بشبێتە هۆی گۆڕینی تێگەیشتنمان لەمەڕ راستی و شێوەی مامەڵەکردنیشمان لەگەڵ راستیدا، لە روانگەی رەخنەوە، راستی کرۆکێک نییە باڵاتربێت لە مەرجەکانی خۆی یان بەدابڕاوی لە وتار بوونی هەبێت، بگرە راستی ئەوەیە کە خودی دەق خۆی دروستی دەکات. یان بە واتایەکی تر: لەم رووەوە دەق بەدوای راستیدا ناگەڕێت بەڕادەی ئەوەی راستی خۆی دەسەپێنێ. نموونەش لەسەر ئەمە ئەو شتەی کانت بەدوایدا دەگەڕا و بەدیهێنا، گەیشتن نەبوو بەو راستییە باڵایە، کە پێش ئەزموون دەکەوێ و لە پێشی پێشەوەیدا دەڕوات، بگرە ئەوەی کانت ویستی دەقێک بوو کە بۆی بەجێ هێشتین، دەقێک توانای خۆڕاگری هەیە و بە رادەی ئەوەش دەتوانێ بەسەر ئەو هەوڵە پووچانەدا سەرکەوێت کە دەیانەوێ کودەتای بەسەردا بکەن، بە هەمان رادەش ئەو دەقە گرینگی لەوەدایە ناتوانین دەستبەرداری بین. نموونەیەکی تر: سەدرەدین شیرازی لە "ئەسفار العقلیە الاربعە"دا، لەو سەفەرە فیکرییانەی کە کردی مەبەستی گەڕان و گەیشتن بەڕاستی نەبوو، بەڵکە ئەوەی مەبەستی ئەو بوو هەمان ئەو راستییەیە کە راستی دەقە و هانمان دەدات بیخوێنینەوە و لەسەری بنووسین، واتە ئەو توانایەیە کە دەق تێیدایە کە بە خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی دەق بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. کەواتە ئەوەی راستی دەڵێ و دای دەڕێژێ دەق نییە، بگرە ئەوەی راستی دەڵێ ئەو وتارەیە کە شایانێتی خۆی دەسەلمێنێ و راستی خۆی دروست دەکات، لێرەوە رەخنە بریتییە لە چوون لە دەقی راستییەوە بۆ راستیی دەق.

لەبەر رۆشناییی ئەم تێگەیشتنە بۆ پێوەندی نێوان دەق و راستی، هیچ بوارێک بۆ قسەکردن نییە لەسەر راستی و هەڵەی دەقێک لە دەقەکان. ئەو کاتە دەکرێ راستی و هەڵە بەکار بهێنرێ ئەگەر هاتوو ئێمە لەگەڵ دەقدا بەو شێوەیە مامەڵەمان کرد بەو سیفەتەی دەق رەنگدانەوە و هاوجووتە لەگەڵ راستی زەینی یان بەبێ بوونی راستی بوونی هەیە. هەروەک رەخنەی کلاسیکی کە چەمکەکانی بیانوو، ناکۆکی، دژ بەکار دێنێت. بەڵام ئەگەر دەق راستیی خۆی دروست بکات و بەسەرهات و رووداوی خۆی هەبێ، کەواتە وا باشە ئێمە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکەین کە

لەگەڵ رووداوێکدا دەیکەین، واتە هەوڵی ئەوە بدەین مەوداکانی بدۆزینەوە و چاوەدێری ئەگەرەکانی بین، چارەسەری بکەین و هەوڵی ئەوە بدەین خۆمان لە قورساییی دەق ئازاد بکەین و بیر لەوە بکەینەوە ئەو دەقە بەکاری بهێنین و بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە. بەم مانایە دەکرێ دەق بەهێز و گرینگ بێت یان بەپێچەوانەوە، دەنگدانەوەی هەبێت و کارلێکردن بەرهەم بێنێ، یان بێ سوود بێت و هیچ دەنگێکی نەبێ. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان وتەی بەهێز و پڕ مانای وەک شیعری موتەنەبیدا هەیە کە هەموو کات داوامان لێ دەکات بگەڕێینەوە لای و لەلای شاعیرێکی تر بە خوێندنەوەی یان بە گوێ لێ بوونی هیچ کاریگەرییەکمان لا بەجێ ناهێڵێ. ئەمەش ئەو جیاوازییە قووڵەیە لە نێوان وشەیەکی گرینگی هیگڵ کاتێ لێکدانەوەکانی نابڕێنەوە و لە نێوان وتەی کەسێک کە لەسەر هیگڵ قسە دەکات، لە لێکدانەوەیەکی ئەکادیمی زیاتر هیچی تر ناڵێ.

بەم شێوەیە، رەخنەگرتن لەسەر پێڕەوی غەزالی، رەتکردنەوەی کارێک یان دەقێک ناگەیەنێت، ئەو هەوڵەی غەزالی دای بۆ رەتکردنەوەی راکانی فارابی و ئیبن سینا، گەورەتر بوو لەوەی تەنیا رەتکردنەوەی دەقێک بێت بەدەقێکی تر، ئەو وتنانەی ئەو تا ئەم کاتەش خۆیان بەسەرماندا دەسەپێنن و هانمان دەدەن بیانخوێنینەوە و بیریان لێ بکەینەوە. رەخنە بەدرۆخستنەوەی وتار و چەمکەکان نییە، وەک ئەوەی کە ئەبوعەلا مەعەری لە هەڵوێستی بەرامبەر بە پەیامبەران نواندی، یان لەسەر شێوازی سادق جەلال ئەلعەزم لە تێگەیشتنی بۆ چەمکی دۆغمائی و یەک مەودایی راستییەکان. بۆ نموونە دەقی پەیامبەری، گرینگییەکەی لەوەدا نییە کە راستی دەگێڕێتەوە و یان هاوجووتە لەگەڵ راستی. بگرە دەقی پەیامبەری گرینگییەکەی بە پلەی یەکەم لە راستییەکەیدایە، واتە گرینگییەکەی لە روانینێتی بۆ بوون و میکانیزمی بەرهەمهێنانی مانا و شێوەی مامەڵەکردنێتی لەگەڵ راستی یان شێوەی قسەکردنێتی لەسەر شتەکان.

کەواتە مامەڵەکردن لەگەڵ دەق بەشێوەیەی دایەلۆگ و قسەکردن هیچ مانایەکی نییە، ئەو دەقەی بەهێز و پڕ توانا بێ، دەقێک نییە کە یەک یەکتری رەت بکاتەوە. رەنگە ئەو دەقە رێگەمان پێ بدات قسە لەسەر ناکۆکی و جیاوازی و نائارامییەکانی بکەین. یان باشتر وایە بڵێین رەنگە ئەو دەقە رێگەمان پێ دەدات رەخنەی لێ بگرین و هەڵی وەشێنینەوە تا دووبارە نهێنییەکانی ئاشکرا بکەین. باشترین نموونەش لەسەر ئەم شێوە دەقانە، خوێندنەوەی میشێل فۆکۆیە بۆ دەقەکانی ئەفلاتوون، بە تایبەت لە بواری خۆشەویستیدا. چەندان سەدەیە ئەو دەقە لێکدانەوە لەسەر لێکدانەوە، لێکدانەوەی میتافیزیکی ئەفلاتوونی بۆ دەکرێ. میشێل فۆکۆ هات ئەفلاتونێکی تری بە ئێمە ناساند زۆر جیاواز بوو لەو ئەفلاتوونەی ئێمە دەمانناسی، ئەو پێمان دەڵێ: بە مانای ئەفلاتوونی خۆشەویستی برێتی نییە لە دوورخستنەوەی جەستە، بەڕادەی ئەوەی بینینی روویەکی تری مەسەلەکەیە، ئەویش گەڕانە بەدوای راستیی خۆشەویستی بەو سیفەتەی پێوەندی لەگەڵ راستیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەشقی راستەقینە بگۆڕێت بۆ ئاشقبوونی راستی. خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ ئەفلاتوون: یەکەم ئەوەمان پێشان دەدات کە دەقی بەهێز بەهێزترە لەوەی هەوڵی پۆلینکردنی

بدرێت، واتە زۆر سەختە بتوانرێ ئەو دەقە ئابڵووقە بدرێ و تەنیا بۆ مەزهەبێ یان قوتابخانەیەک ، بڕوایەک یان ئاراستەیەک... بگۆڕدرێ. دووەم ئەوەشمان پێ دەڵێ کە دەق پێویستی بە کەسانێک نییە بێن و راڤەی بکەن و لێوەی فێر بن، بەڕادەی ئەوەی ئەو جۆرە دەقانە پێویستیان بە کەسانێکە خوێندنەوەیەکی چالاکانە بیخوێننەوە، خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێنەر، ئەو شتانەی تێدا بخوێنرێتەوە کە پێشتر نەخوێنراونەتەوە. بە کورتی: دەبێ دەق راستیی خۆی هەبێ، ئەمە مانای وایە کە دەق خۆی راستی تێدا نییە. لەبەرئەوەی ئەو وتارەی کە تەنیا دەقێکە لەسەر واقیع پێک دێنێ، بە تەواوبوونی واقیعەکە ئەویش تەواو دەبێت، کە ئەو رووداوانەش کۆمەڵێ ڕێوشوێنی راستین. بەڵام ئەو دەقەی کە خۆی دەسەپێنێ، هەر ئەو دەقەیە هانمان دەدات بەردەوام بێینەوە وێزەی، بۆ ئەوەی لە واقیع و راستییەکەی بگەین. یان بەتاقە وشەیەک دەق راستی ناڵێت، بگرە پێوەندی لەگەڵ راستیدا دادەمەزرێنێ.

٦- ستراتیجی دەق

له روانگەی کلاسیکییەوە ئەوانەی خاوەن خودی میتافیزیکی و لاهووتین، ئەو روانگەیەی لە حەز و ئارەزووی مرۆڤی سەنتەریزمەوەیە سەری هەڵداوە، بوارێک بۆ قسەکردن نییە لەسەر ستراتیجی دەقەکان، لەم جۆرە روانگەیەدا تەنیا خودی مرۆڤە کە سەرچاوەی حەز و کردارەکانە، هەر ئەویش ڕێوشوێن دەگرێتە بەر و نەخشە و ستراتیج دادەنێت. بەڵام رەخنە، رەخنەی خود و دەق، بەهەڵوەشاندنەوەی دوو تێگەیشتن، ئەم روانگەیەی هێنایە لەرزین: یەکەمیان چەمکی (نوێنەرایەتیبوون) و دووەم چەمکی (نوێنەرایەتیکردن). یەکەم: رەخنە دەری خستن کە خود لە نوێنەرایەتیبوونی دنیا و شتەکان پاکیزە نین، لە نێوان خۆی و بابەتەکانیدا یان لە نێوان خۆی و خودی خۆیدا دنیایەک لە حەز و ئارەزووەکان هەیە، دنیایەک لە زمان و کەسایەتی و وێنە و وەهم و .. هتد، دووەم: ئەوەی دەرخست کە وتار لە نوێنەرایەتیکردنی جیهانی ماناکان ئەوەندە ئاسانکار نییە، نە خود هەروا زوو بیرە تازەکانی دەست دەکەوێ، نە گوتنیش ئامێرێکە بۆ بیر. بگرە مەسەلەکە رووییەکی تری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گوتن هەڵخەڵەتێنەر و تەفرەدەرە، دەقیش کارێکی هاوشێوەی ئەوە، ئەویش وەک دەق چاپلووسە و هەردەم دەکەوێتە نێوان سنووری بوونەوەر و وێنەکەی، یان لە نێوان مانا و سێبەرەکەی، یان روانین و دەربڕین، ئاشکرا و ئاڵۆزی، یان دەکەوێتە نێوان ئارەزوو و راستی، جیدی و گەمەکردنەوە. لە پشتی خودەوە گەمە دەکات، مانای وایە بە قەبارەی ئەوەی ئێمە ئەو بەکار دێنین ئەویش بەکارمان دێنێ، ڕێبەرایەتیمان دەکات بەجۆرێک وا دەزانین ئێمە ئەو دادەمەزرێنین و و بوونمانی تەسلیم دەکەین. بە گشتی، ئەگەر دەق ئەو شتە بێت کە راستی ناڵێ، بگرە راستی خۆی دروست دەکات، کەواتە نابێ وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ کە چی دەڵێ و چی دەردەبڕێ و چی ئاشکرا دەکات و رادەگەیەنێ، بگرە وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ کە چی دەشارێتەوە و چی دوور دەخاتەوە. یان بە شێوازێکی تر دەبێ هیچ گرینگی بەو شتانە نەدەین کە

داهێنەری دەق دەیڵێ، بگرە ئاوڕ لەو شتانە بدەینەوە کە گوتنەکە نایڵێت، بەوەی رووی پرسیار بکەینە گوتنەکانی ئەو دەقە و بیهێنینە قسە، هەڵی وەشێنینەوە و شی بکەینەوە. نموونەش لەسەر ئەمە، رەنگە خاوەنی دەق وای رابگەیەنێت ئەو شتانەی لەو دەقەدا دەیڵێ و مەبەستێتی عەقڵانییە، بەڵام شیکردنەوە دەبێتە هۆی دەرخستنی ناعەقڵانیی ئەو دەقە، رەنگە ئەو ناعەقڵانییە لە پشتی گوتنەکانەوە دەرکەوێ یان خۆی خزانبێتە ناو چینەکانی وتارەکەوە، میشێل فۆکۆ ئەوەی ئاشکرا کرد کە وتاری عەقڵانی دیکارتی کۆمەڵێ گەمژەیی و شێتێتی و ناماقوڵی تێدایە. پێچەوانەش هەر راستە. رەنگە خاوەنی دەق رای بگەیەنێت ئەو کەسێکی عیرفانییە، بەو جۆرەی ئیبن عەرەبی لە کتێبەکانیدا رای دەگەیەنێت کە لە رێگەی بەپەیامخوازی و ئیلهامەوە زانینەکانی چنگ دەکەوێ، نەک لە رێگەی بەڵگە و سەلماندنەوە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی دەقەکانی ئەو زاتە هەروەک من مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم و دەیخوێنمەوە، دەبنە هۆی ئاشکراکردنی کۆمەڵە چەمکێکی ئۆرگانیزەکراو، سەرچاوەکەیان سەرچاوەیەکی عەقڵانی ئاوێتەبووی فراوانە و لەوەش فراوانترە کە ئێمە مەزەندەی دەکەین.

بۆیە نابێ گوێ لەو بڕیار و راگەیاندنانە بگرین کە خاوەنی دەق لەبارەی دەقەکانی رای دەگەیەنی، یان ئەو پرس و دەربڕینانە لەچاو بگرین کە دەقەکە دەیانخاتە روو. دەق بە خستنەڕوو و راگەیاندنەکانی دەق نییە، بگرە بەوە دەقە کەچی لەسەر دادەمەزرێ و نایڵێ و چی دەشارێتەوە و لێی بێدەنگ دەبێ. دەق بێدەنگ دەبێ، مانای ئەوە نییە کە خاوەنی دەق نایەوێ زانیاری بە کەسانی دەرەوەی بواری خۆی بدات، یان سڵکردنەوەی لە دەسەڵات دەبێتە هۆی شاردنەوەی راستییەکان، یان هەروەک هەندێ لە راڤەکارانی قورئان دەری دەبڕن بە ئامانج و مەبەستێکی پەروەردەییی فێرکاری ئەو کارە دەکات، ئەوەی هەیە ئەوەیە کە دەق بەسروشتی خۆی ئەوە ناڵێ کە مەبەستێتی، دال یەکڕاست دەلالەت نییە بۆ مەدلوول، ئەمەش نهێنی دەقە: دەق بێدەنگی و بۆشاییی خۆی هەیە، هەڵە و هۆکارەکانی، سێبەر و دەنگدانەوەی خۆی هەیە. دەق بە فەرمانی مەدلوول فەرمانەکان جێبەجێ ناکات، تەنیا خزمەتکاری ماناکانیش نییە، لێرەدا دەق بەوە وەسپ دەکرێ کە سیفەتێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی هەیە، بە رێگەی شاردنەوە و سڕینەوە یان چەپاندن و دوورخستنەوە مومارەسەی میکانیزمەکانی خۆی دەکات. بە کورتی دەق گەمەی خۆی هەیە، گەمەی نهێنی، هەندێ رێوشوێنی شاراوەی خۆشی هەیە، ئەمەش دەکرێ ناوی بنێین "ستراتیجی شاردنەوە".

٧- میکانیزمەکانی شاردنەوە

دەق مومارەسەی شاردنەوەیەکی تریش دەکات، ئەو هەڵدەستێ بە شاردنەوەی خۆی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو شتەش دەشارێتەوە کە قسەی لەسەر دەکات. نموونەی ئەمەش وتاری خواییە، ئەو وتارە دەڵێ خوا خۆی حوکمە. ئەم وتارە یەکەم سروشتی دەسەڵات یانی سروشتی مرۆیییەکەی دەشارێتەوە، دووەم حەزی کەسی قسەکەریش دەشارێتەوە، ئەو کەسەی کە دەڵێ من ئارەزووم لە دەسەڵاتە بەسەر ئەو کەسانەی کە رووی قسەم لێیانە. سێیەم خودی خۆی و شاردنەوەکانی خۆشی

دەشارێتەوە. واتە خودی دەق خۆی مومارەسەی دەسەڵات دەکات بەسەر ئەو کەسەی کە گوێگرە واتە مومارەسەی دەسەڵات بەسەر خوێنەرەکانیدا دەکات. ئەم شێوە کارەش کاری ئەو کەسانەیە کە بانگەشەکەرن و خاوەن بڕوان. ئەو قسانەی کە بانگەشەکەرن رای دەگەیەنن، کە ئەوان بەرگری لە بڕوا و راستی دەکەن و پاسەوانی زاکیرە و ناسنامەن. بەڵام وتەکانی لەسەر ئەو بناخەیە بنیات نراون، وتنەکانی بێدەنگن و ئەوەی پێویستە بیڵێن نایڵێن، ئەو بەرگری لە پێشڕەوایەتی و سەرچاوەگەرێتی و دەسەڵات و پایەی خۆی دەکات، بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، گوایە لە پێشترە لەوانەی کە گوێگرین، یان راشکاوانەتر بڵێین وتاری بانگەشەکەران بانگێشتی ئەنجامدانی شتێکت لێ دەکات، رەنگە ئەو شتە بڕوا بێ، یان خزان بێت بەرەو چوونە ژێر فەرمانی خوا، یان برێتی بێت لە چوونە ژێر باری پڕۆژەگەلی شۆڕش و رزگاری و گۆڕانەوە، بەڵام ئەوەی کە وتاری بانگەشەکەر دەیشارێتەوە ئەوەیە ئەو مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تۆدا دەکات، داوات لێ دەکات فەرمانێ جێبەجێ بکەیت. واتە ئەو دەبێتە سەرچاوەی فەرمان و رەتکردنەوە، بۆیە بانگەشەکەری ئازادی کار بۆ ئەوە دەکات دەسەڵاتی خۆی بەسەر کەسانی دەرەوەی خۆی دامەزرێنێ، کەچی هەر خۆی داوایان لێ دەکات کە مومارەسەی ئازادییەکانیان بکەن. ئەرکی وتار ئەوەیە ئەو داوایە بشارێتەوە. نموونەیەکی تری روونی ئەم شێوەیە بواره، نموونەی وتاری مارکسیزمە، ئەم وتارە داوای خەباتت لێ دەکات دژ بە ئیمپریالیزم و داگیرکردن، بەڵام خۆی دەشارێتەوە، ئەو وتارە وات لێ دەکات بێ ئاگا بێت لەوەی کە ئەو دەبێتە ئیمپریالیزمی تۆ، مەبەستیشم ئیمپریالیزمی وتە و روانینەکانە. بەم جۆرە وتار بێبەری نییە لە شتە شاراوەکان.

وتاری راستەقینەش هەر بەم شێوەیە، ئەوەی باس لە بەسەرهاتی راستی دەکات، یەکەم راستی وتارەکە دەشارێتەوە، کە لە کاتی بەسەرهاتەکەدا ون دەبێت. دووەم ئەوەش لە بیر دەکات کە قسەی لەسەر دەکات، واتە خودی راستی لە بیر دەکات، ئەو بە ناونانی ئەو راستییە، راستییەکە دەگۆڕێ بۆ دیمەنێکی لاهووتی میتافیزیکی، واتە بۆ شتێکی یەکڕەهەندی پەتی، کە بالادەستتر دەبێت لە رووداوخوازی و لە هەستپێکراوی جیا دەبێتەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی چەمکەکانی وەک خود و ئامادە و هۆش و هاوجووتبوون و یەقین و جێگیرییەکان... ئەمەش ئەو چەمکانەن کە لە وتاری راستیدا بەکار دێن و رەخنەش بۆ ئەوە کار دەکات تا ئەم وتارانە هەڵوەشێنێتەوە و بچێتە ناخی ناخیانەوە. ئەوانە کۆمەڵێ شتی هەستپێکراوی لەبیرچوون کە وتار خۆیانی لێ بێدەنگ دەکات و لە بازنەی رەخنە و پشکنینیان دوور دەخاتەوە، واتە ئەو شتانەی کە دەبێ بخرێنە ژێر پرسیار و بهێنرێنە قسە. روانین بەم شێوەیە بۆ وتار بەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە هەموو وتارە دژ بە یەکەکان لە رووی ناوەڕۆک و بابەت و دروشمەکانیانەوە وەک یەکیان لێ دێت، بەڵام هەمان رێگەی ئاسایی و هەمان جۆرە میکانیزمی بیکردنەوە بەکار دێنن، بۆ نموونە هیگڵ و مارکس دەبنە یەک لەبەرئەوەی وتار لای ئەم دووانە ئاساییتی خۆی دەشارێتەوە و ئەو شتەش دەشارێتەوە کە وتارەکەی لەسەر دادەمەزرێ، واتە هەردووکیان بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ راستی دەکەن، واتە

بەو سیفەتە مامەڵە دەکەن کە خود و بابەت هاوجووت و زاراوە و چەمک هاوڕیتم دەبن. هەرچەند مەزهەب و تەوژمەکان جیاواز بن شتە ئاساییەکان هەر یەکن. لەم روانگەیەوە وتارە بڕواخوازەکان بەهەموو شێوەکانیانەوە وەکو یەکیان لێ دێت، هەر شێوەیەک و هەر مەزهەبێک بن. لەبەرئەوەی هەموویان بە هەمان روانینی یەکمەودایی و بەهەمان لۆجیک دەڕواننە راستی، کە بناخەکەی لەسەر چوارچێوەدانان و دوورخستنەوە و سەرزەنشتکردن و وەلاوەنان سەقامگیرە. بەم شێوەیە هەمووان یەکسان دەبن، مارکسی، ئیسلامی، نەتەوەپەرستان، هەموو ئەوانەشی خاوەن بڕوا و ئایدیۆلۆجیا و مەزهەبن، هەر هەموویان هەمان ئامراز بەکار دێنن، هەمان ئامرازی تێگەیشتن، میکانیزمەکانی شاردنەوە و بەکوێرەڕێدا بردن، هەمان ئەو شتە ئاساییانە بەکار دێنن کە ئەوەندە ئاشکران لە بیر کراون. ئەمەش خۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی وتار، شتە ئاساییەکان دەشارێتەوە، ئەو شتەئاساییانەی کە بناخەن بۆ بنیاتنان و مەرجی پێکهاتنین، بەهەمان شێوەش وتاری لاهوتی لایەنی سروشتی مرۆیی دەشارێتەوە کە ئەم لایەنە ئەوەندە ئاشکرایە بەشێوەیەک گوتن لە بیری دەچێت کاتێ کە قسەی لەسەر دەکات، ئەمەش تێکەڵ و پێکەڵی گوتنە.

تەنانەت وتاری ئەنتۆلۆجیش (بوونگەرایی) لە شاردنەوە و داپۆشین بێبەری نییە، نەک لەبەرئەوەی بوون هەروەک هایدگەر باسی کردووە بە خودی خۆی دەشارێتەوە، بگرە لەبەرئەوەی گوتن لە بناخەوە ئەو شتە دەشارێتەوە کە مەبەستێتی. ئەوەی گوتن لەسەر بوون دەیشارێتەوە بوونەوەر خۆیەتی. ئەگەر هایدگەر ئەوەی دەرخستبێ کە فەلسەفەی میتافیزیقی لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە لەسەر بناخەی لەبیرکردنی بوون بنیات نرابێ، ئەوە خودی خۆشی هایدگەر نەیتوانی خۆی لە تۆڕی روانینی میتافیزیکی ئازاد بکات، بە رادەی ئەوەی کەوتە ناو داوی گوتنەوە، بە رادەیەک وشەی بوون بەشێوەیەکی میتافیزیکی بەکار دەهێنرا. بەهەرحاڵ هەر ئەم وشەیە خۆی خاوەن مەودا و سێبەری میتافیزیکی لاهووتییە. ئەوەی هەیە دەیشارێتەوە، بە گۆڕینی ئەو بوونە لە شتێکی هەستپێکراوی مەرجدار بۆ شتێکی لاهووتی کە بەسەر هەموو مەرجەکانی تردا باڵادەستە. ئەوەی لە کۆتاییدا هەیە ئەوە بوون نییە، بوون نییە بە مانا لاهووتی و میتافیزیکییەکەی، بگرە ئەوەی هەیە ئەم شتەیە کە بەردەوام روو دەدات و لە سەنتەری خۆی دەردەچێ یان لە خۆی ناچێت و ناوی خۆی تێ دەپەڕێنێ. لێرەوە رووی گرفتەکە پێوەندی بە ناولێنانەوە هەیە. لێرەوە گوتن سەرچاوەی شاردنەوە و هەڵخەڵەتاندنە. بۆیە ئەو هەموو باجە دەدرێ ئەو کاتەی کە زیاد لە پێویست بڕوا بە ناو و وشەکان دەکرێ.

### ٨- هێزی دەق

بەگشتی ئەمەیە ستراتیجی دەق. دەق لەسەر بناخەی کۆمەڵێ گەمە و رێوشوێن دامەزراوە، لە میانەی ئەو گەمە و رێوشوێنانە وتار مومارەسەی میکانیزمەکانی خۆی دەکات، وەک شاردنەوە و

گۆڕین و کۆپیکردن. هەموو دەقەکانیش لەم پرۆسەیەدا هەر هەموویان وەک یەکن، ئەگەر هاتوو دەقێک لە رووی هێزەوە لە دەقێکی تر جیاواز بێت. ئەمەش نهێنیی دەقە، واتە دەق ستراتیجی خۆی دەشارێتەوە و هەموو مەدلولاتەکانی خۆی بەدەرناخات، لێرەوە تێدەگەم کە هێز و توانای دەق برێتییە لە بڕی نائاشکرایی و هەڵخەڵەتاندنەکانی نەک ئاشکرایی و راگەیاندنەکانی، لە هەڵە و تەتەڵەکانێتی نەک حوکم و توندوتۆڵییەکانی، لە لێکنەچوون و جیاوازییەکانێتی نەک یەکەتی و هاوگونجاوییەکەی. لەم روانگەیەوە کارکردن لەسەر دەق لەسەر بناخەی ئاشکراکردنی کارە شاراوە و بەڵگە نهێنییەکان دێت. ئەوەی وتەکان دەشارێتەوە و لە هەمان کاتدا مەرجی توانا و شتە ئاساییە شاراوەکان پێک دێنێ ئەمانە وا دەکەن شیمانەی خوێندنەوەی ئاشکرا هەبێ. هەتا زیاتر دەق شاراوەیی تێدا بێت، توانای ئاشکراکردنی زیاد دەبێ و شێوەکانی خوێندنەوەی هەمەجۆر دەبن. هەندێ دەق هەن هەتا بکرێ دەخوێنرێنەوە و خوێندنەوەیان کۆتایی نایەت. ئەمەش سیفەتی دەقی بەهێزە، ئەو شێوە دەقە راستی نادرکێنێ و هەموو ئەو شتانەش ناڵێت کە دەیەوێ بیڵێت. ئەمەش مانای ئەو وتەیەیە کە دەڵێت دەق راستیی خۆی هەیە. واتە لە نێوان خۆی و راستی، شاراوە لە دوای شارەوە هەیە. خوێنەری دەقیش ئەو کەسەیە چاوی تیژە و ئەو شتانە دەبینێ کە نابینرێن، واتە هەڵدەستێ بە وردکردنەوەی ماناکان، بە شکاندنی بێدەنگییەکان، پڕکردنەوەی بۆشایی و دیاریکردنی بەربەست و رۆچوون بەرەو ناخی چینەکانی ئەو دەقە... نموونەشمان لەسەر ئەم شێوە دەقە، وتەکەی دیکارتە کە دەڵێ: من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم. گرینگی و هێزی ئەم وشەیە لەوەدا نییە کە چیمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئاشکراکردنەکانی دیکارت لە رووی مەعریفییەوە هیچ گرینگییەکی نییە، تەنیا بۆ ئەو قوتابییانەی نەبێت کە دەیانەوێ لەبەری بکەن و بەبیر خۆیانی بهێننەوە. بەڵام گرینگی ئەو وتەیە بۆ کەسی رەخنەگر و هزرڤان لەوەدایە کە بوارێک بۆ بیرکردنەوە دەڕەخسێنێ، واتە ئەو وتەیە ئەو بوارە مەیسەر دەکات کە هزرڤان بیر لەو ناوچانە بکاتەوە کە گوتن لە بیری دوور دەخاتەوە، واتە دوورخستنەوە لە کێڵگەی خودێتی کە ئەوەش بۆ خۆی بنیاتی وتەکەی دیکارتە و لایەنە ئاساییەکەی ئەو وتەیەیە، ئەوەش بە هەڵوەشاندنەوەی چەمکی خود، بۆ ئەوەی بتوانرێ پێکهاتە و مەرجەکانی ئاشکرا بکرێت، یان شتە بن نیشتووەکان و نیشانەکانی ئەو بیرە ئاشکرا بکات، یان ببێتە هۆی بەدەرخستنی سێبەر و کەنارەکانی ئەو بیرە. نموونەیەکی تر دەقێکی غەزالییە (المنقذ من الضلال و الموصل إلي ذي العزة و الجلال) گرینگی ئەم دەقە لەوەدا نییە کە نووسەرەکەی دەیڵێ و ئاشکرای دەکات، واتە ئەو رێگایە نییە کە غەزالی دەیکێشێت تا لەو رێگەیەوە بگاتە راستی، تەنیا ئەوە گرینگی دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ فێر ببن و لاسایی بکەنەوە. بەڵام لە روانگەی رەخنەگرەوە گرینگیی ئەو دەقە لەوەدایە کە رێگە بۆ رەخنەگر خۆش دەکات بیر لە شتێک بکاتەوە کە خودی غەزالی بیری لێ نەکردووەتەوە، واتە ئەو شتانەی کە دەستەواژەکانی غەزالی لە پشتی دەقەکەیەوە شاردوویەتییەوە. ئەوەی غەزالی لە وتنی راستیدا دەیشارێتەوە راستی وتەکانی خۆیەتی. لەبەرئەوەی ئەو وتەیەی کە

پێوانەی راستی و بەرەو راستی رێگەت بۆ دیاری دەکات، ئەو وتەیە خۆی پلە و پایەی راستی دادەبەزێنێ. ئەمەش ئەو شتەیە دەقی غەزالی دەیشارێتەوە، بێگومان ئەو لە شاردنەوەی راستی تەنیا خودی راستی دەشارێتەوە. مەبەستیشمان لەوە ئەوەیە کە وتاری راستی خۆی راستییە، گوتەی لق خۆی دەبێتە هۆی وێنەکێشانی بنەچە. قسەکەر (واتە ئەو کەسەی کار لەسەر قسە دەکات) کاتێ کتێبێ دادەنێ بۆ ئەوەیەتی تا رزگارت بکات لە سێبەری خۆت، هەروەک ئەو کارەی غەزالی دەیکات، ئەو کەسە قسەکانی لە قسە خواییەکان لەپێشتر دەبن. باسکەر کاتێ کتێبێک دادەنێ ئەو کتێبە لق و بنەچەی تێدایە، هەروەک ئەوەی "ئەلرازی" لە کتێبی "ئەلکافی" دەیکا، کتێبەکەی ئەلرازی شوێنی بنەچە دەگرێتەوە،... ئەمەش حاڵی ئەو هەموو وتارانەیە کە باس لە پێغەمبەرێتی و خوا و پرەنسیبەکان دەکەن، ئەو وتارانە کار بۆ ئەوە دەکەن تا جێگەی ئەو دەقانەی پێش خۆیان بگرنەوە، هەر لە دەقی قورئانەوە تا دواترین وشەیەک لەبارەی قورئانەوە گوترابێ.

ئەم نموونە رەخنەییە کە تێیدا رەخنە لە غەزالی و لە وتارە گوتراوەکان بەگشتی دەگرم، نموونەیەکە ئەوە روون دەکاتەوە کە رەخنە وەک من تێی دەگەم و پێڕەوی دەکەم، رەتکردنەوەی غەزالی نییە، وەک ئەو رەتکردنەوەی خودی غەزالی دەرهەق بە کەسانی پێش خۆی پێڕەوی کرد، نەخێر ئەمەی من دۆزینەوەی دەقەکەی ئەوە، کە ئەمەش دانپێنانە بەو دەقە و گرینگیی ئەو دەقە. گرینگیی ئەو دەقە لەوەدایە بواری ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ تا بتوانین بیر لە پێوەندی نێوان لق و بنەچە بکەینەوە، بیرکردنەوەیەکی جیاواز بە جۆرێک ببێتە هۆی ئاشکراکردنی وەهمی لەیەکچوون لەگەڵ بنەچەدا، هەروەها دەشبێتە هۆی دۆزینەوەی وەهمی بنەچەی رەها. کەواتە وتەکانی غەزالی گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن کە لق تەنیا درێژبوونەوەی بنەچە نییە، بگرە کارکردنە بۆ ئەوەی لق کۆپیی بنەچە بکات و بچێتە جێگەی بنەچە، ئەم کارەش بەوە دێتە دی کە لە میانەی دەقی بنەچەوە کار بۆ ئەوە بکات یان لەمیانەی خوێندنەوەی بنەچەوە کار بۆ ئەم ئامانجە بکات. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لق دژی بنەچەیە. لەبەرئەوەی بە بێ بنەچە لق هیچ مانایەکی نابێ، بنەچە بیانوویەکە بۆ بوونی لق، لقیش تەنیا دەتوانێ لەسەر بنەچە رۆڵی خۆی ببینێ ئەگەر وانەبێت هیچ دەورێکی نابێ، هەموو بنەچەیەک دووبارە دامەزراندنەوە و بەبنەچەبوونە، بەو مانایەی بنەچە بنەچێتیی خۆی، واتە رەگوڕیشەی خۆی دەشارێتەوە، هەروەک چۆن لق ئەم کارە دەکات، بنەچەخواز ئەوە دەشارێتەوە کە هەستاوە بە شاردنەوەی بنەچێتیی خۆی. ئەمەش جیاوازییەکەیە.

لێرەوە رەخنەی دەق بە گۆڕینی چەمکێک و جێگۆڕپێکردنی بە چەمکێکی تر نایەتە دی، بگرە بەوە دەبێ کە چەمکە دژ بە یەکەکان و چەمکە بەرامبەرەکان هەڵبوەشێنرێنەوە و لە بەرئەنجامی ئەو هەڵوەشاندنەوەدا ئەو پێوەندی و گۆڕینەوە و ئەمبەر و ئەوبەرکردنە بەدەربخرێن، کەوا دەکات یەکێک لەوان ئەوە رابگەیەنێت کە سەر بەئەوی ترە و یان ئەو هەڵدەستێ بە کۆپیکردنی خۆی لەسەر ئەوی تر، یان دژایەتیی خۆی بەرامبەر بەوی تر رادەگەیەنێت لە کاتێکدا کە ئەو خۆی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەوی لە ناخی خۆیدا شاردووەتەوە. یان دەتوانین بە شێوەیەکی تر بڵێین

رەخنە لەبەر بەرژەوەندیی چەمکێک هەڵناستێ بە رەتکردنەوەی چەمکێکی تر، رەخنە ئەوە دەردەخات کە یەکێک لەو دووانە بەردەوام پێوەندی بەوی ترەوە هەیە یان بانگی ئەوی تر دەکات و دەبێتە دەستبەسەری ئەوی تر. یان ئەوەتا دەردەکەوێ کە یەکێک لەوانە تەنیا بەشێکە لەوی تر، یان هەڵگەڕاوەی ئەوی ترە، یان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لەودا خەڵتان بووە، بەتەواوی وەک دوو هاوسەر، قووڵایی و سەرەوە، قووڵاییش لە شاردنەوەی سەرەوە زیاتر هیچی تر نییە، لە راستیدا قووڵایی بوونی نییە، ئەوەی هەیە چەند سەرێکە و وەهمی قووڵاییمان لای دروست دەکەن. ئەمەش حاڵی هەردوو چەمکی دانەرە بەرامبەر بە باڵادەستی و مێژوو. رەخنە یەکێکیان رەت ناکاتەوە تا راستیی ئەوی تر دەربخات، بگرە رەخنە ئەوە دەردەخات کە یەکەمیان شێوەیەکە بۆ دووەم، یان دووەم مەرجێکە بۆ یەکەم. بەو مانایەی تایبەتمەندیی کەسی دنیایی لەوەدایە کە میکانیزمی خۆی دروست بکات وەک دەستەباڵایی و بەپیرۆزکردن و بەئەفسانەکردن. ئا ئەمەیە مرۆڤ. ئەم مرۆڤە لە پێوەندی لەگەڵ خودی خۆی کاری هەڵخەڵەتێنەرانە دەکات و دەستی دەستی و گەمە دەکات. بە کورتی رەخنەی دەق رەتکردنەوە نییە، تەنیا فێربوونیش نییە، بگرە رەخنەی دەق خوێندنەوەی ئەو شتەیە کە نەخوێنراوەتەوە.

٩- خوێندنەوەی دەق

بۆ ئەوەی دەق ببێتە ناوچەیەک بۆ بیرکردنەوە یان بوارێک بۆ باس و لێکۆڵینەوە، ئەوە پێویستی بە خوێندنەوەیە، خوێندنەوەی ئەو دەقە لە توانایەکی سادەوە بۆ کردارێکی مەعریفی بەرهەمهێنەر دەگۆڕێ. لەبەرئەمە مەرجی خوێندنەوە و هۆکاری بوونی خوێندنەوە ئەوەیە کە جیاواز بێت لەو دەقەی کە دەخوێنرێتەوە، هەروەها دەشبێ ئەو شتانەی لەو دەقەدا دەدۆزرێنەوە پێشتر خودی دەق نەیزانیبێت کە ئەو شتانەی تێدایە، یان پێشتر ئەو شتانەی پێ نەزانراوە. ئەگەر خوێندنەوە تەنیا ئەوە بڵێت کە نووسەری دەقەکە گوتوویەتی، ئەو شێوە خوێندنەوەیە بوونی پێویست نییە، لەبەرئەوەی دەقە بنەڕەتییەکە خۆی لە پێشترە لەو دەقەی تر و پێویستی بەو نییە. تەنیا لە حاڵێکدا ئەگەر ئەو دەقەی تر بەباشتر ئەو شتەی وتبێت کە نووسەرەکەی ویستوویەتی بیڵێ، لەم حاڵەتەدا خوێندنەوە گرینگتر و لەپێشتر دەبێت لە دەقە بنەڕەتییەکە.

بەم شێوەیە هەندێ خوێندنەوە هەیە دەقەکە رەت دەکاتەوە، بەڵام لە بەرامبەریشدا خوێندنەوەیەک هەیە خۆی رەت دەکاتەوە، واتە ئەو خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکی مردووە، شێوەیەکە لە زۆربڵێی و قسەی زیاد و وڕێنە. بەڵام خوێندنەوەی زیندوو ئەو خوێندنەوەیە کە شتێکی جیاواز لەناو دەقەکەدا دەخوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا خوێندنەوەکەشی جیاوازە لە خۆی. ئەم شێوە خوێندنەوەیەکە دەکرێ ئەنجام بدرێ، واتە ئەم خوێندنەوەیە بەرهەمهێنەر و خوێندنەوەیەکی چوستوچالاکانەیە.... جیاوازی عەیب و عار و کەموکووڕی نییە. بەپێچەوانەوە جیاوازی سەرچاوەی هێز و توانایە. بۆیە هەموو وتارێک بوار بە خوێندنەوە نادات. دەقی تووندوتۆڵ و

یەکمەودایی کە یەک مانای هەیە و یەک روانینی ئیمپریالانەی هەیە، ئەو دەقانە پێویستیان بە خوێندنەوە نییە، بگرە پێویستیان بە خوێنەری نەرێنی هەیە، واتە ئەو خوێنەرەی بە چوونە ناخی دەقەکە و بێدەنگکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ. تەنیا ئەو وتارە رێگە بۆ خوێندنەوەی زیندووی ئاشکراکەر خۆش دەکات، کە وێنەکانی چوون یەکن و دەلالەتەکانی تێکەڵ بەیەکترین و، فرە ئاستن و چینەکانیان بەسەر یەکدا کۆبوونەتەوە. ئەو دەقەشی کە بواری خوێندنەوە دەڕەخسێنێ ئەو دەقە زیاتر لە خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێ، خوێندنەوەی ئەو دەقە بەپێی ئاستی خوێندنەوەکانی زۆر دەبێ و هەروەها بەپێی جیاوازی خوێنەرەکانی.

ئەم راستییە بەسەر هەموو خوێندنەوە جیاواز و دەقە جیاوازەکاندا دەسەپێ. خوێندنەوەی زیندووی قورئان ئەوە نییە کە دەقەکانی قورئان ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەقەکە گوتوویەتی، بگرە گرینگی خوێندنەوەی قورئان ئەوەیە ئەو شتانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەقەکە بێدەنگی لێ کردووە، یان لە بیری کردووە و دووری خستووەتەوە... بۆیە خوێندنەوەی ئا لەم شێوەیە وەک وتارێکی مەحکەم و هاوتووخم مامەڵە لەگەڵ دەقدا ناکات، بگرە وەک فەزایەکی کراوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، واتە وەک دەقێکی هەمەجۆر و لەیەکچوو، بە رادەی ئەوەی خوێندنەوەکانی جیاوازیان هەیە لە خۆی و خوێندنەوەکانی لە نێوان خۆیاندا بەو رادەیەش جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هەیە، بەو شێوەی ئیبن عەرەبی دەقی پەیامبەری خوێندنەوە و مامەڵەی لەگەڵدا کرد. هەر گوتنێک رای بگەیەنێت کە باسی ئەو شتە دەکات کە دەقەکە باسی دەکات، مانای وایە ئەو گوتنە هیچ ناڵێ، یان گوتنێکی هەڵخەڵەتێنەرە و بە زمانێکی جیاواز لە زمانی دەقەکە باس لە دەقەکە دەکات، کەچی راشی دەگەیەنێ کە لەگەڵ دەقەکەدا هاوجووتی هەیە، هەروەک ئەو وتارە گوتیارانەی کە مومارەسەی جیاوازی خۆیان لەگەڵ دەقە بنەچەکاندا دەکەن، کەچی هەر خۆیان هەڵدەستن بە کرداری کۆپیکردن، بەڵام بە ناوێکی تر و لەژێر سایەی ئەو دەقەدا.

هەموو دەقە گرینگ و بەرهەمە مەزنەکان وا دەخوازن، ئەو دەقانە خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەیان دەوێ جیاواز بێ لەوەی دەقەکە قسەی لەسەر دەکات. هەر بەم شێوەیە میشێل فۆکۆ دیکارتی خوێندنەوە، بە ئاشکراکردنی روویەکی تری عەقڵی دیکارتی، ئەوەی دەرخست کە وتاری عەقڵ پێوەندی عەقڵ بە ناعەقڵ دەشارێتەوە، واتە ناماقووڵییەتی خۆی دەشارێتەوە. تەنانەت ئەلتۆسیر رای گەیاند کە ئەو بە خوێندنەوەی "سەرمایە"ی مارکس دەیەوێ بیری مارکس لەو خەڵتە ئایدیۆلۆجییە پاک بکاتەوە کە خەڵتانی کردووە. بەڵام ئەلتۆسێر مارکسی لێکدایەوە و خوێندنەوەیەکی نوێی داهێنەرانەی بۆ مارکس کرد، بەخوێندنەوەی مارکس ئەلتۆسێر توانی وێنەی مارکسێکی نوێمان پێشکێش بکات، جیاواز لە مارکسی ئاسایی، هەروەها تیژاێکی نوێی پێمان دا لەسەر مارکسیزم. بۆیە خوێندنەوەکەی ئەلتۆسێر وای لێ هات کە گرینگی خۆی هەبێ و زیاتر جێی باوەڕ بێت، لە هەمان کاتیشدا دەقێکی نوێی جیاواز پێک دێنێ جیاواز لە دەقەکەی مارکس و خوێندنەوەکانی بۆ ئەو دەقە. هەر بە هەمان شێوە جاک لاکان لە خوێندنەوەی بۆ فرۆید هەمان

کاری ئەنجام دا، جاک لاکان توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ لە بەکاربردنی کارەکانی فرۆید بەشێوەیەکی نوێ، ئەویش بە پێوەستکردنی ناهۆشمەندی و زمان پێکەوە، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە لاکان خوێندنەوەیەکی داهێنانەی بۆ عەقڵی ناواخن کرد، وەک ئەوەی باس یان وتار یان دەق خاوەنی بنیاتی زمانەوانی و بوونی سیمبوڵی خۆیان بن. ئەوەی لەم خوێندنەوەیەدا بەسەر دیمەنی رەخنەی دەقدا دێ، بەدەستەوەدانێکی مەعریفییە، جاک لاکان هەندێ ئامرازی نوێ بۆ چارەسەرکردن و قوڵبوونەوە پێشکێش دەکات. لە کۆتاییدا بەڵام دوا جار نا، ئەمە حاڵی جاک دریدایە لەمەڕ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو دەقانەی کە دەیانخوێنێتەوە و هەڵیان دەوەشێنێتەوە. دریدا گرینگی بەوە نادات لەو دەقەدا چی وتراوە و چی راگەیەندراوە، هەروەها گرینگی بە دەق و دەربڕینەکایی نادات، بەڕادەی ئەوەی ئاوڕ لە پەڕاوێز و ژێرنووسەکان دەداتەوە و ئەوەی مەبەستێتی جیاوازی دەق و ناوچە نائارامەکانی دەقە، گرینگی دەدات بەو فێڵ و تەڵەکانەی کە دەق دەینێتەوە.

١٠- راستی و سۆفستیک

بەم جۆرە لای خۆمەوە بەو شێوەیە ئەو دەقانە دەخوێنمەوە کە دەیانخوێنمەوە. من لەو خوێندنەوانەدا ئەو شتانە تێپەڕ دەکەم کە نووسەر ویستوویەتی بیڵێت و یان بیخاتە روو، هەوڵ دەدەم ئەو شتانە ئاشکرا بکەم کە نووسەر لە کاتی قسەکردن و بیرکردنەوەدا نایڵێت و بیری لێ ناکاتەوە. بەم شێوەیە ئیبن عەرەبیم خوێندەوە، بە خوێندنەوەم بۆ ئیبن عەرەبی توانیم لە پشتەوەی وتن و ناماقوڵییەکانی، لۆجیک و ماقووڵییەکان بدۆزمەوە. لە کاتێکدا من رەخنەم لە محەمەد عابید ئەلجابری گرت لەسەر ڕەخنەگرتنی لە سۆفیزم بە دەرخستنی ئەو ناعەقڵانییە شاراوەی کە لە پشت رەخنە عەقڵانییەکەیدایە. هەر بەم شێوەیەش وتاری راستی لای ئەفلاتوون دەخوێنمەوە بە ئاشکراکردنی ئەو شتانەی لە وتارەکانی بەسەریدا تێپەڕیووە، مەبەستم لێرەش سۆفستیکە. لەبەرئەوەی راستی ئەوە نییە کە سوکرات دەیڵێ یان ئەفلاتونی سۆفستیک لە وتەکانیاندا بەدرۆی دەخاتەوە. بگرە راستی لای ئەو کەسەیە لە کۆتاییدا دوا قسە بۆ ئەوە. سوکرات ئەو کەسەیە ئیتر گوتن لەوێدا کۆتایی دێت، نەک لەبەرئەوەی بەڵگەکانی بەهێزترین، بگرە قسە دەبێ لە کۆتاییدا بوەستێ، ئەمەش رووی تێکەڵ و پێکەڵییەکە لە وتاری ئەفلاتوونیدا. ئەو راستی دەشارێتەوە، گەمەکەی ئاشکرا ناکات لە شێوەی دابەشکردنی رۆڵەکان و دابەشکردنی مافەکان. بۆیە ئەرکی خوێنەری رەخنەگر ئەوەیە نابێ تەسلیمی ئەو شتانە بێ کە دەقەکە دەیڵێ، ئەرکی ئەو ئەوەیە خۆی لە دەسەڵاتی دەق ئازاد بکات، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی تێدا بخوێننەوە کە دەقەکە نایڵێ، بەڵام ئەو خوێندنەوەیەش دەبێ لە رێگەی ئەو شتانەوە بکات کە دەقەکە دەیڵێ و هۆکەشی چییە کە ئەو شتە دەڵێ. بۆیە دەق پێویستی بە چاوێکە ئەو شتانە ببینێ کە نووسەرەکەی نەیبینیووە و بە بیریدا نەهاتووە. چاوی رەخنەگریش بۆ ئەم شتە ئامادەیە، چاوی رەخنەگر لە دەقدا بە درێژی و پانی و

قـوولّـی و تەنانەت بـە هـەمـوو ئاراسـتـەیەکـدا دەگـەڕێ و دەپشکنێ، ڕەگـەز و ڕوو و ئـاست و هـەر بەدەستـەوەدانێک کە پێوەندی بە سروشتی دەقەکەوە هەبێ ئاشکرای دەکات، هـەرچییـەک پێوەندی بە یاسـای پێکهاتن و میکانیـزمی کارکـردن هـەبێ ئاشکرای دەکـات، تەنانـەت ئەوەی پێـوەندی بە لۆجیک و بنیاتی ئەو دەقـەشەوە هـەبێ. هاوکێشە سـەختەکەش ئەوەیە: کە خـوێنەر وەک سەنتەرێکی مانا یان فەزای دەلالەت مـامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە بکات کە دەیخوێنێتەوە، واتە مـامەڵەی لەگەڵ بکات وەک بوارێ بۆ گـوتنە جیاوازەکـان، گـەر کراو ئەو مـامـەڵەیە سـەرکـەوتنی بەدەست هێـنا ئەوە ئەو خـوێندنەوەیە بۆ کـردەیەکی مـەعـریفی و ئیـستـاتیکی دەگۆڕێ، لەگـەڵیـدا وتەکـان نوێ دەبنەوە و دەقەکەش چەندبارە دەبێتـەوە. ئەمەش سیفـەتی خـوێندنەوەی داهێنەرانەی زیندووە: مـامـەڵەکردن لەگەڵ دەق وەک بابەتێ بۆ خـوێندنەوە و پشکنین، یان وەک سەرمایەیەک پێویستی بە خەرجکردن و ئاڵۆگـۆڕکـاری هـەبێ، یان بـوارێک بێت بۆ گـەڕان و بـاس و لێکۆڵینـەوە، لۆجـیکێک بێت بۆ پرسیارکاری و ئەزموون. دوا جار ئەگەر بمانەوێ بۆچوونمان بە کورتی بڵێین، ڕەخنەی دەق بەپێی ئەوەی من لێی گـەیشـتووم و مـومارەسـەم کـردووە، برێتی نییـە لە ڕەتکردنەوە و نەفیکردن، بگرە ڕەخنەی دەق برێتییە لە ئاشکراکردنی تواناکان، ئەمەش بەچی دێتە دی؟ بە وەگۆهێنانی وتنەکان و هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنەکان. ڕەخنەی وتاری خود، دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی وەهمەکانی سەروەری و ئازادی و کۆنترۆڵکردن. ڕەخنەی وتاری عەقڵانیش، دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی ئەو ناماقووڵییانەی لە عەقڵدا هەن.

ڕەخنـەی وتاری ئەنتـۆلۆجی، ئەوە دەردەخـات کـە تا چ ڕادەیەک چەمکی بوون مـومـارەسـەی نائامادەیی خۆی دەکات لەمەڕ ئەوەی هەیە و ئەوەی کە دەبێت. لە ڕەخنەی دانەردا، دەردەکەوێ هەروەک چۆن بوونەوەر سـەربەخـۆیە لە خـولّقـێنەرەکـەی، ئاوەهاش بەرهـەم هـیچ پێـوەندییـەکی بەدانەرەکەیەوە نییە. ڕەخنەی خوێندنەوەش، دەری دەخـات کـە خوێندنەوەیەک پێوەندی بە وتە و چەمکەوە هەیە، بە تەواوی ئەو دنیایەی لە بیر چووە کە دنیای ئاماژە و سیمبولەکانە. ڕەخنەی ڕاستیش، دەبێتە هۆی بەدەرخستنی ڕووی سۆفستیک لە وتاری ڕاستیدا.

ئاخۆ ئەوە بۆ هەندێ کەس هەڵدەکەوێ لە ڕەخنەدا شێوەیەکە لە سۆفستیک ببینێ، بەتایبەت ئەوانەی کار لەسەر ڕەخنەی دەق دەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەمەش دەڵێم: ڕەخنەی ڕاستی ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ هەڵوێستێکی سۆفستیک بنیات بنێی، ئەوە دەگەیەنێ کە یەقین ناکرێ شتێکی داخراو بێت، بۆیە ئەم کردارەش لە کۆتاییدا بۆ بەستەڵەکی بیر دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی خولّقاندنی دەمارگیری و پارتایەتی و ڕەنگە ببێتە هۆی توندوتیژی و تیرۆریش. سەرباری ئەوەش بەستەڵەکی بیر و یەقین و دڵنیاخوازی، دژەوشەی سۆفستیک و گومانخوازیی نین. ئەمە چەند بارەکردنەوەی سۆفستیکە.

وتاری یەقین و ناگومانی و ئیحکام ڕاستییەکان تەماوی دەکەن و بەڕادەی ئەوەش ڕاستییەکانی خۆی، واتە میکانیزمەکانی گومڕایی و بەهەڵەدابردنی خۆی دەشارنەوە. بۆیە مەسەلەکە ئەوە نییە دەبێ لە نێوان دڵنیاخوازی و گومانخوازی یەکێکیان هەڵبژێرین، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە پێوەندی

نێوان ئەم دووانە بەچاو ببینین، واتە بینینی راستی نەک وەک دژێکی سۆفستیک بگرە بەمەبەستی دوورخستنەوەی رووە شاراوەکەی تر کە بریتییە لە رووی هەڵخەڵەتێنەر و بەهەڵەدابردن. ئەمەش ئەو شتەیە کە رەخنە ئاشکرای دەکات. ئەوانەی رایان گەیاند، راگەیاندنێکی ناگوماناوی کە ئاگەداری هەموو رووداوەکانن هەر ئەو کەسانە لە مومارەسەکردنی سۆفستیکی داخراو زیاتر هیچ شتێکیان نەکردووە. بۆیە لێرەوە رەخنە پێویستە. راستە بەبێ برێک روونی و دڵنیایی ناکرێ ئاگەداریمان لەمەڕی رووداوەکان هەبێ، بەڵام بەبێ رووە یەقینەکەی، ئاگەداری بوونی نابێت. بەڵام مێژووی راستی ئەوە دەردەخات کە یەقین لەسەر حسێبی راستی تەواو دەبێت، دەڵێن وتاری رەخنە، کە رەخنەی وتارەکانە و خۆشی رەخنەی رەخنەیە، ئەویش دەکەوێتە ناو تەگەرەوە، بەو مانایەی وتاری رەخنە وتارێکە کاتێ کە رەخنە دەگرێ راستی خۆی دەشارێتەوە. کەواتە دەبێ چی بشارێتەوە؟ ئەم پرسیارە هەروا دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی گوتن لە بناخەوە کۆتایی نایە، رەخنەش بەبێ رەخنە نابێ و رەخنەش رەخنەی دەوێ هەتا کۆتاییی..

١١- راستیوسیمبوڵ

بەڵام رەخنەش سنووری خۆی هەیە. من دەزانم رەخنەکانم لەمەڕ دەق بەگشتی و دەقی پەیامبەری بە تایبەتی تەنانەت بە ئاشکراکردنی شتە شاراوەکانیش نابێتە هۆی رازیکردنی سیمبوڵخوازان و شاراوەچییان، واتە رازیکردنی خاوەن دەسەڵاتە سیمبوڵییەکان، مەبەستم ئەوانەیە کە بە زمانی نائامادە قسە دەکەن و بەرگریکەری برواکانن و پاسەوانی ئەو جۆرە دەقانەن، بەگشتیش کار لەسەر سەرمایە سیمبوڵییەکان دەکەن. ئەگەر وتار سەرپۆشێ بێت، دەسەڵاتداریش خۆی سەرپۆشێکە. لەبەرئەوەی خاوەن دەسەڵات و پلەوپایە خۆی لە کەسانی تر بەجۆرێک دەشارێتەوە کە هەموو راستییەکانی خۆی ئاشکرا ناکات. بەڵام ئەوەی خاوەن دەسەڵاتی سیمبوڵییە مومارەسەی شاردنەوەیەکی زیاتر دەکات: ئەو کەسە لە یەک کاتدا هەم خۆی و هەم دەسەڵاتەکەی دەشارێتەوە، ئەو کەسە بەناوێکی نائامادەوە کاریگەری و دەوری خۆی دەبینێ. ئەمەیە گەمەی دڵ و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دڵ: کە بینراوەکان لە پشتی نائامادەبووەکان بشارێتەوە، بەجۆرێک خۆمان بەرامبەر نائامادەییەک دەبینین کە ئامادەیە و بەرامبەر ئامادەیەک کە نائامادەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەوانەی ئەهلی دەسەڵاتە سیمبوڵییەکانن لایەنگری شاردنەوەن نەک لایەنگری ئاشکراکردن، واتە لەگەڵ داخستنن تا کرانەوە. هەر بەم پێیەش لەگەڵ دەق و وتاری پەیامدا مامەڵە دەکەن، بۆیە لەم هەڵوێستەدا ئەوان دژ بەو رەخنەیە دەوەستنەوە، ئەو رەخنەیەی پەردە لەسەر ئەو شتانە لادەبات کە ئاشکرا نەبوون.

بەڵام کارەکە روویەکی تری هەیە. ئەوانەی حەز بە رەخنەی ئاشکراکەر ناکەن، لەگەڵ دەقدا بەو شێوەیە مامەڵە ناکەن کە مافی خۆی بدەنێ، بگرە ئەوان وەک دەسەڵاتێ کە کاری شاردنەوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، مامەڵەی لەگەڵ دەکەن وەک دەقێکی زانراوی پەتی یان وەک دوا

ئاشكراكردن. لەوپەڕی ئاشكرای و زانراویدا ئەوپەڕی شاردنەوە و نەزانین هەیە. ڕاستە دەكرێ لەگەڵ دەقێكدا وا مامەڵە بكرێ كە كتێبێكی زانستییە یان مەوعیزەیەكە یان فیقە و شتێكە بۆ پەرستن. با ئەمە بۆ كەسێك بێت كە دەیەوێ فێربێت و ببێتە فەقییە و ئەدەب فێربێ، یان خەریكی پەرستكاری بێ. هیچ كەسێ نییە كە یەكێ لەم لایەنانەی مەبەست نەبێ، بەڵام گرینگی دەقی پەیامبەری بۆ ئەو خوێنەرانەی كە تینوون بۆ زانین و شەوق و زەوقیان بۆ شتە نائامادەكان هەیە، تەنیا گرینگی ئەو دەقە لە حیكمەت و فەرمایشتەكان و شتە توندوتۆڵ و گرینگەكانیدا نییە، بگرە گرینگی ئەو دەقە لەو لێكچواندنانەیە كە تێیدایە و ئەو سێبەرانەی لەناویدا هەیە، لە كەنار و سنوورەكانیدا، واتە ئەو دەقە كۆمەڵێ ئاماژەن كە دەبێ بكرێنەوە و یان كۆمەڵێ وشەی پڕ سەرسوڕمانن دەبێ گرێ كوێرەكانی ئاشكرا بكرێن. گرینگی ئەم دەقانەش بۆ ئەو كەسانەیە كە حەز بە نوێبوونەوەی خوێندنەوە و مەعریفە دەكەن، نەک بۆ ئەوانەی حەز بە نوێبوونەوەی دەسەڵات و بوون بە پێشەوایەتی دەكەن. ئەم پەیامە بۆ ئەو كەسانەی حەز بە خوێندنەوەی دەكەن بواری ئەوەیان پێ دەدات لایەنە ئاساییەكانی بهێنێتە قسە و لایەنە شاراوەكانی ئاشكرا بكات، بەم كارەشی ئەو خوێنەرە ئەم پەیامە لە ئامرازێک بۆ دەسەڵات پەیداكردن دەگۆڕێ بۆ بوارێكی مەعریفی، لە مادەیەكی بەستەڵەكەوە دەیكا بە وزەیەكی زیندوو. بەڵام ڕكەبەرانی ڕەخنە خوێندنەوەیەكی زیندووی بۆ ناكەن، بەو سیفەتەی ئەو وتارە لە بۆچوونی ئەواندا مەعریفەیەكی مردووە، بەو سیفەتەی كۆمەڵێ حوكم و یاسای بڕاوەیە، یان بەو شێوەیە دەیخوێننەوە كە خستنەڕووی كۆمەڵێ زانیاری ئامادەیە، یان بڕێک تیۆری و ڕاستی جێگیر و بڕاوەن. ئەو كەسانە بەم شێوە مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن، وەک قۆزاخەیەكی خنكێنەر، نەک فەزایەكی كراوە، وەک شێوازێكی داخراو، نەک گوتنێک ئەو شتە وەبەرهەم دێنێ كە جیاوازە لە خۆی، یان بەپێی دەربڕینی ئەدۆنیس ئەوان وەک تونێلێ مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن نەک وەک ئاسۆیەک. هەر لەبەر ئەمەشە ئەوان وەک سەنگەرێک بۆ هێرشكردنە سەر كەسانی تر بەكاری دێنن. ئەمەش شەڕی سیمبوڵییە لە پێناوی ناو و بەرگریكردن لە پرەنسیپەكان. شەڕی سیمبوڵەكان لە هەموو شەڕەكان وێرانكەرترە، ئەو شەڕە ڕاستییەكان دەشارێتەوە، بۆیە ئەوەی دەیشارێتەوە ڕەنگە لە هەموو شتێک بەهێزتر و توندوتیژتر بێت. ئەمەش سیفەتی شەڕی بڕواخوازییە، ئەو شەڕەی سیفەتێكی سیمبوڵی هەیە، جا هەرچ ناوێكی هەبێ. سیمبول شتێكە لە واقیع و ڕاستی نابێتەوە. خوێندنەوەی ئەو شتەیە كە ڕوو دەدا، پێوەندی بەڕاستییەكەوە هەیە، كە ڕوو دەدات و ڕێگەیەكە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ خود و گۆڕان. واقیع خۆی شتێكە گۆڕانخواز، سەرلێتێكدەر و هەڵگەڕاوە و خۆشاراوەیە. لێرەوە ئەوانەی بەرگری لە دەق و سیمبوڵ و ناوەكان دەكەن، ئەوانە لە هەموو كەس كەسانی واقیعیترن، لەبەرئەوەی ئەو كەسانە بەرگری لە دەسەڵات و پێشڕەوایەتی خۆیان دەكەن. هەر ئەوان بەشێوەیەک هەڵسوكەوت دەكەن وەک بڵێی پاسەوانی ناسنامە و زاكیرە و دەقن، ئەوان وەک سیپەیەكی داخراو و وەک سندووقێكی ڕەش و ژوورێكی تاریک مامەڵە لەگەڵ ڕاستیدا دەكەن. بەڵام

تەنیا چوون بەرەو ناو ئەو ژوورە بۆ کردنەوەی سیپە داخراوەکە و هەڵوەشاندنەوەی سندووقەکە، بوار دەڕەخسێنێ بە دەرکەوتنی دنیایەک پڕ لە مانای نوێ، یان کردنەوەی کێڵگەیەکی بەپیتی بیرکردنەوە و داهێنانی کۆمەڵێ ئامراز بۆ چارەسەرکردن، چارەسەرکردنێکی چالاکتر و رووناکتر.

دەزانم ئەم وریاکردنەوەیە، هیچ دەنگدانەوەیەکی لای ئەو کەسانە نابێ کە بیریان قالبی گرتووە و یان وشەکان لەسەر دڵ و چاویان نووسراوە. رەنگە ئەم وریاکردنەوەیە ببێتە هۆی بێدارکردنەوەی ئەهلی (بیرکەرەوە) و ئەوانەی خاوەنی قووڵبینن، ئەوانەشی قووڵاییی هۆشیان بێبنە. یان ئەو کەسانەی ناوەڕۆکیان هەیە و تەنیا بە رووکەشی هەڵناخەڵەتێن و تەماشای ئەو شتانە ناکەن کە گوتراوە، بگرە قووڵ دەبنەوە و داوای ئەو شتانە دەکەن لە ناخن و شاراونەتەوە و لە بنی بنەوەن، واتە داوای "مانای مانا دەکەن". خودی مانای ماناش هەر رووکەش و رووی سەرەوە و شێوە و شێوەگرتوو و دالە، کە خۆی شاردووەتەوە و گۆڕاوە بۆ قووڵایی و نابینراوی و ناوەڕۆک و ناواخن.

بەم مانایە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مانای مانا، "کرۆکی زانستە" و هەر کەسێک ئەو کرۆکە بدرکێنێ ئەوە پێی دەڵێن تۆ لەو کەسانەی کە"بتپەرستی"، هەروەک لە دێریندا بە کەسانێکیان وا دەگوت، بگرە لە رێگەی مانای ماناکانەوەیە لە دەسەڵاتی دەقەکان رزگارمان دەبێت و چیی تر وەک کۆمەڵە بتێک بۆ پەرستن مامەڵەیان لەگەڵ ناکەین. ئەوەتا دەبینی من کەلەپوور دەخەمە کار و هەندێ دەستەواژەی دەقی قورئانیش بەکار دێنم. جارێکی تر ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو رەخنەیەی مومارەسەی دەکەم برێتی نییە لە رەتکردنەوە، ئەوەی من دەیکەم رەخنەیەکە بەدوادا دەچێ و شتەکان ئاشکرا دەکات. کاتێ دەقێک دەخوێنمەوە و رەخنەی لێ دەگرم رەتی ناکەمەوە، رەتکردنەوە هەر هیچ مانایەکی نییە، هەر سوودیشی نابێ، بگرە ئەوەی من دەیکەم پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ ئەو دەقە دادەمەزرێنم، نەک بەو سیفەتەی ئەو دەقە دراوێکی بڕواخوازییە، یان چارەیەکی زانستییە، یان ستراتیجێکی دەسەڵاتخوازییە، نەخێر ئەوەی هەیە ئەو خوێندنەوەیە سامانێکە لە ئاشکراکردنی ئیستاتیکی و سەرمایەیەکی کولتووری مەعریفی و فەزایەک بۆ شیکردنەوەیەکی کراوەی ئازاد. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە: کە دەبێ هەوڵ بدەم لە دەق رزگار بم، هەر بەخۆی خۆم رزگار بکەم. ئاخۆ ئەم شێوە رەخنەیە دەچێتە بازنەی رەخنەی یاساغەوە؟ یان کولتووری ئێمە ناتوانێ بچێتە ژێر باری ئەم جۆرە رەخنانەوە؟ ئەگەر وابێ کەواتە کولتوورەکەمان توانای سەرختێتی نییە.

سەرچاوە: علي حرب، نص و الحقيقة ١ ، نقد النص، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثالثة ٢٠٠٠

..................

١- من وای دەبینم کە "رەخنەی دەق" "چەمکی دەق" تێ دەپەڕێنی، هەروەها "دەسەڵاتی دەق"یش تێ دەپەڕێنێ، لەبەرئەوەی رەخنە لەلایەک ئاشکراکردنی ئەم چەمکەیە و لەلایەکی ترەوە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی دەقە.

# بەدرێژاییی ڕێچکەی ڕێگەکە
# کیسەڵەکان بە دوای یەکتردا ڕیز دەبەستن

ئامادەکردنی ماجید نووری

## بۆچی پێویستیمان بە حوکمی یاسایە؟

لە ساڵی ١٧٦٦ دا، "جۆن ئادەمز" لە ڕاگەیاندنێکدا ئەو حەقیقەتەی ئاشکرا کردەوە کە (ئەمەریکا لە کۆمەڵێک یاسا پێک دێت، نەک لەو فەرمانڕەوایەتییەی کە لەلایەن پیاوەکانییەوە پیادە دەکرێت)..

کەسانی سیاسەتمەدار لە هەموو چین و توێژەکان و بە هەموو بیر و بۆچوونەکانیانەوە، ئەم گوزارشتەیان لە زۆر شوێن و کاتی جیاوازدا دووپات و دەپات کردووەتەوە و وەک هەڵوێستێکی ڕەوشتبەرزانەش لە بۆنە جیاجیاکاندا دەیانوتەوە. ئەم ڕێککەوتن و هاوڕابوونە سەرسوڕهێنەرەی نێوان چین و توێژە سیاسەتمەدارەکان لەسەر ئەو وتەزا دیاریکراوەی ئادەمز دەکەوتنەوە، تەنانەت ئەگەر خیتابێکی ئاسایی بوو بێت، ئاماژەدانێکی ئاشکرا بووە بەو هێزی فیکر و حوکمی یاسایەی کە لە پشتەوەی وتەزاکەوە واتا و مەغزای قووڵی لەخۆ گرتووە.

هەبوونی حوکمی یاسا چ واتایەک دەگەیەنێت؟

بەربەست دانان یان ڕەتکردنەوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی پیاوان لەلایەن خودی جۆن ئادەمزەوە، دواتر دانانی (حوکمی یاسا) لە جیاتی فەرمانڕەوایەتیکردنی ئەوان، بەشێکی گرینگی پڕبایەخمان لە وەڵامەکە پێ دەداتەوە. لەبەرئەوەی (نەتەوەیەک لە پیاوان) بریتییە لە حکوومەتێک کە بە ئارەزووی فەرمانڕەوایەتی و حەز و هەوەسی پیاوەکانی حوکمی تێدا بکرێت، ئەوەش لە شێوەی حوکمی پیاوانێک کە لە حوکمکردنی خەڵکاندا هیچ کۆتوبەندێک بۆ وارِسک و ئاکار و ڕەفتارەکانی خۆیان دانەنێن.

ناکۆکییەکانی ناو حکوومەتیش بەپێی حەز و ئارەزووی دەسەڵاتدارانەی خۆیان دروست بکەن و بیانووروژێنن، نەک بەپێی پابەند بوون بە ڕێبازە ژیاندۆستە مرۆییەکانەوە، لەبەرئەوەی گەر وابەستەیی و پابەندێتی بەو ڕێبازە مرۆییانەوە بوونی هەبێ، ئەوا ئەندامان و تاکەکانی ناو کۆمەڵگە ناکەونە ژێر جڵەوی ڕەهای حاکمدارانەوە.

بەڵام لە گرووپی حوکمەتی پیاوانی حاکمداردا کەس ناتوانێت لە جڵەوی پیاوانی حوکمدار دەربازی بێت. لەلایەکی ترەوە مەسەلەی ئازادی و داد و حەقخوازی لەناو گرووپی نەتەوەی یاسادا بەجۆرێکی ترە، بۆ نموونە لەمیاندا واتە لە نەتەوەی یاسادا لە دەرچواندنی فەرمانەکاندا ڕێبازی مرۆیی پێش هەموو شتانێک دەخرێت. تەماشای ئەم پرسیارە سادەیە بکەن.

بە نموونە "لەسەرئەوەی کە پێویستە، مستەرجۆن، قەرزەکەی بە، میسس ماری، بداتەوە، ئەمەش لەناو گرووپی نەتەوەیەکدا کە پیاوەکان حوکمی تێیدا دەکەن، نەک یاسا حاکمدار بێت تێیدا . لێرەداحەقیقەتی ئەم قەرزە دەبێتە بابەتێکی لاوەکی و هاکەزایی، ئەوەی گرینگیش بێت، خاوەندارێتی (جۆن)ە کە لە پلەی (ماری) بەرزترە..

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ماری بیسەلمێنێ کە جۆن پارەی بە قەرز لێ وەرگرتووە و نەشیگەڕاندووەتەوە، لێرەدا بنەواکانی یاسای گرێبەست لەسەر جۆنی فەرز دەکات بە بێ چەندوچوون ئەو قەرزە بۆ ماری بگێڕێتەوە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدرێت داخۆ دەسەڵاتی جۆن بەرزترە لە دەسەڵاتی ماری یان نزمترە، بە شێوازێکی تر ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دوورن لە حوکمی یاساوە، ئەوانە لە ژیانێکی سروشتی سادە و خاکڕایی و سەرەتاییدا ژیان دەگوزەرێنن، هەروەکو هۆبز بەو شێوەیە وەسفیان دەکات، کە ئەو جۆرە نەتەوانە خوویان گرتووە بە ملکەچکردنەوە، یان بە سەرشۆڕدکرنەوە فرچککگرتوون، تەنیا بە دەستێوەردانی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتدارانەوە نەبێت، کاریان پێ ناکرێت و بە هیچ کلۆجێک ناتوانن لەو شێوەژیانەی کۆیلایەتی خۆیان هەڵبێن، بەم جۆرە خووگرتن و ڕاهاتنەوەوە، زۆرجاران کەسەکان دەست لە ئازادی بەر دەدەن و بەحوکمی ڕەهای حاکم و فەرمانەکانییەوە گیرۆدە دەکرێن، ئەوان بەردەوام ملکەچبوونیان پێ قبوڵە بە هەنجەتی ئەوەی لە زیانی گەورە و گوناهی گەورە خۆیان بپارێزرێن، ئەوانە لە شەرێکی کۆ دژ بە کۆدا کاتەکانیان لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبەن" مارکیز لە دیمانەیەکیدا کە لەسەر ڕۆمانی (پایزی پەتریارک) پرسیاری ئەوەیان لێ کرد داخوا بۆچی زۆربەی کاراکتەری ڕۆمانەکانی لەناو ڕووداوەکاندا خوویان بە ملکەچبوونەوە گرتووە؟ وتی: ئاخر ئەو ملکەچبوونەی هەمووان کە بۆ حاکمانە و لە کۆنەستی هەمووواندا بنکڕ دەگرێت، وا لە فەرمانڕەوا دەکات ببێتە دیکتاتۆر بەسەریانەوە.

وەڵامی مارکیز لێرەدا تەواو، کە بە پەڕاوەکانی مێژووشدا دەچمەوە زۆر گەلان دەبینمەوە کە لە چاوەڕوانی ڕزگارکاران بوون و دواتر لە کاتی دوورینەوەی بەروبوومدا بە ڕەهایی شوێنیان کەوتون

و خۆیان کردووەتە کۆیلەی بەردەستی ڕزگارکارانیان (وەرگێڕی کوردی) بەڵام لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە بە تەنیا یاسا حوکمی سەروەرانەی تێدا بکات، تاکەکان نە لە حاکمان و نە لە دراوسێیەکانیان دەترسن، هەموو ناکۆکییەکان لە میانەی ڕێبازگەل و پێوەری یاساییەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت، بە تایبەت ئەو ڕێبازانەی کە پێشتر لەلایەن هەمووانەوە بە ڕێبازی فکری خالیسی مرۆیی ناسراون، لەو مابێنەدا تاکەکان هیچ هۆیەک نابیننەوە تا بە بێ قەید و شەرت بۆ دەسەڵاتی ڕەهای حاکم سەریان شۆڕ بکەن "ئەوەی کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە دەزانرێت ئەوەیە کە حوکمی یاسا زۆر بەربڵاوتر بووە تێیاندا، هەروەکو بروس بینسون لە کتێبێکیدا بەناوی کاری یاسایی، بوونی حوکمی یاسا پشتڕاست دەکاتەوە و بەوەی گوایە ئەو حوکمە، لەناو ژمارەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگەکانی پێش ڕێنیسانسدا تاو و برەوی زۆری هەبووە. (وەرگێڕی کوردی) لە کۆمەڵگەیەکدا کە حوکمی یاسا بەڕێوەی ببات پێویستە بە وردی تێبینی دوو هۆکاری سەرەکی بکەین:

یەکەمیان: ئەو ڕێبازانەی ناکۆکییەکانی نێوان مرۆڤەکانی پێ چارەسەر دەکرێن، لە شێوەی ئەو ڕێبازانەشدا بابەتگەلی زۆر هەن کەپێشتر لە قالبی یاسادا داڕێژراونەتەوە. لەم بارەیەوە بە نموونە پێش ئەوەی (جۆن) پارە لە (ماری) قەرز بکات ئەم ڕاستییە دەزانرێت، لەبەرئەوەی بەڵێندان بە گەڕانەوەی قەرز بۆ خۆی دەبێتە فەرمانێک و ئەرکێک کە حەتمەن جێبەجێکردنی بەدوادا دێت.

دووەمیان: ئاکامەکانی چەسپاندنی ئەم ڕێبازانە لە چارەسەری هەر ناکۆکییەکدا ناوەستێتە سەر جەمسەرە ناکۆکەکان، واتا خەڵکە بەهێزەکە وەک لاوازەکان هەمان یاسایان لەسەر جێبەجێ دەکرێت. دەوڵەمەندەکان بەهاوتای هەژارەکان هەمان حوکمیان بەسەردا دەدرێت. ئەمە بۆ خۆی زەرورەتێکە، بەڵام مەرجێکی تەواو نییە بۆ سەروەربوونی حوکمی یاسایی.

ئێمە لە هەندێک کاتدا ناوەڕۆکەکانی حوکمی یاسا وەک کارێکی ئاسایی ڕۆژانە تەماشا دەکەین. ئەگەرچی پێشتر ئەم یاسایانە لەژێر سایەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا دەشاردرانەوە یان بزر کرابوون. بۆ نموونە ئیمپراتۆری ڕۆمانی (گالیگۆلا) فەرمانێکی دەردەکرد تا بڕیار و فەرمانەکانی خۆی بەپیت و وشەی زۆر بچووک بنووسرێنەوە. هاوکات لە شوێنی بەرزیشدا هەڵبواسرێن، تاکو کەس نەتوانێت بەو تاقە بەرزانەوە بیخوێنێتەوە، یان کەس نەتوانێ بە ڕوونی بیانبینێت و نەتوانن بە وردی لێیان تێ بگەن. ئەمەش وەک جەختکردنەوەیەکە بۆ سووککردنی قەبارە و کێشی خەڵکی و هەروەها بۆ ئەوەی هاوڵاتییان لە توانایاندا نەبێت لەو ڕاستییانە ئاگەداربن داخۆ پێشێلکارییان لە یاسادا کردووە یان نا.

بە تەنیا ئەم هەلومەرجە دروست کراوە بەسە بۆ ئەوەی حوکمی دیکتاتۆرانەی گالیگۆلا تەمەنی بەرەو کۆتایی بچێت و حوکمەکەی نەمێنێت، بەڵام هەلومەرجی وا بەس نییە بۆ ئەوەی بە

کۆمەڵگەیەکی ئازادمان بگەیەنێت. پێویستە ناوەڕۆکی یاسا لە چوارچێوە بنێین، لەبەر دوو هۆکاری بنەڕەتی:

یەکەم: تا حوکمی یاسا بوونی هەبێت. کە بەهۆی ئەو حوکمەوە (جۆن و ماری) مافی موڵکایەتیی خۆیان بپارێزن. تا هەردووکیان وەکو یەک و هاوشانی یەکتر بتوانن سامان کۆ بکەنەوە و پڕۆژەیەک بکەوێتە نێوانیانەوە.

دووەم: پێویستە توانامان هەبێت لەسەر دوورخستنەوەی شێوازی سیستەمەکانی دیکتاتۆریی لەوانە شێوازی فاشییەت و شیوعییەت. کە ئەم شێوازانەی ناویان دەهێنرێت خەڵکی بەچەند یاسایەکی تایبەتمەندەوە کۆتوبەند دەکەن و دەست و پێیان دەبەستنەوە، لە ڕاستیدا ئەم یاسایانەش بەهۆی بۆنەی تایبەتییەوە و لە بارودۆخی هاوشێوەی یەکتردا داڕێژراونەتەوە. یان هەڕەمەکیانەن، وەک چۆن یاساکانی گالیگۆلا لە پێناوی مانەوەی بەردەوامیی ڕێبازێکدا بە وردترین پیتەوە لە بەرزترین سەکۆدا هەڵواسراون. بۆ نموونە ڕێژیمی نازی لە ئەڵمانیا، زۆر یاسا و ڕێگەی یاسایی هەبوو کە لە زۆربەی بۆنەکاندا جێبەجێ دەکران. وەک یاساکانی نۆرنبێرگی شەرمهێن و حەیابەر.

کە تێیدا هاوسەربەندی لە نێوان هاوڵاتییانی ئەڵمانی و ڕەگەزەکانی تری مرۆڤدا حەرام کرابوون. واتا لە سایەی ئەو یاسایەدا نەتەوە و ئیتنییەکانی تری مرۆڤایەتی بە نزمتر تەماشا دەکران. هەر ئەمەش حاڵی زۆربەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناو مێژوو بووە. زۆربەی کاتیش جێبەجێکردنی ئەم جۆرە یاسانە بە هەڕەمەکیانە و لەناکاودا ڕادەگیران، بێزلێبوونەوەی خەڵکی و بێزاربوون و نیگەرانییان بەرانبەر ئەم جۆرە ڕژێمانە تەنیا بەهۆی چەسپاندن و جێبەجێکردنی ئەو حوکمە خراپانەی دەسەڵاتدارانەوە نەبووە، بگرە بەهۆی سزا سەختەکانییانی حاکمانەوە بوون، کە زیانی گەورەی بە کۆی مێژووی مرۆڤایەتی دەگەیاند. بە سروشتی حاڵ یاساکانی نۆرنبێرگ لەسەر بناخەی ڕەگەزپەرستێتی داڕێژرابوونەوە. یاساگەلێکی ڕاسیزمییانە بوون، کە جیاوازییان دەکرد لە نێوان ئەڵمانی ڕەگەز و جوولەکە رەگەز و ئەوانی تری بەڕەگەز جیاواز کە هاوخوێن و هاوڕەگەزی ئەڵمانیایی نەبوون.

ئەم جیاکارییەش تا ڕۆژی ئەمڕۆمان لە دووتوێی بابەت و دۆسیەکانی دنیای یاسادا هەر بە نایاسایی و بە ناهەمواری باسیان لێ دەکرێن. بە تەنیاش لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا، ئەم ڕەگەزپەرستییە سەنگی دانەکوتابوو، لە شوێنانی تریش و لە سەردەم و بارودۆخی دتریشدا یاسای ڕاسیزمی هەبوون، کە بە پلەیەکی نزمتر تەماشای خەڵکانی ئەفریقیایی دەکرا. بەتایبەت پێش هەڵگیرسانی شەڕی ئەهلی لە ئەمەریکا کە تاکو ئەمڕۆش هەندێک لە یاساکانی ڕەگەزپەرستێتی لەناو ئەمەریکادا ماونەتەوە.

وەکو چۆن بە ئاشکرا جیاکاری دەکرێت لە نێوان خەڵکی دوورگەی هاوای بەڕەچەڵەک رەسەن و

خەڵکی هیندی ئەمەریکایی، لە نیوزلەنداش ئەم یاسانە تا ئێستا سەنگ و بوونێکی قورسیان هەیە، ئەوانیش لەسەر بناخەی ڕەگەزایەتی و ئیتنی و نەتەوەیی و ئاینی کار بە یاساکان دەکەن "لە عێراقیشدا سەردەمانێک بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی بە چاوی هاوولاتی پلە دوو تەماشای کورد و تورکمان و نەتەوەکانی تریان دەکرد و بەو هەنجەتەوە لە ڕووی ڕەگەزییەوە پاکتاویان دەکردن یان ڕایان دەگواستن و شالاویان بۆ دەهێنان و قڕیان دەکردن، بە مەرجێک ئەو نەتەوانە لە ڕەچەڵەکەوە نەوەی ئەم خاک و ئاوە بوون کە ئێستا لەژێر ناوی عێراقدا کراوەتە ولات ئێستا هەمان حاڵەت لە سووریا پیادە دەکرێت تەنانەت زمانی نیشتمانیی کورد قەدەخەیە و ڕەگەزنامە نادرێتە کوردانی ئەو ولاتە کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەوێن. (وەرگێڕ) تەنانەت لە یاساکانی کاردا جیاکاری و رەگەزپەرستی جێبەجێ دەکرێن. هەروەکو چۆن جیاکاری لە نێوان منداڵ و گەورەدا دەکرێت، یان لە نێوان بەڕێوەبەر و فەرمانبەردا، یان لە نێوان خاوەن پێداویستی تایبەت و خەڵکی ئاساییدا، بەو شێوەیە جیاکاری لە نێوان خەڵکی بەڕەچەڵەک ڕەسەنی شوێنێک و خەڵکانی تری نیشتەجێی ئەو شوێنە دەکرێت.

یەکێک لە بنەوا جەوهەرییەکانی ڕێژیمی باوی یاسایی سەردەمی ئێستا، ئەوەیە کە مافەکانمان پشت بەو ریزبەندییە لۆجیکییە ببەستێت کە یاسا ڕێکی خستوون. بۆیە مامەڵەکردنی تاکەکان تەنیا میراتییەک نییە لە ڕابردووی دیکتاتۆرەکانەوە بە میراتی بۆ سەرتاسەری دنیا مابێتنەوە. بەڵکو مەسەلەیەکی ڕاستەقینەن و لە سیستەمی یاسایی ئێستاشدا مامەڵەیان پێ دەکرێت.

## دانانی دیسپلین بۆ ناوەڕۆکی یاسا

دانانی دیسپلین بۆ ناوەڕۆکی یاساکان، پێویست بەوە دەکات دەسەلاتەکان کۆتوبەند بکات، هەر تیۆرییەکی مەعقوڵیش بۆ حوکمی یاسا دابندرێت، پێویستە جیاوازی بکات لە نێوان سیستەمی یاسای نازییەت و هەروەها سیستەمی یاسایی کۆمەڵگە ئازادەکان. حاڵەتی نێزیکتر لەمانە پێویستی بوونی مرۆڤە بە دانانی کۆتوبەندی زیاتری ناوەڕۆکەکان. هەروەکو لە چەند مەسەلەیەکی سەرسوڕهێنەردا دەردەکەون.

بیرۆکەی ئەوەی کە حوکمی یاسایی پێویستی بە کۆتوبەند بێت ئەمە لە دەسەلاتی یاسادانەراندایە. بۆ نموونە "هانس کیلسن" کە یەکێکە لە زانا ناودارەکانی دانانی بەند و بڕگەی یاسایی لە سەدەی بیستەمدا کە تا دوا ساتەکانی تەمەنی ناچار بوو لە ئەڵمانیا هەڵبێت، ئەوەش کاتێک کە هیتلەر هاتە سەرحوکم، لەو بڕوایەدا بوو کە یاسای نازییەت وەلامدەرەوەی دەستنیشانکردنی یاسایەکی رەگەزپەرستانەیە. ئەوەی کە ڕێگەی خۆشکردبێ بۆ دانانی ئەم یاسا راسیزمییە؛ چاوپۆشیکردنی دەوڵەت بوو بۆ پشتگیریکردنی فەرمانەکانی هیتلەر، کاتێ هیتلەر بە بەردەوامی هەڕەشەی دەکرد کە هێز بەکار دەهێنێت، ئەم کۆتوبەندانە بەسەر ناوەڕۆکی

یاساکانەوە تاکو ئێستاش لە هەموو دنیادا دەخوێنرێت، بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە یاساکانی مەدەنی تێدا چەسپێندراون. یەکێک لەو کەسانەی کە بەم تیۆرە سەرسامە "ریچاردبوزنەرە" کە کەسایەتییەکی خاوەن دەسەڵاتە لەناو داوودەزگا یاساییەکانی ئەمەریکادایە. خۆشبەختانە بەهۆی پێگەکەیەوە فیقهی یاسا لەلای بوزنەر، باشترە لە فیقهی یاسایی "کلیسن"، مەسەلەیەکی ترمان هەیە ئەو کۆتوبەندانە لە کوێ بدۆزینەوە کە دەمانەوێ بەسەر کۆمەڵدا فەرزیان بکەین، لە کتێبەکەی کلیسندا "کورتەی مێژووی زەمەن"ی زانای بەناوبانگ "ستیف هۆگنج" ە کە چیرۆکێک لەسەر جیهان دەگێڕێتەوە، دوای ئەوەی موحازەرەیەکی لەسەر دروستبوونی سیستەمی خۆر و گەردوون وتووەتەوە، ئافرەتێکی بەژن کورتی بەساڵاداچوو لێی هاتووەتە پێشەوە، پێی وتووە ئەم بابەتەی تۆ چڵەپووشێک ناکات، لەبەرئەوەی هەموو کەسێک دەزانێت زەوی تەختە، ئەم تەختایی و هاوسەنگبوونەی زەوی لەوەوە هاتووە کە زەوی بەسەر پشتی کیسەڵێکی زەبەلاحەوەیە، زاناکەش بە پرسیارێک وەڵامی داوەتەوە "ئەی کیسەڵەکە بەسەر پشتی کێوە خۆی گرتووە.؟"

پیرێژنیش وتویەتی "بەسەر پشتی کیسەڵێکی زەبەلاحترەوە و بە درێژایی ڕێگەش کیسەڵەکان ڕیزیان بەستووە و بە یەک ئاراستە و ڕێچکە بەدوای یەکتردا دەڕۆن" بۆ نەهامەتیش هەر هەموو ئەو هەوڵە زۆرانەی کە دەدرێن بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانی ئەو کۆتوبەندانەی لە سیستەمی یاسا دەپێچنەوە، لەو خاڵەدا دەسووڕێنەوە کە بە دوای ژمارەیەکی زۆری کیسەڵە ڕیزبەستووەکاندا بگەڕێین، ئەو کیسەڵانەی بە بەردەوامی لەسەر پشتی یەکتر داندراون و بە درێژایی ڕێگەکەش بە دوای یەکدا ڕیزیان بەستووە. هەروەکو "فریدریک هایک" لە ساڵی ١٩٧٣دا سەرنجی داوە لەوەی کە چۆن گرفتە سەرەکییەکە لە سیستەمی یاساییدا خۆی دەبینێتەوە، لە کاتێکدا جەبرییەتی هەر سیستەمێکی تایبەتمەند بە ڕەفتاری مرۆڤ ڕەت دەکرێتەوە، گەر هاتوو ئەو سیستەمە یاساییە لە داڕشتنەوەکانیدا پاساوی لۆجیکی تێدا نەبێت.

ئەم گرفتە بە درێژایی سەدەی ١٩ درێژەی هەبووە، هەروەکو چۆن بە درێژایی سەدەی بیستەم، پلاندانانی ئابووری ناوەندی سەنترالیزمی، سەرکۆنەی ڕژێمی ئابووریی بازاڕ دەکات، هاوکات پلاندانانی یاسای ناوەندیی سەنترالیزمی بە بەردەوامی پاڵ دەنێت بەو یاسایانەی کە پشت بەستوون بە داب و عورفی نەنووسراوەوە تا وەلایان بخات و لە پێش خۆی دووریان بخاتەوە، لە ئاکامی ئەمانەشدا بەدرێژایی هێڵەکە، کیسەڵە زۆرەکان کە لەسەر پشتی یەکترن بەڕێوە دەچن و ڕێچکەیەکی درێژی بێ بڕانەوەیان لە دوای یەکترەوە گرتووە، بەواتای خاوەنی تیۆرە یاساییەکان چەند بیانەوێت سیستەمە ئاساییە ئاڵۆزەکانی خۆیان فەرز بکەن و لەسەر کۆمەڵگەی جێبەجێی بکەن، وەک ئەوە وایە کیسەڵ لەسەر کیسەڵ دابنێن و بەدوای یەکتردا ڕیزیان بکەن، بەبێ ئەوەی پاساوێکی لۆجیکی لەو یاسانەدا بەدی بکرێن کە دەینووسنەوە.

## سەرچاوەکانی دەرەوەی کۆتوبەند

یەکێک لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان بۆ دۆزینەوەی کۆتوبەندی حیسی و زانراو، ڕوانینێکی قووڵە لە دەرەوەی سیستەمی یاسایی، بەتایبەت ڕوانینێکە بۆ کۆمەڵی ڕێبازی تایبەتمەند کە لە دانانی یاسادا ڕێنوێنی دادەنێن، لەوانە بزاڤی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، مارکسییەت، فاشییەت، یاسای خواوەند، یان هەر ئایدیۆلۆجیەتێک کە لە زەمانێکدا باو بووبێت، هەموویان گیرۆدەی دەستی گرفتەکەی کیسەڵەکانن، بە سروشتی حاڵ، لەبەرئەوەی زۆر بە سادەیی و ئاسان دەکرێت پاساو بۆ سیستەمە یاساییەکان بدۆزرێنەوە، هەروەکو چۆن پاساو بۆ بیروڕای تایبەت دەدۆزرێتەوە، لە کۆتاییی هەموو تیۆرێکیشدا بەگشتی هەمووان ڕازی دەکرێن لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی دەوڵەت بخرێتە ژێر سایەی یاساوە. واتە یاسا سەروەر بێت بەسەر هەموو دەزگا دەوڵەتییەکانەوە، بێگومان کیسەڵەکەی تر کە لە پشتییەوە دەڕوات مەسەلەی نەهێشتنی ناکۆکییە لە نێوان خەڵکدا، بە بەکارهێنانی تیۆرێک.. بۆ ئەو کەسانەی کە یاسا وا دەناسێنن کە گوایە تەنیا فەرمانی حاکمێکە، ئەمە بۆخۆی گرفتێک نییە، خاوەنی ئەو ئایدیۆلۆجییەتەی ئەم تیۆرە بەکار دێنێت، فەرمان لەسەر هەمووان دەدات کە بەم شێوەیە بیر بکەنەوە.

پێویستە سوپاسگوزاری دەسەڵاتدارێک بین، کە لە شێوەی تاڵیبان و خەمیرە سوورەکان نەچێت، من لێرەدا مەبەستم نییە بڵێم، بڕوای ئاینی و فەلسەفی هیچ ڕۆڵێکیان سەرەکییان لە ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانم نەبینیوە، بگرە بڕواکانن، کە قەناعەتی زۆرمان بۆ دروست دەکەن، گرفتەکە لەوەدایە بڕواکانی من، هەموو دەرفەتەکان بقۆزنەوە بۆ کاریگەری خستنە سەر بڕوای کەسانی تر و بە توێژی بیر و رایان پێ بگۆڕێت.

فایلی دوور و درێژی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دەکەونە دەرەوەی سیستەمی یاسایی، تەنانەت ئەوانەشی کە سیستەمی ئاینی و سیاسی و ڕەوشتگەرایی وەک بناخەیەک بۆ کۆتوبەندکردنی یاسا دادەنێن و، لیبرالی نین، ئەو کۆمەڵگانەن کە ئەزموونێکی بەختەوەرانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نیشان نادەن، بە نموونە سیستەمی یەکەتیی سۆڤیەت، یان تاڵیبان لە ئەفغانستان، کە کۆمەڵێکن لە بیر و بڕوای توندڕۆ بەسەر کۆمەڵگەوە، پشتیان بەستووە بە ڕێسا دەرەکییەکانی کە لە بڕواکانیانەوە هەڵدەقوڵێن.

ڕێساکانیان کردووەتە سەرچاوەیەک بۆ داڕشتنەوەی یاسا لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتییاندا، هەروەها کۆمەڵگەیەکی وایان دامەزراندووە کە پڕ بێت لەدادگەدانی ناقۆڵای هەزەلی و سیاسی و ئاینی، یان جینۆسایدکردنی خەڵکی یان لەناوبردنی ئازادییەکان و بەهەدەردانی ئابووریی گشتی. وانەی سوود لێوەرگیراو لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەکمان هەبێت خەڵکی تێیدا ئازاد بن لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان، هەروەها لە وەرگرتنی زانیاری لەبارەی فرەدینی و فرەڕەوشتی، گەرچی بەم سەرچاوانە ناتوانین دەسەڵات کۆتوبەند بکەین، تەنیا بەو شێوەیە نەبێت کە فتیلەی ناکۆییەکان

گرِ بدەین، چ لە نێوان ئاینەکان و یان لە نێوان ڕێژیمە رەوشتییەکان. ئەگەر واش نەبێت مەسەلەکان ناورووژێن، لەبەرئەوەی بە خرۆشاندن و وروژاندن گرفتەکان دێنە بەرچاو، سەرچاوەیەکی تری کۆتوبەندکردن، کورتکردنەوەی ئەو بابەتانەیە کە یاسایان بۆ دادەڕێژرێتەوە، وەک دانانی یاسا بۆ ڕێکخستن و چاککردنی ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەناو یەکتریدا، واتە ڕێکخستنی پێوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەکانی ترەوە، بە نموونە دەتوانین ئەم لایەنەیان جێ بێڵین بۆ مینبەر و سەکۆی ئامۆژگارییەکان، یان بۆ ئامێرەکانی ساردکردنەوەی ئاو.

یان بۆ ئەو ڕێگایانەی کە دەسەڵاتی فیدراڵی لە توانایدایە، یاسایان لەسەر دەربکات، بە بارتەقای ئەمانە ئەو کەسانەی دەستوور دادەنێن، حکوومەتی ناوەندی دەخەنە ناو پێوەر و پێوانەیەکی تەسکەوە، هاوکات ستراتیجیەتێک بۆ بەرفراوان نەبوونی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی ناوەندی دادەڕێژنەوە، هەر کاتێک حکوومەتی فیدراڵیش لە دەسەڵاتدا سەقامگیر بوو، هەر کاتێک بوو بە لۆبییەکی بەردەوام بۆ بەرفراوانبوونی دەسەڵاتەکانی، ئەوا بەپێی کات وردەوردە ئەو کۆتوبەندانە هەڵدەوەشێنەوە کە دەستوور فەرزی کردوون، بە نموونە دادگەی باڵا ڕێگە دەدات بە بەرفراوانکردنی دەسەڵاتەکانی کۆنگرێس، لەسەر بازرگانیکردن ئەوەش بەپێی بڕگەیەکی تایبەت، کە ئەمەش لە دەستووردا بەم شێوەیە هاتووە "مادەی یەکەم، بەشی هەشتەم، بەندی سێیەم.

کە لە بیرورِایەکی یاساییەوە دەرچووە لە ساڵی ١٩٤٢ لەدادگەدانەکەی ویلکارت باس کراوە، کە تێیدا هاتووە" کۆنگرێس دەتوانێت پشت ببەستێت بە دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ ڕێکخستنی بازرگانی لە نێوان هەرێمەکاندا. هەروەها بۆ سزادانی جووتیارانی گەنم کە بۆ بەکاربردنی شەخسی، زەوییەکانی خۆیان چاندووە، هەمان یاسا لە بەکارهێنانی ماریۆنا بەکار هاتووە، ئەگەرچی دادگەکان لەم دواییەدا، بیرۆکەی سەڵاحیاتی هەمەجۆریان زیندوو کردووەتەوە، وەک کۆتوبەندێکی کارا بۆ بەستنەوەی حکوومەتی فیدراڵی، ئەوەشمان لە یاد نەچێت هەموو ئەو پاڵەپەستۆیە قورسانەی دەخرێنە سەر دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی دەستووری نووسراوەوە، پێویستیان بە چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوامە، پێویستە ئیعتراف بکەین کە ئەو کۆتوبەندانە لەژێر پاڵەپەستۆی بەردەوامی حکوومەتەکان و گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتدا بە پێی ڕۆژگار کاڵ دەبنەوە و نامێنن.

## ڕێگەچارە.. بەپێی تێڕوانینی هایک

کەواتە لە کوێوە دەتوانین سەرچاوەی کۆتوبەند بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی لەژێر سایەی فەرمانی یاسا بژیێن، نەک لەژێر فەرمانی حوکمی کەسەکان؟ لەو ڕووەوە هایک بە دوور و درێژی لەسەر یاسا دەنووسێت، بە پشتبەستنی تەواوی بە بیرورِای قوتابخانەی نەمساوی بۆ ئابووری، ئەوەش لە کتێبێکیدا بە ناوی: دەستووری ئازادی (١٩٦٠) و تەوەرێکی سێ

جلّدی به ناونیشانی یاسا (دابەکان) ئازادی (١٩٧٣ـ ١٩٧٦ـ ١٩٧٩) وێڕای بوونی هەندێک بۆچوونی هاودژ و کەلێن لە تیۆرەکەی هایکدا، ئەم بەلایەنی کەمەوە چارەسەرێکی بۆ مەسەلەی زامنکردنی حوکمی یاسایی دۆزییەوە، کە تێیدا بەڕوونی وەڵامی ئەگەرەکانی کۆتوبەندکردنی تەشریعاتە یاساییەکانی تێدا داوەتەوە، سەرچاوەکانی شرۆڤەکردن، لە ناوەڕۆکی تیۆرەکەی هایک لەسەر یاسا، جیاکاری هەیە لە نێوان یاسا و تەشریعدا.

کاتێک دەڵێت: یاسا ڕێژیمێکی خاکڕاییە لە داوونەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام تەشریعات ڕێژیمێکی پلان بۆ داڕێژراوە و دەزگاکانی تەشریعییە بۆ خۆیان و لەلایەن کەسەکانەوە دانراون، هەندێک لەو یاسایانەی کە لەم دواییە دەرچوێنراون لە وەسفەکانی هایکەوە نێزیکن (لەبەرئەوەی هایک بڕوای تەواوی بە دانانی پەیکەربەندی یاسایی هەبوو بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت) بەم شێوەیە "هایک" بەرەو ڕێگەچارەیەکی تر ئاراستەمان دەکات کە بەهۆیەوە سەرەڕێگەکان لە دەسەڵاتی یاسادانان دەبەستێتەوە، ئەو دەسەڵاتەی کە بەشێکی زۆری لە دابەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، دواتر بە هۆی پرۆسەی لامەرکەزییەت بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، یاسای "هایک" لە بەردەم پاڵەپەستۆی کەسانی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتدا کراوە نییە، ئەگەر وابێت ئەوا بە نەرێنی کار دەکاتە سەر پرۆسەی یاسادانان، "هایک" داوودەزگاکانی یاسادانانی دوور نەخستووەتەوە لە داڕشتنەوەی یاساکاندا، ڕێگەی پێدراون بۆ ئەوەی ڕێژیمی یاسایی لە تیۆرەکانی دەروازە داخراوەکان رزگار بکات، وێڕای ئەوەی هیچ جیاکارییەکی لە نێوان ڕێگەچارەی دەروازە داخراوەکان و ڕێگەچارەی خستنەکاری ئەو یاسایانەی بەرژەوەندی گرووپەکان دەپارێزن دانەناوە.

بەپێی سیستەمی یاسایی "هایک"کاتێک قازییەک پۆستێک وەردەگرێ، بەپێی ڕێژیمێکی کارگوزار کە کەس دەستی لە نەخشە بۆکێشانیدا نییە، هەوڵ دەدات خزمەتگوزارییەکان بپارێزێ؛ ڕێژیمێک خۆی نەخشە بۆ خۆی دادەنێت، زۆربەی کاتیش لە دژی ئارەزووەکانی دەسەڵات کار دەکات، هەروەها لە هەر ڕێکخستنێکی بەرنامە و پلان بۆ داڕێژراو دوور دەکەوێتەوە، لێرەدا قازی لە داڕشتنەوەی کارەکاندا پشت نابەستێت بە هیچ کەس و ئیرادەیەک، بەڵکو بەهاوسەنگبوونێکی تەواو و بە تەوافقەوە لە نێوان بیروڕاکاندا حوکمێک دەگونجێنێ، لە کارە بنەڕەتییەکانیشی "مەسەلەکە بەنیسبەت قازییەوە، وەرگرتنی بیروڕای سەروتر نییە، هەروەها لە ئاکامی خزمەت گەیاندن بە دەسەڵات دروست نابێ، بگرە تەنیا پرۆسەکە بەپێی یەکلاکردنەوەی دادپەروەرانەی جەمسەرەکانی کێشەیەک ساغ دەکرێتەوە، نەک بەپێی یاساکانی پێڕەوکراو، لە ئاکامی بەستنەوەی داڕشتنی یاسایی لە چوارچێوەی چارەسەری ناکۆکییەکاندا، ڕێژیمە یاساکانی "هایک" جەخت دەکەنەوە لەسەر دانانی سنوور لە نێوان "ئەرک و دەسەڵاتە پارێزراوە یاساییەکان، بەپێی توانا" هایک بڕوای وایە ڕێژیمی یاسایی پێویستە وەڵامدەرەوەی ڕێبازە گشتکارییەکان بێت، واتە پێویستە گشتاندنی تێدا بێت، هەروەها هەڕەمەکی نەبێت، بە یەکسانیش لەسەر هەمووان جێبەجێ بکرێت، ئەو یاسایانەی کە لە حوکمی داب و رەوشتەکانەوە رەگیان داکوتیوە،

وەڵامدەرەوەی ئەم پێوەرانەن، بەڵام یاساکانی هایک پتریان کە لە دەزگاکانی تری یاسادانانەوە دادەڕێژرێن، وەڵامدەرەوە نین، ڕێبازی هایک تەنیا لەگشتاندن چارەسەری مەسەلەی کۆتوبەند دەکات، بەبێ ئەوەی پشت ببەستێ بەتیۆری کیسەڵەکان، بۆ نموونە ئێمە خۆمان لادەدەین لە یاساکانی نۆرنبێرگ بەهۆی ئەوەی جۆرێک لە جیاکاری بۆ مرۆڤەکان تێدایە، هەروەها خۆمان دەبوێرین لە مەسەلەی یاسادانانێکی چەسپاو کە لەسەر بناخەی بەرژەوەندی تایبەتی شەخسی داڕێژرابێتەوە.

ئەو شێوازە یاسایانە چین کە وەڵامی پێوەرەکانی هایک دەدەنەوە لە مەسەلەی گشتاندن.؟ یان ڕێژیمەکانی کە ڕێگە بە تاکەکان دەدەن ڕێککەوتننامە تایبەتەکان لە نێوان خۆیاندا بپارێزن، یان ئەوانەی ناکۆکییەکان چارەسەر دەکەن، یان ئەوانەی مامەڵەی هاووڵاتییان ڕێک دەخەن بەتایبەتی یاساکانی سزا و گرێبەست، هاوگونجاون لەگەڵ پێوەرەکانی هایک، بەڵام ئەو یاسایانە چین کە لە بەردەم ئەو پێوەرانەدا شکست دەخۆن؟ زۆر نین ئەو یاسایانە کە کاریگەرییەکی هاوچەرخ لەژێر سایەی دەوڵەتی ڕەفاە دروست دەکەن وەک یاساکانی ژینگەپارێزی، کە کۆمەڵێک مامەڵەی هەمەشێوەی تێدایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵک، لەوانەش یاسای ئاوی خواردنەوەی خاوێن، یان سەپاندنی یاسای سزادان لەسەر ئەو کارگانەی کە دووکەڵی چیمەنتۆ بەشێوەیەکی ڕادیکالی و بەربڵاوانە لە کارگەکانیانەوە پەرش دەکەنەوە، یان یاساکانی کار و گرێبەستی نێوان کرێکار و کارگەکان، یان یاساکانی ڕێکخستن کە ڕێگرن لە بەردەم هاووڵاتیدا لە دیاریکردنی جۆر و شێوازی کارەکەی خۆی، لە راستیدا هەموو ئەو یاسایانەی مافی موڵکییەتی شەخسی لە کەسێک دەسێننەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیبەخشن بەکەسێکی تر، لەگەڵ پێوەرەکانی هایک ناگونجێن، هایک لە کتێبەکەیدا کە بەناوی یاسا و تەشریع و ئازادی بڵاوی کردووەتەوە هەندێ ڕێبازی لەخۆ بواردووە لەوانەیە مەسەلەکانی دامەزراندن و پاراستنی ژینگە و تاکڕەوی لەوانە بن.

## بۆچی پێویستمان بەحوکمی یاسایە

ریچارد ئەبستین نووسیویەتی " ڕێژیمە ئاسانەکان لەوپەڕی کاراییدان بۆ چارەسەری گرفتە ئاڵۆزەکانی جیهان، ڕێبازەکانی یاسای سزادان و موڵکییەت و گرێبەست بەسن بۆ دەرگاکردنەوە لەسەر هێزەکانی بازاڕ تا چارەسەر بۆ گرفتەکان بدۆزنەوە، هەمان کات بەم جۆرە یاسایانە بەرژەوەندی گرووپەکان لەناو حکوومەتدا دەپارێزرێن، بەتایبەت لە کاروباری هەڵسوڕاندنی بازاڕدا، هەروەکو "هایک"لە توێژینەوەکەیدا کە ساڵی ١٩٤٦ بەناونیشانی بەکارهێنانی مەعریفە لە کۆمەڵگەدا نووسیویەتی و، هەندێ مەسەلەی دیاریکراوی لە بازاڕدا دەستنیشان کردووە، هەر لە ڕێگەی گۆڕینی نرخی کاڵا و کەلوپەلەکانەوە تا بڕیاری حکومی لە دیاریکردنی تاریفەی گومرگی، کە لە ئاکامدا وای لێک داوەتەوە کە زەرەر و زیان بەبازاڕ دەگەیەنێ، لەو حاڵەتەدا کە ناتوانێ

هاوگونجان لە نێوان پێداویستییەکانی خەڵک و کەلوپەلە هەمەجۆرەکان بۆ ملیۆنەها هاووڵاتی دابین بکات، هەروەها ئەوەش شی دەکاتەوە کە یەکلایکردنەوەی گرفتە یاساییەکان لە رێگەی دارشتنەوەی چەند یاسایەک کە بەرژەوەندیی گشتی تێیدا سوودمەند دەبێت، زیان دەگەیەنێ بە ئەوانەی کە یاساکە دادەرێژن، لەو کاتەیە کە دادگەکان تەنیا کاریان دەبێتە رێکخستنەوە و ئاشتکردنەوەی گرووپە ناکۆکە جیاوازەکان، بەپێی یاسا لەو کاتەدا رێژیمی یاسایی لە بەرامبەر هاوگونجاندنی کاری خەڵکی و بەدیهێنانی ئامانجی هەمەجۆر شکست دێنێت ئەمەش وا دەکات خەڵکی پشت نەبەستن بە جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەی نێوانیان، بگرە روو دەکەنە خاوەن دەسەڵاتە رەهاکان تا لەژێر سایەیاندا بەرژەوەندییەکانیان بپارێزرێ و مامەڵە تایبەتییەکانیشیان بروێندرێت، واتە بە کورتییەکەی یاسا لاواز دەبێت و دەسەڵاتی لۆبی بالادەست دەبێ، بە هەوەس و میزاجی بالادەستەکان کەسانی بەهێز و کەسانی لاواز لەناو کۆمەڵگە دروست دەبن، ئێستا لیستێکی دوور و درێژ دروست بووە بۆ دامەزراندن لە یاسای ئەمەریکادا، لەو لیستەدا روخسار و کێش و جگەرەکێشان و رەنگ و رەگەز کە ئەمانە هەموویان بنەواکانی جیاکاری و رەگەزایەتین رۆڵ دەبینن، بەم شێوەیە جۆرێک لە نالیاقەت بۆ یاسا کار پێکراوەکانی وڵات دەخوڵقێنن.

## بۆچی کەس بایەخ بەم گرفتە نادات؟

ئاخۆ لیبرالیە کلاسیکییەکان بە تەنیا خۆیان بایەخ بە حوکمی یاسایی دەدەن، هەروەکو چۆن بەڕێوەبەرایەتی باژێروانی لە واشنتۆن پێش ئەوەی بایەخ بە رێبازەکان بدات زیاتر بایەخ بە بەرئەنجامەکان دەدەن، ئەوەش لە یاد نەکەین هەر کاتێک گرفتێکی ستراتیجی لەسەر ئاستی نیشتمانی دروست بێت، ئەوان خۆیان بۆ ئەو ساتە دەسبەرداری فیدراڵییەت دەبنەوە و تەشریعاتەکانی تایبەت بە ژینگە و رێکخستنی یاساکانی سزادان و پۆستە دادوەرییە بەرزەکانی بۆ دەخەنە کار و بە بڕیارە سیاسییەکانەوە، گرێیان دەدەنەوە.

زیاتر خەڵکی لەوێ مەبەستیانە بەندەکانی دەستوور بە قازی و پارێزەری میانڕەو داڕێژنەوە، لەبەرئەوەی ئەمانە شرۆڤەکاری بۆ یاساکان ناکەن بگرە یاساکان دەنووسنەوە.

بەڵام گرووپەکانی لۆبی کە لە بزنسمانەکان پێک هاتوون، هاوشانی گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەتین و بەو چاوە سەیری دادگەکان دەکەن کە دادگە برێتییە لە مەیدانێکی تر بۆ ساغبوونەوەی مامەڵە تایبەتییەکانی خۆیان، ئەوانەی لەم دۆخە سوودمەند دەبن، برێتین لە پارێزەران و لوبییەکان و خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان.

دووبارە گەڕانەوەی حوکمی یاسا رێگەیەکی درێژ و زەحمەتە و لەم رووەشەوە لیبرالییە کلاسیکییەکان خاوەنی باشترین را و بۆچوونن.

# ژیان و توخم

سەلاح حەسەن پاڵەوان

چۆن دەتوانین پێوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ ژیان و چالاکییەکانی ژیان دیاری بکەین، بە چ جۆرێک دەتوانین بگەین بەو توولەرێگەیانەی کە بە رابردوومان ببەستێتەوە و بەرەو داهاتوومان دەبات، چەندان شت هەن کە ناتوانین خۆمانی لێ گێل بکەین، هەرچەندە ئەو شتانە لە رێگە سەرەکییەکە دوورمان دەخاتەوە، ئێمە چەندان جار هەوڵمان داوە بزانین، جیاوازییەکانی ئێمە بە ژیانەوە چییە و چۆن بە داهاتوومان دەبەستێتەوە، بەڵام هەردەم کۆمەڵێ رێگر لە بەردەمماندا قووڵ بوونەتەوە، جا چ ئەو رێگرانە ماددی بن یا رێگری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، خۆ قورتارکردنیش لەو رێگرانە وامان لێ دەکات تووشی جۆرێک سەریەشە بین، لە سەریەشەی ژیان و سەریەشەی مێژوو، بەڵام خۆ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە هەروا دەستەوەستان راوەستین و هیچ نەڵێین، نەگوتنی شتەکان رەنگە زیانی گەورەتر بە رەوتی ژیانمان بگەیەنێت، هەندێ جار بێ سڵەمینەوە دەتوانین دانیان پێ بنێی،ن بەڵام هەندێ جاریش پێویستمان بە بیانووە و جارناجارێکیش بەسڵەمینەوە خۆمانی لێ دەدەین، لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەو مەفهومانە بکەین کە بوونەتە بڤە و ناوهێنانیان جۆرێکە لە یاساغ، بێگومان ئەو ترسەش لە تێنەگەیشتنەوە هاتووە، لە نەزانین لە بناغەی مەسەلەکانەوەیە، بۆ نموونە لای ئێمە تا ئەم کاتەش باسکردنی سێکس تەنیا باسکردنێکە پێوەست دەکرێت بە ئابڕوو و شەرمەوە، نەخراوەتە ناو ئەو خانەیەی کە وەک شێوەیەک لە چالاکی و ژیان و زانیاری و زانست تەماشای بکرێت، وای لێ نەکراوە کە بە شتە گرینگەکانی ژیانەوە ببەسترێتەوە، ئەگەر بمانەوێ وەک بابەتێکی گرینگ تەماشای مەسەلەی سێکس بکەین ئەوا دەبێت ببێت بە بەشێک لە زانیاریی رۆژانەمان، ئەم بابەتە بابەتێکە پێویست وایە هەموومان زانیاریی تەواومان لەبارەیەوە هەبێت، لە هەموو چرکەکانی ژیاندا لەگەڵمانە، هەموو ساتێک دەمانخاتە بەردەم پرسیاری گەورەوە و بەردەوامیش لە ئەنجامی جوان تێنەگەیشتن

لێی تووشی کارەساتی گەورە و تێکچوونی ژیان دەبین، نەک ئەمەش هەندێ جار بوونی زانیاری لەبارەی هەموو لایەنەکانی ئەم چالاکییە وامان لێ دەکات بەختەوەر بین، لە هەموو چرکە و ساتێکدا بە هۆشمەندی و بە ناهۆشمەندی لەگەڵ ئەم چەمکەدا بژین، واتە ژیانمان هەر لە سەرەتای هاتنە دنیاوە پێی دەوترێت سێکس. ئەمڕۆ سێکس ئەو مانا کۆنە نییە کە مامەڵەی پێ کراوە.

چەمکی سێکس لەگەڵ هاتنە کایەوەی زانیارە جۆربەجۆرەکان گەلێک گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە هەروەک گۆڕانی سایکۆلۆجی و گۆڕانی فیزیۆلۆجیش نەک ئەمەش بگرە زانیاری و پێشکەوتنەکانی تریش هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی بەرفراوان سوود لەم چەمکە وەربگرن، لەگەڵ هاتنە کایەی زانستەکانی شیکردنەوەی دەروونی و پەیدابوونی جوانکارییەکانی لەش ژیان لەگەڵ سێکسکدا پێی نایە قۆناخێکی ترەوە کە بەڕای من ئەو قۆناخە لەگەڵ خۆیدا تێگەیشتنی نوێی دامەزراندا.

کەواتە ئەمڕۆ ئەگەر بمانەوێ لە مەسەلەکانی لەش و هۆش و هەستەکان بدوێین دەبێت بێ سێ و دوو بڕوانینە هەموو ئەو زانیاری و دیاردانەی کە دەورەیان داوین، بەڵێ بڕوانین، بەڵام نەک ڕوانینێکی سەرپێیانە، بگرە ڕوانینێک بتوانین لای خۆمانەوە چەمکێک دروست بکەین.

من لێرەدا لەم بابەتەمدا دەمەوێ لە ڕووی مێژووەوە بڕوانمە پێشکەوتنەکانی بیری سێکس هەروەها تێگەیشتنێک لەبارەی گەشەکردنی بیری سێکس لە کولتووری کوردیدا پێشکێش بکەم، دیارە ئەم جۆرە بابەتانە هەروا باسکردنی ئاسان نییە لەبەرئەوەی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ دێنێتە ئاراوە هەر لە پرسیاری بوونی مرۆڤ خۆی وەک بوونەوەرێکی فسیۆلۆجی، تا پرسیاری گۆرانکارییە دەروونی و ئابووری و سۆسیۆلۆجییەکانی تا دەگاتە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر.

ئەوەی دەکرێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەو سەرهەڵدانەوە کە مرۆڤی بەرەو بەخشینی جوانکاری بردووە، واتە بەخشینی ڕووی جوان بەم دیاردەیە، یەکێک لەو دیاردانەی کە زیاتر لە هەموو سەردەمێک لەگەڵ خۆیدا پرسیار دەخوڵقێنێ ئەوەیە کە خوودی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دیاردانەدا دەژی کە پێی دەوترێت چێژ، مرۆڤ لە هەموو ژیانیدا بەدووی چێژدا گەڕاوە و دەشگەڕێت، جا ئیتر هەر جۆرە چێژێک بێت، ئەمەش بە مەبەستی دامرکاندنەوەی حەزەکان، مرۆڤ ناتوانێت هەروا ئەو هەموو حەزانە بچەپێنێ، چەپاندنیان تووشی لادانی دەکات، لادانی روح لە مەسەلە سەرەکییەکانی ژیان، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەو دیاردانەی کە لە بەردەستماندان ئاماژە بە پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دیاردەی چەپاندندا دەکەن، فرۆید هەروا بێ مەبەست ئەم دیاردانەی نەبەستووەتەوە بە مەسەلە سێکسییەکانەوە، مرۆڤ ناتوانێت ژیان لە سێکسی دابڕێت و خۆشی لە سێکس دابڕێت، هەر خوودی پێوەندیی منداڵ بە جەستەی دایکەوە پێوەندییەکە لە سەرەتاکانی قۆناغی ژیانیدا دەردەکەوێت، بۆیە زۆر لەو لێکۆڵینەوانەی کە باس لە چالاکیی مرۆڤ دەکەن، کەم تا زۆر

خۆیان لە قەرەی مەسەلە سێکسییەکان داوە، لە هەموو چالاکییەکدا ئاماژەیەک لە نێوان سێکس و مرۆڤ و ژیاندا دەبینین، کەواتە چۆنیەتیی باسکردنی ئەم چەمکانە وامان لێ دەکات کەم تا زۆر خۆمان بەو مەسەلانەوە ببەستین کە دەمانگەیەنن بە سەرچاوەکانی چێژ، بۆیە چێژ یەکێکە لەو شتانەی سەردەم لە دوای سەردەم مرۆڤ بە دوویدا وێڵ بووە و خۆی لێ گێل نەکردووە و هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لێ بێ بەری بکات، هەروەک گوتمان لێکۆڵینەوەکان زۆر بە گرینگی باسیان لە ئارەزووەکانی مرۆڤ کردووە، ئەو ئارەزووانەی بە دەوروبەرەوەی دەبەستێتەوە، ئارەزوو وای لە مرۆڤ کردووە کە چێژەکانی خۆی تێر بکات، بێگومان سێکسیش بەشێک بووە لەو ئارەزووانە کە چێژی تێدا بینیووە.

مێژوو باس لەوە دەکات کە مرۆڤ وەک ئارەزوو روانیویەتیە سێکس، واتە لەوە نەترساوە خۆی تەنیا بەو دیاردانەوە ببەستێتەوە، بۆیە باسکردنی سێکس وەک پێویستییەک وای کردووە رەوشت و شێوازی تایبەتی بۆ دابنرێت، لەبەرئەوەی چێژ مرۆڤ لەوە دادەبڕێت کە بیر لە هۆکار و گرینگییەکان بکاتەوە.

یەکەمین سەرەتاکانی بوونی پێوەندیی مرۆڤ پێوەندییەکی سێکسی بووە، زۆربەی زۆری سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن مرۆڤ، سروشت و دیاردەکانی سروشتی بە سێکس شوبهاندووە، واتە  لە سروشتەوە فێربووە چۆن  بە یەکگرتنی باران و زەوی لەسەر زەوی ئەو بەرهەمانە دێنە ئاراوە کە شێوەیەک لە مومارەسەیەکی سێکسی سروشتی روو دەدات. یەکگرتنی هەر جووتێک و بەرهەمهێنانی شێوەی خۆی وای لە مرۆڤ کردووە بە دووی ئەو پرسیارەدا بگەڕێ کە بڵێت ئەمە چییە، هەر بۆیە لە کۆندا وشەی بەپیتمان بیستووە یاخۆ لای سۆمەرییەکان شتێک هەبووە پێی گوتراوە بەپیتی، خواوەندی تەمووز هەبووە کاری ئەوە بووە کەژەکان رێک بخات و دەغڵ و دان زیاد بکات و شیر بخاتە ناو گوانی مەڕوماڵاتەکانەوە کەواتە بیری بە پەتێتی دەروازەیەک بووە بەرەو تێگەیشتن لە مەسەلەی زیادبوون و بەردەوامی کە ئەمەش بۆ زیادکردنی چێژ و بڕەودان بە جووتبوون لای سۆمەرییەکان مانایەکی تایبەتی هەبووە، ئەوان لە پەرستگەکانیاندا بە گرینگییەوە دەیانڕوانییە جووتبوونی مرۆڤ و مومارەسەکردنی سێکس، ئەم کارەش شتێکی شەرمئاوەر نەبووە.

یەکەمین سەرچاوەی سەرهەڵدانی سێکسی وای لە مرۆڤ کردووە، بەدووی ئەو پرسیارەدا بگەڕێت کە ئاخۆ هۆی چییە هەموو شتەکان لە جووتبووندا بەرهەمهێنەرن، ئەمە چییە و هەروەها بەدووی نهێنییەکانیدا بگەڕێت؟ هێشتا ئەوەی کە لە بەردەستدان باس لەوە دەکەن کە مرۆڤ بە رووە ئاژەڵییەکەی مومارەسەی لەگەڵ سێکسدا کردووە، واتە گیانلەبەرانە لە سێکس گەیشتووە، هەر بۆیە زۆربەی زۆری مومارەسەکانی مرۆڤ لە سەرەتادا چاولێکردنی ئاژەڵی بووە، لاساییکردنەوە سەرچاوەیەک بووە بۆ دووبارە گەیشتن بەو دیاردانەی کە ئەوان مومارەسەی دەکەن، کەس  لەوە نەدەگەیشت کە مرۆڤ بە هەموو تواناکانییەوە بەشێک  لەو ژیانە فسیۆلۆجیە

پێک دێنێت کە هەموو روحدارێکی تری لێ پێک دێت، هەر لە سەرەتاوە ئەو دیاردەیە لای مرۆڤی سەرەتایی دروست بوو کە ژیان ئەو پێوەندییەیە کە مرۆڤ لە دەوروبەرەوە فێری دەبێت، هەروەها زۆر لەو سەرچاوانەی کە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلەی پەیدابوونی سێکس لە سەرەتادا هەموو باس لەوە دەکەن کە مرۆڤی سەردەمی بەرد، زیاتر لە دەوروبەر و ئاژەڵەکانەوە سروشتی هەڵسوکەوتی خۆی فێربووە، ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن کە مرۆڤ وەک ئەوەی لەناو ئەشکەوتەکانەوە ویستوویەتی بەردەوامی بە خۆی بدات رەوشتێکی خۆڕسکی وای لێ کردووە ئاوڕ لە حەزەکانی خۆی بداتەوە، واتە زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە خۆڕسکەکان لە سەرەتادا بەشێوەیەکی ناهۆشمەندانە مرۆڤیان بۆ مەسەلەی سێکس رێنوێنی کردووە، واتە مرۆڤ نەیزانیوە سێکس برێتییە لە شێوەیەک بۆ بنیاتنانی خۆشەویستی، بگرە سێکسیان بەکار هێناوە وەک شێوەیەک لە تێرکردنی پێویستییەکان، دیارە ئەم حاڵەتە لە سەرەتاکانی یەکەمی سەردەمی بەردا وا بووە، بەڵام لە سەردەمەکانی دووەم و سێیەمی سەردەمی بەردا روانینی مرۆڤ بۆ مومارەسەی سێکسی گۆڕاوە، ئەم گۆڕانەش لە پاش ئەو حاڵەتانەدا بووە، کە مرۆڤ تێیدا پێویستییەکانی تری هۆشیاری کردووەتەوە، لەو حاڵەتە دەرچووە تەنیا بیر لە پێویستییەکانی بکاتەوە وەک کارێکی خۆڕسکی، بگرە بیری کردووەتەوە وەک رووداوێکی پێچەوانەوە، هەروەها لەوەش دەرچووە کە نەتوانێ کۆنترۆڵی غەریزەکانی خۆی بکات، لە پاش کۆنترۆڵکردنی غەریزە مرۆڤ ئەو هۆشەی لا دروست بوو، کە نەخشەیەک بۆ هەڵسوکەوتی خۆی دابنێت و سنووری نێوان کرداری هۆشمەندی و ناهۆشمەندییەکانی دیاری بکات، واتە توانی ئەو هەنگاوە هەڵبێنی لە چۆنیەتی ناسینەوەی حەزە پێویست و حەزە ناپێویستییەکانی خۆی، بەمەش دەروازەی لە بەردەم چۆنیەتی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رێکخستنەوەی ژیانی خۆی خستە سەر پشت. بۆیە دەبینین مرۆڤی سەردەمی بەرد مامەڵەکردنیان لە رووی سێکسی بە چەندان قۆناغی جیاوازدا تێ پەڕیووە ئیلیان مۆرگان لە نووسینەکانیدا لەمەڕ دابەشبوونی هێز لە نێوان پیاو و ژن لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی کردووە لەبارەی چۆنیەتیی گۆڕانکاریی لەش و هۆکارەکانی دابەشبوونی سێکسی کە ئەوەش زیاتر بۆ گوڕانکارە بیۆلۆجی و فسیۆلۆجیەکانی دەگەڕێنێتەوە، هەروەها ئاماژەش بە دابەشبوونی کار دەکات وەک هۆکارێک بۆ کاریگەری بەسەر سێکسەوە.

مێژووی سێکس مێژوویەکە تا ئەم ساتەش نازانرێت لە چ سەرچاوەیەکەوە سەری هەڵداوە، هەندێک لە سەرچاوەکان بۆ ئاینی دەگەڕێننەوە هەشن بۆ مەسەلەکانی بوونی ئەنتۆلۆجیی مرۆڤ دەیگەڕێننەوە، بەڵام ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستتدان لە ئاینەوە یەکەمین سەرچاوەی سێکس دیاری دەکەن کە لە سەرهەڵدانی ئادەم و حەواوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەمەش لە ئاینە ئاسمانییەکانەوە بۆ ئاینە مرۆییەکان جیاوازی هەیە، زۆربەی سەرچاوە کۆنەکانی ئاینی دێرین وەک رەگەزێکی باڵا لە بنیاتنانی پێوەندیی مرۆیی و بنیاتنانی هێزی بەردەوامی ئاماژەیان بە سێکس کردووە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی گومانە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاینەکان هەر لە

ئاینی هیندیی کۆن و چین و زەردەشتی و... هتد تا دەگاتە ئاینە ئاسمانییەکان وەک پێویستییەکی گرینگ لەناو سەرچاوەکانیانەوە وەک دیاردەیەکی مرۆیی باس لە سەرهەڵدانی سێکس ناکەن، بگرە دەیبەستنەوە بە بەردەوامی پێویستییەکی خواییەوە، هەندێ لە ئاینە کۆنان لەناو مەنزڵگاکانیانەوە مومارەسەی سێکسی کراوەو ئەوانەشی ئەم کارەیان کردبێت چ وەک پیاو و چ وەک ژن بە گوناهی گەورە لە قەڵەم نەدراوە، بگرە وەک کارێکی پێویست تەماشای کراوە.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە زۆربەی سەرچاوەکان کە لە مێژووی سێکس کۆڵیوەتەوە کەم و زۆر خۆیان بە سەرچاوە ئەفسانەکانەوە بەستووە، ئەو سەرچاوانەی کە زیاتر پشت بە ئەرکیۆلۆجی و زانستی مرۆیی دەبەستن، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە چۆنیەتیی ژیاندا بە پێی مێژوو رووی داوە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ گۆڕانی تری دروست کردووە کە کاریگەری هەبووە بەسەر سەرتاپای ژیانی مرۆڤەوە.

کاتێک مرۆڤ خەریکی راو و شکار بووە چۆنیەتیی ژیانی سێکسی جیاواز بووە، کاتێکیش بووە بە خاوەن زەوی لەسەر زەوی خەریکی کشتوکاڵ بووە دیسان جۆری ژیان و پێکهێنانی پێوەندیی خێزانی گۆڕاوە، بەڵام چۆن و بە چ جۆرێک؟! دیارە ئەمەیان لە هەر ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تری ئەم سەر زەوینە جیاوازی هەبووە، ئێستاش ئەگەر تەماشای هەندێک لەو خێڵانە بکەین کە تا ئێستا ماون و لە قۆناغی سەردەمی رابردوودا دەژین بەتایبەت کۆمەڵگەی جەنگەڵەکانی ئەمازۆن و ئەفریقیا دەبینین هەندێک سەرچاوەی ئەو مێژووە دەبینین لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی پێوەندییە خێزانی و سێکسییەکان، لە کۆمەڵگەی راو و شکاریدا رۆڵی هێزی جەستەیی زۆر گرینگە، چ ئافرەت و چ پیاو پێوانەکانیان بۆ تێگەیشتن لە سێکس و مومارەسەی سێکسی لە توانای جەستەیییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش جۆرێکە لە توانای بەدیهێنانی تایبەتمەندی، واتە زیاتر دەسەڵات لە دابینکردنی ژیاندا، ئەو مرۆڤانەی توانای راوکردنیان بە هێز بووایە توانای زیاتریان هەبووە لە بەڕێوەبردنی زۆرترین ژمارەی خێڵەکانی واتە زۆرترین توانا لە سێکسدا، هەروەها ئەوەش هەبووە کە زۆرجار پێوەندیی مرۆڤ لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا پێوەندییەکی ناسروشتیانە نەبووە، واتە سروشتی پێوەندی خێزانی نەبووە، کە ئەمەش ئەو گرێیەیە کە مرۆڤی لە گیانلەبرانی تر جیا نەکردووەتەوە، بەڵام ئەمەش هەروا نەماوەتەوە، بگرە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەتایبەت پاش ئەوەی ویستی خۆی زیاتر لەناو بۆتەی خێزانیدا بتوێنێتەوە و خۆشی بناسێتەوە، ئەم گۆڕانکارییەش بە چەند قۆناغێکی مێژووییدا رووی داوە.

کەواتە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بڵێین مرۆڤ لە هەردوو سەرچاوەی سروشت و ئاژەڵەوە مەفهومی چەمکی لا دروست بووە، بەڵام پرسیارەکە ئەوە نییە، بگرە پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ بە چ شێوەیەک بۆ مەسەلە پێوەندیدارەکان بە سێکسەوە گەڕاوەتەوە، هەروەها لێرەدا بەدرێژی دەچینە ناو باسکردنی ئەو پێوەندیکاریانەی کە وایان لە سێکس کردووە ببێت بە بەشێک لە هەموو ژیانی مرۆڤ، هەروەها بە وردی لەو خاڵانە بکۆڵینەوە کە لە پێکهێنانی ئەم دیاردەیەدا بەشدارن.

لێرەدا بۆ زیاتر ئاماژەکردن بە سەرچاوە گرینگەکانی بیری سێکسی لە مێژوودا ئاماژە بە کتێبەکەی جیفری باریندەر (سێکس لە ئاینە دێرینەکاندا) دەکەین لەوێدا باس لەوە دەکرێت کە سێکس و ئاین سەرچاوەیەکی گرینگن لە ژیانی مرۆڤ، کە دەبێ لەو سەرچاوەیەوە تەماشای بکرێت، ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانەش کە گەڕاونەتەوە بۆ سێکس وەک بەندوباوێکی پیرۆز تەماشایان کردووە، هەروەها ئەو ئاینانەن کە باس لە سێکس دەکەن، وەک چالاکییەک دەیشوبهێنن کە پێوەستی دەکەن بە بیری ئاینییەوە، هەروەک لە ئاینە کۆنەکانی لای هیند و بودیزم و... هتد، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە سێکس لە ئاینەکاندا وەک بەشێک بووە کە لە خوا و پەرستگاکان جیا نەکراوەتەوە، هەر بۆیەش ناوگەلێکی پیرۆز هەن لەو ئاینانە وەک (شیڤا) و (عەشتار)، لەم ئاینانەدا هەروا ئاماژە نەکراوە بۆ دیاردەی چێژ و سێکس تەنیا لە رووە فسیولۆجییەکەوە، بگرە ئاماژەبوون بووە بۆ بەپیتی و زیندووی و هەمیشەیی و بەردەوامی.

لە پاڵ سروشتدا ئاینیش بەکار هێنراوە بە مەبەستی شوبهاندنی بەو دیاردانەی کە روو دەدەن، هەر بۆیەش بە ئاینی کۆنی سۆمەرییەکان وتراوە ئاینی بەپیت، بە پیت واتە ئاینێک کە توانای زیندووبوونەوە و هێزی دووبارە لەدایکبوونەوەی هەیە کە ئەمەش ئەو دیاردەیە جوانتر روون دەکاتەوە کە مرۆڤ بە هەموو لەدایکبوون و زیندووبوونەوەیەکی گوتووە جووتبوون، جووتبوون لە نێوان دوو دیاردەی زۆر گرینگ کە ئەویش دیاردەی زیندووبوونەوە و بەردەوامی، کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین بەردەوامی و زیندووبوونەوە گیان دەکات بەبەر ئەو دیاردانەی کە لە دەوروبەرماندان.

وشەی توخم و نێر و مێ و جووتبوون و خۆشەویستی کۆمەڵێ زاراوەن دەکرێت بە یەک مانا تەماشایان بکرێت، لە زمانی کوردیدا زیاتر زاراوەی جووتیاری و خێڵەکییەکان بەکار هێنراوە، بەڵام دەتوانم لێرەدا بەدوو قۆناغ لەم زاراوە بکۆڵمەوە یەکەمیان پێش قۆناغی ئاین و دووەم پاش قۆناغی ئاین، ئەم دوو زاراوەیە کەم تا زۆر لە بەردەوامییەکدان، بەڵام پێش پەیدابوونی ئاینە ئاسمانییەکان مەسەلەی شەرم لە ناونانی جەستە و پێکهاتەکانی جەستە ئەوەندە جێگەی لەناو زاراوەکاندا نەبووە و هەر بۆیەش زاراوەکانی سێکسی پێشتر ئاشکراتر و روونتر بوون، هەروەها کۆئەندام و مومارەسەکان هەر هەموویان بە ناوی خۆیانەوە بانگ دەکران واتە لە جیاتیدانان و لە جێی ناوی بنەڕەتی ناوی تر نەبوو، هەر هەموو ناوەکان بە خۆیانەوە ناو دەنران.

پاش پەیدابوونی ئاین لە کولتووری کوردی بەتایبەت ئەو ئاینانەی دەیانویست مرۆڤ سەرقاڵ بکەن بە زاراوەیی ئەو دنیاوە، وشەکانیان بۆ وشەی چاک و خراپ دابەش کرد، رەفتاریان بۆ رەفتاری چاک و خراپ دابەش کرد، خویان دابەش کرد بۆیە وشەکانی سێکس و توخمبازییان خستە خانەی شتە شەرمهێنەرەکان نەک ئەمەش لەناو پەرستگاکان و لە مومارەسەکردنی نەریتەکاندا بە دەگمەن ئەو شتانە دەهاتنە پێشێ، ئەم پەیدابوونە رێگەی لە بەردەم گەشەکردنی فەرهەنگی زمانەوانیدا بەرتەسک کردەوە.

لە ئاینی ئیسلامدا مامەڵەکردنی سێکسی گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات، وەک گۆڕانی زاراوە و گۆڕانی مومارەسەکردن هەر بۆیەش دەبینین پێشتر لە بواری سێکسیدا زاراوەکان بەرفراوانتربوون ئاین سێکسی لەناو بازنەی لێکۆڵینەوەدا و هەروەها مومارەسە لە بازنەی یاسای ئاینی و دوورخستنەوەی توخمەکان لە یەکتری و داپۆشین و جیاکردنەوە و یاساغکردنی ژێیەکانی پێکەوەبوون، دامەزراندنی مەزنترین چەپاندن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، سەرچاوەگرتنی گرفتی نێوان گەنجان لە نەبوونی حەز و ئارەزوو، کچ و کچێتی هەموو سنوورەکانی پێوەندی بۆ ئافرەت دانا و کوڕ تەنیا لە شەوی یەکەم و هاوسەرگیریی یەکەمدا بە مەبەستە سێکسییەکانی دەگات، واتە پێوەندییەکان تا دێت بەپێی لێکدانەوەی ئاینی کۆتی دەخرێتە سەر.

کەواتە ئاین دەبێتە هۆیەک بۆ کوژاندنەوەی پێوەندییەکان، هەروەها دەبێتە هۆیەک بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێ زاراوەی بەدەر لە لەبەرچاوگرتنی پێویستی تەمەن بۆ بوونی تاقیکردنەوەی سێکسی و بوونی پێوەندی سێکسی، بۆیە دەبینین لەم شێوە پێوەندییانە گرفتی پێوەندی سەرهەڵدەدا، گرفتی بوون و پێوەندی سەرهەڵدەدا.

## سێکس وەک سەرچاوەی ژیان

ژیانی مرۆڤ بە پێی گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا هەر لە مرۆڤی سەرەتاییەوە تا سەردەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی و کۆمپیوتەردا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەتایبەت گۆڕانکارییەکان لە بواری سێکسیدا، چ لە رووی زاراوەکان و چ لە رووی پراکتیزەکردنی، تەنانەت شێوازەکانی راکێشان و زاراوەکانی دروستکردنی چێژ و حەزەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەو وشانەی تایبەت بوون بە خەوتن و جووتبوون و پەڕین و رەحەتبوون و بەڵام دیارە هەریەک لەو گۆڕانەدا فاکتەری خۆی هەبووە، هەر بۆ نموونە لە سەردەمی بەردا کە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد مرۆڤ توانی ئەو جیاوازییە لە نێوان رەوشتی سەرپێیانەی سێکس و ئاژەڵییانەی سێکسدا دابنێت هەروەها رێکخستنی سێکس لەناو چوارچێوەیەکی نوێدا ئەویش دەستنیشانکردنی یاساکانی برەودان بە پێشخستنی تێرمەکانی سێکس، ژیانی مرۆڤ هەر لە بناغەوە ژیانێکی سێکسی بووە، پێوەندی و سیفەتە ئاژەڵییەکانی مرۆڤ وەک گیانلەبەرێکی سروشتی لێی نەبووەتەوە تەنانەت تا ئەم کاتانەش ئەو سیفەتانە لەگەڵیا بەردەوامن بۆ نموونە سیفەتەکانی گۆشت خواردن و شەڕکردن، مرۆڤ بێ سێ و دوو بەشێک لەو سیفەتانەی لە دەروونی خۆیدا پاراستووە، مرۆڤ بێ سێ و دوو هەوڵیشی داوە گەشە بدات بەو سیفەتانە.

زیادبوونی دڕەندەیی مرۆڤ پێوەستە بە تیژبوونی سیفەتی ئاژەڵی مرۆڤ، لە سەردەمی بەرد و کشتوکاڵیدا مرۆڤ بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی خۆی پەنای دەبردە بەر کوشتنی ئاژەڵ و تێکدانی سروشت، بەڵام لە پاشاندا مرۆڤ ئەو سیفەتانەی بەشێوەیەکی توندتر پەرە پێ دا کە

زیاتر سروشتی توندوتیژی لە ناخیدا دروست کرد، دیارە پێویستییەکانی مرۆڤیش بەپێی گۆڕانکاری سیفەتی مرۆڤ لەگەڵیا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هەروەها ئەو بەشانەش زیاتر مرۆڤی بەرەو ئەو ساتە برد کە خۆی بێ سڵەمینەوە بخاتە خانەیەکەوە کە پێی وتراوە خانەی گیانلەبەری باڵا، راستە لە رووی پێکهاتەیی و گەشەکردووی ئەم لە چاو روحەکانی تردا گەشەکردووتر بووە، هەروەها زیاتریش توانای جەستەیی و عەقڵی هەبووە، هەرووەها خاوەن سیستەمێکی تایبەت بووە لە دابینکردنی پێویستی و رێکخستنی ژیانی، کە ئەمەش ئەو توانایەی پێ داوە کە بەدووی چێژی زێدەتر بگەڕێت، هەروەک گەڕان بە دووی ئەو سیستەمانەی کە لە دەوروبەریەوە فێری داهێنان بێت، دیارە مرۆڤ لە چاو ئەوانی تردا ئەو توانایەی هەبووە گەشە بکات، ئەمەش زیاتر گەشەی بە چێژەکانی داوە، مەسەلەی بەکارهێنانی هەستەکانی بینین و بیستن و بۆنکردن و تامکردن و هەستکردن زیاتر یارمەتیدەر بوون بۆ دووبارە بەکارهێنانی شتەکانی دەوروبەر وەک گۆڕان دروستکردن لە بەکارهێنانی خواردن و خواردنەوە، گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی شمەکەکانی سروشت وەک ئاو و دار و بەرد و کانزاکان، هەروەها گۆڕانکاری لە تواناکان و بوونەکانی جەستەی، لە بەکارهێنانی هەموو ئازاکانی لەش، ئەمەش زیاتر لە چۆنیەتیی گۆڕانی شێوەی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە، ئەو مرۆڤەی کە لەناو بەرد و جەنگەڵ و ئەشکەوتەکانەوە رووی کردە بنیاتنانی شارستانی و دروستکردنی شێوازی ژیان و دووبارە بەخۆداچوونەوەی خودی خۆی گۆڕانکاری لە پۆشاک و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی.

دیارە مەسەلەکانی پێوەندی خۆی بە خودی خۆشیەوە لەگەڵیا گۆرانکاری لەگەڵدا دروست بوو، وەک هەوڵەکانی بۆ بنیاتنانی پێوەستی سێکسی بەشێوەیەکی جیاواز لە شێوە ئاژەڵییەکەی، واتە دەرچوون لە یاسا سروشتییەکەی سێکس بەرەو توانایەکی تر لە چۆنیەتیی بنیاتنانی پەیڕەوێکی نوێ بۆ رێکخستنی پێوەندیی خۆی بە توخمە جیاوازەکانی خۆیەوە، واتە مرۆڤی نێر و مێ هەوڵیان دا بگەنە شێوازێکی نوێ لە پێوەندییە سێکسییەکانی، واتە هەردوو لا هەوڵی ئەوەیان دا خۆیان لە هەموو گیانلەبەرانی دەوروبەر جوودا بکەنەوە، سەرەتا پێوەندیی خۆیان بەدەرەوە لە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەوە گواستەوە بۆ لاساییکردنەوەیەکی هۆشمەندانە، واتە سوودیان لەو شتانە وەرگرت کە پێویستیان پێ بوو، هەروەها ئەو شتانەشیان پشتگوێ خست کە پێویستیان پێ نەبوو، وەک هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشەکانی بوونی خۆی، لەگەڵ ئەمەشدا ژمارەیەکی زۆر لەو هەوڵانەشی هەموو کات نەدەگەیشتنە سەرکەوتن، پاشان مرۆڤ هەوڵی دا سوود لە لایەنە جوانەکانی لاساییکردنەوەی دەوروبەری بکاتەوە، واتە لە باڵندەوە فێری گۆڕانی بوو لە باڵندەوە فێری شێوازی کێشکردنی یەکتری نێر و مێ خودی یەکتری بۆ لای یەکتری، لە ئاژەڵەوە فێری مومارەسە سێکسییەکانی بەرکەوتن و خۆ تێکەڵکردن و.. هتد بوو، بەڵام لە پاڵ ئەمانەشدا داهێنانی تایبەتی خۆشی خستە سەر، وەک زەرورەتێکی ژیانی نوێ روانییە سێکس، واتە سێکس لە قالبە باوەکەی خۆی نەمایەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو هەوڵانەشی بۆ دووبارە دابڕانی خۆی لە گیانلەبەرانی تر پێویستی بە دارِشتنێکی گەورەی مێژوویی بووە.

دەنگ و رەنگ و شـێـوە و پۆشـاک و هەڵسـوکـەوت پێنچ دیاردەی گـرینگ بوون لە دیاریکردنی پێوەندییەکانی نێوان نێر و مێ، لە زۆربەی سەرچاوەکانەوە پێمان گەیشتووە، کە دەنگ هەروەک چۆن لەلای گیانلەبەراندا رۆڵکی سێکسی مەزن دەبینی بۆ مومارەسەکردن ئەم دەنگە لای مرۆڤ بە هەمان شێوە بووە، بەڵام مرۆڤ بە پێی توانا فسیۆلۆجییەکەی زیاتر توانیویەتی دەنگ بەکار بهێنی هەر بۆ نموونە مـرۆڤ قـسـەی پێ کـردووە زمـانی تێـدا بەکـار هێناوە وشـەی گـۆڕیوەتەوە و بەرامـبـەرەکـەی بە زمـانـی تایبـەت حـەزی لا دروست کـردووە، پاشـان ئەم دەنگە بە پێ ی مـێـژوو گۆڕاوە لە سەرەتادا مرۆڤی سەرەتایی خاوەنی فەرهەنگی زمان نەبووە، وشەکانی تایبەت بوون و دیاریکراو بوون بۆیە دەنگ لەم سەردەمەی مرۆڤ برێتی بووە لە جۆرێک لە بانگکردن، واتە جۆرێک لە لاساییکردنەوە، بەڵام پاش گـەشـەکردنی و فراوانبوونی زمان و زیادبوونی زاراوە و وشـەکان مـرۆڤ توانای زیاتری لا دروست بووە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمـانـی خۆشـەویستی و حـەز و چێـژەکـانی کـە ئەمـەش مـرۆڤ پێی دەڵێت زمـانی پیـاهەڵدان پاشـان لە قـۆناغـەکانـی تردا دەنگ بەرفراوان دەبێت و دەگاتە گۆڕانی و شیـعر و پیاهەڵدان، پاشان دێینە سـەر دیاردەیەکی تر کە ئەمەش مێژووی خۆی هەبووە، رەنگە ئەمە جۆرێک بێت لە وەرگرتنی مرۆڤەوە لە سروشتەوە، مرۆڤ لە رێگەی سـروشـتـەوە سـوودی لەو رەنگانە وەرگـرت کـە زیاتر برێتین لە زمـانەکـانی لێک نێزیکبوونەوە و زمانی سێکس و داخوازی و ئیغرائکردن و بزواندنی ئارەزووەکان، دیارە کە دەڵێین رەنگ زۆر شـتمـان مـەبەسـتە، یەکـەم رەنگ وەک بەکارهێنانی لەگەڵ یەککگرتنی لەگەڵ لەشدا وەک رەنگکردنی دەمـوچاو و لەش یان وەک پۆشینی جلوبەرگی رەنگاوڕەنگ، یاخۆ بەکارهێنانی رەنگ وەک هەڵگرتنی داری رەنگاوڕەنگ و نیـشـانەیەکی رەنگی یان پارچەیەکی رەنگدار.. هـتـد دیارە ئەمـانەش هـەریەکـەیان لای خـۆیانەوە وەزیفـەیەکـیـان هەبووە، یەکـەم رەنگ بە پێی بڕوای مـرۆڤ روویەکی ئەفسانەیی و بزواندنی هەیە کە مرۆڤی کۆن رەنگی بەکار هێناوە ویستوویتی دوژمنەکەی پێ بتـرسـێنی یان وەک زمـانێک بەکـار هاسـتـووە بۆ گـۆڕینەوەی نامـە و پەیام و بۆچوونەکـان، هەروەها رەنگ شێوەیەک بووە لە چۆنیەتی دامـەزراندنی کەرنەڤاڵێک یاخۆ تەقسێکی سروشتی، هەر بۆ نموونە لـە شـەڕدا رەنگی رەش بۆ برەودان بووە بە شـەڕ، سـوور برێتـی بووە لە چوون بەرەو پیـری خۆشـیـیەک، بەم جۆرەش مـرۆڤ لە بواری سێکسیدا سـوودی لە رەنگ وەرگرتووە، وەکو هەوڵک بۆ گەیاندنی پەیامـەکەی، هەر بۆ نموونە رەنگەکان بەڵگە بوون بۆ پێوەندی، هەروەها هەموو کات ئافرەت رەنگی بەکار هێناوە بۆ سەرنجڕاکێشانی پیاو، ئەو رەنگانەشی بە پێی سەردەم و کـەش و بۆنەکـاندا گۆڕیوە، نەک ئەمـەش ژماریەکی زۆر لەو بەڵگانەی لە بەردەسـتـدان ئامـاژە بە پێوەستبوونی مرۆڤ دەکەن بە رەنگەوە، هەر بۆیە ئێستاش مرۆڤ دەستبەرداری ئەم خووە دێرینە نەبووە، لای سـۆمـەرییـەکـان رەنگی رەش نیـشـانـەی خـەم بووە، هەروەهـا رەنگی سـوور نیشـانەی ژیانەوە بووە، هەروەها رەنگ بەکار هێنراوە بۆ چۆنیـەتی دابەشکردنی زمانەکانی کەش و ئاوهـەوا گۆڕینەوەی نامـە و پەیامـەکان، رەنگی ژیان جیاواز بووە لە رەنگی مـەرگ، رەنگی عیشق جیاواز بووە لە رەنگی قین، زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە رەنگی سوور دەکەن وەک سەرچاوەی

خۆشەویستی و ژیان، کەچی ڕەنگی زەرد نیشانەی شوومی بووە، دیارە ئەمەش ئاماژەیەک بووە بۆ وشکی و نەبوونی و قاتوقڕی، لە سەردەمە کۆنەکاندا نیشانەیەکی وەها لە بەردەست نییە لەبارەی گوڵ و گوڵزارەکان، بەڵام ئەو وێنانەی لەسەر ئەشکەوتەکاندا بەدەستمان گەیشتوون، نیشانەی گوڵی گوڵەبەڕۆژە دەبینین، یاخۆ گوڵی لۆتس دەبینین وەکو نیشانەیەکی سێکسی، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا درەختەکان دەبینین هەروەک وێنەی سەر دیوارەکانی بابل و پاشماوەکانی سۆمەر و چیرۆکەکانی گلگامش و لای فیرعەونەکان.... هتد، کەواتە ڕەنگ لە پاڵ ئەوەشدا ڕوویەکی ئاینی هەبووە، ڕەنگی تایبەت هەبووە تایبەت بە بۆنە ئاینی و کەرنەڤاڵە ئاینییەکان، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکان باس لە پێوەندیی مرۆڤ بە ڕەنگەوە دەکەن وەک بەکارهێنانی بۆ دەرکردنی شەڕخوازی لەش و سڕینەوەی پاشماوە شەیتانییەکان و بەخشینی ڕوحی پیرۆز بە مرۆڤ.

شێوەش دەتوانین لەو شێوانە بکۆڵینەوە وەک بەکارهێنانی دەمامک و شێوە تایبەتییەکانی لەش و شێوە دروستکراوەکان، لە مێژووی کۆندا مرۆڤ سوودی لەوە وەرگرتووە کە چۆن شێوەی تایبەتی گیانلەبەران و دەعبا و جنۆکەکان بە خۆی بدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی جلوبەرگی تایبەت و دەمامک و خۆ گۆڕین، هەروەها ئەو شتانەی کە باس لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەو شتانە دەکەن کە زیاتر پێوەستیان بە توانا و چۆنیەتی پێگەیاندنی پێگەکانی دروست کردن و بنیاتنان هەیە زۆربەی زۆری ئەو بەڵگانە دەڵێن هەندێ شێوەخۆنواندن و خۆگۆڕینی تایبەت هەبووە کە مرۆڤ بەکاری هێناوە بۆ خۆنواندن و خۆ پێشاندان لە بەرامبەر یەکتریدا وەک گۆڕینی سێوەی دەموچاو و بەکارهێنانی ماکیاج و چەسپاندنی بەشێک لە ئەندام و شتە گیانلەبەرییەکان بەخۆیەوە وەک بەکارهێنانی پەڕو ددان و ئێسک و فەروە و... هتد. هەروەک لای مرۆڤەکانی سەردەمی کۆندا بەزۆری دەبینرا، یان لە لای گەلانی ئاسیای کۆندا، بەڵام ئەوەی کە زیاتر پێوەندی هەبووە بە سێکسەکەوە زیاتر ئەو شتانەن کە مرۆڤ بەکاری هێناوە بە مەبەستی بزواندنی حەزەکان، ئەو شمەکانەش کە بە زۆری لەم بوارەدا بەکار هاتوون، بریتین لە بەکارهێنانی هەندێ شێوەی ماکیاج و ڕەنگ بەکارهێنان و دەمامکی تایبەت و جلی تایبەت و هەندێ شمەکی گیانلەبەرانی تایبەت، لە سەردەمی مۆدێرنیشدا تێبینی ئەم شتە دەکرێت لە شێوەی بەکارهێنانی پۆشاک و بەکارهێنانی ئەتکێتی تایبەت بە ئادابی خۆگۆڕین و پۆشینی جلی تایبەت و شمەکی تایبەت بەخۆوەکردن وەک تەسریحەکانی قژ و شێوەکانی بەکارهێنانی مروو و شتی جوان و فرتێلە و.....هتد، کە دەکرێت بە بەشێک دابنرێت لە گۆڕینی شێوەی دەرەوەی مرۆڤ، کە ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە تایبەتمەندییەکی هەیە بۆ کێشکردنی یەکتری بۆ لای یەکتری کە ئەمەش زیاتر لەوەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە چۆن لە زمانی وشە زیاتر زمانەکانی تریش بەکار بێنن بۆ مامەڵەکردن، ژمارەیەکی زۆر لەو زمانانە زمانی شێوە بوون، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

کەواتە شێوە گۆڕین و شێوە بەخشین و شێوە بەکارهێنان کۆمەڵێ هۆکاری گرینگن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی سێکسدا، لە زۆر لە کۆمەڵگەکاندا بە تایبەتی کۆمەڵگەکانی شەرم ئەم مەسەلەی شێوەیە باڵادەستییەکی گرینگی هەیە و زیاد لە پێویست لەناو مەوداکانی گۆڕینەوەی

سێکس و خۆشەویستیدا جێگەی خۆی کردووەتەوە، لەناو کۆمەڵگەکانی ناشەرمدا شێوە دەچێتە ناو بنیاتی پێکهاتنی ژیانەوە هەر لە مامەڵەکردنەوە تا بەکارهێنانی ڕۆژانەشی، هەر بۆ نموونە لە زۆربەی بەسەرهاتەکاندا مرۆڤ شێوە خەیاڵییەکانی بۆ خۆی خوڵقاندووە تاوەکو لەو دنیایە بێتە دەرێت کە لە سێکسی دوور دەخاتەوە، ئیرفین جەمیل شیک لە کتێبەکەیدا مارجینی ئیرۆتیک کە باس لە سێوە دەکات نموونەیەک دەهێنێتەوە لەبارەی ئەو کەشتیوانانەی کە لە سەر رووی دەریا مانگ و ساڵان بەسەر رووی دەریاوە بوون ئەو دەڵێت حەزی ئەوان وای کرد کە حۆریی دەریا دروست بێت (ئەمەش دەربڕینێکی سێکسییە لەبارەی حەزەکانی ئەوانەوە واتە ئەو دەریاوانانەی ناو کەشتییەکانیان. ئەوان پێویستیان بە ئافرەتێکی رووباری هەبوو، نیوەی سەرەوەی ژنێکی خاوە سنگوبەرۆک بێت و نێوەی خوارەوەشی ماسی بێت.) دەریاوان کە لەسەر رووی دەریایە پێویستی بە کەسێکە شەوە مەحرومەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە. هەروەها پێویستی بەوەشە کەوا ئەم وێنەیە بە بەرگێکی واقیعی داپۆشێت بۆ ئەوەی شتێکی هەبێت کە گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێ و کەسەکانی تا بۆیان بگێڕێتەوە. بەم جۆرە وەهم لەگەڵ ئەفسانەدا تێکەڵ بوون. کەواتە مەسەلەی دەوروبەر هەندێ جار وای پێویست کردووە کە مرۆڤ بە دووی شێوەی تایبەتدا بگەڕێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی خۆی وەک بەکارهێنانی خەیاڵ و بیرکردنەوە و وەهم.

پۆشاک بە هەمان شێوە کاریگەرییەکی سێکسیی گەورەی هەبووە، مرۆڤی سەرەتایی بۆ زیاتر زیادکردنی حەزە سێکسییەکان گەڵا و پووشی داری بەکار دەهێنا بۆ داپۆشینی کۆئەندامەکانی خۆی بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە نەبنە شتێکی ئاسایی لە بەرچاوی یەکتری، بەڵکو بۆ ئەوەی زێدەتر حەزی سێکسی لەلای یەکتری بورووژێنن و تامەزرۆیی دروست بکەن، ئەگەر بۆ تابلۆ کۆنەکان بگەڕێینەوە ژمارەیەکی زۆر لەو تابلۆیانە دەبینین کە پڕن لە دیمەنی تایبەت بە کاریگەرەکانی لەش لە رووی پۆشاکەوە، هەروەها ئەو چیرۆکە ئاینی و ئەفسانەییەی کە باس لە لەش و پۆشینی لەش دەکەن، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لەوانەشی کە مێژووی پۆشاکیان نووسیوەتەوە لەو راستییە نەگەیشتبن کە پۆشاک لە پاڵ ئەرکەکانی پاراستن ئەرکی سێکسیشی لە پشەوە بووە، یەکەمین گەڵا و پووش و پەلاش کە کران بە جلوبەرگ، هەروەها تا بەکارهێنانی فەروە و پەڕی باڵندە تا پەیدابوونی رستن و چنین و قوماش مرۆڤ بیری لە لایەنە سێکسییەکەی پۆشاک کردووەتەوە، زۆر لە سەردەمەکان جلەکان وا دروست کراون کە ئارەزووی سێکسی دەرپەڕێنن وەک دەرپەڕاندنی سنگی ئافرەت و تەسککردنەوەی لەش و جوان نواندندنی کۆئەندامە هەستیارەکانی ژن و هەروەها دورینی جۆرە جلوبەرگێکی تایبەت بە پیاوان کە ئارەزووی سێکسی لای ژن دروست بکات، ئەگەر تەماشای سەردەمەکانی سۆمەری و بابلی و فیرعەونەکان بکەین کە سەرەتاکانی پەیدابوونی جلوبەرگی تایبەت بوون بە ژنان و پیاوان هەردەم جلوبەرگی ژنان جۆرە جوانکارییەکی پێ دراوە کە جوودا بێت لە پیاوان، هەروەها سەرەڕای لایەنە جوانکاری و ئیستاتیکییەکەی هەوڵ دراوە لایەنە سێکسییەکانیشی رەچاو بکرێت، هەر بۆیە دەرخستنی سنگ و مەمک تاقە رێگەیەکی تایبەت بووە لە وروژاندنی حەز و ئارەزوو لای پیاو، هەروەها پیاو زیاتر لە رووی جەستەوە خۆی

نواندووە، پۆشاک بۆ پیاو تەنیا رووی هێزی هەبووە واتە چۆنیەتی دەرخستنی هێزەکانی پیاو کە ئەمەش بۆ ژن کاریگەرییەکی سێکسیی تایبەتی هەبووە، هەروەها لای سۆمەرییەکان زۆر شت بۆ رازیکردنی ژن کراوە وەک بنیاتنانی جوانترین پەرستگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنان بۆ لای پیاوان دەبران بە جوانترین پۆشاکی تایبەت دەرازێنرایەوە، نەک ئەمەش بگرە جلی بووک هەندێ جار چەند ساڵی پێ دەچوو تا ئەنەخشێنرا و دەدوورا، یەکێک لوە سەرچاوەکان باس لە ئامادەکردنی جل دەکەن بۆ یەکێک لە شاژنە سۆمەرییەکان دەڵێت، ئامادەکردنی جلەکەی پاش کارکردنی دەیان کەنیزە و وەستای تایبەت بە ٣ ساڵ توانرا جلەکەی بۆ ئامادە بکەن، ئەمە سەرەڕای خشڵ و زێڕو مت و مروو، بەڵام ئەم کارە هەروەها ئاماژەیەک نەبووە بۆ رێز و خۆڕازاندنەوەی پەتی، بگرە زیاتر پێوەست بووە بە گرینگێتی وورووژاندنی حەزە سێکسییەکان، ئەمەش لە ئامادەکردنی جلەکانی نەفەر تیتی فیرعەونیشدا هەر راست بووە، هیچ یەک لە سەرچاوەکان باس لە نەبوونی کاریگەریی پۆشاک ناکەن لەسەر ژیانی مرۆڤ لەو سەردەمە، بەڵام ئەم حاڵەتە لە سەردەمی یۆنانیی رۆمانییەکانیشدا هەر باو بووە، کیلۆپاترا کە خۆ ئامادە دەکات بۆ بینینی قەیسەری رۆمانی بەشێوەیەکی زۆر تایبەت خۆی ئەگۆڕێت، بەشێوەیەک کە قەیسەر سەرەڕای بەهێزی خۆی لەبەردەم راکێشاندنەکانی ئەودا خۆی پێ ناگیرێت، بەڵام نەک ئەوەش زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیان لەناو کەرنەڤاڵی جلوبەرگی تایبەتدا رووی دەدات، ئەم کردارە لە سەردەمی تایبەتی یۆنانییەکانیشدا لە فەلسەفەی باوی ئەو سەردەمەدا جێگەی خۆی هەبووە، فەلسەفەی جوانکاری گرینگییەکی تایبەتی بە سێکس دەدا، هەروەها لە پاڵ ئەمانەشدا فەلسەفە وەک شتێکی تایبەت تەماشای بیری جوانکاری دەکرد، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە چی وتراوە بۆ مەسەلەی پۆشاک هیچ سەرچاوەیەکی وەها لە بەردەست نییە کە بە تەواوەتی ئاماژە بە رۆڵی فەلسەفە هەبێت لە مەسەلەی شێوەی دەرەوەی مرۆڤ، بەهەرحاڵ ئەوەی کە زیاتر لەو مێژووەدا بۆمان ماوە ئەوەیە کە هیچ یەکێک لەو سەردەمانە بێ گرینگی و سەرپێیانە نەیڕوانیوەتە پێوەندییەکانی پۆشاک و سێکس بگرە ناهۆشمەندانە مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا بە گرینگییەوە تەماشای گرینگی پۆشاکی کردووە بۆ بزواندنی حەزەکان و تێرکردنی ئارەزووەکانی، هیچ یەکێک لەو سەردەمانە نەیتوانیوە بە سووکایەتی بڕوانێتە خۆ ئامادەکردن بەشێوەیەکی نا سروشتی و بێ زەوقانە بەرامبەر بە سێکس، نەک ئەمەش ژمارەیەکی زۆر هەوڵی داهێنانە دەبینرێت لە گۆڕانکاری لە شێوەکانی دوورینی جلوبەرگ و هەڵبژاردنی شێوەکانی، لە سەردەمەکانی سەدەی هەڤدەم و هەژدەم و تا سەدەکانی نۆزدەم و بیستیش گرینگیدان بە پۆشاک چووە ناو دەزگاکانی دەوڵەت و ناو کۆشک و تەلارەکانەوە، لە سەردەمەکانی دۆک و شا و میرەکاندا پەرەسەندنێکی سەیر رووی دا لە یگرنگیدان بەشێوەی دەرەوە، دەزگاکانی دەوڵەت بۆ جوانکردنی ئافرەتەکانیان بودجەی تایبەت تەرخان دەکرا بۆ کڕینی جلوبەرگی تایبەت و گۆڕینی تایبەت و بەکارهێنانی شێوەی گۆڕین و پۆشینی جل و ڕەنگی تایبەت، ئادابی جلوبەرگ لە سەرەوە دادەبەزییە خوارەوە بۆ ناو جەماوەری سادە، واتە خەڵکی.

# من ناوم ئاغالەیە

رۆستەم ئاغالە

ئەو نووسینانەی لەسەرم نووسراون زۆرن، بەڵام بە لاوازیان دەزانم و ئەوان زیاتر باسی خۆیان دەکەن، (هەست و تەکنیکی)ی منیان لە بیر کردووە. بۆیە چیی تر ئەو نووسینانەی پێشتر لەسەرم نووسراون دووبارە نایاننووسمەوە. لێرەدا مەبەستی سەرەکیم ئەوە نییە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆدەکانی کاری هونەریی شێوەکاری و کاریگەرییەکانی بەسەر هونەرەکەمەوە بنووسم. ئەو ئەزموونەی پێی گەیشتووم ئەمەیە: بەلامەوە گرینگە چۆن و کەی نیگار بکێشم و چی بکێشم، ئەوەندە خۆم سەرقاڵ نەکردووە بە تیۆرییە هونەرییەکان تا ڕستەی فلان و فلان بکەم بە نەخشەڕێگەی خۆم. من سەرقاڵی ماتریالی جۆرەوجۆر و تەکنیکی مادی نیم بۆ دروستکردنی تابلۆ، بە قەد داڕشتن و چۆنیەتیی نیگارکێشان. تەکنیک و ماتریال تاکە ئامرازی دەربڕین و توخمی پێکهاتەی هونەر نییە لای مندا. ئەوە باش دەزانم ئەگەر ڤیگەرە واقیعییەکانی خۆم لەبەر تابلۆکانم دەربێنم ڕێگەیان نزیکتر دەبێ بۆ بەجیهانیبوون، هەرچەندە پێچەوانەکەشی دەزانم. نیگارکێشانی من لە پێناو جوانی و دۆکۆمێنتکردن نییە. نیگارکێشانم لە پێناو ڕەوشتی گشتی بووە و بۆ داخوازیی هیچ کەس تابلۆم دروست نەکردووە، بەرهەمهاتنی کارەکانم پەرچەکردار و یاری و بەرەنگاری بووە لە ئاست باری هەڵچوونی دەروونی و نائارامی و ئارامیی ساتەکانی خۆمدا بە بەرنامە و بێ بەرنامە. هەروەها کارەکانم بەر لەوەی سەرکەوتوو و جوان و هارمۆنی بن باسی چیرۆکی شکان و ئازار و بێزاریی خوڵقێنەری کارەکانم بوونە.

ئێمەی هونەرمەندان کاتی یەکتر ڕەت دەکەینەوە بە کەسایەتی و شێوازەوە، شێوازی یەکتر بە هیچ و بێ مانا باس دەکەین بەڵام کە ئاوڕ دەدەینەوە لە تەنیشت و پشتماندا جەماوەر هەردوو لامانی پەسندە و وا لەسەر هەردوو لامان دەنووسێ و دەخوێنێتەوە. ئەو پێشەوا بلیمەتانەی دنیا کە هەن، هەر یەکێکیان بیر و شێوازی، شتێکی جیاواز بووە لەوەی تر.

ئەگەر بزانم جەماوەرەکەم بێزار و وەڕس بوون لە شێوازەکەم، کارەکانم زۆر کەم پێشکێش دەکەم و هەوڵ دەدەم دەنگوباسی هونەریم نەزانن چونکە خۆم دەبێ بڕیار بدەم لەو شێوازە تێر بووم یان نا... ئەگەر بۆشایی لە کۆبیزم ناوەڕۆک بێ، تیشک لە ئیمپریشینزم ناوەڕۆک بێ، هەست لە کاری گوزارشتکاران سەرەکی بێ، ئەوا لە کاری مندا هەرسێ لایەن توخمی پێکهێنەری کار دەبن. لە ڕەهەندی بیکاسۆ و براکدا شێوە لە پێناو ڕەنگدا بووە ئەو تا دوا ساتی ژیان هەر شێوە – فۆرم – پێکهێنەری سەرەکیی کاریان بووە. نازانم کەی شێوە دەفڕێ لە کارەکانمدا، هەندێ جار ڕەنگ لە پێناو شێوەدا بەکار دەهێنم. من کاندنیسکی نیم ڤیگەری تابلۆکانم دەربهێنم، ئەوەش مانای ئەوە نادا کە من هەوڵ و ئەندێشەم نەبێ بۆ مۆدێرنە، کارکردن لە مۆدێرنەدا زۆرجار کوشتن و لەناوبردنی کەسایەتییە کولتوورییەکانە. دەمەوێ بە شێوازی مۆدێرنە سوود لە کولتووری میللەتان وەربگرم. ئەگەر بڕوانین هونەرمەندانی داهێنەرانی مۆدێرنە سوودیان لە کولتووری دەرەوەی ئەوروپا، لە گرافیکی چینی و ژاپۆنی سوودیان لە ماسک و پەیکەری میللەتەکانی ئەفریقیا و ئاسیا و کولتووری ئەمەریکا وەرگرتووە.

لە هونەری شێوەکاریی کوردیدا هونەری کلاسیک و مۆدێرنەمان کەوتووەتە دوای ئەو مێژووەوە، نەشونمامان لە سەردەمی دیجیتەڵدایە، بۆیە قۆناغەکانمان پووچ و ناکامن و بەسەر یەکدا ڕژاون، جیاکردنەوەیان ئاسانە، بەڵام زۆر لەیەک دەچن. لەناو سەدەی گەشە و کۆتاییدا، لە سەرەتای نەوەتەکان زۆر هەوڵی نوێخوازیم داوە، لە هەشتاکانیش کە خوێندکاری پەیمانگەی هونەر بووم هەوڵی نائاساییم هەبووە بۆ نموونە لەوانە، لە کاری ڕەنگدا لە شوێنی فڵچە تەختەی پانم بەکار هێناوە بۆ ڕەنگدانانی سەر کانڤاسەکەم، بۆ کارەساتی هەڵەبجە لە زووری بەشی ناوەخۆییمان لە سەرکارێز بە شەو پێشەنگەم کردووەتەوە و شێوەی کردنەوەکەی بە شێوەی نائاسایی بووە، بەهێنانی شەش تایەی ئۆتۆمۆبێل لەناو دەرگە و ڕووخاندنی و لابردنی لەلایەن کارگوزارێکی نەخوێندەوارەوە.

هەروەها پاککردنەوەی شوێنێکی وەک قەیسەریی کۆیە کە سی و پێنج ساڵ بوو داخرابوو. لە ناوەڕاستی شار و سەنتەری بازاڕ لە کۆیە بۆ ماوەی دوو مانگ بەتەنیا پاکم کردەوە، کارێکی گرینگ و بەخشینی جوانی و دۆزینەوەیەک بوو بۆ نەوەی تەمەنی خۆم، پاککردنەوە و گۆڕینی ڕابردوو و ناساندنی بە ئێستا، بەهونەرم زانیوە. لە سەرەتای نەوەتەکاندا کاری چاکە و دۆزینەوە و بیرخستنەوەم بەهونەر زانیوە. کەوتمە کێشەی زۆرەوە لەسەر ئەو قەیسەرییە بۆیە هونەرم بە بەشێک لە جەربەزەیی زانیوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە پەشیمانم بگرە چیی تر وا کار ناکەم (ئەو کارە زۆری پێ بەخشیم، ئازایی و ئازادیم بە توانا و هێزی خۆم خوڵقاند لە شارێکی وەک کۆیەدا) وە هیوا و هەستی بەرزم بەخشی بە شارەکەش، کردنەوەی ئەو قەیسەرییە یەکەم پەتبڕینی سفتاحی کردنەوەیەک بوو لە دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢دا.

ئێستا لە بری ئەوە قەیسەرییەک پاک بکەمەوە و نواندنی تێدا بکەم وا گەلەرییەک بە شێوازی ئەو قەیسەرییە لە کۆیەدا دروست دەکەم. هەروەها لە ساڵی نەوەت و سێدا کۆکردنەوەی کۆنە قوتووە ژەنگاوییەکانی سەر گوفەکەکانی کۆیە کە قوتووی پێنج کیلۆی ڕۆنی راعیی ئەو کاتە بوون،

هێنام لەسەر شەقامێکی کراوە و قەرەباڵغ و پاش سەرئێشەیەکی زۆر لە پلاری خەڵک و نەبوونی هاوکاریی مادی و مەعنەوی، ئەو شێوازی کارە لەو سەردەمەدا زۆر نوێ بوو لە هەموو کوردستاندا. بەهۆی ئەو پرۆژەوە پێیان دەگوتم (رۆستەم قودی) کە ئاماژە بوو بۆ قوتووە کۆنەکان.

ئەگەر کەمێک ئاوڕ لە رابردووی خۆم بدەمەوە هەر لە سەرەتای رۆژانی پەیمانگامەوە تا ئێستا زۆر شتی نەشیاو و شیاوم کردووە. ئەو رۆژانەی منداڵیم لە بیر ناچێ کە هاوین دەهات دەبوو دەستم بکرێتەوە بۆ کاری سەرشەقام و کاری (گوندی شەوکێر)، ئەو سێ مانگەی هاوین زۆر بیری شارەکەمم دەکرد و لە دەشتە گەرمەکان گوێم بۆ دەنگی هاڕەی ئۆتۆمۆبێلەکان دەگرت کە بەکزەبای شەماڵ یان رەشەبا بەرگوێم دەکەوتن، یا لەسەر چیای هەیبەسوڵتانەوە بریسکەی شووشەی ئۆتۆمۆبێلەکانم دەبینی، خۆشیی بیر و گەڕانەوەی شاریان پێ دەدام کە ئەو ساتە ئۆتۆمۆبێل کەم و رەزایان وەک ئێستا گران نەبوو. بۆنی دووکەڵەکەیمان وەک بۆنی قەنەفل هەڵدەمژی. هاوینانی سالانی هەشتاکان کە لە پەیمانگە دەمخوێند دەکەوتمە فرۆشتنی کلاوی سەپانان لە هاوینەهەواری شەقلاوە و سەری رەش و سلێمانی و بەغدا و پردێ و زۆر شوێنی تر، هاوینێکی تریشم بیر ناچێ لە هەشتا و شەش لە شارۆکەی سەروچاوە لەگەڵ کەمالی برام گوڵەبەرۆژەمان کرد و کرێکاریمان کرد، ئەوە ناخۆشترین هاوینی ژیانی من بووە بە ئازاری جەستە و دەروونییەوە، لە پاشانیش پارەی کۆڵکێشییەکەمان بۆ کێشەی خزمێکمان دا و بابردی.

ناتوانم لە بیریان بکەم. ئەو نیگار و کەشی ئەو ژیانە سالانێکە بوونەتە هەوێنی چەندان تابلۆی من. بەڵام ئەمە مانای وا نییە من کەسێکم بیرم تیژە بۆ رابردوو؟ زۆرترین نیگارکێشانی من لە وەرزی بەهار و هاویندا بووە. بەهاتنی بەهار ژوورەکەم کە سێ بە چوار بوو، یەکپارچە دەبوو بە گوڵاڵەسوورە و نێرگز و گوڵە حاجیلە و مەندیلان. لە کۆیە دەچوومە ناو رەزان بە چەپک لەناو باخەکان و کێڵگەی پاقلەدا گوڵەنیسان (گوڵاڵەسوورە)م دەهێناوە ژوورەکەم. جار هەبووە لە شەو و رۆژێکدا چوار یا پێنج ستیلایفم نیگار کێشاوە.

هەموو جارەکانیش هەر کراسێکم لەبەردا بووبێ بە رەنگی سوور رەنگاوە و لە پاشان بە فڵچە دەکەوتمە سەری تا پەڵە سوورەکانم دەکرد بەبەشێک لە نەخش بۆ سەر کراسەکە. ئەو بارە چەندان جار دووبارە دەبووەوە. لە پاشان کردمە شێوازێک بۆ دیزاین و گۆڕینی کراسەکانم، ئەوە درێژەی کێشا تا بوومە سەرباز لە بەغدا، کراسی کۆنە یا هی سەربازیم دەکڕی، هێڵکاریم لەسەر دەکردن و لە گۆڕەپانی ئەعزەمیە بەقازانج دەمفرۆشتەوە. نەخشێ بۆ سەر کراسەکە، ئەو بارە چەندان جار دووبارە دەبووەوە. لێرەدا کە باسی منداڵیی خۆم ناکەم تەنیا لەبەر ئەو شێوە لاساییەیە کە مرۆڤەکان باسی خۆیانی پێ دەکەن، یا زۆر مات و مەلوول یا هار بووین و یا ئازا و چەقاوەسوو بووین دایک و باوک لێمان بێزار بوون. یا سەرکردەی گرووپی منداڵەکانی گەڕەک بووین. ئەگەر لەو کەسایەتییانەش بووبم هەر شایەنی باسکردن نییە. ئەو شیکارییە دەروونییە با بەهەڵە لەبارەی منەوە بکرێ. پێویستە زۆرترین شیکاریی دەروونی بۆ نیگارکێش لەسەر ستیلایفەکانی (سروشتی بێ گیان) بکرێن.



150x200 Cm oil colour on canvas - Destruction of the House-1998


100x200 Cm oil colour I Love my self more-2007



100x200 cm oil colour on canvas lonve & wife-2009



100x200 cm oil colour on canvas fly- 2011



23 x 29 Cm oil colour 1998 Modil


120 x120 Cm Acrylic  on canvas hard life - 2011



ditels-300x100 Cm oil colour  on canvas 2004 - Wat do &wher wego?



details - Wat we do and wher we go ?



50x70 cm oil colour on canvas - queer -2011



160x296 Cm oil colour on canvas  Red migratinn -2005



100x200 Acrylic -Zmnako -2011



150x150 cm oil color in canvas - portrait by Lyuzhe-2010



80x100 cm oil colour on canvas I am alive yet i am dead-2005



100 x150 cm oil colour on canvas-2007



100 x 70 Cm  oil colour  on canvas -  2003




10 x5 cm 2010

# ليۆ تۆلستۆی

١٨٢٨-١٩١٠

(ليۆ تۆلستۆی) به يەكێك له گەوره بليمەته هاوچەرخەكان دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی كە ئەديب بووه و ڕۆمـانەكـانی لە ڕۆمـانە گـەورەكـانی ئەدەبی جـيـهـانـین، زۆرێكيش وەک بیـرمـەندێک و فەيلەسووفێک و چاكسازێكی كۆمەڵايەتی لێی دەڕوانن.

(تۆلستۆی) له ١٩ی سێپتەمبەری ١٨٢٨ له گوندێكی بچووک بەناوی (ياسنايا بوليانا) له نێزيک شـاری مـۆسكۆ لەدايک بووه. كـاتێكيش منداڵ بووه دايک و باوكی مـردووه و خـاڵۆكـانی ئەركی پەروەردەكردنيان گرتووەته ئەستۆ، سەرەتاكانی خوێندنيشی لەسەر دەستی مامۆستا تايبەتييه بيانييەكان بووه.

له ساڵی ١٨٤٤ پێوەندی دەكات بەزانكۆی (كازان)ەوه

بەڵام هـەر زوو له شـێـوازی وتنەوەی وانـەكـانی مـامـۆسـتـاكـان بێـزاربوو كـاتێک بابەته زانستييەكانيان شيدەكردەوه، هەر بۆيه بەرلەوەی تەواوی بكات خوێندنەكەی جێ هێشت گەڕايەوه زێدی لەدايكبوونی.

(تۆلسـتـۆی) بۆ فـێـركـردنی خـۆی پەنای بردە بەرخـۆی، هـەر بۆيه چەندان كـاتژمـێـری لەناو سـەرچاوەكانی زانست و مـەعريفەدا بەسـەردەبرد، لـەم ماوەيەی ژيانيشـيدا سێ ڕۆمانی نووسی بەناوەكانی (منداڵی) و(مێردمنداڵی) و (گەنجێتی).

ساڵی ١٨٥٣ كاتێک تەمەنی ٢٥ ساڵان بوو، وەک خۆبەخشێک ڕۆشته سوپای ڕووسياوه كه له ناوچەی قەوقازدا بوو، له نێوان ساڵانی ١٨٥٣-١٨٥٦بەشداری شەڕی (قەرەم)ی كرد.

له شـەڕێكيـشـدا بەناوی (سـيـڤـا سـتـوبول) ئازايەتـيـيـەكی بێ وێنەی پيـشـان دا، سـەرەڕای ئازايەتييەكەشی كەچی تۆلستۆی ڕقی له شـەڕەكان بووەتەوه و ڕقيشی لەوه بووه سـەركردەكانی شەڕ بە پاڵەوان وەسف بكرێن.

..............................................................

وەرگێڕانی له عەرەبييەوە: هێمن مەحموود حەمه



هەواڵنامەی كتێب



لیۆ تۆلستۆی

ساڵی ١٨٦٣ چیرۆکی (القوقاز) دەنووسێ کە باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لە شەڕەکاندا، لە چیرۆکەکەدا (ئۆلیڤییە)ی ئەرستۆکراتی مەزهەب کە کەسایەتییەکی سەرەکییە سەرسامیی خۆی دەردەبڕێت بەو ژیانە ئازادەی کە خێڵە قەوقازییەکان بەسەری دەبەن.

دوای ئەوەی وازی لە سوپا هێنا، تۆلستۆی سەفەری رۆئاوای ئەورووپای کرد، لەوێ شێوازەکانی وانەوتنەوە و رێگەکانی پەروەردەکردن فێربوو.

کاتێکیش گەڕایەوە گوندەکەی خۆی، خوێندگەیەکی بۆ منداڵە هەژارەکان کردەوە و بۆ رێگەکانی فێرکردنیش پشتی بە رێگە سەلیمەکان بەستبوو کە لە سەفەرەکەیدا فێری بووبوو.

بۆ ئەوەش کە ئەم رێگەیە گشتگیر بکات لە بواری فێرکردندا و بگات بەناوچەکانی تری رووسیا، تۆلستۆی بڵاوکراوەیەکی بەناوی (یاسنایا بۆلیانا) دەرکرد.

## کارە ئەدەبییەکانی

رۆمانی (شەڕ و ئاشتی) بەحەق، جوانترین رۆمانێکە تۆلستۆی نووسیبێتی، ئەم رۆمانە بەشێوەیەکی تەواوەتی لە کۆتاییی ساڵی ١٨٦٩ بڵاو کرایەوە.

ئەم رۆمانە گێرانەوەیەکی مێژووییی پێنج خێزانی رووسییە کە بەقووڵاییی ئەزموونە ئینسانییەکان و قۆناخە جیاوازەکانی ژیاندا تێ دەپەڕن کە ئەوانیش لەدایک بوون و پێگەشتن و گەشەکردن و هاوسەرگرتن و خستنەوەی منداڵ و گەورەبونی تەمەن تاوەکو پیری و لە کۆتاییشدا مردن.

هەروەها ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی بەڕۆمانێکی مێژوویش دادەنرێت، لەبەرئەوەی باس لەو ڕووداوە سیاسی و سەربازییانە دەکات کە ئەوروپا لە ساڵانی ١٨٠٥ تا١٨٢٠ پێیدا تێپەڕیوە، بەتایبەتیش داگیرکردنی ڕووسیا لە ساڵی ١٨١٢ لەلایەن ناپلیۆنەوە.

لەم ڕۆمانەدا تۆلستۆی ڕەفزکردنەوەی تیۆرەی پیرۆزکردنی پیاوی گەورەی لە مێژوودا ڕاگەیاند، تاوەکو ئەو شوێنەش دەڕوات کە بڵێت بەپێچەوانەی بڕوای زۆر کەسەوە کەسایەتییە گەورەکان یاخۆ پاڵەوانەکان شوێن دەستی کاریگەر بەسەر ڕووداوەکانی مێژووەوە جێ ناهێڵن.

دواتر کارە ناوازەکەی تری (ئانا کارنینا) بەچەند بەش لە ساڵی ١٨٧٥ تاوەکو ساڵی ١٨٧٧ بڵاو کردەوە.

ڕۆمانەکە باس لە خیانەتی ئەمیرەیەکی ڕووسی دەکات بەناوی (ئانا) لە پیاوەکەی (کارنین).

ڕۆمانەکە بەوردی باس لەو پێوەندییە ڕۆمانسییەش دەکات لە نێوان (ئانا) و کۆنسە (فیرنسکی)، هەروەها هەریەک لەو دووانەش بێزاریی خۆیان لە بیر و بۆچونەکانی توێژە ئەرستۆکراتییە خۆشبەختەکە دەردەبڕن.

کۆتاییی ڕۆمانەکەش بە خۆکوشتنی پاڵەوانەکە (ئانا) کۆتایی دێت ئەویش بەهۆی ئەو ئاستەنگە گەورانەی کە دێتە ڕێگەی پێوەندییەکانییەوە.

بەڵام ڕۆمانی (ئانا کارنینا) هەر بەتەنیا چیرۆکی خۆشەویستییەک نییە، بگرە ڕەگەزی کارەساتباویشی تێدایە، تەنانەت گێڕانەوەیەکی قووڵی مەسەلە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئەخلاقییەکانی ڕووسیای قەیسەری و توێژە ئەرستۆکراتییەکەشیەتی لە هەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا.

لەو مەسەلانەش بۆ نموونە ڕەفتاری دوو ڕوویی توێژە خۆشنودەکە لە بەرامبەر خیانەتی هاوسەرێتیدا و ڕۆڵی ئیمانیش لە ژیانی مرۆڤدا.

ئەم ڕۆمانە لە ڕێگەی بیرکردنەوە و کردارەکانی (لیفین)ەوە کە کەسایەتییەکی میحوەری دووەمە لە ڕۆمانەکەدا چەند مەسەلەیەکی وەها دەخاتە ڕوو کە لە هەمان کاتدا تەعبیر لە بیر و بۆچونەکانی تۆلستۆیش دەکات.

دوای ئەوە تۆلستۆی گەشتێک بە ژیانیدا دەکات و لە ماناکانی و ئامانجەکانی ورد دەبێتەوە.

هەموو ئەو پرسیار و سەرسوڕمان و ئازارانە لە ڕۆمانێکی تازەیدا ل ەساڵی ١٨٨٢ بەناوی (دانپیانانەکانم) بڵاو دەکاتەوە.

تۆلستۆی بەردەوام بوو لە تێڕامانی وجوددا، هەموو ڕەخنەگرتنێکی کەنیسەی ڕووسیشی لەم لایەنە فەلسەفییەوە پشتگوێ خست.

لە کتێبێکیشیدا بەناوی (مەملەکەتی خودا لە ناوەوەی خۆتدایە) ڕای خۆی دەخاتە ڕوو، بڕواشی

وەهایە کە پێویستە لەسەر مرۆڤ رووکارە خێرەکەی هەناوی خۆی بدۆزێتەوە و چاوەڕێنەکات تا دەردەکەوێت.

هەروەها بڕواشی وەهابوو کە توندوتیژی چەکێکی لاوازە کە هیچ حوجەتێکی نییە، بەڵام لێبووردەیی و مشتومڕێک کە لەسەر ڕێزگرتنی بەرامبەر دروست ببێت، ئەوە هێزی حەقیقەتە و هەر ئەوەش پێویستە بڵاو بێتەوە.

لە ساڵی ١٨٩٨ تۆلستۆی کتێبی (هونەر چییە؟)ی نووسی، لەم کتێبەشدا تیۆرەی (هونەر بۆ ژیان)ی داڕێژا، کە ڕەهەندێکی ئاینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بەهونەر دا.

بەم پێوەرانەش تۆلستۆی حوکمی لەسەر زۆرینەی کارەکانی یەکەم جاریدا بەوەی کەوا (هونەرێکی ئەرستۆکراتیانە بووە) کە بێ هیچ مەبەستێک نووسراوە و دوور بووە لە ئیدراک و تێگەیشتنی مرۆڤێکی سادەوە.

دواتر تۆلستۆی دەستی کرد بەنووسینی چەند ڕۆمانێکی تازە کە تێیدا پاڵەوانەکانی لە کەسە هەژارە سادەکان بوو، نەوەک نەبیل و ئەمیرەکان ئەوانەی کە پێشتر بەدرێژی لەسەری نووسیبوون.

لە ساڵی ١٨٨٦ تۆلستۆی چیرۆکێکی بەناوی (مردنی ئیڤیان ئالیش) نووسی، کە تێیدا چیرۆکی جووتیارێکی هەژار دەگێڕێتەوە لە سەرەمەرگدا بەهۆی نەخۆشییەوە ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە کە چەندێک خاڵی بووە لە کاری چاک.

ڕۆمانی(البعپ) بە گەورەترین کار و دەستکەوتی ئەم ماوەیەی ژیانی تۆلستۆی دادەنرێت، کە چیرۆکی ئافرەتێکە بەتاوانێک تۆمەتبار دەکرێت کە ئەنجامی نەداوە، هەروەها پیاوێکی نەبیلیش لە هەڵەکانییەوە باوەڕنەبوون بڵاو دەکاتەوە.

دواتریش لە ساڵی ١٨٩٨ڕۆمانی (شەیتان) دەنووسێت، کە گرینگی دەخاتە سەر خۆشەویستی و غیرە و لایەنە کوشندەکانی غەریزەی جنسی.

ڕۆمانی (الحاج مراد) کە دوای مردنی تۆلستۆی بڵاو کرایەوە و چیرۆکی سەرۆک خێڵێکی شاخەکانی قەوقازمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەم ڕۆمانەدا جارێکی تر ئەستێرەی تۆلستۆی دەدرەوشێتەوە بە وەسفکردنی وەک دەرونشیکارێکی بە ئەزموون و وەک ئەدیبێکی خاوەن قەڵەمی ڕژد لە سەردەمەکەی خۆیدا.

لە ساڵی ١٨٦٢ تۆلستۆی (سۆنیا بیرس)ی مارە کرد، و ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و خۆشبەختیان بەسەر برد.

ئەمەش لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی گڕگرتوودا بەدیهات.

ئەو کات (سۆنیا) تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو، و تۆلستۆیش تەمەنی سی و چوار ساڵان بوو، پلەیەکی بەرزیشی هەبوو لە ناوبانگ و سەرکەوتنی ئەدەبیدا.

پاش ساڵانێکی درێژیش لە ژیانی هاوسەرێتی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە سەرکەوتنێکەوە دەڕۆشتن بۆ سەرکەوتنێکی تر، بەتایبەت پاش ئەوەی کە تۆلستۆی بوو بەیەکێک لە ئەدیبە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و وەک کەسایەتییەکی ناوازەی جیهانی بەدەرکەوت، کە لە هەموو جیهانەوە خەڵکی سەردانیان دەکرد و لێوەی فێر دەبوون.

(سۆنیا) وەک تۆلستۆی لە بارەیەوە دەیوت "ژنێکی نموونەییە١٣ منداڵی بۆ خستەوە، کە سیانیان مردن.

تۆلستۆی وەک هەموو جووتیارێک حەزی لە منداڵی زۆربوو، لەلایەکی تریشەوە سۆنیا خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو، دەرچووی زانکۆیەکی بە ناوبانگ بوو، ئەمە جگە لە زمانی رووسی چەندان زمانی تری دەزانی وەک فرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی و ئینگلیزی، ئەویش وەک هەموو کچانی تری توێژە ئەرستۆکراتییەکە.

لە ساڵانی بەر لە شوکردنیشی، سۆنیا چەند کتێبێکی ئەدەبی نووسی.

دوای شوکردنیشی هەموو هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی مێردە بلیمەتە هونەرمەندەکەی تەرخان کرد کە لەبارەیەوە دەڵێت"مێردێکی تەواو گونجاوە بۆ نووسین".

بەجۆرێک ئەم مێردە نووسینەکانی خۆی دەخستە بەردەستی، ئەویش هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ ئەوەی جارێکی تر بیاننووسێتەوە و ئامادەییان کات بۆ بڵاوکردنەوە.

تۆلستۆیش لە پێشاندانی چەند لایەنێکی کەسایەتیی ژنانەی پاڵەوانەکانی پرسی پێ دەکرد و سوودی لێ دەبینی و بەکاری دەهێنا لە ڕۆمانەکانیدا.

ئەم ژیانە میسالییەی نێوان ئەم دووانە و ئەو لەیەکگەشتن و خۆشبەختییە هاوبەشە نێزیکەی ٤٠ ساڵی خایاند، تاوەکو ئەو کاتەی کارەساتەکە هات و تۆلستۆی تەمەنی گەشتە ٧٠ ساڵان.

لێرە بەدواوەوە تۆلستۆی وازی لە ژیان هێنا و زەوییەکانی دا بە کەسە نێزیکەکانی و قازانجی کتێبەکانیشی دا بە ژنەکەی و جلوبەرگی هەژارانەی پۆشی و لەو کێڵگانەدا کە لە چواردەوری شارەکەیدا بوون ئەوەندە ئیشی دەکرد کە بەشی ژیانی بکات.

لەو کاتەدا ناو و ناوبانگی تۆلستۆی وەک فەیلەسووفێکی تازە کە خاوەن بیروڕای تازەیە بڵاو بووبوویەوە، و خەڵکی بەدوایدا دەگەڕان بۆ ئەوەی زیاتر لە تێڕوانینەکانی شارەزابن لەبارەی ژیان و بوونەوەر.

لە کاتی ژیانیشیدا لەو کێڵگانە چەند خوێندکارێک لەوانەی کە بڕوایان بە هونەرەکەی هەبوو لە دەوری کۆبوونەوە و هاوکارییان دەکرد لە جێبەجێکردنی بیروڕاکانیدا.

لە نێوان ئەو خوێندکارانە و سۆنیای ژنیدا شەڕێکی توند هەبوو.

ئەو خوێندکارەکانی بە دز و دوو ڕوو ناوەزد دەکرد و دەیوت نیازی سەروەتەکەیان هەیە پاش

ئەوەی مێردەکەی ئارەزوویەکی کوشندەی هەیە بۆ وازهێنان لە هەموو ئەو شتانەی کە خاوەنیەتی.

سۆنیا دەستی کرد بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانی، کە تێیدا گلەیی لەم مێردە شێتە و خوێندکارە سوودمەنبووەکان دەکات لەسەر حسێبی ئەو و حسێبی منداڵەکانی و خوشبەختیی خێزانەکەی.

ماڵی تۆلستۆیش وەک جەهەنمێکی لێ هات، بەجۆرێک سۆنیا بەهەموو توانایەکییەوە شەڕی پاراستنی ماڵ و موڵکەکەی دەکرد و هەوڵی ئەوەی دەدا پیاوەکەی لەو حاڵە دەرباز کات و وەها بکات ئەو جلوبەرگەی بەری فڕێ بدات و لە کوخی جووتیارەکاندا نەخەوێت واز لە پێدانی ئەو شتانە بهێنی کە لە بێبەرامبەردا دەیدا بە ئەوانی تر.

لە بەرامبەر ئەم ململانێ توندەدا، ڕۆژێک تۆلستۆی سواری شەمەندەفەر دەبێت و بێ هیچ ئامانجێکی دیاریکراو شارەکەی خۆی بەجێ دێڵێت، سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە لە بەشی سێیەمی شەمەندەفەرەکەدا سوار ببێت کە شوێنێکی قەرەباڵغ و پڕ مەترسی بوو بۆ سەر تەندروستی، لەبەرئەوەی لە هەشتا ساڵی تێپەڕی کردبوو، هەر بەو کردارەشی تۆلستۆی سییەکانی تووشی هەوکردن هاتن.

(سۆنیا)ش هەر کە شوێنەکەی زانی بەهۆی ئەو خوێندکارەی کە لەگەڵیدا بوو بەهاوڕێیەتی پزیشکێک لە شوێنێکی خراپدا لە هێڵێکی ئاسندا دۆزییانەوە، دواتریش کچەکەی دەچێت بۆ لایان.

ژنەکەی ویستی پیاوەکەی ببینێت، بەڵام هەموان بەکچەکەشیەوە نەیانهێشت ببینێت.

لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٠ تۆلسۆی لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا بەهەمان نەخۆشی دەمرێت، دواین وشەشی ئەمە بووە (هەموو شتێک کۆتایی هات، ئەمەش کۆتاییەکەیەتی، کە گرینک نییە).

بەڵام ژنەکەی چەند ساڵ دواتریش ژیا، و هەموو جار بەرگری لە خۆی دەکرد دژی ئەو تۆمەتانەی کە خەڵکی بۆیان دروست دەکرد کە گوایە سەرچاوەی ئازارێکی گەورە بووە بۆ مێردە بلیمەتەکەی لە دواین ڕۆژەکانی ژیانیدا.

## تۆلستۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی حەقیقەتدا

مەنهەجی ژیان:

تۆلستۆی لە ساڵی ١٨٢٨ لە گەورە خێزانێکی ئەرستۆکراتی و نەبیل لەدایک بووە، کە لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەندبوون، لە دووەم ساڵی ژیانیشیدا دایکی دەمرێت، هەر زۆر بەخێرایش باوکیشی لە دوای ئەو دەمرێت کە خویەکی سەیری گرتبوو بە کحولەوە.

هەر بۆیە تۆلستۆی کەسە نزیکەکانی بەخێوی دەکەن و ژیانێکی خۆش بەسەر دەبات.

لە شازدە ساڵیدا پێوەندی دەکات بەزانکۆی (کازان)ەوە، بەڵام بەهۆی سیستەمی خوێندنەکەیەوە

نەیتوانی تێیدا بمێنێتەوە و بڕیاریشی دا پشت بەخۆی ببەستێ و لە ماڵدا خوێندنەکەی تەواو بکات.

چەند ساڵێک تێ نەپەڕی توانی چەند زمانێک فێر بێت و لە زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتی و بیرکاری و موسیقی و هونەری و پزیشکی بەهەردوو بوارە (تیۆری و پراکتیکی) و کشتوکاڵ شارەزا بێت.

بەم رۆشنبیرییە فراوانە و بەهرە ئەدەبییەوە، تۆلستۆی سەرەتای ژیانی ئەدەبی بە سێ کتێب دەست پێ کرد کە ئەوانیش (منداڵی) و (مێردمنداڵی) و (گەنجێتی)ن.

خودی خۆشی پێوەست کرد بەچەند رێسایەکی توندەوە (یەکەم جار بۆ چاککردنی ناشیرینییەکانی خۆی و دواتریش بۆ چاککردنی ئەوانی تر).

ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: (چاکە بکە، و سوریش بە لەسەر ئەوەی کەس نەزانێ چاکە دەکەیت بۆ ئەوەی بەرامبەر خۆت سەرسام نەبی و لە خۆت بایی نەبی، لە هەموو ئەوانەشی کە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکەیت بەدوای لایەنە چاکەکانیاندا بگەڕێ، ئامان بەدوای لایەنە خراپەکانیاندا بگەڕێیت، هەموو جارێش راستی بڵێ هەرچەندە دژی خۆشت بێ).

پرسیارە یاخییەکە:

ئەو پرسیارەی کە تۆلستۆی بەردەوام ئازار دەدا ئەمە بوو: ئامانجی ژیان چییە؟

تۆلستۆی بۆ وەڵامی ئەمە تێڕوانینێکی وردی کرد بۆ سروشتی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر و بۆی دەرکەوت کە هەموو شتێک لە کەوندا گەشە دەکا و پێ دەگا و هەوڵی وەدیهێنانی ئامانجێکی



گشتی دەدات کە عەقڵەکانیش دەرکی پێ ناکەن دوای ماوەیەک نەبێت.. و گەشت بەوەشی کە ژیان برێتییە لە (هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامادەباشییانەی کە وا دەکات ئەم گەشەسەندنە گشتگیرە ئامانجەکانی خۆی بەدیبێنێت) و ئەوەشی بۆ دەرکەوت ئەمە بەدینایەت ئەگەر ڕژدیەتێکی رەها و رێسایەکی توند نەبێت، لە نامەیەکیدا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی دەنووسێت (لەسەر مرۆڤ پێویستە ئەگەر بیەوێ بە شەرەف و کەرامەت بژی کە پارچە پارچە بێت و ململانێی هەموو رێگرەکان بکات، ئەگەر هەڵەشی کرد لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە، هەرچی جارێکی تریش دۆڕا دەست پێ بکاتەوە، لەوەش دڵنیابێ کە گەڕانەوە بۆ لای پشوودان و دانیشتن خراپترین شتێکی روحە و مانای رووخان دەگەیەنێ).

تۆلستۆی هەموو جار ئەگەر هەستی بە سستییەک یان بۆ داوە هاتنێک بکردایە خودی خۆی ئازار دەدا، لە بیرەوەرییەکانیدا کە تەمەنی (٢٠) ساڵانە نووسیویەتی (هیچ کارێکم ئەنجام نەداوە، ئەمەش چەند ئازارم دەدات و دەمترسێنێ، ژیان، لەگەڵ پەشیمانیشدا، ئازارێکی قووڵە! خۆم دەکوژم ئەگەر سێ رۆژی تر تێ بپەڕێت و کارێکی وەها نەکەم سوودێک بە خەڵکی نەگەیەنێت!).

رێگرییەکان لە رێگەدا:

ئەم لاوە گەورە دەبێت و لەگەڵیشیدا ئازارەکان گەورەتر دەبن:

بوو بەخاوەنی زەوییە فراوان و پڕبەرهەمەکان، و ژنێکی ئەرستۆکراتیشی بەناوی (سۆنیا) هێنا و چەند منداڵێکیان بوو.

وەهاش سەیری ئەو جووتیارانەی دەکرد کە لە زەوییەکەی ئەودا ئیشیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەمەندتر کەن، کەچی خۆیان جگە لە ئارەقڕشتن و ماندووبوون زیاتر هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە.

هەروەهاش وەها سەیری ئافرەتی لادێی دەکرد(لەدایک دەبێت و دەمرێت بێ ئەوەی شتێک ببینێت یاخۆ شتێک ببیستێت!).

هێدی هێدیش لە ژیانی خێزانداری و هاوشێوە دەوڵەمەندەکانی پاشەکشەی کرد.. بۆچی وەهاش نەکات ئەو کە هەموو رۆژێک کاتێک لە ماڵەکەی خۆی دەهاتە دەرەوە: (کۆمەڵێک لەو دەرۆزەکەرانەی دەبینی کە بەجلە دڕاوەکانیانەوە دەستی بۆ درێژ دەکەن و شتێکیان بداتێ، ئەویش گوێیان ناداتێ، بگرە بەسواری ئەسپەکەیەوە بەخێرایش تێ دەپەڕێت وەک ئەوەی کە هیچ شتێکی نەبینیبێت!).

بۆیە بەخودی خۆی دەوت: (سادەترین جووتیار لەوانەی کە لە زەوییەکەی تۆدا ئیش دەکەن دەتوانێت لە رووتا بوەستێت و پێت بڵێت: تۆ شتێک دەڵێیت و بەپێچەوانەیەوە رەفتار دەکەیت، ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟).

هەر بۆیە دەستی کرد بەنووسینی چەند وتارێک کە داوای یەکسانی دەکرد لە نێوان خەڵکیدا و ژمارەی ئەو وتارانەشی کە نووسینی گەشتە دە هەزار نامە، تەنانەت نازناوی (پارێزەری ملیۆنێک جووتیاری رووسی بەسەردا برا) وئەمەریکاییەکانیش بە (هاوولاتییەکی جیهانی) ناوەزدەیان کرد.

ژنەکەشی ترسی لەوە پەیدا کرد کە ئەم بیرکردنەوە میسالییانە دووری بخاتەوە لێی و سەرەوەتەکەی بەسەر ئەوانەدا دابەش بکات کە کاری تێدا دەکەن، هەر بۆیە بەهەڕەشەیەکەوە پێی وت: (وا پێ دەچێت ژیانمان رەووە و دابڕان بڕوات، با وەهابێ.. من و تۆ هەر لە سەرەتاوە لە یەکتری جیاوازبوین.. دەتەوێت من و منداڵەکانیشت بکوژی بەم جۆرە وتارانە؟ من رێگەی ئەوەت نادەم!).

تۆلستۆی خوازیاری ئەوە نەبوو کە بگاتە ئەو ئاستە، ئەو دەترسا وەک هەموو جار دەیوت: کە بەسەر جەستەی ئەوانی تردا بڕوات، چ جای ئەوەی کە نێزیکترین کەسەکانی خۆی بێت؟).

## شەڕ و ئاشتی

تۆلستۆی هیچ شتێکی تری شک نەبرد کە پەنای بۆ ببات و خەم و فیکرەکانی تێدا بڵاو کاتەوە جگە لە نووسین، رۆمانە جوانەکەی (شەڕ و ئاشتی) کە لە ساڵی ١٨٦٣دا دەستی پێ کرد و نێزیکەی ٦ ساڵی بەردەوامی خایاند کە مەلحەمەیەکی مێژووییە و چوارچێوەیەکی زەمەنی درێژ دەگرێتەوە و گرینگی خستووەتە سەر قۆناخی پێش و پاش داگیرکرنی رووسیا لەلایەن ناپلیۆنەوە، و نێزیکەی ٦٠٠ کەسایەتی تێدایە کە تۆلستۆی بەدوای ژیانی هەموویان دەکەوێت و جیهانە نارۆشنەکەی ناوەوەیان رۆشن دەکاتەوە.

هەر ئەمەش مایەی سەرسامی رەخنەگران و نووسەرانە.

(مەکسیم گۆرگی) کاتێک لە خوێندنەوەی ئەم رۆمان دەبێتەوە دەڵێت: (سەیرکەن چ مرۆڤێک لەسەر ئەم زەوییە دەژی! ئەم رۆمانە هاوشێوەی ئەلیازەی هۆمیرۆسە.. ئەمە چاکترین کارێکی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیە).

(تۆرژینێف) دەڵێت: (تۆلستۆی لە پلەی یەکەمی نووسەرە هاوچەرخەکاندایە).

(فلۆپێر)یش دەڵێت:(ئەمە کارێکە لە پلەی یەکەمدایە).

(مۆپاسان)یش دەڵێت: (ئەمە دۆزینەوەی جیهانێکی تازەیە بەتەواوەتی) جیهانێک لەسەر لاپەڕەکان.. کە وا دەکات خاوەنەکەی بەناوبانگ بێت.. ئاخۆ هەر ئەمەشی ناوێت؟

ئاناکارنینا

لە ساڵی ١٨٧٧ تۆلستۆی دووەمین کاری جوانی خۆی نووسی (ئاناکارنینا) و بەم رستەیە دەستی پێ دەکات: (هەموو خێزانە خۆشبەختەکان هاوشێوەن، بەڵام خێزانە هەژارەکان هەریەکەو

چیرۆکێکی جیاوازی خۆی هەیە، هەژارییەکەشیان تایبەت و ناوازەیە).

لەبارەی ئەم رۆمانەش (دیستۆڤیسکی) دەڵێت: (هیچ کارێکی ئەدەبی ئەوروپایی نییە کە بتوانێت بەراوردی بکەین بە ئاناکارنینا).

ئەم رۆمانەش باس لە ژنێکی ئەرستۆکراتی دەکات کە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا تێکدەشکێن، هەر ئەمەش وەهای لێ دەکات کە خۆی بخاتە ژێر شەمەندەفەرێکەوە و خۆی بکوژێت.

بەڵام رۆمانە گەورەکەی تری (بوژانەوە) کە تۆلستۆی لە هەواڵی رۆژنامەیەکەوە ئیلهامی لێ وەردەگرێت و باس لە دەوڵەمەندێک دەکات کە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندامی دەستەی سوێندخۆران بۆ لەدادگەدانی ئافرەتێک، هەر چاوی دەکەوێتە سەر ئافرەتەکە یەکسەر ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە بەر لە دوو ساڵ پێش ئێستا ئەم ئافرەتەی بینیوە و فریوی داوە و دواتر وازی لێ هێناوە، هەر بۆیە رووەو هەڵدێر هەڵی ناوە، ئەم رووداوەش کاری تێ دەکات بۆیە بریار دەدات کە هەموو ژیانی بگۆرێت، و لەمەشدا سەردەکەوێت.

## ئامانجی هونەر و ژیان

تۆلستۆی بڕوای وەها بوو ئامانجی سەرەکیی هونەر (لابردنی دەمامکە لەسەر حەقیقەتی رۆحی مرۆڤ) و هونەری تەواوەتیش لە (سادەیی و کورتی و ئاشکرایدایە).

لە پێناوی ئەمەشدا هەوڵێکی زۆری دا و هەموو وزەی خۆی بەکار هێنا.

ئەوەتا دەڵێت: (من بۆ کارەکەم هەموو ژیانم بەخشیوە..هەر ئەوەش هەموو بوونی منە).

ئەو لە هەمان کاتیشدا داوای دەکرد بەهەموو وەسیلەیەک (کە مرۆڤایەتیمان خۆش بووێت و تەسلیمی هێزە شەڕخوازەکان نەبین) و دەیوت (پێویستە لەسەر هەموو زیندوویەک کە خەبات بکات لە پێناوی ژیاندا تا دوا هەناسە).

خەڵکیش لە رووسیا و هەموو ئەوروپادا بەدوای هەواڵییەوە بوون و بەشداری ناخۆشییەکانی بوون لەگەڵ خێزانەکەیدا و بەشداری رۆژی لەدایکبونیشیان کرد لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا و کرا بەرۆژێکی نیشتمانیش.

تۆلستۆیش بەو خۆشی دەربرینە زۆر دڵخۆش بوو، رەنگیشە وەک قەرەبوویەک سەیر کردبێت لە تێکشکانیدا لە بەدینەهێنانی ئامانجە گەورەکەیدا کە زۆر سوربوو لەسەری ئەویش (بەشداریکردنە لە دروستکردنی جیهانێکی تازەدا کە خاڵی بێت لە شەڕ و نەخۆشی و نەهامەتی، و هەموو خەڵکیش وەک برا بە خۆشی بژین).

سەرچاوە: سایتی ئیلاف

# مۆزەی لۆڤەر
# کۆشکی پاشا فرەنساییەکان بووە

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

ئەگەر مۆزەی لۆڤەر جوانترین مۆزە بێت، ئەوە بێگومان سەیرترین مۆزەشە لە دنیا، لەوێ حیکایەتەکان و مێژوو بەڕاستی یەک دەگرنەوە، هەموو بوارەکانی جوانیی هونەر لەوێ هەڵوەستە دەکات و دەپرسێت، ئاخۆ ئەوێندەرێ جێگەی نمایشە یان سیحر و شەیدابوونە بە جوانییەکان..؟ ئەوە رۆژێکی ئاساییی کۆشکی لۆڤەرە، خۆشی و سەرسامبوون و قەرەباڵغی و پاڵدانی میوانەکان تێکەڵ دەبێت، دەستەیەکی زۆری بینەران لە دیار پەیکەری (ڤینۆس دومیلو) دەوەستن و بە فلاشی کامیرەکان پەیکەرەکە دەبریقێتەوە، مەرمەڕەکە دەبریسکێتەوە. تا مێوانەکان هەموو بوار ساز بکەن وێنەکەی بگرن، تا خەڵکەکە بەشێوەیەکی هونەری و بە تەواوی بگەنە بەردەم پەیکەرەکە، شێوازی ریزکردن و ئامادەییەکان باش ساز کراوە.

ئای کە پەیکەرەکە و گەنجینەکان ماندوو و داماون، ئەوانیش چەند بەستەزمانن خۆیان ناناسن، نازانن بۆ ئەو خەڵکەکە بە دیتنیان سەرسامن. پەیکەرەکەش ئاڤرودیت یان ئامڤیتریت، یان خواوەندی دەریایە؟ ئەو پەیکەرە لە ساڵی ١٨٢٠ لە دوورگەی میلووی یۆنانی سەر دەریای ئیجە دۆزراوەتەوە، ئەوەش لەلایەن دو ریڤییرەوە بە دیاری دراوە بە پاشا لویسی هەژدەم، ئەویش پەیکەرەکە دەکاتە خەڵاتی مۆزەی لۆڤەر.

زاناکان ئەوەیان ساغ کردیتەوە کەوا ئەو پەیکەرە لە کۆتاییی سەدەی دووەمی پێش زاین کراوە، بەڵام لەو ماوەیەدا دیار نەبووە. کە لەو ساڵۆنە دوور دەکەویتەوە رووبەڕووی پەیکەرێک دەبێتەوە کە بوویتە سومبلی سەرکەوتن لە شەڕێکی دەریایی کە بە ناوی سەرکەوتنی (ساموتراس) ناسراوە و مێژووی شەڕەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠ی پێش زاین، ئەویش لە دوورگەیەکی گچکەی رۆهەڵاتی باشووری دەریای ئیجە لە ساڵی ١٨٦٣ دۆزراوەتەوە.

لە سەرەتای مانگی ئەپریل هۆڵی دەوڵەتەکان لەو مۆزەیە نۆژەنکردنەوەی کۆتاییی هاتووە، لەگەڵ ئەو دەستکارییەدا هۆڵەکە بە بیست تابلۆی زەیتی سەردەمی رینسانسی هونەری ئیتاڵی رازاوەتەوە. تابلۆکەی (تیتیان) کەوتووەتە تەنیشت تابلۆی (تنتورت)، لە بەرامبەر ئەوانەش تابلۆی بووکەکانی کانای نیگارکێش ڤیرونیز دانراوە.

لە یەکەم رۆژی مانگی یونیۆ ژمارەی ئەو گەشتیارانەی بۆ سەردانی تابلۆی خانمە فلورەنسییە جوانییەکە، دەگاتە بیست و شەش هەزار میوان، ئەوەش لە کۆی ژمارەی نێزیکەی چل و پێنج هەزار کەس بە چوونە ناو هەرەمە شووشەییەکە کە دەروازەی مۆزەکەی داپۆشیوە سەردانی ئەو مۆزەیان کردووە. ناوی لۆڤەریش لە ناوی فیلیپ ئۆگسسەوە هاتووە کە لە کۆتاییی سەدەی دووەم پاشای فرەنسا بووە، ئەو مۆزەیە لەگەڵ بنیاتی تاوەرە سەرەکییەکە و شوورەکەی دەوری پاریس بەڕووی ئینگلیزە هێرشبەرەکان دروست کراوە، زووتر ئەو شوێنە ناوی (لۆبارا) بووە، کە کەس مانای ناوەکەی نازانێت.

ئەو ساڵۆنە زووتر، وەک زیندانێک بەکار هاتووە، لە سەردەمی پاشا فیلیپ لۆبل کرابووە کۆگایەک بۆ گەنجینەکانی پاشایەتی. ماوەیەکی زۆریش ئەو پێگە سەربازییە چەندان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەو رۆژانە تەنیا لە بەشی خوارەوەی ژێرزەوینەکە شوێنەوارە کۆنەکەی ئەو کۆشکە ماوەتەوە، لە سەردەمی فەرانسوای یەکەمیش دەستکاریی ئەو کۆشکە کراوە و هەموو پاشاکانی ئەو وڵاتە جێ پەنجەیان بەسەر ئەو باڵەخانەیەدا هەبووە و شتێکیان تێدا جێ هێشتووە، بۆیەش بەشەکانی گەورە بووە، ساڵۆنەکانی بەرز کراوە و گومبەتەکانی بڵند کراوە، بەوەش لۆڤەر بویتە باڵەخانەیەکی مەزن، بووە بە مۆزەی ناوەندی هونەری سەردەمی کۆمونەی پاریس، لە رۆژی ١٠ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٧٩٣ بۆ یەکەم جار ئەو باڵەخانەیە وەک مۆزەیەک بەڕووی مێوانەکانی دەروازەکەی کراوەتەوە.

بۆ جاری یەکەم نێزیکەی شەشسەت تابلۆ و پەیکەری تێدا هەڵواسراوە، ئەوانەش لە گەنجینەی پاشاکان و کڵێساکان و لە کەسە لایدە و مێوانەکان پێک هاتووە، لە کۆی دە رۆژی کرانەوەکەیدا شەش رۆژی تایبەتی بووە بە کەسانی هونەرمەند و نیگارکیش و کۆپیکەرەکان، سێ رۆژی کردنەوەی مۆزەکەش بۆ هاووڵاتییان بووە، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی هەفتەی شەش رۆژ کراوەتەوە، ساڵانەش نێزیکەی حەفتسەت و پەنجا هەزار کەس سەردانی ئەو مۆزەیە دەکەن.

لەو ساڵانەدا سەردانی ئەو مۆزەیە بەخۆڕایی بووە، ئەوانەی سەردانیشیان کردووە پاڵتۆی درێژی بە ناوی (ردینگۆت) یان لەبەربووە، ئەوەش سەردەمی زێڕینی ئەو مۆزەیە بووە، هونەرمەندەکانیش خودی پاشاکان بووە، ئەوان بۆ وەرگرتنی دەرسی هونەری سەردانی ئەو مەڵبەندەیان کردووە، تێدا ئەوانیش داهێنانەکانیان پێشکێش کردووە. (بۆدلیر) وتوویەتی من

نیگارکیش (دولاکروا)م لەگەڵ خزمەتکارەکەی لەو مۆزەیە دیوە.

نیگارکێش و پەیکەرتاش و نەقاشەکان لە مەدام (فیجە لۆبران)ەوە هەتا (بیکاسۆ) و (دیگاس) یان (برانکۆسی) ئەوانە و زۆری تریش سەردانیان کردووە. لەو مۆزەیە پەیکەرەی خاتوو (قەدیس سانت ماری مادلین) کە لە داری زەیزەفۆن دروست کراوە، کە بە قژە درێژەکەی هەتا سەرچۆکان دیارە، بڵندییەکەی دەکاتە یەک مەتر و حەفتا سانتیمەتر، لە سەدەی شازدەم لەلایەن هونەرمەند (گریگۆر ئارهات) لە شاری گسبۆرگی ئەڵمانی دروست کراوە. ژمارەیەکی زۆری گەنجینەی هونەری نازداری ئیتاڵی و ئەسپانی کە مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە سەدەی یازدەم و هەتا سەدەی شازدەم بەشانازییەوە لەو مۆزەیەدا ماون.

رووبەرێکی بەرچاو لەو مۆزەیە بۆ هونەری ئیسلامی لە بەشی هەشتەمی مۆزەکە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە ساز کراوە، تێدا چەندان مافووری ناوازەی ئێرانی کە بە ناوی بولونی ناسراوە دانراوە، ئەو مافوورانەش لەلایەن چینە ئورستقراتییەکەی فرەنساوە لە سەدەی حەڤدەمەوە کڕاوە. لەو مۆزەیەدا سیرامیکی رازاوە بە شێوەی رووەک و گیانلەبەرەکان زۆرن، کە سەرچاوەکانیان تورکیا و ئێرانە، بینەرەکان دەتوانن لەوێ پەنجەرە نازدارەکە ببین، کەوا سەرەکەی شێوەی سەرەئەسپە، دەسکەکەی بە زێڕ و بەردی گرانبەها داڕێژراوە و سیمای هیندستانی مەغۆلییان پێوەیە. لە نهۆمی خوارەوە، بەشەکانی شوێنەواری گریکی و یەترورپی ئیتاڵی و رۆمانی و میزۆپۆتامیای تێدا ریز کراوە.

لە دوورگەی سیکلادی گریکی دەریای ئیجەوە سەرە مێینەیەکی نائاسایی کە مێژووەکەی بۆ ساڵانی ٢٧٠٠ هەتا ٢٤٠٠ پێش زاین دەگەڕێتەوە هێناوە ئەوەش سومبلی نیشانەیەکی نامۆیە، ئەو سەرە لە مەڕمەڕ داتاشراوە، بە چەندان نەخشی شین و سوور جوان کراوە و شێوەکەی هێلکەییە، تەنیا دوو گوێ و لووتێکی ناسکی وردیشی بۆ کراوە. لە هەموو نهۆمەکانی ئەو مۆزەیە دڵ جێ دەمینێت، کەس ناتوانێت بێهوودە بمینێتەوە، بەتایبەتی کە گۆشەی ماچێک لەو پەیکەرە بەدی دەکرێت، کە هونەرمەند (کانۆڤا) لە مەڕمەڕ دروستی کردووە، یان لە دیار دیمەنی پشوودانەکەی پەیکەری پەیکەرتاش (دنیس ڤویاتییە) کە لە ساڵی ١٨٤٨ لە مەڕمەڕ نەخشاندوویەتی بوەستیت. کە تێدا ژنێکی نازدار لە دیار پەنجەرەیەک لەسەر شەقامی ریڤۆلی پاڵی داوەتەوە. یان وێنەیەکی ئەدیبی مەزن (مونتاین) کە لە رەوشێکی ماندوودا وێنەکەی کراوە. کە سەری بەرەو پشتەوە وەرگێڕاوە و پەڕەمووچەیەکی بە دەستی راستەوەیە، بە دیمەنێکی تێڕامان و ئیلهامەوە نیگا دەکات.

پەیکەرەتاش جان باتیست (١٧٤٢ – ١٨٢٦) ئەو لەسەر بەشێکی پەیکەرێکدا دروشمی فەیلەسووفەکان (من چی دەزانم؟) نووسیوە، پەیکەرەکەش ژنێکە لە تەنیشت لانکی منداڵێکەوە ئامێری عود دەژەنێت. خەڵکەکە لەناو مۆزەکە لەگەڵ دانوستان و راگۆڕینەوە لەناو پەیکەر و

شاکارەکاندا دەسووڕێنەوە و خوێندکارانیش بە دیار تابلۆ و دیمەنەکان بە سەرسامییەوە خامەیان لە دەستە و وێنەکان کۆپی دەکەنەوە.

لە بەشی تابلۆکانی ئەو مۆزەیە زۆرتر لە شەش هەزار تابلۆ دانراوە، دیارە کەوا یەک لەسەر سێی شاکارەکان فرەنسایین. تابلۆکان لە نهۆمی یەکەم و دووەمی دانراوە و شاکارە فرەنسییەوە بەپێی سەردەم و کۆنی تابلۆکان لە سەدەی چواردەمەوە هەتا پازدەمەوە، وەک کارەکانی هونەرمەندان (جان مالویل، هنری بیل، شۆز، جان فوکی)ەوە هەتا شاکارەکانی کورو (١٧٩٦ – ١٨٧٥) دانراوە، ژمارەی تابلۆکان دەگاتە نێزیکەی سەت و پەنجا تابلۆ. لە دوای تابلۆی فرەنسایییەکان قوتابخانەی ئیتالی ئامادەییەکی باشی هەیە، هەروەها تابلۆی هونەرمەندانی ئەڵمانی و هۆڵەندی و ئەسپانی و ئەسکەندنافی و ئینگلیزی، بوونیان لە نهۆم و ساڵۆنەکاندا هەیە. کە لە ساڵی ١٦٥٥ (رامبرانت) تابلۆی گۆلکە کەوڵکراوەکەی کردووە، ویستی گۆشتی سووری ئاژەڵ نیشان بدات، پاش حەفتا ساڵ (شاردان)ی هونەرمەند تابلۆی شڤنین، کە جۆرێکە لە ماسیی دەریایی کردووە، ئەویش مەبەستی بووە سرووشت لەو گیانلەبەرە نیشان بدات، کە چۆن پشیلەیەک چاوی بڕیوەتە ئەو ماسییە بەهێزە گەورەیە.

دەیان ساڵە ئەندازیارەکان ساڵۆنەکانی تایبەت بە شوێنەوارەکانی میسرییان لەو مۆزەیە ساز کردووە، لە یەکێک لەو ژوورانە، بە دوو ریز، سی تابووتی بەردین (ناووس)یان، بەشێوەیەکی ستوونی داناوە، بۆیەش لە شێوەی دانانەکان وا دیارە، کەوا تابووتەکان دەڕۆن و لەو کاتانە ئەفسانەی لەعنەتیی فرعونەکان بە خەیاڵی بینەرەکان دادێت، بەوەش کارمەندانی مۆزەکە مەبەستیانە شتێک بە میوانەکان بڵێن. کارمەندانی ئەو مۆزەیەش زۆر دەکەونە ناو خەیاڵ و وەهمەوە، بۆیەش هەست دەکەن کەوا پەیکەرە رۆمانەکان روحیان لەبەرە، پەیکەرەی ئەبوهۆل (پەیکەرێکی گچکەکراوی ئەبوهۆلە و لەناو دۆڵی نیلەوە دۆزراوەتەوە).

قسەی واش هەیە گوایە کە مۆزەکە دادەخرێت و دەوامەکەی تەواو دەبێت، لەگەڵ ئارامی و هێمنییەکەی، هەموو کارمەندەکان هەست بە مووچڕکە و لەرزین دەکەن، بەتایبەتی کە شەوانە دەچنە ناو ساڵۆنەکان، هەست دەکەن تەقەی پێی خەڵک، لەناو هۆڵەکان دێت و خشپەخشپێک بەردەوام دەنگی دێت. ئەوەش سەلماندنی ئەو بۆچوونەیە، کە دەڵێن مێژووی ئەو مۆزەیە پڕە لە دەنگۆ و ترس و راچڵەکین.

لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و لە ساڵی ٨٠٠ەوە فیلیپ ئۆگست بناغەی شوورەی قەڵاتی پاریسی داناوە، ناوی ناوە قەڵاتە مەزنەکە. ئێستاش شوێنەواری ئەو قەڵاتە لە گومبەتەکانی لۆڤەر دیارن. ئەوەش جێگەی سەرسامی و رامانە، لە پشت ئەو شوورە مەزنەش، فیلیپ لۆبل گەنجینەکانی پاشایەتی شاردووەتەوە، پاش چەند ساڵێک پاشا شارلی پێنجەم، قەڵاتەکە دەکاتە شوێنی نیشتەجێبوون و کراوە بە پێگەیەکی نایاب و جوانکاریی زۆری تێدا کراوە. کە فەرانسوای

یەکەم دەگاتە کۆشکەکە و دەبێتە پاشا چەندان گۆڕان و باڵەخانەی نوێ لەو قەڵاتە ساز دەکات، لە ساڵی ١٥٢٨ەوە کۆشکەکە دەبێتە یەکێک لە شاکارەکانی سەردەمی ڕێنسانس، چەندان گۆشە و بەشی تایبەتیی شاهانەیان بۆ زیاد کردووە، وەک تیاترۆخانە و شوێنی کارمەندەکان و هەوادارانی تیرهاوێژان و کۆڵانی تەنگەبەر و هەواری نەجیبزادەکانی بۆ زیاد کردووە.

لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٥٧٢ چەندان ڕووداوی خوێناوی لە مێژووی فرەنسی ڕوو دەدەن، لەوانە کۆمەڵکوژییەکەی (سان بارتملی) کە تێدا سێ هەزار کەسی پرۆتسنانتی کوژران، لەو ڕۆژەوە خەڵکەکە بیر لە بوونی دەرگە و دەروازە شاراوەکانی ئەو مۆزەیە و شوێنەواری شەرمەزاریی ئەو ڕووداوە دەکەنەوە. هەندێ لە پاسەوانەکان دەڵێن لەسەر پایەکانی قاڵدرمەکەی هنری دووەم (لە بەشی دینون، لە نێوان نهۆمی خوارەوە و نهۆمی یەکەم)دا شوێنەوار و شێیەکی کۆن لەو ڕۆژەوە دیارە، کە شێوەی مرۆڤ لەو شوێنەوارە تەڕەدا دەردەکەوێت، پاسەوانەکان دەڵێن کۆمەڵکوژییەکەی پێش پێنجسەت ساڵ کراوە. مۆزەی لۆڤەر تژییە لە بیرەوەری و تارمایی، لەبەرئەوەی لەوێیدا و لەو مانگە ڕەشەدا، ئەو کۆمەڵکوژییەدا ڕووی داوە، لە هۆڵی کاریاتید هنری چوارەم کە لە ساڵی ١٦١٠ لەپشترا بە چەقۆ دەکوژرێت.

لە گالیرا گەورەکەدا ناپلیۆن لەگەڵ ئەرشدوقەی نەمسا لە ساڵی ١٨١٠ زەماوەند دەکات، لە بەر ڕۆشنایی حوکمی ناپلیۆن و پەلامارەکانی سوپاکەی ئەو، چەندان دەسکەوتی نایابی گەنجینەیان پەیدا کردووە، بۆیەش لە هۆڵەکانیدا چەندان شاکاری میسری و ئەوروپایی نمایشکراوە.

لە سەردەمی فەرانسوا میتران هەرەمە شووشەییەکە و چەندان دەسکاریی و نۆژەنکردنەوە لەو مۆزەیە کراوە، هەرەمەکەش لەسەر دەروازەکەی دانراوە لە ساڵی ١٩٨٩ بە ٦٧٣ پارچە شووشە دروست کراوە. کارمەندەکانی ئەو مۆزەیە دەڵێن، دزینی تابلۆکانیش، لە تابلۆیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، لەوانە تابلۆکەی جوکەندا لە ساڵی ١٩١١ کە لەلایەن کەسێکی ئیتاڵی بە ناوی نیشتمانەوە، دەیویست ئەو تابلۆیە بدزێت، بەوەش تابلۆکە زۆرتر ناو دەردەکات و دەناسرێت، چەندان داستان و قسەی لەسەر هەڵدەبەستن، شاعیری فرەنسی ئەبولینیر بەناحەق بەوە تاوانبار دەکرێت. ڕووداوەکەی هونەرمەندی (کورو) یەکێکە لەو ڕووداوانەی کە کۆششێک بووە بۆ گۆڕین و دەستکاریی تابلۆکە و لە هەموو ڕووداوەکانەوە کەمتر دەناسرێت، ئەگەر دەزگای ئاگەدارکردنەوەش نەبووایە ئەوا تابلۆی (درب سیڤەر) دەدزرا، لەبەرئەوەی لە شوێنی خۆی جووڵابوو.

دیمەن و تابلۆکانی ناو ئەو مۆزەیە دێرینی مێژوو و نهێنییەکان زۆر دەگێڕێتەوە.

# نەرجسیەت چییە

ئەریک فرۆم

چەمکی (نەرجسیەت) یەکێکە لە باشترین و پڕ بایەخترین داهێنانەکانی فرۆید. لە هەمان کاتیشدا لە هەموو داهێنانەکانی تری، کاریگەرتر بووە. هەروەها فرۆید بۆ خۆیشی، دانی بەوەدا ناوە، کە دۆزینەوەی چەمکی (نەرجسیەت)، باشترین داهێنانی بووە. لە هەمان کاتیشدا، بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکانی " ذهن، تووڕەیی، خۆشەویستی، ترس، ئێرەیی، سادیەت" بەکاری هێناوە. هەروەها بۆ تێگەیشتنیش لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەکو (گوێڕایەڵی و ملکەچبوونی چینە چەوساوەکان بۆ حاکمەکان) بەکاری هێناوە. لێرەدا من هەوڵ دەدەم، هەمان ڕێچکەی فکری فرۆیدا بگرم و، هەوڵ دەدەم ڕۆڵی نەرجسیەت لە دەستەواژەی " ناسیۆنالیزم، ڕقی نەتەوەیی، پاڵنەرە دەروونییەکانی وێرانکاری و شەڕ " دەربخەم. لێرەدا پێم خۆشە ئەوە بڵێم، کە " بۆینگ و ئادلەر[١] " هیچ کامیان ئاماژە و تێبینییان لەبارەی چەمکی نەرجسیەتەوە نەکردووە. هەروەها (هورنی[٢])یش، هیچ سەرنجێکی گرینگی وای لەبارەی نەرجسیەتەوە نەکردووە. تەنانەت لە تیۆرییە تەقلیدییەکەی فرۆیدیشدا، چەمکی نەرجسیەت تەنیا بەشێوەیەکی سنووردار باسی نەرجسیەتی منداڵ و نەخۆشیی دەروونی دەکرد. پێ دەچێت چەقبەستنی فرۆید لەم چەمکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فرۆید زۆر خۆی بە تیۆری لیدیبیدۆ[٣] خەریک دەکرد و هەر بۆیە نەیتوانی بە جوانی شرۆڤەی ئەم چەمکە بکات. لە سەرەتادا فرۆید دەیویست لە چەمکی " دووکەسایەتی، انفصام" لە رێگەی تیۆری لیبیبیدۆوە تێ بگات. فرۆید پێی وابوو کە کەسی (دووکەسایەتی) " چ لەناو خەیاڵیدا یان لە واقیع دا " ناتوانێت پێوەندییەکی لیبیدۆیانە بە شتەکانی دەورووبەریەوە بکات. هەر ئەمەش وای لە فرۆید کرد کە ئەم پرسیارە بکات:

(بۆچی لە حاڵەتی مرۆڤی دووکەسایەتی، لیبیدۆدا پێوەندی بەهەموو شتە دەرەکییەکانەوە

.........................................................

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

نامێنێت؟). فرۆید هەر خۆشی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت:

(لیبیدۆ لە جیهانی دەرەکی کێشراوەتەوە و بەرەو "من[٤]" چووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە دیاردەیەک یان هەڵویستێک دروستبێت کە پێی دەڵێین نەرجسیەت)

فرۆید پێی وابوو کە لیبیدۆ خۆی لە " من" دا حەشار داوە و، هەر ئێرەش بووەتە مەخزەنێکی گەورە بۆی، هەموو شتەکانیش دەگەیەنرێنە ئەم شوێنە، واتە هەموو شتەکان لە " من" وە حوکم دەکرێن .

بەڵام فرۆید ساڵی ١٩٢٢ گۆڕانکارییەکی بەسەر ئەم تیۆرییەیدا کرد و گوتی:

(پێویستە بزانین کە " ئەو" مەخزەنی گەورە و سەرەکیی لیبیدۆیە).

بەهەرحاڵ ئەگەر لیبیدۆ لە " من، یان ئەو" دا دەست پێ بکات، هیچ گرینگییەکی وای بۆ چەمکی نەرجسیەت نییە. جێگەی گوتنە فرۆید، هیچ گۆڕانکاری لە بۆچوونە سەرەکیەکەی لەبارەی (کەسایەتیی مرۆڤ، کە پێی وابوو لە سەرەتای منداڵییەوە دەست پێ دەکات) نەکرد. لەم قۆناغەدا کە بە " نەرجسیەتی یەکەم " دادەنرێت، منداڵ هیچ پێوەندییەکی وای بە جیهانی دەرەکییەوە نییە، بەڵام بەپێی گەشەکردن و گەورەبوونی سروشتی، منداڵ دەست دەکات بە بەهێزکردنی لیبیدۆ و پێوەندی بە جیهانی دەرەکییەوە دەکات. بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا (کە لە هەموویان خراپتر شێتبوونە)، دەست دەکرێت بە کشانەوەی لیبیدۆ بە شتە دەرەکییەکانەوە، بەرەو " من" دەکشێرێتەوە. (واتە لیبیدۆ بەرەو " من" دەکشێتەوە). لێرەشەوە دەتوانین ناوی بنێین (نەرجسیەتی سەروو سەرەتایی).

بەڵام لێرەدا پێم خۆشە ئەو ڕاستییە بڵێم کە مرۆڤ تەنانەت لە حاڵەتی گەشەسەندن و پێگەیشتنی سروشتیشدا، مرۆڤ تا ڕادەیەک هەتا مردنیش نەرجسیەتی تێدا دەمێنێت.

چۆن نەرجسیەت لەلای کەسێکی ئاسایی گەشە دەسێنێت؟

فرۆید هەوڵی داوە هێڵکارییەکی گشتی بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی نەرجسیەت لە مرۆڤدا بکات. ئەمەش دەتوانین بەیەکێک لە داهێنانەکانی دابنێین.

لە کاتێکدا کە منداڵێک هێشتا " تۆوە" و لە سکی دایکیدا دەژی، لە حاڵەتێکی نەرجسی ڕەهایە.

فرۆید دەڵێت: (لەگەڵ لەدایک دەبین یەکەمین هەنگاوی نەرجسیەت دەنێین و کە هەوڵ دەدەین جیهانی دەرەکی بناسین و شتی نوێ کەشف بکەین).

دیارە چەندان مانگی پێ دەچێت هەتاوەکو منداڵەکە دەرک بە شتەکانی دەورووپشتی خۆی بکات، ئەم شتانە شتێکن کە لە دەرەوەی بازنەی " من" دان. لێرەوە نەرجسیەتەکەی کۆمەڵێک لێدانی بەردەکەوێت و دەرکی بۆ جیهانی دەرەکی و ناسینی یاساکانی زۆرتر دەبێت و بەم شێوەیەش بەهۆی بوونی " پێویستی" یەوە، نەرجسیەتی مرۆڤ گەشە دەسێنێت و دەگاتە ئاستی " خۆشەویستی بۆ شتەکان". بەڵام فرۆید پێی وایە کە (مرۆڤ کاتێکیش مەسەلە دەرەکییەکان دەرک پێ دەکات و لیبیدۆی بەهێز دەبێت، بەڵام هەر کائینێکی نەرجسی دەبێت).

لە ڕاستیدا دەتوانین لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆڤ تێ بگەین، بەپێی ئەو تیۆریەی فرۆید کە لەبارەی قۆناغەکانی نەرجسیەتەوە کردوویەتی. ئەو پێی وایە کە سەرەتا مرۆڤ خاوەنی

نەرجسیەتێکی ڕەهایە، پاشان توانای خۆشەویستییەکی ژیرانە دەبێت و بەشێوەیەکی ژیرانەش لە چەمکەکان دەگات، ئەم توانایەش سنوورێکی دیاریکراوی نییە. کەسێکی " پێگەیشتوو، ژیر" ئەو کەسەیە کە نەرجسیەتەکەی زۆر کەم بووەتەوە و گەیشتووەتە نزمترین سنووری، کە بەشێوەیەک لەلایەن کۆمەڵگەوە قبووڵ بکرێت. بەڵام ئەمە مانای نەمانی نەرجسیەت ناگەیەنێت. لە ڕێگەی سەرنجەکانی خۆماندا، لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕاستی تیۆرییەکەی فرۆیدمان بۆ دەردەکەوێت. ئێمە هەست دەکەین کە لەناو هەموو کەسێکدا جەوهەرێکی نەرجسی حەشار دراوە و هەیە، بەرەنگاری هەر هەوڵێک دەبێت، کە لە دژی ئەنجام بدرێت. پێ دەچێت خەڵکانێک کە ئاگەدارییەکی باشیان لەبارەی زمانی فرۆیدەوە نییە، ناتوانن لەبارەی بۆچوونەکەی بەتەواوەتی بگەن و هێشتا لە مەسەلەی نەرجسیەت باش ناگەن، لەبەرئەوە دەبێت بەباشی وەسفی دیاردەکان بکرێت. منیش هەوڵ دەدەم ئەم کارە بکەم.

بۆچوونەکانی فرۆید لەبارەی نەرجسیەتەوە، پشت بە چەمکی لیبیدۆی سێکسی دەبەستێت. پێشتر دەرکەوتووە، کە ئەم لیبیدۆیە زیاتر دەبێتە هۆی پێشکەوتنی نەرجسیەت. من لەو باوەڕەدام کە نەرجسیەت ئیماکاناتی ئەوەی هەیە کە بگاتە هەموو خواستەکانی خۆی، ئەگەر هاتو مرۆڤ هەموو وزە دەروونییەکانی خۆی بەکار بهێنێت، دیارە لێرەدا مەبەستمان وزەی سێکسی نییە. ئەوەی ئەم کارەی کرد، (بۆینگ) بوو. هەرچەندە لەلای فرۆیدیش لیبیدۆی سێکسیش De-sexualized Libido جێگەی گرینگی و بایەخ بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەمەش جیاوازی لەگەڵ وزەی دەروونی لیبیدۆی سێکسی فرۆیدا هەیە، بەڵام ئەمیش وەکوو لیبیدۆ چەمکێکی وزەیی هەیە. ئەم وزەیەش پێوەستە بە هێزە دەروونییەکانەوە، کە زۆرجار لە ڕێگەی چەند دیاردەیەکی بەهێزەوە دەردەکەوێت. ئەم وزەیە لە ناخی مرۆڤ دا، لە دژی جیهانی دەرەکی، خۆی کۆ دەکاتەوە.

دیارە ئەگەر ئێمە لەبارەی تیۆرییەکەی فرۆیدەوە وزەی غەریزی سێکسی " لیبیدۆ" ڕێک نەکەوین و دژی بین، بەڵام لە ڕاستیشدا جیاوازییەکی ئێجگار گەورەشمان لەگەڵیدا نییە. (جێگەی گوتنە فرۆید لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم هێزە، تاکە هێزە کە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دیاری دەکات،)

فرۆید پشتی بە دوو خاڵی بنەڕەتی بەست بۆ شرۆڤەکردن و ڕێگەچارەی تیۆرییەکەی، کە پێی دەڵێین " شرۆڤەی دەروونی، تحليل النفسی "، ئەو دوو کۆڵەکەیەش برێتی بوون لە (دینامیکی و جووڵەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ). هەر پێشبینییەک کە پێی وابێت کە هەموو هێزە حەشاردراوەکان، هێزی سەرەکین بۆ کردنی هەڵسوکەوتێک، تەنیا دەتوانین لە ڕێگەی تێگەیشتنمان لەم هێزەوە، لە هەڵسوکەوتەکە تێ بگەین و دەرکی پێ بکەین. هەر ئەم چەمکە دینامیکییەی هەڵسوکەوتی مرۆڤیش، بوو بە سەنتەری بیرکردنەوەی فرۆید.

لێرەدا هەوڵ دەدەین باسی دوو جۆری توندڕەوانەی نەرجسیەت بکەین. یەکەمیان نەرجسیەتی " یەکەمە، منداڵی تازە لەدایکبوو". دووەمیان نەرجسیەتی کەسێکی شێت. کاتێک منداڵ هێشتا پێوەندی بە جیهانی دەرەکییەوە نییە " بەپێی دەستەواژەکانی فرۆید، هێشتا لیبیدۆ جەخت لەسەر جیهانی دەرەکی ناکاتەوە ". بەمانایەکی تر هێشتا جیهانی دەرەکی لای منداڵ بوونی نییە،

بەشێوەیەک کە هێشتا ناتوانێت (من، ئەو، منی باڵا) بناسێتەوە.

هەروەها دەتوانین بڵێین کە لەم قۆناخەدا منداڵ هیچ گرینگی بە وشەی Esse-Inter بە واتاییەکی تر هیچ ئاگای لە جیهانی دەرەکی نییە. لەم قۆناخەدا تاکە جیهان بەلای منداڵەوە تەنیا خۆیەتی: جەستەی، هەستە بزوێنەرەکانی وەکو گەرمی، تینیۆتی، خەوتن و برسێتی.

لە هەمان کاتیشدا حاڵەتی کەسێکی شێتیش، هیچ جیاوازییەکی وای لەگەڵ حاڵەتی منداڵدا نییە. تەنیا جیاوازی کە هەبێت ئەوەیە، کە لای کەسێکی شێت، جیهانی دەرەکی وەکو راستییەک بوونی هەیە، بەڵام لای منداڵ هێشتا جیهانی دەرەکی نەبووەتە ڕاستی. بەڵام لە ڕووی هەستەکانەوە، بۆ نموونە هەستەکان ئەرکەکەی خۆیان کە بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوە دەرەکییەکان، لەدەست داوە.

جێگەی گوتنە لە ڕێگەی تۆمارکردنەوە، مرۆڤ دەبێتە خاوەنی ئەزموونی تایبەتی، کە دەتوانێت وەڵامی مەسەلە دەرەکییەکانی پێ بداتەوە. لە حاڵەتی بوونی وەهمێکی ترسناکیشدا، بەهەمان شێوە کار دەکەن. بۆ نموونە لەم حاڵەتەدا هەردوو هەستی (ترس، گومان) کە هەردووکیان ئینفعالێکی ناوەخۆیین، دەبنە پاڵنەرێکی باش بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە ئەو قەناعەتەی، کە خەڵکی تر هەوڵی پلاندانان لە دژی دەکەن.

ئەمەش جیاوازی سەرەکی کەسێکی ترسنۆک و کەسێکی عەسابییە. لەلای کەسێکی عەسەبیدا، هەموو کاتێک دەترسێت لەلایەن خەڵکیەوە زوڵمی لێ دەکرێت و ناخۆشەویست و چەوساوەیە، بەواتایەکی تر ئەم لە ڕێگەی ئەم شتانەوە تووشی ترس بووەتەوە، بەڵام لەلای کەسێکی ترسنۆک، ئەم ترسە بووەتە واقیعێکی سەپێنراو بەسەریدا.

دەتوانین نەرجسیەتێکی نوێ بدۆزینەوە، کە جۆرە نێرێکییەکی زۆر لە نێوان سنووری عەقڵ و شێتبووندا هەیە، ئەمەش بە ڕوونی لەلای ئەو پیاوانەوە بەدی دەکرێت کە ماوەیەکی زۆر لەسەر دەسەڵاتن. ئەم سیفەتەش یان ئەم بارە تایبەتییەش لەلای فیرعەونە میسرییەکان، قەیسەرەکانی رۆما، هیتلەر و ستالین و ترۆجیلو، هەموویان لەم سیفەتەدا بەشدار بوون. ئەمانە هەموویان دەسەڵاتی ڕەهایان هەبووە.

قسەی ئەمان بووەتە حوکمی کۆتایی بەسەر هەموو کردارەکاندا بە (ژیان و مردنیشەوە)، هەر هەموویان توانیویانە ئەوەی کە حەزیان پێیەتی بە ئەنجامی بگەیەنن. ئەمانە هەموویان (خواوەند) بوون، هیچ کەسێکیش نەیتوانییوە دژیان بوەستێتەوە، تەنیا (نەخۆشی، تەمەن، مەرگ) توانیوویەتی لە دژیان بوەستێتەوە و لە حوکمکردن ڕایان بگرێت.

ئەمانە هەموویان هەوڵیان داوە، تەنیا خۆیان هەوڵی چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی بدەن. ئەمان وایان پێشانی خەڵکی دەدا، کە خاوەنی هێز و دەسەڵاتێکی بێ سنوورن، بەبێ سنوور لەگەڵ کۆمەڵێک ژن خەوتن و ڕایان بوارد، توانییان بێ سنوور پیاو بکوژن، لە هەر شوێنێک حەزیان پێ بووە و بێ سنوور کۆشک و قەڵایان دروست کرد، ئەگەر حەزیان بە مانگ بوویێت، یان هەرشتێکی موستەحیل، دەبووایە ئامادە بێت بۆیان. (جێگەی گوتنە، نووسەری گەورەی فرەنسی، ئەلبێرت

کامۆ، لە کتێبی " کالیگۆلا"دا، زۆر بەجوانی وەسفی " شێتبوون دەسەڵات، جنون السلطة" ی کردووە).

ئەم شێتبوونە بەشێوەیەکی سنووردار سەپێنراوە، بۆ ئەوەی کێشەی " بوون" چارەسەر بکات، کە وەکو دیاردەیەکی مرۆڤی نەبوونی ئەو کەسەی دەرخستووە.

ئەم شێتییە مەیلی بەوەدا هەیە، کە هەتا ئەو کەسە لە ژیاندایە، گەشە بکات و پەرەپستێنێت. ئەم کەسە چەندە هەوڵی ئەوە بدات، کە خۆی بکاتە (خوا) بەسەر خەڵکی ترەوە، هێندە لە رەگەزی مرۆڤایەتی دەردەچێت. ئەم پەڕاوێزبوونەشی بەهۆی ترسەوە زیاتر دەبێت، وا لەم کەسە دەکات، کە هەستی ئەوەی لا دروست بێت، کە ترسی لە هەموو کەسێک بێت، بۆ ئەوەی بەسەر ئەم ترسەشیدا زاڵ بێت و ڕێگای لێ بگرێت، ناچار دەبێت پەنا بۆ ئەوە بەرێت، کە دەسەڵاتی خۆی زیاتر بکات و دڵڕەقتر و نەرجسیتریش دەبێت.

لەم حاڵەتەشدا شێتبوونی قەیسەر دەبێتە شێتبوونێکی تەواوەتی و لە جیاتی یەک هۆکار، کۆمەڵێک هۆکاری ئاڵۆز دەبنە هۆی شێتبوونی تەواوەتی ئەو کەسە: لێرەدا قەیسەر بۆئەوەی ڕووبەڕووی واقیع بێتەوە، پەنا دەبات بۆ هێزی دەسەڵاتی خۆی، لێرەشەوە ئەو کەسە دەبێتە کۆیلەی خەیاڵاتە نەرجسیەتەکانی خۆی. ئەم زۆربەی خەڵکی ناچار دەکات، کە دان بە خوابوونی بنێن، ئەم لە هەموو کەسیش بە ژیرتر و حەکیمترین پیاو دابنێن. لێرەشەوە ئەم کەسە جۆرە هەستێکی لا دروست دەبێت کە پێی وا دەبێت کە شێتبوونی دەسەڵات، لای دەبێتە شتێکی مەعقول.

لەلایەکی ترەوە خەڵکێکی زۆر ڕقیان لێ دەبێتەوە و هەوڵی کوشتنی دەدەن و دەیانەوێت لەدەستی ڕزگاریان بێت و نەیهێڵن. لێرەشەوە گومانە نەخۆشەکانی، شێوە مەعقوولییەک وەردەگرن. ئەم حاڵەتەش بەرەو ئەو بەرئەنجامەی دەبات، کە ئەم هیچ هەست بە " دابڕان و جیابوونەوە لە واقیع، الانفصام" نەکات، بەڵام دەتوانێت کەمێک پارێزگاری لە " تەندروستی مێشکی " بکات، تەنانەت ئەگەر لە حاڵەتێکی ترسناکیشدا بێت. لە حاڵەتی نەرجسی ڕەهادا (ذهن)، بەجۆرێک دەبێت کە ئەو کەسە، هەموو پێوەندیی خۆی بە جیهانی دەرەکییەوە نامێنێت، وای لێ دێت کە خۆی ببێتە ئەلتەرناتیفی واقیع. بەم جۆرەش بەتەواوەتی لە خۆی پڕ دەبێت و دەبێتە " خوا و جیهان" بۆ خۆی. ئەم حاڵەتەش باشترین دەرگەی بۆ فرۆید کردەوە، بۆ ئەوەی لە سروشتی دینامیکی " ذهن" تێ بگات و شرۆڤەی بکاتن.

بەهەرحاڵ لێرەدا بۆ ئەوەی لە حاڵەتی " ذهنی" تێ بگەین، پێویستە وێنەیەکی تەواوەتی نەرجسیەت لەلای کەسانی (عەصابی و ئاسایی) بکێشین. ئێمە دەتوانین لە کەسێکی ئاسایی هەست بە نەرجسیەتی " یەکەمین" بکەین، کاتێک هەڵوێستی بەرامبەر جەستەی خۆی دەردەبرێت. هەموو کەسێک جەستە و دەموچاو باڵای خۆی خۆش دەوێت، کاتێکیش گەر پرسیاری ئەوەی لێ بکەن، ئاخۆ ئامادەیە کە لەگەڵ کەسێکی جوان و قۆزدا، جەستەی خۆی بگۆڕێتەوە، یەکسەر بە " نا" وەڵامان دەداتەوە.

بەشێوەیەک سەیر دەکەین کە هەموو کاتێک خەڵکی حەز دەکەن سەیری خۆیان بکەن و یان بۆنی جەستەی خۆیان بکەن (لە ڕاستیدا هەندێکیان زۆر حەزیشی پێ دەکەن). بەڵام لە بەرامبەر ئەم حاڵەتەدا سەیر دەکەین، هەڵوێستێکی دژی بەرامبەر بە خەڵکانی تر هەیە و حەز بە بینیان ناکات. لێرەوە ناتوانین هیچ حوکمێکی گشتی و کۆتایی لە بەرامبەر جوانییەوە بدەین. ئەم بۆچوونەش بەهەمان شێوە بەسەر ئەو حاڵەتەدا دەسەپێنرێت، کاتێک کە لە جەستەی ژنێک نێزیک دەبینەوە زۆر حەزی پێ دەکەین، بەڵام لەگەڵ کەسێکی تر، ڕقمان لێی دەبێتەوە.

بالێرەدا نموونەیەکی تری نەرجسیەتان بۆ باس بکەم، کە زۆر کەم باسی لێوە دەکرێت یان دەبینرێت.

کەسێک پێوەندی بە عەیادەی دوکتۆرێکەوە دەکات و داوای مەوعدێک دەکات. کاتێک دوکتۆرەکە پێی دەڵێت، ناتوانێت لەم هەفتەیەدا مەوعدێکی بداتێ، لەبەرئەوە پێشنیازی بۆ دەکات کە هەفتەکەی تر سەردانی بکات. بەڵام نەخۆشەکە شێلگیرانەتر داوا لە دوکتۆرەکە دەکات کە مەوعدێکی زۆر نێزیکی بداتێ، بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی جیدی نادات بە دوکتۆرەکە کە بۆچی هێندە پەرۆشە، بەڵکە دەڵێت: چونکە ماڵەکەی تەنیا پێنچ دەقە لە عیادەی دوکتۆرەکەوە دوورە. کاتێکیش دوکتۆرەکە پێی دەڵێت کێشەکەی ئەو ئەوە نییە، کە نەخۆشەکە چەندە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی بگاتە عیادەکەی، بەڵکە کێشەکە لە کاتی تایبەتی خۆیدایە " واتە دوکتۆرەکە"، بەڵام نەخۆشەکە هیچ قەناعەت ناکات و تێ ناگات. دیارە نەخۆشەکە هەر لە ئیلحاحکردنی خۆی بەردەوام دەبێت و لەو باوەڕەشدایە کە هۆیەکی باشیشی داوەتە دوکتۆرەکە بۆ ئەوەی مەوعیدێکی نێزیکی بداتێ. لێرەدا گەر دوکتۆرەکە پسپۆڕێکی شارەزای دەروونی بێت، ئەم حاڵەتە یارمەتییەکی باشی دەدات، بۆ ئەوەی بزانێت کە لەگەڵ کەسێکدا هەڵسوکەوت دەکات، کە حاڵەتی " نەرجسیەتەکەی " زۆر بەهێزە، بە واتایەکی تر زۆر نەخۆشە. لەبەرئەوە هیچ پێویست ناکات بەدوای هۆکاری تردا بگەڕێیت.

نەخۆشەکە ئامادە نییە یان ناتوانێت باری تایبەتی دوکتۆرەکە تێ بگات و ببینێت. ئەو تەنیا ئەوە دەبینێت کە ئەو حەز دەکات دوکتۆرەکە ببینێت، لەلایەن ئەویشەوە ئەم کارەش هێندەی پێ ناچێت. لێرەدا لای نەخۆشەکە، دوکتۆرەکە وەکو کەسێکی سەربەخۆ کە پێویستی و کاری ڕۆژانەی خۆی هەیە، هیچ بوونی نییە. یان نایەوێت بیر لەو بکاتەوە. ئەو لایەنەی کە نەخۆشەکە بیری پێ دەکاتەوە بەم جۆرەیە:

(لەبەرئەوەی کە من کاتم هەیە و ئاسانە بچم بۆ لای ئەو، کەواتە دەبێت یەکسەر دوکتۆرەکە بمبینێت و ئەم کارەش لای ئەو ئاسان بێت " واتە لای دوکتۆرەکە").

لێرەدا دەبێت سەرنجە شرۆڤییەکان کە بۆ نەخۆشێک دەکرێت لە نەخۆشێکەوە بۆ نەخۆشێکی تر جیاواز بێت. ئەگەر کاتێک دوکتۆر لێی بپرسێت ئاخۆ باش دەبینیت؟ ئەویش وەڵام بە " بەڵێ " بداتەوە. پاشان بڵێت " من داوای لێبووردن دەکەم، بەڕاستی پێشتر کاتێک داوای مەوعیدەکەم کرد، کەمێک دەبەنگانە قسەم لەگەڵ کردن ".

لێرەدا بە دڵنیاییەوە ئێمە لە بەرامبەر نەخۆشێکی نەرجسیداین، بەڵام حاڵەتی ئەم، لە حاڵەتی نەخۆشەکەی پێشتر باشترە. لێرەدا ئەم نەخۆشە واقیعەکە بە چاوی خۆی دەبینێت و دەتوانێت بەپێی ئەو واقیعە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. کاتێکیش کە نەخۆش حاڵەتە واقیعییەکە بە چاوی خۆی دەبینێت، ئینجا تووشی شەرمەزارییەک دەبێت.

بەڵام ئەو نەخۆشەی، کە هیچ کاتێک هەست بە شەرمەزاری ناکات، بگرە بەپێچەوانەوە دەست دەکات بە ڕەخنەگرتن لە دوکتۆرەکە و پێی وایە کە دوکتۆرەکە کەسێکی دەبەنگ بووە، لەبەرئەوەی باش لە قسەکانی ئەو تێ نەگەیشتووە و نەیویستووە ئەو ببینێت.

دەتوانین هەمان ئەم حاڵەتەش لەلایەن کەسێکی نەرجسیەوە بەدی بکەین، کاتێک پیاوێک حەز بە ژنێک دەکات، بەڵام ژنەکە هیچ ئەوی خۆش ناوێت و بایەخی پێ نادات. ئەم کەسە دەکەوێتە حاڵەتێکی واوە، کە هیچ کاتێک باوەڕ ناکات کە ئەو ژنە ئەوی خۆش ناوێت. ئەو دەست دەکات بە سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی و دەڵێت:

(هیچ نابێت و ناکرێت کە ئەو منی خۆش نەوێت، لە کاتێکدا من ئەوم بێ سنوور خۆش دەوێت). یان دەڵێت: (گەر ئەو منی خۆش نەویستایە، منیش نەمدەتوانی هەتا ئەم سنوورە خۆشم بوێت) پاشان دەست دەکات بە بەڵگەهێناوە بۆ ئەوەی کە بۆچی ئەم ژنە ئەوی خۆش ناوێت. بۆ نموونە دەڵێت: (ئەو لە ناخی خۆیدا منی خۆش دەوێت، بەڵام ئەو ترسی لەو خۆشەویستییە زۆرەی خۆی هەیە، هەر بۆیە دەیەوێت تاقیم بکاتەوە و ئازارم بدات، بزانێت بەرگەی ئازاری ئەو دەگرم!)

خاڵی بنەڕەتی لەم حاڵەتەدا، لەگەڵ حالەتەکەی پێشوودا ئەوەیە، کەسی نەرجسی ناتوانێت ئیدراکی ئەوە بکات، یان لەوە تێ بگات، کە واقیع لەلای کەسێکی تر جۆرێکی ترە. (واتە ناتوانێت، ڕاستیی ژیانی کەسی بەرامبەر دەرک پێ بگات و قبووڵی بکات).

بالێرەدا دوو دیاردە و حاڵەتی جیاوازتر باس بکەم، کە زۆر لەم دوو حاڵەتی پێشوو جیاوازن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە حاڵەتی نەرجسیەت دەکەن. بۆ نموونە، ژنێک ڕۆژانە چەندان سەعات لە بەرامبەر ئاوێنەدا دادەنیشێت و سەیری خۆی دەکات و قژ و دەموچاوی ڕێک دەخات. ئەم حاڵەتەش تەنیا " غرور، لەخۆباییبوون" ێکی ناخۆش و چرووک نییە، بگرە ئەم ژنە شێتی جەستە و جوانیی خۆی بووە، ئەو تەنیا جەستەی خۆی بووەتە واقیعێکی تاک و تەنیا و گرینگ دەیبینێت و دەیناسێت.

ئەم حاڵەتە لە ئەفسانە یۆنانییە کۆنەکەوە نێزیکە، کە باسی " نرسیس" دەکات، کە کوڕێکی گەنجی جوان و قۆز بووە، خۆشەویستی " نیمفاتشو" ڕەفز کردەوە، کە ئەم کچە لە ئەنجامی ئەم خۆشەویستییەی خۆی کوشتەوە. نارسیس کاتێک سەیری وێنەکەی خۆی لە ئاوی دەریادا کرد، زۆر خۆی خۆش ویست، لە کاتی پێشاندانی ئەم خۆشەویستییە زۆرەی بۆ خۆی کەوتە ناو ئاوی دەریاکەوە(٥).

لێرەدا بە ڕاشکاوەیی ئەم ئەفسانە کۆنەی یۆنان، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەم جۆرە

(خۆشەویستییە بۆ خود) لە ڕاستیدا بریتییە لە لەعنەتێکی گەورە بۆ مرۆڤ، شێوە توندڕەوییەکی ئەم جۆرە خۆشەویستییە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو کەسە.

جێگەی گوتنە ئان ئابین، هەڵسەنگاندنێکی بۆ خۆشەویستی خود" خۆشەویستی کەسێک بۆ خۆی"، لەگەڵ خۆشەویستی بۆ کەسێکی تر کردووە، ئەو پێی وایە، کە خۆشەویستی بۆ خۆی و خۆشەویستی بۆ خەڵکی تر، هیج جیاوازییان نییە، خۆشەویستی خود، بەمانا خۆپەرستییەکەی و خۆشەویستی نەرجسی، تەنیا لەلای ئەو کەسانە هەیە، کە خۆیان و خەڵکی تریان خۆش ناوێت.

نموونەی ژنێکی تر کە دەمانەوێت باسی بکەین، (پێ دەچێت هەر هەمان ژن بێت، بەڵام پاش چەند ساڵێکی دواتر) کە بە دەست نەخۆشیی وەسواسیی " دوودڵیی زۆر" دەناڵێنێت. ئەمیش بەهەمان شێوە هەموو کاتێک خەریکی جەستە و دەموچاوی خۆیەتی، پێ دەچێت نەک لەبەرئەوەی خۆی جوان بکات، بگرە زیاتر لە نەخۆشبوون دەترسێت. دیارە بۆ هەڵبژاردنی وێنەکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ، ئەو هۆی تایبەتی بە خۆی هەیە.

ئەو هۆکاری سەرەکییەی کە لە پشت ئەم دوو حاڵەتە نەرجسیەتەوە دەوەستێت ئەوەیە، کە هەردووکیان تەنیا گرینگی و بایەخ تەنیا بە خۆیان دەدەن، تەنیا کاتێکی کەم گرینگی و بایەخ بە جیهانی دەرەوەی خۆیان دەدەن.

جێگەی گوتنە نەخۆشی " وەسواسی، ڕاڕایی" بوون، لە رووی مۆڕالییەوە " ئەخلاقییەوە" هیچ جیاوازییەکی وای لەگەڵ نەخۆشیی نەرجسی پێشوو نییە. لێرەدا نەخۆش ترسی لە نەخۆش بوون و مەرگ نییە، بگرە هەست دەکات تاوانی بەرامبەر بە خۆی کردووە. ئەم جۆرە کەسە، هەمووکاتێک بەوەوە خەریک دەبێت، کە هەست بە تاوانێک دەکات، کە بەرامبەر بە خۆی کردووە و ئەم کارەش بووەتە هۆی قووربانی بوونی خۆی. بەڵام لەوانەبێت گەر کەسێک چاودێریی ئەم نەخۆشە بکات، وا هەست بکات کە، ئەم کەسە زۆر موخلیس و کەسێکی بە ئەدەبە و گرینگی و بایەخیش بە خەڵکی دەرەوەی خۆی دەدات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کەسە، هیچ گرینگی و بایەخ بە کەسانی دەرەوەی خۆی نادات.

نەرجسیەت هۆکاری بنەڕەتییە بۆ نەخۆشیی " ڕاڕایی "، ئەمەش هەمان نەرجسیەتی کەسێکی لەخۆبایی بووە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە نیشانەکانی کەمتر لە بەردەم خەڵکیدا دەردەکەوێت.

جێگەی گوتنە ئەم جۆرە نەرجسیەتە، هەروەک " ک. ئابراهام " وەسفی کردووە، جۆرە نەرجسیەتێکی نێگەتیڤانەیە، بەتایبەت لە حالەتی خەمۆکیدا" الكآبة"، کە بەوە دەناسرێتەوە کە نەخۆشەکە هەموو کاتێک هەست بەوە دەکات، کە کارەکانی کامڵ و تەوا نیین و زۆر بایەخی بە خۆی و کارەکەی نەداوە.

پێ دەچێت ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا جۆرێکی تری نەرجسیەت ببینین، کە کەمتر وێرانکارییە. دەتوانین بەم نوکتەیە باسی ئەم جۆرە نەرجسیەتە بکەم.

ڕۆژێکیان نووسەرێک هاوڕێیەکی دەبینێت و دەست دەکەن بە قسەکردن. ماوەیەکی زۆر نووسەرەکە هەر باسی خۆی و کتێبەکانی دەکات. پاشان بە هاوڕێکەی دەڵێت: (بالێرەدا بوەستین،

مـاوەیەکی زۆر هـەر باسی خـۆمم کرد، با ئێسـتـا باسی ئێـوە بکەین. پێم بڵـێ بۆچوونتـان چییـە بەرامبەر بە کتێبە تازەکەم!).

ئەم پیاوە نموونەی ئەو کەسانەیە، کە تەنیا بە خۆیانەوە خەریکن، تەنیا بەشێوەیەکی زۆر کەم، بایەخ و گرینگی بە خەڵکی تر دەدەن، لای ئەمانە خەڵکی تر، تەنیا وەکو شتێکی لاوەکی وان بۆ ئەوان. تەنانەت ئەگەر کاتێکیش بەشێوەیەکی جوان و هێمنانەش ئەم هەڵسوکەوتە بکەن، تەنیا بۆ ئەوەیە کە حەز دەکەن خۆیان وا ببیننەوە. ئەمانە لە جیاتی ئەوەی دەرک بە مەسەلەکان لە دیدی خەڵکی بەرامبەر بکەن (هەرچەندە ئەم خەڵکانەش بەئامانجی یارمەتیدانی ئەوان ئەم قسانە دەکەن)، کەچی بەپێچەوانەوە ئەم کەسانە وزەی خۆشەویستی بۆ خۆیان بەشێوەیەکی زۆرتر بەرز دەکەنەوە.

ئاخۆ چۆن دەتوانین کەسایەتییەکی نەرجسی دیاری بکەین و بیناسین ؟!. لێرەدا تاکە ڕێگەیەکی زۆر ئاسان هەیە کە پێی دەتوانین کەسێکی نەرجسی بناسین، ئەویش ئەوەیە کاتێک کەسێک زۆر هۆگر" موعجب" ی خۆی بێت و شانازی بە خۆیەوە بکات. ئەمەش کاتێک دەیبینین کە ئەم کەسە، کۆمەڵێک قسەی هیچ و چرووک دەکات، بەڵام خۆی وا هەست دەکات کە قسەکانی گرینگی و بایەخی زۆریان هەیە. بەگشتیش ئەم جۆرە کەسانە گوێ بۆ خەڵکی تر ناگرن و خەڵکی تریان بەلاوە گرینگ نییە. هەروەها دەتوانین کەسێکی نەرجسیمان بۆ دەربکەوێت، کاتێک ڕەخنەی لێ دەگریت، یەکسەر توورە دەبێت یان کەسێک حەساسیەتی بەرامبەر ڕەخنە لێگرتنی هەبێت و قبووڵ نەکات کەس ڕەخنەی لێ بگرێت. ئەم حەساسیەتەش کاتێک دەردەکەوێت، کە هەموو کاتێک بەرگری لە خۆی بکات و نکوولی لە ڕاستیی ڕەخنەکان بگرێت، یان بەشێوەیەکی توند و ڕەق و توورەیی، وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە ڕەخنەی لێ دەگرن.

پێ دەچێت زۆرجار مەیلی نەرجسی لە پشت هەڵوێستی" خاکیبوون و سادەیی" وە خۆی شاردبێتەوە. لە ڕاستیدا شتێکی دەگمەن نییە، گەر مەیلی نەرجسی لەو کەسانە بدۆزینەوە، کە هەڵوێستی " سادەیی و خاکیبوون " پێشان دەدەن، ئەمەش زیاتر وەکو " ئیعجاب "بوون بە خۆیان وایە لای ئەو کەسانە. لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێک دیاردە و سیمای جۆربەجۆری نەرجسی هەیە، بەڵام تاکە خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم جۆرانەدا ئەوەیە: گرینگی نەدان و بێ بایەخکردنی جیهانی دەرەکی، یەکێکە لە سیما گشتییەکانی نەرجسییەت. جێگەی گوتننە زۆر ئاسان نییە کەسێکی نەرجسی و کەسێکی لە خۆباییبوو لە یەکتری جیا بکەینەوە. کەسێکی لە خۆباییبوو، زیاتر پێویستی بەوە هەیە کە هەموو خەڵکی وەسفی بکەن و پێیدا هەڵدەن و باسی جوان و باشی بکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسە هیچ گرینگی بە خەڵکی تر نادات، بگرە ئەم زیاتر گومانی لە خۆی هەیە.

خاڵێکی گرینگی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە، کە جیاوازی لە نێوان نەرجسیەت و خۆپەرستیدا هەیە" ئیگۆیزم". لەبەرئەوەی نەرجسیەتی توندڕەوانە ئەوەیە، کە ئەو کەسە بەگشتی واقیع نابینێت، بەڵام کەسی خۆپەرست، کەمتر گرینگی و بایەخ و خۆشەویستی بۆ خەڵکی تر

هەیە. بەمانایەکی تر، خۆپەرستی توندڕەوانە مانای نەرجسیەتی توندڕەوانە ناگەیەنێت. تاکگەرایش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کەسە واقیعی بەشێوەیەکی ڕاستییانە نابینێت.

زۆرجاریش دەتوانین کەسێکی نەرجسی لە ڕێگەی سیماکانی دەموچاوییەوە بناسین. زۆرجار ئەم کەسانە دەم بەپێکەنین و دەموچاو کراوەن، ئەم پێکەنین و باوەڕبەخۆبوونە، زیاتر لەوەدایە کە ئەوان خەڵکی تر بە منداڵ دەزانن. زۆرجاریش بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە حاڵەتێکی نەرجسی زۆر خراپدان، خاوەنی چاوێکی بریقەدارن، زۆر کەس پێی وایە کە ئەمە نیشانەی " پیرۆزیبوون" ی ئەو کەسانەیە، بەڵام لە ڕاستیدا نیشانەی شێتبوونی ئەو کەسانەیە. هەروەها زۆرێک لەو کەسانەی کە زۆر نەرجسین، خەڵکانی زۆربلێین و هیچ کاتێک لە قسەکردن ناوەستن، بەتایبەتی زۆرجار لە کاتی نان خواردندا، بەجۆرێک کە نان خواردنیان لە بیر دەچێت و خەڵکانی تریش ناچار دەکەن بە برسێتی بمێننەوە، لەبەرئەوەی لای ئەمان " دۆستایەتی و نان خواردن" لای ئەمان بایەخی لە " من" کەی خۆیان کەمترە.

بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە زۆرجاریش هەموو سیماکانی نەرجسیەت بە جەستەی ئەو کەسەوە دیار نییە. بگرە زۆرجار تەنیا لە دەموچاو و مێشکیدا هەندێک نیشانەی نەرجسیەت دەبینین، بۆ نموونە، زیرەکی، تواناکانی جەستەی، بیری، سیمای باشی جلوبەرگی (زۆرجاریش ئەمانە زیاتر درێژە دەکێشن بۆ جوانیەتی پرچداهێن و تەنانەت مووی لووتی). زۆرجاریش نیشانەکانی نەرجسیەت لە کەشێکیدا بەدی دەکەین، کە ئەو کەسە شانازی بە هەندێک سیفاتەوە دەکات، کە خەڵکی ئاسایی شانازی پێوە ناکەن، بۆ نموونە: توانای زاڵبوون بەسەر ترس، پێشبینیکردنی شتێکی ترسناک. بۆ وەڵامی گونجاویش بۆ ئەم پرسیارانەش (مێشکی، شۆرەتی، سامانی، هۆشیاری... هتد) بەکاردەهێنێت. " لێرەدا نووسەر مەبەستی ئەوەیە کە ئەوکەسە لە ڕێگەی ئەم شتانەوە دەتوانێت بەسەر ترسدا زاڵ بێت... وەرگێر".

جێگەی گوتنە بەشێکی زۆری پتە ئاینەکانی سەردەمانی پێشوو، کۆمەڵێک سیمای مرۆڤیان پێوە دیارە. کەسێکی نەرجسی بوونی خۆی دەبێتە موڵکی تایبەتی خۆی، هەر کەسێکیش دەست بۆ ئەو بوونە بەرێت، وەکو ئەوە وایە دەستی بۆ موڵکی تایبەتی ئەو بردبێت. بەهەرحاڵ چەندە حاڵەتە نەرجسیەتەکە بەهێزبێت، هێندە ئەو کەسە ناتوانێت دان بە سەرنەکەوتنەکانی خۆیدا بنێت، یان بەهیچ شێوەیەک ناتوانی قبووڵی ڕەخنەلێگرتن بکات. کاتێک لەلایەن کەسێکی ترەوە هەڵسوکەوتێکی خراپی بەرامبەر دەکرێت، یەکسەر هەست بە تووڕەییەکی زۆر دەکات، زۆرجاریش لەو باوەڕەدایە کە خەڵکانی تر دەبەنگ و جاهیلن، هەر بۆیە ناتوانن حوکمێکی باش و گونجاوی بەرامبەر بدەن.

لێرەدا پێم باشە باسی ئەو خاڵەش بکەم، کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی حاڵەتی نەرجسیبوونی کەسێک. لە کاتێکدا کە کەسێکی نەرجسی، بوونی خۆی دەبێتە جێگەی گرینگی و بایەخی، لە هەمان کاتیشدا ئەو شتانەشی کە پێوەندییان بەوەوە هەیە، دەبنە جێگای گرینگی و بایەخی. هەر بۆیە بیر و بۆچوونەکانی، زانیارییەکانی، ماڵەکەی، بگرە ئەو کەسانەش کە جێگەی گرینگی پێدانی

ئەمن، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی نەرجسیبوونی. هەروەک فرۆیدیش ئاماژەی پێ داوە، کە زۆرترین نیشانە کە بەباشی دەردەکەوێت، خۆشەویستی و وابەستەیی کەسێکی نەرجسییە بە منداڵەکانییەوە. بەشێکی زۆری باوکان لەو باوەڕەدان، کە منداڵەکانیان، لەچاو منداڵەکانی تردا، جوانتر و زیرەکترن. بەتایبەت کاتێک منداڵەکە تەمەنی بچووک بێت، ئەم حاڵەتی نەرجسیەتە بەهێزتر دەبێت. جێگەی گوتنە، خۆشەویستیی باوک بۆ منداڵەکەی، یان دایکان، تا ڕادەیەکی زۆر ئەم خۆشەویستییە بەردەوامییە بە خۆشەویستی خود"ذات".

هەروەها خۆشەویستی نێوان کەسانی بەتەمەنیش، وەکو خۆشەویستی نێوان پیاو و ژن، جۆرێک لە نەرجسیەتی پێوە دیار دەبێت. ئەو پیاوەی کە ژنێکی خۆش دەوێت، کاتێک دەبێتە موڵکی (مەبەستی ئەوەیە کە دەبێتە ژنی... وەرگێڕ)، ئیتر حاڵەتی نەرجسیەتی تووش دەبێت. ئەو زۆر خۆشی دەوێت و دەبێتە هۆگری و هەموو کاتێک باسی سیفاتە جوانەکانی دەکات و هەموو کاتێکیش هەوڵی ڕازاندنەوە و جوانکردنی دەدات، بە دڵنیاییەوە دەبێتە بەشێک لە بوونی ئەو، هەرخۆشی دەبێتە هەڵگری سیفاتە گەورە و نائاساییەکانی ژنەکەی. زۆرجار قەناعەتی وای لا دروست دەبێت، کە تەنانەت سیفاتە خراپ و ناشرینەکانی ژنەکەشی، خۆش بوێت و شانازی پێوە بکات.

لە ڕاستیدا هەستی نەرجسیەت لەلای مرۆڤ، حەزێکی ئێجگار توند و بەهێزە، کە مەگەر حەزی سێکسی و حەزی مانەوە لە ژیان هێندەی حەزی نەرجسیەت بەهێز بێت. لە ڕاستیشدا زۆرجار تاقیکردنەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە ئەم حەزە لە دوو حەزەکەی تر بەهێزترە. تەنانەت لای کەسێکی ئاساییش، کە هێندە تیشکی نەرجسیەت تێیدا بەهێز نییە، بەڵام خاوەنی دڵێکی نەرجسییە، کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت لەناو ببرێت. لێرەدا گومانمان لەوە هەیە کە حەزی نەرجسی وەکو حەزی سێکسی و مانەوەی ژیان، خاوەنی ئەرکێکی بایۆلۆجی گرینگ بێت. کاتێک ئەم پرسیارە دەکەین، یەکسەر وەڵامەکەشی بۆ خۆی دێتە بەردەستمان: ئاخۆ مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە نەرجسیەت ڕزگاری بێت، گەر بەشێوەیەکی تەواوەتی هەموو پێداویستییە جەستەیی و حەز و ئاواتەکانی تێر نەکرابێت؟! لە ڕووی بایلۆجییەوە، لە ڕوانگەی مانەوەی ژیان، مرۆڤ ناچار کراوە کە سەرەتا دەبێت گرینگی و بایەخ زۆر بەخۆی بدات ئینجا بیر لە خەڵکی تر بکاتەوە. گەر ئاوا نەکات، ئەوا چۆن دەتوانێت وزە و توانای هەبێت بۆ ئەوەی لە بەرامبەر خەڵکی تر بەرگری لە خۆی بکات، پارێزگاری لە ژیانی خۆی بکات، شەڕ بۆ ڕزگاربوون بکات، داواکانی خۆی بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنێت؟. گەر کەسێک نەرجسی نەبێت واتە " قەدیسێکە، کەسێکی پیرۆزە"، بەڵام ئاخۆ قەدیسەکان خاوەنی توانایەکی هێندە بەهێزن بۆ مانەوە؟.

لە ڕووی روحانییەوە نەهێشتنی نەرجسیەت لە ناخی مرۆڤدا شتێکی گرینگە، بەڵام لە ڕووی دنیاییەوە ئەمە گەورەترین ترسە بۆ مانەوە. دەتوانین بڵێین کە سروشت بڕێکی زۆری لە نەرجسیەت پێ داوە، کە بۆ ئەوەی چەندی بوێت کار بۆ مانەوەی خۆی بکات. ئەمەش ڕاستە، لەبەرئەوەی سروشت، هیچ جۆرێک لەو غەریزە پێشکەوتووانەی نەداوە بە مرۆڤ، کە ئاژەڵەکان

هەیانە. چونکە ئاژەڵ هیچ کێشەی " مانەوە" ی نییە، چونکە سروشتی غەریزییەکانی ئەم کارە لە ئەستۆ دەگرن، بەشێوەیەک کە هیچ پێویست ناکات ئاژەڵ بیر بکاتەوە یان بڕیارێک لەبارەی ئەوە بدات، ئاخۆ حەز دەکات یان نا، بۆ ئەوەی دەست بە چالاکیی خۆی بکات بۆ ئەوەی ئەو کارە جێبەجێ بکات. بەڵام لە مرۆڤ دا، سیستەمی غەریزی هەموو چالاکییەکانی خۆی دۆڕاندووە، لەبەرئەوە نەرجسیەت دەبێتە ئەرکێکی بیۆلۆجی گرینگ و پڕ بایەخ.

بەهەرحاڵ، لە کاتێکدا کە لەوە تێ بگەین کە نەرجسیەت ئەرکێکی بیۆلۆجی گرینگی هەیە، ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە: ئاخۆ نەرجسیەتی توندڕەوانە وا لە مرۆڤ ناکات کە هیچ گرینگی بە خەڵکانی تر بدات، وە ناتوانێت هەلی ئەوە بداتە سەنتەری دووەمی پێداویستییەکانی، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستییدا لەگەڵ خەڵکی تردا هاوکاری بکات.؟

ئاخۆ نەرجسیەت مرۆڤ لە کۆمەڵایەتی بوونی دووری ناخاتەوە، بەتایبەت کاتێک دەگاتە سنوورێکی توندڕەوانە وەکو " شێت بوون " ؟. بە دڵنیاییەوە نەرجسیەتی توندڕەوانە دەبێتە گەورەترین ڕێگری ترسناک لە بەردەم هەموو ژیانێکی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام گەر بەم شێوەیە بێت، ئەوا دەتوانین بڵێین نەرجسیەت لە دژی پرەنسیپی " مانەوە" یە، چونکە تاکە هەلی مانەوەی مرۆڤ ئەوەیە، کە خۆی لەناو کۆمەڵەکاندا ڕێک بخات. چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت بەتەنیا بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات و ڕووبەڕووی ترسی کارەساتە سروشتییەکان بێتەوە، هەروەها کۆمەڵێک کار هەیە، کە هیچ کەسێک ناتوانێت بەتەنیا خۆی بیانکات و هەر دەبێت پشت بە خەڵکی تر و کۆمەڵگە ببەستێت.

ئێستا گەیشتووینەتە ئەو دەرئەنجامە دژبەیەکەی کە پێی وایە، نەرجسیەت گرینگە بۆ مانەوە، لە هەمان کاتیشدا ترسێکە بۆ مانەوەی مرۆڤ. ئەم دەرئەنجامە دژبەیەکەش دەتوانین بەم شێوەیە هەڵی بسەنگێنین:

یەکەم: نەرجسیەتی نموونەیی "مثالي" لە جیاتی نەرجسیەتی " توندڕەوانە"، خزمەتی مانەوە دەکات. واتە پلەی نەرجسیەتی بیۆلۆجی کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی بگونجێت.

دووەم: گۆڕینی نەرجسیەتی تاک بۆ نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی، واتە " خێڵ، نەتەوە، ئاین یان ڕەگەز"، ئەمانە بکرێنە جێگەی گرینگی و بایەخ نەک تاک. واتە لە جیاتی نەرجسیەتی تاک نەرجسیەتی کۆمەڵ جێگەی بگرێتەوە. بەم شێوەیەش دەتوانرێت پارێزگاری لە وزەی نەرجسیەت بکرێت، بەڵام دەبێت بۆ خزمەتی مانەوەی کۆمەڵەکە و لە جیاتی مانەوەی تاک بەکار بهێنرێت. پێش ئەوەی باسی نەرجسیەتی کۆمەڵ بکەم، پێم خۆشە باسی " نەخۆشی نەرجسیەت" بکەم.

شێواندنی حوکمی مەنتقی ترسناکترین بەرئەنجامی نەرجسیەتێکی خراپە. چونکە مەسەلەی هۆگری بوون بە نەرجسیەتەوە وەکو کارێکی (گرانبەها، جوان، باش، حەکیم) دادەنرێت. دیارە ئەمەش لەسەر بنەوای حوکمێکی ژیرانە نییە، بگرە زیاتر لەسەر بنەوای (من، یان بۆ منە) ئەم حوکمانە دەدرێن. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە حوکمی بەهای نەرجسیەتی، حوکمێکی

پێش وەختی و لادەرانەیە. زۆرجاریش بۆ ئەم حوکمدانە هەڵەیەش، کۆمەڵێک پاساو دەهێنرێتەوە و، کە زۆرجاریش ئەم پاساوانە، کار بۆ هەڵخەڵەتاندن و شێواندنی ڕاستییەکان دەکەن، ئەمەش بەپێی پلەی زیرەکی و حیکەمەتی ئەو کەسە دەگۆڕێت. جێگەی گوتنە لە کەسانی سادەدا، نیشانەکانی نەرجسیەت بە ئاشکرایی دەردەکەوێت.

لە کاتێکدا کەسێک بەشێوەیەکی زۆر بەئاسانی دەپەیڤێت، بەڵام بەهەمان نەبرەو شێواز، کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی پڕ بایەخ دەڵێت. لە رووی خۆیەوە ئەو کەسە خاوەنی هەستێکە کە وا دەزانێت لە " لوتکەی جیهانە"، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تەنیا لە بارێکی دەروونیدایە، کە زیاتر خۆی گەورە دەبینێت. بەڵام هەموو ئەمانە، مانای ئەوە ناگەیەنن کە نیشانەکانی نەرجسیەتێکی توند لە کەسێک دا، هێمای شتێکی ناخۆش و هیلاکی بەخش بگەیەنێت. لە کاتێکدا کە ئەو کەسە، کەسێکی زانا و خاوەنی زیرەکییەکی تایبەتی بێت، ئەو کاتە ئەم کەسە کۆمەڵێک بیری جوانمان پێ دەبخشێت، وە گەر ئەو بۆچوون و بیرانەی ئەو کەسە باش هەڵسەنگرێت، ئەوا حوکمێکی هەڵە نییە.

بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە کەسی نەرجسی حەز دەکات شتەکانی خۆی گەورە پێشان بدات. (بەڵام لە حاڵەتی نەرجسیەتی نێگەتیڤدا، پێچەوانەی ئەمە راستە. چونکە ئەو کەسە هەوڵ دەدات کە شتەکانی خۆی بەبێ بایەخ پێشان بدات، و حوکمەکانیشی لایەنگری پێوە دیارە). ئەگەر ئەو کەسە لە سروشتی بڕیارە خراپەکانی خۆی هۆشیار بێت، ئەوا هیچ ئەنجامێکی خراپی نابێت، هەڵوێستێکی زۆر پێکەنیناویش دەگرێتە بەر، ئەو دەتوانێت ئەم کارە بکات، دیارە ئەوەش بەهۆی نەرجسیبوونیەوەیە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەنە. عادەتەن ئەو کەسانە لەو قەناعەتەدان کە حوکمەکانیان هیچ جۆرە لایەنگری پێوە دیار نییە، بگرە حوکمێکی زۆر ژیرانە و حەکیمانەیان داوە.

ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی توانای لەسەر بیرکردنەوە و حوکمدان لەسەر مەسەلەکان، چونکە ئەمە وای لی دەکات، کە تواناکانی زۆر لاواز بن بەتایبەت کاتێک کە ڕووبەڕووی هەڵوێستێک بێتەوە کە بەرامبەر بە خۆیەتی. لەلایەکی ترەوە ئەم کەسە تووشی ئەوە دەبێتەوە، کە حوکمی خراپ بەرامبەر بەهەموو شتێکی " ئەو، واتە کەسی دووەم " بدات. بەم شێوەیەش " من" هەموو جیهانی دەرەوە داگیر دەکات و ئەمەش شتێکی زۆر ترسناک و نامۆڕاڵییە. بەم شێوەیەش ئەم کەسە نەرجسییە کۆتایی بەهەموو شتێک دەهێنێت. چونکە لێرەدا ئەو کەسە زۆر توندڕەوانە بڕیار بەرامبەر بە هەموو شتێکی " خۆی " دەدات و لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بێ بایەخکردنی هەموو شتێکی دەرەکی دەدات.

بەڵام ترسناکترین خاڵی نەرجسیەتی توندڕەوانە ئەوەیە، کاتێک ئەم کەسانە ڕەخنەیان لێ بگیرێت، زۆر بە توندی وەڵامی ڕەخنەگرەکە دەدەنەوە. لە حاڵەتی کەسێکی ئاساییدا، هیچ تووڕە نابێت، کاتێک ڕەخنە لە قسەکانی یان کارەکانی بگیرێت، بە مەرجێک ئەو ڕەخنەیە مەنتقی و ڕاستگۆیانە بێت و دووربێت لە نیەتی پیس. بەڵام لە حالەتی کەسێکی نەرجسیدا، لە کاتێکدا کە

ڕەخنەی لێ بگیرێت، زۆر تووڕە دەبێت. چونکە ئەو وا هەست دەکات، کە ڕەخنە بریتییە لە هێرشی دوژمنانی، ئەو بەهۆی سروشتە نەرجسیەتەکەی خۆی ناتوانێت لەوە تێ بگاتە، کە هەموو ڕەخنەیەک، هۆکارێکی بابەتییانەی هەیە. دیارە هۆکاری ئەم تووڕەبوونە زۆرەشی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم کەسە لە جیهای دەرەکی دابڕاوە و زۆر گۆشەگیرە و ترسی لە خەڵکی تر هەیە.

دیارە کەسێکی نەرجسی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گەورەکردنی خۆیەوە، هەستی ترس و گۆشەگیری خۆی پڕ بکاتەوە. گەر ئەو بۆ خۆی جیهان بێت، کەواتە هیچ کاتێک جیهانی دەرەکی ناتوانێت بیترسێنێت. گەر ئەو هەموو شتێک بێت، کەواتە هیچ کاتێکیش گۆشەگیر و تەنیا نابێت. هەر بۆیە کاتێک کەسێکی نەرجسی بریندار دەکرێت، یەکسەر هەست دەکات کە هەموو بوونی لەژێر مەترسیدایە. لە کاتێکدا کە تاکەچەکی خۆی لە دژی (ترس) بەکار دەهێنێت بریتییە لە " گەورەکردنی خۆی"، ئەم ترسە بەشێوەیەکی شێتانە دەردەکەوێت. ئەو بۆیە هێندە زۆر تووڕە دەبێت، چونکە ناتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت بکات. لەناوبردنی ڕەخنە، تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی نەرجسیەتی خۆی بپارێزێت.

تاکە ئەلتەرناتیف بۆ تووڕەبوونی کەسێکی نەرجسی، ئەوەیە کە تووشی خەمۆکی دەبێت. کەسێکی نەرجسی ناسنامەیەکی گەورە بۆ (ذات)ی خۆی دروست دەکات. ئەم کەسە لەو باوەڕەدایە کە جیهانی دەرەکی هیچ ناتوانێت کێشە بۆ ئەو دروست بکات، ناتوانێت جەبەرووتی و هێز و توانای ئەو لەناو بەرێت، لەبەرئەوەی لەوەدا سەرکەوتووە کە خۆی بکاتە جیهان، هەستێکی وا لە لای خۆی دروست بکات، کە لە ڕووی هێز و هۆشیارییەوە کەسێکی کامڵ و تەواوە.

ئەگەر نەرجسیەتی بریندار کرا و نەیتوانی لەبەر هەر هۆیەک بێت، زۆر بەتوندی و تووڕەیی وەڵامی ئەو کەسەی بەرامبەری بداتەوە، ئەوا تووشی حاڵەتی خەمۆکی دەبێت. ئەو هیچ پێوندی بە جیهانەوە نییە و هیچ گرینگی پێ نادات، جیهان لای ئەو هیچ مانایەکی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەیتوانییەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهان دامەزرێنێت. گەر نەرجسیەتەکەی بەشێوەیەکی زۆر توند بریندار کرابوو، بەشێوەیەک کە نەتوانێت پارێزگاری لێ بکات. لەم کاتەدا " من" کەی دادەڕمێت، وەک کاردانەوەیەکی خراپ ئەم کەسە تووشی حاڵەتی خەمۆکی دەبێت. بە بۆچوونی من ڕەگەزی دڵتەنگی و خەم و خۆخواردنەوە لە حاڵەتی خەمۆکی و ڕەشبینیدا دەبێتەوە هۆی ئەوەی کە ئەم وێنەی نەرجسیەتی " من" ەی کە مردووە، نەخۆشەکە زۆر ئازار بکێشێت.

ترسی کەسێکی نەرجسی لە حاڵەتی خەمۆکی کە لە ئەنجامی بریندارکردنی نەرجسیەتییەکەیەوە تووشی دەبێت، هۆکاری سەرەکییە کە هەموو کاتێک کەسێکی نەرجسی خۆی لە بریندابوون دەپارێزێت. لێرەشدا کۆمەڵێک ڕێگەی لە بەردەمدایە. یەکێک لەو ڕێگەیانە کە دەیگرێتە بەر ئەوەیە، کە پلەی نەرجسیەتەکەی خۆی زیاد بکات، بەشێوەیەک کە هیچ کاتێک ڕەخنەگرتن یان فەشەلی دەرەکی ناتوانێت هێرش بۆ سەنتەری نەرجسیەتی بەرێت. بەمانایەکی تر پلەی نەرجسیەت زیاتر دەکات، بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەر هەڕەشەیەک بێتەوە کە ڕووبەڕووی

دەبێتەوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە دەیەوێت لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی نەخۆشییە عەقڵییەکەیەوە کە زۆرجار تا "ذهن" یش دەگات، خۆی لە هەڕەشەی خەمۆکی بپارێزێت.

بەڵام جگە لەم ڕێگەیەش، چارەسەرێکی تر هەیە، کە ئەویش زیاتر لای کەسەکە مەقبووڵە، هەرچەندە ئەمەش ترسی زۆری بۆ خەڵکی تر هەیە. ئەم چارەسەرەش ئەوەیە، کە واقیع بە شێوەیەک بگۆڕێت کە لەگەڵ بوونی ئەودا یەک بگرێتەوە.

باشترین نموونە بۆ ئەم حاڵەتە " هیتلەرە". ئەم کابرایە بەشێوەیەکی زۆر نەرجسی بوو، ئەمە وای لێ کرد کە ملیۆنەها کەس ناچار بکات، بۆ ئەوەی دان بە وێنەی تایبەتی ئەودا بنێن. ئەو خاوەنی کۆمەڵێک خەیاڵی گەورەکراو بوو لەوانە (رایخی سێیەم(٦)). هیتلەر بەهەموو شێوەیەک دەیویست ئەم وەهمەی بۆ واقیع بگۆڕێت، دیارە هەوادارانیشی یارمەتییەکی باشیان دا بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم وەهمەی. بەڵام کاتێک هیتلەر فەشەلی هێنا ناچار خۆی کوشت. ئەمەش لەبەرئەوەی کە هیتلەر نەیتوانی بەرگەی ڕووخانی ئەو وێنە نەرجسیەتەی خۆی بگرێت.

دیارە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو بگەڕێیت، چەندان نموونەی سەرۆکەکان دەدۆزیتەوە، کە تووشی نەخۆشی " شێتی خۆ بە گەورەزانین، جنون العظمة" بوون. ئەمانە هەوڵیشیان داوە چارەسەری نەرجسیەتی خۆیان لە ڕێگەی گۆڕینی جیهان بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئەواندا بگونجێت کردووە. ئەم جۆرە کەسانە بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن هەرچی ڕەخنەیە لەناوی بەرن، چونکە ئەمانە ناتوانن بەرگەی ئەو ترسە بگرن، کە دەنگی عەقڵ لەوانی دەکات. لە کالیگۆلا و نیرۆنەوە بۆ هیتلەر و ستالین، سەیر دەکەیت هەموو کاتێک ئەمانە پێویستیان بە خەڵکانێکی دەروێش ئاسا هەبووە، لە هەمان کاتیشدا گۆڕینی واقیع بەشێوەیەک کە لەگەڵ نەرجسیەتی ئەواندا بگونجێت، لەناوبردنی هەموو ڕەخنەیەک، ئەم کەسانە زۆر توند و نەگەبەتیشن. پارادۆکس لەوەدایە، ڕەگەزی شێتی و هەوەسبازی لای ئەم سەرکردانە، دەبێتە هۆی سەرکەوتنیان. لەبەرئەوەی ئەم هەستە وایان لێ دەکات جۆرێک لەیەقینیان پێ ببەخشێت و لە گومانیش ڕزگاریان دەکات، کە ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر مرۆڤی ئاسایی هەیە.

جێگەی گوتنە بۆ ئەوەی جیهان بگۆڕیت و خەڵکی تر بهێنیتە ڕیزی خۆتەوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە بیر و بۆچوون و وەهمەکانت بکەن، پێویستە ئەم کەسە خاوەنی جۆرە مەوهیبە و داهێنانی تایبەتی بێت، کە خەڵکی ئاسایی ئەو سیفاتانەی نییە. ئەوەی کە لە کاتی نیقاشی کەسێکی نەرجسیدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دوو شێوە نەرجسیەت بوونیان هەیە: نەرجسیەتی باش و نەرجسیەتی پیس. لە شێوەی نەرجسیەتی باشدا، لێرەدا نەرجسیەتەکە لە ئەنجامی هەوڵ و چالاکی ئەو کەسەدا دەردەکەوێت.

لەبەرئەوە کەسی نەرجسی جۆرە شانازییەکی نەرجسییانە بە کارەکەی خۆیەوە دەکات، وەکو " دارتاشی، زانا، جووتیار". چەندە گرینگی بە نەرجسیەتی خۆی دەدات، هێندەش گرینگی بە کار و داهێنانەکانی دەدات و، هەموو کاتێک بیر لە پێشکەوتن و بەردەوامی کارەکەی دەکاتەوە. کەواتە

لێرەدا ئالیەتی نەرجسیەتی باش، مانای ئالیەتی کۆنترۆڵکردنی خودە " الذات". ئەو وزەیەی کە هانی کارکردن لە ناخماندا دروست دەکات، تا ڕادەیەکی لە سروشتی نەرجسیمانەوە هەڵدەقوڵێت. بەڵام راستییەکی زۆر گرینگ هەیە نابێت لە بیری بکەین ئەویش ئەوەیە، کە هەموو کاتێک کارکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە ناچار بکات پێوەندی بە واقیعەوە بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوە و سنووردارکردنی ڕێژەی نەرجسیەتی تاک. هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە، کە بۆچی ژمارەیەکی زۆری نەرجسی، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی داهێنانی گەورەن.

بەڵام لە حاڵەتی نەرجسیەتی پیس دا، بابەتی نەرجسیەت کارێک یان بەرهەمێک نییە، بگرە شتێکی موڵکدارییە. بۆ نموونە " جەستەی، شێوەی، تەندروستی، سامان... هتد". سروشتی پیسی ئەم نەرجسیەتە لەوەدایە، کە هیچ رەگەزێکی داهێنانەرانەی تێدا نییە، هەروەک لە نەرجسیەتی باشدا هەیە. گەر ئەو کەسە، کەسێکی مەزن بێت، ئەوا بەهۆی بوونی سیفەتێکە کە "خاوەنیەتی، موڵکی خۆیەتی " نەک بەهۆی کارێک یان بەرهەمێکی مەزن کە بەرهەمی هێنابێت. لەبەرئەوە هیچ پێویستییان بە پێوەندی بە خەڵکی ترەوە نییە، هیچیش پێویست ناکات خۆم هیلاک بکەم. لەبەرئەوە ئەو کەسە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکات، وردەوردە خۆی گۆشەگیر و دوورەپەرێز دەگرێت و لە واقیع دوور دەکەوێتەوە، هەوڵ دەدات کە نەرجسیەتەکەی خۆی بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە بەرگری لە خۆی بکات و نەهێڵێت " من"ە نەرجسیە بۆشەکەی خاڵی بکرێتەوە.

پەراوێز:

١– بۆینگ و ئادلەر، دوو بیرمەندی گەورەی دەروونناسین.

٢– هورنی. بیرمەندێکی گەورەی دەروونناسییە.

٣– لیبیدۆ، یەکێکە لە تیۆرییە گەورەکانی زانستی سایکۆلۆجی، کە هەوڵی شرۆڤەکاری غەریزە سێکسییەکانی مرۆڤ دەردەخات. جێگەی گوتنە ئەمەش یەکێک بوو، لە داهێنانە گەورەکانی فرۆید.

٤– ئەمەش یەکێکە لە تیۆرییە ناسراو و گرینگەکانی فرۆید، کە پێی وایە کەسایەتیی مرۆڤ لە سێ بەش پێک هاتووە (من، منی باڵا، ئەو).

٥– جێگەی گوتنە، ئەم حکایەتە، یەکێکە لە ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان.

٦– خەونی هیتلەر دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی بەهێزی ئەڵمانی، کە بە رایخی سێیەم ناوی دەبرد. بەڵام خۆشبەختانە سەرکەوتوو نەبوو لەم کارەیدا.

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبەوە وەرم گێراوە.

ایریش فروم. جوهر الانسان. ترجمة: سلام خير بك. دار الحوار للنشر والتوزيع. الطبعة. الاولى. سنة. ٢٠١١. الاذقية. سوريا.

# حیکایەتی شۆڕشەکان

## شۆڕشی ئینگلیزی دایکی شۆڕشەکان

حەسەن حافیز

٢ لە ٣

لە رۆژی ١٨ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٦٢٥ کە یەکەمین پەرلەمان لە سەردەمی شارلزی یەکەم کۆ دەبێتەوە، ئەو گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییە و گۆڕانی نەخشەی چینەکانی ئینگلتەرا پاش گەشە ئابوورییەکەی وڵات سەری هەڵدابوو، ئەوەش بەباشی لەو کۆبوونەوەیەدا دیار دەکەوێت، ئەوەش ئاماژەی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نوێیەکە بوو. هاوشانی نەجیبزادەکان و ئەسقفەکانی ئەنجومەنی لۆردەکان، پێنجسەت پیاو لە ئەنجوومەنی عەموم، کە زۆربەیان لە بیوریتانییەکانی نوێنەرانی چینە نوێیەکانی کە لەناو کۆمەڵگەکە ئامادەییان هەبوو بەشدار بوون.

تەنگژە سەرەکییە راستەقینەییەکەش لە ئینگلتەرا ئەوە بوو، کەوا پاشای وڵاتەکە شارلزی یەکەم ئەوەی لە ساڵانی ١٦٢٥ هەتا ١٦٤٩ حوکمی دەکرد، توانای خوێندنەوەی دیمەنی ئینگلیزی نەبوو، نەیدەتوانی پێشهاتەکان بدۆزێتەوە و بزانێت، هەستی بەوە نەدەکرد، کەوا زۆر لە شتەکان گۆڕاون و وڵاتەکە لە دۆخی جارانی نەماوە، بەڵام کە هەست بە گۆڕانەکە دەکات، بەتایبەتی لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی عەموم کە نوێنەرایەتی شارەکانیان دەکرد و زۆربەیان لە هەموو مافە سیاسییەکان و رەوشە کۆمەڵایەتییە نوێیەکە بێبەش بوون.

کە پاشا داوا لە پەرلەمان دەکات پارەی زۆرتری بۆ شەڕەکانی دژ بە ئەسپانیا و بۆ پێویستییەکانی حوکمەت بۆ تەرخان بکەن، ئەنجوومەنی عموم داوای دەسەڵاتی زۆرتر دەکات، سەبارەت بە پارەکەش تەنیا هەزار پاوەندی بۆ تەرخان دەکەن، دیارە کەوا ئەو پارەیەش بەشی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

شەڕە گەورەکەی ئەوی نەدەکرد، لەبەرئەوەی تەنیا مەسروفاتی ئەستوولەکەی دوو ئەوەندە پارەی دەویست. دوو سەدە بوو کەوا دەسەڵاتی پاشا هەتا لەسەر کورسی پاشایەتی بێت، دەتوانێت گومرگ و باج لەسەر کاڵاکانی هاوردە و دەرچوو دابنێت، ئەوەش دەبووە پارەیەکی تایبەت بە پاشا، بەڵام پەرلەمان یاسایەک دەردەکات، کەوا پاشا تەنیا یەک ساڵ حەقی هەیە، ئەو باجە وەربگرێت، لەبەرئەوەی ئەو پارە زۆرەی جاران پاشا وەری دەگرت لەلایەن دارودەستەکەی پاشای وڵات بەهەدەر دەدرا و بەخۆڕایی سەرف دەکرا، هەروەها پاشا ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان باج وەربگرێت و هەموو مەسروفاتی حکوومەتیش دەبێ لەبەر ڕۆشنایی پەرلەمان بێت.

بەڵام شارلز پاشا لەو بڕیارە نوێیانە سەرگران دەبێت چونکە ئەوانە بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکەی دەزانێت، بۆیە کە نەخۆشیی تاعون بڵاو دەبێتەوە ئەو کارەساتە بە هەل دەزانێت و لە ڕۆژی ١٢ی ئۆگستی ساڵی ١٦٢٥ پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام کە پێویستی بە پارە دەبێتەوە، داوا دەکات دووبارە پەرلەمان کۆ ببێتەوە. کە گرژییەکەی ئەنجوومەنی عموم و پاشا توند دەبێت و گەف لە پاشا دەکەن بە هیچ شێوەیەک باج زیاد نەکات، بۆیەش بۆ لێپرسینەوە لە گەندەڵەکانی جۆرج فلییرز دۆقی بکنگهامی ڕاوێژکاری پاشا و ئەستەنگنانەوە لە کاروبارەکانی پەرلەمان لیژنەیەک پێک دەهێنن، بەڵام پاشا ڕەزامەندی لەسەر ئەو کارە ناکات و لە وەڵامدا دەڵێت:

من قبووڵم نییە ئەنجوومەن لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی من بکەن، بەتایبەتی کەسێکی وا. بۆیەش ئەنجوومەن لە ڕۆژی ٨ ی مایۆی ساڵی ١٦٢٦ بەفەرمی دادگاییکردنی دۆقەکەی بکنگهام بە تاوانی خیانەت ڕادەگەیەنن و داوا دەکەن ئەو لە پۆستەکەی دوور بخرێتەوە، داواش لە پاشا دەکەن تا ئەو ڕاوێژکارە لانەدات هیچ پارەی بۆ تەرخان ناکەن، بۆیەش پاشا لە ڕۆژی ١٥ی یونیۆ و بۆ جاری دووەم پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەبەر شکست و دۆڕانەکانی شارلزی یەکەم پاشا ئیفلاس دەکات و لە ڕۆژی ١٧ی مارسی ١٦٢٨ داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکاتەوە، لەو خولەدا وەک نوێنەری شاری هلنتنگتون ئۆلیڤر کرومویل ڕەوانە دەکەن، ئەوەی پاشان دەبێتە سەرکردەی شۆڕشەکە. لەو پەرلەمانەدا نوێنەرەکان لە ڕۆژی ١٨ی مایۆی ساڵی ١٦٢٨ پڕۆژەیەک بە ناوی پەیمانی ئاوێزانی مافەکان پێشکێش بە پاشا دەکەن، ئەوەش پێگەیەکی مێژوویی بوو لە پێناوی سەربەخۆیی و سەروەریی پەرلەمان کە تێدا نووسرابوو:

بۆ جەلالەتی شکۆداری پاشای مەزن...

ئێمە بە هەموو ڕێز و شەرمەندییەوە ئەو داوایە لە بەردەم پاشا و گەورەمان دادەنێین...

لەو کاتەوە کە یاساکە لەلایەن ئیدواردی یەکەمەوە دانرا و جێبەجێ کرا، کە تێدا بە هیچ بیانوویەک باج و پیتاکێک نەوەرگیراوە و نەستێندراوە، تەنیا ئەو ئیرادەیە نەبێت کە دەدرێتە

سەرۆکی ئەسقفەکان و ئەسقفەکان و هەر یەک لە ئیرل و بارون و فارس نەبێت، ئەوانە و نوێنەرانی شارەکان و زانکۆ و کەسە سەربەستەکانی ناو کۆمەڵیش. لەو ڕۆژەوە هاونیشتمانییەکانت ئازادییان هەبووە، واتە ئەوانە ئیجبار نەکراون باج، یان رسومات و پیتاک بدەن، ئەگەر ئەوەش درابێت بە رەزامەندی پەرلەمانەوە بووە و بەس.

شارلز بەشێوەیەکی فێڵبازانە رەزامەندی لەسەر یاساکە دەکات، بەڵام پەرلەمان داوا لە پاشا دەکاتەوە بەڕوونی وەڵامی ئەو داوایە بداتەوە، بەڵام ئەو لەسەر هەڵوێستی خۆی دەمێنێتەوە لەسەر ئیعتیمادەکانیش، پاشا بەفەرمی رەزامەندی دەکات، بۆیەش لەندەن ئەو تەسلیمبوونە بە گرینگ دەزانێت و ماناکەی بەمەزنییەوە وەردەگرێت، بۆیەش بەشێوەیەکی زۆر باڵکێش زەنگەکان لەناو لەندەن لێ دەدرێن و چەندان ساڵ بوو زەنگەکان بەو شێوەیە لێ نەدرابوون.

پەرلەمان دووبارە داوا لە پاشا دەکەن دۆقی بکنگهام دەربکات، بەڵام ئەو داواکەیان رەت دەکاتەوە، بۆیەش یەکێک لە شەڕوانە دێرینەکان ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات و دەچێت چەقۆیەکی قەسابەکان دەکڕێت و ماوەی شێست میل لە لەندەنەوە دەڕوات تا دەگاتە پورتسموس، لەوێ چەقۆکە لە سینگی دۆقی بکنگهام دەچەقێنێت و دەیکوژێت، لە رۆژی ٢٣ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٦٢٨ خۆی رادەستی دەسەڵاتداران دەکات. کوشتنی راوێژکارەکە پاشا تووڕە دەکات و بۆیەش بۆ جاری سێیەم پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان فەرمانەکە جێبەجێ دەکات و سەرۆکایەتی جێ دەهێڵێت، بەڵام ئەندامەکان گوێ بە فەرمانەکانی پاشا نادەن و سەرۆکەکەش ناچار دەکەن بگەڕێتەوە سەر کورسییەکەی پەرلەمان.

پەرلەمانتار جۆن ئیلوت داوای کردبوو یاسایەک دەربچێت و بڕگەکانی تێدا بڕیار بدات ئەوەی مەزهەبێکی نەیار و دوور لە کڵێسەی دەوڵەت بێنێتە وڵات ئەو کەسە لەدار بدرێت، یان ئەوانەی باج بەبێ رەزامەندی پەرلەمان کۆ دەکەنەوە، ئەو داوایە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بە چەپڵە و هوتافکێشان قبوڵ کرا و پەرلەمان وەک یاسایەکی فەرمی پەسەندی دەکات، کە ئەندامانی پەرلەمان هەواڵی ئەوەیان بۆ دێت کەوا سەربازەکانی پاشا بەنیازن بێنە ژوورە و زۆریان نەماوە بگەنە باڵەخانەکە و بە زۆر ئەندامەکان دەربکەن، ئەوان دەست لە کۆبوونەوەکە هەڵدەگرن و باڵەخانەکە چۆڵ دەکەن.

شارلز پاشا و بە گومانی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی فەرمان دەدات پەرلەمانتار ئیلوت و سلدن بگیرێن و حەوت لە ئەندامانی عموومیش دەگرێت، بەڵام بەزووترین کات شەش کەسیان بەردەدات، ئەوانی تریش بە پارەیەکی زۆر سزا دەدات و بڕیاری گیرانیان بە ماوەی درێژ دەردەکات، ئیتر ئیلوت لە تەمەنی سی و هەشت ساڵییدا لە زیندانا دەمرێت.

## حاكمە رەهاكە

شارلز پاشا پاش ئەوەی پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆ ماوەی یازدە ساڵ دەبێتە حاكمی تاكڕەوی رەهای وڵات (١٦٢٩ – ١٦٤٠)، ئەو ماوەیەش درێژترین ماوە بووە كە تێدا ئینگلتەرا كۆبوونەوەی پەرلەمانی تێدا نەكردبێت، بۆیەش لەو ماوەیەدا شارلز پاشا بەئارەزووی خۆی فەرمانڕەوایی لە وڵاتدا دەكات، بەوەش دەسەڵاتی ئەو لە سەرووی هەموو دەسەڵاتی پاشاكانی تری ئەو مەملەكەتە بووە، بۆیەش بەئارەزووی خۆی باج و قەرزی ئیجباری وەردەگرێت، لەو كاتانەدا هاووڵاتییان ناچار دەكات سەربازەكان لە ماڵەكانیدا بحەوێنەوە و داڵدەیان بدەن و بەبێ لێپرسینەوە خەڵكەكە لە زیندان بپەستێت، هەموو مافەكانی بەرگریكردنی زیندانییەكانیش ناهێڵێت و مافی ئەوەیان نامینێت لە بەردەم دادگە و سوێندخۆرەكاندا بەرگری بكەن، بەوەش بەشێوەیەكی چاوەڕواننەكراو و بۆ یەكەم جار وا بە زەقی بەندەكانی بەڵێنی ماجنا كارتا پێشێل دەكرێت.

كە لە سكۆتلاند یاخیبوونێك بەرپا دەبێت، پاشا پێویستی بە پشتیوانی پەرلەمان دەبێت بۆ دابینكردنی پارەیەكی زۆر لە رۆژی ١٣ی ئەپریلی ساڵی ١٦٤٠ داوای كۆبوونەوەی پەرلەمان دەكاتەوە، بەڵام پەرلەمان داواكەی پاشا جێبەجێ ناكەن و ئەویش لە رۆژی ٥ ی مایۆی ساڵی ١٦٤٠ پەرلەمان سەرلەنوێ هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام كە سوپاكەی پاشا لە یاخیبوونەكەی سكۆتلاند دەشكێت و زیانێكی زۆری بەردەكەوێت و بەڕاستی شپرزە دەبێت، بەناچاری پاشا داوا دەكاتەوە پەرلەمان كۆ ببێتەوە.

## پەرلەمانە ماوە درێژەكە

لە رۆژی ٣ی نۆڤمبەری ساڵی ٠٤٦١ لە وستمنستر پەرلەمان كۆ دەبێتەوە، ئەو پەرلەمانەی بە پەرلەمانە درێژەكە دەناسرێت، كە تا ساڵی ١٦٤٠ بەردەوام دەبێت، ئەگەر هەمووشیان نەبێت ئەوە زۆربەی ئەندامەكانی پەرلەمان ئەوەیان لە بیر بوو كەوا تۆڵە لەو پاشایە بكەنەوە كەوا زۆرتر لە جارێك پەڕاوێزی دەكردن و چەند جارێك بۆ پێویستییەكانی خۆیەوە داوای دەكردنەوە. كە پەرلەمان داوا دەكات لە یەكێك لە یاوەرەكانی پاشا بە ناوی ئێرل سترافۆرد لەلایەن پەرلەمانەوە لێپرسینەوەی لێ بكرێت، بەوەیان گورزێكی كوشندەیان لە شارلزی یەكەم دابوو، یاوەرەكەیان بەوە تاوانبار كردبوو كەوا بەنهێنی پشتیوانی پاپاكان دەكات و بەرنامەڕێژی دەكات لەگەڵ سوپایەكی ئێرلەندای مەزهەبی پەرلەمان بروخێنێت، پاشا بەوەیان زۆر سەخڵەت دەبێت و بەو پلانەی ئەو سەرسام دەبێت، بۆیەش دەستەوەستان دەبێت و نەیتوانی یەكێك لە نێزیكترین یاوەرەكانی لەو تۆمەتە بپارێزێت.

لە رۆژی ١٧ی مایوی ساڵی ١٦٤١ ئولیڤر كرومویل پێشنیاز دەكات حكوومەتی ئەسقفییەكان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەنجوومەنی عموم پێشنیازەكە پەسەند دەكات و ئەنجوومەنی لۆردەكانیش

بڕیارەکـە ڕەتی دەکات، بۆیە پاشا هەڕەشـەیان لێ دەکات و بـەڵێن دەدات لە پێناوی پاراسـتنی کـڵـێـسـەی ئەنجـیلکانی خـۆی بکاتە قـوربانی، بۆیەش پێـشنیـازەکە هـەرەس دەهێنێت، بەڵام ئەنجوومەنی لۆردەکان یاسایەک بۆ دەرکردنی ئەسقفەکان لە ٥ ی مانگی فبرایەری ساڵی ١٦٤٢ دەردەکات، بەوەش لۆردەکان کورسییان لە ئەنجوومـەنی لۆردەکان نامینێت، بەوەش شارلز پاشا پشتیوانییەکەی لە ئەنجوومەنەکە نامێنێت. ئەنجـوومەنی عـمووم و لەسـەر دەسـەڵات و کەسایەتی ماندوو و دارماوی پاشا دەسەڵاتی خۆیان پتەو دەکەن، بۆیەش پرۆژەی یاسایەک پەسەند دەکەن کە تێـدا مـاوەی بەکـاربوونی پەرلەمـان دەکـەنە سێ سـاڵ، پاش تێـپـەڕبوونی پەنجـا ڕۆژ بەسـەر دەستبەکاربوونی پەرلەمان، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش تەحریم دەکەن، بڕیار دەدەن سیستەمی باج و قەزاش چاکسـازی تێدا بکەن، هـەروەها هـەردوو دادگەی هۆلی ئەسـتێرە و دادگەی لیژنەی باڵاش هەڵدەوەشێنەوە، ئەوەش باسکە باڵا و درێژەکەی پاشا بوون لەناو سیستـەمی قەزای وڵاتدا، هـەروەها پاوانخوازی و باجی سەر کەشتییەکانیش ناهێڵن.

دەسـەڵاتی وەرگرتنی باجی هاتن و دەرچوونی کاڵاش لە مـەلیک وەردەگرنەوە، تەنیـا لەو کاتانە نەبێت کـە پەرلـەمـان بوارسـازی بۆ بکات، دیارە شـارلـزیش لەسـەر ئەو ریفـۆرمـانە ڕەزامـەندی دەردەبڕێت.

## مەلیک لە پەرلەمان

لە مـانگی مارسی سـاڵی ١٦٤١ ئەنجوومـەن ئیرل ستـرافـۆردیان بە تۆمەتی خیانەت دابووە دادگە، بڕیاری دادگەش لەلایەن پاشاوە پەسەند دەکرێت، تا مەلیک یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی خۆی لە ئاشووبەیەک ڕزگار بکات، دەچێتە ناو پەرلەمان و ئامادەیی نیشان دەدات تا ناسیـارەکەی دەرباز بکات، بڕیاری لابردنی ئیرل سترافۆردیان بۆ پەسـەند دەکات و بەڵام مەسەلەی ناوزەدکردنی ئەو بە خائین قبووڵ ناکات.

ئەنجـوومـەنی عـمووم بە هیچ شـێـوەیەک قـبـوڵـیـان نەبوو پاشـا بێـتە پـەرلەمـان و ئەوەیان بە شکاندنی حـورمـەتی پەرلەمـان دەزانی، بۆ بەیانیـیـەکـەی خـەڵکێکی زۆر لە بـەردەم بارەگـەی ئەنجـوومـەنی لۆردەکان و کـۆشکی پاشا کـۆ دەبنەوە، بەیەک دەنگ هـاواری دادپەروەری دەکەن... داواش دەکەن سترافۆرد لەدار بدرێت. ئەنجوومـەنی شوراش لە پاشا دەپاڕێتەوە کەوا ئەو بڕیارە پەسـەند بکات، ئەویش ڕازی دەبێت، لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنەکە سەرۆکی ئەسقفییەکان یورک داوا دەکـات پاشـا ئەو بڕیارە پەسـەند بکات، بـەڵام هـەڕەشـەی نەجـیـبـزادەکـان لە هـەمـوویان بە پاڵەپەستۆتر بوو، بۆیە بە پاشا دەڵێن ژیانی خۆت و شاژن و هەموو منداڵەکانت لە مەترسیی دایە، بەڵام ئەو سـوور بوو لەسـەرئەوەی فـەرمـان و بڕیارەکە پەسـەند نەکات، بـەڵام لە کۆتاییی سـترافـۆرد خـۆی داوا لە مـەلیک دەکـات بڕیارەکـە پەسـەند بکات و لاریی نەبێت لەداردانی، ئیـتـر شـارلـز فەرمانەکە ئیمزا دەکات، بەوەش بەزینی خـۆی و سـەرکەوتنی پەرلەمان لە ڕۆژی ١٢ی مایۆی سـاڵی

١٦٤١ رادەگەیەنێت و سترافۆرد بەرەو پەتی لەداردان دەبەن.

ئیتر لەو رۆژەوە کێرڤی بەربەرەکانی و لاملییەکانی پاشا بەرامبەر پەرلەمان بەرەو خوار دەڕوات، پاشا دوو ئەسقەفی کڵێسە، کە لە پەرلەمان پلەیان لێ وەرگیرا بوو ئەو فەرمان دەدات هەردووکیان بە پلەی بەرزتریش بگەڕێنەوە کڵێسە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان بە راگەیاندنی نارەزایی مەزن دەنگیان بەرز دەکەنەوە و ئاگەداری پاشاش دەکەنەوە، کەوا پەرلەمان حەقی هەیە پۆستەکان بەرز بکات یان دابگرێت، هەر ئەوانیش رەزامەندی دامەزراندن دەردەکەن، بەوەش خەڵکە پارێزەرەکان وا دەزانن ئەو مەسەلەیە دەسەڵاتی پەرلەمان باڵا دەکات و پاشاش دەبەستێتەوە. بۆیەش ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خەڵکە پارێزەرەکە و دەستوورییەکانی ناو پەرلەمان، شارلز پاشا هەڵوەستەیەک لەسەر ئەو بڕیارە دەکات، بۆیەش پەرلەمان هەنگاوێک دەچێتە پێش و ئەوان نارەزاییە مەزنەکە و بەبێ رەزامەندی پاشا رادەگەیەنن. شارلز پاشا بیرۆکەی قەدەغەکردنی دەنگدانی ئەسقەفەکان لە پەرلەمان رەت دەکاتەوە، سووریش دەبێت لەسەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتی هەیە پێشنیاز بداتە ئەنجوومەنی شورا و کاربەدەستان لە پۆستەکان دابنێت، ئەو بڕیارەکان بدات، بەڵام پەرلەمان پرۆژەی یاسای میلیشیاکان دەخاتە روو و باسکردن کە ماف بە دەسەڵاتی سوپا دەدات.

پاشا دوا کۆشش دەکات ریزەکانی نوێنەرانی پەرلەمان شەق بکات، لە رۆژی ٣ ی یەنایری ساڵی ١٦٤٢ نائیبی گشتی بە ناوی پاشا، پێنج ئەندامی پەرلەمان بە تۆمەتی خیانەت و هاندانی سوپا دژ بە پاشا تاوانبار دەکات، بۆیەش پاشا بە هێزێکی سیسەد سەربازییەوە بەرەو پەرلەمان دەچێت تا پێنج نوێنەرەکە بگرێت، بەڵام کەسیان لەوێ نادۆزێتەوە، بۆیەش پاشا دەڵێت:

دیارە پیاوە ترسنۆکەکان هەڵاتون. نوێنەرەکانی پەرلەمان ئەو هێرشەی پاشا بە راگەیاندنی شەڕ دژ بە پەرلەمان دەزانن، چونکە ئەوەیان هیچ شەرعیەتێکی نەبوو، بۆیەش پەرلەمان لە رۆژی ٥ ی مارسی ساڵی ١٦٤٢ بڕیار دەدات سوپا تەنیا دەکرێ بە فەرمانی پەرلەمان جوولە بکات، بۆیەش سی و پێنج نوێنەری لۆردەکان و  شێست و پێنج نوێنەری پەرلەمان دەچنە یورک بۆ پشتیوانی پاشاکە.

پاش ئەو رووداوە پێوەندی پەرلەمان و پاشا دەگاتە دووڕیانێکی داخراو، تا کێشە و تەنگژەکە چارەسەر بکەن، پەرلەمان پرۆژەیەکی نۆزدە  پێشنیازی دەدەنە پاشا، لەوانە کەوا پەرلەمان مافی خۆیەتی سەرپەرشتی سوپا بکات، دەسەڵاتی گۆڕینی سرووتە ئاینییەکانی هەبێت، پەرلەمان دەسەڵاتی دامەزراندن و لادانی وەزیرەکانی تاج و پاسەوانەکانی کوڕەکانی پاشایان هەبێت، هەروەها پەرلەمان دەسەڵاتی لابردنی ئەوانەی لەلایەن ئەنجوومەنی لۆردەکانەوە بۆ سەرپەرشتی دادەنرێن هەبێت. دیارە کەوا ئاساییە پاشا ئەو پێشنیازانە پەسەند ناکات و ئەوەش مانای ئەوە بوو کەوا ئەو لە هەموو دەسەڵاتەکان دەڕووتێنەوە.

## هەڵگیرسانی شۆڕشەکە

کە رەوشەکە ئاڵۆز دەبێت، لەسەر داخوازی نەتەوەی ئینگلیز لە رۆژی ٢ ی ئۆگستی ساڵی ١٦٤٢ پەرلەمان شۆڕش رادەگەیەنێت، پەرلەمان لەوەیاندا زیرەک بوو، کەوا لە ساتێکی گونجاودا شۆڕشەکەی راگەیاند، لەبەرئەوەی کاسۆلیک مەترسی لەسەر وڵاتدا هەبوو، دەترسان دووبارە مەزهەبەکە بڵاو ببێتەوە، شۆڕشەکە بووبووە پێویستییەکی حەتمی چونکە گەڕانەوە و سەرکەوتنی پاشا، واتە کۆمەڵکوژی بۆ مەزهەبی پرۆتستانت، بۆیەش شۆڕشەکە لەسەر داوای هەموو چینەکانی میللەت هەڵدەگیرسێت.

پەرلەمانتارەکان لیژنەیەک بە ناوی لیژنەی ئەمنیی گشتی دادەمەزرێنن بۆ سازکردنی سوپایەک بۆ دژایەتیکردنی پاشا، بۆیەش پەرلەمانتار و لە سەرووی هەموویان کرومۆیل هانی خەڵکەکەیان دەدا بۆ مەشق و سازبوون بۆ سەرهەڵدان، لەو کاتانەش ئەو پەرلەمانتارانە دەست بە سەر گەنجینەکانی پاشایەتی دادەگرن.

لەگەڵ ئەو گۆڕان و هەڵچوونە جەماوەرییەدا پاشا بەرەو باکوری ئینگلتەرا هەڵدێت، لەوێیەوە خەریکی سازکردنی سوپاکەی دەبێت و لە دوای دۆست و هەڤاڵبەندی دەگەڕێت، بەوەش دەتوانێت چەند پەرلەمانتار و گەورە دەرەبەگەکان کۆ بکاتەوە، کە سوپاکەی ساز دەکات شارلزی یەکەم بەیداخی شەڕ لە رۆژی ٢٧ی ئۆگستی ساڵی ١٦٤٢ لە نوتنگهام بەرز دەکاتەوە، بەوەش شەڕی یەکەمی ناوەخۆ رادەگەیەندرێت.

## هەڵگیرسانی یەکەم شەڕی ناوەخۆ

بۆ یەکەمین جار ئینگلترا رووبەڕووی شەڕێک دەبێتەوە هەرگیز لە مێژوودا ئەوەی نەدیبێت، پاشا بە هاوکاریی چینە ئورستقراتەکە و کڵێسەی کاسۆلیک و هەڤاڵەکانی لە دەرەبەگەکانی باکوری وڵات، هێزێک ساز دەکات، بەڵام نوێنەری چینەکانی ناوەند و شارە پیشەسازییەکان و بەنداو و شارە بازرگانییەکانی باشوور هەموو پشتیوانی لەندەن دەکەن. بەڵام ئەنجوومەنی عمووم دەبێتە دوو بەش، سێسەت کەسیان لەگەڵ شۆڕشەکە بوون، لایەنگیرانی پاشاش ژمارەیان سەت و حەفتا و پێنج ئەندام بوو، ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی لۆرداتیش سەت و دە ئەندام بوو، سەرەتا سییان لایەنگیری شۆڕش بوون، بەڵام ژمارە زۆرەکەی ئەندامەکان لایەنگیری شۆڕشیان دەکرد و بەردەوام لەسەر ئەو رێبازە دەمینێنەوە.

لەبەرئەوەی نیوەی سەرمایە نەتەوەکە لە لەندەن بوو، بۆیەش ئەو پارەیە بەئاسانی دەبێتە سەرمایەی شۆڕشەکە، لەبەرئەوەی پاشا زووتر دژایەتی دەرەوەی کردبوو، بۆیە نەدەکرا پارەش لە دەرەوە قەرز بکات، بەناچاری پاشا پشت بە سەدەقە و یارمەتییەکانی دەرەبەگەکان دەبەستێت،

ئەوانەی وایان دەزانی سەرکەوتنی پاشا سەرکەوتنی ئەوانە و بەپێچەوانەش ئەوان بەیەکجاری لەناودەچن و هەموو دەسکەوتەکانیان نامینێت.

لە رۆژی ٢٣ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٦٢٤ بۆ یەکەم جار و لە تەنیشت شاری ئادجهل هەردوو سوپاکە رووبەڕوو دەبنەوە و دوو ئاراستە و دوو مەزهەبی جیاواز و بەرژەوەندییە نەیارەکان بووبوونە دوو لایەنی دژ بەیەک، ئەگەرچی لە شەڕەکەدا هیچ لایەنێک سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەست نەهێنابوو، بەڵام پاشا لەو شەڕەدا توانی ئۆکسفۆرد بکاتە بنکەی سەرکردایەتی چالاکییەکانی، هەروەها شاژن هنریتا لە گەشتەکەی بۆ یارمەتی کۆکردنەوە رۆیشتبوو دەگەڕێتەوە، ئەویش کۆمەڵێکی چەک و تەقەمەنی و کۆمەک دەگەیەنێتە سوپاکەی پاشا، سەرەتا لە چەندان شەڕەدا سوپاکەی پاشا سەردەکەوێت و پەرلەمانتارەکانیش پاشەکشەیان بوو، بۆیە بریستولیان لەدەست دا نامینێت. کە پەرلەمان دەشکێت و دەزانن ناتوانن خۆیان بگرنەوە، روو لە سکۆتلاند دەکەن و لە رۆژی ٢٢ی سێپتەمبەر پەیمان و هەڤاڵبەندییەکی موقەدەس ئیمزا دەکەن، سکۆتلاندییەکان بەڵێن دەدەن یارمەتییان بدەن و سوپایەک بۆ هاوکاریکردنیان رەوانەی بەرەکانی شەڕەکە بکەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا پەرلەمان مانگانە سی هەزار پاوەندیان بداتێ، پەرلەمانیش لە ئینگلتەرا و ئیرلەندا مەزهەبی پروتستانتی شێخایەتی پێڕەو بکات.

لەولاشەوە پاشا لەگەڵ یاخیبووەکانی ئیرلەندی کاسۆلیک بەپەلە رێککەوتننامەیەکی ئاشتییان لەگەڵ مۆر دەکات و بەوەش کاسۆلیکەکان دڵشاد دەکات، ئیتر کاسۆلیکەکانیش پشتگیریی شۆڕش دەکەن، بەوەش شەڕە ناوەخۆییەکە سێ نەتەوە و چوار مەزهەب دەگرێتەوە.

## سەرکردایەتیی کرومویل

لەسەر پێشنیازی ئولیڤر کرومویل لە ئەپریلی ساڵی ١٦٤٥ زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لە تیمەکانی شۆڕش دوور دەخرێتەوە، ئەویش دەکەنە سەرکردەی هەموو سوارەکان، پەرلەمانیش داوای لێ دەکات سوپایەکی نوێی لە بیست و دوو هەزار کەس پێک بهێنێت، کرومویل ئەرکی مەشقکردنی ئەو سوپایەی دەکەوێتە ئەستۆ. کرومویل پێشتر ئەزموونی سەربازی نەبوو، بەڵام ئەو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و خۆراگری هەبوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لەناو ریزەکانی سوپاکەش بەها ئاینییەکان بەهێز و پتەو دەکات، لە بەرەی ونسبی چەند سەرکەوتنێک ئەنجام دەدات، بە ورە و دیسپلینی سەربازەکانی سەردەکەوێت.

بەوەش پاشا هەموو سەربازانی پیادە و تۆپخانە و نیوەی سوارەکانی لەدەست دەدات، پاشا بڕیار دەدات هەموو یاساکانی دژ بە کاسۆلیک هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆشش دەکات زۆرترین هێزی ئیرلەندی لە ئینگلتەرا بەکار بهێنێت، بەوەش پاشا زۆرتر تووشی نسکۆ و شکان دەبوو، زۆربەی سەربازەکانی را دەکەن و کەس بەکەڵکی ناهێت، کەسیش هاوکاری ناکات، بەڵام بە سازدانی

دانوستـان لەگـەڵ چەندان گرووپ، بەوەش سـوپاکـە و نەیارەکـانی لەیـەک دەکـاتەوە، بەو فـێـڵانە دووبەرەکی دەخاتە ناو سوپای دوژمنەکانی، کەسانی سـەربەخۆ و پەرلەمانتارەکان لەیەک دەکات، هەروەها لە نێوان پەرلەمانتارەکان و سکۆتلاندییەکان، بەڵام لەوەیاندا سەرناکەوێت.

بەرئەنجـام پاشـا دەشکێت، ئەویش ژنەکەی رەوانەی فـرەنسـا دەکـات، خۆشی بەرەو سـکۆتلاند دەڕوات و لە رۆژی ٥ ی مـایۆی سـاڵی ١٦٤٦ سـوپاکـەی تەسلیم دەبن، شـەڕی نـاوەخـۆییـیـەکـەش کۆتایی دێت، سکۆتلاندییەکانیش لەگەڵ شۆڕشگێرەکان رێک دەکەون بەرامبەرە ٤٠٠ هـەزار پاوەند کە پاشـایان ڕادەست بکەن، بەوەش مـەلیک دەکەوێتـە ناو دەسـتی دوژمنەکانی. ڕادەسـتـبوون و شکانی پاشـا واتـە دەسـەڵات دەکـەوێتـە بن دەسـتی پـەرلـەمـان، ئـەوانیش دووچـاری رووبەڕووبوونـەوەیەکی نوێ دەبنەوە، ئـەویش سـوپاکـەیان، کـە لە نێـزیک لەنـدەن جـێـگیـر بووبوون، ئەوان داوای پاداشتی سـەرکەوتنیان دەکرد لە بەرامبـەر ئەو قوربانییەی لەو شەڕەدا پێشکێشیان کردووە.

لەبەرئەوەی هەموو لایەک بڕوایان وابوو پاشایەتی هەر بمینێت، بۆیە پاشاش بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتەوە سـەر تەختی پاشایەتی، بەڵام دەیویست بە دەسـەڵاتەوە بێتـەوە سـەر حوکم، نەک وەک پاشایەکی سادەی بێ دەسـەڵات، بۆیەش سوپا بەڕووی پەرلەمان دەکاتەوە، سکۆتلاندش بەڕووی ئینگلتـەرا دەنێتـەوە، بەو هیـوایەی بەو ناکۆکییـانە ئەو دەتوانێت وەک پاشـایەکی بەدەسـەڵات بگەڕێتەوە سەر تەختەکەی، بۆیە ئەوانەی لەو نێزیک بوون دەیانوت، کەوا بڕوای بەو دەستەواژەیە هەیە: جارێکیان بە ژنەکە، یان بە قەشەیەک، یان بە کوڕێکی زۆڵی ناسکی بەنایزی ساوا.

پاشـا دەتوانێت لە بەردەستی سـەربازەکاندا را بکات و خۆی ئازاد بکات، بەنهێنییش پێوەندی دەکـاتەوە بە سکۆتلاندییـەکانەوە تا بگرێتـەوە سـەر تەختـە داگیـرکـراوەکـەی، بۆیەش سـوپای سکۆتلاندییـەکـان بەرەو خـاکی ئینگلیـزی بەڕێ دەکـەون، بەوەش قـۆناخی دووەمی شـەڕە ناوەخۆییەکە هەڵدەگیرسێتەوە، پەرلەمانیش لەگەڵ کرومویل بۆ دوورخستنەوەی سوپاکەی مەلیک رێک دەکـەون تا شـەڕی داگیـرکـەرانی بۆ بکات، دیارە کـەوا پەرلەمـان دەیەوێت لە داگیـرکـردن و پاشایەتی و دەسـەڵاتی کرومویلیش دوور دەکاتەوە. کرومویل لە رۆژی ١٧ی ئۆگستی هێزەکانی سکۆتلاند دەشکێنێت.

سوپا سەرکەوتووەکە تا تۆڵە لە مەلیک بکەنەوە لە هولبی هاوس هێرشی دەکەنە سەر و لەوێیەوە دەیبـەن بۆ نیـو مارکت، کـرومـویلیش بەزووترین کـات دەگـاتە شـوێنەکە و خـۆی وەک سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی سـوپاکـە رادەگـەیەنێت، لە مـانگی یەنایری سـاڵی ١٦٤٨ دەگـاتە لەندەن و لەوێش رادەگــەیەنێت کــەوا دەســەڵاتی پــەرلەمــانیش زۆرداراننەیە و داوا دەکـات پەرلەمــانی نوێ هەڵبژێردرێت.

# حەیات شەرارە
# شەهیدی ڕۆشنبیری

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

ئەوانەی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو بڵاوکراوە عەرەبییەکانیان دەخوێندەوە، بەردەوام کۆواری (ئەلسقافە)یان هەڵدەگرت، حەزیان بە کولتووری چەپگەریی و هزری پێشکەوتنخوازی دەکرد، لەو بوارەدا ئەو ژنە نووسەرەیان لە عێراق ناسیوە، کوردەکان زۆریان سۆراخی چاپکراوەکانی ئەویان دەکرد، بەڵام بەداخەوە کە بەشە عەرەبییەکەی عێراق سەتان ناو و کە لە نووسەر و بیرمەندی گەورەی هەبوو، زۆریان لە تاراوگە یان لە زیندانەکان، یان بە پلانی دژمنانەی رێژیمی رووخاوی بەعس ون بوون، نووسین و ناوەکانیان سڕانەوە، لەو رۆژانە ناوی ئەو ژنە سەرنجی راکێشام کە لە رۆژنامەیەکی عەرەبی کەنداو، ناوی وەک ژنە شەهیدێکی رۆشنبیری هاتبوو، بۆیەش حەزم کرد دووبارە ناو و بەرهەم و هزرەکەی ئاشنا بکەمەوە.



حەیات شەرارە نووسەرێکی دیاری عێراق و بەڕەگەز لبنانی بووە، لە سەرەتای شێستەکان لەناو فێرخوازانی زانکۆی مۆسکۆ، بەوە دەناسرا کەوا لەناو هەموویان وەک کەسێکی هێمن و کارکەر و ئەکتیف لە مەیدانی خوێندن، یان چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دیاربوو، بۆیەش رووسەکان و بێگانەکان رێزی زۆریان گرتووە.

هەموو بەیانییان لە کاتێکی دیارکراودا ئەو هاتووەتە ناو ساڵۆنی ژمارە یەک لە کتێبخانەی لینین، نیوەڕۆکەش لە کاتی خۆی، کیژە فێرخوازەکە هاتووتە دەرەوە، فێریش بوو کیژەکە لە تەنیشت ئەو کورسی و مێزە دادەنیشت کە ڤیاتشیسلاڤ مۆلۆتۆڤی وەزیری دەرەوەی پێشووی سۆڤیەت پاش خانەنشینبوونی کاتەکانی خۆی بە دیار باوەشێک کتێب و کۆوار بەسەر دەبرد، ئەو خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بوو، یان لەسەر راسپاردەی لیژنەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤیەتی راپۆرتی بۆ ساز دەکردن، بۆیەش حەیات بە زەردەخەنەیەکی شیرین لەناو هاوڕێیەکانی دەیوت من هاوشانی مۆلۆتۆڤ ئیش دەکەم.

بابەتی دوکتۆراکەی ئەو لەسەر تۆلستۆی بووە، زۆریش کاری لەسەر ژن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەری رووسی ئیڤان تورجینیڤ کردووە، بۆیەش پاش گەڕانەوەی بۆ وڵات بەرهەمەکانی ئەوی کردووەتە عەرەبی، ماوەیەکی زۆریش وەک سەرۆکی بەشی زمانی رووسی لە زانکۆی بەغدا کاری کردووە، لە دوا ساڵەکانی ژیانی لە مۆسکۆ لە بەشی عەرەبی ئاژانسی هەواڵەکانی تاسی سۆڤیەتی کاری کردووە.




حەیات شەرارە لە شاری پیرۆزی نەجەف لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە و لەبەر رەوشی سیاسی شێستەکان بۆ خوێندن رووی لە سووریا و میسر کردووە و خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی قاهیرە تەواوکردووە، پاش شۆرشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە عێراق و لە ساڵی ١٩٦١ بۆ خوێندن رووی لە مۆسکۆ کردووە.

ماڵی باوکی محەمەد شەرارە لە نەجەف رووانگەی نووسەر و شاعیران بووە، لەبەرئەوەی خۆی شاعیر و نووسەرێکی دیاری سەردەمەکە بووە، بۆیە دانوستان و گفتوگۆی گەرمی ئەدەبی لە ماڵەکەی ئەو کراوە، ئەوەش کاری زۆری لە دوارۆژی حەیات کردووە و لەو مەیدانە زۆر باش شارەزا بووە و بە هەگبەیەکی پڕ لە زانیاری و عیشقەوە بۆ ئەدەب لەو دنیایە گەڕاوە.

بەلقیس شەرارەی خوشکی ئەویش نووسەر بووە، ئەو بەو شێوەیە باسی شاری نەجەفی کردووە: ئەگەرچی شارەکە لەناو رەوشێکی پیرۆزی ئاینی بووە، بەڵام گەشەی بوارەکانی رۆشنبیری تێدا زۆر ئەکتیڤ و زیندوو بووە، لەو شارە چەندان کۆواری ئەدەبی وەک (الهاتف، الغری، البیان،...) لەو شارە دەرچووە، لەوانەی لەو شارە پەروەردە بوون و کاری هزرییان کردووە، ئەلجەواهیری و عەلی ئەلشرقی و جەعفەر ئەلخەلیلی و سەعد ساڵح و... هەر لەو شارەدا، وەک چۆن باوکم لە لبنان هاتووە، کەسانی تریش روویان تێ کردووە، لەوانە حوسێن مروە، کە پاشان بووە بە پێشەنگی شیعری نوێ و یاخیبوون لە ئەدەبی عەرەبی لە عێراق و لەناو وڵاتانی عەرەبیش. کە لە چلەکانیش ماڵمان دەچێتە بەغدا لەوێش ماڵەکەمان دەبێتە ساڵۆنێکی ئەدەبی، هەفتانە بەدر

شاكر ئەلسیاب و لەمیعە عەباس عیمارە و ئەلجواهیری و نازک ئەلملائیکە و ئەکرم ئەلوتری و بلند ئەلحەیدەری و زۆری تریش رووی تێ دەکەن و دانیشتنی تێدا بەجۆش و گەرم دەکەن، بۆیەش حەیاتی خوشکم لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە زۆربەی شیعرەکانی بەدر ئەلسیاب و بلند ئەلحەیدەری و لەمیعە عەباس عیمارە و نازک مەلائیکەی لەبەرکردووە.

لەناو زەبروزەنگی سیاسیی ساڵی چلەکانی باوکی حەیات دەگیرێت و لە کارەکەی دەردەکرێت، لەبەرئەوەی ئەندامی بزاڤی ئاشتی بووە، دادگە بڕیاری گیرانی چەند مانگێکی بۆ دەردەکات، بۆیە محەمەد شەرارەی باوکی دووبارە دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و لە لبنان دەژیت، هەروەها لەبەر هەمان هۆکارە سیاسییەکان و تەنگژە ئاڵۆزەکانی ئەو سەردەمە، حەیات روو لە دەرەوەی وڵات دەکات و لە قاهیرە خوێندنی تەواو دەکات.




حەیات کە دەگەڕێتەوە بەغدا خەریکی نووسین و وەرگێڕان بووە، بەڵام دەسەڵاتدارە بەعسییەکان بەردەوام هەڵدەکوتنە سەری و ناڕەحەتی دەکەن، بەڵام ئەو لەسەر نووسینەکانی بەردەوام بووە، کتێبە چاپکراوەکانی ئەمانەن، رامانەکان لە شیعری رووسی ١٨٩١، نامۆیەک لە شار، شانۆگەریی جەنابی موفەتیشی گوگولی کردووە بە عەرەبی، یسینین لەناو مێرگە عەرەبییەکان ١٩٨٩، دیوانێک لە شیعری عەرەبی ١٩٨٣، بیرەوەری راوچییەک ١٩٨٤، رودین، هێلانەی بەگزادەکانی ئیڤان تورجینیڤ و شانۆگەرییەکانی پۆشکین کردووە بە عەرەبی ١٩٨٦، تۆلستۆییە هونەرمەندەکە. حەیات لە بواری تۆژینەوەی ئەدەبی و نووسین و هەڵسەنگاندندا پێشەنگ بووە لەوانە کتێبی چەند لاپەڕەیەک لە ژیاننامەی نازک مەلائیکەی نووسیوە، ئەو ژنە شاعیرە نوێخوازەی بووبووە پێشەنگی نوێکاری لە ئەدەبی عەرەبی، پاش مردنیشی کتێبێکی بە ناوی (اذا الایام غسقت)ی چاپ کراوە، لەوێ باس لە ناڕەحەتی و نەهامەتییەکانی ژیان و رۆژانەی ناو زانکۆی بەغدا کردووە، لەگەڵ ئەوەش رۆمانێکی تر و چەندان کورتە چیرۆکی بڵاونەکراوەی ماوە.

لە رۆژانی شەڕی عێراق – ئێراندا، حەیات و بنەماڵەکەی ژیانێکی پڕ چەرمەسەری لە عێراق هەبووە، وەک زانایەکی زانکۆش زۆریش کۆششی کردووە سەفەر بکات، تا کارێک لە دەرەوەی وڵات بکات، بەڵام بواری نەدراوە، بەردەوام قەدەغەی سەفەری لەسەربووە. کە مێردەکەی محەمەد سمیسم دەگیرێت لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٨٢ دەمرێت، بەوەش ژن بەبێ مێردەکەی کە رێنوێنی حەرەمی سەفەرکردن دەیگرێتەوە ناتوانێت سەفەر بکات، دیارە بۆ کەسایەتیی ئەو تەنیا بیانوویەک بوو تا لە وڵات دەرنەچێت، ئەگەرچی ئەو نامەی تایبەتیشی بۆ سەرۆک کۆمار ناردووە کە بوارساز بکات لەگەڵ هەردوو کیژەکەی بۆ کارکردن و خوێندن سەفەری دەرەوە بکەن، بەڵام پاش چاوەڕوانییەکی زۆر هیچ جۆرە وەڵامێک وەرناگرێتەوە، تا لە رۆژی یەکی مانگی ئۆگستی ساڵی

١٩٩٧ بە تەقینەوەی بۆڕییەکی گاز لەناو مەتبەخەکەی لەگەڵ کیژە گەورەکەی مها دەمرێت و کیژە گچکەشی زینب بریندار دەبێت، بۆیەش پاشان وتیان تەقینەوەی گازەکە، بە پلانێکی داڕێژراو بووە، ئیتر بەو شێوەیە ژیانی ئەو نووسەرە گەورەیە بە کاروانێکی پڕ لە داهێنان و وەرگێڕان و مامۆستایەتیی زانست لە زانکۆ، لەگەڵ کارەسات و ئەشکەنجە و ئازاری بەردەوام کۆتایی پێ هاتووە، وەک ئەوەی هەموو گەلانی عێراقی لەو سەردەمەدا بەسەریاندا هاتبوو، بەتایبەتی چینە رووناکبیر و پێشکەوتووخوازەکە.

فاتیمە موحسین لە لەندەنەوە وتارێکی لەسەر رۆمانەکەی حەیات شەرارە نووسیوە، لەوێ ئاماژە بەوە دەدات کەوا ئەو رۆمانە بەڵگەنامەیەکی مرۆییە لەسەر عێراقی ئیمڕۆ، ئەوەش رۆژانەی مامۆستایەکی زانکۆیە تێدا ئاماژە بە رەوشی رووخاو و نالەباری عێراقییەکان دەکات.




لە پێشەکیی رۆمانەکە بەلقیس شەرارەی خوشکی باس لە دەردەسەرییەکانی بنەماڵەکەیان دەکات کە چۆن ئەو لە کۆتاییی حەفتاکان لە زانکۆ دوور دەخرێتەوە، مێردەکەی دەگیرێت و کە لە گرتووخانە دەردەچێت وەک کەسێکی داڕماوی شەکەت دەبینرا. پاڵەوانی رۆمانەکە کە لە کەسایەتی نورا بەرجەستەیە، بەڵام لە راستیدا رەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی و باس لە رۆژانی گەمارۆکە و شەڕ و داپلۆسینی رۆژانەی پیاوانی رێژیمە، داڕماندنی پرۆگرامەکانی خوێندن و دەرکردنی مامۆستا بەتواناکان و پەیدابوونی بەرتیل و دەسەڵاتی پیاوانی موخابەرات و چاوە دزێوەکانی بەعس لەناو سیستەم و ئیدارەی زانکۆکان.

پاڵەوانی رۆمانەکە کە مامۆستایەکی زانکۆیە و لەبەر ئەو رەوشە دەیەوێت لە مامۆستایەتیی زانکۆ دەست لە کار بکێشێتەوە. لە سەرەتای رۆمانەکەدا فۆبیا بە زەقی هەستی پێ دەکرێت و پاڵەوانەکە و کەسەکانی ناو رۆمانەکە لەو بازنەیەدا لەگەڵ ترس و نەبوونی و گەمارۆیە ئابوورییەکە ترسیش هاوشان ژیاون، ئەو پیاوانەی دەستەمۆی رێژیم بوون بە پارە چاویان داپۆشراوە و وەک کەسانی کەمبین و نەخۆش چەپڵەیان بۆ سەرکردایەتیی ئەو کاتانەی بەغدا لێ داوە کە دەکاتە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو.

# ئاخۆ زەوی
# تا چەندی تر مرۆڤ دەگرێت

جۆزێف شێپاخ

لەم چەند رۆژەدا ژمارەی دانیشتوانی دنیا گەیشتە ٧ ملیارد کەس. ئاخۆ دەتوانین هیچ سنوورێک بۆ ئەم زۆربوونە دابنێین؟ دیارە بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە باسی سێ شتی گرینگ بکەین.

یەکەم: دەرئەنجام و ئاکامەکانی ئەم زۆربوونەی دانیشتوان

دووەم: زۆربوونی شارە گەورەکان (Megacities)

سێیەم: خۆراک و ئێنەرجی (وزە)

بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، دوورگەیەکی بچووکی باشووری رۆهەلاتی زەریای پاسیفیک (هێمن)، مەڵبەندی گەورەترین شارستانی بوو. کاتێک ساڵی ١٧٧٤ کەپیتان James Cook جیمس کۆک بە خۆیی و کەشتییەکەیەوە لەم دوورگە بچووکە دابەزی، بەم شێوەیە باسی دەکات:

دوورگەیەکی بچووک کە ژمارەیەکی ئێجگار کەمی دانیشتوانی تێدابوو. خاوەنی سروشتێکی دەوڵەمەند.

بەلام ئەمرۆ وێنەیەکی تەواو پێچەوانەمان دەست دەکەوێت. ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان، کە وای کردووە هەرچی دار و درەخت و سروشتی دوورگەکە هەیە تێکی بدەن و تەنانەت شوێنە کولتوورییەکانیشیان رووخاندووە. هەروەها هێندەی ژمارەی دانیشتوانی زۆرە، کە بەرهەمی دوورگەکە بەشیان ناکات و پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەستن. لێرەدا ئەم وێنەیەمان بۆ ئەوە کێشا بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە گرینگە بکەین

.......................................................................

وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵڵا

(ئاخۆ زەویش بەهەمان باری ئەم دوورگە بچووکەدا ناڕوات؟)

لەم چەند ڕۆژەدا بە لەدایکبوونی منداڵێکی بچووک، ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی دەگاتە ٧ ملیارد کەس. ئەم ژمارەیەش واتە حەوت جار زۆرترە لەو کاتەی کە کەپیتان کۆک سەردانی دوورگەکەی کرد، واتە ساڵی ١٧٧٤. زانا و بیرمەندی فرەنسی Hervé Le Bras دەڵێت:

(هەموو کاتێک زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، نیشانەیەکی خراپ بووە بۆ لەناوچوونی زەوی. هەروەها ئەم حاڵەتەش، تووشی ئەو ترسە کۆنەمان دەکات کە لە نەمان و فەوتاندنی دنیا هەمان بووە)

Hans Rosling کە پسپۆڕێکی سویدییە لە بواری ژمارەی دانیشتوان، پێی وایە:

(هەموو کاتێک کە باسی زۆربوونی دانیشتوان کراوە، مرۆڤایەتیمان بەسەر دوو بەشدا دابەش کردووە. گەشبینەکان و ڕەشبینەکان. بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت ئێمە لەبارەی زانیاری و جەهلەوە قسە بکەین. بەداخەوە خەڵکی زانیارییەکی ئێجگار کەمیان لەبارەی دنیاوە هەیە)

ئاخۆ لە ڕاستیدا باری ئەستێرەکەمان چۆنە؟ وە لە پاش ٤٠ ساڵی تر چۆن دەبێت؟

گەر وای دابنێین کە دنیا گوندێکە و ژمارەی دانیشتوانی ١٠٠ کەس دەبێت. لەم سەت کەسەدا بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: پازدەیان خەڵکی ئەفریقا دەبن، پێنجیان خەڵکی باکوری ئەمەریکا دەبن، یازدەیان ئەوروپایین، نۆیان ئەمەریکای لاتین و شەستیان خەڵکی ئاسیا دەبن)

با وا دابنێین بۆ ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە دەگاتە ١٣٨ کەس، ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: (٣٠ کەسیان ئەفریقین، ٧ کەسیان باکوری ئەمەریکا، ١١ ئەوروپایی، ١١ ئەمەریکای لاتین، ٧٩ کەسیشیان خەڵکی ئاسیان). واتە هەموو ساڵێک یەک کەس لە ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە زیاد دەکات. لە ڕاستیدا هەموو ساڵێک ٨٠ ملیۆن کەس زیاد دەبێت (واتە ٨٠ ملیۆن منداڵ لەدایک دەبێت). واتە هێندەی ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا، دانیشتوان لە دنیادا زیاد دەبێت.

## ئاخۆ لەسەر زەوی چیی تر جێگە دەمێنێت و نابێتە قەرەباڵغی؟

با لێرەدا نموونەیەک بهێنینەوە. چڕترین شوێنی دانیشتوان لە ئەڵمانیادا، ڕۆئاوای شاری ڤیسبادنە. لەم شوێنەدا هیچ بۆشاییەک نادۆزیتەوە، هەموویان وەکو گردۆڵکەیەکی پیسی لێهاتووە. ئەگەر چڕی دانیشتوان لە ئەڵمانیادا وەکو چڕی دانیشتوانی ڕۆئاوای ڤیسبادن بووایە، ئەوا مانای وایە ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا دەگەیشتە ٨,٧ ملیارد کەس (لێرەدا نووسەر مەبەستی لە ڕێژەی چڕی دانیشتوانە، واتە نەک ژمارەی دانیشتوان... وەرگێڕ)

## ڕێژەی چڕی دانیشتوان لەسەر زەوی

یان لە فرەنسا، ئەگەر چڕی دانیشتوانی وەکو ئەو ڕێژەیە بێت کە لە پاریس هەیە، ئەوا مانای وایە ژمارەی دانیشتوانی فرەنسا دەگاتە ١٦ ملیارد کەس. واتە ڕێژەی دانیشتوان لە فرەنسا بەم شێوەیە دەبێت. بۆ هەر کەسەو کەمتر لە نیو مەتر جێگە دەبوویەوە. بەڵام Thomas Büttner کە پسپۆڕێکە لە بواری ژمارەی دانیشتوان و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN کار دەکات، پێی وایە:

(ئەمانە هەمووی فەنتازیای ژمارەکانن. بەڵام لە هەمان حاڵیشدا ئەمانە هەموویان ئەوەمان پێشان دەدەن، کە جێگە کەم دەبێتەوە و شوێنی نیشتەجێبوون نامێنێت یان زۆر کەم و قەرەباڵغ دەبێت)

لە بەرامبەر ترسی لەناوچوون و فەوتاندنی ژیان، ژمارەی دانیشتوان بەرز دەبێتەوە و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گوزەرانی خەڵکیش بەرەو باشی دەڕوات. بەپێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە، بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان پێوەندی بە کەمبوونەوەی ڕێژەی مردنی منداڵانەوە هەبێت، بگرە ئەم بەرزبوونەوەی پێوەندی بە باشبوونی گوزەرانی خەڵکی و زۆربوونی تەمەنەوە هەیە. " ئەمڕۆ لە دنیادا خەڵکی زیاتر دەژین تا وەکو جاران (واتە مرۆڤ تەمەن درێژتر دەژی... وەرگێڕ)، ئەمەش بەهێزترین هۆکاری سەرەکییە بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە دنیادا ".

دیارە هەتاوەکو ئێستا هیچ ئامارێکی ڕاست و دروستی باشی وامان لە دنیادا نییە، کە پیاو بتوانێت بەشێوەیەکی تەواوەتی ژمارەی دانیشتوان بزانێت. بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان پێی وایە لە ٣١ ئۆکتۆبەری ئەمساڵ بەلەدایکبوونی منداڵێک ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی دەگاتە ژمارە ٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠، ئەم ژمارەیە وەکو بڵێیت تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە. واتە هەموو چرکەیەک ژمارەیەک زیاد دەکات.

Hania Zlotnik هانیا تسلۆتینک کە بەرپرسی پرۆگرامی ژمارەی دانیشتوانی دنیایە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN، دەڵێت: (ڕاگرتنی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی دنیا کارێکی زەحمەت و ئاڵۆزە). بەپێی ئەو پێشبینییەی (پرۆگنۆز Prognose) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN، ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتوانی دنیا دەگاتە ٩,٥ ملیارد کەس.

جێگەی گوتنە ڕۆژانە ژمارەی منداڵبوون بەشێوەیەکی زۆر ڕوو لە کەمبوونەوە دەچێت. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا ڕێژەی منداڵبوون، بۆ هەر ژنێک ٤,٩ منداڵ دەبوو. بەڵام ئەمڕۆ بووەتەوە بە ٢,٣. ئەگەر بێتو ئەم ڕێژەی منداڵ بوونە بگاتە ٢,١، ئەوا جارێکی تر ژمارەی دانیشتوانی دنیا کەم دەبێتەوە و ئەم ڕێژە زۆر نابێت. ئەمەش یەکێکە لە هەواڵە خۆشەکان.

بەڵام لە بەرامبەر ئەم هەواڵە خۆشەدا، ڕووبەڕووی هەواڵێکی ناخۆش دەبینەوە:

دیاره ماوەیەکی زۆری دەوێت هەتاوەکو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان ڕابگرین. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی قۆناخی دیمۆگرافی. دیاره هەموو زۆربوونێکی ژمارەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکی. یەکەم: ژمارەی ئەو ژنانەی کە توانای منداڵبوونیان هەیە؟. دووەمیش: ئەم ژنانەش بە ڕێژی چەند منداڵیان دەبێت؟. ئەگەر ژنێک زیاتر لە دوو منداڵی بێت، ئەگەر لە ژمارەی منداڵەکاندا، کچێکی بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ژمارەی دانیشتوان زۆرتر دەبێت.

Hans Rosling دەڵێت: (هەتاوەکو ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتوان دانابەزێت، بەڵام پاشان لە نێوان ساڵانی ٢٠٥٠ تا ٢١٠٠ ژمارەی دانیشتوانی دنیا تەنیا یەک ملیارد زیاد دەکات)

## قوورسایی دانیشتوان بەپێی کیشوەرەکان جیاوازتر دەبێت

هەتا ٢٠٥٠ قوورسایی دانیشتوان لە نێوان کیشوەرەکاندا گۆڕانکاری زۆری تێدا دەکرێت. ئەگەر هیندستان بە ڕێژەی ١,٥ ژمارەی دانیشتوانی زیاد بکات (ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ١,٢ ملیارد کەسە)، ئەوا پاش ماوەیەکی تر پێشی وڵاتی چین دەداتەوە. جێگای گوتنە چین دەوڵەمەندترین وڵاتی دنیایە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە (ئێستا ١,٣ ملیارد کەسە). واتە ساڵانە ژمارەی دانیشتوانی هیندستان بڕی ١٥ ملیۆن کەس زیاد دەکات.

هەتاوەکو ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتوانی ئەوروپا تەنیا ڕێژەی ٨٪ ی دانیشتوانی دنیا پێک دەهێنن. هەروەها ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیاش بۆ ٧٥ ملیۆن کەس دادەبەزێت، لەکاتێکدا لە وڵاتانی ئەفریقا بەتایبەت ناوچەی سەحرای گەورەدا، زۆرترین ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوان پێک دەهێنن. لەم وڵاتانەدا هەر ژنێک بە تێکڕای گشتی ڕێژەی ٥ منداڵی دەبێت، بگرە لە نەیجەر دەگاتە ٧ منداڵیش. بەم شێوەیە پێ دەچێت باشووری سەحرای ئەفریقا، ژمارەی دانیشتوانی هەتاوەکو ساڵی ٢١٠٠ دووقات زیاد بکات و بگاتە نێزیکەی ٢,٥، ملیارد کەس.

هیچ کاتێک مێژووی مرۆڤایەتی تووشی ئەم حاڵەتەی ئەمڕۆمان نەبووەتەوە، بەشێوەیەک کە بە ڕێژەی ٩٩,٥٪ تەمەنی مرۆڤ بەرز بووەتەوە. لەوەتی مرۆڤ لەسەر زەوییە تەمەنی نەدەگەیشتە ٣٠ ساڵ یان کەمتر لە سی ساڵ دەژیا. بەڵام هەتاوەکو ساڵی ٢٠٥٠ لە جیهاندا تەمەنی مرۆڤ سەروو ٦٠ ساڵ تێ دەپەڕێنێت. ژمارەی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان ٨٠ ساڵە، پێنج قات لە ئەمڕۆمان زیاتر دەکات. ساڵی ٢٠٦٠ لە ئەڵمانیادا، ٧/١ دانیشتوانی تەمەنیان سەروو هەشتا ساڵە یان زیاترە. (واتە حەوت یەکی ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا خەڵکی پیر دەبن... وەرگێڕ)

ئاخۆ زۆربوونی ژمارەی پیران شتێکی باشە یان خراپ ؟ ئابووریناسەکان یەکسەر چاویان سەیری (لیستی خانەنشینی و بژێوی ژیانیان دەچێت). بەپێی ئەو بۆچوونەی کە باوە، خەڵکی لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا چیی تر توانای کارکردنی نامێنێت، لە نێوان ١٥ تا ٦٤ ساڵیدا بە هێزی کارکردن دادەنرێن. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە کرێکارە گەنجەکان و تازە دامەزراوەکان،

ئەرکیان قوورستر دەبێت. لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دنیادا، پێویستە ١٦ کرێکار کار بکەن بۆ ئەوەی بژێوی ١٠ مرۆڤی پیر دابین بکەن.

لە هەمان کاتدا ئەو گەنجانەی کە ڕاهێنراون و خاوەنی شەهادەی کارکردنن، بە گەنجینە و سامانێکی گرینگی وڵاتان دادەنرێن. هەروەها هێنانی کرێکارانی بیانی بۆ ناو وڵات، کە سیستەمی گلۆبالیزم دەیسەپێنێت. هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی بەرزبوونەوە و گەشەی خێرای ئابووریی وڵات. Wolfgang Fiedler ڤۆلفگانگ فیدلەر کە پسپۆڕێکی ئابوورییە و لە بانکی جیهان کار دەکات، دەڵێت:

(ئەم گۆڕانکارییانە پێ دەچێت شانسێکی باش بن بۆ ئەڵمانیا، لەبەرئەوەی ئێمە وڵاتێکی بەهێزی هەناردەی شمەکین، دەتوانین قازانج لە بازاڕە تازە گەشەسەندووەکانی دنیا وەربگرین. هەر ئەمەش لەم چەند ساڵەی دواییدا بە چاوی خۆمان بینیمان، کە چۆن ئێمە سوودمان لەم بازاڕانە وەرگرت)

## خوێندن و پەروەردە ژمارەی منداڵبوونی زۆر رادەگرێت

چ ڕێگەچارەیەکمان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی زۆربوونی منداڵبوون لە وڵاتە پاشکەوتووەکاندا ڕابگرین؟ باشترین کلیلی چارەسەریش (پرۆسەی خوێندنە). Thomas Büttner کە پسپۆڕێکە لە بواری ژمارەی دانیشتوان و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN کار دەکات، دەڵێت:

" لە هەر شوێنێکدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە خوێندەوارییان تەواو کردووە و خاوەنی شەهادەن، ژمارەی منداڵ وون نیوەی کەمترە لە چاو خەڵکی تر. ئەگەر حکوومەت یەک دۆلار لە پلانی تایبەتی بۆ خێزان خەرج بکات، دوو قات قازانج دەکات، تا ئەو پرۆژانەی کە سێ تا چوار دۆلاری بۆ داناون (لێرەدا مەبەستی نووسەر ئەوەیە، بۆ هەر پرۆژەیەک کە حکوومەت دۆلارێک زیاتر قازانج دەکات تا ئەو پرۆژانەی تر کە سێ تا چوار دۆلاری تێدا خەرج کردووە... وەرگێڕ) "

لە هەموو دنیادا ئاستی خوێندەواری ژنان ڕوو لە بەرزبوونەوەیە، تەنانە لە وڵاتی هیندستان و وڵاتانی عەرەبیش، کچان زیاتر لە کوڕان دەچن بۆ قوتابخانە. بە بەردەوامی ژنە گەنجەکان شەهادەی خوێندن وەردەگرن. بۆ نموونە ئەمڕۆ لە ویلایەتی کێراڵە (Kerala)ی سوودانی، لەئەنجامی کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری ژنان، ژمارەی منداڵبوون لەچاو ناوچەکانی تری سووداندا کەمتربوویەوە. وڵاتی مۆریتانیاش لە ئەنجامی ئەو برە پارەیەی کە بۆ پرۆسەی خوێندن خەرجیان کرد، گەشەی زۆربوونی دانیشتوانی لە ڕێژەی ٤٪ بۆ ٠,٨ دابەزی. تەنانەت هەندێ دەوڵەتی ئیسلامیش، کە ئاینی ئیسلام بووەتە شەریعەت و دەستووریان، توانییان لە ئەنجامی بوونی پلانێک بۆ خێزان، سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن، بۆ نموونە ئێران توانی ڕێژەی منداڵبوون بۆ هەر ژنێک پێشتر ٧ منداڵ بوو، بەڵام ئێستا بۆ ٢ منداڵ دابەزیووە.

## منداڵبوونی کەم مانای خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی ئابووری دەگەیەنێت

باشترین نموونە بۆ ئەوەی وڵاتانی باشووری سەحرای ئەفریقا سوودی لێ وەربگرن، وڵاتانی باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیاییە (کە بە پڵنگەکانی ئاسیا ناسراون). بۆ نموونە باشووری کۆریا و تایوان. لە ساڵی ١٩٥٠ دا ئەم وڵاتانە لە بارودوخێکی زۆر خراپدا دەژیان، ڕێک وەکو ئێستای وڵاتانی ئەفریقا دەژیان. پرۆسەی خوێندن توانی هەر چوار دەوڵەتە بەهێزەکەی ئاسیا (باشووری کۆریا، تایوان، سینگاپوور، هۆنگکۆنگ)، ئەمڕۆ کەمترین ڕێژەی منداڵبوونیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی بەهێزترین گەشەی ئابووریشن.

## ئاخۆ ژمارەی دانیشتوان لەسەر زەوی کاریگەری بۆ سەر خوولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا هەیە؟!

لە حاڵی حازردا قوورساییەکی زۆر بەسەر زەوییەوەیە. ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی ٧ ملیارد کەس بێت، با واش دابنێین کە کێشی یەک کەس نێزیکەی ١٠٠ کیلۆ بێت، ئەوا کۆی گشتی کێشی دانیشتوان دەگاتە ٧٠٠ ملیۆن تەن.

بەڵام ئەمە هیچ کاریگەرییەکی وا گەورەی نابێت، لەبەرئەوەی کۆی گشتی کێشی زەوی خۆی دەگاتە ٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن تەن. واتە ٦٠٠٠ ملیۆن ملیۆن ملیۆن تەن !. کۆی گشتی دانیشتوان ئەگەر ٧٠٠ ملیۆن تەنیش بێت، ناگاتە ڕێژەی ٠,٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠١ ٪ کۆی گشتی کێشی زەوی. (لێرەدا نووسەر مەبەستی ئەوەیە، کە کۆی گشتی کێشی دانیشتوانی سەر زەوی، ڕێژەیەکی ئێجگار بچووک لە کۆی گشتی کێشی زەوی پێک دەهێنێت... وەرگێڕ)

لە ڕاستیدا کێشی زەوی هیچ ڕۆڵێکی وای نییە بەسەر خوولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا، هەروەها کێشی خۆریش هیچ پێوەندی بەم سووڕی خولانەوەیە نییە. جێگەی گوتنە خۆر لەکاتی خولانەوەی بەدەوری خۆیدا، لە هەر چرکەیەکدا چوار ملیۆن تەن لە کێشی خۆی دەدۆڕێنێت. بەمانایەکی تر لە ماوەی سێ دەقیقەدا، خۆر هێندەی کێشی گشتی دانیشتوانی زەوی، کێشی خۆی دەدۆڕێنێت (واتە ٧٠٠ ملیۆن تەن لە کێشی کەم دەبێتەوە). بەمانایەکی تر کۆی گشتیی کێشی دانیشتوان ڕێژەیەکی مینیماڵی هەیە، کە لەم پرۆسە گەورەیەدا هەر ناخوێنرێتەوە و ڕۆڵی هیچ نییە.

سەرچاوە: کۆواری فۆکوسی ئەڵمانی . ٢٠١١/١٠/٢٦

Josef Scheppach. Wie viele Menschen erträgt die Erde? www.Focus.de

# دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا و زۆرینەی خەڵکی

کریستیان ڤێرنیک

لە ٩٩٪ ی خەڵکی ئەمەریکا دژی کەمینەیەکی ١٪ ی دەوڵەمەند ڕاپەڕین. ماوەیەکی زۆرە تەنیا کەمینەیەکی زۆر کەمی ئەمەریکایی، سوود لە ئابووریی بەهێز و دەوڵەمەندی ئەمەریکایی دەبینن. هەر ئەمەش وای کردووە کە زۆرینەی خەڵکی توورە بکات.

خۆپێشاندانەکان پرووشکی زۆری لێ بووەوە. ئەوەی کە لە باشووری مانهاتن " نیویۆرک" دەستی پێ کرد، توانی شوێنەکانی تریش بسووتێنێت: لە سان فرانسیسکۆ، کە قەڵایەکی کۆنی چەپەکانی ئەمەریکاییە، هەروەها ئەم خۆپێشاندانە شوێنە خامۆشەکانی تریشی گرتەوە وەکو ئاتلانتا، خۆپیشاندانەکان لە کۆتاییی هەفتە، ناوشاریان داگیر کرد. خۆپێشاندانەکان هەموو




.................................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئەمەریکای گرتەوە و گەیشتە ناو واشینتۆنیش. ئەمڕۆ بزاڤی Occupy Wall Street (کە مانای وۆڵ ستریت داگیر بکەن*) هەموو ئەمەریکای هەژاندووە.

لە سەرەتادا ئەم بزاڤە بریتی بوو لە کۆمەڵێکی بچووکی خەڵکی ناڕازی کە زیاتر: دژی شەڕ، دژی چاوچنۆکیی سەرمایەداری بوون، کە تەنیا لە بەشێکی کەمی شارە گەورەکاندا ئەکتیڤ بوون، کە لە باشترین حاڵەتدا ژمارەیان نەدەگەیشتە سەت کەس.

بەڵام لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا وێنەیەکی گەورەیان بەرز دەکردەوە کە تێیدا بە گەورەیی نووسرابوو: (ئێمە ڕێژەی ٩٩٪ ی خەڵکی ئەمەریکایین).

لە سەتا ٩٩ی خەڵکی دژی ١٪ خەڵکی ئەمەریکان، کە دەوڵەمەندەکان دەگرێتەوە. ئەم ژمارە حسابییەش کرایە گۆڕەپانی شەڕ. یان باشتر بڵێم کرایە (قەبرستان). سنووری جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەندی، بەشێوەیەکی ترسناک لە یەکتر دوور کەوتووەتەوە، هەموو کاتێک جیاوازییەکی ئێجگار گەورە هەبووە لە داهاتی تاکەکەسی لە نێوان کەمینەیەک کە زۆرترین داهاتیان هەیە، لەگەڵ زۆرینەیەکی ئەمەریکایی، کە ژمارەیان بە ملیۆنان کەسە کە هیچیان نییە، ئەمەش هەموو کاتێک قسەوباسی سەرشەقامی ئەمەریکایی بووە.

ئەم جیاوازییە زۆرە لە سالانی حەفتای سەدەی پێشووەوە دەستی پێ کرد. لە ساڵی ١٩٧٠وە هەتاوەکو ئەمرۆ، داهات و مووچەی بەڕێوبەرە گەورەکان Top-Managern چوار قات زیادیکردووە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕێژەی دیاریکراوی داهاتی تاکەکەسی، بە ڕێژەی ٢٦٪ تووشی (تضخم المالی) بووە. هەر لەبەرئەوە، کێ لە سەرەوە بوو، هەموو کاتێک بە خێراترین کات، زۆرترین داهاتی دەست دەکەوت. داهاتی ئەو کەسانەی کە زۆرترین مووچە و داهاتی تاکەکەسیان هەبوو، کە دەتوانین بیانکەین بە سێ بەشەوە:

یەکەمین بەش:

ژمارەیان لە هەزاران کەس پێک دێت و زیاتر خەڵکانی بازرگان و تۆپ مەنێجەری Top-Managern ئەمەریکایی دەگرێتەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ساڵی ٢٠٠٨، بە ڕێژەی ٣٨٥ داهاتیان زۆرتر بووە، کە داهاتی هەریەکەیان ساڵانە دەگاتە نزیکەی ٥,٦٠٠,٠٠٠ دۆلار.

دووەمین بەش:

ئەو کەسانەن کە خاوەنی داهاتی بەرزن کە ڕێژەی (٠,١ تا ٠,٥ دانیشتوانی ئەمەریکا دەبن) داهاتی ساڵانەیان بە ڕێژەی ١٤١ بەرزبووەتەوە و ساڵانە نزیکەی ٨٧٨,١٣٩ دۆلاریان دەست دەکەوێت.

سێیەمین بەش:

ئەم خەڵکانە، کە ڕێژەی (٠,٥ تا ١,٠ دانیشتوانی ئەمەریکا پێک دێنن)، بە ڕێژەی ٩٠٪

داهاتیان زیادی کردووە، بە جۆرێک کە ساڵانە داهاتیان دەگاتە نێزیکەی ٤٤٣,١٠٢ دۆلار.

لە بەرامبەر ئەماندا، نێزیکەی ١٣٧ ملیۆن ئەمەریکایی کە ڕێژەی ٩٠٪ ی ئەمەریکا دەبن، داهاتی ساڵانەیان دەگاتە ٣١,٢٤٤ دۆلار بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٨، یەک سەنت داهاتی ساڵانەیان زیادی نەکردووە.

ئەمەش ڕاستییەکی نوێی کۆمەڵگەی ئەمەریکایە، هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەمەریکا بەسەر دووبەش دا دابەش بکرێت: (چینی دەوڵەمەندەکان و ئەوانی تر کە زۆرینەی کۆمەڵگەی ئەمەریکا پێک دەهێنن).

ڕاستە تەنگژەی ئابووری و مالی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی زیاد کرد، ملیۆنەها چینی ناوەنجی " ناوەڕاستی " ئەمەریکا، ترسی لە کار و ماڵی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا شەڕی هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە ئەمەریکا وێران دەکەن، مێژوویەکی زۆر درێژی هەیە. هەتاوەکو کۆتاییی هەفتاکانی سەدەی پێشوو، چینی کرێکارانی ئەمەریکایی، داهاتی تاکەکەسییان ڕوو لە زیادبوون و گەشەسەندن بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ (واتە پاش کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهان) هەتا ساڵی ١٩٧٩، ڕێژەی بەرهەمهێنان و داهاتی تاکەکەسی، بەشێوەیەکی گشتگیرانە، ڕوو لە بەرزبوونەوە و گەشەسەندن بوو. جێگەی گوتنە بەم ساڵانە لە مێژووی ئەمەریکادا دەڵێن " "fair deal .

بەڵام ئەم بارە خۆشە درێژەی نەکێشا و لەسەرەتای هەشتاکاندا هەمووی لەناوچوو. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ئەو ١٪ ئەمەریکا (مەبەستی دەوڵەمەندەکانە... وەرگێر) ڕێژەی ٢٣,٨٪کۆی گشتی داهاتی ئابووری ئەمەریکایان بۆ خۆیان دەبرد. ئەمە لە حاڵەتێکدا، ساڵی ١٩٧٦، ئەم چینە دەوڵەمەندە، تەنیا ڕێژەی ٨,٩ ٪ کۆی گشتی داهاتی ئەمەریکایان دەبرد.

Robert Reich ڕۆبێرت ڕایش، کە پرۆفیسۆرە و پێشتریش لە حکوومەتی بیل کلینتۆندا، وەزیری کار بووە. پێی وایە. ئەم ڕێژەیە واتە ٢٣٪ یە، لە ساڵی ١٩٢٨ هەتاوەکو ئێستا بەرزترین ڕێژەیە. هەروەک چۆن ساڵی ١٩٢٨ پاش ڕووداویی Great Depression** جیهان تووشی تەنگژەی ئابووری بوو، بەهەمان شێوەش ساڵی ٢٠٠٧ جیهان تووشی گەورەترین تەنگژەی ئابووری بووە. ڕۆبێرت ڕایش پێشی وایە، کە هەر ئەم تەنگژە ئابوورییە گەورەیە بووەتە هۆی ئەم بێ سەرووبەرییەی ئەمڕۆ.

لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگنەوە (سەرۆکی ئەمەریکا بوو، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨... وەرگێر)

حکوومەتی واشینتۆن، دەرگەی بۆ بازاڕی ئازاد کردووەتەوە و هەروەها بەشێوەیەکی ڕەها بازاڕی ئازاد کردووە و دەستی کردووە بە پریفاتیزەکردن (فرۆشتنی کەرتی گشتی بە کەرتی تایبەتی)، هەروەها باجی لەسەر داهاتی تاکەکەسی دەوڵەمەندەکانی، زۆر کەم کردووەتەوە. لە کاتێکدا چینی ناوەنجی " ناوەڕاستی " ئەمەریکایی، هەتا ساڵی ٢٠٠٨ هێزی کڕینی کەم بووەتەوە

و هەتاوەکو ملی لە قەرزدا خنکاوە. هەر بۆیە ئەمڕۆش ئەمەریکا تووشی دارمان بووە.

ڕۆبێرت ڕایش پێی وایە کە:

(هەتاوەکو جارێکی تر باری ژیانی چینی ناوەڕاست باش نەکرێت و نەیەتەوە سەر خۆی، ئابووری ئەمەریکا ناتوانێت لەم کێشەیە بەسەلامەتی بێتە دەرەوە و لە دارمانی ئابووری ڕزگاری بێت).

تەنیا دەوڵەمەندەکان، کە ڕێژەیان ناگاتە ٥٪ ی کۆی دانیشتوانی ئەمەریکا، ناتوانن ئابووری ئەمریکا لە دارمان ڕزگار بکەن.

ئەم سیستەمە نوێیە جێگەی خۆی چەسپاندووە

ئەم سیستەمە نوێیەی ئابووری ئەمەریکا، بەتەواوەتی خۆی چەسپاندووە. بەپێی یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی دەزگای " سیستی گرووپ"، " ئابووری دەوڵەمەندەکان " خۆی چەسپاندووە.

لە کاتێکدا کە ئەو ١٪ کە داهاتێکی زۆرییان هەیە، ساڵانە بەقەد لە ٦٠٪ ی دانیشتوانی ئەمەریکایی وەردەگرێت. هەروەک بانکەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ وە بڵاویانکردەوە کە ئەم چینەی سەرووی ئەمەریکا، توانیوویەتی کۆنترۆڵی لە ٩٠٪ ی سامانی ئەمەریکا بۆ خۆی بکات.

AjayKapur, کە پێشتر سەرۆکی سیتی گروپ بووە دەڵێت:

(گەشەسەندنی ئابووری و بەشێکی زۆری شمەکەکانی ناوبازار، تەنیا لەلایەن کەمینەیەکی دەوڵەمەندەوە قۆرخ کراوە. لە کاتێکدا زەوی لەسەر ماسوولکەی هەژاران دامەزراوە، بەڵام خاوەن کارەکان، کە زۆر شێکانە و سادانە، بە پشتبەستن بە تەکنەلۆجیای نوێ و بارە نوێکەی گلۆبالیزم، توانیویانە بۆ سودی خۆییان ئابووری نیشتمانی بەکاربهێنن.)

لەناوبردن و دارمانی چینی ناوەاستی ئەمەریکایی، بەماوەیەکی زۆر پێش تەنگەژە ئابوورییەکە دەستیپێکردووە، بەتایبەت لە ساڵانی نەوەتەکانەوە دارمانەکە زۆرتر بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا وەکو ٢٠٠٨، زیاتر لە ٢٧,٣ ملیۆن کەس، کارەکەی لە دەستداوە و کەوتووەتە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی ئەمەریکا. پسپۆر و زانای ئەمەریکایی میشائیل سپێنس Michael Spence (کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵیشە) دەڵێت:

(ئەم نەگبەتییە بەشێکی زۆری ئابووری ئەمەریکای گرتەوە، کە دەتوانم بڵێم بەرێژەی ٩٧٪ی هەموو کەرتە ئابوورییەکانی ئەمەریکای گرتەوە. لە کاتێکدا کە ئەم بەشانە، هیچ کاتێک بەر کێبرکێیەکی دەرەکی نەکەووتوون " واتە ئەم بارە خراپە، لە ئەنجامی کێبرکێی کەرتە ئابوورییەکانی ئەمریکا، لەگەڵ کەرتی بیانی، تووشی ئەم زەرەر و زیانە نەبوون، بگرە بەهۆی خراپی سیستەمی ئابووی ئەمەریکا خۆیەوە، تووشی ئەم حاڵەتە بوون)

گەورەترین کەرتی ئابووری ئەمەریکا، (کەرتی تەندروستی و کەرتی خزمەتگوزاری حکوومییە). کە هەردووکیان بەدوو ماتۆڕی گەورەی ئابووری ئەمەریکا دادەنرێت، نێزیکەی ٤,١٠ ملیۆن کەس تێیدا کاردەکەن. بەڵام Michael Spence دەڵێت:

(ئەم دوو کەرتە ئەمڕۆ تووشی گەورەترین ترس بوونەتەوە و لە هەمان کاتیشدا خراپترین جێگەی کارن، ئەویش بەهۆی بوونی قەرزداری حکوومەت و پێڕەوکردنی سیاسەتی "التقشف، کەمکردنەوەی خەرجی حکوومی" ئەمەش وای کردووە کە فەرمانبەری نوێی حکوومی و دوکتۆر و پۆلیسی نوێ دانەمەزرێنرێت)

بە پێچەوانەی ئەم کەرتە گرینگەی ئابووری ئەمەریکا، کەرتەکانی تری کە پشت بە بازاڕی جیهانی دەبەستێت، لێرەدا (واتە ئەم کەرتە ئابووریانە)، پشت بە کۆمپانیای " تأمین " و قەرزی بانکە جیهانییەکان دەبەستن، بەتایبەت کۆمپانیا گەورەکانی بواری کۆمپیوتەر، داهات و موچەی ڕاوێژکار و بەڕێوبەرەکانیان، زۆر بەرزە. ئەمانە کە بە (Topjobs) ناسراون، هەموو کاتێک داهاتیان ڕوو لە بەرزییە. لە ساڵی ٢٠٠٠ وە بەگشتی پاش ئەوەی کە کەرتی پیشەشازی ئەمەریکایی تووشی کێشە بوون و بەشێکیان داخران، کۆمپانیاکان دەستیان کردووە، بە ڕووتانەوەی ئەو شەش ملیۆن بێکارەی، کەخاوەنی هیچ بڕوانامەیەکی زانستیی و زانکۆیی نین، هەر بۆیە بەکەمترین نرخ ئامادەن کاربکەن. کۆمپانییاکانیش ئەمانە بە خراپترین شێوە بۆ سوودی خۆیان دایان دەمەزرێنێت. خەڵکێکی زۆر تەنیا دەتوانێت لە ڕێگەی کارێکەوە داهاتی دەس بکەوێت، کە کەمترین موچە دەدەنە کرێکاران.

ئەمەش دەمانگەیەنێتیە بەرئەنجامێکی بەم جۆرە:

نیوەی هەموو هەلی کارە نوێیەکانی ئەمڕۆ، هەتاوەکو ساڵی ٢٠١٨، ئەو کارانەن کە کرێیەکی زۆر کەم بە کرێکار دەدەن.. تەنیا سێ یەکی ٣/١ ی هێزی کاری ئەمەریکایی داهاتی باش دەبێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بەرئەنجامەی، کە ئەم ناکۆکی و ئاڵۆزییە بەردەوام دەبێت و خراپتریش دەبێت.

پەراوێزەکان:

* وۆڵ ستریت ناوی شەقامێکی ئەمەریکاییە لە شاری نیۆرک کە باڵەخانەی بۆرسەی ماڵی ئەمەریکای تێدایە.

** Great Depression ساڵی ١٩٢٨، بۆرسەی نیۆرک، گەورەترین دارمانی لە نرخی پشکەکانیدا ڕوویدا. هەر پاش ئەمە بووە هۆی دروستبوونی گەورەترین تەنگەژەی ئابووری لەو ساڵەدا، کە هەموو دنیای گرتەوە.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی زیود دویتچە تسایتوونگ.
Christian Wernicke-.Amerikas Reiche - und der gro_ eRest... www. Süddeutsche Zeitung. De

## پێڕست


ئاڵای کوردستان. فەرهاد پیرباڵ ..... 3

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ – ئاڵقەی دووەم. لە فرانسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ..... 62

کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا . لە فرانسییەوە: د.نەجاتی عەبدوڵڵا ..... 83

کورتەیەکی رابردووی کورد و کوردستان. بەدران ئەحمەد حەبیب ..... 92

لەلاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە. ڕەفیق حیلمی. لە تورکی عوسمانییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 115

نەجمەدین ئەفەندیی کەرکووکی. ئەحمەد تاقانە ..... 133

مێژووی سالآنی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 147

ڕێز لە مەعریفە کتێبخانە و پرسی خوێندنەوە. حەمەفەریق حەسەن ..... 178

کولتوور و دەوڵەت  بەشی شەشەم. لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی ..... 186

ئاخۆ دەکرێ شەریعەت پیادە بکرێ؟. جەمال بەننا . لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ..... 201

جۆرج تەرابیشی. سەمیر ئەبوزەید . لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 210

تێگەیشتن لە رۆژنامەوانی. لینت شێریدان بێرنس. لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ..... 224

کۆمەڵگەی مەدەنی خەباتی مەدەنی. جین شارپ و رابێرت هێلوی. لە فارسییەوە: تالیب قەیسەری ..... 265

ماهیەتی ئەفسانە. دوکتۆر محەمەد عەباس. لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ..... 301

سەفەرێک بەرەو چین. دانا ڕەئووف ..... 308

عیرفانی تەسەووفی لە داستانی فاتیمەدا . بوو گوستاڤسۆن. لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی ..... 327

چەند دێرێک لەبارەی ئاینی بودییەوە. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 339

لە رەخنەی عەقڵەوە بۆ رەخنەی دەق. لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ..... 345

بەدرێژاییی رێچکەی ڕێگەکە کیسەڵەکان بە دوای یەکتردا ڕیز دەبەستن. ئامادەکردنی ماجید نووری ..... 367

ژیان و توخم  سەلاح حەسەن پاڵەوان ..... 378

من ناوم ئاغالەیە. رۆستەم ئاغالە ..... 390

لیۆ تۆلستۆی. لە عەرەبییەوە: هێمن مەحموود حەمە ..... 409

مۆزەی لۆڤەر کۆشکی پاشا فرەنساییەکان بووە. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ..... 419

نەرجسیەت چییە . ئەریک فرۆم. لەعەرەبیەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 424

حیکایەتی شۆڕشەکان شۆڕشی ئینگلیزی دایکی شۆڕشەکان. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 440

حەیات شەرارە شەهیدی رۆشنبیری. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ..... 449

ئاخۆ زەوی تا چەندی تر مرۆڤ دەگرێت. جۆزێف شێپاخ. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 453

دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا و زۆرینەی خەڵکی. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 459